# بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک

کەمال غەمبار



ناوی کتێب: بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک
نووسینی: کەمال غەمبار
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٩٢
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٧٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# بەرچاو ڕوونی

ژیان دیاردەیەکی کپی مەییوی بێ جووڵە نییە، هەمیشە لە گۆڕانکاریدایەو مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە لە شێوەی ئاو خۆی دەنوێنێ و دەڕژێتە گۆمی ژیان بۆ ئەوەی بۆگەن نەکات و خۆی نوێ بکاتەوە. ژیان و ژیاریش هەمیشە لە ململانێیەکی توندو تیژدان لەگەڵ مەرگدا، ژیان گەرەکییەتی بەرگی کۆن دادڕێ و بەرگی تازە بکاتەبەر، هەروەها مرۆڤیش هەر بەم شێوە لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدایە، بەردەوام شتی نوێ دادەهێنێ و شتی نوێش وەردەگرێ، ئەو مێشکەی لە قاوغی کۆن و پێشوودا دەرناچێ ژەنگ دەگرێ و بە بیرێکی سەلەفی مامەڵە لەگەڵ بیری نوێ و ژیانی نوێ دەکات و دەبێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم گۆڕانکاری و پێشکەوتندا. پێشکەوتنی مرۆڤیش لە کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەکانەوە بۆ سەر هەواوکەشی نوێ و سازگار بەدی دەکرێ، پڕ بە سییەکانی ئەو هەوایە فێنک و پاڕاوە هەڵمژێ و هەواکەی ژوورەکان دەرکات کە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن تێکەڵی یەکتر ببوون، لەم ڕوانگەیەوە نووسەر بەر لە هەموو کەسێ پێویستی بە خۆ گۆڕین و خۆ تازەکردنەوە هەیە، هەرگیز گۆڕینی ڕێبازی هزری نووسین و وەرگرتنی زانیاری نوێ و نووسین بە عەقڵێکی کراوەی واڵا بۆی نابێتە مایەی تیرو توانج تێگرتن و تۆمەتبارکردنی بە هەلپەرستی، ئەمە ڕێوڕەسمی ژیانە و ئەمڕۆ ئەمڕۆیەو دوێنێ دوێنێیە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە ئایا خۆ گۆڕین و خۆ نوێکردنەوەی هەر لە خۆیەوە دەبێ، یان پێویستی بە جۆرە خۆراکێک هەیە کە وزەو توانا بەو نوێکردنەوە ببەخشێ. لام وایە بەقەد ئەوەی خواردن داینەمۆی ژیان بەردەوامبوونە، هەر ئاواش مێشک پێویستی بە خۆراکێکی تایبەتی هەیە ئەویش خوێندنەوەی بەردەوامە، خوێندنەوەش کلیلی کەسایەتی ڕۆشنبیرە، کە چ دەخوێنێتەوەو چۆن دەخوێنێتەوەو تا چ ڕادەیەکیش سوود لە خوێندنەوە وەردەگرێ. بۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان خوێندەوارو ڕۆشنبیر بکەین. ڕۆشنبیریش بە باوەڕنامەی باڵا نییە، هێشتان مامۆستای وا هەیە لە زانکۆدا وانە



دەڵێتەوە بیست ساڵ لەمەوبەر چی وتۆتەوە هەمان بابەت دەڵێتەوەو لە قاڵبە کۆنەکە دەرناچێ و ئەو ماوەیە شتێکی وای نەخوێندۆتەوە کە بیخاتە سەر خەرمانی پێشووی، بۆیە زۆرجار قوتابییەکان گلەیی لەم مامۆستاو ئەو مامۆستایە دەکەن کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لا نییە بتوانن سوود ببەخشن، ئەوە لەکاتێکدا زانکۆ وەک باڵاترین مەڵبەندی ڕۆشنبیری نابێتە سەرچاوەی تیشکدانەوەی زانستی و هزری بەپێی پێویست و بەپێی گۆڕانی ژیاری، ئەگەر مامۆستای زانکۆ بە زانیاری نوێ مێشکی خۆی دەوڵەمەند نەکات– کە باسی مامۆستای زانکۆ دەکەم، مەبەستم نووسەریشە– کە زۆر دەنووسن و کەم دەخوێننەوە، بۆیە ئەو نووسینانەی کە ناویان دەنێین لێکۆڵینەوە، یان تۆژینەوە، ناچنە خانەی نووسینی بەهێزو بەپێز ئەگەر بەسەرچاوەی پڕ بەها دەوڵەمەند نەبن. سەرچاوەی زۆریش نیشانەی قووڵی و وردی و دەستپاکی نووسەرەو مایەی متمانە پێکردن و دەستخۆشی لێکردنە. شتی باشیش بۆ خۆی هاوار دەکات. (د. سوهێر قەلەماوی) کە باسی مامۆستاکەی (تەها حوسێن) دەکات دەڵێ: کە وانەی دەوتەوە، لە هەر هۆڵێکی وانە وتنەوەدا جۆرێک وانەی دەوتەوە، بۆیە قوتابییەکانی دی لە هۆڵەکانی ترەوە دەهاتن گوێیان لێ دەگرت و پێی سەرسام دەبوون کە چۆن شێوازی وانە وتنەوەو جۆری زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕ پێکردنیان کەسایەتییەکی تایبەتییان پێ بەخشیبوو، جێگەی ڕێزلێنان و شکۆمەندی بوو.

## هۆنراوەی ڕەگ داکوتان و خۆشەویستیی خاک و مرۆڤ

## لە کۆ شیعری داربەڕووی مەدحەت بێخەودا

هەر شاعیرێ کە کۆمەڵە هۆنراوەیەک دەخاتە بەردەمی خوێنەر، دەبێ لە بەرهەمی دیکەیدا جۆرە هەنگاوێک بەرەو پێشکەوتن و سنوور شکاندنی پێشووی بهاوێ، ئەگینا پێویست بەوە ناکات کە شیعر بەسەریەکدا کەڵەکە بکات. هەر تەنیا بۆ ئەوەوی بڵێین بەرهەمی هەیە، سەرچاوەی هۆنراوەی ویشک نەبووە، لەم چەند دێڕەدا ئەوەم مەبەستە کە دەبێ شاعیر ئاگای لە ڕێچکەی شیعریی خۆی بێ، هەنگاو بە هەنگاو بابەتی نوێترو بەپێزتر بێنێتە بەرهەم، لە زەمینەیەکی دیکەدا پێ دابنێ (مەدحەت بێخەو)ی شاعیریش لەو شاعیرانەیە کە تائێستا جگە لە کۆمەڵە هۆنراوەی «دار بەڕوو» سێ کۆمەڵەی دیکەشی بەچاپ گەیاندووە: «زەنگی کاروان، ڕابەری ژیان، ورشەی ئاوات»

ئەگەر لە شیعرەکانی پێشووی مەدحەت بێخەودا جۆرە مۆرک و شەقڵێکی ڕاپۆرتی و شێوە ڕووکەشی بەدی بکەین، ئەوا لەناو شیعرەکانی «دار بەڕوو»دا، ئەم دیاردەیە هەست پێ ناکەین، هەر بۆیەش چەند ساڵێک لەمەوبەر چاوم بەچەند پارچە شیعرێکی شاعیر کەوت تەنیا چەند کۆپڵەیەک سەرنجیان ڕاکێشمم و تام و بۆی شیعریان پێ بەخشیم، ئەو حالە بە چەند دێڕێک ڕای خۆم بەرامبەریان دەربڕی و ئەوەم ڕاگەیاند کە خۆزیا هەموو هۆنراوەکانی شاعیر ئاوابان. لێرەدا مەبەستم کێشانی بازنەیەک نییە بۆ شاعیر کە نابێ لێی دەربچێ، وەک بڵێی ویستبێتم چەند مەرجێکی تایبەتی بۆ شاعیر دابنێم کە دەبێ پەیرەویان بکات. نەخێر. وەک کۆلردج دەڵێ: «ئەگەر شیعر چەند بنکەیەکی هەبێ لە دەرەوەدا بەسەریدا بسەپێنرێن ئەوە لە شیعر ناکات، بەڵکو بەرەو خاسیەتی میکانیکی دادەبەزێ (١)، بەڵام مادامەکی خوێنەر لایەنێک بێ لە داهێنانی شاعیر، ڕەخنەگر بۆی هەیە چەند تێبینییەک دەربڕێ کە پرۆسیسە داهێنانەکە زیاتر خەست بکاتەوەو پتەوترو بە پێزتری بکات،



ئەویش وەک دەربڕینی ڕای تایبەتی نەک بەشێوەی سەپاندن.

شاعیر لەم کۆمەڵە شیعرەیدا، شاعیری ڕەگ و ڕیشەیە، شاعیری خۆ بەستنەوەیە بە خاک و خۆڵ، بەشێوەیەکی جەدەلی لق و پۆپی گوڵ و دارو درەخت بەرەگ و ڕیشەوە دەبەستێتەوە، زۆرجار وشەی ڕەگ لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، ئەم خاسیەتەش لە شیعری «بێخەو»دا نیشانەی هۆشمەندی و خۆشەویستی نیشتیمان و ئادەمیزادە، مایەی کۆڵنەدان و خۆڕاگرتن و هەڵوێست نواندنە، سەرچاوەی ڕەسەنی و گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە ڕوونەکان و کانیاوە سازگارەکان.

ئیلیا ئیهرینبورگ بەپاپلۆ نیرۆدای گوت: تۆ وشەی «ڕەگ» لە شیعرەکانتدا زۆر دووپات دەکەیتەوە، ئەم ڕەگ و ڕیشە زۆرە لەبەرچییە لە شیعرەکانتدا هەن؟

پاپلۆ نیرۆدا لە وەڵامدا گوتی:

«من ناتوانم بژییم ئەگەر لە خاکەکەم خۆیدا نەبێ، من ناتوانم بژییم بێ ئەوەی قاچ و دەست و گوێم لەسەر خاکی نیشتیمانەکەم دانەنێم، من ناتوانم هەناسە بدەم بێ ئەوەی هەست بە سووڕانەوەی ئاو و سێبەری نەکەم، من ناتوانم نەش و نوما بکەم بێ ئەوەی هەست بە ڕەگەکانم نەکەم کە لەناو قوڕی ڕەشدا لە خودی دایک، لە کرۆکی بنەچەدا دەگەڕێن». (٢)

ئەوەتا مەدحەت بێخەو لە هۆنراوەی «ڕەگ»دا تابلۆیەکی ئەوتۆمان بۆ دەکێشێ، پەیوەندییەکی نەپچڕاو لە نێوان چڵو پۆپی دارو دەوەندایە، کە بوونی ڕەگ و ڕیشە هۆی بنەڕەتی ئەوانە، کە ئەوان لە ڕێگەی ڕەگەوە هەڵدەچن و بۆ ئاسمان دەکشێن بە شنەی با دەکەونە سەما، دەبێ ئەوە بزانن کە لەسەر بۆشایی نەوەستاون، هەر بۆیەشە دەبێ ئاگایان لە باڵندەکان بێ، لانەیان لێ تێک نەدەن، لەخۆیان بایی نەبن، نەکەونە گیانی ئەو باڵدارانەی کە بەو ئومێدەوە دەژیان چڵەکان ببنە پەناگاو سێبەر و داڵدەیان، لقەکان بەربگرن:

وریابن وریا چڵەکان

ئێمە نەبین کەی ئێوە هەن(٣)

شاعیر بەدوای ڕەسەنایەتیدا دەگەڕێ، کە لەسەر ڕەگی خۆی بڕوێتەوە، بەڵام بە

مەرجێ مایەی خۆشبەختی و ڕووگەشی بێ، ڕەسەنایەتییەک هەرچەند پاییزی گەڵا ڕێزان بیشێوێنێ و بیوەرێنێ، بڕوێتەوەو پاییز ببەزێنێ، ڕەسەنایەتیی هیرۆ بێ:

ئەگەر ویستتان
ڕەسەنایەتی ون نەکەن
سەیری بنجی هێرۆ بکەن (٤)

«داربەڕوو»ی بێخەو ئەوەندە ڕەگی بەخاکدا ڕوو چووە، ئەوەندە خۆی داکوتاوە، هەرچەند ڕەشەبای شووم هێرشی بۆ هێناوە، گەڵایەکانی وەراندووە، لق و پۆپەکانی تێک شکاندووە، بەڵام مەرجی بنەڕەتی مانەوە ڕەگە، ڕەگێکی چەسپاوی پەل بڵاوی بەتین:

بەڵام هەرگیز نەیتوانیوەو ناشتوانێ
داربەڕوویێک لە ڕەگ و ڕیشە دەربێنێ(٥)

هەر بۆیەشە داربەڕوو بۆتە هەوێنی سرووشی شاعیران، ڕەمزو هێمای خۆ بەستنەوە بە خاک و خۆشەویستی، نیشانەی نەبەزین و وره بەرنەدان، سەرچاوەی بەرچاو ڕوونی و ئومێد بوون بەدوا ڕۆژ.. مادامەکی خاک لە ئارادابێ، هەشە بیپارێزی و خۆی لەبەر زەبرو زەنگی ڕۆژگاری ناهەموار ڕابگرێ، بۆی ببێتە سەنگەرو بەرگری لێ بکات.

دەنگی سروشت، دەنگی شاعیرە،، هەست و نەستی دەروونییەتی، وەک بلێی واقیعی سروشت لە خۆیدا دەبینێتەوە، سروشتەکە ڕەمزێکە بۆ مرۆڤی هاوار لێ هەڵساو، هەر مرۆڤێ بێ و لەهەر شوێنێک بێ، بەڵام مرۆڤێکی نەبەزیوی چۆک دانەداوە، کە سەرەڕای ئێش و ئازارو ژیانی وەیشوومە پڕ ئەشکەنجەو زریکەو قیژان، هێشتا هەر قیت وەستاوەو خۆی ڕاگرتووە:

کۆلکە دارێکی بچووکیش
بەوێنەی دەستێکی قوچاو
قیت وەستابوو لەنێوانیان (٦)

ئەم کۆلکە دارە بچووکە لە هۆنراوەی «بەری ئەگەرەکان چۆن دێنە ڕوو» دا دەبێتە دار بەڕوویەکی گەورەی قەد ئەستووری ڕەگ داکوتاو کە ڕەشەباکان دەبەزێنێ،



تریفەی دووریش لەشکری تاریکی دەشکێنی، ڕازی دیمەنی دەنگدارو قووڵی چاوی هەژارەکان لاوەکان دەهەژێنن، کە مەسەلەکە ئاوابێ، ئەگەر لە دەریاش بدەن ترسیان نییەو بەسەر شەپۆلەکاندا زاڵ دەبن. ئەو هاوکێشەیەی بێخەو دەبن بە زنجیرەیەکی ئەڵقە نەپچڕاوی توندو پتەو ڕێگەی بۆ هەنگاو خۆش دەکەن، جۆرە بەرچاو ڕوونییەک بە مرۆڤ دەبەخشن.

وشە لای شاعیر شتێکی پیرۆزە، هی ئەوە نییە بخرێتە بازاڕی مەزادکردن، یان ڕووێکی سەختە بە خۆیەوە بگرێ، وشەی لەئاستی فریودان و پایەو ساماندا چۆک دانادا... وەک ڕێبوارێکی ماندووی ڕێگەی دوور تینووی ئاوە، دەیەوێ تاسەی تینوویەتی خۆی بشکێنێ، کە چاوی بەئاوێکی ڕوونی سارد دەکەوێ پڕ بەدڵ ئارەزووی نۆشکردن و هەناو فێنک کردنەوەیە، بەڵام کە زانی کانییەکە «لاک»ی تێدایە توخنی ناکەوێ ئەگەر لەسەر حیسابی خنکان و مردنیشی بێ، ئاوەتا شاعیر دەڵێ:

بەڵام کە زانرا کانیەکە
«لاک»ی تیایە
تینوو نزیکی ناکەوێ
بەڵێ ڕازی وشەش وایە(٧)

بەستنەوەی کانی بەتینوو لایەنی بەرچاو و دیاریی ئاوەکەو دەرک پێکردن بە بوونی لاک لەناویاو پەیوەندی وشە بە شاعیرو نووسەر، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، جۆرە موعادەلەیەک لەلای خوێنەر ساز دەکات، شاعیر بەشێوەیەکی مەنتیقی ماقووڵ مەسەلەکە شی دەکاتەوە، مەسەلەیەکی مادی بە مەسەلەیەکی مەعنەوی دەبەستێتەوە، کە تینوو نایەوێ هەناوی هەڵقرچاوی گەرم داهاتووی خۆی بە ئاوێکی بۆگەن فێنک بکاتەوەو تینوویەتی خۆی پێ بشکێنێ، با ئاوەکەش لەڕواڵەتداڕوون و ساردبێ، هەروەها وشەش ئەوەندە پیرۆزە لای شاعیر، ڕازو نیازی دەبێ لەناو دێڕی گەشو ڕستەی بەپێزو هێژادا دەرببڕێن، هەرچەندە شاعیر نەیویستووە کە دیوی ناوەوەو دەرەوەی مەسەلەی وشە ڕوون بکاتەوە، بەڵام سەرە دەزووەکەی بەدەستەوە داوە، شاعیر بیرەکەی بەخەست و خۆڵی داڕشتووەو مەرجی هونەری پەیڕەو کردووە،

لێرەدا وشەکەی «غاندی»م دێتەوە بیر کە بەرامبەر ڕۆژنامەدا گوتوویەتی: «ڕۆژنامە ژەمە خواردنێکە، گەورەترین تاوان لەم ژەمە، یان ژەهراوی کردنیەتی».

هۆنراوەی «پەروانە» نیشانە و ڕەمزی گیان بەختکردنە لەپێناوی خۆشەویستی و عیشقێکی پیرۆزدا، تەنیا خوێن ڕشتن، یا ئازار کێشان نییە لەپێناوی مەسەلەکەدا، بەڵکو مردنەو گیان توونا کردنە، ئەگەر «خەییام» خۆی بە پەروانەیێ دابنێ کە دەیەوێ بەڕووناکی بگات و گەیشتنەکەشی سووتان و لەناوچوونیەتی کە دەڵێ:

مصباح قلبي يستمد الضياء
من طلعة الغيد ذوات البهاء
لكنني مثل الفراش الذي
يسعى الى النور وفيه الفناء (٨)

ئەوا لای «سەعدی» دەبێتە دەرسێک بۆ مەلی بەیانی خۆشخوان کە داوای لێ دەکات دەرسی دڵداری لە پەروانە فێر بێت کە گیانی دەسووتێ و ئاوازی تیا نامێنێ و دەبێتە زوخاڵ:

اي مرغ سحر عشق ز پروانه بياموز
كان سوخته را جان شدو آواز نيامد (٩)

بەڵام پەروانەی بێخەو پێشێل دەکرێ و هەر دەنەخشێ، ئەم قوربانیدانەی دەبێتە مایەی دەرس و یادگار، دەرسی شەیدای خۆشەویستی، خۆشەویستی ڕووناکی تاڕادەی شەهیدبوون لە پێناویدا، یادگارێکی گەشیش جێ دێڵێ بە ڕۆژ لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەفڕێ و دەم دەنێتە ناو دەمی گوڵ، بە شەویش هەر دڵداری ڕووناکییەو عەوداڵییەتی ئەگەر لە پێناویشیدا بسووتێ و گیانی ببەخشێ، چی تیانییە مادامەکی شەهیدی عیشق و دڵدارییە:

خێرا خێرا وەکو شەیدا
باڵی ناسک لە چرا ئەدا
ئەسووتێ و ئەکەوێتە خوار
پێشێل ئەکرێ و هەرد ئەنەخشێ
جێ دێڵێ وانەو یادگار(١٠)



ئەگەر پەروانە وانەو یادگار جێ بێڵێ، ئەوە وشەکانی شاعیر ئەگەر لەڕێی ئامانجە پیرۆزەکانیاندا بشمرن، بێ سەرو شوێن نین، بەڵکو خاوەنی ناسنامەی خۆیانن، چونکە لە ڕێگەیەکی پیرۆزو بەرزدا دەجەنگن و ڕێکە دەبڕن:

وشەکانی من نیشانچین
بۆ ئامانجی بەرزو دووری مرۆڤ و ژین
لەڕێگادا جەنگاوەرن
بازنەی ئاسۆیەکان دەبڕن
بەدوای بزەی ڕاستی لێوی
لات و کلۆڵەکان وێڵن
گەر بشمرن
ناسنامەکەیان جێ دێڵن (١١)

کە قین و ژان و ئازارەکانی چەوساوەکان دێنە کەف و کوڵ و هەڵدەچن، کە بەڕووی ئەهریمەنی بەدکار دەتەقنەوە، دار و بەرد و کەژ و چیاش لەگەڵیاندا دەتەقنەوە، سروشتیش زۆرداری و ستەمکاری بەخۆیەوە ناگرێت، ئەویش تێکەڵ بە ڕق و کینەی چەوساوەکان دەبێ و زۆرداری تەفرو توونا دەکات:

کاتێ چاوی چەوساوەکان
دەبن بە گڕ و بە پشکۆ
بۆ پەنجە و داوی ستەمکار
کاتێ هاوارو ژانەکان
کۆ دەبنەوە
هەرد و دار و کەژ و چیا
تەنانەت ڕووبارو دەریا
وەکو بۆمبا ئەتەقنەوە(١٢)

ئەگەر گەڵای درەختەکان لە وەرزی گەڵا ڕێزاندا بشەوەرن و لە ڕەگوڕیشەی دارەکاندا دوور بخرێنەوە، بەڵام هەندێکیان لە دایکیان جیا نابنەوە، دەبن بە پەین و زیاتر تین و تاو و گوڕو خۆ ڕاگرتن بە دایکیان دەبەخشن، ئەمەش نیشانەی ڕەسەنایەتی و خۆبەستنەوەیە بە نەژادو بنەچە:

هەندێ دەبن بە خاک و تین
بۆ ڕەگەکان
تاکو دایکیان زوێر نەبێ
تا پێیان نەڵێن نارەسەن(١٣)

خۆشەویستی خاک و خۆڵ ئەوەندە لای شاعیر گەورەو پیرۆزە کە بەهیچ کلۆجێ نابێ پیاو لێی بێزاربێ و لێی داببچڕێ و دوور کەوێتەوە، هەرچەندە جاروبار لە هەندێ شوێندا تووشی ئەشکەنجەو ئازاریش بووبێ، نیشتیمان ئەوەندە گەورەو فراوانە هەموو لایەک دەگرێتەوەو باوەش بۆ گشت کەس دەکاتەوە... نیشتیمان وەک دەریا وایە هەموو ڕووبارو قەڵبەزو تاڤگەو جۆگەو جۆیبارەکان بەخۆیەوە دەگرێ و گشتیان یەک دەخا، دژ بەگشت ناحەزان و نارەسەنان خۆڵ و لم و ماسی تێکەڵ دەکات:

دڵی فراوانی دەریا
گشت ئاوازی خوڕو هاژەی
ڕووبارانی دۆڵ و چیا
لەگەت خۆڵ و لم و ماسی
تێکەڵ ئەکاو یەکیان ئەخا
دژی ئەوەی کانیاوەکەی
بەر بەرد ئەدا(١٤)

زۆر لە هۆنراوەکانی ناو «دار بەڕوو» شقڵی پۆستەر بە خۆیانەوە دەگرن، لەڕێگەی وێنەکێشانی دیمەنی ورد وردی تابلۆی هونەرمەندانەمان پێشکێش دەکات. تابلۆیەک کە جوانی و نازداری سروشت و ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ نەبێ کە دڵڕفێن بێ سەرچاوەی سرووشی شاعیربێ، بەڵکو تابلۆیەک لەناخەوە کارت تێ بکات و بتهەژێنێ... تابلۆیەک لەناو هەزاران تابلۆی هونەرمەندان، کە شاعیر خۆی هەڵبژێرەو سەرپشکە وەک هونەرمەندێکی کارامەی هێژا سەیری دەکات، دوای وردبوونەوەیەکی زۆر قووڵ بڕیاری خۆی دەدا:



گەڕا گەڕا
لەدوای گەلێ وردبوونەوە
دیمەنی لەپێکی زبرو
دوو چاوی قووڵ
یەکەم خەڵاتی بردەوە.(١٥)

لە ڕاستیدا جۆرە تابلۆیەکی ئاواو یەکەم خەڵات بردنەوەی بەڵگەی ئەوەیە کە شاعیر هەستێکی هونەرکاریی قووڵی هەیە، شێوەی ڕووکەشی ڕازاوەو ئارایشکراو کاری تێ ناکات، بەڵکو کارێکی هونەریی داهێنەرانە دەیجووڵێنێ، کە دیمەنی لەپێکی زبرو دوو چاوی بەقووڵا چووی ڕووێکی چرچ و سیس و ژاکاوە... بەم شێوە «بێخەو» لە واقیع نزیک دەبێتەوەو ئەم جۆرە واقیعە هەڵدەبژێرێ کە خۆی مەبەستیتی ڕۆمانسییەتی لەگەڵ تێکەڵ دەکاو واقیعێکی دیکەی لێ دروست دەکاتەوە.. ئەم هەڵبژاردنەی شاعیر لەوانەیە کارێکی نەگونجاو بێ، یا بەلای هەندێ کەسەوە کارێکی نائاسایی بێت، بەڵام وەک شیللی لە کتێبەکەی «بەرگری کردن لە شیعر» دا دەڵێ: «شیعر شتە ئاساییەکان وا لێ دەکات کە خۆیان وا بنوێنن وەک بڵێی نائاساین».

ژیان لای شاعیر دیاردەیەکی وەستاوی چەسپاو نییە، بەڵکو لە گۆڕانکارییەکی تەواودایە، کاروانی ڕێگەی هات و نەهاتیش هەر چەندە تووشی کەوتن و نشوستی بێ هەر دەگاتە جێ، مادامەکی بڕوای بەخۆیەتی، وەک چۆن ئاوی ڕووبارئاوی کۆن کۆن لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و هی نوێی دێتە سەر، ژیانیش ئاوا هەمیشە بەردەوام دەگۆڕێ، کۆن دەڕوات و نوێ لەدایک دەبێ، لە ئاولەمەی هەموو کۆنێکدا نوێ چەکەرە دەکات، شیعریش دەبێ بابەتی تازە بەخۆیەوە بگرێ و لە نوێ بوونەو دا بێ:

کاروانی ڕێی هات و نەهات
ئەگاتە جێ
ئاوی ڕووبار لەیەک شوێن بێ
لە چرکەیێک هی کۆن دەڕوا
هی نوێ دێ (١٦)

شاعیر لەم کۆمەڵە شیعرەیدا تەقەڵایەکی باشی داوە کە بە شێوەی شیعری پۆستەر دیمەن و وێنەی ڕێکوپێکمان بۆ بکێشێ، بیروڕای خۆی لە بۆتەی تابلۆیە شیعرییەکاندا، قاڵ بکاتەوە، وەک هۆنراوەی «هەڵمات، هەور، ئاسۆ، ورشە، برووسک، کاروان کوژە، دەبان و پێنووس، کل و بیر، شارێگا، هێرۆ، گرەو... هتد».

زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم کۆمەڵەی بەردەستمان دەمانخەنە سەر ئەو ڕایەی کە شاعیر هەنگاوی گورجی بۆ پێشەوە ناوە، سەرکەوتنێکی باشی وەدەس هێناوە، ئەم ڕاستییەش وامان لێ دەکات ڕایەکی دیکەمان بەرامبەر بە شاعیریەتی «دار بەڕوو» هەبێ کە لەگەڵ ڕایەکانی پێشوومان جیان، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر توانیویەتی ئەم جارە زەمینەیەکی دیکە بۆخۆی دیاری بکات و جێ پێی خۆی لەسەر بکاتەوە.

پاش ئەم هەڵسەنگاندنە بۆمان هەیە چەند تێبینییەکی تایبەتی بەرامبەر هەندێ لایەنی شیعرەکان دەربڕین کە شاعیر فەرامۆشی کردوون، هیواداریین لە بەرهەمی داهاتوویدا چارەسەریان بکات بۆئەوەی هۆنراوەکانی خەستتر و قووڵتر بن. لەو تێبینییانەمان ئەوانەی خوارەوە دەستنیشان دەکەین و بەپەلە بەسەریاندا تێ دەپەڕین.

بۆ ئەوەی بیروباوەڕی شاعیرو وێنە شیعرییەکان لە باوەشی داڕشتنێکی قووڵی پتەو خۆیان بگرنەوە، دەبی شاعیر ئەوەندە خۆی بەسەروا نەبەستێتەوە بۆ نموونە:

لە هۆنراوەی «گزنگ»دا کۆتاییەکەی بە «هەتا هەتا» دێت، ئەوە لەکاتێکدا هەر لەبەر ئەوەی سەروای «پەیتا پەیتا» لە شیعرەکەدا هەیە. ئەگەر «هەتا هەتا» نەشبێ باشترەو لە نرخی هۆنراوەکە کەم ناکاتەوە ئەگەر بە نرختری نەکات.

یان لە شیعری«هێرۆ» دا کە دەڵێ:

هێرۆیەکانی هەڵوەران
وای زانی توونابوون نەمان

(توونا بوون و نەمان)یەک واتان، نەمانەکە زیادەو پێویست بە بوونی ناکات.

یان لە شیعری «کل و بیر»دا:

کوولەکەی دنیایان شکاند
کۆتیان پساند



بەلای منەوە «کۆتیان پساند» زیادەو بێ ئەم دەستەواژەیە مانایەکە خەستترو پتەوترە.

یان لە هۆنراوەی «بریقەی چاو» دا کە دەڵێ:

بەڵام بریقەی چاوەکانتان
برووسکی هەوری بەهارە
زەنگ و دەنگێکی بەکارە
سپیدەی جەژنی چەوساوەو
سەرکەوتنی تێدا دیارە

«ڕستەی زەنگ و دەنگێکی بەکارە» زیادە، ئەگەر لەجیاتی برووسک «هەورە تریشقە» بوایە جێی خۆی بوو، کە زەنگ و دەنگیشی لەگەڵ بێ، بەڵام مادامەکی برووسکی هەوری بەهارە کە بریقەی چاوەکانەو بریقەکە سپیدەی جەژنی چەوساوەیە، پێویست بەڕستەی ناوبراو ناکات، ئەراگۆن گوتەنی: «جوانترین هۆنراوە کورتترینیانە» بەتایبەتی کە شاعیر ڕێچکەی بابەتی پۆستەری گرتووە.

تێبینی دووەمم ئەوەیە کە شاعیر جاروبار هەندێ وێنەی شیعری دووپات دەکاتەوە، ئەم خاسیەتەش لەسەر حیسابی شاشکردن و کە لەبەر تێکەوتنی کۆمەڵە شیعرەکە دەبێ، وابزانم هۆنراوەیەکی ڕەسەنی بەپێزو خەست و خۆڵ لە دەیان هۆنراوەی دیکە باشترە کە ڕستەو وێنەو دیمەن و بیری ناو شیعری دیکەیان تێدایەو دووپات دەبنەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە شاعیر دەبێ ئاگای لەبەر پێی خۆی بێ، ئەو وێنەو دیمەنانە نەخاتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەی دی کە لە هۆنراوەیەکدا بەکاری هێناون. بۆ ئەم بۆچوونانەمان چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

شاعیر لە هۆنراوەی «هێرۆ»دا دەڵێ:

بەڵام هێرۆی بەرزو ڕەسەن
دوای وەیشوومەو تۆف و زریان
لەسەر ڕەگی خۆی ژیایەوە
لەسەر هەر بنجێ بە دەیان

هەمان وێنە لە هۆنراوەی «بەری ئەگەرەکان چۆن دێتە ڕوو» دا دووپات دەبێتەوە:

ئەگەر ویستتان
ڕەسەنایەتی ون نەکەن
سەیری بنجی هێرۆ بکەن

یان لە هۆنراوەی «تابلۆ»دا ئەم وێنەمان نیشان دەدات:

دیمەنی لەپێکی زبرو
دوو چاوی قووڵ

لە هۆنراوەی «کام سەرچاوەی سرووشی بیر»دا شاعیر دەڵێ:

بەڵام لای من
ڕەنگ دزراوان
قووڵی چاوان
.....
زبری ناو لەپی زامدارو
خوێن تێزاوان

هەروەها لە هۆنراوەی «سۆراغ» دا دەڵێ:

هەندێ وشەی ناو پەراسوو
قووڵی چاو بوو
ناڵەی گیانی «سی»ی خوراو بوو

جارێکی دیکەش چاومان بەم وێنەیە دەکەوێ:

ئاوازی ناڵەی ناو سینەی
پڕ زووخاوان

لە کۆتاییدا ئەوە دەسەلمێنم کە لە ناو «دار بەڕوو»دا هەندێ هۆنراوەی تر هەبوو پێویست بوو شییان بکەمەوەو بەچاوی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەترسی درێژدادڕی پشت گوێم خستن، دەبێ ئەوەش بڵێم «مەدحەت بێخەو»ی دار بەڕوو، بێخەوی زەنگی کاروان و ڕابەری ژیان و ورشەی ئاوات نییە، بەڵکو بووە بە شاعیرێکی دیکە کە پێناسی شیعری پڕ وێنەی وردەکاری و تابلۆی هەمە ڕەنگی بابەت پۆستەر لە هەگبەی شیعردا هەڵگرتووەو پێشکێشمان دەکات. ئەگەرمن وەک



ڕەخنەگرێکیش نەدرێمە قەڵەم با بەخوێنەرێکی باش بژمێردرێم و هیوادارم تا ڕادەیەک توانیبێتم بڕیاری خۆم لەسەر هۆنراوەکانی بدەم. ئیلزا تریولیە گۆتەنی: «لە ئاستی هەر بەرهەمێکدا دوو نووسەر لە ئارادان، ئەو نووسەرەی بەرهەمەکەی داهێناوەو خوێنەر»

نیسانی ١٩٨٤ هەولێر

پەراوێزەکان:

١- بڕوانە «الشعر بين الواقع والابداع»، صبيح ناجي القصاب
٢- مذكرات بابلو نيرودا «اعترف بأنني قد عشت»
ترجمة الدكتور محمود صبح، ل ٢٤٦
٣- دار بەڕوو: مەدحەت بێخەو، ل ٤٢
٤- هەمان سەرچاوە: ل ٥٣
٥- هەمان سەرچاوە: ل ٤١
٦- هەمان سەرچاوەک ل ٣٣
٧- هەمان سەرچاوە: ل ١٦
٨- بڕوانە: رباعيات الخيام- ترجمة احمد رامي
٩- گلستان: ل٧
١٠- دار بەڕوو: ل٧٣
١١- هەمان سەرچاوە: ل ٧٥-٧٦
١٢- هەمان سەرچاوە: ل ٨٦-٨٧
١٣- هەمان سەرچاوە: ل٨
١٤- هەمان سەرچاوە: ل٩
١٥- هەمان سەرچاوە: ل١٠
١٦- هەمان سەرچاوە: ل٨٨
١٧- بڕوانە «اراغون شاعر المقاومة»
١٨- الثقافة الاجنبية، ژمارە (٣) ل ٢١٨ .

# پرۆسەی بە شیعرکردنی دیارو نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا
# لە شیعری کەڵکێشی سەباح ڕەنجدەردا

**کەڵکێش**

منداڵەکانی ڕۆژهەلات
چووینە گەشتی نوستن
لەم خەونەدا بەچی دەگەن
(.....
.....)
دایکیان پێڵوی گەرم لێکدەدا

(برژانگی ئەستێرە و برژانگی ئەو پەنجەیان تێکهەڵکێشا برژانگی ئەستێرە نەرمنەرم پەنجەی بەرەو بەیان کێشایەوە بۆشایی پێڵووی ئەو پڕ بووەوە چووە قۆزاخەی ئیفلیجی نوستن بە بینینی یەکەمین دیمەنی خەون ڕووبار لە شووشەی پەنجەرەی دەکشا پەیکەر دەموچاوی تێدا دەشوشت هالاوی هاری لە دەمی دەردەپەڕی دارستان بیابانی داخراو بوو گۆرانی تێدا نەدەگوترا)

منیش کەڵکێشی نێوان بەرزی و نزمی
ژووری خودم
پێڵووی پەنجەرەی کەوتوو
دەرگا خەنجەر
مێوانداری شەوی مردوو
نیوە چاوی پێ نووقاندم
چرام لەژێر تابلۆ داگیرساند
جغارە یەزدانی کپیی



(.....
.....)
دەرەوە

(بازلله لە ڕوومەتی درەخت و شەقام و پەنجەرەو دارتێل و هەتیوەکانی ناو کۆڵانە جوانەکان دەوەشێنێ دروشمی دیوارەکان یەک یە دەکەون یان منداڵە هەتیوەکان لە دیوار دایدەپچڕێن دەیئاڵێننە خۆیان)

خەونی ناو ئەو هەموو دروشمانە
ئەگەر هەبێ دەبێ چی بێ
(.....
.....)
دەرگای خودم
لە ڕووی تابلۆ و جغارە و چرا داخست
چوومە دەرێ
منی وڕوکاسی سێڕیانی هەڵدێر

بێ ئاژاوەی کۆڵانە جوانەکان ئەو بلیمەتە ڕاماوەی ناو تابلۆی ژوورەکەمم هونەرمەندەکە بەهەڵە پێشکێشی کردم ماوەیەکە ئەو ڕامانەیم لە بیرکردنەوەم مراندووە خەریکم بیشکێنم بیهێنمە پیاسەیەکی دەمەو ڕۆژئاوا)

ڕێکی کۆڵانە ناشیرینەکان
سەرسامی کەن
بخەوێنەوە
ناڕێکی کۆڵانە جوانەکان
هەراسانی کەن
ڕێکی ناخەوێ
ناڕێکیش
کۆڵانە جوانەکان
درۆ و شەڕ و دەستەمۆبوون دەیانپارێزێ

کۆڵانە ناشیرینەکان

منداڵێتی و دەستەمۆ نەبوون و پاکی

***

خەتێکم لەگەڵ پەنجەکانی ڕووبار جووت کرد

ڕەگەکان ئاوەکانیان دامەوە

کەڕژاندبوومە بنیان

(باڵندەکانی ناو پرچی ڕەگەکان باڵیان کردەوەو دوور کەوتنەوە نامەیەکیان بە لکی دارێکەوە بۆ جێ هێشتووم یەکەم دێڕی کیژە هەژارەکان ئێژن پاشاکان کۆلێتەکانیان پیس کردین)

منیش ڕەگەکانی خۆم گواستەوە ناو ئاو

ماڵم لەناو بەلەم

منداڵەکان گەمان دەکەن

(گیای کەناری بەلەمەکە دەڕنن لە وەنەوزی چاوەڕوانی وشکی دەکەمەوە لە نانەیەکدا بۆ باڵندەکانی دەنێرمەوە)

پاشاکان لەناو لوولی ماری کەوی دەسترن

کیژە خرۆشاوەکانی پاژنە پێ تەقیوو سەمای خۆشین

پاشاکان لەناو لوولی ماری هار دەخەون

کیژە بێزارەکانی پاژنە پێ دایساو

سەمای ناخۆشین

پاشاکان گوڵە گەنم

بە سینگی کیژە خرۆشاوەکان وەدەکەن

پاشاکان گوڵە گەنم

لە سینگی کیژە بێزارەکان دەڕنن

ئەی سەما ترپەی پێت چ دەنگێکی ترسناکە

ئەی سەما ترپەی پێت چ دەنگێکی ڕووناکە

***



پێت لەکام درەخت دەکەینە ڕەگ

سەرت لەکوێ

بەسۆزی سۆراخ ژەهراوی کراوین

ژیان بریتییە لە ساکاری و ئاڵۆزی

ماوەتەوە

ئەم گومانە بپارێزین

***

تەرمێک لەسەر شۆستە پاکەت دەفرۆشێ

***

پەنجە گەورەی پێم

مرد

پەنجە گەورەی دەستم

ژیا

(مارێکی پەلکە زێرینەیی کلکی هەوەسی لەگەڵ پەنجە گەورەی دەستم خەواند کەللەی هابیلی کردە هێلانە هێلکەی تێدا ترووکاند قابیل خواردنی کۆمەڵێک سەدەی لەناو لوولاقی هابیل خستووە)

پەنجە گەورەی پێم

هابیل

پەنجە گەورەی دەستم

قابیل

ئێوارەیەکی دوای باران پەلکە زێرینە منداڵێکی بلوێر فرۆشی فڕاند پێڵاوەکانی لەبەر دەرگا لێ جێما پێڵاوەکانی بۆنی باڵندەی مرداریان دەدا پەیامبەرێکی سڕ لەدوا نامەی بەرزی و نزمی دێرەکان لەدەستی چاوی بەربووبێتەوە)

گێژەن لە تووکی باڵندەی مردار

چەپۆکی شکا

مەلەوان گۆرانی پەڕینەوەی گوت

مانگی پەنجە تەزیو
لەتووکی شەمشەمە کوێرە گەرم نەبووەوە
تریفە کەناری بوون
کەنار بوونی
شەڕکەرێکی پەنجە لە شەڕ خووساو
لەنێوان ئەمبەری شەڕو ئەوبەری شەڕ
پەنجەی بەئاوی دۆزەخ دەکرایەوە

ئێوارەیەک تەلیسمی مەسیح بنمیچی ژێر زەمینی هەڵکێشا ئەو فووەی مریەمی دووگیان کرد قووتەکەی پۆکردەوە منداڵەکە هەتاو دەستی بۆ ڕاوەشاند خەو بەری دا پێڵاوەکانی بەپێی گچکە ببوونەوە)

زەنگی لاوانەوە
تاسەی
بینین
چێژ
بەرکەوتن
بیستن
بۆن
بەهێز دەکات
هەتاو گەرم داهات
هەزاران ئارەزووی بێباک
لە دۆزەخ دیل کراون
ئەفسانەی دۆزەخ دەتەقێنمەوە

(لە ئاوازی تەقینەوە باڵندەی مردار باڵی هەڵدا بۆ ئەو بۆشاییەی گەردوونی تێدا باڵق بوو دیدەنی لە چەمانەوەی خاچ ڕووخۆش کرد مانگی هەڵاتوو دەرگاوانی بۆشایی)

مردوو مانگی ئێستای کەوتووە



لە کۆڵانی ئایندەو ڕابردوو
گەمان لەگەڵ درەختی نهێنی دەکات

***

رووبار دەمی داپچڕاوانی ئادەم
بەردەکانی ڕۆخی
ددانی کەوتووی
کە لاوەکان مەمکی حەوا
منداڵی لاسار لەناوی
ئاوێنە لە ڕۆژ ڕادەگرێ
چاوی باڵندەی پێ دەنووقێنێ

(لەنێوان دووشاتان کانیەکم بە تەرم کوێر کردەوە چوومە گەشتی شەڕو دژواری بارانی هەوری تەنک و ئەستوور لە ڕێنم جۆگەیان کرد لە چەناگەم دەرچوون گەڕامەوە شانەکانی ئەمبەرو ئەوبەری کانی گۆپکەیان نارەنجۆکی دا کیژە هونەرمەندێک پێشنیاری کرد شریتی یەکەمین پێشانگای لە کەلاوەی مەمکی حەوا لەدەمی مقەس بنێ پەنجەکانی بۆ نارنجۆک نارد لە گۆشەیەکی کەلاوە لە هەوایدا پەنجەکانی فڕێیدا تابلۆ هەڵبزڕکا ئادەمیزادەکانی ناو تابلۆ لە دەمی جۆگە کەمێکیان پێیەکانیان بەرەڵڵای ناو ئاو کردووە کەمێکی تریان دەستنوێژ دەگرن کەمێکی تریشیان کفنیان هەڵوەشاندوەتەوە دەیشۆن کیژە هونەرمەندەکەش ئەڵقەی لەئاو هەڵدەهێنێ لە پەنجەی هەڵدەکێشێ ئەڵقەی نارنجۆکیشی بەددانە کەوتووەکانی ئادەم تاواندەوە دایە کارگە کردیانە ئاسنی سەر زێرابی کۆڵانە نوستووە بە خەبەرەکان منداڵەکان پڕیان کرد لە هەرای تێ ئاوارەی بوون)

چاوی باڵندە لە ئاوێنە دیل
کوێر هاواری کەوت

***

خواوەند
لەمانگ نزیک بووەوە

شەو لەناو شیعرێکی بەرکێش و سەروا دانیشت

***

گای فێ لێهاتوو
بەدەنگی ئاشنا مانگ هەڵفڕێنە

***

بەلێوی پەنجەرە
چڕنووکی کەواندووە
چاوی مورووی لە ڕوخسارم نقووم
بە ئاگایی
بیرە خەو
نوستن
دەژمێرێ
گەمەی ئێوارە
ئاسوودەیی
تارمایی سۆزگەچلێن
سڕ
کەوی لە درەختی خەندە مردوو داتاشراو
مۆسیقا لە ئەندێشەی پشکفت
باڵی لە سەری ساڵ داوێ
پەردەی قەرەوێڵەی
ئەو یادانەی تاسە خاو دەکەنەوە
لەناو چڵەکانی
پەیامی گەڵا پیتێن پەرێشانی کردوون
کەو
پەردە دادەنەوە
لاش دەدات



گلۆپ دەکاتەوە
دەمرێنێتەوەش
قەیتانی پێڵاوی مێوان شل دەکاتەوە
تووندیش
قەفەسی کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات
لکی پەنجەی منداڵ
قەفەسی کۆڵانەکانی ڕۆژئاوا
لکی ئاسن

(کەو لە کەللە گەرمی گەڕان باڵی شۆڕکردەوە جوانیی و ئاڵۆزی دەنووکی قاسپەی پێلێکنا تەپڵەی جغارەی ڕاکێشایە بەردەمی دەنکە زەنگیانەی چاوی بۆ ناو تەپڵە شۆڕکردەوە ئاگری جغارەی داوەشاند ڕووبەری بازنەیی تەپڵە دووریانی پێکەوە گرێدان و لێکبوونەوە جەمسەری سەرو وخوارو بوو بە ئاگری جغارە دووریانی کون کرد خۆڵەمێشی لە کون هێشتەوە هەور گەواڵەیەکی دابوو و برووسک شەهید بوو کەویش

بەتوندی باڵی هەڵدا مورووەکانی چاوی کەوتە دەستی منداڵێکی گۆرانیبێژ)

گۆرانیبێژێکم سەرسام
لەناو کفن یان کەژاوە
گۆرانیم ون
ژوورم لە
ئاگر
خۆڵ
ئاو
با
کەپکە مار بنمیچی
پانکەم پێوە شۆڕکردەوە

چاوی ئەستێرە لە هێڵەگی پەنجەرە دیل
فرمێسک بەرەڵڵا
بە دڵۆپەی
بەردی حەوشە هەڵکەو
کەو مەڵاشووی کانی هەڵدایەوە
پێیە زیوینەکانی منداڵ تێیدا ئازاد
قوڵپی هەڵقوڵان بە نکاڵی بازنەیی دا دەدات
پەنجەی پردنیمانگی لێگیر
تانی وێرانەیی تاسەی تریفە
تریفە کوێستانی گیا نوستوو
ئەستێرە بە دەستی ڕاست بگەشێنەوە
گەشتم
ئا
بەدەستی چەپ مۆنبکەوی
گەشتم
نا
گەشتی
ئا
نا
پێیەکانم دەسپێرمە ڕێگا
پرچم بە شەونمی ئەستێرە تەڕ
پەڕی کەوم لە پەنجەتی پێم گرێدا
ئەستێرەی گەش
چاوێکم
ئەستێرەی مۆن



چاوێکم
چاوی گەشت کەلای ناو پەرداخێک ئاو
بەخشندە بیخواتەوە
لە کەلێنی پەنجەی منداڵ کەلا غلۆر بێتەوە
خواوەند بۆی نەگیرێ
لە ناخ بەردەبێتەوە
غاری دا
سێبەری نەمری دۆزەخ دوورکەوتەوە
ئامیلکەی چاوی وشک
سەری بەگرانی خستە نەرمایی شانی
لە ڕۆژ راما
***
لاری و ستوونی ڕۆژ
سێبەر کورت و درێژو تەنک و ئەستوور دەڕێژن
سێبەرم ناشت
هێزی خۆم دایە تارماییە برادەرەکەم
مێژوو بەرستە بوون
پێرێم
ئەمڕۆ لەدایک بوو
دوێنێش لێم تۆرا
کات لکە دارێک بوو
قەلەڕەشی
دەنووکئاگر
چرنووکخۆڵ
باڵئاو
سینگبا

بۆ هێلانەی خۆی بردی
شوێن لکە دارێک بوو
قەلە ڕەشی
دەنووکئاگر
چڕنووکخۆڵ
باڵئاو
سینگبا
هێلانەی خۆی تێدا دانا

(ئەو شەقامەی ئێوارە جوانیی لێیەوە بەڕستەی تەماشام وەدەکەم بەهەمان شەقام لۆژە لۆژ دەگەڕێمەوە ناو خانووە نارێکەکەم منداڵەکان شیرینی دەستم وەردەگرن بەروومدا پێناکەنن)

(ئەو شەقامەی ئێوارە ناشیرینی لێیەوە لەڕستەی تەماشام فڕێ دەدەم بەهەمان شەقام لۆژە لۆژ دەگەڕێمەوە ناو خانووە بلوورینەکەم منداڵەکان شیرینی دەستم وەرناگرن بەڕوومدا پێدەکەنن).

منداڵە هونەرمەندەکان
برژانگی کات دەردەکێشن
کوێری شوێن جوانییە
منداڵە هونەرمەندەکان
برژانگی شوێن دەردەکێشن
کۆسەیی کات جوانییە
کێوی جوانیی
شەپۆلی با دەیکوژێ
کێوی ناشیرینی
دەستی ڕەش دەیژیێنێ
منداڵەکانی ڕۆژهەلات
گوللەش دەزانن بۆنکەن



منداڵەکانی ڕۆژهەلات
گولێش دەزانن بتەقێنن
سیمای کات هەڵبزرکا
ئاوێنەی شوێن گەچڵا
منداڵەکان گۆرانییان ماوە

١٩٩٢ هەولێر-١٩٩٣

ئەرکی شاعیر تەنیا پرۆسەی بەشیعرکردنی دیارو نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی واقیع نییە، بەقەد ئەوەی کە یاخیبوونە لەو واقیعەی بەزۆر سەپێنراوەو، تەقەلادانە بۆ هەڵوەشاندنەوەو بیناکردنەوە بە نەخشەو کەرەستەی نوێ، بەو تێڕوانینە گەشبینییەی کە هەنگاو بەرەو دواڕۆژی مرۆڤی ئەو وەچەیە دەنێ کە بە پاکی بۆ ژیان خوڵقاوە، هێشتان ژینگەو دەڤەرو جیهانی دەرەوە دیوی ناوەوەیان پیس نەکردووەو نەشێواندووە. لەم ڕوانگەیەوە «*سەباح ڕەنجدەر*»

یەکەم هەنگاو داوێ و هەر لە سەرەتاوە خۆی تووشی جۆرە سەرکێشییەک دەکات وەک پرۆژەیەکی شیعر ئامێز کە خۆی هەڵتەکاندن وبیناکردنە. کە بە چاوی خۆی دەبینێ زەمینەی شیعری ئەمڕۆ شەقار شەقار بووەو تەختایی زمان تاریک و لێڵەو ڕەونەقی تێدا نەماوە، زمانی ڕۆژانەی ئاخافتن زمانێکی ئاسایی و بێ دەسەلاتە، دەیەوێ تۆی نوێ لەناو کەلێن و ورزی زەویەکەدا بڕوێنێ. بۆیە پەنا دەباتە بەر سەرکێشیی زمانێکی تایبەتی کە بتوانێ بە وزەو هێزێکی بەگوڕو بە خوڕ تەعبیر لە هەست و نەستی ناوەوەی قووڵ بێ سنووری خودی خۆی بکات، ئەم سەردەمەی ئێمەی بە تەواوەتی خەریک و جەنجاڵ و ئاڵۆز کردووە. ئاوێتەکردنی دوو وشە و داڕشتنیان بەیەک وشە، واتە

«*کەڵکێش*» داهێنانێکی نوێیە لە فەرهەنگی کوردیدا. «کەل» بەواتای: کەژ، کێو، شاخ، هەروەها بەواتای «جۆرێ حەیوانە کێوی»یش دێ. هەردووکیش بەمانای «جۆشین» دێن. لێرەدا پرسیارێ دێتە پێش: مادامەکی سەر مەڵبەندی مێشک و هۆش و عەقڵ بێ و مرۆڤ پەلکێش کات، بۆ ناکرێ (کەل) بە هەردوو ماناکەیەوە مرۆڤ پەلکێش کات؟ جا تەوزیفکردنی (کەل) وەک بوونەوەرێکی شاخاوی و (کەل) بە

مانای کەژو کێو وەک بوونەوەرێکی بێ گیان، بوونی کۆکەرەوەیەکی هاوبەشی نێوانیان «جۆشین» ئەم دوو حاڵەتە جۆرە کردن بە شەخس واتە تەشخصێک دەرەخسێنێ کە سیفەتی مرۆڤ بەو دوو بوونەوەرە بێ گیان و گیانلەبەرە دەبەخشن، بارودۆخێکی لەبارو گونجاو سازدەکەن، فەرهەنگی نوێی شیعر، وشەی ئاوا لەم جۆرە بە خۆوە بگرێ و بەگەرمی پێشوازی لێ بکات.

دوا بەدوای سەرناوی ئەم دەقە، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە سەرچڵییەکی تر سەر هەڵدەداو شاعیر دوو ڕێگا دەگرێتە بەرو لەبەردەم دەرگای خیتابی شیعریی خۆیدا ڕامان دەگرێ، ئێمەش وەک خوێنەر خۆمان لەئاستی دەقێکدا بەدی دەکەین کە لە دوو ئاستی جیادا خۆی دەنوێنێ. بۆیە هەموو کلیلێ دەرگاکە ناکاتەوە. ئەو خوێنەرەی کە نابەڵەدەو لە خوێندنەوەی دەقی لەم جۆرە ڕانەهاتووە، لەبەر دەرگا دەوەستێ، خۆی لەبەردەم دەرگایەکی دەخراودا بەدی دەکات، بەڵام خوێنەری بەڵەدو ڕاهاتوو و خاوەن فیکرو هزری سەربەخۆ، کە خۆی ڕەخنەگریشە، شیاوی ئەوەیە کلیلی دەرگاکە بگرێتە دەست و زیرەکانە والای کات و چەند جارێک بێت و بچێ و بێتە دەرەوەو بگەڕێتەوە ژوورەوە.

چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بوترێ کە ئەم دەقە لەوە زیاترە کە داڕشتنەکەی شەو کوێرانەو پەللارە کوێری و خۆنەوەیستانە بێ، وەک یەکەم جار خوێنەر وای دێتە بەرچاو، بەڵکو لەژێر رکێفی نەخشە کێشانێکی ئەندازەیی تۆکمەیە، هەیکەلی دەقەکە پشت بە ئەنتروپۆلوژی و سوسیۆلۆژی و مێژوو و فەلسەفەی ژیان دەبەستێ.

ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە کە دەمێکە لە مێشک و دەروونی منداڵ و لاوەکاندا پەنگیان خواردۆتەوە. دەچێتە ناو ئەزموونێکی جیا لە هی تر. بەڵام بەپێی چەمکێک پێویستییەکی شێلگیرانە پەلکێشی دەکات بۆ گۆڕین و دروستکردنی شتێکی نوێ کە خەونە خۆشەکانی منداڵەکانی دواڕۆژی تێدا گەشە بکات.

ئەم دەقە بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە بۆچوون و زیهنییەیە کە گۆڕان بە شتێکی حەتمی لەقەڵەم دەدات کە لەخۆیەوە دێتە دی و پێویستییەکی سروشتییە.

بەکورتی و بە کوردی پڕۆژەیەکی تایبەتییە لە دەقی شیعری کوردیدا. چەند جارێک– بەرلەوەی دەست بۆ قەڵەم بەرم – ئەم دەقەم خوێندەوە. جۆرە گومانێک



سەرە تاتکێی لێ کردم کە رەنگە هی خودی شاعیر نەبێ، هەر ئەم نیگەرانییەش وای لێ کردم بەو سەرچاوانەدا بچمەوە کە پێشتر لەمەڕ شاعیرانی نوێخوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خوێندبوومەوە وێڕای چەند ژێدەرێکی تر کە پەیوەندییان بە نوێکردنەوەو نوێخوازی هەبوو. پاش خوێندنەوە تۆژینەوەو قووڵبونەوەی چەند مانگێک شتێکم لێ هەڵنەکڕاند کە تەنانەت بە ئاستەم وەرگرتن و گواستنەوەی میکانیکی بەرهەمی شاعیرانی تری تێدابێ. هەرچەندە هەندێ خەم و پەژارەو موعاناتی هاوبەش لەنێوان شاعیراندا هەن کە لەیەکتر نزیک دەبنەوە، یان جیا دەبنەوە، بەڵام مۆرکی کارتێکردنی شاعیرانی تری بە سەرەوە دیارنییە لە شاعیریەتی و ڕەسەنی بخەن، ئەم بۆ چوونەشم ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر ئاوڕی لە سامان و کەلەپووری خۆماڵی و نەتەوایەتی و جیهانی نەداوەتەوەو سوودی لێ نەبینیون، یان بەپێی تێڕوانینی خۆی تەوزیفی نەکردوون.

دوای ئەوەی کە بەتەواوەتی دڵنیا بووم کە هی خودی شاعیرە، زیاتر بە ڕەگوڕیشاڵ و تانوپۆی دەقەکەدا ڕووچووم و کاتێکی زۆرم بۆ تەرخان کرد، بە قووڵی و پشوویەکی درێژ پەل بهاوێم و لەگەڵیدا چەند جارێک بمرم و چەند جارێکیش بژییێمەوە. خوێندنەوە دوای خوێندنەوە، حاڵەتێکی تایبەتی لا ڕەخساندم، تا دەهات بالای ئەم قەناعەتەی کە «سەباح رەنجدەر»زیاتر لەو دوو ساڵەی لە جیهانی ئەم دەقەکەدا ژیاوە و شەونخوونی بۆ کردووە، هیچ بە دووری نازانم سنووری واقیعی بەزاندووبێ و تووشی حالاتی *«ئیشراق»*.

و خەوبینی و ڕۆیایەکی تایبەتی بوونێ و لەناوخودی دەقەکەدا سۆفی ئاسایەک توابێتەوە، وەجدو خۆشەویستی دەقەکە و خۆتەرخانکردنی بۆ ئەم پڕۆژەیە: مرۆڤێکی تر، شاعیرێکی تر، داهێنەرێکی تری هێنابێتە دونیاوە کە وزەو چالاکییەکی فیکری و ڕۆحی داهێنانی وای لا ڕەخساندووبێ کە خۆ لە هەندێ لایەن بدات و خوێنەرو ڕەخنەگر نەگاتە بەردەم حاڵەتێکی تایبەتی، ئەم دەقە زادەی هەڵچوون و داگیرسانی ڕۆحێکی ساتەوەختی نییە. ئەنجامی سۆزی کارەساتێکی جەرگبڕی شیکردنەوەو تێگەیشتن و قووڵبوونەوەو گەردوون و مێژووی مرۆڤ لەم دونیایە ئاڵۆزو جەنجاڵەدا، کە مرۆڤ خۆی گەردیلەیەکی هێجگار وردی لەدایکبووەو گوزەر دەکات.

(ڕەنجدەر)یش، وەک ئەو گەردیلە بچکۆلەیە لەناو ئەم دەقەو دونیایەدا کە جارێ گوزەری نەکردووە خودی پێش خۆی دەمرێنێ و دەبێتە مرۆڤێکی زۆر هۆشمەندی خودی خۆی، بۆیە بەیەکجاری خۆی ناداتە بەر شەپۆلی نائومێدی و بێ هوودەیی و دەست شوشتن لە ژیان. سەبارەت بە ڕەخنەگرێکی وریاو شارەزاوە دەمێکە دەرگا لەسەر چەند ئاستێک دەکاتەوە، هەر ئەم حاڵەتەش وادەکات کە نەتوانین پێشبینی و نوقلانەی هیچ شتێ بکەین تا دەگەینە بنەتاکەی.

کە پێی دەنێتە ناو جیهانی شاعیر سەیر دەکەی دەقەکە لەسەر بنچینەی نوێکردنەوەو نوێخوازی بینا کراوە، زمانی خوازە (مجاز)ی پەیڕەو کردووە، خۆی لەشێوازی ڕاپۆرتی و خیتابی و ڕاستەوخۆ وەدوور گرتووە، داهێنانەکەی بەیارمەتی وشەی ناڕاستەوخۆی پڕ لە تێلنیشان (تلمیحات)ی فیکرەکەی بەرجەستە کردووە، ئەم دیاردەیەش بەڕوونی لەم دەقەیدا بە بڕوایەکی پتەوەوە خۆی دەنوێنێ، هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد زمانی دەقەکە زمانی خوازە «خواستنەوەو دریکە»یە هەر ئەو شێوازە مەجازییەشە وا لە خوێنەر دەکات بە وردی هەنگاوبنێ و بە عەقڵێکی کراوەو تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەئاستی دەقەکەدا بوەستێ و پێ بە پێ مامڵەت و سەودا لەگەڵ هەر هەنگاوێک بکات کە داهێنەری دەقەکە حیسابی تایبەتی بۆ کردووە بەرلەوەی هیچ جۆرە جووڵەیەک بکات. تەوزیفکردنی ئەنثروپۆلۆژیاو میتۆلۆژیاو سۆسیالۆژیا لەتەک مرۆڤەو بەرەو ڕوانگەیەکمان دەبات و پێمان دەڵێ و پێمان دەسەلمێنێ: ئەگەر ڕابردوو بارو ئەرکێکی سەخت و گران بێ، ئێستا بەئێش و ئازارترو دژوارترە، ڕاکردنیش لە مێژوو، لەواقیع و بەرەڵلا کردنی جڵەوی خەونی بێ زەمینەی لەبارو خەیاڵی فەنتازی کارێکی بێ سوودو پووچەڵە، بۆیە شیکردنەوەو تێکشکاندنی واقیع یاخیبوون و گواستنەوەی خود بۆ بابەت، کردنی بیستراو بەبینراو، ڕووداوی نادیار بە دیار، نائاسایی بە ئاسایی، گونجاو بە ناگونجاو سەر دەفتەری بنچینەی فیکری دەقەکەن و پێداویستی فەلسەفەی شاعیرن بەرانبەر مرۆڤ و بوون و گەردوون.

منداڵەکانی ڕۆژهەڵات

چووینە گەشتی نوستن





لەم خەونەدا بە چی دەگەن

(.....

.....)

گەشت جیهانبینییە، جیهانبینیش چاوکردنەوەو خۆ ڕۆشەنبیر کردنە، شیکردنەوەی شتەکانە چوونە ناو ئەزموونە نوێیەکان. کورد وتەنی: کەش و هەواو کەش گۆڕینە و گواستنەوەیە لە حاڵەتێکی مەیین و دوورە پەرێزی، بۆ حاڵەتی بزاڤ و زیندوویی و دینامیکییەتی ژیان. گەشت زۆر شت جێبەجێ دەکات، دژی تاریکی گیانەو زۆر شتی بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆیە دەقەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی گەشتێکە بەناو جیهان کە لە کرۆکدا دەبێتە سروودێک بۆ نگینی شکۆداریی بزاڤ و داستانی وەسفی زەوی و ململانێ و جۆری خەڵک و ڕەوشت و خاسیەت و هەڵسوکەوت و باری سایکۆلۆژییان.

کردنەوەی دووکەوانی بەقەد یەک نیشانەو هێمای دیاربوون و نادیاری خەونەکەیە، ئەو هاوکێشەی شاعیر دروستی کردووە لەنگەری هەردوو خەونەکەی پێ ڕاگرتووە، گومان و دڵنیایی بوون. کردنەوەی کەوانەی یەکەم: دانەخستنی و واڵاکردنی بۆ سەر هی دووەم. داخستنی کەوانەکەی دووەم تێکەڵبوونی هەردوو حاڵەتەکەیە، وەک زیندە خەونێک، بەڵام دانانی پێنج خاڵ بۆ هەردوو حاڵەتەکە بەشداریکردنی هەر پێنج هەستی مرۆڤە لە تەعبیر کردنی خەونەکە بەهەردوو مەودایەکەیەوە *«دیارو نادیار»*.

ئەم کارەش یاریەکی هونەرییەو مەغزاو جەوهەری تایبەتی فیکریی شاعیر بەرجەستە دەکات. دایکە کە هێمای بوون و ژیانە، خەون دەبینێ، خەونیش حاڵەتێکی دەروونییە، هەروەها یەکەم خەون بە «ڕووبار» بەمانای زەمەن دێ کە پەیکەری ئەزەلی هاروهاج دەموچاوی تێدا دەشوشت.

ئەم پەیکەرەش کە خودی مرۆڤە تەمسیلی سەرەتای بوون و گەردوون دەکات، هەر لە سەرەتاوە وێرانکاری لەگەڵ خۆی دێنێ و سروشت دەشێوێنێ و ئازادی تێدا خەفە دەکاو دەکەوێتە گیانی هاوڕەگەزی خۆی کە بۆ ئەو هاتۆتە دنیاوە کە بژی و ئاوەدانی بکاتەوە، نەک بەشی ماڵ وێرانی و دەربەدەری و ئەشکەنجەو کوشتن و بڕین بێ.

داخستنی داستانی بیابانی بێ گۆڕانی– هێمای وێرانی و خەفەکردنی دەنگی ڕاستی و ئازادییە– بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتانە بەگشتی هێماو ئاماژەیە بۆ قورئانی پیرۆز کە بۆچی خوا مرۆڤی خوڵقاندووە؟

خوا فەرموویەتی:

واذ قال ربّك للملائكة إني جاعل في الارض خليفة قالو اتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء ونحن نسبّح بحمدك ونقدّس لك قال إني أعلم مالا تعلمون.

قورئانی پیرۆز: سوورەتی «البقرة» ئایەتی (٣٠)

«واتە کە خوا فەرمووی بە فریشتەکان ئەمەوێ لە عەرزا جێنشینێ دابنێم کە هەموو ئیشێکی چاک و خراپی پێ بکرێ. فریشتەکان عەرزی بارەگای خوایان کرد سیرو کاکڵەی چییە تۆ لە عەرز گەلێ دروست ئەکەی کە چاکەو خراپەیان پێ بکرێ و کە ئیفساد بکا لە عەرزا، کردەوەی ناڕەوا بکاو خوێنی بێ تاوان بڕێژێ؟ ئێمە گەلێکین، بەردەوام ئامادەین بۆ تەسبیحی زاتی تۆ، بەیانی گەورەیی و پاکی تۆ لە عەیب و نەقص لەگەڵ سوپاس و ستایش و هەمیشە نەفسی خۆمان پاک ئەکەینەوە لە تاوان لەبەر خاتری تۆوە لەبەر ڕەزای تۆ، خودا لە وەڵامیانا فەرمووی: من گەلێ ئەسراری وا ئەزانم ئێوە نایزانن»

بڕوانە تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز
عبدالكريم مدرس داینواوە
بەرگی یەکەم. چاپی دووەم.
چاپخانەی ئۆفێستی «حسام» بەغدا ١٩٨٥ ل: ٦١،٦٠ .

بەپێی ئەم ئایەتەو لێکدانەوەی «سروشتی مرۆڤ» لە خۆڕسکەوە هارییە، ئەمە قەدەری مرۆڤەو نموونەی خوڵقاوەکەی ئەزەلیەتی مرۆڤە، کە دەبێ پابەندی نەخشەبێ بۆی کێشراوە و تادەمرێ لێی دەرنەچێ، واتە هەر شتێ کە دەیکات ناچارە «مسیر»ە و بەدەست خۆی «مخیر» نییە. بەڵام مرۆڤ لای «ڕەنجدەر»ی شاعیر منداڵی بێ گەردو هونەرمەندی سروشت و خۆشەویستی ژیان و پاڵەوانی هەڵتەکاندنی واقیعی دەستکردی بەزۆر، بیناکردنەوەو نوێکردنەوەی ئارەزوومەندانەیە کە خۆیان



چارەسەری خۆیان دەستنیشان دەکەن. دوابە دوای دیمەنی خەونەکە، شاعیر خۆی دەبێتە پاڵەوانی دیمەنە دراماتیکییەکان کە بەدوای یەکا دێن، دەچێتە ناوجەرگەی ململانێیەکی توندوتیژ، ململانێی نێوان شەش تەوەرە: «بەرزی و نزمی»، «تاریکی و ڕووناکی»، « نەخۆشی و...» ژووری خودی شاعیر کە بەرجەستەی کردووە، لەڕاستیدا خودی شاعیرە، ئەو بازنەیەی کە بۆی کێشراوەو بەزۆر تێی ئاخێنراوە. پێڵووی پەنجەرەی ژوورەکە کە شاعیر «خودی خۆیەتی». کەوتووە، واتە چاوی لەنێوان نووقاندن و کردنەوەدایە، حاڵەتی بۆرژانە، دەرگای ژوورەکە خەنجەرە، چوونە دەرەوە، بەرەو جیهانی واقیع پڕ مەترسییە، شەوێکی مردووە. جیهانی دەرەوە شەوێکی تاریک و تنۆکەو ئەنگوست چاوە. نیوە چاو نووقاندن– ئاماژەیە بۆ بۆژران و شاعیر دەچێتە حاڵەتی زیندە خەون.

ئێکسسواری ژوورەکە.

چرا: داگیرساندنی بۆ پەردە هەڵماڵینە لەڕووی شتە شاردراوەو نهێنییەکان.

تابلۆ: هێمای پاکی و بێ گەردی و بەدوای ڕاستی گەڕانە.

جغارە: خەم ڕەوێنییە

یەزدانی کپی: خۆ بەستنەوەیە بە شتێکی غەیبی و بێ پەرژین و ئومێد بوونە بە دەربازبوونی خود.

شاعیر بە زمانی دەلالەت دیمەنی ژوورەکەی بۆ کێشاوین. ژوورە تاریکەکە خودی دەروونی شاعیر. جیهانی تاریکییە. داگیرساندنی چراکە لەژێر تابلۆیەکەدا، ڕووناکی خستنە سەر ئەو ڕاستییەیەکە شاعیر بەدوای عەودالە. کە دۆزینەوەی خودی ناوەوەی شاعیر و دەوروبەرە تەنگە بەرەکەی ناو ژوورەکەو دەرەوەی بەرفراوان و والایە. هەروەکو بۆدلێر دەڵێ: «*نییە لە پەنجەرەیەکی ڕۆشنکراوە بە مۆمێک قووڵترو تەماوتر و ئەفراندنتر و گەشتر بێ*»

الحداثة: ج(١)
تحرير مالكم براد بري وجيمس ماكفارلن
ترجمة: مؤيد حسن فوزي
دار الحرية للطباعة – بغداد ١٩٨٧ ل:٤٢

لەو شتانەی کە شاعیر پەنایان دەباتە بەر لەم دیمەنەدا من بە پاڵەوانێکی شکستەو نائومێدم دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕێگەی تەوزیفکردنی چراکەوە مەودای نائومێدی دەبڕێ، بەرەو ئومێدو هیوا بە نەفەسێکی درێژەوە هەنگاو دەنێ، لەم گەشتەی ناو خۆیدا، پێویستی بە خەم و پەژارە ڕەوێنی دەروونی خۆی هەیە. بۆیە جگەرە دەکێشێ، هەروەها یەزدانە کپییەکەش ڕەمزی پشت بەستنەو ئومێد پەیداکردنە وەک حاڵەتێکی دەروونی کە نائومێدی چەکەرەی تێدا کردبێ و دەستێک هەبێ لەپشت واقیعەوە لەو کێشەی تێی کەوتووە دەربازی کات.

تاریکی – هەرەسهێنان– نائومێدی: هەرسێ تەوەرە ڕەمزی بێ دەسەڵاتی مرۆڤن. چرا داگیرساندن– جگەرە کێشان– یەزدانی کپی: سمبۆلی بە ئومێد بوونن. کەواتە ململانێیەکە لەنێوان جەدەلیەتی سێ تەوەرەی بەرانبەر سێ تەوەری ترە. ئەمەیە جەوهەرو دیوی ناوەوەی پاڵەوانەکە، کە (سەباح ڕەنجدەر)ی کەلکێشە.

«کەلکێش» پاڵەوانی ناو ململانێی نێوان خەون و واقیعی دەستکردی بەزۆر سەپێنراوە. تادێ کێشەکەی توندتر دەبێ، هەڵپەی چوونە دەرەوە دەکات. دەیەوێ لەخودی خۆی دەرچێ و بچێتە قاوغێکی ترو خۆی بە گەردوونی دەرەوەدا ببەستێتەوە «بەستنەوەی عەقڵی ئینسانیش بە گەردوونی دەرەوە، وا لە مرۆڤ دەکات کە ڕای خۆی بگۆڕێ لەو شوێنەی هەیەتی لە دونیادا. وێنەی شیعر ئامێز، یان شێوەکاری، بەتایبەتی کە دوو توخمە یەک دەخات، کە عەقڵ بە توخم و ڕەگەزی هێجگار دوور لەیەکتری لەقەڵەمیان دەدا. زۆرجار ئیشراقێکی نهێنی لەبار کە پێداویستە دەرەخسێنێ.

الحداثة: ح (٢)
تحرير مالكم براد بري وجيمس ماكفارلن
ترجمة: مؤيد حسن فوزي
دار الحرية للطباعة – بغداد ١٩٩٠
ل: ٢٩٥–٢٩٦ .

لەدیوی دەرەوەی ژوورەکەی شاعیردا «با» کە توخمێکە لە توخمە سەرەتاییەکانی بوون، بەپێی بۆچوون و بڕوای مرۆڤی سەرەتایی بەهێزترین و تیژڕەوترین و بەدەسەڵاترین توخمە کە دار لەسەر پەردوو ناهێڵێ و نیشانەی وێدانکردنە.



بە ئارەزووی خۆی پەلاماریی بێ دەسەڵاتان دەدا کە «درەخت و شەقام و پەنجەرەو...ن» هەمووشیان بێ پەرژنیین و لەژێر ڕەحمەتی ئەودان. دروشمەکان کە ڕەمزی ڕاپەڕین و شۆڕش و تەقینەوەی خەونی خۆشن، بە زەبری بایەکە هەموویان دەکەون، یان منداڵە هەتیوەکانیش لەدیوار دایدەپچڕێنن و لەبەر پیرۆزی لەخۆیانی دەئاڵێنن. دوای ئەم دیمەنە دراماتیکییە پرسیارێ سەر هەڵدەدا «خەونی ناو ئەم دروشمانە، ئەگەر هەبێ دەبێ چیبێ؟

(.....

.....)

خەون لە دەلالەتی خۆیدا، هۆی دۆزینەوەی نادیارە، زانینی غەیبە، خەونیش ڕوونادات ئەگەر لە حاڵەتی جیابوونەوە نەبێ لە جیهانی هەست پێکراودا. هەر ئەم خەون جیهانێکی نوێ دروست دەکات و جیهانیش بە لەدایکبوون نوێ دەبێتەوە. کەواتە هەر وەکو ئەدۆنیس دەڵێ: «خەون و ڕؤیا بایەخ بە پاکیزەیی جیهان دەدەن.

خەوبینین بایەخ بەوە دەدات کە هەمیشە جیهان بە نوێیی خۆی بمێنێتەوە، وەک بڵێی بەردەوام لە سەرەتادا دروست دەبێ. لێرەدا مرۆڤ پەستە لە جیهانی هەست پێکراو، چونکە جیهانی چڕییە، واتە جیهانی یەک جۆرو ئاساییە. خەریکبوونیش بە جیهانی نادیارو شوێنی نوێکردنەوەی بەردەوامە بەو سیفەتەی کە ئەگەر و ئیحتیمالی هەمیشەییە».

أدونيس – الثابت والمتحول – صدمة الحداثة
الطبعة الاولى– دار العودة ١٩٧٨ ل ١١٦ .

وادیارە تائێستا دروشمێ نەیتوانیوە خەونە گەشەکانی مرۆڤ بێنێتە دی، وێڕای ئەو هەموو قوربانی و ماڵ وێرانی و ئەشکەنجەو دەردەسەرییە. جا دەبێ ئەو خەونە چ بێ و چۆن بێ؟ هێشتان پرسیارەکە بەردەوامەو بێ وەڵامە. ئەو دوو بۆشاییەی ناو کەوانیش بەرجەستەکردن و نا بەرجەستەکردنی خەونەکەیە. واتە دیارەو دیارنییە، تاریکەو ڕووناکیشە، کەواتە تا دێ کێشەکە زیاتر قووڵ دەبێتەوە. دەرگا داخستن و چوونە دەرەوە گواستنەوەیەکی بەبیرو لەشە، گۆڕانێکە لە ژیانی (کەلکێش). هێشتان وڕوکاسەو لەبەردەم سێڕیانێکی هەڵدێرە. لێرەدا شاعیر لەڕێگەی فلاشباکەوە،

دەگەڕێتەوە سەر و کەلکێشی نێوان بەرزی و نزمی و نەخۆشی، کە سێڕییانەکەن. پەردەدادانەوەی خودی پاڵەوانەکەیە کە خودی شاعیرەو ئاشکراکردنی واقیع و ڕووناکی خستنە سەر کەلێن و قوژبنە نهێنییەکانە.

هێنانە دەرەوەی مرۆڤە ئەزەلییەکەی ناو تابلۆیەکەیە، کە بەڕاستی بەرجەستە نەکرابوو.

دەهێنرێنە دەرەوە، لە وەختێکی دەمەو ڕۆژئاوا. بەینی ڕووناکی و تاریکی، بەرەو بینینی دوو واقیعی هاودژو ناکۆک. ئەو ڕامانەی شاعیر کە لەئەنجامی فریو خواردنی بەدەست تابلۆیەوە گیری خواردبوو لەبیر خۆی باتەوە. ڕەمزە ئەبەدییەکە نەخاتە بەردەم ئەم واقیعەی کە هێشتان ڕواڵەت هەموو شتە. شاعیر واقیعەی هەستپێکراوەکە لەشێوەی موعادەلەیەکی جەبری بەرجەستە دەکات:

کۆڵانە ناشیرینەکان ←—— بەرەو ماڵی هەژارەکان.
کۆڵانە جوانەکان ←—— بەرەو ماڵی بۆرژواکان.
سەرسامکردن ←—— هەراسانکردن.
کۆڵانە ←—— ڕێکی ←—— هەژارەکان←—— ناخەون= عەودڵی زانینی ڕاستین.
کۆڵانە ← ناڕێکی ←بۆرژواکان← ناخەون= لەترس و هەڕەشەی هەژارەکان.
کۆڵان ←——جوانەکان ←—— بۆرژواکان= درۆ و شەڕ و دەستەمۆ بوون.
کۆڵان ← ناشیرینەکان← هەژارەکان= منداڵێتی و دەستەمۆ نەبوون و پاکی.

لێرەوە ڕاستییە جەوهەرییەکان دەردەکەون، شتە بە ڕواڵەتەکان پەردەیان لەسەر لادەدرێ و زۆرانبازییەکەیی نێوان:

«واقیعی سەختەکاری و قۆڵبڕی» و «پاکی و بێ گەردی و خۆڕاگری» زیاتر خۆی دەنوێنێ. «کەلکێش» دەستەمۆ و دەستخەڕۆی بیروباوەڕی گەندەڵی بۆرژوا بووەو فریوی خواردووە. جۆگەلەیەک لە ڕووبارەکە بۆ ڕەگەکان ڕادەکێشێ. لێرەدا «ڕووبار» هێمایە بۆ «زەمەن» ڕاکێشانی خەتێک لەو ڕووبارە، بەستنەوەی زەمەنی بۆژروایە، بەزەمەنی هەژارەکان، بەڵام ڕەگەکان کە نیشانەی ڕەسەنین، خۆ لەو زەمەنە دەترازێن. باڵندەکانیش کە ڕەمزی ئازادی و یاخیبوونن دوور دەکەونەوەو نامەیەکی



ڕاستی بۆ شاعیر جێ دەهێڵن و هوشیاری دەکەنەوە کە هی کیژە هەژارەکانە ولە نامەکەدا حەقیقەتی بۆرژوا و پاشاکان ئاشکرا دەکەن کە کوختەکانیان پیس کردوون. شاعیریش ڕەگەکانی خۆی دەگوێزێتەوە ناو ئاو وەک تەقسێکی دینی بۆ ئەوەی جیهانی شتەکان پاک بکاتەوە، کردار و گوتار و مێژوو نووسین بشواتەوە. بەلای «باشلەر»ەوە «سروشتی ئاو سروشتێکی دایکانەیەو سروشتیش هێمایە بۆ دایک و ئافرەتان، پەیوەندی بە دایکەوە هەیە». خۆ ئەگەر واشبێ ئەوا کەلکێش و منداڵەکان لە دەرەوەی دایک و ئافرەتان خۆیان ترازاندووە لە مەودای دایکەکەیان و لەو زەمەنە خۆیان جیاکردۆتەوە کە بەهی خۆیانی نازانن. «مەسیح بەدوای دەربازبوون لە ناو جاویدانی شادیدا گەڕا، کەچی بوودا لە ئەو ترازانە کۆتاییەکەی لەڕێگەی دەرچوون لە بازنەی زەمەن و نەبووندا دێتە دی، گەڕا» کەلکێش و منداڵەکان و ڕەگی درەختەکان و باڵندەکان لەبازنەی زەمەنی پێشووی باو دەرچوون. خۆ پاککردنەوەش بە ئاو ڕەمزی ئەو تەعمیدەیە کە بە دەوری خۆی ڕێگە خۆش دەکات بۆ لەدایکبوونێکی تازە. ئەم تەعمیدەش ئیشارەتە بۆ کتێبی پیرۆز – الكتاب المقدس– کە لەم ڕووەوە «پولس»ی پەیامبەر وتوویەتی:

«أما تعلمون أن الكثير منا بسبب من تعميدهم الى يسوع المسيح إنما تعمدوا الى الموت»

الكتاب المقدس: العهد القديم والعهد الجديد
دار الكتاب المقدس في الشرق الاوسط بيروت – ١٩٨٧

هەڵبەتە تەعمیدیش بەرەو مردن ژیانەوە بەبێ بیروباوەڕی مەسیحیەت، تەعمید بەئاو دژی ئاگرەو ڕەمزی ئەو تەعمیدەیە کە بەدەوری خۆی ڕێگە بەرەو لەدایکبوونێکی نوێ دەخولقێنێ. «دانتی»یش هەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری پاکبوونەوە دەکات و دەڵێ:

« شیاوی ئەوەم بەرەو ئەستێرەکان هەڵکشێم، ئەمەیە گوزەرکردن بۆ مەملەکەتی مردنێکی تر».


ئەڵبەتە مردنێکی تریش زیندوو بوونەوەیەکی نوێیە بە خۆسپاردنی نامەیەکی نوێیە بۆ چاککردنی دنیا. جاویدانی ژیانی مرۆڤیش دوای زیندووبوونەوەیە. وادیارە مانەوەی (کەلکێش) و منالەکان لەناو بەلەمەکەدا، ماوەیەکی زۆری خایاندووە، لەناو

ئاوەکەدا بەلەمەکە وەستاوەو لەگەڵ زەمەنەکەی واقیعدا نەچووە. نەکەوتۆتە بەر ڕەوتی ئەو، هەرچەند کە گیانەکان وەک ئەلیۆت دەڵێ: «موعاناتیان هەیە چونکە حەز بە پاککردنەوە دەکەن، هیواو بەئومێد بوونیان لە موعاناتەکانیان دا هەیە».

ئەگەر وەستان لە دەرەوەی کات بەپێی هەندێ بۆچوون «نەمریی و نەژی» بێ، بەڵام (بەلەم) ڕەمزێکە بۆئارامگرتن و دان بەخۆنان «ضبط النفس» دەرکردنی قەوزەش لە دەوری بەلەمەکە کە نیشانەی زەمەنێکی درێژە: هەروەها وەستان لەناو بەلەمەکەو دوورکەوتنەوە لە ڕۆخی ڕووبارەکە، هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی زەمەنی بۆژرواو گۆڕینی و خواستنی زەحمەتێکی نوێیە.

هێشتان کەلکێش و منداڵەکان لە وەنەوزی چاوەڕوانیدان، بەکامیرای چاویان چەند لەقتەیەکمان لەو دیمەنە پڕ هاودژەمان بۆ دەکێشن و دەمانخەنە بەردەم واقیعی ئاشکراو نهێنی ڕووە والاکان و دەمامککراوەکان. ئەم جۆرە هاوتەرییبییەش دژەکاری پێ دەوترێ.




شاعیر لەو دیمەنەی پێشوو دوو دیومان بۆ یەکلایی دەکاتەوە.

دیوی دەرەوە: دەرخستنی ڕووە دەمامککراوەکانی پاشاکان و بۆرژواکان =خرۆشانی ئەڵقە لە گوێ و چڵکاو خۆران

دیوی ناوەوە: دەرخستنی کرۆکی بورژوا وەک ماری هاج وژەهراوی= ناڕەزایی و تەقینەوە بەرانبەریان.

کۆتایی دیمەنەکە، حاڵەتە درامییەکەی نێوان بۆرژواو نەیارانیان:

تەپڵ لێدەرو زورنا ژەنەکان= نان دەخۆن



نەیارەکان و بێزارەکان= نانیان لێ دەسێنرێ.

شاعیر بەرانبەر ئەوەی بەچاوی خۆبینی لەگەڵ خۆی دەکەوێتە پرسیار، لەنێوان گومان و دڵنیاییدایە. هێشتان بەتەواوەتی کێشەکەی بۆ ساغ نەبۆتەوە. بۆیە عەوداڵەو خەریکی سۆراخکردنە. داکوتانی پێیەکانی لە ڕەگی چ درەختێ؟

مانای خۆ بەستنەوەیە بەزەمینەی واقیع. دوو داڵەو نازانێ چ شوێنێ بکاتە پێگەیێ بتوانێ لێوەی هەنگاوبنێ. سەر لەکوێ؟ سەرکە بەرەو ئاسمانە، باڵگرتنێکی ڕۆمانسیانەیە، تێکەڵکردنی پێ لەگەڵ سەر، ئاوێتەکردنی واقیع و فیکرە، ئەگەر بە ساکاری پێ بنێتە واقع.

بەڵام بە فیکر ئەوەندە ساکارییە. ژیانە کە لای ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پاراستنی گومانەکەیە، واتە هێشتان خۆی ساغ نەکردۆتەوەو گومانەکەی بەردەوامە، بەپێی فەلسەفەی «دیکارت»یش گومان بنچینەی دڵنیاییە.

مرۆڤ مافی خۆیەتی کە گومان لە واقیع وەک زەمینەو ژێرخان بکات، فیکریش وەک سەرخان. ئەگەر ژێرخانەکە ساکار بێ و بەئاسانی بکرێ پێی بخرێتە سەر، سەرخان ئاڵۆزە، بەڵام شاعیر لەناو پرسیار و گوماندایە. دووحاڵەتی بەرانبەر بەیەکمان بۆ دەکێشێ، «پێ» زەمینەکەی ڕەگەکەی واقیعە. «سەر» هەڵکشانە بەفیکر بەرەو بەرزایی، بەستنەوەی پێ بەسەر، واقیع بە فیکر دەگەیەنێ. یان بڵێین تێکەڵاوکردنی فیکرو واقیع نیشانەی هوشیاری و زرنگی شاعیرە. ئەم هەڵوێستەش خۆی لەخۆیدا گواستنەوەو گۆڕانە لە تێڕوانینی شاعیر کە بەرەو هەڵکشانەو لە ژێرەوە دەست پێ دەکات ئەوسا بۆ سەرەوە، لە پێوەوە بۆ سەر، ئەم پەیوەندییەش، پەیوەندیی کرانەوەی دەلالەتی دەقی بێ کۆتاییە، بەم شێوە دەقەکە لە ئاستی ڕواڵەتیدا داخراوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەکانێکە بەرەو ژوور، بەرەو بێ سنوور، ئەمەش یارییەکی تری شاعیرە لەگەڵ دەقەکەیدا.

ژیانیش هەروەکو شاعیر بۆی چووە: هەردوو دیو بەخۆیەوە دەگرێ، هاودژی یەکن: ساکاری و ئاڵۆزی. لەم دیمەنەدا زەمینەی بوون دێتە کایەوە. لەسەر بنچینەی ڕەگوڕیش و سەر، سەرەتاو بنەتا.

لێرەدا جۆرە پرسیارێک سەر هەڵدەدا: ئێمە گیرۆدەی داوی سۆزین. ئەم سیفەتەش

لەگەڵ خوێنی هەموو ڕۆژهەڵاتییەک بەتایبەتی کورد تێکەڵاو بووە. بۆیە بە ئەقڵ بیر ناکەینەوە، کەوتووینەتە نێوان ساویلکەیی و ئاڵۆزی، نێوان سۆزو ئەقڵ. نێوان گومان و دڵنیابوون.

ئێمە گومان دەکەین بەڵام ناتوانین، بە ئاشکرا دەریببڕین. دەبێ وەک نهێنییەک بیپارێزین. بۆیە خۆمان لە ئاستی کێشەیەک بەدی دەکەین، کە کێشەی فەلسەفەی ژیان و بوون و گەردوون و مێژووە. دەبێ سەرەتاکەی چ بێ و بنەتاکەی چۆن بێ؟ چۆن گومانەکە وەک نهێنییەک بپارێزین تا بەتەواوەتی گەشتەکە بە منداڵەکانی ڕۆژهەڵات بسپێرین، کە ئەوان لە دوودڵی و گومان دەربازبن، دەرگای بەرەو جیهانێکی نوێ والاکەن.

«تەرمێک لەسەر شۆستە پاکەت دەفرۆشێ» یەکەمین نێچرو قوربانیدانی دەستی بورژوای دەسەڵاتدار دیمەنی تەرمێکی مردووی زیندووە. لێرەدا (تەرم) هێمایە بۆ ئەو کارەکەنارەی سەرچاوەی ژیانی لێ براوە، ڕژێمی دیکتاتۆری شوورەی مەزنی چینی بۆ بنیاتناوە کە نەتوانێ لێوەی بپەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکە. بۆیە: پەنجەی گەورەی پێ کە زەمینەی کارکردنە، مردووە، هێزو وزەی تێدا نەماوە پەنجەی گەورەی دەست: ژیان «پاکەت فرۆشتنە» وەک سەرچاوەی دەرامەت. لە دیمەنی یەکەم تەرمەکە شەخسێکی نادیارە «غایب»ە، لە دیمەنی دووەمدا ڕاناوی نادیار دەبێتە ڕاناوی قسەکەر، کە دەبێتە واقیعی هەرکەسێ لەو چوارچێوەدا خۆی بەدی دەکات.

پەنابردنە بەربەستنەوەی دوو ڕەگەز بە یەکترەوە تەنیا وێکچوونی مەعنەوییە کە کۆیان دەکاتەوە. بەڵام وێکچوونێکی ماقووڵە. لێرەدا بەم بۆچوونە تەرمەکە درکەیەو ئیدیۆمە بۆ کارکەنار. لە ئەنجامدا پەنجەی گەورەی پێ و دەست لە وەزیفەی بایەلۆژی خۆیان دەردەچن و وەزیفەیەکی تریان پێ دەدرێ. یەکەمیان دەبێتە ڕەمزی مرۆڤی کوژراو، دووەمیان پیاوکوژ.

پەنجەی گەورەی پێ ← هابیل ← کوژراو، مردوو

پەنجەی گەورەی دەست ← قابیل ← پیاوکوژ ← تێکدەر

لێرەدا خاسیەت و شەهوەتی پیاوکوژی و وێرانکردن و سروشت شێواندن لە پشتی ئادەمەوە دەچێتە ڕەگو ڕیشەی نەوەی ئادەم. جێ نشینەکەی کە (قابیل) ە



ئارەزوو و حەزی خۆپەرستی و شەهوەتی نامرۆڤانە لە دەروونیدا چەکەرە دەکەن و ململانێی لەمەڕ هاوسەریەتی هەردوو خوشک «بە بودا و ئەکلیما» یەکێکیان لەویتر جوانترە، زەمینەی گیانی برایانە و هاو خوێن و بە ئاسوودەیی پێکەوە ژیان لەق دەکاو دەستی تاوانبارانەی (قابیل) کارەساتێ دەقەومێنێ کە هەتا دەبێتە ڕێچکەو شوێن بۆ توخمی مرۆڤ، پشتاوپشت لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەبێتە میرات و جێگر و بەهەشتەکەی ئادەم و حەوا دەبێتە دۆزەخ و وێرانە خاک.

لێرەدا دەمەوێ ویستەیەک بکەم کە لە دیمەنی یەکەمدا پەنجەی گەورەی پێی تەرمەکە مردووەو لەکار کەوتووە، کە خۆی نیوە مرۆڤە، بەڵام هیچ مەترسییەکی بەدواوە نییە. پەنجەی گەورەی دەستیش مایەی ژیان و بەگژدا هاتنی ئەو واقیعەیە کە بارێکی تایبەتی سەپاندوویەتی و ڕەمزێکە بۆ گوزەرانکردنی شەرەفمەندانەی بە کۆڵەمەرگی وەل کەچ نەکردن. بەڵام لەو دیمەنەی بەدواوەی دێ وەزیفەکە هەر بەتەواوەتی دەگۆڕێ و مەودایەکی تری پێ دەدرێ. کە مۆرکی وێرانکردن و کوشتن و تاوان بەخۆوە دەگرێ.

«قابیل» کۆمەڵێک سەدەی لەناو لوولاقی هابیل «خستووە» ئەم ڕستەیە درکەیە بۆ وێرانکردنێکی هێجگار درێژخایەن، بۆ شەهوەت و ئارەزووی کاربەدەستی دەسەڵاتداری بێ ویژدان بۆ تێکدانی وڵات و وێرانکردنی و قڕکردنی مرۆڤ.

هابیل ← کێڵگەی ئەزموونگەری پرۆسەی کوشتن و وێرانکردن و تاقیگەی جینۆسایدە.

قابیل ← پڕۆژەی بەردەوامبوونی ژیان بۆ تاوانی مرۆڤکوژی و وێرانکارییە.

بەم پێیە قابیل ڕەمزی هەرچی دیکتاتۆرو خوێنڕێژ هەیە لە جیهاندا. هەر لەم ساتەوە کە (هابیل)ی برای خۆی دەکوژێ، مەرگەساتی مرۆڤایەتی دەست پێ دەکات.

دوای خۆ پاککردنەوە بە (باران) کە ڕەمزی بەپیتی و نەش و نوما کردنەو تێڕوانینێکی سەرکەوتنە نەک ژێرکەوتن. پەلکە زێڕینە کە ڕەمزی فاکوفیک و کەشوفسی بۆرژوایە منداڵێکی بلوێرفرۆش کە هێمایە بۆ هونەرمەند، دەفڕێنی، ئەم بلوێرژەنە ئاماژەیە بۆ حەزرەتی(داود) بە بلوێرەکەیەوە ڕاستییەکانی بەخەڵک ڕادەگەیاند. لێرەدا بلوێرفرۆش نیشانەو هێمای بانگەشەی ئازادی و سەرفرازییە.

شاعیر بەرستەیەکی هێجگار خەست و خۆڵ کوشتنەکەی بەدەستی بۆرژواوە بەرجەستە دەکات.

پێڵاوەکانی بۆنی باڵندەی مرداریان دەدا

خاسیەتەکانی خوازە ئامێزو کۆبوونەوەی دوو شتی ناکۆک، سیستەمی پەیوەندی سەربەخۆ دەرەخسێنێ، لێرەدا بۆشاییەکی شیعری هاو وێنە بۆ پانتایی وێنەکێشان هەیە کە وشەکە چەند مەودایەک بەخۆوە دەگرێ.

دەستی چاو: خواستنەوەیە بۆرژوا باڵندەکە دەکوژێ کە هێمای ئازادی و ڕاستییە. چاویش لە وەزیفەی بینینی و ڕووناکی گواستنەوە دەردەچێ و مەودایەکی تری پێ دەدرێ.

لە گەرداوەکە مەلەوانەکە کە خاوەن ئەزموونە دەپەڕێتەوە. سەرفراز دەبێ. مانگی پەنجە تەزیو، درکەیە بۆ کزی و بێ تریفەیە لە تووکی شەمشەمە کوێرە گەرم نابێتەوە. تووکی شەمشەمە کوێرە خواستنەوەیە. تریفەی مانگ نامێنێ پەنابردنی مانگ کە ڕووناکی و شتە شاردراوەکان دەردەخات، لە ترسی خوای شەڕ لەرزی لێ هاتووە، دەچێتە ژێر باڵی شەمشەمە کوێرە بەپێی نەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا لە تاریکە شەودا دەردەچێ، ئەویش دەچێتە پاڵ ئامرازەکانی تری بۆرژوا، لە تاریکی شەودا دەردەکەوێ و نەخشەکانی جێبەجێ دەکات.

شەوەکە زیاتر تاریک دەبێ ململانێی نێوان خوای چاکە «ئەهریمەزدا» خوای شەڕ «ئەهریمەن» دەست پێ دەکات. شەڕکەرەکە کە ئەهریمەنەو خووڕەوشتی شەڕکردنە بە ئاوی دۆزەخ پەنجەی کرایەوە. زیندوو کردنەوەی مرۆڤ لای شاعیر بە تەلەسمی (مەسیح) لە قەڵەم دەدا، تەنانەت بنمیچی ژێر زەمین کە درکەیە بۆ (سەری گۆڕ) هەڵدەداتەوە. بەڵام خوادوەندی پیرۆز «رب المقدس» کە شاعیر بە زمانی دەلالەت بە پیاوی مریەم ناوی دەبات، چۆن پەیفی خۆی مەسیحی هێنا دنیاوە، ئاواش منداڵە هونەرمەندەکەی زیندوو کردەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەک ئەدەبێکی بەراوردکاری لەئاستی زیندەوکردنەوەی «لعازەر» بەپێی بۆچوونی شاعیری گەورەی عەرەب- خەلیل حاوی- و زیندوو بوونەوەی ئەم بلوێرفرۆشە هونەرمەندەی دەقەکەی (سەباح ڕەنجدەر) ویستە پێ بکەم و هەڵوێستی هەردوولا بەرانبەر واقیعی ژیان



ڕوون بکەمەوە. (لعازەر) هەر وەکو کتێبی پیرۆز - الکتاب المقدس- بۆمان دەگێڕێتەوە مردووەو (مەسیح) دوای سێ ڕۆژ زیندووی دەکاتەوە. بەڵام لە دەقەکەی (خەلیل حاوی)دا «لعازەر لە ڕەوتی گشتی دەقەکەدا- ژیانێکی نوێ نییە، بەڵکو لەدایکبوونە بۆ مردن و هێزێکە بۆ ئەو نەش و نوماکردنە. هەرەشەو لێشاوی (ترس و تۆقین)ە و بەم شێوە هەموو نەش و نومایەکی نوێ لە «لعازەر» دا دەبێتە توندو تیژییەکی قووڵترو، ڕەشە کوژیەکی دڵڕەقانەی ژیان. هەموو دەرکەوتنێکی نوێ، هەموو زیادبوونێک لە لەشی مردووی ژیان تێ گەڕاوە دەبێتە کاری شەڕ خوازی و بەرجەستەکردنێکی نوێی ترسناکی داهاتوو:

مرۆڤێکە بەمانای دینامیکییەوە، بە مردوویی لەناوەڕۆکدا دەگەڕێتەوە، مەسیح نەیتوانی زیندووی کاتەوە. لە ڕواڵەتدا زیندووبووە، لە کرۆک و گەوهەردا مردوو. چونکە حەزکردن بە مردن لە دەروونیدا بەسەر ئارەزووکردنی ژیاندا زاڵ بوو».

خليل حاوي – الرؤياالانبعاثية والتجربة الفلسفية.

بقلم: ماجد السامرائي

مجلة الاقلام، العددان ١١-١٢ ت ك ١٩٨٩

خەلیل حاوی بە چاوێکی ڕەشبینانە دەڕوانێتە ژیان، بۆیە «لعازەر»ی شێواندووە و- مسخ- کردووە. کە لەژیان بێزارەو نایەوێ جارێکی تر زیندوو بێتەوە. بەڵام (سەباح ڕەنجدەر) بەپێچەوانەی ئەو بەچاوێکی گەشبینانە سەیری ژیان و دواڕۆژ دەکات، لەم ڕووەوە لە چەند خاڵێکدا لەخەلیل حاوی جیادەبێتەوەو جیهانی خۆی دەسەلمێنێ:

١- پایەو پلەی زیندووکەرەوەی منداڵە هونەرمەندەکە خوای پیرۆزەو کردگاری مەسیحە کە فوو لە کەرەنای سوور دەکات و دنیا تەخت دەکات، هی زیندوو کردنەوەی لعازەر مەسیحە.

٢- منداڵەکە ماوەیەکی درێژی بەسەر مردنەکەی، یان کوشتنەکەی ڕابورد، کەچی لعازەر سێ ڕۆژ بوو.

٣- زیندوو بوونەوەی بلوێر فرۆشەکە وەک خۆی نییە، بەڵکو نەش و نومای کردووە «پێڵاوەکەی بەپێی بچووک ببۆوە». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم بۆ چوونە ئومێد بوونە بە ژیانی نوێ و شارستانیەتی نوێ، واتە زیندوو بوونەوەیەکی غەیبی نییە.

بەقەد ئەوەی زیندوو کردنەوەی ڕاستییە، ئازادییە. کە بۆرژوا مراندوویەتی. ئەم زیندووکردنەوەش هەرچەند مۆرکی ئایینی و کەلەپووری خودی مرۆڤایەتی بەخۆوە دەگرێ، بەڵام چەمکی لاهووتی پێوە دیارنییە.

٤- منداڵەکە هێز و پێزی زیاتر بووە، بۆ ئەوەی بتوانێ چاکتر ڕووبەڕووی فرتوفێڵ و توند و تیژی بۆرژوا ببێتەوە. ئا ئەمەیە مەودا بڕین لە ئەدەبدا، کە لە شاعیرێکی عەرەبی ناودار تێپەڕکات و لە ڕوانگەیەکی نوێخوازانە بڕوانێتە جیهانی ئەمڕۆ و دواڕۆژ.

لەڕووی دەلالەتی و شەوە:

هەتاو: ڕاستییە، ژیانە لەم ڕووەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر تاوە
ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

واتە ژیان هەتاوە، مردن سێبەرە، خەوتنێکی جاویدانییە. دەست ڕاوەشاندن زمانی خوازەیە. خەوبەریدا: واتە زیندوو بۆوە. زەنگی لاوانەوە: هاتنەوەیە بۆژیان. نیشانەی ڕۆژی زیندووبوونەوەیە بەپێی چەمکی مەسیحیەت، لای موسوڵمانەکان نەفخی سوور لێ دەدرێ. دەتوانم بڵێم تاکە دەرباز بوون و سەرفرازی لای شاعیر لەناو مردندایە. چونکە هەر لە مردنەوە ڕەنگە لەدایکبوونێکی دووەم بێتە کایەوە. مردن و لەدایکبوونی دووەم دەوری گەڕانەوەی نەمری و جاویدانی دەڕەخسێنێ، کە نیشاندانی بەردەوامبوونی زەمەنی بێ سنوورە. کە مرۆڤیش بێتەوە. تاسەی هەر پێنج هەست دەکات.

*«بینین. بیستن، چێژتن. بۆنکردن. دەست لێدان»*

– هەتاو گەرم داهات– نیشانەی دەرکەوتن و بەتاو بوونی خۆرە، بۆیە شاعیر دەیەوێ زووتر دنیایەکە بگۆڕێ و زوو تەخت بێ . بۆیە بۆ ڕۆژی هەڵسانەوەو ژیانەوە. پەلە دەکات:

«هەنگاوی درێژی بەرزەخ دەتەقێنمەوە»

لەنێوان نەفخی سووری دنیا وێرانکردن و نەفخی زیندوو بوونەوەو هەستانەوە چل



ساڵە، ئەو چل ساڵە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا پێی دەڵێن بەرزەخ – بەرزەخ– لەم چل ساڵەدا گەشە دەوەستێ کەچی منداڵە هونەرمەندەکە لەماوەی چل ساڵەکەدا گەشە دەکات و ڕاست دەبێتەوە.

*«پفی پیاوی مریەم، قۆرتەکەی پڕکردەوە»*

واتە خوا بەیەکەم نەفخی سوور دنیای سەرەو ژێر کردو تەخت کرد. منداڵەکە هەتاو دەستی بۆ ڕاوەشاند خەو بەری دا: واتە زیندوو بۆوەو هەستایەوە.

زیندوو بوونەوەی منداڵە بلوێر فرۆشەکە وەک شاعیر گەرەکیەتی زوو ڕۆژی هەڵسانەوەی دابێ، بەدەستی خۆی ئەو ژیانە بڕەخسێنێ. دەیەوێ، هەنگاوی درێژی بەرزەخ کە چل ساڵە کورت کاتەوە بەرزەخیش مەودای نێوان دنیاو زیندووبونەوەیە. لەکاتی مردنەوەیە بۆ زیندووبوونەوە، هەروەها بڕوایە لە نێوان سەرەتارو دوایی، یان گومان و دڵنیایی.

تائێرە قۆناغی یەکەمی گەشتەکە دوایی دێ، کە دەتوانین بە مێژووی ڕابردوو لە قەڵەمی بدەین.

کە باڵندە مرداربووەکە زیندوو دەبێتەوە. ئەو باڵندەی ڕەمزی ڕاستی و ئازادی و سەرفرازییە. جارێکی تر ڕوودەکاتەوە گەردوونی باڵقبوو، دنیایەکی تر. بەڵام چ دونیایێ؟ ئەو دونیایەی کە سەدەی بیستەمەو هیچ جیاوازی لەگەڵ زەمەنی پێشوو نییە. ئامادەبێ، ئێمەش لەگەڵ شاعیری گەورەی تورک «نازم حیکمەت» بڵێین:

خۆشەویستەکەم
ئێستا ناخەوین
تا پاش سەد ساڵ لەخەو هەستین
– نەخێر
سەردەمەکەم نامترسێنێ، ڕاشناکەم
من ڕۆژێ لەڕۆژان پەشیمان نیم کە زوو هاتوومەتە ئەم جیهانە
من شانازی بەوەوە دەکەم
ئەوەندەم بەسە
کە من لەسەدەی بیستەم بم و

لەگەڵ ئەو پیاوانەم من لەگەڵیانم و
من لەپێناوی جیهانێکی نوێدا دەجەنگم
کۆمەڵە هۆنراوەی «الناظرون الی النجوم»

ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تر دێتە کایەوە، خاچی چەماوە، پێشێل کردنی بنەماو سەرەتاکانی مەسیحە، مانگی هەلاتووش دەرگەوانی بۆشاییە کە جیهانی تێدا بێ تریفەو ڕووناکییە. ئەمجارەیان لەدایکبوونەکە بە پێچەوانەوە مردووە، جیهانی بە مردوویی لەدایک دەبێ– مردوو مانگی ئێستای بێ ڕووناکییە، بەلام لەنێوان ڕابردوو و ئاینده، کە نێوان کە ئێستایە، عەودالی نهێنییەکانە، دەیەوێ بگاتە ئەنجام، بۆیە شاعیر لە شێوەی فلاشباک دەمانگەڕێنێتەوە دواوە، بەرەو سەرەتای گەردوون وەک بلێی دوای زیندووبوونەوەکەی تەقاندنەوەی «بەرزەخ» هەمان گەردوونی پێشوو جارێکی تر سەر هەڵدەداتەوە، لە چەمکی تێکدان و وێرانکاری و قڕانی مرۆڤ خۆی دەنوێنێ:

ڕووبار دەمی داپچڕاوی ئادەم
بەردەکانی ڕۆخی
ددانی کەوتوو
کەلاوەکان مەمکی حەوا
منداڵی لاسار لەناوی ئاوێنە لە ڕۆژ دەگرێ

ڕووبارەکە ڕەمزی–زەمەن– ە. زەمەنێکی مردوو، کەوتنی ددان بەپێی لێکدانەوەی خەون مردنە وەکو فرۆید دەڵێ: «زۆر شیکردنەوەو لێکدانەوەی میللیی بۆ خەون ڕاست بوون»

*«بەردەکانی ڕۆخی ددانی کەوتوو»*

سمبۆلی مردن و وێرانە خاک و دابڕانی تەواو زەمەن و نازەمەنە حەوا کە ڕەمزی ژیان و نوێبوونەوەیە، ئەویش کە مەمکی سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە، داچۆڕاوە ژیان و نوێبوونەوەیە، ئەویش کە مەمکی سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە، داچۆڕاوەو پووک بۆتەوە. ئەمەش نیشانەی نەزۆکی ویشک و برینگییە، گیانێکی گرفتار و نەزۆکە، پێویستی بە دەربازبوونە، مرۆڤی بۆشیش کەلاکێکە ئەگەر بەمانای خوازە بێ، یان لە سەرئاستی



گیانی وشەبێ، کە دنیاکە دینایيەکی وێرانە مرۆڤەکەشی هەر دەبێ، مرۆڤێکی بۆش بێ، بەلام دەبێ بۆشایی مەمکەکە پڕ بکرێتەوە. کە پڕی دەکاتەوە؟ مەگەر کچە هونەرمەندەکە نەبێ کە لە ڕەگەزی داک حەوایە، کچیش هێمای ژیان و بەردەوامبوونەوو نوێکردنەوەو ئەفراندنە بەتایبەتی کە هونەرمەندبێ و بۆ هونەر خوڵقابێ. منداڵە لاسارەکەش کە لەڕێگەی ڕاست لایداوە، فریوی خواردووە، باڵندە پیرۆزەکە دەستگیر دەکات بە فرتوفێڵی تیشکی ئاوێنەکە کە لەچاوی دەدا، ئەمەش یارییەکە جۆرە فێڵێکە منداڵی لاسار پەنای دەبەنە بەر بۆ ڕاوکردنی باڵندە، کوێرکردنەوەی کانی بە تەرم نیشانەی قوربانیدانە لەپێناوی لەدایکبوونی زەمەنێکی نوێ، هەروەها خۆ پاککردنەوەیە بە بارانی هەوری تەنک «نمە باران» و هەوری ئەستوور «ڕێژنە» خۆ ترازانە لە زەمەن، بۆیە بارانەکە بە تەواوی دەیشوونەوەو پاکی دەکەنەوە.

هەردوو (شاتان) هی ئەم بەرو ئەوبەر، سمبۆلی شارستانیەتی و ژیاری ڕۆژ هەلات و ڕۆژئاوان، وادیارە شارستانیەتی هەردوو لا گەیشتوونەتە لووتکە، چونکە درەختی شاتان بالاترین درەختە. بەلام ئەم شارستانیەتی و ژیارە، جگە لەوێرانکردن و مرۆڤ کوشتن چی لەگەڵ خۆی هێناوە... داری شاتان لەجیاتی ئەوەی بەرێکی سوودبەخش بگرێ، نارنجۆکی گرتووە، نارنجۆکیش نیشانەی شارستانیەتی مرۆڤ نییە، هەوڵ و تەقەلای نییە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بەختەوەری. ئەم واقیعە بۆرژوا خوڵقاندوویەتی و شانازیی پێوە دەکات، واقیعێکە بەڕواڵەت جوان، بە جەوهەریش ڕەفزی تێکدان و کوشتن و وێرانکردنە.

وادیارە دیمەنی گۆپکەی نارنجۆکە کە سەرنجی کیژە هونەرمەندەکە ڕادەکێشێ، لێی دەکاتەوە کە وەک تابلۆیەکی نایاب لەو پێشانگایە هەڵیواسێ، لە بۆشاییەکەی مەمکی حەوادا کردۆیەتییەوە، بەلام نارنجۆکەکە وەک مەقەس پەنجەکانی دەقرتێنێ. جارێکی تر پاکبوونەوەو زیندووبوونەوەو گۆڕان خۆ دەنوێنن. ڕەنگ و ڕوخساری دەمامککراو خۆ دەردەخات، بەلام لەسەر چ بنکەیەک؟ ئەڵبەتە لەسەر فرت و فێڵ و قۆڵبڕی و چەواشەکردن ژیاری نوێ دادەمەزرێ. بەهۆی ئەم ژیارو شارستانییەتییە دوو ڕووە، ژیان ئابڕووی دەتکێ و تامی نامێنێ. بۆیە ئادەمیزادەکانی ناو تابلۆیەکە

که ڕەمزی ڕەسەنایەتییە خۆ پاک دەکەنەوە، دەستنوێژ دەگرن، کفن هەڵدەوەشێننەوە کیژە هونەرمەندەکە ئەڵقەی دەزگیرانیەتی لەناو هەڵدێنێ خۆی پاک دەکاتەوە، هەر پێنج پەنجە قرتاوەکەی وەکو پێشوویان لێ دێتەوەو دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، کیژەکە بە دەزگیرانەکەی خۆی شاد دەبێتەوەو ئەڵقەی نارنجۆکیش بەددانە کەوتووەکانی ئادەم دەتوێنێتەوە. دەکرێن بە پارچە ئاسن و سەری زێرابەکانی پێ دەگرن، منداڵەکان لەژیان بێزارن و خۆیان بە نامۆ لە قەڵەم دەدەن.

هاوتەریبی ناکۆکی نێوان وشەکان.

هەور ← تەنک

هەور ← ئەستوور

کۆڵانە ← نووستوو

کۆڵانە ← بەخەبەر

شاتانەکان ← ئەمبەر ← نارنجۆک

شاتانەکان ← ئەوبەر ← نارنجۆک

چاوی باڵندە لە ئاوێنە دیل

دیلی هاوارکەوت

ئەم حاڵەتە فلاشباکە بۆ گرتنی باڵندەکە، کە منداڵەکە بەزەبری تیشکی ئاوێنە کە دیلی کردەوە، هەر چەندە دەجریوێنێ، بێ سوودە هاواری کەوت، واتە دەنگی شل بوو. بێ سوو بوو

دەستی خواوەند

لە مانگ نزیک بۆوە

شەو دانیشت ← واتە تاریک بوو

گای فێ لێهاتوو کە نیشانەی هاری و زەنگی دەسەلاتی زۆردارە، داوای لێ دەکرێ مانگەکە لە خشتە بەرێ و هەڵیفڕێنی، بەزمانی لووس و دەنگێکی ئاشنا وای لێ بکات خۆی حەشاردا. هەڵفڕاندن: خواستنەوەیە، بۆ باڵندە بەکاردێ نەک بۆ مانگ. بۆ گا هاروهاجەکە مانگەکە هەڵفڕێنی؟ بۆ ئەوەی شەوەکە زیاتر تاریک بێ و شتەکان



بشاردرێنەوە. کەوەکە مۆمیاکراوە، ڕەمزە بۆ بۆرژوای بۆش و بێ گیان و بێ هەست. بەلێوی پەنجەرە چرنۆکی داداوە. واتە هەڵنیشتووە چاوی مۆروو واتە (چاوی دەستکرد)، بەڵام هەرسێ حاڵەت لە پاڵەوانی ڕووداوەکان (شاعیر) بەوی دەکات.

شاعیر ← بە ئاگایی

شاعیر ← بیرەخەو ← نێوان بە ئاگایی و بێ ئاگاییە.

شاعیر ← نووستن


گەمەی ئێوارە ← تاریک و ڕوون= ئاسوودە بێت ← هاودژ

تارمایی ← تاریک= سڕ ← هاودژ

درەختی خەندە مردووی داتاشراو، زەردەخەنەی سەختەی بۆرژوایە، دەمامککردنە.

سەری ساڵ جەژنی لەدایکبوونی مەسیح، شەوی یەڵدا. جەژنی نەورۆز، ژیان تێ گەڕانەوە. لێرەدا شاعیر ئەوە دەردەخات، سەری ساڵ وەرزی گەڵا پتێنە، بەڵام بۆرژوا نایەوێ پەیامە پیرۆزەکە بەپاکی ئەنجام بدرێ بۆیە پەردەی یادەکانی تاسە خاو دەکاتەوە و لاشی دەبات، چراپێ دەکات، دەشی کوژێنێتەوە. قەیتانیی پێڵاوی میوان بەتایبەتی میوانی منداڵان «بابا نۆئیل» کە سەری ساڵ سەردانی منداڵان دەکات و دیارییان پێشکێش دەکات، شل و توند دەکاتەوە. هێشتان دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و شپرزەیی کاری خۆیان دەکەن، کەو کە سمبۆلە بۆ بۆرژوا دوو ڕووە، هەردوو ڕووەکەش دەتوانین لەم خشتەیەدا دەربخەین.

کەو (بۆرژوا)



شاعیر لەم کۆپلەیەدا زمانەکەی خەست کردۆتەوە و زمانی نوێی بەکارهێناوە.
لەباتی بڵێ: پەردەش لادەدا دەڵێ لاشدەدا

گڵۆپ: دەکاتەوە. واتە (پێ دەکا)

دەمرێنێتەوە. واتە (دەکوژێنێتەوە)

لە باتی بڵێ توندیشی دەکات. دەڵێ توندیش

قەفەسی کۆڵانەکانیی ڕۆژهەڵات

لکی پەنجەی منداڵ ← واتە نەرم و شل (هێمنی و ئاسوودەیی قەفەسی کۆڵانەکانی ڕۆژئاوا)

لکی ئاسن ← واتە ڕەق (سەختیی و توندوتیژی)

لێرەدا هاوتەریبی هاودژ دێتە کایەوە

ڕۆژهەڵات ← پەنحەی منداڵ

ڕۆژئاوا ← ئاسن

بۆرژوای چاو دەستکرد، چاو دەبڕێتە زەوی، جەمسەری باکور و باشوور پێکەوە گرێ دەدا، خۆی لەناو تەپلەکە بچووکەدا دێتە بەر چاو، واتە هەموو دنیا لەو تەپلە بازنەییە تەنگەبەرەدا بەدی دەکات. ئەمەش نیشانەی تەسکبینی و چڵێسی و خۆپەرستیی بۆرژوایە، کە بەرژەوەندی هەموو دنیا لە ناو خودی خۆیدا دەبینێ. کە دەفرێ مۆرووەکانی چاوی دەکەوێتە دەست منداڵێکی دۆڕاو، منداڵێکی ڕەسەن و بێ گەرد هەڵدەخەڵەتێ و دەدڕێ. بە داوەشاندنی ئاگری جگەرەکە، بازنەیی زەوی دووریان (ئەم سەرو سەری دنیا) پێکەوە گرێ دەدا.

لێکبوونەوەی جەمسەری باکورو باشوور و پێکەوە گرێدانیان ناکۆکییەکانی ناوخۆی بۆرژوایە. بە ئاگری جگەرەکە دووریانەکە کون دەکات.

خۆڵەمێش: نیشانەی مردنە. لێرەدا بۆرژوا مردن بەدوای خۆی جێ دێڵێ. بەرانمبەر ئەو ناوانە، باران دەبارێ بۆ گوناهە شووشتنەوە، کەچی برووسکە شەهید دەبێ، چەخماخەی نامێنێ، بۆرژوا دەیەوێ لەم حاڵەتەدا خۆی دەربازکات، هەردوو چاوی دەکەونە دەست منداڵێکی فریو خواردووی دۆڕاو.



هاودژەکان

جوانی ← ئاڵۆزی

گرێدا ← لێکبوونەوە

سەروو ← خواروو

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵوێستەی بۆرژوا، شاعیر دەخاتە بەردەم گەڕان بەدوای ڕاستی، بەڵام سەرسامەو دوودڵە لەنێوان گومان و دڵنیایی، ژیان و مردندایە- گۆڕانییەکە ونە «کفی، یان کەژاوە» ڕەفزە بۆخەونەکە بەرەو مەرگ، یان کەژاوەی سەرکەوتن.

ژوورم لە
ئاگر
خۆڵ
ئاو
با

ژوورەکەی لەم چوار توخمە پێکدێ، هەر چوار توخمیش بەو شێوە دایڕشتوون بۆ ناخەوە دەچن، ئەم لاربوونەوەیە بۆ ناوەوە نەک دەرەوە. توخمەکانیش لە شێوەی هونەرێکی ڕەوانبێژی کە پێی دەڵێن (پێچان و بڵاوکردنەوە) خۆ دەنوێنن. لەجیاتی ئەوەی بەرانبەر یەک بن تێکەڵێیەکی کردوون، بۆیە من بۆ بەرانبەر یەکتری دەیانگوێزمەوە:

← ئاگر

ژوورەکە ← خۆڵ

هاودژ

← ئاو

← با

ئەم چوار توخمەش گەردوون پێکدێنن، شاعیر ئەوەندەی بچووک کردۆتەوە، لە بازنەی ژوورێکدا خۆیان دەنوێنن.

کەپکە مار ژوورەکەی لێ داگیرکردووە. ماریش نیشانەی خراپەو بەدکارییە. ناچاریشە خۆی پێ هەڵواسێ. ئەستێرەکە ڕەمزی ئاشتی و ڕووناکییە، ژوورەکە هیلکەگبەندە نایەڵێ ڕووناکی ئەستێرەکە بگاتە لای شاعیر، چاوی ئەستێرە دیلەو فرمێسک بۆ حاڵی شاعیر دەڕێژێ. بورژوا جارێکی تر کانییەکەی بەبەرد کوێرکراوەی کردەوە، زەمەنی هاتەوە. لەناو زەمەنەکەدا منداڵەکان پاک بوونەوە. هەڵقوڵانی ئاوی کانییەکە ڕۆخی بازنەیی دروست دەکرد مانگەکە پەنجەی ڕدێنی گیر بوو لەناو ئاوەکە، کانییەکە بێ تریفەی مانگ وێرانە. تریفە کوێستانی بێ گیایە. پێداچوونەوەیەکی ڕەوانبێژی:

دیل ← مەڵاشوو هەڵدانەوە ← کردنەوەی مەڵاشوو چاو

فرمێسک ← بەرەڵڵا گیا نوستوو: نەڕواوە. درکەیە.

لەو زەمەنە نوێیەدا کە منداڵ تێیدا پاک بۆتەوەو ئازادە– منداڵیش نیشانەی تێڕوانینی گەشبینی دوارۆژە– زەمەنەکە بەرە بەرە دەبێتە بازنەیێ مەودایەکەی فراوان دەبێ و هەموو دنیا دەگرێتەوە. شاعیر جارێکی تر خۆی لەنێوان هەردوو بەرداشی بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، ئۆردوگای بەناو سۆشیالیزم و ئۆردوگای سەرمایەداری، نێوان پێشکەوتن خوازو کۆنەپەرست بەدی دەکات، بەڵام ئاخۆ لە گەشتەکەیدا پشت بە کامیان بەستێ؟ شاعیر دوودڵە. ئەستێرە کە ڕابەری کاروانە لە گەشتەکەدا، ئەستێرەی هەردوولایە. شاعیر دەیەوێ هەردوولایان ببنە ئەستێرەکەو ڕابەرو ڕێنمایی بکەن بۆیە ئەستێرەکە: بە دەستی ڕاست بگەشێتەوە، واتە پشت بەستن بە بلۆکی ڕۆژئاوا. بە دەستی چەپ مۆن نەکەوێ. واتە پشت بەستن بە بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئۆردوگای بەناو سۆشیالیزم. لە گەشتەکەیدا لەنێوان (ئا) و (نا) دایە.

ئەستێرە ← دەستی ڕاست ← بگەشێنەوە ← ئا

ئەستێرە ← دەستی چەپ ← مۆن بکەوێ ← نا

گەشت ← ئا

گەشت ← نا



دووپاتبوونەوەی ئا، نا. چەند جارێک جوانی و خێرایی و کتوپڕی دەردەخەن. مرۆڤیش بوونەوەری نارەزاییە هەر وەکو ماکس شیلەر دەڵێ «مرۆڤ جیا لە هەموو بوونەوەران دەتوانێ بڵێ نا، بەرانبەر واقیع» شاعیر نارەزایی خۆی دەدەبڕێ و لەم سنوورەش هەر دەردەچێ و نارەزاییەکەی دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕانە و تێڕوانینێکی هەڵگێڕانەوەو هەڵوەشاندنەوەو بیناکردنەوە. شاعیر خۆی دەخاتە بەر شەپۆلی هەردوو ڕێچکەکە:

ئەستێرەی گەش ← واتە: چەپ ← چاوێکی ← زیاتر ئومێد پێ بوون.

ئەستێرەی مۆن ← واتە: ڕاست ← چاوێکی ← ئومێد پێ بوون.

کە چاوی گەش دەبێتە کەلای ناو پەرداخ و بەخشندە بیخواتەوە لە کەلێنی پەنجەی منداڵ غلۆردەبێتەوە. سێبەری نەمری دۆزەخ دوور دەکەوێتەوە. واتە حەقیقەتی سەرمایەداری گوایە شتێکی ئەزەلی و جاویدانی و نەمرییە دوور دەکەوێتەوە. تراویلکەی چاوی وشک، کە هێشتان نەبۆتە ڕاستی بەسەرێکی لار لەڕۆژ واتە ڕاستی ڕادەمێنێ. دەیەوێت بگاتە ڕاستی. لە ڕۆژ ڕامان «واتە: حەقیقەت» ڕەنگدانەوەی حەقیقەتەکەش سێبەرەکەیەتی، بەڵام لای شاعیر شێواوە. یان بڵێین ئەم سێبەرە بە سێبەرێکی ڕاستەقینە لەقەڵەم نادا وەک خۆی مەبەستیەتی، پێی وایە لەڕووی فیزیاوییە واتە لەسەر زەوی بەهەڵە لەدایک بووە. بۆیە دابەشکردنی سێبەری ڕۆژەکە بەم شێوە دەکێشێ بە دووریشی نازانم لێی تێکچووبێ و پەی پێ نەبردووبێ، یان بۆ مەبەستی تایبەتی نەخشەکەی کێشابێ بەم شێوەی خوارەوە:

سێبەری ڕۆژ (خۆر) لاری– کورت – تەنک– ستوونی– درێژ– ئەستوور

لەسەر زەوی باری فیزیاوی جیایەو بەپێچەوانەوەیە:

سێبەر– لاری – درێژ– ئەستوور– ستوونی– کورت– تەنک


کە هاوکێشەکە لای "سەباح ڕەنجدەر"ی شاعیر پێچەوانە دەبێتەوە مێژوو هەڵدەواسرێ، شتەکان دەشێوێنرین و هێشتاش چینی دەسەڵاتدار بەردەوامە لە چەوساندنەوەی مرۆڤ. نائومێدی لای شاعیر دەگاتە ڕادەیێ تەنانەت ڕۆژە (خۆر)یش ئەو ڕۆژە ڕاستییەنییە کە بە سێبەرەکەی قایل بێ و بەم ڕەنگدانەوەی خۆر ڕازی نابێ و دەڵێ:

(سێبەرم ناشت) تارماییەک دەکاتە برادەری خۆی، لە ئەزموونی فیزیاویشەوە ئەزموونی تێڕوانین سەر هەڵدەدا، ئەزموونیش پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەخودی شاعیرەوە هەیە. ئەم تارماییەش تاکە ڕێگایەکە بۆ عەوداڵ بوونی خەونەکە.

کەواتە بە تێڕوانینێکی ترەوە دەڕوانێتە مێژوو پێرێ و دوێنێ ئەمڕۆ بەڕستەی مێشکییەوە دەکات، لێیان دەکۆڵێتەوە. (ڕستەی مێشک) دەرکردنی مێشکە لە وەزیفەی خۆی بۆ وەزیفەیەکی تر.

پێرێ ئەمڕۆ لەدایک بوو

هەردووک یەکن





(زەمەن) قەلەڕەشە هەر چوار توخمەکانی سروشت دەبات قەلەڕەشیش نیشانەی بەدوومی و چارە گرانییە.


(واتە: قابیل) شوێنیش هەروەها دەبێتە (هابیل) مۆڵگەی وێرانکاری. واتە: بەستنەوەی کات و شوێن بەزەمەنی (قابیل و هابیل). هەردووکیشیان بەپێی ئەو نەخشەیەی وێنەیان بۆ کێشراوە بە هەر چوار توخمەکانیانە بەرەو دەروونی شاعیر ڕوو دەچن. کەواتە لێرەدا (کات و شوێن)ی ئەم گەردوونە بوونە مۆڵکی قەلەڕەش. ئەگەر قەلەڕەشیش گەردوون بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی دەبێ چ حاڵەتێک بڕەخسێ؟ شاعیری کەلکێش چ جۆرە سەودایەک بکات. بابزانین بۆ کوێمان دەبات؟

هێشتان هێزی خۆی داوەتە تارماییە برادەرەکەی، ڕەنگە مەبەستی ئەو فیکرو هزرە بێ کە جارێ لێی نائومێد نەبووە بەڵکو ڕێنمایی بکات و خەونەکەی و خەونی منداڵەکان بێنێتە دی. شاعیر بەرەو جیهانێکی نامۆیی هەنگاو دەنێ، زیاتر ئەو



نامۆییەش لە هەستی منداڵەکاندا بەدی دەکات و نەخشەی ئەو دیمەنەی ڕەنگدانەوەی واقیعە بەرجەستە دەکات کە ناکۆکییە نهێنی و ئاشکراکان و، دیوی دەرەوەو ناوەوەی ناو کۆمەڵگای جیهانی ئەمڕۆن:




دەرکێشانی برژانگی شوێن ـ خواستنەوەیە (استعارة)


شوێنی شوبهاندووە بە مرۆڤ

دەرکێشانی برژانگی کات ⟵ خواستنەوەیە

کاتی شوبهاندووە بە مرۆڤ


هەردوو حاڵەتیش ڕەتکردنەوەی کات و شوێنە، (درکەیە) منداڵەکان بەو گەردوونە ڕازی نابن و دەیانەوێ بیگۆڕن. لێرەدا کۆتایی و سەرەتایەکی تر دەست پێ دەکات.

جیهانەکە بەڕستەوە دەکات و لەبەر چاوی منداڵان هەڵێدەواسێ کە مامڵەتێکی نوێی لەگەڵدا بکەن، ئەوانیش لەگەڵ کات و شوێندا بەم نەخشەی خوارەوە سەودا دەکەن:




مەوداکانیان دەگات، لێرەوە هەروەکو ئالان بۆسکیە دەڵێ:

*«ئەزموونی هەمەلاییـیە، بەری پێشبینی و حیساب و بلیمەتی و*




هەردووکیان لە یەک خاسیەتدا بەرجەستە دەکات کۆسەیی کات خوازەی بەرەڵلایە –مجاز مرسل– چونکە کۆسەیی بۆ شتی دیار دەبێ نەک نادیار، بۆ شوێن دەبێ.

هەردوو دیمەنەکە کە شێوێنراون، ناکۆکن لەگەڵ یەک. ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لە کاتەوە بۆ شوێن، لە شوێنەوە بۆ کات، هەردووکیان ئەو گەردوونە نین کە کەلکێش و منداڵەکان گەرەکیانە. شتە ئاساییەکان شێوێنراون، پێچەوانە بوون و چوونە ناو بازنەیەکی تر، کە مرۆڤ تێدا نامۆیە، بۆیە خوازەی بەرەڵلا بەکارهاتووە کە خاسیەتی جیاکراوەیە، یا پابەند بە شتێک دیاری دەکات، یان بەهۆی شتەکەوە، مەبەستەکە، یان کارتێکردنی بۆ جۆری شتەکە دیاردەکات.

حەز دەکەم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە کەلکێش. واتە: «سەباح ڕەنجدەر»



بەرەو کۆتایی پێهێنانی گەشتی خەونەکە پەلکێشمان دەکات، لە نادیارییەوە بەرەو بەرجەستە کردن و ڕەخساندنی.، کۆتاییـیەکەش بەوە جیا دەکرێتەوە کە شتێکی هێناوە هاوکێشەی تێدایە لە نێوانی دوو دژ، لەڕێگەی ئاوێتە کردن و جیاکردنەوەیەو لە نێوان ڕەتکردنەوە و پێ قایل بوون. ژیان و مردن. پیاو و ژن.. تاد.

*ڕەنگە شتە هاودژو ناکۆکەکانم بەرزترین پلەی هارمۆنیەت بڕەخسێنن وەک (ئەرەستۆ دەڵێ) هەروەها بیروڕای (فرۆید) دەگرێتەوە لە هاوتایی دوو دژ لە زانستی دەروونـدا.*

بڕوانە "الحداثة" بەرگی یەکەم ل: ٧٨

بۆیە لووتکەی گەشتەکەو کۆتاییەکەی و لووتکەی سەرکەوتنی ئەم دەقە لەوەدا خۆی دەنوێنێ وەک شیللی دەڵێ:

«شاعیر ئەو شاعیرەیە کە شتە نا ئاساییـیەکان بکاتە ئاسایی، ڕێبازی ڕیالیزمی سیحراویش هەر لەم کۆتاییـیەدا خۆی دەدۆزێتەوە. ئا ئەمەیە دوایین دیمەنی ئەو ململانێیە دوور و درێژەی گەشتە پڕ ڕووداوەکە دەراماتیکییەکان... گەشتی خەوبینین:

منداڵەکانی ڕۆژ هەڵات گولله دەرانن بۆنکەن
منداڵەکانی ڕۆژهەڵات گۆڵیش دەزانن بتەقێنن
سیمای کات هەڵبزرکا
ئاوێنەی شوێن گەچڵا
منداڵەکان گۆڕانییان ماوە

«سیمای کات» خواستنەوەیە و سەرەتاو بەردەوامبوونی گۆرانییە– گۆڕان و بەردەوامبوون و لەدایکبوونێکی نوێیە، (کات و شوێنە) واتە بەردەوامبوونی منداڵەکان و گەشتەکان و خەون و حەزەکانیان و هەنگاونانە بەرەو دواڕۆژی مرۆڤایەتی کە نەسیمای کاتی تێدا بشێوێ و نە ئاوێنەی شوێنیش بگەچڵێ. شاعیر بەشێوەیێ زمانەکەی بۆ ترپەی ژیان تەرخان کردووە، کە لەژیان و گەردوون و

*بەردەوامـبوون و ئارامگرتنە، خـودی تـەعـبیـری ڕەسـەنە کـە مـرۆڤ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ بۆ قەدەری خۆی و چارەنووسی خۆی بێتەوە،*

*گـولله ◄—— بۆن دەکـەن   گـوڵ ◄—— دەتەقـێنن   ئەمـە خـۆی لەخـۆیدا نامۆیی کردنی شەکان و حاڵەتەکانە*

بەڵام بەرەو شوێن و کاتێکی لەبارو ڕوخساندنێکی ئیجابییانەی بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوتی ژیان. تەنانەت ستەی: «منداڵەکان گۆرانیان ماوە» نیشانەی بەردەوامبوونی گەشتەکەیە کە وشەکانی لێک جیا نەکردۆتەوەو هەمووی وەک چەند ئەڵقەیەک بەیەکتری بەستۆتەوە.. ئەم ڕێنووسە تایبەتییە دەلالەتی بەردەوامبوونە. وەچەکانی دوارۆژ ورە بەرنادەن. گۆرانییەکانیان هەر ئەمەشە دەمانخاتە بەردەم واقیعێکی نوێ، وێڕای هەموو نوشستی و چۆکدادان و وێرانە خاک و ئاوارەیی نامۆیی... ئومێدەکە لە ناخی دەروونی شاعیردا چەکەرەی کردووە: «منداڵەکان گۆرانییەکانیان هەر ماوەو– دەمێنێ».

کەواتە منداڵەکان بەتەواوەتی پاک بوونەتەوەو شیاوی ئەوەن جیهان بگۆڕن جیا لە کیژەکانی ڕووباری «تایمس» لە کۆمیدیای خواوەندی دانتی کە دوای پاکبوونەوەو دەرچوونیان لە خاوێنگەکە گۆرانییە کانیان نامێنێ، کەچی منداڵە یاخییەکانی ئەم دەقەی « سەباح رەنجدەر» هەر چەند دەمێکە پاک بوونەتەوەو لە ئاوەکەدا دەرچوون کەچی گۆرانییەکانیان بەردەوامەو بەڕووی ئێش و ئازارو کارەساتەکان دەتەقنەوە.

هەریەک لەو منداڵانە وەک ڕامبۆ دەڵێ:

*« من ئەو کەسەم لەناو ئازاردا گۆرانی دەڵێم»*

لەم کۆتاییەدا هەست بە پووچەڵکردنەوەو هەرەسهێنانی شارستانیەتی و ژیاری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەکەین. ئەم حاڵەتەش دەرگاکردنەوەیە لەڕووی هۆشمەندی.

«گەردوون بەتەواوەتی ڕەگەزێکی بێ شومارە لەنێوان چاڵێک و چاڵێکی تر. سووتاندنی سەرمایەداری و شارستانیەت و ژیاریی بۆروژوا لەپێناو هۆشمەندییەکی ناوەوەی نوێ لە پێوەری ڕۆحیدا بەسەر سیستەمی باو نەک بۆ بەرژەوەندیی خۆ، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەی و جیهان



هۆشمەندییەکی ناوەوەیە کە توانای دۆزینەوەی تێڕوانینی جیهان و ڕێزلێنانی هەیە، ئامانجەکەی شۆڕشە لەپێناو بەرزکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاستێکی تەواو لە معیاری بۆ پێشەوە چوون کە وای لێ بکات پێشتر لەو ڕاستییەی دوایی دەرکی پێ کردبوو تێ بگات، ئەویش ئەوەیە کە دنیا بەهەشتێکە مرۆڤ بۆ ئەوەی هاتۆتە دنیاوە کە بەئازادی و بەختیاری بژی وای وێران نەکات کە بیکاتە دۆزەخێک مرۆڤ نەتوانێ تێدا بحەسێتەوە».

بڕوانە: بیتربیین مدخل الی کافافي
کازانتزاکیس. ریتوس.
ترجمة: سعاد فرح
دار مدارات للنشر عمان ـ الاردن ١٩٨٥

هەر لەم ڕوانگەیەوە « سەباح ڕەنجدەر» ی شاعیر ئەو مرۆڤەی بۆ کێشاوین کە هەموو خاسیەتەکانی دوارۆژی تێدایە. خۆی خەون بەو نموونەیە دەبینێ لەڕێگەی وێنەکێشانی خەون و خولیای منداڵانی ڕۆژهەڵات. مرۆڤی ڕاستەقینە ئەو مرۆڤەیە کە دەتوانێ ببێ بە شتێ، بوونەوەریی خۆی بسەلمێنێ و شتێکیش ئەنجام بدات. ئەو چارەنووسەی لە کۆتایی ئەم دەقەدا شاعیر بۆ منداڵانی دەستنیشان کردووە.

*«چارەنووسی مرۆڤە، لای (سان جۆن پیرس) درامیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەیە بە خود، کە ناوی دەنێ بارگرانی لە مرۆڤایەتی، ئەو بارگرانییەی کە لەو ڕۆژەی هاتۆتە سەر دونیا بەرگەی گرتووە لە هەموو کات و شوێنێکدا، وەکو گەورە دەبێ و هەست بە دەسەڵاتی دەکات بەسەر گەردووندا. لە ئاستی هەرەسهێنانی مرۆڤی نوێ و سەرکەوتنی جاری بڕوا هێنانی قووڵەکەی بە یەکێتی مێژوویی بەشەری و یەکێتی ئینسانی دەدا.*

سان جون پیرس
اناباز ـ منفى وقصائد اخرى
الدار العربية للكتاب. ترجمة وتقديم
علي اللواتي ل ٦

خۆ ئەگەر – ئلیەت– لەسەر حیسابی ئەمڕۆ سەر بە دوێنێ و ڕابردووبێ، شاعیرەکەی ئێمە لەسەر حیسابی ئەمڕۆ و دوێنێ و ڕابردوو سەربە دوارۆژە خۆی لە جیهانی نەمرو دوێنێ دەترازێنێ و بە جیهانی سبەی دەبەستێتەوە. قایل نییە بەوەی کە هەیەو بووەو چۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو. دەیەوێ دەرمانێ بۆ چارەسەرکردنی دەردەکان بدۆزێتەوە بۆیە لەم هۆنراوەیەدا شاعیر هەڵەشەو لاسار...

*«دەبێ لە پێناوی ئەپستمۆ لۆجیدا»*

بڕوانە: "الحداثة". بەرگی یەکەم ل: ٢٩٤

## پاشبەند

لەناو ئەم دەقەدا لەڕووی ئەرکۆلۆژییەوە، بەپێی توانا بنکۆڵی ئەو وتووێژە بەسەر یەکترو کەڵەکە بووانەم کردووە کە پێگەیەکی پەیوەندیدار بەخۆوە دەگرن و زەمینەی پەیوەندییەکانی واقیعی ڕووداو و ئەفسانەییە، جگە کە پێگەی خەیاڵکراو و وێنە کێشراوە لە خەونەکەدا یەکانگیر دەبێ و تێڕوانینی دوارۆژ دەردەخات ئەم دەقە دەقێکی شموولییە، گێڕانەوەی گەردوون و سەرخوارکردنەوەیە لەو ململانێیە توند و تیژەی کە پشت بە تیۆری مانەوە بۆ بەهێزترە نەک چاکتر بەهۆی وێنەو شەخسیەت چنین دەبەستێ، ئەم بۆچوونەش ڕەنگدانەوەی ڕێبازی فەلسەفی

«نیتشە» یە. دەقی هەمەلایەنەش بەڕای مارکۆز

چەمکی ڕەگەزو توخمە سەرەتاییەکانی ئەزموونن، مەودای شموولیان هەیە، مەودای فەلسەفی و مانای ژیاریان هەیە.

لەڕاستیدا ئەم دەقەی کە شیمان کردەوەو ڕووناکیمان خستە سەر لە هەندێ دیمەندا مۆرکی ئەفسانەیی و پێداچوونەوەی شوێنەواری مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوایەتییە. داستانێکە ڕەنگدانەوەی سەدەی گواستنەوەیە وەک دیمەنێکی شاردراوەی تەقەلای وەچەی هۆشمەند و زرنگ و بەرەو پێشەوە چووە بۆ دەربازکردنی ئەم گەردوونە، واتە ڕێگە خۆشکردن بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی بۆ کردنی مادە بە گیان بەتێکوپێکدانی دامو دەزگا گەندەڵ و هەرەسهێناناوەکانی بۆرژوا بۆ بەرژەوەنیی مرۆڤ. شاعیر هەڵپەی ژیانێکیلەبارو ڕۆحیەتێکی نوێیە کە



باوەڕی پێیان هەیەو دەکەونە پشت ئەو واقیعەی بەرچاومان بۆیە ئەم هۆنراوەیە تەمسیلی گەردوون دەکات لە ئەلفییەوە تا بای. مردن تێید نەفی ژیان نییە بەڵکو ڕەخساندنیەتی. لەم ڕووەوە ئەم دەقە وەک


هونەرێکی ڕەسەن شۆڕشگێڕە، نەک بەشوێنەوارە سیاسییە ڕاستەوخۆیەکانی بەڵکو هەڵتەکاندنی ئەو بنەمایانەی کە بۆ چوونە باوەکانی واقیعیان لەسەر بنیاد دەکرێ، بۆیە لەڕووی پێشخستنی هۆشمەندی ئینسانی شۆڕشگێڕ دەبێ، ئەمڕۆ ئەم ڕایە دەسەلمێنێ کە – هونەر– هەروەکو سەبارەت بە مێژووشەوە وایە. ڕەگەزێکی بزاقە بەرەو کۆمەڵگایەکی عادیل ترو عاقلانی تر. پاشان لەڕاستییەکی قووڵترو مەزنتر دەکات.

وضع النقد الجدید الی البنیویة
ترجمة: صبار سعدون السعدون . الموسوعة الصغیرة
دار الشؤون الثقافیة العامة– وزارة الثقافة والاعلام ل ٢٨، ٢٩

ئەم دەقە چەند ئاستێک بەخۆوە دەگرێ. شێوەی ئەنتۆلۆژی گێڕانەوەو مەنەلۆژی ناوەوەی دوو قۆڵی کە مێشکی قسەکەر خۆی دەنوێنێ دۆزینەوە ئەو هۆکارو فاکتەرە سوسیۆلۆژی و ڕۆشنبیریانەیە کە پاڵیان بە شاعیرەوە ناوە کە پەنا بەرێتە بەر جیهانی ئەفسانەو ڕەمز، کە ڕەمزی شیعر سەنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ئەزموونی شیعردا . ئەو ڕەمزانەی کە هەریەکەیان بە ئاستێکی ئەزموونگەری تەواو دەبن.

١– من سەیری ئەم دەقە ناکەم کە درێژە بە حیسابی ئەو بۆشایی داگیری کردووە.

بەڵکو بەو شێوە سەیری دەکەم کە ڕەنگێکی جیاکراوەی پڕ لە وزەی درامییە، وێنەیەکی پانۆرامای هەمەلاییە، جۆری بیناکردن لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا پێشکێش دەکات. پەیوەندی لەنێوان ڕەمزو مانا لای شاعیر، زیاتر پەیوەندی زەینییە– پەیوەندی لەوێکچوون و خوازەو درکەو جوانناسییە– پەیوەندییەشدا هەڵکراندن و ئەنجامدان و لۆژیکی سروشتی و داواکردن دەور دەبینێ، ئەمانەش لای خۆیان پەیوەندییان لێ دەبێتەوە، کە دەتوانین بەم جۆرە دابەشیان بکەین.




٢- شاعیر ئەو وشانەی بەکاریان دێنێ لە چوار چێوەی وشەی نامۆ، نائاسا، دانراو (داتاشراو)، خوازە خۆ دەنوێنن، نە مانای نەریتی و عورفی باون، نەمانای فەرهەنگی، مانایەکی دەلالەت خوازیان هەیە لەشێوەی درکەی وەسفکراوە.

ئاو: زەمەن. خۆ پاککردنەوە

دەست: ژیان. تاوانکردن

پێ: مردن. وێرانکاری

قابیل: پیاوکوژ

هابیل: کوژراو، وێرانکراو

بەلەم: نازەمەن. چوونە ناو ئاو، خۆ پاککردنەوە. دان بەخۆنان، خۆگرتن (ضبط النفس)

ڕاست: بلۆکی ڕۆژئاوا . کۆپەرست

چەپ: بلۆکی ڕۆژهەلات. سوشیالیستی، پێشکەوتنخواز.

ددانکەوتن: مردن، وێرانەخاک





بۆشایی مەمکی حەوا: نەزۆکی

مردن: ژیانەوە

قەلەڕەش: رابەر... تاد

٣- پەیوەندی وەسفی (بۆتیقێ)، وەسفی بنیادنان و پەیوەندییەکانی ناوخۆ دەکات. ئەو بنەمایانەی کە حوکمی گۆڕانکارییە خودییەکان دەکەن.

لە ڕوانگەیەکی نوێوە بایەخ و گرنگی بەکاری فرمانی بوون لەسەر بنچینەیی بوونی خۆی و بوونی دژەکەی (نەبوون) لە شێوەی خواستنەوە بەخۆوە دەگرێ. ئەم حاڵەتەش وادەگەیەنێ کە ئەم کارە فرمانی بوون و نەبوونی تێدایە. بەقەد ئەوەی پشێوی خواستنەوەی تێدایە. بەم شێوە چمکەکانی بوون و نەبوون دەگۆڕێن.

هاونەرێتی دژکار - بەرانبەر یەک-

چەپ ← ڕاست دەست ← پێ

ئا ← نا ئاو ← ئاگر

پێ ← سەر با ← خۆڵ

دیل ← بەرەڵلا گەش ← مۆن

دادانەوە ← لادان

کردنەوە ← مراندن

شلکردنەوە ← توندکردن

جوانی ← ناشیرینی، ئاڵۆز ← ساکار

کورت ← درێژ، لاری ← ستوونی... تاد

تەنک ← ئەستوور

٤- شاعیر کە دەبینی و هەست دەکات ئەو بەهایانەی پێشتر بڕوای پێ دەکردن هەموویان دەشێوێنرێن و هەرەس دێنن. دەبێ وشەو ڕستەی وا سازبکات کە لەگەڵ ئەو واقیعە بگونجێن گەرەکیەتی.

٥- بینای شیعرەکە کە تۆکمەو توندو تۆڵە، بە چەند یاسایەکی وردو ڕێکوپێک

چەسپ بووە. شەو کوێری و عەفەویەت و خۆنەویستی تێدا جێگایان نابێتەوە، نەسوریالییەو نەمیکانیکی و نەبەرەڵڵایی، چەند یاسایەکی کلاسیکی دیسپلین کراوە.

٦- ناوەڕۆکی ئەم دەقە بەگشتی بەندە بە نوشستی و نووچدانی مرۆڤ و ئێش و ئازار تێکشکان و پارچە پارچەبوون، کێشەکەش هەر لە سەرەتاوە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا و نێو جیهانەکەی دایە. هەمیشە پێ بەخشینی دەورە بە مرۆڤ و هەوڵ و تەقەلا دانە بۆ تێگەیشتنی ئەزموونی مێژوویی لە بەرەبەیانی مێژوو، ئەویش بە پۆلینکردنی ئینسوکلۆپیدیایەکی بەرفراوان و خۆ دۆزینەوە لەم جیهانەدا.

٧- لە هەندێ شوێن لەڕووی تەقاندنەوەی وشەو، داڕشتنی پەیڤی تازە و سیستمی ڕێزمان بەرەو نووسینی پلەی سفرمان دەبات، واتە بەربەرەکانی گریمانەکانی پێشووی چەسپاو دەکات. جۆرە نووسینێکی تایبەتی (لەڕووی ڕێزمان و ڕێنووس و نەبوونی خاڵبەندی)یەوە سازدەکات، کە لەزمانی ئاخاوتنی گشتی و لەهەمان کاتدا زمانی تایبەتی دوور دەکەوێتەوە. سەلب و شێوازی دیار نەبووی تێدایە. بۆ نموونە:

دەستری: لەجیاتی گۆرانی دەڵێ، یان ستران دەبێژێ.
دەیئاڵێننە خۆیان: لەجیاتی لەخۆیانی دەئاڵێنن
لەڕووی ڕێنووسەوە:
بۆینەگیرێ: لەجیاتی بۆی نەگیرێ
پەنجەیردینما نگیلێگیر: پەنجەی ڕدێنی مانگی لێ گیر
کانیوێرانە بێتاسە یتریفە: کانی وێرانە بێ تاسەی تریفە
سەرسامیکەن: لەجیاتی سەرسامی کەن
لاشدەدا: لەجیاتی لاش دەدا
مرداریاندەدا: لەجیاتی مرداریان دەدا
فێڵهاتوو: لەجیاتی فێ لێهاتوو... تاد
منداڵەکانگۆرانییانماوە: منداڵەکان گۆرانییان ماوە



مەسەلەکە لێرەدا تووڕدانی گوزارەو پەیڤ نییە بەقەد ئەوەی ڕەتکردنەوەی شێوازی کۆنە کە لەکار کەوتووە، لەڕێگەی تەقاندنەوەی زمانەوە، دەبێ شاعیر دەربڕی هەست و نەستی خۆی بێ.

٨- شاعیر ئەو وشانە لێک جیا دەکاتەوە کە یارمەتی بینینمان دەدەن: «تەرمێک لەسەر شۆستە پاکەت دەفرۆشێ» ئەو وشانەی یاریدەی کارکردنمان دەدەن :
(پەنجەی گەورەی دەست ژیا).

٩- بەلای منەوە «سەباح ڕەنجدەر» یەکەمین شاعیری کوردە کە شێوازی شیعر و پەخشانی لێک گرێداوە. بە هەردوو شێواز کێشەکەی خۆی چارەسەر دەکات. هەر لە سەرەتاوە تەقەلای داوە تەعبیر لە هەرشتێ بکات کە ڕووی داوەو ڕوودەدات و ئەنجامەکە زاڵبوونی هۆشمەندییە بەسەر هەموو خودی خۆیدا. بەمەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەلای ئێمەوە مانای هەبێ. لەڕێگەی بەکاهێنانی دوو جۆرە شێواز (شیعر و پەخشان) زیاتر بایەخ بە ترپە و ئیقاعی ناوەوە دەدات، گوێ ناداتە زەنگی مۆسیقای دەرەوە.... زیاتر گونجانی ئاوازو وشە ئامێزی گەڕەک نییە بەڵکو شوشتنەوەی وشەکانە لە ناوەوەداو تەقانەوەو پڕکردنەوەیە بە مەودای نوێ. بەم پێیەی شاعیر ئەوە پەیڕەو دەکات کە:

هۆنراوەی نوێ دەستی کردووە بەوازهێنان لە ئیقاعی دەرەوەی شیعری کلاسیکی چۆتە ناو بۆشاییییەک کە پێشتر پاوان کرابوو، تا ئەو کاتە بۆ پەخشان و لق و پۆپەکانی بوو.

د. كمال خيري بك- حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر دراسة حول الاطار الاجتماعي للاتجاهات والبنى الادبية دار الفكر- بيروت ل٩٤

شاعیر هەوڵی داوە دیمەن و ڕووداوەکان وەک گرێدان و بەستنەوەی ئەڵقەی زنجیر بەیەکەوە ببەستێتەوە لە چوارچێوەی یەکێتی بابەتی شیعرەکە. هەر وشەیەک بەوپەڕی هێزو وزە پڕ بکاتەوە، ئەگەر ئەم حاڵەتەش ببێتە هۆی لەنگەرتێکچوونی ڕیتمی ڕێکوپێک و ڕەوانی شێوازی کلاسیکی و تەقلیدی و ئاسایی هەر ئەم ڕەوتەی شاعیر وای کردووە واز لە شیعری خیتابی و ڕێنمایی و ئاکاری (اخلاقی) بێنێ بەو سیفەتەی ئەم جۆرە شێوازانە شاعیری نین. کەواتە تێکەڵکردنی پەخشان و شیعر

لەم دەقەدا هەنگاوێکی نوێیە لە شیعری کوردیدا، لە شیعری جگە لە هی کوردی ئەم شێوازە باوەو پێشتر هەنگاویان بۆ هەڵێناوە بۆ نموونە ئەدۆنیس و سان جۆن پیرس و... تاد. مادامەکی ئەم شێوازەش ڕەوابێ، شاعیر مافی خۆیەتی پەیڕەوی بکات کەواتە مەملەکەتی شیعرمان کردە هونەرێکی ئەدەبی لەگەڵ پەخشاندا لە زۆربەی خاسیەتەکانی زمانەوانی بگونجێ و بەچەند خاسیەتێکی شێوەی سنووردار نەبێ لێی جیا نابێتەوە.

النص الادبي من اين الى اين،
عبد الملك مرتاض الجزائر ١٩٨٣ ل١٧

هەر لە ڕوانگەی ئیقاعەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە مەنتیق لۆژیکی دەقەکە بەرە بەرە نەش و نوما دەکات. دیمەنەکان دوابەدوای یەکتر دێن و پەیوەندییەکی نەپچڕاو لە نێوانیاندا هەیە. لەوانەیە دیوی دەرەوەی دەقەکە وا هەست پێ نەکەی، بەڵام ئیقاعی ناوەوەی زنجیرەی وێنە و دیمەن و نەخشەی ڕووداوەکان ڕێک دەخات.

هەر وەکو ئاماژەم بۆ کرد (کەلکێش)ی شاعیر، سەرکێشییەکەی وای لێ کردووە ئەوەندە بایەخ بەڕێزمانی باو نەدا، چونکە دەروونی پڕە لە وزەی تەعبیرکردن لە جیهانی نوێ. شیعری ئەمڕۆش لای شاعیر نەفرەتکردنە لە کۆن و ئێستای باو. خۆشەویستییە بۆ شتی نوێ و چاوەڕوان نەکراو.

١٠- «دەقەکەی بۆتە مەیدانی ئەپستمۆلۆژی پانتایی، بۆتە ناوچەیەک لەناو چەکەکانی کاری هزر ئەمەش تەقەلایەکە بۆ ڕەوایی دەق. ڕاستییەکەی، پشکی بوونی و قەوارەی خۆی بەرجەستە دەکات. ئاوێنەی واقیع نییە، بەڵکو شیکردنەوەو خوێندنەوەی مەوداکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیەتی.

بڕوانە: التجربة الخلاقة

١١- شاعیر نەیویستووە ئەو وشانەی بەکارهێناون و مەودایەکی تری پێ بەخشیون زیاد لەوزەو بەرگەگرتنی خۆیان باریان بکات و لە پەلوپۆیان بخات، بەڵکو وای لێ کردوون کە کاریگەریەتییان بەردەوام بێ و دەوری خۆیان لە ڕەوتی دەقەکەدا ببێنن. بۆ نموونە چاو لە وەزیفەی فسیولۆژی خۆی دادەبڕێ و لە بینین و گواستنەوەی ڕووناکی و تاریکی دەچێتە قاڵبی بەرهەمهێنان «بەڕستەی



تەماشامەوە دەکەم». «چووە قۆزاخەی ئیفلیجی نووستن» کە بەڕواڵەت بزاڤ و چالاکی تێدانییە، کەچی خەون بینینی تێدا بە «ڕستەی مێشک» وەزیفەیەکی مادی لەجیاتی مەعنەوی پێ دراوە.

١٢- ئەم دەقە بە سووکی تەماشاکردنی دوێنێ و ئەمڕۆیە، دان بە نوشستی و نائومێدی و چۆکدادان نانێ. تەسەوفی ئێستاتیکی جێگەی بیرکردنەوەی گیروگرفتەکانی واقیع و گۆڕینی شتە رزیوو گەندەڵەکانە، هەڵوەشاندنەوەی واقیعی سەپێنراو و بیناکردنەوەیەتی بەگیانێکی نوێخوازانەی گەشبینانەی دوارۆژ خواز.

١٣- ئەم دەقە دەرگای والایە بۆ سەربوون، دەکرێ، ڕەنگە بۆیە بەکارهێنانی شێوازی خوازەکارێکی ڕەوایەو زۆربەی هەرە زۆری شێوازی داڕشتنی خوازە ئامێزی بەخۆوە دەگرێ (P.B.SHELLY) «شیلللی» لە نووسینێکی ناوداری بەناوی بەرگریکردن لە شیعر پێی وایە کە خودی زمانی شیعری لە کرۆکیدا خوازە ئامێزە»

بڕوانە: بيتربيني: مدخل الى – كازانتزاكيس
ريتوس – دار منارات للنشر عمان الاردن ١٩٨٢

١٤- لەڕووی بنیاد و ڕۆنانی دەقەکەوە: لێکجیابوونەوەو لێک ترازانی خودی شاعیر لە ڕابردووە، لە واقیعی بەرچاو و ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونی خودی شاعیرە لەگەڵ ترپەی دوارۆژ لەڕێگەی پەنابردنە بەر خەونی خۆی و منداڵەکان و بیناکردنەوەی خود و دۆزینەوەیەکی نوێ لە واقیعی داهاتوودا. هەڵوەشاندنەوەی واقیع و بیناکردنەوەی بە کەرستە و شێوەو ڕەنگ و ڕوخسارێکی نوێوە، بەکورتی پرۆسەی ئەم دەقە چوونە ناویەک و لێکترازانە، تێکەڵاو بوونی ترپەو ئیقاعی خودە لەگەڵ ئیقاعی ئەفسانەیی لە خودەوە بۆ بابەت، لەناوەوە بۆ دەرەوە، لە تایبەتمەندییەوە بۆ هەمەلایی، لەکەمەوە بۆ زۆر، لە سەرەتاییەوە بۆ ژیاری، ئاوێتە بوونی تەبایی نێوان ئیقاعی خودو خەونەو، لێکترازانی نێوان ترپەو ریتمی خود و ترپەی واقیعە. هەروەها ڕەخساندنی مرۆڤە وەک بەهایەکی باڵای گەردوونی. شاعیر لەگەڵ ئەوەش بەبڕواهێنانی بە مرۆڤ و تێکۆشانەکەی دەگاتە لووتکەی تەعبیرو دوارۆژی مرۆڤی لەسەر دادەمەزرێنێ، وێڕای ئارەزوومەندانەی

گومانی ئاسایی و ئەو شێلگێرییە قووڵە دەردەبڕێ کە شاعیر لێرەدا هەر لێرەدا لە بڕوای سووفی نزیک دەکاتەوە»

سان جون بيرس
اناباز– منفي وقصائد اخرى
الدار العربية للكتاب ١٩٨٥ ل ٦
ترجمة وتقديم علي اللواتي.

لەم دەقەدا دەتوانین دایکرۆنی سەرنج و تێڕوانینی بەرەو پێشەوە چوون «وسەنکرۆنی سەرنج و تێڕوانینی هاوکاتی» بەدی بکەین نوێخوازییەکەشی «لە ڕوانگەی شێوەکاری و کێشدار و پەخشان ئامێز نابینرێ، بەڵکو لەڕووی ئەوەی کە لەپێشەوە بەر لە هەموو شتێ ئەزموونێکی نوێیە لە تێڕوانینێکی نوێی مرۆڤ و جیهانەوە دەردەچێ لە نزیکبوونەوەی نوێی شتەکان و زمانێکی نوێی شیعریدا خۆی دەنوێنێ».
ادونيس: مقدمة شكل القصيدة العربية ل١٠

ئەم نوێخوازییەش تەعبیر لەگیانی سەردەم و تێپەڕکردنی دەکات. گیانی سەردەم بەواتای شوێن و کات و ڕۆشتبیری نا، بەڵکو بەرجەستەکردنی خەم و پەژارەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی مرۆڤ و دەربازبوونی، لەو چوارچێوەی بە زۆر بۆی کێشراوەو سنووری بۆ دانراوە. ئەگەر بمانەوێ پێناسەی نوێخوازی بکەین و ئەم پێناسە لەم دەقەدا دەستنیشان بکەین و بیکەینە سەرچاوەیەک هەر وەکو «ئەلبیرسی» پێشنیاز دەکات

«دەبێ نەلە گۆڕانکارییەکانی فرۆمداو نە لە بەرەبەرە ونبوونی دیسیپلینەکانی دێرە شیعرەکاندا بۆی نەگەڕێین بەڵکو وەزیفەی ڕەفتاری شیعریدا، شاعیری نوێ چ سوودێک نابینێ کە تەعبیر بە شیعر بکات، لەوەی دەکرێ بە پەخشانێکی، ئەو دەیەوێ شتی بڵێ کە تەنیا دەتوانێ بە شیعر بیڵێ. واتە بە لۆژیکی زمانی باو ناکرێ»

الاتجاهات الادبية في القرن العشرين ل ١٣٧ و ١٣٤
بڕوانە: الاقلام ژمارە (١٢،١١) تشرین یدووەم و کانونی یەکەمی ١٩٨٩ بابەتێک بەناوی «تأثير المذهب الرومانسي في شعر نازك الملائكة» پەراوێزی (٣٩).



١٥– ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان خودو جیهان، بزاڤێکە بەرەو گۆڕان. شاعیر دەنگی خۆی دەکاتە دەنگی پێغەمبەری ئەم سەردەمەیە کە بۆرژواو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پشتیان تێ کرد.

خۆی دەکاتە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەو پەیامێکی نوێ دەگرێتە ئەستۆ، چونکە ئەو بەهاو نموونەی کە بەدوایان کەوتبوو هەموویان پیس کراون و هەرەسیان هێناوە. هەر ئەمەش بناغەی تێڕوانینی بەرانبەر واقیعدا.

ئەگەر لەسەرەتادا هەڵوێستی پاڵەوانی قەلەکەو منداڵەکان بەرانبەر جیهان تێرامان و دووره پەرێزی و مەیین بێ، بەرە بەرە پرۆژە شیعرییەکەی دەگۆڕێ و بەرەو بزووتنەوەو کردەوەو خۆڕەخساندن و هەنگاو هەڵێنان دەچێ.

ئەزموونی هەستکاری، یان دەروونی شاعیر بەڕووداوی مێژوویی، یا بە دیاردەی مێژوویی، وامان لێ دەکات کە لە خوێندنەوەی دەقەکەدا جۆرە لەزەتێک وەرگرین وەک ئەو لەچەشەیە لە مەتەڵ هەڵهێنان دەیبینین.

١٦– ئەم دەقە بەجۆرێ چارەنووسی مرۆڤمان بۆ بەرجەستە دەکات کە لە درامیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەدایە. ئەو درامیەتەی کە بارگرانی سەرشانی لەوەتی مرۆڤ هاتۆتە سەر دنیا، لە هەموو کات و زەمانێکدا کە گەورەو فراوان دەبێ، ئەو هەستە دەکات کە دەسەڵات بەسەر گەردووندا دەگرێ، لەئاستی چۆکدادانی مرۆڤی هاوچەرخ بەرانبەر گۆڕینی جیهان و بەرەو پێشەوە بردنی هەردەم یاخییە. بڕواو متمانە بەو وەچەیە دەکات کە بۆ گۆڕین و بیناکردنەوەی مرۆڤ و جیهان خوڵقاوە، واتە وەچەیەکی نوێخوازە.

«نوێخوازیش لای شاعیر هونەری دوورخستنەوەیەتی توندە لە کۆمەڵ، هونەری پێویستییە، ماڵئاوایی لە جیهانیی واقیعی و ژیاری دەکات، لەجیاتی هەردووکیان پشت بەجیهانی گۆرانی ئامێزی ڕووچووی ناو خەیاڵ و ئەندێشە دەبەستێ کە لەیەک کاتدا دەسەڵاتی ئەفراندن و تێکشکاندنی هەیە.

الحداثة: بەرگی دووەم. ل٢٧

بەگشتی دەقەکە قووڵبونەوەیە لە چۆنیەتی گەردوون و بوون، لە بزاڤی مرۆڤ و لەو

بازنەیەی بۆی کێشراوە، شاعیر لە ماهیەت و گەوهەری گەردوون گەیشتووە

«هیچ شتێکیش خاسیەتی ڕاستی بەخۆوە ناگرێ بێ تێگەیشتن و ڕێزلێنان و هەزم کردن نەبێ لە هۆش و گۆشمان. مرۆڤ خۆی، مەڵبەندی گەردوونە، دەرک پێکردنی ئینسانیش ئەو هۆکاریە کە مرۆڤ لەگەڵ گەردووناندا یەک دەخات».

التجربة الخلاقة ل ١٥٧

ئەگەر شاعیرانی پێشوو بەهۆی بەرەو پێشەوە چوونی شیکاری و وێکچوون خوازەوە شتێکیان سازکردووبێ، شاعیرێکی وەک «سەباح رەنجدەر» کە شاعیرێکی نوێخوازە، لەوانی تری زێتر کردووە، بەپێ نانە سەر بەرەوپێشەو بردنی نالۆژیکی واقیع و گۆڕینی واقیعەکە، لە خەونەوە و بەرجەستە کردنی و، لەسەر ئاستی ماکرو سیولوژیشدا واقیع و مرۆڤ شی دەکاتەوە بۆیە سوسیولۆژیەتی دەقەکە کپ و مەیوییە، بەڵکو دینامێکییە، لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی شوێن و کاتدا، بایەخ بە ئاوێتە کردنی کۆمەڵایەتی و چەشنەکانی کۆمەڵگاکان دەدا. لەناو زەماندا، لە کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و شی دەکاتەوە. ئیقاعی ناوەوەی دەقەکە وەکو ئاڵوگۆڕکردن، سەرەوژێرکردن، داڕشتن، ئاوێتەکردن، دووپاتکردنەوە، پاش و پێش خستن بەخۆوە دەکرێ. ئەم تەقەلایەش لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ناو دنیادا دەدرێ، کە دەقەکە لە حاڵەتی گۆڕانێکی تەواودا دەبێ.

١٧- شاعیر نایەوێ بۆمان ساغ بکاتەوە کە بوونی ژیان حاڵەتێکی تراژیدییە، بەقەد ئەوەی کە دەیەوێ تواناو ئارەزوویێک لە دڵ و دەروونندا بخوڵقێنن کە ئەنتەرناتیڤێکی باش بێنێتە کایەوە تاسەو حەزکردنی بەردەوام بۆ ئەو جێگرە هەبێ.

١٨- دەقەکە خیتابی گێڕانەوەو هەقایەت ئامێزە، بەزمانی «ڕاناو» قسەکەرەو خۆی و من و تۆ و ئەوان دێنە گۆ. جێ گۆڕکیش لەناویاندا بەدی دەکرێ.

١٩- دەبێ ئەوە بڵێم کە ( سەباح رەنجدەر) سوودی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب و هونەرەکان وەرگرتووە. وەک دراما لە شانۆ. گێڕانەوەی لە ڕۆمان. دابەشکردنی دێڕە شیعرەکان لەنێوان کورتی و درێژی، شێوەکاری لە تەکنیکی تابلۆی هونەری. فلاشباک لە سینەما... ئەم دابەشکردن و سوود وەرگرتنەش بە



زمانێکی نوێی داڕشتن ئەنجام دراوە هەرچەند خاڵیش نییە لە بەکارهێنانی وشەی کۆن.

٢٠- سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی ڕۆشنبیری و سیستمی سایکۆلۆژی هەموویان لەم دەقەدا لە شتێکدا کۆدەبنەوە ئەویش ئەوەیە کە من (ئێگۆ) هەم و لە هەموو کارێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدام، هەمووشیان پابەندی جەدەلیەتی واقیعن و خەونی ماقووڵن.

٢١- هەر دیمەنێک، چیرۆکێک، ڕووداوێک لەباوەش دەگرێ شوێنەواری تایبەتی خۆی لە دڵ و دەروونی خوێنەردا جێ دەهێڵێ، بێ ئەوەی شاعیر خۆی هەندێ کەلێن و قوژبن لەڕێگەی ڕاڤەکردنی پەراوێزەوە شتێکمان بداتە دەست. ئا ئەمەیە هونەری درامی، زنجیرەی پانۆراما، هەر ئەم حاڵەتەش وا لە هۆنراوە دەکات کە دەقەکە دەقی نوێخوازی و دواڕۆژ ئامێز بێ.

٢٢- دەبێ ئەوە بڵێم مردن لەناو ئەم دەقەدا مردنێکی بایلۆژی نییە، بەڵکو مردنێکی مەعنەوییە نەک مادی و زیندوو بوونەوەیەکی مادییە. دەمرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر بێتە دنیاوە، پێگە چۆڵکردنی کۆنە بۆ نوێ.

نوێبوونەوەی وەرزەکانی ساڵە، هەروەها وێرانکردن و تێکدانە بۆ بیناکردنەوەیەکی نوێ.

٢٣- تێڕوانینێکی نوێ لە قووڵایی دەقەکەدا. دەمانگەیەنێتە قەناعەتێک هەرچەندە کەسانی ناو دراماکە زیهنیەتیان بەدوور نییە لە باوەڕهێنان بە بیروڕای غەیبی و ئەفسانەیی بەڵام ( سەباح رەنجدەر) خۆی لە بیروباوەڕی میسۆلۆژی بەدوور دەگرێ، هەروەها دووریشە لەبۆچوونی مۆودەرنیزم بۆ ئەوەی تێڕوانینی دواڕۆژی مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەرجەستە بکات، بیروباوەڕی غەیبی تێکوپێک دەشکێنێ، تا جیهانی زەمەنی وەستاو لەگۆڕ ڕاست کاتەوەو بیخاتە سەرپێ و جڵەوەکەی بداتە دەست منداڵانی ڕۆژهەڵات کە هیچ هێزێک نەیتوانیوەو ناتوانێ دەنگە زوڵاڵەکەیان کپ کات و لە گۆرانی وتنی بەردەوامیاندا بیانوەستێنێ. بۆیە دەنگی شاعیر، دەنگی ژیانێکی نوێیە. هی دواڕۆژە. لە کەسانی تر جیا دەکرێتەوە. بانگەوازێکە بۆ هەموو مرۆڤی دنیا، ڕووناکییە دەچێتە ناو ئەو کەلێن و قوژبنانەی کە هێشتان

نەدۆزراونەتەوە. دەیەوێ دەریان بخات و بیانکاتە واقیعێکی دینامیکی زیندوو، هەروەکو- باسترناک- دەڵێ: «لە بیرمان نەچێ چۆن دەتوانین شتێک برەخسێنین، ئەویش نەشێواندنی دەنگی بە خورپەی ژیانە».

٢٤- ڕەنگە ئەم بۆچوونەی لای هەندێ کەس ڕایەکی نائاسایی بێ کە بڵێم ئەم دەقە خاڵی گواستنەوەیە لەناو شیعرینوێی کوردیداو لەدایکبوونێکی نوێیە لە دەربڕینی ڕاستگۆیانەو ڕەسەنان. هەنگاوێکی گورج و گۆڵە بەرەو ئەو جیهانەی شاعیر گۆرانی بۆ دەڵێ و تەقەلای بۆ دەدات. لە هەمان کاتدا خۆ دۆزینەوەیە لەسەر نەخشەی نوێخوازی.

لەکۆتاییدا دەبێ لە شاعیری گەورە (ڤالیرێ) فێربین کە «شیعر داهێنانێکی دوولایەنە کە ناوەڕۆک و فۆرم و بەردەوامبوونی شلۆقی و لەقینە لەنێوان دەنگ و مانا- شاعیرەکان تەقەلای ڕەخساندنی شیعرێکی ئەزموونگەرییان دا خاسیەتی جورئەت و ئازایی تێدایە لەبەر فراوانی ئاسۆو هەمەجۆرییەکەی، لە داهێنانی ئەم شیعرەی کە ڕواڵەتی شیعری نوێی گۆڕی ئەمەیە:

خولقاندنی جۆرێکی نوێ لە ڕێزمان (کە لە شیعری مالارمیەو لە بەرنامەی قوتابخانەی دواڕۆژخوازییەوە دەستی پێ کرد کە داوای ئازادی وشەکان) دەکەن و جۆرێکی نوێ لە وێنەی خوازە ئامێزی ئازاو نائاسان لە دەلالەتەکانی «شاکارەکانی ڕامبۆو سوریالییەکان»و بەکارهێنانی شوفرەی زمانەوانی فرەلایەن و شۆڕشگێڕ لە بەکارهێنانی ڤالێری».

فۆرمی گرانیش لە شیعری نوێ لە بایەخدانی زیاد بەسەرەتای هاوکات لەسەر حیسابی سەرەتای بەردەوامبوون، نموونەی بالای ڤالێری لە کۆکردنەوەی نێوان تێڕوانین و بەدوای یەکدا هاتنی ئاخفتن، تەنیا تەقەلادان نەبووە بۆ پەیداکردنی جۆرێکی نوێ، بەڵکو بەندە بە عەوداڵبوونی زمانێکی نوێی چاو نەترس.

مقدمه ادونیس لکتاب (شكل القصيدة العربية) للدكتور جودة فخر الدين ل.١١

ئەگەر ئەم دەقەی وا ئەم لێکۆڵینەوەم دەربارە نووسی دەقێکی گران و بەپەناو پێچ بێ، دەبێ دان بەوە دابنێم کە منیش ڕەنگە شتێکم کردبێ لەئاستی ئەودا بێ بەقەد



ئەو گران و دژوارەی ناوەڕۆکی، کە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادا.

ئیتر بەم شێوەیە کۆتایی بەم لێکۆڵینەوەم دێنم کە ناتوانم بڵێم ڕێبازێکی تایبەتی نەخشە کێشراوم گرتووبێتە بەر، بەڵام بەگشتی پەنام بردۆتە بەر شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی دەروونی و دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی ناو دەقەکەو بەستنەوەی دەقەکە بەخودی شاعیر. هەرچەندە کە هەوڵم داوە بەپێی بۆچوون و شیکردنەوەی تایبەتی خۆم دەقەکە بە تەواوەتی نەکەم بە موڵکی خۆم و بەیەکجاری لە شاعیری دابیبڕم لەژێر هەر بەهانەو بەڵگەیەک دابێ. بەڵام هەرگیز ئەو لافە لێنادەم کە ئەم خوێندنەوەیەم ئەگەر دەقی دووەمیش بێ پەیوەندی بە تێڕوانینی «سەباح ڕەنجدەر»ەوە نییە، چونکە پێم وایە لەوەی کە نووسیومە زیاتر هەڵدەگرێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بوەستم، ئەگەر بۆم لوا پاش ماوەیەکی تر بەم دەقەدا بچمەوە بە دووری نازانم زۆر شتی تری لێ هەڵکرێنم. ڕەنگە ڕەخنەگری تریش هەبێ بۆچوونی جیاوازیان هەبێ و ئەم لێکۆڵینەوەی من دەوڵەمەندتر بکەن، بۆیە تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوا من هەر ئەوەندەم لەدەست هات و دەوەستم و حەز دەکەم بە کراوەیی دەقەکە دابخەم.

ئەیلوولی ١٩٩٣ هەولێر

# ئەحمەد دڵزار و هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوەو نوێخوازی

بەر لە ڕووناکی خستنە سەر دڵزار لەبواری هەنگاونانی بەڕووە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، بەپێویستی دەزانم بەشێوەیەکی خێراو خەست هەڵوەستەیەک لەسەر نوێکردنەوەو نوێخوازی شیعری کوردی بکەم بەپێی چمکی قۆناغی سەرهەڵدانی بزاڤی نوێکردنەوە. لەو سەرەتایەی کە (گۆران) بۆ (بەهەشت و یادگاری) نووسیبوو باسی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و دەڵێ: لەو جۆرە ئوسلووبەیان تیاکراوە بە سەرمەشق کە (م. نوری) و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی عوسمانییان وەرگرت و لە سەردەمێکی سنووردار (١٩٢٠–١٩٣٠) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە[١]. هەروەها گۆران خۆی مەسەلەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو لە وەڵامی پرسیاری سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا کە (حەمەی مەلا کەریم) و (عەبدولڕەزاق بیمار) دیداری لەگەڵ کردبوو وتوویەتی: نووسەرو شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی نوری و ڕەشید نەجیب و من کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی متأسیر بووین و پێکەوە دەماننووسی، بەڵام تەنها (شێخ نوری) شیعرەکانی بڵاو دەکردەوەو من بڵاوم نەکردەوە ئەو لەو بارەیەوە نیشاطی دەرکەوت و ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیداببوو کە پێیان دەوترا (أدبای فەجری ئاتقی) لەوان (توفیق فیکرت) و (جلال ساهیر) بوون و وەئەدیبێکی تری وەک (عبدالحق حامید)، ئەگەر چی لەم کۆمەڵە نەبوو بەڵام دیسان هەرپێی متأسیر بووین... کەوابێ هەموومان بەیەکەوە دەمانڕوانییە یەک کلاوڕۆژنە بەڵام دەتوانرێ بە (شێخ نوری) بوترێ سەرۆک بەهۆی:

١–زۆری بەرهەمی.

٢– بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێگومان تەئسیری دەبەخشییە سەر ئەدەبی کوردی، ئیتر تەنها بۆ کۆششی ئەوان نەوەستام کێشی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا)[٢]. کاکەی فەلاح دیوانی (بەهەشت و یادگار) و (فرمێسک و هونەر)



کە لە پەنجاکان دەرچوون بە نۆبەرەیەکی گشتی و شیرینی درەختی سێبەر خەست و فێنک و بەرداری بەهرەی داهێنانی ئەو ڕێبازو قوتابخانەیە لەقەڵەم دەدات و سیمایی ئەم قوتابخانەیە بەچەند خاڵێک دەستنیشان دەکات: (یەکێتی بابەت، خۆ بەستنەوەیەکی زۆر بە قافیەو هێنان و بردنی بەپێی مەبەست، وێنەگرتنی هونەرمەندانی هەر تابلۆیەک تەماشاکردنی بابەتی هونەری، دەرخستنی جوانی سروشتی و ئافرەت لە ڕیزی پێشەوە، پەنابردنە بەر سروشت و حەزکردنی لە شتی ساکار، شێوازی داهێنەرانە لە شیعردا، تەڕوپاراوی زمان و بەکارهێنانی وشەی ئاوازدارو ڕەوان، ڕوونی واتاو مەبەستی شاعیرانە، گوێ دان بەوێنەی سەربەخۆو تێکڕا وێنەی هونەری گشتی)[٣]. دەکرێ لەپاڵ ئەو سیماو خاسییەتانەی کە کاکەی فەلاح ئاماژەی بۆکرد مۆرکی ڕۆمانسییانەو، خەیاڵی باڵداری سنوور بڕی واقیع و هەنگاونان بەرەو جیهانی خولیاو فەنتازی و، بەرهەمهێنانی کێشی خۆماڵی (پەنجە سیلاب) و دارشتنی شێوازی نوێی ڕەوانبێژی بنەمای شیعری نوێ و نوێکردنەوە بن. ئەگەر نوێکردنەوەی شیعری کوردی و هەنگاونان بەرەو قاڵب شکاندنی شیعری کلاسیکی لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠–١٩٣٠) و دواتریش لەسەر دەستی گۆران زیاتر گەشەی کردبێ ئەوە بزاڤی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی یابەڕوویەکی تر سەرهەڵدانی (شیعری ئازاد) لای شاعیرانی عەرەب لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێ وەک (نازك الملائكة) دەڵێ: «سەرەتا شیعری ئازاد ساڵی ١٩٤٧ لە عێراق بەڵکو لەخودی بەغداد، ئەم بزاڤە خشی و درێژ بۆوە تەنانەت هەموو و خەریک بوو، نیشتیمانی عەرەب بگرێتەوە، بەهۆی سەرکێشی ئەوانەی بەدەنگییەوە هاتن، هەموو شێوازەکانی دیکەی عەرەبی ڕادەماڵی. یەکەم هۆنراوەی کێشی ئازاد هۆنراوەکەی من بوو بەناوی کولێرا، وەک خۆی دەڵێ ڕۆژی (٢٧/١٠/١٩٤٧) دامناو بۆ (بەیرووت)م نارد گۆڤاری (العروبة) لە ژمارەی دەرچووی یەکی کانوونی یەکەمی (١٩٤٧) دا بڵاوی کردەوە).[٤] یەکەمین هۆنراوەی کوردیش، کە نوێکردنەوەی بەخۆوە گرتووە هۆنراوەی (پەپوولە)ی (نوری شێخ ساڵح)ە و لەو شیعرە تازانەیە وەک ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «کە چ بەمەوزوع و ئسلووب وەچە بەوەزن و ئاهەنگ و مۆزیق یا لە شیعری کلاسیکی دەوری کۆن ناچێ، بە وشەی کوردی پەتی و بەسەلیسی

تەعبیری و ماناشیا، بەتەواوی شیعرێکە بەپێی چەشکەی ئەدەبی ئەم چەرخە».

خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ
پەپوولەی باڵ هەڵوەریو!
بەتیشکی گڕ داڕزیو.[٥]

هەرچەندە مێژووی دانانی ئەم هۆنراوەیە دیار نییە. بەڵام وەکو گۆران ئاماژەی بۆ کردووە بۆ ساڵانی نێوان (١٩٢٠–١٩٣٠) بگەڕێتەوە، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بزاڤی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەر لە شیعری ئازادی عەرەبی هەنگاوی ناوەو تەنها بەشکاندنی قاڵبی کۆن و کێش و سەروای کلاسیکی نەوەستاوە، بەڵکو لەزۆر ڕووەوە نوێکردنەوەو نوێخوازی خۆی سەلماندووە. گۆرانیش بەپێی ئەو شیعرانەی مێژووی بۆ داناون لەوانە (ئیلهامی هاوار) (١٩٣٢)، (هەوری پایز) (١٩٣٣) زیاتر گوڕو تەکانی بە نوێکردنەوە داوەو کودەتایەکی نوێی لە شیعری کوردیدا کردووەو لەدوای هەنگاونانی بەرەو نوێخوازی لەسەر ڕێبازەکەی بەردەوام بووەو پاشەکشێی نەکردووە، بە پێچەوانەی (نووری شێخ ساڵح) وەک کاکەی (فەلاح) بۆیچووە: (دەستێکی باڵای لە نوێکردنەوەدا هەبوو، ئەویش تەنها پەیڕەوکردن و لاسایی کردنەوەی شیعری نوێی تورکەکان لەوە بەملاوە لە هەناسەو بەرهەم کەوت و بەداخەوە کشایەوە دواوە. پاش ئەوەش ئەگەر بەرهەمێکی هەبوایە لەسەر تان و پۆی عەرووزی شێوەی کلاسیکی دەیچنی و چێژی لێ وەرگرت).[٦] کەواتە ڕابەرایەتی (گۆران) لە نوێکردنەوەدا لە بەردەوامبوونیدا بوو لەو ڕێبازەی پەیڕەوی کرد، کە توانی هێزی فۆرم و هێزی ناوەڕۆک وەک دوو جەمسەری تەبا بەیەک ببەستێتەوە. ڕێچکەیێک بکێشێ کە شاعیرانی سەردەمی خۆی دوای خۆشی پێڕەوی بکەن.

## دڵزارو هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوە

دوای ئەو پێشەکییەی لەسەر پێناسەکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، حەز دەکەین ئاوڕێک لە (دڵزاری) شاعیر بدەینەوە کە ئێستا هیچ ڕەخنەگرێک بۆ ئەو لایەنە نەچووە کە بەسەرەتای شیعری دڵزارەوە دیارە لەبواری هەنگاونانی بەرەو



نوێکردنەوەو نوێخوازیدا، بگرە لەمەش زیاتر غەدرێکی گەورەی لێ کراوە کەبە شاعیرێکی نوێخوازی نەدراوەتە قەڵەم، ڕەنگە ئەم حاڵەتەش بەندبێ بەبارودۆخی سیاسی کە هەموو ئەو بوێرییەی نەبووە لەسەر (دڵزار) بنووسێ، ئەوەی کە لەسەریشی نووسراوە لە ڕەوشێکی ئەوتۆدا بووە کە بواری سیاسی ڕەخساوەو زیاتر لە دەوروبەری ژیننامەی دەرنەچێ و ئاماژەکردنیش بێت بۆ مۆرکی شیعرە نیشتیمانی و چینایەتییەکانی، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە شاعیر نەهاتووە لەناو شیعرەکانیدا بەگشتی گوڵبژێری ئەو هۆنراوانە بکات کە مۆرکی نوێکردنەوەیان پێوە دیارەو هەنگاونان بەرەو نوێخوازی. (کاکە فەلاح) یەکێکە لەو نووسەرانەی غەدرێکی گەورەی لە (دڵزار) کردووە، کە کتێبەکەی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا خۆی بەگەڵ کاروانەکە داوە، کەچی (دڵزار)ی فەرامۆش کردووەو، زۆر لەو شاعیرانەی لەسەری نووسیون (گۆران)ی لێ بترازێ (دڵزار) بەر لەوانە ئەگەر نەڵێم هەر دوای گۆران بەچەند ساڵێک ڕێچکەی شیعری کلاسیکی بەزاندووەو پێی ناوەتە جیهانیی نوێکردنەوە کە یەکەم هەنگاوی کە لەدواییدا دێینە سەری ساڵی (١٩٤١) بووە، هەرچەندە کە (بەختیاری زێوەر) هۆنراوەی (لەسەر سەگرمە)ی لە (١٩٣٩/١٠/ ١٤)دا داناوە، هەروەها لە (قەڵای شێروانە–کفری) مێژووی (١٩٣٩/١١/٢٢)ی بەسەرەوەیەو وشەی عەرەبی تێیدا بەکارهێناوە، لە چلەکاندا گەڕانەوە سەر شێوازی کۆن لەبەکار هێنانی تاک سەرواو چوارین و بەکارهێنانی وشەی عەرەبی. (کاکەی فەلاح)یش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دەڵێ (بەختیار زێوەر) (١٩٠٨–١٩٥٢) لە سەرەتای چلەکانەوە، بەرەبەرە کێشی پەنجەی خۆماڵی (پێنج بە پێنج)ی گرت و وردە وردە خۆی لە یەکێتی قافیەش دزییەوە.[٧] تەنانەت هۆنراوەی (قەندیل) کە مێژووی (١٩٤١/٨/٨)ی بەسەریەوە یەک سەروا بەخۆوە دەگرێ، هەروەها هۆنراوەی (پەیامێک بۆ یار)، (کە سەیری کورد ئەکەم)، (بۆ منالان)، هەروەها چەند شیعرێکی دیکەی کە لە (١٩٤٢) دا زیاتر نوێکردنەوەکە لە (١٩٤٢)ەوە دەست پێ دەکات بەتایبەتی هۆنراوەی (سەیران)، زیاتریش هۆنراوەی (خەو ڕەوێنێکە) کە بڕگەکانی کە (٨) بە (٤)ە هۆنراوەی (پاییزی زستانیی) کە لە (١٩٤٦/١٢/٢١)دایناوە کە (٨) بڕگە بە (٤) بڕگەیە (١١) بڕگەیە.[٨] هەروەها شاعیرەکانی دیکەش کە لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی) دا لەسەریان نووسراوە بۆ نموونە (ئەحمەد هەردی) سەرەتای

دەست پێکردنی بەرهەمی شیعری بۆ چلەکان دەگەڕێتەوەو لە شیعری (ئای دیدە پەری)یەوە دەکەوێتە ڕێی. هەرچەندە لەڕووی بیرۆکەکەیەوە ڕۆمانسییە بەڵام داڕشتنەکەی کلاسیکییانەیە. (ع.ح.ب) سەرەتای دەست پێکردنی شیعرو دانانی کە ساڵانی (١٩٤٥–١٩٤٦)ەوەیە یەکەمین شیعری (لە گەنجی و پیری و مردنا)یە کە لە سەرەتایی ساڵی (١٩٤٧)دا لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بڵاوی کردۆتەوە، (کاکەی فەلاح) خۆی سەرەتای شیعر دانانی بۆ ساڵەکانی (١٩٤٥–١٩٤٦) دەگەڕێتەوە، (محەمەد ساڵح دیلان) یەکەمین شیعری ساڵی (١٩٥٠) لە بەندیخانەی کووتا دایناوە، (کامەران موکری) سەرەتای شیعردانانی بۆ ساڵی (١٩٤٥) دەگەڕێتەوە. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەنگاوەکانی (دڵزار) پێش هەنگاونانی ئەو شاعیرانە دەکەونەوە کە لە کاروانەکەی (کاکەی فەلاح)دا ناویان هاتووە. وەکو لەپێشەوە ئاماژەم بۆکرد، (دڵزار) هەر لەسەرەتای چلەکانەوە پێی ناوەتە ناو جیهانی نوێخوازی، چ لەخۆ دەربازکردنی لەکێشی عەرووزی عەرەبی یا خو بەستنەوە بەتاکە سەرواو بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی وەک شاعیرە کلاسیکییەکان، چ لەڕووی دوور کەوتنەوە لە داڕشتنی هزری ئەندێشەی کلاسیکییەوە. گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی واتە کێشی پەنجە (سیلاب)و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و ناسک و ترپەی مۆسیقادارو ناوەڕۆکی نوێی خاسییەت و مۆرکی ئەو هۆنراوانەن کە دەتوانین بیانخەینە خانەی هۆنراوەی نوێ، گۆڤاری (گەلاوێژ)یش لەو ماوەیەدا دەرگای واڵا بوو بۆ بڵاوکردنەوەی شیعری نوێ. (مەڕەنجێنە) یەکەم هۆنراوەی شاعیرە کە ساڵی (١٩٤١) بەخۆوە دەگرێ، ڕەنگە ئەم جۆرە شێوازە جیاکردنەوەیەک بێ لە داڕشتنی کۆن، تیادا شاعیر دەڵێ:

لە عیشقی تۆ پشتم چەما    شادیم لەدڵ دەرچوو نەما
قەڵاتی ژینم لێ ڕما    مەڕەنجێنە دڵم گوڵم
سووتام بەجارێ

ئەم هۆنراوەیە (٨) بڕگە بە (٥) بڕگەیە

هەروەها هۆنراوەی (گۆرانی شاهی خوبانم) کە ساڵی (١٩٤١) دایناوە دەڵێ:

هەستە بێرە لام    شاهی خوبانم
نەختێ هێورکە    دەردی گرانم



ئەی گوڵی ژینم    ئارامی گیانم
مەرهەمی برینم    دیدە جەیرانم

(٥) بڕگە بە (٥) بڕگەیە

هۆنراوەی (ئەی تازە جەوان) کە شاعیر ساڵی (١٩٤٣) دایناوە ساڵی (١٩٤٥) دا لە (گەلاوێژ) دا بڵاوکراوەتەوە، نموونەیەکی ترە لە نوێکردنەوە لەڕووی بەکارهێنانی وشەی پەتی کێشی (١٤) بڕگەیی بەرانبەر (٦) بڕگەیی:

ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوێ ژینی بەخۆشی
وازبێنە لەسەرخۆشی کە تۆ ژیرو خۆشی
بۆ گەل بە پەرۆشی
تۆ تازە نەمامی چیمەنی باغی ژیانی
بەم تەرزە لە تەرزت مەدە دارو لەچەمانی
مەحکوومی زەمانی

ساڵی (١٩٤٦) لە هۆنراوەی (بەیەک گەیشتنێک)دا نوێخوازییەکەی زیاتر سەر دەکاو ڕەگی خۆی لە دونیای شیعری نوێی کوردیدا دادەکوتێ و دەرەختی نوێخوازییەکەی چرۆ دەکات. ئەوەتا دەڵێ:

نیگاری نازدار، بەلارو لەنجە
هات لەدڵ دەرکا، ئێش و ئەشکەنجە
هەروەکو جاران، لەباخ و ڕەزان
لەگەڵ دەستەیەک لە لێو قرمزان
ئاوریشمەگرتن پەنجەی دەگوێنێ
کزەبا گۆنەی دادەڕووشێنێ
نەهێنی دڵیم لە دیدەکانی
یەک یەک خوێندەوە سەرپاکیم زانی

(٥) بڕگە بە (٥) بڕگەیە

ساڵی (١٩٤٥) هۆنراوەی (باڵا بەرزی نەرم و شل)ی لە (گەلاوێژی)دا بڵاو دەکاتەوە کە (٨) بڕگەیە بەرامبەر بە (٤) بڕگەیە:

ئەی باڵا بەرزی نەرم و شل
ئارامی گیان و جەرگ و دڵ
بەغەمزە چاوی پڕ لە کل
تەوقی سەوداتم کەوتە مل
جا نازەنین
حۆری زەمین
تاکەی زاری
تاکەی گریان
جگەر سووتان
بوومە بریان
بەیەکجاری

ئەم جۆرە یاریکردن و ئاڵوگۆڕکردنی سەرواکان، نوێکردنەوەیەکی دیارو بەرچاوە لە شیعری کوردیدا کە شاعیر پەیڕەوی کردووە، جگە لە بەکارهێنانی ناوەڕۆکی نوێی دوور لە شێوازی کۆن، هەروەها هۆنراوەی (بولبول) کە ساڵی (١٩٤٦) داندراوەو هۆنراوەی لە (لادێدا) کە شاعیر ساڵی (١٩٤٦) لە بەندیخانەی هەولێردا نووسیویەتی لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

دەمێکە ژێر چەپۆک و هەق خوراوین
بەهۆی بێگانە ڕووت و نان بڕاوین
نەزان و گێژو وێژین
غەم و تاڵی ئەچێژین
دزی و خوێنڕشتن
گەلێ ئازاین
زۆر بێ پەڕواین

شاعیر یاری بە بڕگەکان کردووە، لە یانزە بڕگەییەوە وەکو هێڵێکی بەیانی داکشاو بەڕووی حەوت و پێنج و چوار بڕگەیی هەنگاوی دەنێ، لەڕووی ناوەڕۆکەوە گیانی هاوچەرخانەی تێدا بەرجەستە کردووە.

من بەمەبەستێکی تایبەتی چەند نموونەیەکی نێوان ساڵانی (١٩٤١–١٩٤٨)م



گوڵبژێرکرد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە (دڵزار) شیاوی ئەوە بوو کە لەتەک شاعیرەکانی دیکەی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) دا کە (کاکەی فەلاح) ساڵی (١٩٨٧) بە چاپی گەیاند شوێنێکیش بۆ دڵزاری شاعیر و هەنگاوی بەرەو نوێکردنەوە و نوێخوازی بکاتەوە و هەقی خۆی پێ بدات، لەگەڵ مردووش ئەمڕۆ هیچ ناکرێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕەخنەگر دەبێ بەگیانێکی بابەتییانەوە عەقڵییەتێکی زانستییانە مامڵەت لەگەڵ ئەدەبدا بکات.

*ئایا دڵزار کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی گۆران؟*

(حەمە سەعید حەسەن) لە نووسینێکی کە بەناوی (دڵزار دڵێکی ناسک... ژیانێکی دژوار) لەو ئێوارە کۆڕەی کە یەکێتی نووسەرانی کورد– سوید لە ستۆکۆڵم لەڕۆژی (٢٠/٥/١٩٩٠) دا بۆ ڕێزلێنانی (دڵزار) سازی کردبوو خوێندوویەتییەوە پاشان لە گۆڤاری (بەناوبانگ)ی ژمارەی (٦٤)ی (١٩٩١) دا بڵاوکراوەتەوە و بۆ جارێکی دی لە کتێبێک لەژێر ناوی (سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ئەدەبیی دیکە) دا ساڵی (١٩٩٢) بڵاوی کردۆتەوە. لە کاریگەرێتی (گۆران) دەدوێ بەسەر دوو شیعری دڵزار، هۆنراوەی (پایز) دەکاتە نموونەیەک لەو کاریگەرێتییەوە دەڵێ (دڵزار)یش لەژێر کاریگەرێتی ئەم شیعرە کورتە باڵا کەڵەگەتەدا، لە هۆنراوەی (بولبول)دا کە یەکێکە لە شیعرە نەمرەکانی دەڵێ:

بولبول بولبول
لەناو گوڵزار
ئەتۆ بۆ گوڵ
من بۆ نازدار
بگرین بەزار
من لەژێر دار
تۆ لەسەر چڵ
تۆ بە دەنووک و من بەدەم
بگرین بڕێژین ئەشکی چەم

***

گۆران دەڵێ:

پایز پایز
بووکی قژ زەرد
من مات و تۆ زیز
هەردوو هاودەرد

***

من فرمێسکم تۆ بارانت
من هەناسەم تۆ بای ساردت
من خەم تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە دادم، دادت
هەرکیز هەرگیز
پایز پایز
شان و مل ڕووت
من مات و تۆ زیز
هەردووکمان جووت
هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئاڵتۆنی دار ئەڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین
بگرین بگرین چاومان نەسرین
هەرکیز هەرگیز
پایز پایز

هەروەها (حەمە سەعید) لەسەر بۆچوونەکەی دەڕوات دەڵێ گۆران دەڵێ:

ئەم لا یەک پەڵە، ئەو لا یەک پەڵە
هەوری ڕەنگاوڕەنگ
لەناوەڕاستا، بەدەم ئاسۆوە، ڕۆژی شۆخ و شەنگ

دڵزار دەڵێ:

ئەم لا کەژێکە، ئەولا کەژێکە، جوان و سەخت و بەرز



لەناوەڕاستا، دۆڵی سۆلاڤە، پڕ لە باخ و ڕەز

حەمە سەعید دەڵێ «ئەگەر چی کاریگەرێتی گۆران بەو دوو شیعری دڵزارەوە بەئاشکرا دیارە، بەڵام دڵزار وێنەی دووەمی گۆران نییەو خوێنەر بەئاسانی شیعری هەریەکێکیان دەناسێتەوە».(٩) سەرنجێکی قووڵ لە هەردوو نموونەی شیعری (گۆران) هەردوو نموونەی شیعری (دڵزار) بۆمان دەردەکەوێت کە بەهیچ جۆرێک (دڵزار) نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی (گۆران). پایزەکەی گۆران بابەتێکەو بولبولەکەی دڵزاریش بابەتێکی دیکەیە، کە (٤) برگەیە (٨) برگەیەو هەردوو هۆنراوەکەی بەهەستێکی ڕۆمانسییانە داڕێژراون، بەڵام هەریەکە هەواو کەشێکی تایبەت بەخۆیەوە هەیەو، لێکچوونی هەندێ وشە ئەوە ناگەیەنێ کە دڵزار کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی گۆران، هەروەها کە راوردی نێوان هۆنراوەکەی گۆران (دیمەنێکی بەهار) لەگەڵ هۆنراوەکەی دڵزار (سۆلاڤ) دەکات، تەنیا لەڕووی کێشەوە وەکو یەکن (٥+٥+٥=١٥) برگەیین دڵزار دەڵێ:

لە هەر لا چڵە    نەغمەی بولبولە    خۆش و دڵکێشە
شنەی شەماڵە    کانگەی خەیاڵە    دوور ئێش و نێشە
لەپاڵ هەربەردێ    لەقەد هەر گردێ    ئاوازێ دەردێ
هی کەو و سوێسکە    کە غەم ناهێڵێ    لەسەر دڵ گەردێ
لەڕۆخ زار گەلی    مەزوو کە ئاوێ    بەقەد ڕووبارێ
بەتاو هەڵەقوڵێ    سارد و سازگار    ئەخشێتە خوارێ.

هۆنراوەکەی گۆران مۆرکێکی گشتی بەخۆوە گرتووە کە وەسفی بەهاری لادێیە، ئەمەی دڵزار تایبەتمەندە، بەوەسفی تاڤگەی سۆلاڤ و، هەریەک لەو دوو دیمەنە لە دەڤەرێکی تایبەتە، هەواوکەشی خۆی هەیە با لەسەر یەک کێشی پەنجەش بن، جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە ناکرێ بەکاریگەرێتی گۆرانی لەقەڵەم بدەین، (حەمە سەعید)یش هەر خۆی دان بەم ڕاستییە دەنێ و دەڵێ: (بەڵام دڵزار وێنەی دووەمی گۆران نییە و خوێنەر بەئاسانی شیعری هەریەکێکیان دەناسێتەوە). (حەمە سەعید) چەند وردە ڕەخنەیەک لە دڵزار دەگرێ کە هەندێ وشەی بەهەڵە بەکارهێناوە وەک وشەی (چەنگ) لەجیاتی(چنگ) کە دەڵێ:

سەرو سامانی خۆ نا خەینە بەرچەنک
دوژمنی دڵ تەنگ
هەموو هاوار ئەکەین تێکڕا بەیەک دەنگ

وابزانم هەرکوردێک هەر وشەیەک بەکاربێنێ کە لەناوچەکەی خۆیدا لە زگماکەوە فێری بووە ناکرێ بەهەڵە دابنرێ، مەرج نییە بەکارهێنانی لە ناوچەیەکەدا ڕاست بێ و، لەناوچەیەکی دیکەدا هەڵەبێ دەگوترێ: چەنگی لێ گیرکرد، کەوتە بەرچەنگی، بەچەنگان تێیکرد، تەنانەت وشەی (چەنگاڵ)یش لە چەنگەوە هاتووە نەک چنگ هەردوو وشەش چەنگ و چنگ ڕاستن، دڵزاریش لە کۆپلە شیعرێکیدا (چنگ)ی بەکارهێناوە کە دەڵێ:

بەبێ ترسان و ڕاوەستان و سستی
لە زوڵم و وەحشەتی کۆنە پەرستی
لەڕەنج خۆرو خوێنمژان
لە زەبری میللەت کوژان
لە ئێش و لێدان
زنجیرو زیندان
لەچنگ مردن

لەمەش زیاتر (حەمە سەعید) دەڵێ: «دڵزار هەندێ جار لەڕووی زمانیشەوە نیشانەی پێکاوە» و ئەم نموونەیە دەێنێتەوە

کاتێ ئیمپریالیزم ڕیشەی لە ئەمریکا چەقاند
تۆوی ناکۆکی ڕوان و داری ناهەمواری چاند
لەسەر قسەکانی دەڕوات و دەڵێ:
تۆ دەوەشێنرێ، شەتڵ دەچێنرێ، نەمام دەڕوێنرێ،

دڵزار وەکو وردی دەڵێ (باخەوانیشی کردووە) بەلامەوە سەیرە کەوتۆتە ئەو غەفڵەتەوە.[10] بەلای منەوە (حەمە سەعید) خۆی کەوتۆتە غەفڵەتەوە، چونکە کورد دەڵێ: دارو درەختی چاندووە، داری چەقاند، داری چاند، جەژنی دارو درەخت چاندن، ڕوان زیاتر بۆ (نمو) واتە شین بوون بەکاردێ. دەگوترێ:



دارەکە ڕوا، دارەکە نەڕوا واتە شین بوو، شین نەبوو هەروا دار نێژتنیش دەوترێ، بۆیە ئەگەر لە زماندا تێکەڵی و پێکەڵی دروست نەبوو بۆ نموونە: خۆرو خۆڵ، مارو ماڵ، ڕێزو ڕیز، دەکرێ ئەو وشانە بەکاربێنێ کە نابنە مایەی ئیشکالیەت لە زماندا. لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر (دڵزار) جاروبار لەبەر هەندێ بونە پێویستی ڕۆژگار شێوازی کۆنی لەڕووی داڕشتنەوە پێڕەو کردبێ، لە دەرخستنی بیرو سۆزو ئەندێشەدا لە نوێخوازییەکە لای نەداوە، وەک شاعیرێکی کلاسیکی نوێ توانیویەتی ئەزموونە هەستکارییەکەی بەرجەستە بکات و لە ڕەوتەکە جێ نەمێنێ. هیوادارم لەم نووسینەدا بڕێک مافم بەشاعیر دابێ، بەتایبەتی لەو لایەنەی کە زیاتر مەبەستم بوو، وەک شاعیرێکی نوێخواز، بەپێی سەردەمەکەی و چوارچێوەی مێژوویی کە ناکرێ بەلای منەوە سنوورەکە ببڕێن و بەپێی بۆچوونی ئەمڕۆمان بەرامبەر شیعری کوردی شیعر هەڵسەنگێنین.[11]

پەراوێزەکان

١- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم دیوانی گۆران محەمەدی مەلاکەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. ١٩٨٠ ل٣ .

٢- گۆڤاری بەیان ژمارە (٢)ی ١٩٧١ .

٣- کاروانی شیعری نوێی کوردی- بەرگی یەکەم حەمە حەمە أمین قادر (کاکەی فەلاح) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٨ ل٣٩ .

٤- نازك الملائكة- قضايا الشعر المعاصر مطبعة دار التضامن- بغداد **١٩٦٢ ل٢٣** .

٥- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی- رفيق حيلمي- مطبعة التعليم العالي أربيل **١٩٨٨ ل ٢٠٦** .

٦- کاروانی شیعری نوێی کوردی ل١٠ .

٧- کاروانی شیعری نوێی کوردی ل٨٩ .

٨- دیوانی بەختیار زێوەر کۆکردنەوەی مەحموود زێوەر پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین ممستەفا ڕەسول پێشەکی نووسیوە چاپخانەی (الزمان) بەغداد.

٩- سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ئەدەبی دیکە- حەمە سەعید ستۆکهۆڵم ١٩٩٢ ل٦٤، ٦٢،٦٣ .

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٥ .

١١- نموونەکانی شیعری دڵزار لە دیوانی دڵزار- چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٩٢ وەرگیراوە.

# ڕێچکەی خوێن، یان ڕێچکەی ژیننامەی ئازاد دڵزار

«ڕێچکەی خوێن» کۆ شیعرێکی (ئازاد دڵزار)ە لە دوو توێی (٢١٢) لاپەڕەی قەبارە ناوەنجی شوێنی خۆی کردۆتەوەو سەرەتا لە (٢٣) لاپەڕەدا لەژێر ناوی «شتێک دەربارەی ئەزموونی شیعر نووسینم» کورتەیەکی خەستی ژیاننامەی خۆی لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا نیسانی ١٩٩٤ بەزمانێکی سفت و سۆڵی شاعیرانە بەسەرهاتی خۆی و ژینی ژان و ژارو هەڵکشان و داکشانی بنەماڵەکەی خۆیان دەگرێتەوە، لەپاڵ ئەوانەشدا تروسکە ڕووناکیەک دەخاتە سەر یەکەم هەنگاو بەرەو عەشقی هۆنراوەو خۆ ڕۆشنبیرکردنی بە کەلتووری کوردی و عەرەبی و جیهانی. ڕاستگۆیانە تەعبیر لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ دەکات و دەڵێت: «شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەبەرچاومەوە داگیرسا، شۆڕشگێڕانی دیوی بیتوێن و کۆیە لەسەر کانییەکەی هەیبەت سوڵتان کۆبوونەوە، خەڵکی کۆیە هاموشۆیان دەکردن، شەوان بەرامبەر شارو میری ئاگری گەورە گەورەیان دادەگیرساند و یاخیبوونیان ڕادەگەیاند.

ئەم جوولانەوە تازەیە بۆ منی مناڵکار وەرچەرخانێکی گەورە بوو، تازە هەستم دەکرد کە نەتەوەیەکی بەش خوراوم، شۆڕشگێڕان داوای ئەو مافانە دەکەن، بۆیە بەدڵ پێشمەرگەم خۆشدەویست و بەدیتنیان شاگەشکە دەبووم. خوێنگەرمانە داکۆکیم لە شۆڕش دەکردو ئەم هەڵوێستەم بەڕاشکاوی ڕادەگەیاند. بۆیە خۆم لەبەردەم دوو ڕێیانێکدا دۆزییەوە لە لایەک کوڕی پیاوێکی کۆمۆنیستی ناسراو بووم، ئەو سەردەمەش کۆمۆنیستەکان جوولانەوەی کوردیان بە جوولانەوەیەکی دەرەبەگایەتی دژ بە چارەسەرکردنی یاسای کشتوکاڵی دەدایە قەڵەم بۆیە قوتابی و لاوەکانیان خێسەیان لێ دەکردم!

زۆر لە قوتابیانی پارتیش کە لە دەرەوەی قوتابخانەشدا دۆست و ئاوەڵم بوون، هەردەم حسابی کۆمۆنیستیان بۆ دەکرم و کە دەگەیشتمە سنوورێکی دیاریکراو، دیوارێکی وەهمی لە نێوانماندا هەڵدەچێنرا، وەک نەوت و ئاو، هەرگیز تەواو تێکەڵ



نەدەبووین! بۆیە لەناوەوەدا نامۆ بووم، ئێستەشی لەگەڵدا بێ لەگەڵ ئەو نامۆیییەدا ڕاهاتووم و پەشیمانیش نیم!» بۆ ئەمانەتی مێژووش ئەوە دەڵێم کە بارزانی نەمر سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کرد ڕای کۆمۆنیستەکانیش گۆڕا بە بەیانی ڕەسمی ئەو ڕاستییەیان ڕاگەیاند.

کەواتە ئازاد دڵزار بەر لە پێ نانە جیهانی شیعر کە سەرەتاکەی بۆ ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە. بە هەستێکی نەتەوەیی و بیرێکی کراوە مامڵەت لەگەڵ سەرجەمی ئەو ڕووداوانە دەکات کە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەگەر چی ناکرێ بە تەواوەتی ماف بەو کۆمەڵە شیعرە بدرێت کە (١١٢) هۆنراوەی بەخۆوە گرتووە. بەڵام دەکرێت لەئاستی هەندێکیاندا هەڵوێستەیەک بکەین و باری سەرنجی برووسکەیی دەربڕین، کە چۆن نیشتمانی ئازیز، عەشقە پیرۆزەکەی ئەوەندە قووڵ چووەو لە دەروونا چەکەرەی کردووە، تا بۆتە نەخشی دڵ و، سۆزە بێگەردەکە ئەوەندە سەر دەکات کە دەبێتە هێزو وزەی شیعر:

دەیانەوێ چیتر شیعر
نەکەم بەزەردووی مەچەکی
سپی سپی هەر وەک بلوور
قژی کاڵی فەرامۆش کەم
چیتر بەرەو «باغی پاشا»
ڕێ دانەگرم بۆ گوڵی سوور

ئەم هاودژییەی نێوان ئارەزووی چنینی گوڵی سوور «گوڵی ئازادی» و قەدەغەکردن و هەڕەشە لێکردن، ئەو دوو حاڵەتە ناکۆکە لە زۆبەی هۆنراوەکانی شاعیردا تێبینی دەکرێت. بۆیە پاییزی شاعیر کۆچێکی سوورە، بەڵام هاوکات گەڕانەوەیە بەرەو بەهارێکی جاویدانی، ئەویش لە ڕێگەی کاروانی عەشقی ئازادی کە بەسەر پشتی ڕووباری خوێن گوزەر دەکات، ئەو پایزەی لای کەسانێ کە هەرەسهێنان و نووچدانە، هێمای چۆڵکردنی گۆڕەپانی خەباتە، بەڵام لای شاعیر بەردەوامبوون و خۆبەستنەوەیە بەڕەگەکانی خاک و، زەنگلێدانی مانەوەو شێلگێری و یاخیبوون و هەوار پارێزییە:

هەرچەند شەم ئێلاخ جێ بێڵێ
لە وەرزی گەڵاڕێزانێ
هەرگیز دڵە دێوانەکەم
هەواری ناگوێزێتەوە.

چەمی خوێن ڕێچکە دەبەستێ بەرەو کەناری ڕابردوو و تەکاندان، ئاوازی ژێی کەمان دەبێتە هاوارو نرکەو هاڕژنەی مژدەی ئازادی، گوێی کۆیلەکان پڕ دەکات، بەڵام ئەفسووس ئەو کۆیلانەی کە بە دەیان ڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپاکرد، ئێستە بێ سەرکردەن، بۆیە شاعیر لەنێوان دوو تەوەری ناکۆکیدایە، تەوەری بانگەشەی شۆڕشی کۆیلەکان و، نەبوونی سەرکردەی لێهاتوو:

بەڵام کوانێ سپارتاکۆس؟
دەی خێراکە
سپارتاکۆسی کۆیلەکان

زەمینەی شۆڕش لەبارەو ڕەخساوە، بەڵام نەبوونی سەرکردەی مێژوویی و پێویست بانگەوازەکە کپ دەکات، شاعیرجارێکی تر داوای تەکان و ڕابوون دەکات و دەڵێت: دەی خێراکە.

«فلۆرا»ی خواوەندی گوڵان و دایکی بەهار لای ڕۆمانییە کۆنەکان لای شاعیر دەبێتە گوێ بیستی هۆرەو بالۆرەو بلوێرو حەیران و چەمێکی پڕ ئاوازی هەمە جۆر دەخوڵقێنن، کە شاعیریش خۆی گۆیندەی ئەم چەمەیە، مافی خۆیەتی گەر بپرسێ:

تۆ بڵێی گۆرانییەکانم
لەو خاکە بەردەڵانەدا
گوڵ دەرنەکەن؟!

«لەژێر جەزرەبەدا» وێنەی قارەمانێکی بەر لەڕاپەڕینە کە شاعیر زیرەکانە بۆی کێشاوین، هەڵوێستی ڕەق و باوەڕی پتەوی بە جۆرێ دەردەخات لە ڕێگەی ڕاناوی بکەر دەمامکێکی بۆ سازدەکات و بە چاکترین دەسەڵاتی شیعر چارەسەری بابەتەکە بە شێوەیەکی ئازادانە دەکات. تیایا شەخسیەتی پێشمەرگە- خەباتگێڕەکە ون دەبێت، دوو شەخسیەت دەبن بەدوو ئاوێنەی بەرانبەر یەک، وێنەکێشانی واقیعێک



دوورنییە واقیعی خۆی بێت، یا هی کەسێکی تر، بۆ مەبەستێکی تایبەتی. کە خزمەتی دۆزە گشتییەکە دەکات.

هۆنراوەی «نێرگز فرۆش» هەڵگێڕانەوەو سەرەوژێر کردنی واقیعە، تێکەڵکردنی خەم و پەژارەی شاعیرە لەگەڵ جوانی و کەیفبازی بەهار. واقیعێکی نامۆی پڕ ئێش و ئازاری شاعیر لەناو واقیعی سروشتدا دەتوێتەوە، کە نوقمی جوانی و هەوابازییەکە شاعیر لەو حاڵەتە دەروونییە دەرباز دەکات و داهێنان و ئەفراندنی شاعیر لەوەوە دێ هەر وەک کۆلردج دەڵێت:

« *ئەو بابەتانە هەڵدەبژێرێ بە تەواوەتی دوورە لە خودی شەخسیەتی خۆی*» شاعیر بەوە گرەوی هونەر دەباتەوە کە دەبێتە بەشێک لە قەوارەی گشتی و مێژوویی ئەمڕۆ نوێبوونەوەو سروشتی نوێبوونەوە بەسەر شاعیراندا زاڵ دەبێت، بێباکی و گاڵتەکردنی بەزستان، دیوی ناوەوەی (ئازاد) دەگۆڕێ، سروشتی بەرچاو دەبێتە هێمای ژیانی ئایندەی. لە هۆنراوەی «*ئەو ڕۆژە دێ تۆش دێیتەوە*» شاعیر ڕێبوارێکی کاروانی خەباتە قۆناغ بە قۆناغ زەوی تەی دەکات، کە دەیەوێ لە قۆناغێ لادا نائومێد دەبێ کە شوێنەواری ئاوەدانی بەدی ناکات، ناچارە بەرەو لووتکە هەڵکشێ، لە ئاکامدا نائومێد نابێ، چاوی هەر لە ڕێگەیە، کە ئازیزەکەی ڕۆژی بێتەوە، وەک بووکی بەهار، بە کراسێکی سپی کە ڕەمزی ئاسوودەیی و ئاشتی و هێمنییە:

ئەو ڕۆژە دێ تۆش دێیتەوە
بەکراسێکی سپی تەنک
وەک دار گەرازی پشکوتوو
لەناوەختا.

گەڕانەوەی شاعیر بەرەو شاخ و ژیانی لادێ، مرۆڤ بەرەو دواوەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە هەستی دەروونی خۆیدا. هەرچەندە لە هەندێ شوێنا نائومێدی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم ڕەشبینییە حاڵەتێکی چەسپاو نییە بەڵکو بەرەو سەرفرازی و دواڕۆژێکی نوێی دەبات، لە هەمان کاتدا بەخۆداچوونەوەیە:

کە منداڵ بووم
نەمدەزانی ڕۆژێک دادێ

زامی شیعرو نیشتیمان و سەرەڕۆیی،

خەوی شەوانم دەزڕێنێ!

ئای لەو ڕۆژانەی ڕابردن!

کە وردیلەو ڕاژیلە بووم

ئای کە چەندە مناڵکارو

بەبێ ئاگاو ساویلکە بووم!

بەراوردکردنی دوو سەردەم، داننانە بە تۆڵەکردنەوەی ئەو سەردەمە ساویلکەو ساکارییەی شاعیر کە تەنیا بۆخۆی دەژیا، هەستێکی سەرەتایی دوور لەخۆبەدەستەوەدانی ئەو هێزە نادیارەی کە مرۆڤی خاوەن دۆزو هەستیار خۆی لەبەر ناگرێت و بەرەو پلاری قەدەرو چارەنووسی پەلکێش دەکات.

هەستکردن و ڕەفزکردنی گەشبینی دەوری مناڵییە، ئەم جۆرە هەستەش لە واقیعدا جیا ناکرێتەوەو مۆرکی هونەرکاری شاعیر دەردەخا و دەبێتە بنچینەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی. هۆنراوەی «ئەوان» و هۆنراوەی «هیوا» دوو تەوەری هاودژ بەیەکن، وەک دوو ئەڵقەی لێکترازاو. ماف دەخورێ و دەسەڵات نییە بۆ بەرگریکردن و بە گوللە وەڵام دەدرێتەوە، ئەو پشوو خواردنەوەیە وڵات ئاوس دەکات بەهارو سەربەستی و نان چونکە:

تەقەی تفەنگی سنوور بڕ

هێلانەی تازە دادەنێ

لەسەر داری هیوای ژیان

لە هۆنراوەی یەکەمدا ئێش و ئازاری دەروونی و شەت و پەتبوونی ڕۆح چەکەرە دەکەن و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی تر. هەڵکردنی با و بۆرانێکی بێ ئەمانە. کە لەلای شاعیر دەبێتە قەڵای دم دمی خۆڕاگر نەک بەشێوە مێژووییەکەی پێشوو، بەڵکو بەبیناکردنەوەیەکی نوێ، بۆیە قەڵا دەبێتە گیانێکی زیندووی ڕەمزی بەردەوامبوون و خۆڕاگرتن:

دم دم ئێستاش هەر دەسووتێ



زیندەرود ئێستاش دەگری

بۆ سوارەکانی لەپڕێڕین!

ڕێچکەی خوێن و قوربانیدان تا دێ بە خوڕتر دەبێت، یاخییەکان لە داردەدرێن ئەم ڕێچکەیە زنجیرەیەکی درێژی چەندین ئەڵقەی بەیەکەوە بەستراوە، ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی هۆنراوەکاندا خۆی دەنوێنێ لە «*چراوگ. ئەشکەوت، سوار، سمۆرە، گوێز، تەرزە، نیشانە، شلێر، گوڵاڵە، دۆزیانەوە، زمان، بریندار، شەهید، ڕێچکەی خوێن، حەمە، دایکی حەمە، نوێژ، قەڵادزێ، ڕووبار، چیا، تیزاب، ژێ، مەیخانە، مانگەشەو، تاد*».

دەتوانم ناویان بنێم شیعری بەرگری، بەڵام دوور لە ڕاپۆرت ئامێزی، وەک هەر جۆرە شیعرێکی سیاسی. شاعیر شیعری کردۆتە چەکی خەبات و یاخیبوون، هەر وەکو پاپلو نیرودا دەڵێ «دەبێ شاعیر شوێنی خۆی لە شەقام و لە کۆڕی جەنگ، هەروەها لە هەتاوو سێبەریشدا بکاتەوە».

هۆنراوەی «*مەست*» ڕاکردنە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعی سەپاو، ڕەواندنەوەی خەمەکان و دەرباز بوون بە خەیاڵ لە گرفتە دژوارەکان، کورد وتەنی «*ئاش لە خەیاڵێ ئاشەوان لە خەیاڵێ*» نێوان وەهم و واقیع. دوو تەوەرەی هاودژ، تەوزیفکردنی ئەم حاڵەتە بەو ڕاستگۆیی و سەر ڕاستییە، سەرکەوتنی شاعیر دەسەلمێنێ و، چارەسەرکردنی خودی و خێزانی هەوڵدانی لێک بەستنیان بەو شێوە خەیاڵ پڵاوە، واقیعە هەستپێکراوە دەردەخات:

من دەمەوێ غەمی ئەوان

بەمەی لەبیر خۆم بەرمەوە

بۆ سبەی شەو،

ئەوکاتەی کە لە دەرگەم دا

گوتیان: بڕۆ ئێمە چیتر

دەرگا لە مەست ناکەینەوە.

«مەیخانەی مانگەشەو» دوو ڕێگەی هاودژ، ڕێگەی ڕێچکەی، خوێن و ڕێگەی دوورە پەرێزی و تلانەوە بە خەمە گشتییەکان «ئەو نانە نانە ئەمرۆ لەخوانە» ئەم دیدو

بۆچوونە خەمیەو ڕێبازی بە پێچەوانە «ڕێگەی کۆچی سوور» ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە. دەکەونە ململانێ لەناو خودی شاعیردا، لە ئاکاما ڕێی کۆچی سوور بەردەوام دەبێت و شاعیرش ڕێبواری ئەو ڕێگەیە کە لەدوورەوە ترووسکەکەی بەدی دەکات و بۆی دەچێ:

ڕێی کۆچی سوور
هەرگیز ڕووت لێ وەرناگێڕم
ترووسکەی دوور

چەندین شیعری تر چاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوە بوون بەتایبەتی (نان) و بەهاری دۆڕاو، بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ لواو ئەگەر کەمێکیش لە ترپەو ریتمی شیعرەکان بەگشتی وردبینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە شاعیر ئەوەندە خۆی بەسەروا نەبەستۆتەوە، بەشێوەیەکی خۆنەویست کێشی هەمە جۆری پەنجە بەکارهاتووە، ژیانی چەند ناوچەیەکی جیاواز و دەربەدەری و مامۆستایەتی بەتایبەتی لەلادێدا یارمەتییەکی تەواویان داوە کە بەزمانێکی سفت و سۆڵ و پاراو و ڕەوان پەیڤەکان لە بۆتەی شیعردا دابڕێژێ و تام و چێژێکی تایبەت بە هۆنراوەکانی ببەخشێ و گرەوی هونەر بباتەوەو، ئازاد دڵزار ببێتە شاعیرێکی خاوەن دەنگ و ڕەنگی تایبەت بەخۆی و لێکۆڵینەوەی جیاجیا لەسەر شیعرەکانی بکرێت، زۆر لەوە زیاتر هەڵبگرن کە بەم شێوەی لە سەرم نووسین و بەلای منەوە ناچێتە خانەی لێکۆڵینەوە.



## پردێک لەنێوان
## دوێنێ و ئەمڕۆ لە کۆشیعری هەژانی بەردی نەوزاد ڕەفعەتدا

(نەوزاد رەفعەت) هەر لەگەڵ گرووپی ڕوانگەدا وەک شاعیرێک هاتە نێو دنیای شیعرو شاعیرانەوە، لەو دەمەشەوە تا ئێستا لە کاروانی خۆ نوێکردنەوەدا جێ نەماوە، ئەو چوار بەرهەمەی کە بەچاپی گەیاندوون، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێچکە شیعرییەن کە شاعیر گرتوویەتییە بەرو لەسەری بەردەوامە.

ڕایەڵکردنی پردێک لەنێوان کۆن و هاوچەرخدا

شاعیر لەکۆ شیعری «هەژانی بەرد»دا، زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ موفرەداتی کۆن دەکات، بەتایبەتی میسۆلۆژیا وەک هزرێکی مرۆڤ خوازانەی سەرەتای هەڵوێستێکی دروستکەرانەی لێ وەردەگرێ، کە لە ڕێگەی ئەوەوە چۆن لە واقیعی بەرچاو بگەین و تۆزوگەردی ڕووە شێواوەکەی لێ دابتەکێنین و، پەردە لە ڕووە دەمامکراوەکان و کەلەبەر و ناکۆکی و پێوەندییە نامرۆییەکان هەڵماڵین. ئەم تێگەیشتن و بۆچوونەی شاعیر بەو شێوەیە وردە تەوزیفکردنێکی هۆشمەندانەی ئەفسانەیە کە دەیەوێت کرۆک و کاکڵە بێگەردو سەرچاوە مرۆییەکەی بخاتە بەر تیشکی خۆر و ڕوانینێکی نوێی مرۆڤێکی نوێی پێ ببەخشێ.

شاعیر ئەو ئازادی کەشوهەوایە کراوەی لەدنیای ئەفسانەدا دەیبینێ، لەواقیعی کۆت و بەندکراویی ئەمڕۆدا بەدی ناکات، کوا ئەو بەرائەت و بێگەردییەی ئەوکات، کە مرۆڤ بە خەیاڵ لەسەر پشتی سیمرخ، باڵی هوما گەشت بکات و بخەوێ؟!.

بە گورگە لووری شەیپووران بڵێن: بێدەنگ.
بڵێن: بێڵن تاوێ لەژێر سێبەری پەلکە زێڕینەی
ئاڵووالای باڵی هومادا بخەون.
بێڵن لەگەڵ فریشتەی ئەودیو کاتشوێندا بکەونەڕێ.
بێڵن هەرداو هەرد .. دەشتاو دەشت.

دوای پەپوولە سپییەکانی مێرگی بێ (مین)دا بکەون.
بێڵن هەندێ پەڕەمووچەی میهرەبانیی شاتاوسیان لێ ببارێ.

گاو گەردوون، هوما، فریشتە، شاتاوس، مێرگی بێ مین، بەستنەوەی ئەو موفرەداتانە بەیەکەوە، بەستنەوەی کلتووری ئاشووری و کوردی یەزیدییە بە واقیعی ئەمڕۆ.

(هوما) یا هومایون ئەو باڵدارەیە کە خەڵکی کۆن وایان دەزانی ئەوەی بکەوێتە سەر پشتی یا ژێر سێبەری دەگاتە باڵاترین پایە، پەڕەمووچی میهرەبانیی مەلەکە تاوس، ڕەمزی بەزەیی و خۆشەویستی و دلۆڤانییە، پەپوولەی سپی مێرگی بێ (مین) کە ئەمڕۆ لە کوردستانی وێرانە خاکدا نزیکەی بیست ملیۆن (مین) چێنراوە، کە نەک تەنیا ڕۆژانە لەژێر پێی دەیان کەس دەتەقنەوە، بەڵکو تەنانەت مێرگ و مێرغوزاریشیان لە پەپوولەی سپی حەرام کردووە، ئەم دوو هاوکێشەیەی کە شاعیر ڕەخساندوونی بەڵگەی زیرەکی ئەوە لە چۆنیەتی تەوزیفکردنی ئەفسانە بۆ ڕیسواو مەحکوومکردنی واقیعی ئەمڕۆو گەڕانەوە بۆ سەردەمی باوی میسۆلۆژیاو خەیاڵی فەنتازی و بێگەردی ژیان. شێواندنی واقیعی ئەمڕۆ گەیشتە ڕادەیەک کە چەک بەدەستی دڵڕەقی داخ لە دڵ، کەفوکوڵی خۆی بە حاجی لەقلەقی بەستەزمان دابڕێژێ، کە بە دەیان ساڵە وەچە دوای وەچە، بە گیانێکی پڕ وەفاو ئەمەکداری، لووتکەی منارەی مزگەوتی خانەقایان کردبووە لانەی هەمیشەییيان، بەڵام بەداخەوە پاش گوللە بارانکردنیان و لەخوێن گەوزاندنیان و دڵشکانی بێچووەو وەچەکانیان، تازە دڵیان شکاوە، چۆن بێنەوەو ئەگەر بێنەوەش، دەبێ ئەم واقیعە تفت و تاڵە بگۆڕێ:

بێنەوە دەڵێن لەو باخە شۆخوشەنگە
ناوکە سێومان بۆ هەڵمەدەن
جۆللا نەیێکمان لە چێژی ئاسوودەیی
لە خەرمانەی تریقانەوە بۆ هەڵخەن.

شاعیر داوا لەو کەسانە دەکات کەلە دۆزەخدا پاک بوونەتەوە، گوناهیان شۆڕاوەتەوە، لە خاوێنگەکەدا دەرچوون، لە ڕێگەی داستانی گاوگەردوون گەشتی



قوربانیی گیای ژیان، کە (کەڵەگامێش) لە دارستانی (خەمبابا) دۆزییەوە بۆ ئەوەی دوای مەرگی (ئەنکیدۆ) نەمری و جاویدانی بۆ گەلەکەی بڕەخسێنێ، بەڵام مارەکە خواردی و نائومێد بوو، وا ئێستا ئەو گیایەی جاویدانی کە ڕزگاربوونی بەشێکە لە کوردستان، با بەرەو دەرگای پەرستگەیێ بەرین، تا نەمری مەرگ ببەزێنێ.

هۆنراوەی (دەربازبوون)، هەمان ڕوانین و جیهانبینیی شاعیرە کە دەڵێ:

ئەوا قەد قەد گۆشتتی ڕانم
یا زمانم
دەبەخشمە ئەو سیمرخە فریاد ڕەسە میهرەبانەی
بەتەمامە پێی کۆرپانە لە قەپێلکی هێلکەی
پیسی زەمانی زڕ.
لە ئاگردانی دۆزەخی پڕ بێ گوناە
بترازێنم و بێمە دەرێ.
لە تەوتەمی ژێر زەمینی تاریکی سڕ،
لە کێوی قافی دالاشی جگەرخۆرە،
لە چاوەڕوانیی بێهوودەو قوولایی وشکی ئەم بیرە،
دەربازبم و زریانانە بکەومە ڕێ.

ڕاکردنی (نەوزاد ڕەفعەت) لەو واقیعەی دووچاری بووەو پەنا بردنە بەر سیمرخ بۆ دەربازکردنی، لەدواییدا گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و ورووژاندنی چەندین پرسیار وەک منداڵێک و ڕووبەروو کردنەوەیان بۆ دایک، گەڕانە بەدوای تێگەیشتنی دنیاو نهێنییەکانی، شیکردنەوەی ئەو شتانەیە لە دەوروبەریدا کە دوێنێ و ئەمڕۆی بیر دەخەنەوە، دەیەوێت بچێتە ناو جەرگەی جیهان و زریانانە بکەوێتە ڕێ. بەدوای جیهانێکی یۆتۆپیای فەنتازی دەگەڕێ و دەگەڕێ، پشت بە جیهانی خەیاڵ و ئەفسانە دەبەستێ، دیوی ناوەخۆی لە ڕێگەی مامڵەت کردنی لەگەڵ دابونەریت و ئاکاری کۆندا دەردەخات، ترسی لە چارەنووسی خۆی هەیە، نیگەرانە لەو ڕۆژگارەی کە تێیدا بە زۆرەملێ دەژی، کە دەری دەبڕێ، مێژووی دەوری منداڵی و هەرزەکاری و ئەفسانەیە، خۆشی و کامەرانی و ئاسوودەیی و خەڵکی تر لەو ژیانە

ئەفسـانـاوییە بێگەردەی زەمـانـی کۆن دەبینێ، کە بوونـەتە مێـژووی ڕامـانـی هزر و بیرکردنەوەکانی، ئەم جۆرە شێوازە، ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی مانای ژیان و بوونە بە لۆجێکی سۆزدار، کە ئایین تێکەڵ بە مێژوو دەبێ، زانست تێکەڵ بە خەیاڵ، خەوبینین تێکەڵ بە واقیع:

هەرداو هەرد.. دەشتاو دەشت بڕۆ.
شاخ و شاخ.. شاراو شار بڕۆ.
بەڕێوە تاڵیشک بخۆ.
مەگەڕێوە.
هەتا هەتایە چەرخانە بسووڕێوە.
بۆخۆم و خۆت
بۆ ووجاخی کوێر بۆ سێوێ،
بۆنیو سێو،
لەتێ بگەڕێ.
هەموو ڕۆژێ بە درەختی ئومێدێکدا هەڵبگەڕێ،
....
هەنگاو هەڵێنەو بگەڕێ.
بێ کاڵەی ئاسن و زرێ
هەتا خۆی لەسەر بەرد دەڕوێ
هەتا گیای ئاسوودەییت دەست دەکەوێ
خێرا.. بگەڕێ.. بگەڕێ.

هەرچەند لە بڕگـەی کـۆتایی هۆنراوەی (دەربـازبوون)دا شـاعیـر واقـیـعـیـانە بیـر دەکـاتەوەو کـاڵەی ئاسـن و زرێ بەلاوە دەنێ و ئـومـێـدێکی گـەش بە کـەسـی دووەم (ڕاناوی ئاخـاوتراو) دەبەخـشێ کە هەر لە گـەڕان بێ، تا گـیـای ئاسـوودەیی دەست دەکەوێ و خـۆی لەسـەر بەرد دەڕوێ کە گـەڕان و سـووڕانێکی زۆیان گـەرەکە، بەڵام سیمـاو ڕ،خساری شیعرەکە ئەفسانە ئامێزەو ئەو موفرەداتانەی بەکاری هێناون، ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەن: سـیـمـرخ، دۆزەخی پڕ بێ گوناە، کێوی قـاف، دالاشی



جگەر خـۆرە، تەوتەمی ژێر زەمـین، شـوێن پێی پـەری، حیکایەتـی تەلیسـمـەکـان، چل کەزی، شـای ئەجندان، ئەسپە ئاوی.

لێرەدا ئەو جـۆرە تەوزیفکردنەی ئەفسـانە لای شـاعیـر دەبێتە کـەرەسـتـەیەکی بەپێز، کە ڕوانینی مرۆڤی سەرەتایی دەردەخات، زیاتر گەڕانەوەیە وەک (گرێی گەڕانەوە) بۆ دواوە، بۆ ڕابردوو، کـە تێکەڵەی جـادوو و ئایین و مـێـژوو و ڕامـان و زانسـتی دەگەڕێتـەوەو بەشێـوەیەکی خەیاڵ ئامێز هۆنراوەتەوە، ڕووداوەکان وا خـۆیان دەنوێنن کە خەونی منداڵین لە سەردەمی ئەفسانەدا.

ئەو جۆرە لۆجیکەش، لۆجیکی ئەفسانەو ناماقووڵ و ناشـوێنکاتە، لەو حاڵەتەدا ئەم هۆنراوەیەی شـاعیـر دەچێـتە خـانەی ئەفسـانەی نێوان خـەون و واقـیع، زیندەخـەون. (مـۆمیـا) هۆنراوەیەکی تری شـاعیرە، کـە وێنەی واقـیعی ئەمرۆمـان بۆ دەکێشێ، کە پڕە لە ناکـۆکی و بێ سـەروبەری، مـایەی نـاڕەزایی و گلەییکردنە، پڕیەتی لە کـەلەبەری وێرانکـاری و ژیانێکی بەندکـراو بـەو سـیـسـتـەم و یاسـایانەی ڕێگە بـڕن لە بەردەم ئازادی مـرۆڤ، بەربـەسـتن لەبەردەم ئارەزوو و تاسـەکـانی بۆ ئاسـوودەیی و دڵنـیـایی، مرۆڤ لەو واقیعەی تێیدا دەژی ئاوارەو نامۆیە، مرۆڤی شیاو لە شوێنی شیاوی خۆی دانانـدرێ، هـەمـوو هەوڵ و تـەقـەلایە بـاشـەکـان پووچەڵ و نەزۆک دەرچـوون،، ئەم هـۆنـراوەیـە هـاوارو هـاڕژنـی وەرسـی و تـووڕەیـی و نـاڕەزایـی دەربـڕینـە، بەڵام لـە بۆتەیەکی هونـەریدا، ئەم واقـیـعە، واقـیـعێکی دەستکردی مـۆمـیـا کـراوە، دژی یاسـاو ڕێسای سروشتە، بۆیە ئەوەتا دەڵێ:

لە نزیکیی مردن و بوون
لە سیرامیک و بەرد دەچووین
شـەوانی سـووتان و لەرزی فـێـی تووڕەیی و خـواردنەوەش جگـەرەی وەڕسـی
دەکێشاوخۆی دەنواند:
من هەمیشە نەمامی نەزۆکم ڕواند
هەر تۆوی پووچەڵم وەشاند
بەردەرگای باخچەی بابلی (میدیا)ی خۆمم

بە نووشتاوی بە تاڵ ڕشاند
باوەشم بۆ تارمایی و داوەڵ کردەوە.
هەڵبەستم بۆ ئەجندە و گڵکۆ خوێندەوە.
کەڕەتێ زایەڵەی زەنگی ژەنگنی جوانی نەبیسرا
تیری کوشندەی سەردەمی وێکهاتنەوە
عەزیای زێی هەستی نەپێکا.
ستەمە پەنجەی نابەڵەد ساز بژەنێ.
حەیفە دەنگ ناساز لە ریزی کەلەشێری
پۆپنەو هێلکە زێڕ بخوێنێ.

بەقەد ئەوەی ئەمڕۆ شاعیر لە وڵاتی خۆیدا لەناو ئەو هەموو ناکۆکی و جیاکارییانەو گرفتانەدا دەژییێت و تووشی نامۆیی بووەو سەری خۆی هەڵدەگرێ، کەچی هەر تەنیایەو ئاوارەو نامۆیە، نیگەران و شپرزەیەو چاری ناچارە، هەرچەندە تاسەی خەیاڵ دەیباتەوەو زیندە خەو بەباڵی سیمرخ بەرەو جیهانێکی دی دەبات، جاروبارێش سکاڵای دەردی خۆی بۆ مانگ هەڵدەڕێژێ، بەڵام هەمیشە بێدارە:

جارنا جار لەناکاو لەخەودا دەشێوێ
گەواڵەی بەردینی مۆتەکەش
تاوادەی موناجات
تا سەحەر نارەوێ.

شاعیر خوازیارەو لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەجیهانێکدا بگەڕێ، دەکارێ بیگێڕێتەوە باوەشی شتێک لە سروشتییە سەرەتاییەکەی کە لەگەڵ ڕامان و قووڵبوونەوەکانیدا بگونجێ، خواستی مرۆڤی ئەم سەردەمەش بۆ گەڕانەوەی سەردەمی ئەو جیهانەی گەرەکیەتی، گەڕانەوەیە بۆ بەرگی یەکەم، بەرەو ئەفسانە، کە بەهەمان هەست و سۆز و ئەندێشە بەرجەستەی بکات، تەوزیفی بکات، ئەو جیهانەی بۆ برەخسێنێ کە بە وشە و پەیڤەکانی گەرەکیەتی سرووتەکانی ڕەفتار بکات، هەرچەندە کە بەکات و شوێن تا بڵێی لێک دوورن، بەڵام لە چنینی ئەفسانەدا مرۆڤ بە مرۆڤ دەگاتەوە، بەم



جۆرە شاعیر توانیویەتی ئەو جیهانە مۆمیا کراوەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە مەحکووم بکات و کۆمەڵێک پرسیار بورووژێنی و بڵێ:

ماسیگری دەریای مردوو بۆ تۆڕ هەڵدا؟.
هەنگی مێرگی خۆڵەمێشین کوێ هەڵمژێ؟.
(جەمشید) لە جامی بەتاڵدا چۆن بڕوانێ؟.
(خەییام) تینووتر لە لم
لەنێو سواڵەتی کووپەدا چ ببێژێ؟.
کۆرپەی بەرمەمکی مۆمیاژن کەی شیر بمژێ؟.

هەر لەم تەوزیفکردنەی ئەفسانەدا شاعیر دەسەڵاتی خوڵقاندن و ئەفراندنی خۆی دەسەلمێنێ. گەڕانەوەی شاعیر بۆ جیهانی ئەفسانەو میتۆلۆژیای کوردی و جیهانی، جۆرە نوێخوازییەکی بە شاعیر بەخشیوە کە ڕوانینی بۆ شتەکان، لە گۆڕانکاریدا بێ، لە واقیعی بازاڕی و شتی ڕۆژانە دوورکەوێتەوە، سوود لە سۆسیۆلۆژیاو سایکۆلۆژیا وەربگرێ، سرووش و ئیلهام لە ئەفسانە وەربگرێ و ناوەڕۆکی نوێی پێ ببەخشێ و شیعری کوردی پێ دەوڵەمەند بکات و خوێنێکی نوێی لە جەستەیدا بگەڕێنێ، کە ڕوانینی شاعیر بەرانبەر ژیان بە هەموو ناکۆکی و نالەباری و ناڕەواکانییەوە پێچەوانە بکاتەوە، بۆ ئەوەی بگاتە واقیعێکی کە سرووشەکەی بیهێنێتەوە کایەوەو تەوزیفکردن و بەکارهێنانی ئەفسانە بینا ئەفسوناوییەکەی هەڵچنن.

گومانیش لەوەدا نییە پەنا بردنەبەر ئەفسانە کە زۆربەی شاعیرانی ناوداری جیهانی لە داڕشتنی کاری هونەریدا پشتیان پێ بەستووە، نیشانەی هەڵوێستێکی هاوچەرخانەیە، ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش لەوەوە هاتووە کە شاعیر بەحوکمی ئەوەی خاوەنی هەستێکی بەجۆش و سۆزێکی بەتاو و گوڕ و ئەندێشەیەکی فەنتازیانەیە بەو جیهانە مۆمیا کراوە ڕازی نییەو پێی هەزم ناکرێ کە پێوەندی نرخ و بەهای نامرۆڤانە خۆیان بەسەریدا سەپاندووە، بۆیە لە ئەلتەرناتیڤێک دەگەڕێ کە حەز و ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە «شاعیری هاوچەرخ کە پێڕەوی شێوازی ئەلیوتی دەکات، لە ڕاستیدا کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ئاوو هەوای ئەلیوتی– لە

هۆشـمـەندییـەوە بێ یا ناهۆشـمـەندی. مـەبەسـتی پڕکـردنەوەی ئەو کـەلەبەرەیە کـە لەنێوانی ئەو وێرانە جیهانەی دەیبینێ و ئەو جیهانەی گەرەکیەتی و ئاواتەخوازیەتی لێک جیابکاتەوە کە ببێ وەک چۆن وێنەی کێشاوە، کە ئەو بەهاو دابو نەریتانەی تێدایەو داوایان دەکات و لەو باوەڕەدایە ڕێگەی سەرفرازییە، واتە شاعیر خراپترین جیهانمان بۆ وێنە دەکێشێ و باشترین جیهان دەوڵەمەند دەکات، لەسەر پردی ئەفسانەو ڕەمز، لە وێنەکێشانەوە بەرەو گۆڕانی دەپەڕێتەوە.[1]

(هەڵدێر) هەمان ڕێچکەی بەراوردکردنی ئەمڕۆ و خەیاڵی باڵگرتووی شاعیرە بۆ جیهانێکی نوێ، مەبەستی پیادەکردنی خەون و ئارەزووی زۆر و زەبەندە، پیادەکردنی ئەو خودەی دەنگە ڕەسەنەکەی خەفەکراوە، دەنگی ڕاشکاوی بێزاری و دادو بێداد لەدەست ئەو ژیانەو پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤێکی نوێ بۆ ئەو جیهانەی ئەم ڕۆژگارە پڕ لە سەیرو سەمەرەو ناکۆکی و جیاوازییە، ڕەتکردنەوەی یاساو سیستەمی داپلۆسین و سەرکوتکردن و نائومێدی و شکستهێنانی شارستانییەت و ژیاری ئەمڕۆ، گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، بەکارهێنانی ڕەمزو هێما. ئەم جۆرە ئەزموونە شیعرییە (وەرگر– متلقی) دەخاتە بەردەم خۆ دەربازکردن لە قەناعەتکردن بەو واقیعە نامۆیەو بیرکردنەوەو ڕامانێکی نوێ، کە شاعیر گەرەکیەتی دنیایەکی چاکترو ڕووناکتر و بەختەوەرتر بخولقێنێ:

دۆزەخ..
دۆزەخ لەوەدایە مەزار ناڵە ناڵی لێ هەڵدەسێ
دۆزەخ لەوەدایە گوێچکە بێدەنگیی بەردیش دەبیسێ
دۆزەخ لەوەدایە نیگا
پێش کاروانچی.. هەڵدێری ڕێ و
پێش خەیاڵی ئەستێرە ناس
ئەودیو کێوی ئەمڕۆو سبەی بەدی دەکا.
دۆزەخ ئەوەیە مۆرانەی ترس و گومان ئێسقان دەخوا.
قورینگەکانیش لەترسان
قەتار قەتار... هەوارو کوێستانیان گۆڕی.



گوڵەکانیش بێ ماڵئاوایی و دەستگوشین
یەکە یەکە گەڕانەوە... گەڕانەوە بە زویری.

ئەمە دیوی دەرەوەی واقیعە دەستکردەکەیەو شاعیر هەنگاو بەرەو دەربازبوون دەنێ، بۆ دواوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێشوو میلی سەعات بۆ دواوە دەگێڕێتەوە، چاو بەڕۆژانی ڕۆژژمێر دەخشێنێتەوە، چونکە ئێستا:

ئەوێستا دڵ سێوێکە کرم لێی داوە.
تەنانەت توانای خوێندنەوەی
ڕۆمانی وەک (زنگەکانی بۆکێ لێدەدرێن)یشم نەماوە.
ئای خۆشبەختی چ قەوانێکی سواوە!!!.

شاعیر هەر بەخۆ خواردنەوە لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوویدا ناوەستێ، بەڵکو پەنادەباتە بەر سیمرخ تا لە وواقیعەی دەرباز بکات و بەرەو واقیعێکی دیکەی بەرێ کە لەو ژیانە مردارەی کە گیری تێدا خواردووە دەربچێ و هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشێ و تاوێ لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکدا بحەسێتەوە:

پشتی سیمرخێکی سپیم لە یاددایە
سەرمانی پێ لەم هەڵدێرە کوشندەیە بدزینەوە.
جوانی و چاکی و پاکی پێ بگوێزینەوە.
وەرن پێکەوە دانیشین.
پێکرا چایێ،
پێکرا ساردێ،
پێکرا پێکێ بخۆینەوە.
یەکەو جگەرە بکێشین.
هەناسەیێکیش بۆ مەلی مرداری تەمەن هەڵکێشین.

نائومێدیی شاعیر بەدوا ڕۆژ و ئایندەی کوردستان ئەوەندە سەردەکات کە درەختەکەی بەدەست ڕەشەباوە هەژاوەو کۆرپەلەی خەونیش لەمێژە نێژراوە، ئەوەندە گوناهیشی بەرانبەر کراوە کە زەحمەتە بشوورێتەوە، بۆیە پرسیار دەکات، پرسیار

وورووژاندنیش نیشانەی هۆشمەندیی دەرسکردنی شاعیرە بەو مەینەتەی گەلەکەمان پێوەی دەناڵێ:

پەڵەکانی ئەم بەڵایە ناگەهانە
بەچەند تۆبە و زیکری خەڵوەت.
بەچەند پاڕانەوەو نزا،
لەچند نوێژی لەدڵڕا... پاک دەبنەوە؟
وا ئاسمانی شەوی ناهەموار ڕوون بۆوەو
بریا دەستی باڵاو پیرۆزی (ئایروس)یش
بنە زەیتوونێکی گەشی لە وێرانە خاکدا دەناشت.

لێرەدا شاعیر پەنا دەباتە بەر ئایین بۆ پاکبوونەوەی ئەو بەڵایانەی کە بەدەستی خۆمان، پشتاوپشت وەچە دوای وەچە، تووشی ئەم کوردستانەمان کردووە، ئایا بە چ جۆرێک گوناهەکان دەشۆرێنەوەو ئایین لەگەڵ مێژوودا تێکەڵ دەبێ، ئاسمانی شەوی تار ڕۆژی بەدواوە دێ، ڕاستییەکان دەردەکەون و بەبێژینگ ناگیرێن، مەترسییەکان تا دێ زیاتر دەبن و هەڕەشە لە ئەزموونەکەمان دەکەن، بۆیە شاعیر خوازیاری دەستی پیرۆز و باڵای ڕەمزی خۆشەویستییە کە (ئایرۆس)ەو بنە زەیتوونێکە ئەو زەیتوونەی لای حەزرەتی مەسیح بووە ڕەمزو هێمای ئاشتی. ئەم پەنابردنەی بەر ڕەمز کە زەیتوونەو، زەیتوونیش ڕەمزی ئاشتییەو بۆتە سرووتێکی بەربڵاوی جیهانی، کێ ئەو ڕەمزە بڕوێنێ لە وێرانە خاکدا، (ئایرۆس)ی ڕەمزی خۆشەویستی؟!.

ئەگەر شاعیر هیوا خوازی ئەوەبا بەشێوەیەکی ڕووکەشانە ڕەمزەکە بەکاربێنێ، ئەوە مۆرکێکی ڕاپۆرتی و خیتابی بە هۆنراوەکەی دەدا، هێزو پێزەکەی لەشێوەی بەکارهێنان و تەوزیفکردنی ڕەمزەکەوە دێ. وەک سرووتێکی ئایینی و سیاسی، سرووتی لەیەک بووردن و بەکارهێنانی عەقڵی کراوەی ئاشتیخوازانە.

لێرەدا بەکارهێنانی (ئایرۆس) وەک ئەفسانەیەکی ئایینی و زەیتوون وەک ڕەمزی ئاشتی، فاکتەری هاوبەشی نێوان شیعرو ئایین، هەڵبەت ئەم جۆرە ئاواتەش کە پەنابردنەبەر خوای خۆشەویستی و بنەزەیتوونە، پایەیەکی بەرز لەناو ئایینەدا داگیر دەکات و شتێکی لە ئاسا بەدەرە ڕۆشنبیرانی نوێخواز لەوە دانین کە باوەڕی پێ



بکەن «وا دیارە ئەمەش بۆ دوو هەڵوێست دەگەڕێتەوە یەکەمیان: هەڵوێستی ئەفسانەو هەڵوێستی شیعر، چونکە هەڵوێستی ئەفسانەیی لەناو جەرگەیدا شیعرییە کە هەڵوێستی ململانێیەکی بەردەوامە لە نێوان مرۆڤ و بووندا، دووەم: هەڵوێستی شاعیرو هەڵوێستی دروستکاری ئەفسانەیە، کە هەردووکیان لە هەمان جیهاندا دەژین»(٢)

کەواتە ئەفسانە فاکتەری هاوبەشی نێوان ئایین و شیعرە، چونکە شاعیر وەک لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ، چاو بۆ سەردەمی کۆن دەگێڕێتەوە، سەردەمی پیرۆزی و پاکی و بێگەردی و ئازایەتی و سۆفیگەری.

لە پەنابردنەبەر ئەفسانەیەشدا جۆرە نوێکردنەوەو گۆڕانکارییەک بەدی دەکات، کە ئەمەش هێماو نیشانەی گەوهەری ژیانە، کە دەبێ بەردەوام لە گۆڕاندا بێ، وشکبوونەوەو ڕەق هەڵاتن و خۆ خواردنەوەو چوونە ناو قاوغ و دوورەپەرێزی، بەڵگەی مردنی لەسەرخۆیە. هۆنراوەی (جۆشان) ئاوێتەکردنی واقیع و ئەفسانەیە:

ئەم زێدە کانیی دیرۆکی سەد (ئاگری)و
لانەی لاوک و سترانی سەوداسەریی ئەنجام تاڵە.
ئەم زێدە تژی ئەفسانەو خڕ ڕۆمانی دێوی زاڵە.
وا مسی ترس شکێنی منداڵانیش
شێوەی هەمان ڕمووزن و دێوەزمە لەخۆ دەگرێ.
چەکوشی کێ دڵی ڕەقی دێوانی پێ نەرم دەکرێ؟.

دوای ئەوەی شاعیر لە تەقەللایەکی هونەرمەندانەدا بەشێوەیەکی زیرەکانە وێنەی واقیع دەکێشێ و گیروگرفت و لایەنە خراپ و ترس و لەرزو هیواو ئاوات و خواستن و بیروڕاو بەهاو هەڵوێست بەرجەستە دەکات، بەرەو واقیعێکی دی هەنگاو هەڵدێنێ، کە ئەفسانە لەگەڵ واقیعی نوێدا دەگونجێنێ، ئەمەش ڕەخساندنی جیهانێکی تازەیە:

گوێم لە نرکەی ژانی ماینە حدوودێکەو
ناشێ نیوچەوانی جوانووی ڕانەمووسم.
ناشێ.. ناشێ.. شتێکی لە گوێرەی خۆمی بۆ نەنووسم.

ئەها.. هەتاو چەند ئاڵ و كۆك هەڵهاتووە.

چ ڕۆژێكی پڕشنگدارە داهاتووە!!.

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەرزەكاری، ئەم دیاردەیەش لە شیعری زۆر شاعیراندا بەدی دەكرێ، گەڕانەوە بۆ زێدو یەكەم خانوو و یەكەم كۆڵان و یەكەم قوتابخانە، ئەمانە گشتیان ئیستاتیكای شوێن نیشان دەدەن، كە مرۆڤ پێ دەنێتە تەمەنێكی تایبەتی، ئاواتە خوارە بگەڕێتەوە یەكەمین مەڵبەندی سەردەمی منداڵیو سەردەمی ئەڤین و خۆشەویستی و هەمیشە هەست و سۆزی بۆ یەكەم ماڵ و یەكەمین خۆشەویست دەچێ، وەك شاعیرێكی عەرەب دەڵێ:

كم منزل في الارض يألفه الفتى

وحنينه أبداً لأول منزل

متع فؤادك ما أستطعت من الهوى

ما الحب إلا للحبيب الأول

شاعیریی ئێمەش (نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێ:

مەملەكەتی دۆزینەوەی زەڕنەقووتەش

بەر هەڵدایی و دەربازبوونە: یۆتۆپیایە.

گەڕانەوەش بۆ قۆزاخەی یەكەم ماڵ و یەكەم كۆڵان

یەكەم نامەو یەكەمین ماچی دەسگیران

خۆشترین چێژ،

چەقی ئارامیی دنیایە.

بەڵام بەداخەوە ئەگەر كارو ڕەفتارەكانی دەوری منداڵی و هەرزەكاری و لاوێتی پێشتر هەموو خەمەكانی شاعیریان دەسڕیەوە ئەوە ئەمەشی پێ ڕەوا نابینن و ژیانیان لێ كردۆتە دۆزەخ، هەر بۆیەش بەیادی ئەو ڕۆژگارە خۆشانەی ڕابردووەوە دەژی و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو مەینەتەی كە ئێستا گیری پێوە خواردووە دەردەبڕێ:

ئەم قۆزاخە ئارامەشیان لێ شكاندم.



ئەم خانووچكە ناوازەشیان گەمارۆدام.

جا خاپوورەكەی بەهەشتی

منداڵی و بیرەوەریی كۆن

دۆزەخیترن یا... نیرۆن؟.

نامۆیی شاعیر لەمەوە دێ... شتەكان گۆڕاون، هاوڕێیانی تەمەنی منداڵی دیارنین، دیمەنەكان، شوێنەكان وەك خۆیان نەماون، دنیایەكی نامۆیە:

نەدرزی دەرگای كچی شەنگ

بە بیانوویێ بۆ چاوبڕكێ دەكرێتەوە.

نە ئاشناو ناسیاوێكیش بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە.

گەڕەگ ئاشكرا ڕنۆكی دڕندانەی دەورو زەمانی پێوەیە.

ئەو دڕندە ناقۆڵایە بۆ ڕوخسارو ڕۆحی منیش بەڕێوەیە؟.

من لەم هەڵسەنگاندن و نرخاندنەدا تەنیا لەلایەنی تەوزیفی ئەفسانەو گرێی گەڕانەوەی بەرەو دواوە دوام، كە بەلای منەوە، لەكۆ شیعری (هەژانی بەرد)دا دوو لایەنی گرنگن. ئەم ناونیشانەش بۆ شیعرەكان دەلالەتی خۆی هەیە، كە شاعیر بتوانێ بەرد بهەژێنێ، مانای ئەوەیە ئەو واقیعە چەقیوە مۆمیا كراوەی بێ گیان و خوێنەر وەك مرۆڤێك، دەرەختێك دەهەژێنێ و لەناخەوە كەموكوڕی و لایەنە دزێوو دەمامك كراوەكانی لەبەر هەتاو هەڵدەخات، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بكەم كە شاعیر بە ئەزموونێكی هونەركاری تێپەڕ بووە، ڕامان و خەیاڵی ناو تەونی هۆنراوەكان و داڕشتنی بینای شیعرەكە لە دەرەوەی تەونەكەداو لێكدانی تان و پۆ، یەكێتیی هەر هۆنراوەیەكی پاراستووە، بێ ئەوەی ترپەو ئیقاعی مۆسیقاداری ناوەوەو دەرەوە، دابەشكردنی هارمۆنییەتی هۆنراوەكان لە دڵ و دەروونی گوێگرو خوێنەردا لەدەست بدات.

جوانكاریی هۆنراوەكانی شاعیر لەوەوە دێ كە بەشێوەیەكی هونەرییانە ئەو باكگراوندە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی، بە خەیاڵێكی بەپیت و هزرێكی كراوە سۆزێكی هێمن و لەسەرخۆ داڕشتووە، كە خوێنەر هەست بە خۆسەپاندن و سواربوونی ملی سەروا ناكات، بەشێوەیەكی خۆنەخواست و عەفەوییانە وەزیفەی شیعری بینیوەو لە

بواری داهێنان و ئەفراندندا گرەوی بردۆتەوە، تەنانەت پەخشانەکەشی لە شیعر نزیکترە نەک پەخشانی ڕووت، بەقەد ئەوەی وشەی شاعیرانەی بەکارهێناوە، ماناکانیشی پێ دەوڵەمەند کردوون، وشەکان لە سەرچاوەیەکی ڕوون و سازگارەوە هەڵقوڵاون، وەک جۆگەو جۆبار دەڕژێنە ڕووباری هۆنراوەکان کە بەیەکدا چوونێکی هونەری دەرەخسێنن، وێنەو دیمەنەکانی مێژووی کۆنی سەردەمی پاکی و بەرائەت و بێگەردی و پیاوەتی و چێژی بەتامەمان بۆ دەگێڕنەوە، هەروەها ئەو ئەزموونە ناسک و جوانکارییەی کە لە ڕێگەی وەزیفەی ئەفسانەوە شاعیر دەری بڕیوە، نیشانەی کارامەیی و لێهاتووییە کە ڕەخساندنی هونەری لەو جۆرە هۆنراوانەدا، دەلالەتێکی وای پێ دەبەخشن کە حوکمدان لەسەر ئەوە جۆرە داڕشتن و بیناسازییە لەڕووی بەهای هونەرییەوە کارێکی وا سووک و ساکارو سانا نەبێ، چونکە ئەگەر خوێنەر شارەزایی ئەفسانەو ڕەمزو هێماکان نەبێ، ڕەنگە لە هەڵوێستە جوانکارییەکەو پێوەندی بە ئەفسانەکەوە تێنەگات، جگە لەوەش کاتێ مرۆڤ بەدوای هۆنراوەکان دەکەوێت و جۆرە چێژو لەزەتێکیان لێ دەبینێ. تێدەگات شاعیر لەبواری داهێنان و ئەفراندندا تواناو دەسەڵاتێکی باشی هەیەو شیاوی ئەوەیە کە خوێنەر زیاتر لە هۆنراوەکانی ورد ببێتەوە، تەنانەت هەر هۆنراوەیەکی نووسینێکی تایبەتی هەڵدەگرێ، بۆیە لەترسی درێژەدادڕی من تەنیا ئاوڕم لەچەند هۆنراوەیەکی شاعیر داوەتەوە(*)

## پەراوێزەکان

١- اسعد رزوق- الاسطورة في الشعر المعاصر- منشورات مجلة (آفاق) بيروت ١٩٥٩، ل١٢٠ .

٢- اوستن وارين- ورينيه ويليك- نظرية الأدب- ترجمة محيي الدين صبحي- المجلس الأعلي لرعاية الفنون والآداب- العلوم الاجتماعية سوريا- ١٩٧١، ل٣٤٨ .

٣- انس داود- الاسطورة في الشعر العربي الحديث- مكتبة عين شمس- القاهرة ١٩٧٥، ل٤١ .

* کۆپلەکان لە کۆشیعری (هەژانی بەرد)ی (نەوزاد رەفعەت)ەوە، وەرگیراون کە زنجیرە (٧٨)ی چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان)ە.



# ئاوڕدانەوەیەک لە دیوانی عەونی

زۆرجاران ئاوازێکی بەسۆز بەدەنگی سترانبێژێکی دەنگ خۆش، نرخ و بەهایەکی ئەوتۆ بە شیعرێ دەبەخشن ، کە ناو و شوورەت پەیدا بکات و بەناو خەڵکدا بڵاو ببێتەوە، بەر لەوەی لە ڕۆژنامەیێک یا گۆڤارێکدا چاوی بە ڕووناکی بکەوێت. منیش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە، لەڕێگەی گۆرانیبێژەکانی کۆیەوە (عەونی)م ناسی. ئەو سەردەمە جاروبار شیعری شاعیرەکانی ئەو شارە تێکەڵی یەکتر دەبوون و بە سانایی نەدەناسرانەوە مەگەر لەکۆتایی هۆنراوەکە نەبێت کە شاعیر نازناوی خۆی تێکەڵ بە هۆنراوەکە دەکرد. ئەو حەلە گومانی تێدا نەبوو کە هی شاعیرەکەیە. لە سەردەمی (عەونی)دا، ئەوانەی ناویان لە بواری شیعردا دەهات: دڵزارو، دڵدار ، راجی و، عەونی و، صافی و، دلاوەر، سەید ئەنوەرو، چەند شاعیرێکی تر ناویان دەرکردبوو. ئەوەندەی لەبیرم بێ سالّی ١٩٤٦ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە نمایشی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاکدا، دوای ڕووخاندنی ئەژدەهاک بە سروود ئەم دوو دێڕە شیعرەیان دەوت:

بژی ئازادی، ئازادیخواهان
بمرن زۆر داران، بمرن بەد خواهان[١]

ئەو کاتە نەمدەزانی کام لەم شاعیرانەی ناوم بردن بەتایبەتی (دڵدارو دڵزار) دایاننناوە، تا ئەو ڕۆژەی (دیوانی عەونی)م چاو پێکەوت و دوای پەنجاو یەک ساڵ زانیم کە شاعیرەکە (عەونی)یە بەدووریشی نازانم کە بۆ نمایشەکە ئەوەی بەلای منەوە گرینگ بێت سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری شاعیرەو وەستان لەئاستی یەکەم هۆنراوەیدا بۆ هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ڕێچکەی شیعرەکانی لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا حیسابی بۆ دەکرێ، هەرچەندە بەداخەوە زۆر لەوانەی لەژیاندان و بەرهەمەکانیان چاپ دەکەن، بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری نووسینەکانی پێشوویان دەکەن و بەدەستپاکییەوە خۆیان بەخوێنەرو ڕەخنەگر

ناناسێن، ئەم ناڕاستگۆییە فێڵ لەخۆکردن و خوێنەرە.

(گۆران)ی نەمر لە یەکەم بەرهەمیدا کە بەناوی «بەهەشت و یادگار» بوو لەو سەرەتایەی بۆی نووسیوە ڕاستگۆیانە هۆنراوەکانی دەخاتە بەردەم خوێنەرو ڕەخنەگرو ئەو کارە ناڕەوایە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت:

«لە کاتی نووسینەوەو ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە بۆ چاپ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشەو تەعبیری چەوت تووش هاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بەوشەی کوردیی پەتی، یان بە چەشنێکی پەسەندترو دڵگیرتر دەستکارییان بکەم.

بەڵام ئەمە لەبارەی سەرنجی ئەو کەسانەوە کە بەشوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد. وەچۆنیەتی گەشەکردنەو گۆڕانی زمانی کوردیدا ئەگەڕێن، زیانی زۆرترە لەسوود، با بێزاری خۆیشم لەولاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتەواویم بە چەشنێکی لە ئەندازە بەدەر، بەڵکو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەلقی تریشا.

لەبەرئەوە بڕیارم دا دەستی دەستکارییان کەم و زۆر بۆ درێژ نەکەم، وەهەروەکو هەن و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست».[٢]

## عەونی و نوێکردنەوە

لەبواری نوێکردنەوەدا (عەونی) شاعیر لە هۆنراوەی (وتووێژی لاو و پیر) کە ساڵی ١٩٣٣ لە کۆیەدا دایناوە مۆرکی هەنگاونان بەرەو شێوازێکی نوێ، هەرچەندە چوارینەیە وەک دەمەتەقێیەک بۆ قوتابیان دانراوە، دەکرێ چ بەکێشی خۆماڵی (پەنجە) یا کێشی عەرووزی عەرەبی حیسابی بۆ بکرێ، لەڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی وشەی پەتی لە هەندێ چوارینەدا، لە شێوازی کۆن دوور دەکەوێتەوە، کێشی (٨) پەنجەیی (سیلاب) واتە هیجا بەکار دەهێنێ:

لاو: ئەی مامە ئەی تاجی سەرم  ٤+٤
منیش وەک تۆ قوڕ بەسەرم  (٨) پەنجەیە
لەخاکی خۆم دەربەدەرم
دەچێژم دەردی هەژاری



پیر: ڕۆڵە گیان زۆری نەماوە
شۆڕشێکە بەرپا کراوە
لاوی کورد بڕیاری داوە
بۆت بێنن مژدەی ڕزگاری

کێشی عەوروزیش:

علی الاهزاج تسهیل    مفاعیلن مفاعیل

لە هۆنراوەی (گوتم ئەی کچ) دا هەرچەندە چوارینەیە، لەڕووی کێش و بەکارهێنانی وشەی تەڕو پاراوی پەتی کوردی و داڕشتنی هزری نەتەوایەتی و سۆزی کوردێکی لێ قەوماو و ماڵ وێران و ئاوارەو دەربەدەر، کە لە پەناوە ئەو کەسانە ڕیسوا دەکات بەناو کوردن و خۆ بە گەورەی کورد دەدەنە قەڵەم، کەچی دوژمنی خوێنینی ئەم جۆرە هۆنراوە ئەگەر لەگەڵ ئەو هۆنراوانە بەراورد بکرێت کە خۆیان بەیەک سەروا بەستۆتەوە دەچنە قاڵبی شیعری کلاسیکی، بە نوێکردنەوەی ڕەوتی شیعر لای عەونی شاعیر حیسابی بۆ دەکرێ، لەکاتێکا ئەم هۆنراوەیە مێژووی ساڵی ١٩٤٠ی بەسەرەوەیە:

گوتم: ئەی کچ لە گەشتی
شارستانی یان دەشتی
وا جوان و پاک ڕەوشتی
مەسیحی یان زەردەشتی؟!
***
ئەو کچە کوردەی وا نازدار
کە من لێم دەکرد پرسیار
دەستی کرد بەگرینێ
فرمێسکی دەهاتنە خوار

ئەم هۆنراوەیە لەسەر کێشی خۆماڵی دانراوە کە (٧) بڕگەییە ئەگەر ئاوڕێک لە شیعرەکانی (دڵدار) بدەینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (دڵدار) ساڵی ١٩٤٠ پێی

ناوەتە دونیای نوێکردنەوە، یەکەم هۆنراوەی بەناوی کوردستان کە (١٠) بڕگەیە ٥+٥ کە تیادا دەڵێت:

کوردستانی خۆش، نیشتیمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە[٣]

لێرەدا دەمەوێ هەڵوێستەیەک بکەم و بپرسم، بۆچی مامۆستا رەفیق حیلمی لە بەرگی دووەمی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) دا (عەونی) شاعیری بەسەر نەکردۆتەوە، کەچی لەسەر دڵداری نووسیوەو بایەخێکی زۆریشی پێ داوەو گەشبینە بەوەی کە (دڵدار، شاعری تجدد پەروەرو ناوداری دوارۆژ ئەبێ) هەروەها دەڵێت: (دڵدار، بەلای ئێمەوە شاعیرێکە زۆر باڵا، ئەگەر لەهەندێ شیعریا ناپوختەیی هەبێ بەهای شاعیریەتی پێ نا نشکێت)[٤] لەکاتێکا هەردوو شاعیر خەڵکی یەک شارن و سێ ساڵیش جیاوازی هەیە لەنێوان تەمەنیانداو، (عەونی)یش بەر لە (دڵدار) خۆی نوێ کردۆتەوەو سنووری تەقلیدی کلاسیکی شکاندووەو، دوورنییە ئەم بایەخ نەدانە هۆیەکەی:

١- لەبەر ئەوەی کە (دڵدار) ئەندامی حزبی هیوا بووەو زۆر لە سەرۆکی حزبی هیوا مامۆستا رەفیق حیلمی نزیک بووە.

٢- بەحوکمی ئەوەی کە (دڵدار) ئەو حەلە قوتابی کۆلێجی ماف بووە لە بەغداو ئاماژەشی بۆ کردووە (ئێستە لەپۆلی دووەمی حقووقی بەغدا ئەخوێنێ). هەڵبەت کە لە مامۆستا ڕەفیق حیلمی نزیک بووە بایەخی پێ داوەو لە سەرەتای بەرگی دووەمی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) دا چەند ناوێک دەهێنێتەوە کە هەندێک لەوانە لەچاو( عەونی)دا ئەوکاتە شیاوی ناوهێنان نەبوون و نەشبوون بەشاعیر، بۆیە لەو بڕوایەدام کە ئەگەر مامۆستا (رەفیق حیلمی) وەک ڕەخنەگرێک (عەونی) بناسیبایە بۆی دەردەکەوت کە بەر لە (دڵدار) شاعیری نوێکردنەوە بووەو لە سەرەتای سییەکاندا لەم بوارەدا ڕەسەنایەتی خۆی سەلماندووەو پێش (دڵدار)



کەوتۆتەوە هەرچەندە کە (دڵدار) لەڕێگەی سروودی (ئەی ڕەقیب)ەوە ناوی زیاتر دەرکردووە. بۆ نموونە:

(عەونی) شاعیر لە هۆنراوەی (نەسرین)دا، تێڕوانینی خۆی بەرامبەر نەجووڵاندن و کارتێ نەکردنی سروشتی جوانی کوردستان لە کچێکی کورد (نەسرین)دا دەردەبڕێ کە ڕەنگدانەوەی ژیانی ناوەوەی شاعیرو، زادەی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ یاخود یەکگرتنەوەی نێوان دڵ و هۆشە، کە بەچاوێکی سووک سەیری کچە کوردێک دەکرێت، ئەو کچەی کە سونبولی پاکی و بێ گەردییە، (شاعیر هەروەکو کۆلردج دەڵێت: لەساتی جیهان بینیدا لە سروشتی هەست پێکراودا چەند ڕەمزێکی ژیانی ناوەوەی خۆی بەدی دەکات).

ئەم هەستە دەروونییەی شاعیر بەرجەستە کردنی واقعی تفت وتاڵی گەلێکی ستەمدیدەی چەوساوەیە، کە (نەسرین)ی کچە کورد، دەبێتە ئەو ڕەمزەو شاعیر زیرەکانە بۆ مەبەستێکی نەتەوەیی تایبەتی تەوزیفی دەکات.

(عەونی) وشەی نیشتیمان زۆر دووپات دەکاتەوە، وەک بڵێی درەختێکە ڕەگە قووڵەکانی لە هۆنراوەکانیدا ئەوەندە ڕووچوون کە شاعیر خۆی بەبەشێک یا بڵێین ڕەگێک لەو ڕەگانە دەژمێردرێت و ناتوانێ بێ ئەو درەختە هەناسە بدات و نەش و نما بکات خۆبەستنەوەش بە نیشتیمانی دایک، خۆبەستنەوەیە بەڕەسەنی و جەوهەری شتەکان، لە هۆنراوەی (شەرمەزاری)دا دەڵێ:

هەرکەسێکی دژ بە گەل یان نیشتیمان جووڵایەوە
کۆچی کرد ڕۆیی لە مێژوو ڕووڕەشی بۆ مایەوە

هەروەها لە هۆنراوەی (ئەی برادەران) دا دەڵێ:

نیشتیمان دایکی تۆیە، چاوی لەدەستی تۆیە
زۆر شەرمە ئەی کوڕی کورد ناچێ بۆ هاریکاری

لە چەندین هۆنراوەی تردا وشەی (نیشتیمان) بەجۆرێکی تر تەعبیری لێ دەکرێت و بەرجەستە دەکرێت. (کام گوڵ) هۆنراوەیەکە مۆرکی ڕێچکەی گۆرانی پێوە دیارە (گۆران) لە هۆنراوەی (ئافرەت و جوانی)دا دەڵێ-

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی، لێوی؟

(عەونی) دەڵێ:-

کام گوڵ، کام خونچە، کام وەرزی بەهار
شینی نەگێڕا هوزاری هەژار؟

ئەی ئەگەر ئەم ڕەوتە تازە کردنەوە نەبێت و، خۆ دەربازکردن نەبێ لە قاڵبی کۆن دەبێ نوێکردنەوەو نوێخوازی چی بێ؟

کام ماڵ سووتاوی کوردی ئاوارە
پێی نەگوتراوە، مەڵێ هاوارە؟
کام خونچە گوڵمان لەباخی ژیان
پێش ڕەنگ هێنانی هەڵیان نەوەران؟

ئەم پرسیارانە شاعیر (کام) لە سەرەتاوە تاکۆتایی هۆنراوەکە تێکەڵکردنی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا، ئەو لێکگرێدانەی نێوان هەردوولا، دوو مەوداو دوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی لێکچوو، مامڵەتکردنە لەگەڵ سروشتدا کە چەند شتێک و چەند بابەتێکی جیا نین بەقەد ئەوەی دەبنە هێماو ڕەمزو وێنە، شاعیر بەخەیاڵ وێنەیان دەکێشێ و خەیاڵیش هێزێکی داهێنەری لەبن نەهاتووە.

شاعیر لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بچێتە ناو گیانی مرۆڤی کوردو بیجووڵێنێ کە هەست بەژینی پڕ ژان و ژاری بکات، سروشت دەبێتە پردێک بەرەو شۆڕبوونەوەی ناخی مرۆڤ و دەستنیشانکردنی ئێش و ئازارەکانی.

هۆنراوەی (ئەی بادی شەماڵ) پێشبینی سەردەمی خۆیەتی، شاعیر دوا ڕۆژی گەلی کوردی بەجۆرێ دەستنیشان کردووە کە ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین. بۆیە (عەونی) هەر شاهێدی سەردەمی خۆی نییە. بەقەد ئەوەی هەستی پاراسایکۆلۆژی بۆ ئەوەی دەبات کە ئێمە تێی گلاوین:

ئێستا لەسەرچی لەگەڵ یەک دژن؟
بۆ سوودی دوژمن یەکتر دەکوژن؟!



دژ بەیەک هەردەم لەناو سەنگەرن
ئەی چەند نەزان و چەند ئاخر شەڕن؟
دوژمن خەریکە هێرشێک بێنێ
خاکت داگیرکا، خوێنت بڕژێنێ

لەدواییدا دەڵێ:

نازانم بۆچی هێندە بەدکارن
لەگەڵ یەک هەموو وەک گورگی هارن
ڕاستتان پێ دەڵێم قەت ڕزگار نابن
هەتا لەگەڵ یەک وا ناتەبا بن

لەوەش زیاتر دەردەکان دەستنیشان دەکات و، کێشەی کورد بە ئەستێرەیەکی دێتە بەرچاو، کە ئەستێرەی هیوایەو هەڵنایەت، ئەگەر ئەستێرەی سووری کلکدار ماوەی سەدەیەک جارێک دەردەکەوێت و ئەمساڵ ئێمە خۆشبەختانە دیمان، کەچی وا دوو هەزار ساڵە ئەو کوردە چاوەڕوانی ئەستێرەی هیوایەتی کە بدرەوشێتەوە، درەوشانەوەش لە ئاسمانی کوردەواریدا دەبێت نەک لە ئاسمانی پشت بەستن بەدوژمنان کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەموو شتێکەو ئەم ڕاستییەش ئەمڕۆ بەزەقی لەبەرچاو دیارە:

بەرژەوەند پەرست بۆ سوودی خۆیان
بلوێر دەژەنن، کۆگای درۆیان!
بۆ دەستکەوتنی لیترێک نەوتی ڕەش
بە کوشتن دەدەن هەزار سپی و ڕەش

ململانێی نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و دەسەڵاتی سەفەوی، کێشەیەکی کۆنەو لە شەڕی چاڵدێرانەوە کوردستانیان دابەش کردووەو ڕقابەری و دوژمنکارییان بەردەوامە، شاعیر ئەگەر لە هۆنراوی گەشتێکدا ئەم ڕاستییەی دەرخستبێ و ئەوەندە بڕوای بەهێزو توانای کورد هەبێت کە ئەو دوو دەسەڵاتە نەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، وا ئەمڕۆ دوێنێیە، خۆیان بۆ خولێکی تر ئامادە کردووە کە دۆزی نەتەوەیی و

ئەزموونە ساوایەکەی لەبار بەرن شاعیر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەداتەوە، تا و وتین وەبەر گیانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکات کە وریابن و ڕابن. هیوامان ئەوەیە کە گوێ ڕایەڵی شاعیربن و ئەو دەرفەتە زێڕینە لەدەست خۆ نەدەن.

نەسوڵتان سەلیم، نەشای صەفەوی
نەیانتوانیوە کورد کەن سەرنەوی
بۆ ئەم مەبەستە زۆر کۆششیان کرد
کەوا هان بدەن، کورد لەدژی کورد
بۆ ئەوەی خۆیان بەدڵنیایی
کوردستان بەش کەن بە ناڕەوایی
ئێستاش خەریکن کورد بتوێننەوە
مێژوو بەرەو دوا بگەڕێننەوە!!

هەر لەم ڕوانگەیەوە هۆکاری ئەم مەینەتەی کورد دووچاری بووە دەردەبڕێ کە دوژمنی خۆخۆیی و بێگانە پەرستی وای کردووە کە بەشی ئەو حاڵە بێ. لەکاتێکا لەسەر کانی نەوت دەخەوێ تینوو و برسی و ڕووتە. ئەگەر نزار قەبانی تەعبیری لە واقعی فەلەستینییەکان بەجۆرێ کردبێ، ئەوا (عەونی) بەر لەو دەرکی بەو حەقیقەتە کردووە

نزار لەدێرە شیعرەێکدا دەڵێ:

یا فلسطین لاتزالین عطشی
وعلی الزیت نامت الصحراء

(عەونی)ش بەم جۆرە تەعبیر لە واقیعی گەلی کوردمان دەکات لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا دەناڵێنی و لە موڵک و سامانی وڵاتی خۆی بێ بەشە:

دوژمنی خۆبوونی خۆمم ئاشنای بێگانە بووم
بۆیە شایەنی شەق و نەفرین و لێدان هەر منم
کانی زێڕینم هەیە پوولم لەگیرفان نییە
خاوەنی عەردو بەراو، بێ ئاو و بێ نان هەر منم



## ئاستی هونەری شیعرەکانی (عەونی)

عەونی وەنەبێ شیعرەکانی مۆرکی ڕاپۆرتی خیتابیان بەخۆوە گرتبێ بەحوکمی ئەوەی کە خۆی بە سەروا بەستۆتەوە، بەڵکو نموونەی زۆرمان لەبەر دەستە کە ئاستی هونەرییان بەرزەو دەلالەت لەبیر قووڵی و شارەزایی و لێزانین دەکات، بەڕای ڕۆمانووسێکی گەورەی وەک تۆڵستۆی (ڕەسەنایەتی نووسەر تەنها لەشێوازی دەربڕیندا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لە چۆنیەتی بیرکردنەوەو قەناعەتیدا) ئەزموونی شاعیریش خۆی لەناو وشەدا دەسەپێنێ و چارەسەرکردنی ئەو ئەزموونەش بەشێوەیەکی هونەرییانە دەکرێت، کە لەخودی هونەرو دەرکپێکردن جیا نابێتەوە.

(لە هۆنراوەی، نەی ژەن) دا شاعیر ئەو ئەزموونە بەرجەستە دەکات بەو سیفەتەی کە زادەی تاقیکردنەوەی ژیانە و دەبێ پەندی لێ وەربگیرێت:

گوێ لە نەی بگرە کە نەی ژەن فوو دەکا
ڕاست دەبێژێ باسی ڕابردوو دەکا
پێت دەڵێ: ئەم ڕۆژگارەی بێ وەفا
روو رەشێکە هەر شەوێک سەد شوو دەکا
چاکە هوشیاربی نەکەوییە داوی ئەو
بێ گومان تۆیش چەشنی خۆی بەدخوو دەکا
تیخی بۆ چاکە کولە هیچ نابڕێ
بۆ خراپی هێندە تیژە موو دەکا

شاعیر بڕوای بەسنوور شکاندن هەیە، دژی لە قالبدانە بە هزرو بە بیر نوێخوازە، بۆیە دەڵێ:

بەبیرم دانەهات ڕۆژێ کە چەرخی ڕۆژگار وایە
ئەوەی سەر دانەوێنێ بۆی دەبێ کالای لەبەر خۆ کا
ئەوەی هۆ هۆ دەکا هیچ کاتێ من پێی دڵنیا نابم
کەسێکم خۆش دەوێ مەردبێ هەمیشە حەز بە کۆکۆکا

لە هۆنراوەیەکی تردا درێژە بەم ڕێچکەیە دەدات و دەیەوێت بەپێی ئەزموونی

تایبەتی خۆی بیربکاتەوەو بژی، لەهەمان کاتدا دەیەوێت ئەگەر بشمرێ وەک (نازم حیکمەت) بەپێوە بمرێت، نەک دوژمنای کورد بەمردنی سەر جێگای شادبن:

دوای هەموو زانست و تاقیکردنەوەم ماوەی ژیان
من بەهاندانی ئەم و ئەو هیچ تێ ناکەوم
من بەڵێنم داوە تا ماوم بە سەربەستی بژیم
گەر سەرم بڕوا لەڕێدا قەت لەژێر پێ ناکەوم
تەندروستیم هەر نیە ئەمڕۆ مەترسی مەرگە
تاکو دوژمن شادنەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم

بەڵام بەداخەوە رێ چارەڕەشی ڕووبەڕووی دەبێتەوە وەک بڵێی ڕەشبینی ئەو ڕۆژی کردووە کە ڕەوشی کوردەواری بەرەو چ کەنارێک دەچێت و لەکام شوێندا کەشتی چارەنووسی لەنگەر دەگرێ، چارەڕەشی کورد دەگاتە سنووری سەرەو ژێر بوونی بەها بەنرخەکان و داب و نەریتە ڕەسەنەکان کە گێل و هیچ نەزان دەبنە سەرکار، زانیاری و زانست بێ برەو و بێ بایەخ دەبن:

دوژمن دەبێتە کارگێڕی کاری
دۆست بێ دەسەڵات نای مینی چاری
کردەوەی پووچەڵ دزی و بەدکاری
برەو دەستێنێ نرخ و بازاڕی
بەڕاست بێژ دەڵێن وتاری ڕەقە
درۆ و دەلەسە وتەی نەستەقە

هەرچەندە شاعیر دروودو نزا بۆ ئەوە ڕۆژە دەکات کە کورد لەو ڕەفتارانە دووربێت بەڵام ئەفسۆس هەزار ئەفسۆس.

بۆیە تکاکارە. کە ئەو کوردە بە عەقڵێکی کراوە، بە گیانێکی پاک بەبیرێکی هاوچەرخ بیر لە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە، بەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوێ. ڕوو دەکاتە ئەو خەڵکە کە هۆش و گۆشیان هەبێت، بەجۆرێکی تر بیر لەحاڵی نا هەمواری خۆیان بکەنەوە، وەک بڵێی گیانی شاعیر هێشتا زیندووەو لەناو گۆڕدا ڕاست



دەبێتەوەو پێمان دەڵێ:

لەگەڵ یەکتر بەوێنەی گورگی هارن
شڕو دڕ ترش و تاڵ و گرژو بەدخوو
لە ڕۆژێکی چوویە ژێر باری ئایین
لەبەر کەم هەستی، ئیمانت لەبیر چوو
وەهات زانی کە قەومییەت درۆیە
دەبێ هەر مل بدەیتە نوێژو ڕۆژوو
لەلات وابوو هەموو ئیسلام برایە
عەرەب بێ، کوردو فورس و تورک و هیندوو
کە ئێستا تێگەیشتی گشت درۆیە
هەموو بۆخۆی هەڵی کرد قۆڵ و بازوو
تەماشاکە لە دەوری لاشەکەی تۆ
هەموو کۆیە قەل و داڵاش و قاژوو
لەگەڵ یەک چەند عەجوول و لێک نەبوورن
بەڵام دوژمن هەمووی بەستن بە یەک موو

لە کۆتاییدا داوایان لێ دەکات کە بەخۆدا بچنەوە، لە ئاستی بەرپرسیاریی مێژووییدا بن، هەست بە ئەرکی نەتەوەیی بکەن و چیتر نەکەونە ژێر کارتێکردنی نەخشەو پیلانی داگیرکەران، ئەگینا مایە پووچ دەبن و وڵاتیشیان لەدەست دەچێ، هێشتاش دەرفەتەکە هەر ماوەو لەبارە ئەگەر نەیدۆڕێنن:

ئەوێستاش دەرفەتە گەر یەکدی بگرن
بەمەرجێکی هەموو یەک ڕەنگ و یەک خوو
وەکو حاجی کە فەرمووی یەکدی نەگرن
(دەبینی زوو وڵاتیشت لەدەست چوو)

**عەونی و داهێنان**

مەرج نییە هەموو لادانێک لە هێڵی گشتی ئەفراندن و داهێنان بێت، هەموو شتێکی نوێ نیشانەو هێمای خوڵقاندن بێت، کە شاعیری نوێخواز لەڕەوتی شیعری کۆن لایدا، بۆ نموونە لە سەردەمی عەباسیەکان یەکەم نوێکەرەوە و داهێنەر (ئەبوو نەواس) بوو، کە گاڵتەی بە فرمێسک و ئەشک ڕێشتن دەکرد لەسەر کەلاوەکان، دەبوایە شاعیر بەپێوە بوەستێ و بۆ خۆشەویستەکەیی و هەوارە چۆڵ و هۆڵەکەی بگری، بۆیە بەگاڵتەوە وتوویەتی:-

(قل لمن یبکی علی رسم درس
واقفا ما ضر لو کان جلس)

واتە بەو کەسە بڵێ لەسەر شوێنەوارێکی کوێربۆوە بەپێوە دەگری، زیانی نییە ئەگەر بەدانیشتنەوە بێت. هەڵبەت ڕێچکە شکاندن بەرەو نوێکردنەوە داهێنانە ئەگەر کارەکە پەسەند بێت و مایەی ڕەزامەندی بێت و پاساوی ئەوە بداتەوە کە ئەوەی کردوویەتی ڕەوایەو شتێکی ئەوتۆ نییە کە زیان بەڕەوتی بۆ پێشەوە چوون ببەخشێ. جوانی شیکردنەوە، (حسن التعلیل) دەچێتە خانەی داهێنان بۆ نموونە: (عەونی) لە هۆنراوەی (گەلاوێژ کاتێ هەڵهات) دا دەڵێ:

هەناسەم زولفەکەی لادا لەسەر روو
کە مانگ ئاوابوو ئەمجا مانگەشەو بوو
گوتم بەختی خەواڵوو زووکە زووکە
دە هەستە هاتنی رۆژت بەشەو بوو
مەگەر وا تاریک و ڕوونی بەیانە
کە ڕۆژ هەڵهات بەبۆنەی کۆچی شەو بوو

دەکرێ لەئاستی ئەم هۆنراوەیەدا هەڵوێستەیەکی درێژ خایەن بکرێت کە شاعیر شیعرەکەی لە قالبێکی ڕەوانبێژی دارشتووە، لێرەدا سیحری ڕوونبێژی خۆی دەنوێنێ، ڕوو دەبێتە مانگ، ڕووناکییەکەی لەنێوان قژی ڕەش و دوو زوڵفی ڕەش دەبێتە مانگە شەو، جارێکی تر ڕووە کە دەبێتە ڕۆژو بەشەو خۆی دەردەخات،



ڕۆژهەڵاتنیش بەبۆنەی کۆچی شەوە. بەکارهێنانی خواستنی ئاشکرا بەم شێوەی شاعیر بۆی چووە کارێکی داهێنەرانەیە، جگە لە پەنابردنە بەر هاودژی (نەمان، بوون، مان، هات، نەهات) لە چەند هۆنراوەیەکیدا (عەونی) جۆرە گواستنەوەیەک لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر دەرەخسێنێ دوور لەکارێکی دەستکردی ناهونەری، واتە بەستنەوەی مەبەستی دڵدار، بەخۆشەویستی گەل و نشتیمان، هۆنراوەی ئەی کچی کورد، لەسەرەتاوە شتێکە لەدواییدا شێوازەکەی دەگۆڕێ دەبێتە بابەتێکی تر، ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا شتێکی چاوەڕوان نەکراوە، بەڵام شاعیر بەوە گرەوی هونەر لەو بوارەدا دەباتەوە کە دەزانێ چۆن تەوزیفی دەکات و چۆن پردێک لەنێوان دوو تەوەرە ڕایەڵ دەکات، ئەم بەیەک بەستنەوەیە بەشێوەیەکی زیرەکانەی هونەرمەندانە نیشانەی داهێنانی شاعیرە، لەم ڕووەوە نموونەی نامەیەکی شاعیری گەورەی ئینگلیزی (جۆرج بایرۆن) دەهێنمەوە کە بۆ برادەرێکی خۆی نووسی و کە شێوازی ڕۆمانسیانە بەخۆی گرتووە سەرەتاکەی دڵدارییە، کۆتاییەکەشی مۆرکێکی تر بەخۆوە دەگرێ لەنامەکەیدا دەڵێ:

(کەوتوومەتە داوی دڵداری، دڵدارێک مەوداکەی نادیارە، ئەوەی دەیپەرستم ژنە بازرگانێکە لە ڤینیسیا، پاشان ئەو وەک ئاسک شۆخ و شەنگە، تەمەنی لە بیست و دوو ساڵ تێپەڕ ناکات، دووچاوی ڕۆژهەڵاتی پێوەیە، ڕەنگ و ڕوخساری ئیتاڵییەو قژی مەیلەو ڕەشی بریقەدارە، دەنگی وەک ئاوازی گیتارە، گۆرانی گۆرانی فریشتە ئاسایە، ئەگەر وەک ئەوانیش پیرۆز نەبێ، وێڕای زنجیرەیەکی درێژ لە خاسیەت و چاکییەتی، ئەو کیژۆڵەش لەکن من ئیتاڵیایە). نوێخوازی وەک ئەلیوت دەڵێت: (لەو وێنەدا نییە کە هونەری شیعریمان لێ پێک دێنین، بەڵکو لە دەسەڵاتی شاعیردایە بە هەستکردنی سەردەمەکەی و بەکارهێنانی هاوکێشەی مەوزوعی دروست لە دەربڕینی ئەم هەستەو ورووژاندنی خەیاڵی گوێدار...)

هۆنراوەی (ئەی کچی کورد) (شۆخی نازەنین)، (گەرمی ئەتۆم و سۆزی دڵ) لەو جۆرە هۆنراوانەن کە ئەم بەیەک بەستنەوەی نێوان دووبابەتی جیان و هونەرمەندانە لێک گرێدراون شاعیر دەڵێ:

داوی ئاڵۆزاوی زوڵفیم دیت لەدەوری خاڵی ڕوو
ترس و لەرزی زۆرمە لەم داو و دانە سڵ دەکەم

بۆ گوڵی هیوایە هەردەم ئاه و ناڵەی بێ وچان
وامەزانن بولبولم مەیلی گوڵی سەرچڵ دەکەم
دولبەری دڵخوازی من هەر نیشتمانە نیشتمان
گەر خودا دەستم بدا دەستی لەشان و مل دەکەم.

لەڕاستیدا وەستان لەسەر هەموو شیعرەکانی (دیوانی عەونی) و وردبوونەوە لەئاست هەر یەکێکیاندا، کاتێکی زۆری گەرەکەو پێویست بە نووسینێکی درێژ دەکات، دەکرێ ئاماژە بۆ چەند لایەنێک بکەین بەتایبەتی کە شاعیر لە سەرەتای سییەکانەوە بە وشەو پەیڤی کوردی پەتی و بەکێشی خۆماڵی لە دەرگای شیعری داوە، کەچی لە هەشتاکانەوە گەڕاوەتەوە سەر داڕشتنی قالبی کۆن لەڕووی کێش و سەرواوە، بەڵام لەڕووی هزرو ئەندێشەو داڕشتنی وشەوە شێوازێکی نوێیە، ئەم ڕێبازە دەکرێ بەڕێبازێکی کلاسیکی نوێی بدەینە قەڵەم، جاروباریش خۆی بەتاکە سەروایەک نەبەستۆتەوە و شێوازی جووت سەروای پێڕەو کردووە.

بۆ نموونە هۆنراوەی (گوڵزاری ئەمەل) ، (نەی ژەن) گەرمی ئەتۆم و سۆزی دڵ، بۆ چلەی خوالێخۆش بوو هونەرمەند تایەر تۆفیق چەند پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری (نالی و صافی و، هێمن و، وەفایی و، مەیلی) کە لەڕاستیدا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە، خۆ هەندێ هۆنراوەی ئەگەر ناوی شاعیریان بەسەرەوە نەبێت، ڕەنگە خوێنەر لێی تێک بچێ و بە هی (هێمن) یان تێ بگات.

هەرچەندە پانتاییەکی زۆری زیاتر لە شاعیرانی تر بۆ پێنج خشتەکی لەسەر شیعرەکانی (هێمن) تەرخان کردووە.

لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام بە شیعر بەکێشی (١٠) بڕگەیی سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە، ئەگەر لە وەرگێڕانەکەی (سەلام) تێپەڕی نەکردبێ لەئاستی ئەو کەمتر نییە:

دوێنێ لەبازاڕ دیم گـــــۆزە گـــــەرێ
قوڕی دەشێلا ئەم سەر ئەو سەرێ
قوڕ بەزمانی کات گوتی: ئەی وەستا
دوێنێ وەک تۆ بووم ئیمڕۆ لێم گەڕێ



جگە لەوەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام پارچە شیعرێکی ئەبولعەلای موعەڕی کردووە بە کوردی، شاعیریەتی (عەونی) دەردەخات کە وێڕای ئەوەی پابەندی سەرواو کێش بووە، هونەری داڕشتنی شیعری لەدەست نەداوەو لەم بوارەدا گرەوی خۆی بردۆتەوە.

ئەبولعەلای موعەری دەڵێ:

في اللاذقـــيـــة ضـــجـــة
مـــابين احـــمـــد والمســـيح
هـذا بـنـاقـــــــــوس يـدق
وذاك بمئـــــذنة يصـــــيح
وكل يـدعـــــــو الى دينـه
ياليت شعرى ما الصحيح؟

(عەونی) ئاوای کردۆتە کوردی:

لە لازقـــیـــیـــە شـــەڕو هەرا بوو
لەناو گـــاور و ئیـــســـلام بەرپابوو
یەک بە زەنگوڵە لێدان خـــەریک بوو
یەک بانگ دەدا هەستن نوێژ ڕابوو
هەریەک ئاینی خۆی پەسەند دەکرد
خۆزیا دەمزانی کامیان ڕەوا بوو؟!

**سەرچاوەکان:**


١- دیوانی عەونی- چاپی یەکەم ١٩٩٧- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

٢- سەرجەمی بەرهەمی گۆران- محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق- بەغدا ١٩٨٠ ل٤ .

٣- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- عبدالخالق علاءالدین- چاپخانەی دار آفاق عربية للصحافة والنشر ١٩٨٥ ل ١٨٢ .

٤- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەم- ڕەفیق حیلمی- مطبعة التعليمم العالي اربيل ١٩٨٨ ل٩ .

# جەلالی میرزا کەریمی ڕابەرو نوێخواز
# لە ناوەوەو دەرەوەی شیعردا

## سەرەتای نوێکردنەوە

سەرەتای ساڵی (١٩٥٩) کۆپلە شیعرێکی شێواز چوارینەم بۆ شاعیری نوێخوازو نەمر (جەلالی میرزا کەریم) نارد، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کە لە سلێمانی خۆی دەری دەکرد بلاوی دەکردەوە، پاش ماوەیەکی کورت کە پێک گەیشتین پێی وتم: ئێستا باوی ئەم جۆرە شیعرانە نەماوە، ئەو ڕایەی (جەلالی میرزا کەریم) ئەو کاتە دەرسێکی نوێ بوو بۆمن، لە کاتێکدا ئەو حەلەو تەنانەت دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزیش شاعیرەکان زیاتر سەرقاڵی شێوازی کۆن بوون، بە دەگمەن هەنگاو بەرەو نوێکردنەوەو لە قاڵبی کۆن دەرچوون بەدی دەکرا، کەچی شاعیرێکی وەک (جەلالی میرزا کەریم) خولیای نوێخوازی بوو، دەیویست قاڵبە کۆنەکان بشکێنێ، هەنگاو بەرە و سنوور شکاندن بنێ دەرگایەکی تر لە بەردەم هزرو شیعردا والا کات. شۆڕشێکی نوێ بەرپا بکات، تا دەهات سیمای ئەو نوێکردنەوەو گۆڕانکارییە زیاتر سەری هەڵدەداو هەرچەندە واقیعی سیاسی بەتایبەتی دوای لادانی سەرکردایەتی شۆڕشی تەمووز لە ڕێبازی خۆبەستنەوە بە گەل و دژکاریکردنی گەلی کورد، ئەو دەنگە نوێخوازەی تاڕادەیەکی زۆر خەفە کردبوو بەلام تا سەر نەبوو.

## جەلالی میرزا کەریم و ڕوانگە

تەقینەوەی تەوژمی ڕوانگەو شڵەقاندنی گۆمە مەنگەکەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لەبواری هۆنراوەو چیرۆکدا، وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا. (جەلالی میرزا کەریم) خۆی لەبواری شیعریدا هەنگاوەکانی لەوانی تر بەرچاوتر بوون، هەر لە سەرەتادا دەیویست شۆڕشێک تەنانەت لەناو هزریشدا بەرپا



بکات، شاعیرێکی یاخی بوو، هەنگاوەکانی لە گرووپەکەی ڕوانگە گورج و درێژتر بوون، ئەو بەر لەوان، بەبێ دەنگی خەریکی گۆڕانکارییەک بوو، کودەتایەکی نوێ بوو، کە گرووپەکەی ڕوانگە جاڕی نوێکردنەوەیان ڕاگەیاند (جەلالی میرزا کەریم) سەردەفتەری گرووپەکە بوو هەڤاڵەکانی بەر لە بلاوکردنەوەی شیعرەکانیان پیشانی ئەویان دەدا، سەرسام بوون بە وزەی داکراوی شاعیر، بە داهێنان و ئەفراندنەکانی.

ئەگەر هەندێ لە شاعیرانمان جاروبار پەنایان بردبێتە بەر ڕەمزو تەمومژو گرێوگۆڵ، ئەو هەمیشە بە وشەی سادەو ساکارو ڕەسەن، قووڵی و بەپێزی بەناوەڕۆکی شیعرەکانی دەدا، گیانی بزاڤ و دینامیکییەتی بەبەردا دەکردن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم شاعیرە خێر لەخۆ نەدیوەی قاڵبووی ئێش و ئازارو ژینی مەینەتی، خاوەن مۆرکێکی تایبەت بەخۆی بوو، خوێنەری بەرەو کەناری دەریای شیعرەکانی جڵەوکێش دەکرد. بە عەفەویەتێکی هۆشمەندانە ساختمانی شیعری هەڵدەچنی و سنووری قاڵبی مەییوی شیعری دەشکاندو هەست نەدەکرا کە بە زۆرەملێ بەدوای سەروادا دەگەڕێ و لەپێناو سەروادا قوربانیی بە وێنەی شیعری دەدا بەڵکو یاری بەکێشی خۆماڵی دەکردو بەرەو کەنارێکی تری هەڵدەگرت. ئەوەتا شاعیر بە نەفەسێکی درێژ گوزارەیەکی شیعریی دادەڕێژێ، کە خۆی لە شاعیرانی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە. ئەوەتا لە کۆپلە شیعرێکی ساڵی (١٩٩٢)دا وێنەیەکی تراژیدی دادەڕێژێ، لە بۆتەی (٤٤) بڕگەدا.

ئای گڵکۆکەی سلەیمانی ٤+٤
با شەوگاری خەوبینینمان ٤+٤
با ڕۆژگاری.. نهێنیمان ٤+٤
لێک بڕژێن و ٤
دڵۆپ دڵۆپ.. پەیتا پەیتا ٤+٤
بەناویەکا بتوێنەوە ٤+٤

هەموو شاعیرێک ئەو وزەو توانایەی نییە ڕەوتی کێش بگۆڕێ و، هەناسەیەکی درێژی پێ ببەخشێ.

## شۆڕشی نوێی بیرو شۆڕشی چەک

شۆڕش ڕووداوێکی سروشتییە، لە زەمینەی واقیعدا هەڵدەقولێ، بیری نوێ و هەنگاوی نوێ و چەکی نوێی گەرەکە، شاعیریش مرۆڤێکی هۆشمەندە، نایەوێت بەدڵێکی گەرموگوڕی هەڵچووی سۆزو کاردانەوەیەکی عەفەوی شۆڕشێ بەرپا بکرێ، بەڵکو بە گیانێکی نوێ، وردبوونەوە، تێڕامان، قووڵبوونەوە، لەیەکتر گەیشتن نەخشەی بۆ بکێشرێ، بەبڕوایەکی تەواو بە هاتنی ژیانێکی نوێ و باشتر:

بێداربەوە... تێڕامانە لەیەکتری و نەنووستنە
بۆ وەرزی نوێ: ڕێگای بیرو چەک گرتنە

وێڕای شالاوو هێرشی دڕندانەی ڕۆژانی کیمیاباران و ئەنفالە بەدناوەکان (جەلالی میرزا کەریم)، لەناخەوە پاڵەوانییەتی شۆڕشگێڕی بینراو بەرجەستە دەکات، بڕوای بەو خۆشەویستییە خولَقێنەرە هەیە کە لەناو گەردەلوولدا شۆڕش دروست دەکات پرسیارەکانی دەبنە گڕی بورکان لە دەروونیدا دەتەقنەوە، ئەو وەڵامی گەرەکە. خۆزگە هەڤالانی دەیانزانی چی مەبەستە؟

خۆزگە!
ئەتانزانی گیانی پرسیارەکانی زیندەگیم
چییان پێیە؟
خۆزگە!
ئەتانزانی چاوی هۆنراوەکانی بێ دەنگیم
چییان پێیە؟

شاعیر هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە، کە مەبەست لەگیانی پرسیارو چاوی هۆنراوەی بێ دەنگ چییە؟

شاعیرێکیان
تەنیا لەبەر ئەوە خنکان
بە نهێنی لەناو دڵیا
شیعرێکی وت بۆ کوردستان.



دەزانن بۆ؟ چونکە شیعر لەدێر زەمانەوە کاریگەرترین چەکی هاندان و ورە بەرزکردنەوەو جۆشدان و ڕاپەڕین و شۆڕش و تەقینەوەیە. شیعر توورەییە لەناخەوە هەڵدەقولێ: (نەزار قەببانی) وتەنی:

(ما أجبن الشعر
ان لم يركب الغضبا)

واتە:

شیعر چەند ترسنۆکە
ئەگەر سواری پشتی تووڕەیی نەبێ.

خۆزگەکانی شاعیر شۆڕشێکی دەروونییە، بەشێوەی دوو پرسیار کپی و بێ دەنگییەکە دەشڵەقێنن. هەموو بزاڤێک لە ڕۆژگاری نالەباردا بەنهێنی لەدایک دەبێ. شاعیر دەبێتە ڕابەری ئەو بزاڤەو بەنهێنی شیعرێک لە دەروونیدا چەکەرە دەکات، تەنیا شیعرێک کە باجەکەی هەڵواسینی شاعیرەکەیە، لە ئاکامدا دەبێتە قەڵغان و سەنگەرو هەڵمەت و شۆڕش و ویردی سەر زمانی شۆڕشگێڕان... جاری وا هەبوو نەک شیعرێک دێڕە شیعرێکی شاعیرێک خەڵکی ئەوەندە هەژاندووە کە بۆتە خۆنیشاندانێکی گەورە. نموونەشمان ئەم دێڕە شیعرەی (جەواهیری) یە کە دەڵێ:

(لثورة الفكر تاريخ يحدثنا
بأن ألف مسيح دونها صلبا)

واتە:

شۆڕشی هزر مێژوویەکی هەیە پێمان دەڵێ
هەزار مەسیح لەپێناویدا لەخاچ دران.

ئەم دێڕە شیعرە، ئەو نموونە بەرزە شیعرە شۆڕشگێڕەکەی (محەمەد مەهدی جەواهیری)یە کە لە یادی (ئەبوو عەلای موعەڕی) خوێندیەوە کە ساڵی (١٩٤٤) لە دیمەشق کۆڕی زانیاری عەرەبی سازی دا.

بەر لە شۆڕشی چەکداری، پێویست بە شۆڕشی هزر دەکات، تەنانەت ئەگەر شۆڕشی چەکداریش خامۆش بێ، شۆڕشی دەروون سەرچاوەی هەموو شۆڕشێکە،

شــۆڕشـی بیــروباوەڕە، بیــروباوەڕیش لەکــانگەی دڵەوە نـەبێ بێ هـوودەیە، ئەگــەر لەسینەشدا خـەفـە بکرێ شتێکی کاتییە، وەک سەرچاوەی ئاو ڕێچکەی خۆی هەر دەکاتەوە

شۆڕش:
ئەتانەوێ من بناسن؟
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیابێ،
کە هەڵویست مرد.. بۆچی نابێ؟؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیا بێ.

شاعیر،، شۆڕش لە سۆنگەی لەدایکبوونێکی نوێی دوای مەرگ بەرجەستە دەکات. هەستکردنی شاعیریش بە مەرگ خولیایەکە لە مێشکیدا پەنگی خواردۆتەوە، شیعریش لەو لەدایکبوونە نوێیەدا دەبێتە باڵندەی یاخی، دەچریکێنێ، باڵندەی تینووش دەبێ دەنگی کپکراوی هاوارکردنی ڕاستی بێت.

مەنسووری هەللاج وتەنی:
(صیاماً الی ان یفطر السیف بالدم
وصمتاً الی ان یصدح الحق یا فمي)

واتە:
بە ڕۆژوو بن تا شمشێر بەخوێن ڕۆژوو دەشکێنێ
بێدەنگ بە ئەی دەمەکەم تا مەلی ڕاستی دەچریکێنێ

بەڵێ دوای مەرگ تەمەنێکی تر دێتە کایەوە کە بەزەبری پەیڤ نەمری خۆی دەسەلمێنێ لەڕاستیدا «مرۆڤی تاک ناتوانێ مەرگ ڕەت بکاتەوەو بیگێڕێتەوە، بەڵام نەتەوەیەک خەڵک دەتوانێ بەرد لەسەر بەرد دابنێن و بیانکەنە چەند پەیکەرێک.

نەتەوە دەتوانێ بە هونەر مەرگ ببەزێنێ و کە نەتەوە لە نهێنی نەمری دەگات، پێشەوا بەهرەدارەکانی پێش دەکەون بۆ ئەوەی سیستەمی نگینی و سیستەمەکانی پەیڤەکانی دابهێنن، ئەو ساتە ئەفراندنی نەتەوە لەم دەستانەدا گرد دەبنە، دەستی بەهرەدارو زمانی پاراو. تا هونەرمەند لەدایک دەبێ، نەتەوە دەزانێ کە سوپایەک لە



سوپاکانی مەرگی شکاندووە» بڕوانە «حتى نقهر الموت» صلاح عبد الصبور- دار الطليعة- بيروت ١٩٦٦- ل٦ .

(جەلالی میرزا کەریم) دەپرسێ و خۆشی وەڵامەکە دەداتەوە:
ئاخۆ ئەبێ
تەمەنێکی تر پاش مردن لەدایک بێ؟
بەڵێ.. بەڵێ! بەڵام ئەبێ:
نەخشەی تینووی باڵندەکان یاخی ببێ

لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین ڕەنگە شاعیر بەپێی شێوازو بۆچوونی (ئەلیوت) بە مردوویی لەدایک بووبێ، مەرگەکەی لەدایکبوونێکی یاخیبووانەیە، ئەو نەخشەیەی بۆ لەقەفەس نانی باڵندەکان کێشراون دەبێ بشکێت، چونکە باڵندە ڕەمزی ڕەهایی و ئازادییە، بولبول هەرگیز لە قەفەسەکەیدا بێچووە هەڵناهێنێ، چونکە نایەوێت دیلی بۆ بێچووەکانی جێ بهێڵێ. «مرۆڤی تاک نە دەتوانێ مردن بگێڕێتەوە نە بەلاوەشی نێ، بەڵام نەتەوە خەڵکێک دەتوانن بەرد لەسەر بەرد دانێن و بیکەنە چەند پەیکەرێک. نەتەوە دەتوانێ بە هونەر مەرگ بشکێنێ، کە نەتەوەش لە نهێنی نەمری دەگات، پێشڕەوە خاوەن بەهرەکانی پێش دەکەون بۆ ئەوەی سیستەمی نگینی و سیستەمەکانی پەیڤی بۆ دابهێنن، ئەوساتە ئەفراندنی نەتەوە لەو دەستتە بەهرەدارو زمانە پاراوانە گرد دەبێتەوە، کە هونەرمەند لەدایک دەبێ، نەتەوە دەزانێ کە سوپایەکی لە سوپاکانی مەرگی شکاندووە».(١)

ئەو لەدایکبوونەی شاعیر هەڵتەکاندنی عەقڵ و هزری پێشووە، گەڕانەوە نییە بۆ هەمان ڕێبازو هەمان چەک، ماوەی مەرگی شاعیر گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا دێ، لە حاڵەتی لەدایکبوونێکی نوێیە، هەڵکشانە بەرەو هەوراز، بە چەکە کۆنەکە نا، چونکە گیانی شاعیر گیانەکەی پێشوو نییە، دیو و مەودایەکی تر بەخۆوە دەگرێ، ئەو چەکەی، کە چەکی مێشک و هزرەو ژەنگی هەڵێناوە، شۆراوەتەوە، جارێکی تر مشتوماڵ کراوەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە (جەلالی میرزا کەریم) بانگی شۆڕش دەداو دەڵێ:

ئەمجارەش توو لەڕێی کێوی هیوا ئەگرم

گیانم.. لەناو گۆڕی خۆیدا، چەکی مردووم ئەشواتەوە؛
هەوراز ئەبرم..

ئەگەر نەخشەی دارشتنی شۆڕش لای (جەلالی میرزا کەریم) لە سەرەتادا نهێنی بێ، خۆ هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو نهێنییە دەرچێ و جاڕی شۆڕشی ئاشکرا بدات، بە ڕێچکەی خوێندا گوزەر بکات دڕ بەکپی و بێدەنگی بدات و، ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتی بەرەو نان و ئاسوودەیی بەرێ، داستانی شۆڕشگێڕانی نوێ جارێکی تر بنووسێتەوە، هەرچەندە ئەو شۆڕشگێڕانەش ناناسێ و، نازانێ لەکوێن، بەڵام ئەو لەگەڵ هەڵچوون و تەکان و تەقینەوەدایە:

ئەڕۆم.. خەمی بینینەوەی پەڵە خوێنی
ڕێگاتان لەگەڵ خۆم ئەبەم
ئەڕۆم و.. گڕ
لە بێدەنگی خیابانی دڵ بەر ئەدەم
ئەڕۆم.. بەڵام ئەمجارەیان
ئالای گەنم ئەهێنمەرە
داستانی هەڵچوونی ئێوە..
ئەنووسمەوە

هەرچەندە ڕێگاکان دوورن، بەڵام دەنگی شۆڕش، دەنگی هیواو ئامانج و ڕازەکانە، دەنگی سەرەتای داستانێکی ترە، بانگەوازی کاروانی بەرەو خۆرە، دەنگی ژیانە، دەنگی شاعیری شۆڕشگێرە، دەنگی دۆزینەوەی هەستێکی دەروونییە کە سەر دەکات و بانگ ڕادەدێرێ بۆ چرینی گۆرانییەکی نوێ، دەنگی بروسکەو تریشقەی هەورێکی بەبارانە (باسترناک) وتەنی «لەبیرمان چوو کە دەتوانین شتێک پیادە کەین، ئەویش نەشێواندنی دەنگی بە ترپەی ژیانە، دەبێ دەنگی شاعیر، دەنگی ژیان بێ، ئەو دەنگەی لەرێگەی شیعرەوە بە هێزێک دەدوێ کە لە ژوور مرۆڤەکانی ترە، کە لە ڕێگەیەوە بۆ هەموو کۆمەڵ دەچێ بۆ ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر ئەو هەستانەی نەدۆزراونەتەوەو بیانکاتە واقیعێکی زیندوو»[٢] بەڵێ (جەلالی میرزا کەریم) بە نەفسێکی تازە، نەخشەی ڕێگا دوورەکان لە چوارچێوەی ڕازو نیازدا بەرجەستە



دەکات و بانگەوازی تۆمارکردنی سەرەتای داستانێکی تری گەلەکەمان ڕادەگەیەنێ و تێشووی سەفەرێکی دوور دەپێچێتەوەو ڕێگە دەگرێتە بەر:

ئەوا ڕێگا دوورەکانی دوو توێی نەخشەی
ڕازەکانی ئەمجارەمان
باوەشی بۆ هەنگاونانمان... کردۆتەوە
بانگمان ئەکەن...
تا سەرەتای داستانێکی تر دەست پێکەین.
بانگمان ئەکەن..
تا کاروانی دڵدارانی هەتاو ڕێکخەین
بانگمان ئەکەن..
باخی سنگی گۆرانییەکانمان ئاو بدەین
بانگمان ئەکەن
جوانووی دەنگی بروسکەکانمان تاو بدەین

شاعیر گیانێکی تر بەبەر وشە و پەیڤ دەکات، دەیکاتە ئامرازێکی شۆڕشگێڕ بۆ هەڵتەکاندنی شێوازی کۆن، بە عەشقێکی زیندوو دەیەوێ ژیانێکی کۆمەڵایەتی نوێ برەخسێنێ ئەویش بەخوێن «شیعریش فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی شۆڕش، بەڵام بەزمان، کەواتە زمان ئامرازە شۆڕشگێڕییەکەیەتی، هەروەک فاکتەری شۆڕشگێڕی بەکاری شۆڕشگێری بونیاتی ژیانی کۆمەڵایەتی پێشوو هەڵدەتەکێنێ، دەوری شاعیریش ئەوەیە کە بەزمانی شۆڕشگێڕ بونیاتی ژیانی شیعریی نوێ هەڵتەکێنێ.. ئەویش بە شوشتنەوەی زمان لە ناوەوەو تەقاندنەوەی و دەرکردنی بە پاڵنانێکی دی، بە مەودایەکی نوێ بە گرێکی تر، پێویستە مەبەستی تەعبیر کردنی، بە داکردنی بەهێزێکی کاریگەر لەگەڵیدا خۆی وا دەنوێنێ کە بۆ یەکەمین جار دروست دەکرێ»[٣]. بۆیە (جەلالی میرزا کەریم) لە شۆڕشی ئەمجارەدا بە جیهانبینییەکی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کە پەرەسێلکەی ڕەمزی ژیان و ئاوەدانی بەخوێن تینوویی بشکێ ئەم شۆڕشە بە عیشقێکی زیندوو دەست پێ دەکات، عەشقێک کە جاویدان بێ و نەمری و مایەی دڵنیایی و گەشبینی بێ:

ئەمجارە.. باڵی هەنسک و هاواری دڵ
هەواڵەکانی بەر دەرگای
پۆستەخانەی هەناسەی دیل،
لەناو پۆلی دڵدارانی
ئاوارەو بێ سەرو شوێنا..
ئەکاتە وانەی یەکەمی
عیشقی زیندوو
عیشقی زیندوو
عیشقی زیندوو

هەرچەندە (جەلالی میرزا کەریم) شاعیرێکی نوێخوازە، بەڵام لە هەڵوێستدا، لە جیهانبینی لەو ڕێچکەیە دەترازێ کە لە واقیع دوور دەکەوێتەوەو داوای خۆکشانەوە بەرەو جیهانی ناوخۆو لووت بەرزی و خۆ بەزلزانینی ئاستی واقیع و بەدوای وەهمی توانای دروستکردنی واقیعێکی جێگیر دەکات و گوێ بە یاساو بنەماکانی واقیعی خودی بابەت نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە مامڵەت لەگەڵ واقیعی بابەتی دەکات و بەڕووی دەتەقێتەوەو ڕەتی دەکاتەوەو تەقەلای گۆڕینی دەدا، چونکە ئەو وەک مرۆڤێکی هۆشیار هیچ کات هزر لە واقیعدا جیا ناکاتەوە بەلای ئەوەوە پێوەندییەکی دایلێکتیکی لەنێوان واقیع و فیکردا هەیە، کار لێ کدەکەن، فیکر واقیع دەگۆڕێ و واقیعیش فیکر دەگۆڕێ.

ئەم ڕاستییەش لە هۆنراوەی تێگەیشتنی یادگارەکان بەرجەستە دەبێ، کە فیکر چ دەورێکی کاریگەر لە شۆڕشی نوێ دەکات، فیکری شۆڕشگێڕیش درێژ بوونەوەی مێژووی خۆی هەیە، مولکی هەموو گەلانی ئازادیخوازە، لەدێر زەمانەوە دەست پێ دەکات. شاعیر ئەڵقەکانی فیکری دەکاتە زنجیرەی تەقینەوەی شۆڕش و دەڵێ:

لەناو پۆلا کە باسی میرابۆ ئەکرا
مۆمی بیری «مارتن لۆسەر»
جارێکی تر



لەڕێگای هەڵسانەوەدا ... دائەگیرسا
...
بە نهێنی کە باسی «کۆمۆنەی پاریس»
لە ڕۆژنامەدا ئەنووسرا
هەڵچوونەکەی «مارتن لۆسەر»
جارێکی تر
لەناو شیعری شۆڕشەکەما دەست پێ ئەکرا

***

ئێستاش کە من وەکو کوردێک
باسی مارتن لۆسەر ئەکەم
زۆر حەز ئەکەم
گیانی لۆسەر لێرە بوایە
وەک من.. وەک تۆ
وەکو ئێوەی هەموو دونیا بماندیایە
دەستمان لەملی کردایە
شۆڕشێکی تازەمان دەست پێ کردایە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، شاعیر ئینتیماو پابەندبوونی خۆی بە دۆزی نەتەوەکەی ڕادەگەیەنێ، دەرک بە مەودا ڕاستەقینەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی و یاسا بابەتییەکانی پێویست دەکات، بە خەیاڵ و وەهم شۆڕش دروست ناکات، بەڵکو پردێک لەنێوان خۆی و کۆمەڵ و مێژوودا ڕایەڵ دەکات، وەک مرۆڤێک لە ناخەوە هەست بە لێپرسراوییەتی خۆی دەکات کە مرۆڤێکە دەبێ لەناو کۆمەڵدا بوون و ئامادەبوون و دەوری کاریگەری هەبێ...

بەڵام لە هەمان کاتدا بە یەقینەوە ناڕوانێتە سەرهەڵدانی شۆڕش، وەک شاعیرێکی نوێخواز گومان دەکات و لە گومانەوە پرسیار دوای پرسیار قوت دەبنەوەو وەڵامیان گەرەکە، کە بۆ شاعیر ڕوون بکەنەوە کەی گەشبینی بە دواڕۆژێکی بەختەوەرو ئیرادەی گۆڕانکاری و بیناکردن دێتە دی. بۆیە هەر دەپرسێت، بەڵام واقیعیش لە

شاعیرو مرۆڤ جیاناکاتەوەو هەر بەو ئومێدە دەژی کە وەڵامی (کەی) بدرێتەوە:

ئاخۆ .. کەی بێ
ئەو وشانەی
لەناو گەرووی بەهەشتی زامدارا وێڵن،
ببنە تفەنگی هەڵچوون و
بچنە سەرشان و ناودەستی
سەنگەرە برسێکانەوە
کەی بێ؟ خۆزگەی...
ئالایەک بێ و ئەم ژیانە
لەناو نۆتەی گۆرانییەکا هەڵبستێ و
ئاوازێکی ئاگرینی
هەڵمەت و تینی
لەناو چرای گیانا هەڵکات
***
کەی بێ؟...
کەی بێ؟؟
وەرامی ئەم پرسیارانە
لەدایک بێ.

## جەلالی میرزا کەریم و تەکنیکی شیعریی

لە ئەنجامی ئەزموون و دۆزینەوەی بیناسازیی شیعر کە دەربڕی بۆچوون و هەست و نەستی شاعیرە، شاعیر چەند ڕواڵەتێکی هەمەجۆری تەریبی ڕەخساندووە، کە ئەو حەلەو بەپێی ئاستی شیعری کوردیدا بە نوێکردنەوەو داهێنان لە قەڵەم دەدرێ و کەم شاعیر ئەو جۆرە تەریبییەیان پێڕەو کرد، لە کۆشیعری «ڕێگا دوورەکانی چاومان» دا نموونەمان بەدەستەوەیە:

جۆری یەکەم: (تەریبی وێکچوون و دووپات بوونەوە)، کە دێڕی دووەم ئەو بیرەی لە



دێڕی (یەکەم) دایە لەڕێگەی دووپاتکردنەوە بەهێز دەکات، ئەمەش زیاتر بۆ کارکردنی سەر مێشک و گوێی وەرگرەو قەناعەت پێهێنانی زەینی تێدایە، یاخود پێچەوانە کردنەوە:

ئەکاتە وانەی یەکەمی
عیشقی زیندوو
عیشقی زیندوو
***
ڕەنگە.. وا زوو
نەگەمەوە،
ناو ئەو وەرزەی.....
شەتڵی هیوای نەورۆزی نوێی بۆ ئەنێژم
بەڵام کرێوەو زریانی
چیا سەر بڵندەکانم
هەمیشە لەناو چاودایە
ڕەنگە ..... بمرم
بەڵام..........
جارێکی تر....... ئەمکاتەوە
بەو سەربازە... بەو شاعیرە،
بەو ڕووبارە ئاوارەو بێ سەرو شوێنەی
باوەشت پیا بکاتەوە.

جۆری دووەم: (تەریبی هاودژە) کە دێڕی دووەم بەرهەڵستی دێڕی یەکەم یاخود هی پێش خۆی دەکات، یاخود نکۆڵی لێ دەکات:

هەموو ڕۆژێ
چاوم لەبەر کوشت و بڕی
سلفادۆرو لوبنانێکی
............
............
ئەڕژێتە ناو بوارێکی
ونی دوای خەونەکانەوەو
ئەتوێتەوە
***
لە دیمەنی هەر مەرگێکا
دەیان تەرمی هێشتا زیندوو
لەسەر ڕێی ژیانەوەدا
ڕاوێستاون
خۆشەویستیم وەک مەلۆتکە
لەناو بێشکەی دڵی دایکما
بە دەسرازەی
جۆگەی خوێن ئەپێچرێتەوە
***
من ساوانیم
بمشارنەوە
من دەم و لێوی تفەنگ نیم
هەر کە ویستتان بمدوورنەوە

**کوشت و بڕی**
|
**هاودژی**
|
**ڕێی ژیانەوە**
|
**ونی دوای**
|
**هاودژی**
|
**ڕاوێستاون**

جۆری سێیەم: (تەریبی ئاوێتەیی) یە کە دێڕی دووەم یاخود چەند دێڕێک دێڕی یەکەم تەواو دەکەن، یا دەبنە پاشکۆی دێڕی یەکەم. ئەم جۆرەش زۆرجار بۆ بەراوردکاری یا بڕیارێکی عەقڵی، یاخود ئەنجامدانی لۆجیکی بەکاردێت.
دەنگێکم لە جیاتی کشوماتی



مردنا جێم نابێتەوە.
**
ئەبێ ئاهی کێوی بێستوون
لەدڵما بێ و
جارێکی تر خوێنی فەرهاد بڕژێتەوە

جۆری چوارەم: (تەریبی هەڵکشاوی بەرەو لووتکە)یە، هەندێ جار پێی دەوترێ ترپەی هەڵکشاو، دێڕی یەکەم تەواو نییە، دێڕی دووەم تەواوی دەکات، یاخود ڕاڤەکردنی دێڕی یەکەمە:
ئەچمە کرمان
***
زرێی ئاسن بۆ هەڵوێستەی شیعرەکانم
بەخوێن ئەکڕم
مەگری!.... گریانی تۆ لێرە
قەدەغەیە
***
چونکە هەنسکیش لەم ناوە
هەر بەناو پەناهەندەیە

پەراوێزەکان

١- حتى نقهر الموت- صلاح عبدالصبور- دار الطليعة- بيروت- ١٩٦٦- ل٦ .
٢- التجربة الخلاقة: تأليف البروفيسور س.م.بورا- ترجمة دار الشؤون الثقافية- بغداد ل ٢٨٣ .
٣- زمن الشعر- علي احمد سعيد- دار العودة- بيروت ١٩٧٢ ل١٧٨-١٧٩ ..
٤- ڕێگا دوورەکانی چاوەکان، جەلالی میرزا کەریم، کۆشیعر، ١٩٩٢ .

# فەرهەنگی خەم

## فەرهەنگی ژان و هەژانی حەسیب قەرەداخی

### پرۆژەی نەفرەت لە شەڕ و شاباشی ئاشتی

کاکەی فەللاح ساڵی (١٩٧٩) بەرگی یەکەمی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) چاپ کرد، لەناو شاعیرەکاندا (حەسیب قەرەداخی)ی فەرامۆش کردبوو، منیش کە لەسەر کتێبەکەیم نووسی وەک ئەمانەتێکی ئەدەبی و مێژوویی پەنجەم بۆ ئەم خاڵە بردو، بە کەموکوورییەکم دایە قەڵەم چونکە نووسەر لەسەر چەند شاعیرێکی نووسیبوو، (حەسیب قەرەداخی)یش لەڕووی چوارچێوەی مێژوویی و سروشتی بەرهەمی شیعرییەوە، گەر لە هەندێکیان تێپەڕی نەکردبێ لەوان کەمتر نەبوو، بۆیە پێشنیارم کردبوو ئەگەر بۆ (کاکەی فەللاح) لوا ڕۆژێ لە ڕۆژان کتێبەکەی چاپ بکاتەوە ئەم ڕاستییەی لەبەر چاوبێ، مافی شیاو بە شاعیرو شیعرەکانی بدات. لەم ڕووەوە کە (حەسیب قەرەداخی) بەرگی یەکەمی فەرهەنگی خەمی چاپ کرد دانەیەکی پێشکەش کردم تیایا نووسیبووی **«بۆ مامۆستای ئەدیب و هاوڕێی خۆشەویستم کاک کەمال غەمبار پێشکەش بێت لەگەڵ هەموو ئەو خەم و خەفەتەی کاکەی فەللاح نای بەدڵمەوە»،** شاعیر وەک مافی خۆی بۆی هەبوو ئەو ناڕەزاییە دەربڕێ، منیش کە لەسەر فەرهەنگی (خەم)م نووسی چەند خاسییەتێکی شیعری شاعیرم نووسی[١] لەسەرەتادا پێڕەوی قوتابخانەی گۆرانی کردووە.[٢] ئەگەر ڕازی تەنیایی و ست فاتیمەی (ئەحمەد هەردی) نەبوونایە شیعرەکانی (حەسیب قەرەداخی) جێگەی ئەوانی دەگرتەوە.[٣] ئەوەندەی بایەخ بە کامەران و دیلان و شاعیرانیتر دراوەو شیعرەکانیان لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیر بوون ئەوەندە بایەخ نەدراوە بە هۆنراوەکانی (حەسیب قەرەداخی).[٤] حەسیب دەنگێکی شیعرییە لەناو دەنگە تایبەتییەکانی شیعری کوریدا .[٥] لەڕیزی **کامەران و دیلان و ع.ب** و هی تر دەوەستێ و هێزو تین و پێزی هۆنراوەکانی لە هی ئەوان کەمتر نییە.[٦]



دەگەڕێینەوە سەر سالآنی شەستەکان کە ئەو حەلە شیعری کوردی ڕێچکەی شێوازی دروشمی و ڕاپۆرتی گرتبوو، مەگەر بە دەگمەن چاوت بە شیعرێکی قووڵ بکەوتایە (حەسیب قەرەداخی) ئەو حەلە شیعرەکانی تام و بۆو دارشتنێکی وایان تیابوو کە شەقڵێکی وای پێ دەبەخشین شاعیر خاوەن بەهرەیەکی شیعرییەو بۆی هەیە ببێتە شاعیرێکی کارامەو لێهاتوو.

لای شاعیر بەهرە تێکەڵی شیعر سازی دەبێ، هەردووک یەکالآ دەبنەوەو دەچنە تۆوی چوارچێوەیەکی تایبەت بە شاعیر، چوارچێوەی یەکخستنی ڕوخسارو ناوەڕۆک و بنیاتنانی ساختمانی شیعر، چاروبار بەکارهێنانی کێش و قافیە لەسەر شێوازی کۆن، هەندێ جاریش بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی کوردی (پەنجە)، لە شێوازی کلاسیکی و ناوەڕۆک ڕیالیست بەرەو ڕۆمانسی و لە ڕۆمانسییەتەوە بەرەو ڕیالیزم ، قۆناغ بە قۆناغ ڕێگە دەبڕێ و لەئەنجامدا لەسەر شەقامی ڕێبازی واقیعی ڕەخنەگری شۆڕشگێڕی سەقامگیر دەبێ و جێ پەنجەو شوێنەواری دیاردەبێ.

لێرەدا دەتوانم بڵێم شاعیر پابەندی ڕێچکەیەکی تایبەتی نەبووە، ئەگەر کێش و سەرواو شێوەی کۆنیشی بەکارهێنابێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا گیانی ڕۆمانسی و واقیعی و نوێکردنەوەو نوێخوازی تێدا دەگەڕێ.

### فەرهەنگی خەم، شاعیری خەم

ڕەنگە (حەسیب قەرەداخی) یەکەم شاعیر بێ کە تا ئێستاو کە لە ژیانا بوو سێ بەرگی کۆشیعری خۆی بەناوی فەرهەنگی خەم بە چاپ گەیشتوو بێ و، دوای کۆچی دوایی بەرگی چوارەمی (فەرهەنگی خەم) لەو ڕۆژانەدا ڕووناکی بەخۆوە بینیبێ. بڵێی وەک بڵێی شاعیر بۆ خەم خوڵقاوەو بۆ خەمیش ژیاوەو هەر بەخەمیش سەری نایەوە، دەبێ شاعیری عەرەب (ابن الرومی) کە بەشاعیری ڕەشبینی ناسراو بوو ئەو ژیانە دژوارو سەختەی شاعیری ناسراوی ئێمەی پێشبینی نەکردووبێ کە دەڵێ:

لما تؤذن الدنيا بها عن صروفها<br>
يكون بكاء الطفل ساعة يولد

ئەگەر ئەو گریانەی لەدایکبوونی (حەسیب قەرەداخی) بۆ مەرگەساتی ئایندەیی

ژیان نەبووبێ، ژیانی خۆی و گەلەکەی، دەبێ بۆچی بێ؟ بۆ هەموو کۆشیعرەکانی هەر فەرهەنگی خەم بن؟ وەک بڵێی هەر لە یەکەمین ساتی لەدایکبوونییەوە خەم و خەفەت لە شادەمارەکانی خوێنی گەڕابێ و هێزو وزەی لێ بڕی بێ، هەرچەندە بە ڕواڵەت، بە ڕەنگ و ڕوو، بەدەم و زمان تا بڵێی خۆش مەشرەب بوو، بەڵام بارە دەروونییەکە ئەوەندە پەنگی خواردبۆوە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان دابۆوە، بۆیە فەرهەنگی خەم فەرهەنگی ژەنگ و ژارو ژان و هەژان و تەقینەوەیە. بەتایبەتی بەرگی چوارەم، جا ئەو ژان و هەژانەو تەقینەوەیە لەناخێکی قووڵی پڕ ئاخ و خەفەتی دەست بڕین بێ، بەڵێن شکاندن بێ، ناپاکی بێ، فەرامۆش کردن بێ. نائومێدی بێ، دەست بەردان بێ، ئەو موفرەداتانە ناخی شاعیر دەهەژێنن، گینگڵی پێ دەدەن دەیورووژێنن، کە زمانی ببێتە درەختی شیعر، بێتە گۆ، خەم و خەفەت لەناخەوە لە هاڕژن بدەن و بتەقنەوەو ڕوو بەڕوو ببنەوە:

« بۆ بێمەوە...
تۆ چیت بەمن بەڵێن دابوو.. ئێستا لەگەڵ منا چۆنی؟!
ئەوساکە تۆ بۆن و گوڵ بووی، ئێستیکە تۆ تەنیا بۆنی...
بۆ بێمەوە..
چراخان بووی، لە پشتمەوە کوژایتەوە
وەکو ڕۆمانی «دڵداری بێ قارەمان» برایتەوە!
بۆ بێمەوە».

بۆن و گوڵ، یاخود بڵێین گوڵ و بۆن دوو جەمسەری لێک بەستراون. بوونیان پێکەوە دەسەلمێنرێت، بۆن بێ گوڵ نابێت، گوڵی بێ بۆنیش دەستکردەو ژیانی تێدا ناگەڕێ، بۆیە شاعیر بەدوای شتێ ناکەوێت بوونی نەبێ، ئەمە حاڵەتێک لە هاوکێشەکەدا، حاڵەتی دووەم کوژانەوەی چراخانە لەپشت شاعیرەوە یەک لە پەندەکانی (تاگوور) دەبێژێ: (ئەوەی چرا لە پشت خۆی هەڵگرێت سێبەرەکەی بۆ پێش دەنێرێ).

کەواتە دەبێ ئەو پێوەندییە چی بێت کە چراخانەکە لەپشت شاعیرەوە بکوژێتەوە؟ ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە ئەوەندە کار دەکاتە سەر شاعیر کە لە هۆنراوەی



«نایێمەوە»دا، (١١) جار «بۆ بێمەوە» دووپات دەکاتەوە، کە دەتوانم بڵێم ئەم «بۆ بێمەوە» یە هاواری نارەزایی دەربڕینە کە لە دەروونێکی ژانگرتووی گینگڵدان پەنگی خواردۆتەوەو سەر دەکات. ئەم دووپاتکردنەوەیەش چەند جارێک خوێنەر زیاتر پەلکێش دەکات کە بورووژێ و هاوسۆزی باری دەروونی شاعیر بێ و، لایەنی ئەفراندن و داهێنان لای شاعیر دەرەخسێنێ و زیندەگی و دینامیکییەتی پێ دەبەخشێ، هەروەها تێهەڵکێش کردنی نایێمەوە بۆ بێمەوە، بۆ چەند جارێک و، دووپاتکردنەوەی نایێمەوە، ئەو نارەزایی و ڕوو بەڕوو بوونەوەیە توندترو بە تەوژمتر دەکات، گیانی بێ باکی لا دەرەخسێنێ کە بڵێ:

« نایێمەوە، نایێمەوە
وا ئەزانیت وشک دەبم
من ئەو تۆوەم بەبارانی سەر پەڵەیێک دەڕوێمەوە.
دەبم بەگوڵ دەکرێمەوە!
دەبم بە مەی دەخورێمەوە!
لە بازاڕی دڵداراندا من ئەو قەرزەم دەدرێتەوە
هەر گوڵ زۆرە بەیانییەک لەناو گۆپکەی یەکێکیاندا
وەکو ئاورنگ هەڵبێمەوە!»

کۆتایی شیعرەکە لە کونجی نائومێدی و دۆشدامان دەربازی دەکات بەو نیازەی ئەو هیوایەی کە لەدەروونیدا چەکەرەی کردووەو دەبێتە حەقیقەتێکی بەرچاو.

لە هۆنراوەی (سوجدەی ستایش) دا هەمان ڕێچکەی پێشووی گرتووتەبەر، بێ خەڵوەتی، وێرانە جێ ژووان، وەیشوومەو گەردەلوول، خەمخواردنی دڵداران، بورجی ڕەشەبا، یاری بێ ئاڵاو واڵا، بازاڕی بێ کاڵا،، سیمرخی باڵ شکاو، بوونی مەرگەوەڕو خەنجەری گول، ئەم پەیڤانە ڕێگرو بەربەستی ئاوی سەرفرازی و ئاسوودە بوون بەڵام شاعیر هەرگیز نائومێد نابێ، بەو هیوایە دەژی دەبێ بێتە دی:

«تەنها بەشی سوجدەیەکی ستایشم تەمەن ماوە
هەو بەم هیوای جێ ژوانی ئازادیم و
ئەم ئاواتەم پێ بڕاوە!»

(کێڵگەی زامان) ئەو هۆنراوەیە کە پەردە لەسەر ڕووە دەمامک کراوەکان هەڵدەماڵێ، کە ئەو برینە خۆشەویستانەی داگیرکەران لە جەستەی شاعیرو کوردستانیان کردووە، ئەو زامانەی کە ئەوەندە قووڵ بوون تا دەهات ئازار پاکی دەکردنەوە، کەچی برینە نوێیەکانی دزەکان، برینە کۆنەکان پیس دەکەن، زۆری و ستەم لەهەر لایەکەوە دەرچێ ئەگەر قەوم و خوێش بن، هەر ستەمکارییە، هەر زەبر وەشاندنێک داگیرکەرێ بەرجەستە دەکات مایەی شانازییە برینە نوێیەکان، لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا بوون بە سوێندی تەحریم، و تەجریم هەر بە قسەو چیترنا، خەمەکانیان زیاتر کردو، ژمارەکانیان لەپێش دەمی دزەکاندا بوون بە ساڵنامە، تا دێ پتر دەبن، دۆستانی کورد، لە وێنەی (ئیسماعیل بێشکچی) شاهیدی بەرخودانی ڕێگەی ئازادی کورد چ ئازار و زاروزامی لامان بەرجەستە کرد؟ چ سوود لەو ئەزموونەی ئەمرۆ وەرگیرا؟

قوڕێکی ئەوتۆ بۆ ئەو خەڵکە گیرایەوە کە ئەوەندە خەست و سەختە زۆر زەحمەتە لێی دەرچین، برینی دەیان ساڵە کە شاعیر ئەوەندە ساویلکەو سادەبوو، شاعیری لە خشتە برد و هەڵفریواند، کەوا بزانێ، ئەوانەی بە قسە بەڵێنیان دا بۆ گەل بژین و بۆ ئەو بمرن، شیاوی پشت پێ بەستن و متمانە پێکردنن.

بەڵام ئەفسوس هەزار ئەفسوس، وا شاعیر دەمامک و ماسکەکان لە ڕووە بە ڕواڵەتەکان دەکاتەوە، حەقیقەتیان دەردەخات و برینەکەی خۆی دەکاتە دەمامک و پەردەو، شەخسیەتی مرۆڤێکی بوێرو قسە لەڕوو و ڕاستگۆیی پێ دەبەخشێ، لەبەردەمیا دان بە ساویلکەیی و دڵپاکی و بێ گەردی خۆی دەنێ و ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێ:

« برینەکەم!.. ئەی هاوسەری دەیان ساڵەم
دان پیانانە من هێشتاکە ئەو مناڵەم
وام دەزانی پیاو، کوتەکە،
حەق شەتەکە،
وەهام دەزانی ڕاست دەکات، ئەوەی دەڵێت: تاپەتەکە
کاتێ تەماشای دۆزم کرد؛



کاتێ تەماشای دۆخم کرد؛
سۆسیاڵ تێلاچوو بە گژما
ناسیۆناڵی دیموکراسی دایگرتمەوە
مێژووم لێ بوو بە سەگی هار..
لەم ناوە دووری خستمەوە.
دزان جڕتیان تێ دەگرتین..
جڕتێک بۆ من، دوو جڕت بۆ تۆ!
سەد بۆ کوردایەتیی، درۆ..»

لە هۆنراوەی «لەگەڵ ئەویندارانی حەقیقەتدا» مەسەلەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە، کە هەموو هەڵپەو تەکانێک، هەموو بیروڕاو مەبدەئێک، هەموو هەوڵ و تەقەلایەک، تەنیا بۆ ورگەو چیترنا، ئەویتر قسەی ڕووتەو «قسەی ڕووتیش ناچێتە ناو گیرفانەوە»، بە قەد ئەوەی، حیکمەت ناچێتە نێو ناخێکەوە تێروتەسەل بێت، ئەمە ڕاستییەکە دەبێ بزانرێ، کورد وتەنی شینەکە بۆ هەریسەیە نەک بۆ شەهیدکردنی ئیمام حوسەین، (حەسیب قەرەداخی) ئەم حەقیقەتە لەڕێگەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) یەوە بەرجەستە دەکات و، دەیکاتە ڕابەری بۆچوون و خولیاو ئارەزوویی کەسانێ کە مەسەلەکە لایان تێڕوانینێکی خەیالییە، (ئەو نانە نانە ئەمرۆ لەخوانە)، هەر هەموو ڕێبازەکان، بە ماتریالی و ئایدیالییەوە، بەباوەڕو زەندەقەیەوە هەموو لەیەک شت سەرچاوە دەگرن کە کرۆک و جەوهەری شتەکانە، خاڵی ململانێ و، شەڕو پێکدادانە، مرۆڤیش ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ئابوورییەو، ئابووریش بنەمای پێشکەوتن و دواکەوتنە، شاعیر ڕوو دەکاتە حەزرەتی گەیلانی و دەڵێ:

« قوربان ئێوەش هەموو کاری زەویتان
خستە پێش چاو...
لە نوێژەوە تا خوێندنەوە،
لە پەیامی (پێغەمبەری) تا (زەندەقە)!
لاتان وەها ڕوون بووەوە»
تەنیا «إطعامی طەعامە» کە باشترین کاری حەقە

هۆنراوەی «وەرن» نرکەی بەجۆشی هارژنەو تەقینەوەی ڕق و کینەیە دژی شەڕو شەڕانگێزان، تراژیدیای مەرگەساتی دەیان ساڵی پڕ لە قوربانیدان و بەرخودانە، پێشبینی ڕۆژی ڕەش و کۆستی گەلی کوردو شەرمەزاری مێژووی خوێناوییە، تۆماری ڕۆژگارێکە کە لەجیاتی بارانی ڕەحمەت، وەچە دوای وەچە بە تف و لەعنەت تەوێڵی ئەو ڕۆژە ڕەش و نەگریسانە سواغ دەدەن کە ئەو ئاگرە بێ ئەمانەیان تێدا کرایەوە، شەڕی ساردو شەڕی گەرم، شەڕی ڕاگەیاندنی جنێوو ڕیسوایی بەیەکتری کردن و کردنەوەی زارکی زێرابەکان، شەڕی مەرگ و کارەسات و وێرانکاری، شەڕی ئەوەی خۆمان بە خۆمان کرد ڕووی ڕەشی دوژمنە داخ لە دڵ و دیکتاتۆرەکانی سپی کردەوە. شاعیر بە هەستێکی بەجۆش و خرۆش ئەم واقیعە تفت و تاڵە مەحکووم دەکات کە پێشێلکردنی زەق و تەواوی مافی مرۆڤە، ئەوە لەکاتێکا ئێمەی کورد هەموو دنیامان مەحکووم دەکرد کە بێ هەڵوێست بوون لە ئاست ئەو هەموو کارو ڕەفتارە دڕندانە بێ ویژدانانەی داگیرکەران بەسەریان هێناین، بۆ بەختی خۆمان دەگریاین، ئەی ئێستا کێ بۆمان بگرێت؟!

با منیش لەگەڵ شاعیرێکی عەرەب بڵێم:

«يبكي علينا ولا نبكي على أحد
فنحن اغلظ اكبادا من الأبل»

بەڵێ ئێمە جەرگمان لە جەرگی وشتر ئەستوورترە، بەتایبەتی کاتێ لەئاستی تووڕەییدا بێت، با گوێ بگرینە شاعیری نەمرمان بابزانین چ هاوارێکی بەجۆشی لێ هەڵساوە:

«خەڵکە وەرن، بێن بپرسین:
تفەنگەکان!.. ئێوە بەچی ئاو دراون؟
ئێوە بۆچی وەکو تۆفان و وەیشوومە تێکرژاون؟
وەرن تەماشای نێو چاوی خۆتان بکەن؟
ڕوو لە تاک و کۆتان بکەن؟
گەردەلوولی ئەم خوێناوە بۆ کوێ دەبەن؟
بارگەو بنەی ئەم خولەتان..



وەک دیاری بۆ کێی دەبەن؟
خەڵکە وەرن.. نۆرەتانە دەست هەڵبڕن؛
شەقام پڕکەن بڵێن بەسە!
هۆ هۆ چەکە بێ شەرمەکان، وامەزانن
دایکی ئەم خەمە نوێیەمان جگەر سووتاوی بێ کەسە!
ئێمە مێژووین.. ئەو لەعنەتەی دەیدەین بەڕووی شەڕخوازاندا
بۆ پشتاوپشت دەبێ بە بەیت!
ڕوو لە کێوی قافیش بکەیت!»

لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە تفت و تاڵەی پڕ لە کوشتن و بڕین و وێرانکاری، کە بەهەزاران کەسی ناچارکرد، نیشتیمان جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە هەندەران، لە ژیانێکی نامۆییەوە، بەرەو ئاوارەیی و نامۆییەکی تر خۆیان بخۆنەوە، شاعیر ئەوەندە پابەندە بە خاکی نیشتیمانەوە بستێ لێی جیانابێتەوە، وەک خەڵکی تر نیشتیمان جێ ناهێڵێ، بەڵکو نیشتیمان جێی دەهێڵێ، ئەو نیشتیمانەی کارێکی ئاوای بەسەرهاتووە کە بێ باوک و دایکە، نیشتیمانێکی هەتیوە، لەسەر ئەم حاڵەش شاعیر ئەوەندە ڕەگوڕیشەی خۆشەویستی وڵاتەکەی ڕۆچووە، کە هەرگیز ئامادە نەبووە بەجێی بهێڵێ، هاواریشی لێ هەڵنەستاوە... لەگەڵ کۆچی دایکی کە نیشتیمانە بچووکەکەیە، نیشتیمانی گەورەش کۆچی کردووە، ئەم پەیوەندییە جەدەلییەی نێوان دایک و نیشتیمان شاعیر لە ناخەوە دەهەژێنێ، چونکە خۆشەویستی نیشتیمان لە سۆزی دایکەوە وەرگێراوە، بەقەد ئەوەی کوڕ لەدایک ناترازێت، ڕۆڵەی بەوەفاو دڵسۆزیش لە وڵاتەکەی خۆی دانابڕێت، ڕاستە حاڵەتێکی نامۆیی لای شاعیر دروست بووە، کە لە نیشتمانێک دابوو بێ دایک و باوک بوو، نیشتیمانێک گەیشتە ئەو ڕادەی کەسێ خۆی بە خاوەنەکەی نەدەزانی، هەر کەسێ بۆی لوا پشتی تێ کردو بەجێی هێشت، شاعیر نەبێ وێڕای نامۆیی و بێ کەسی دان بەخۆیدا دەگرێ و زەمینەی خۆی جێ ناهێڵێ:

«ئەی دایە گیان.. نیشتیمانم بەجێی هیشتووم
ئەی دایە گیان... تۆش هاوارت لێ نەبیستووم؟!

ئەی بۆچ نە تۆ نەنیشتیمان نایەنەوە؟
پەردەی یەکەم دادەنەوە
نمایشی ئەم چیرۆکە خوێناوییە
ماری ئەم کۆڕە ئازارە– درۆیان کرد– وتیان مارێکی ئاوییە
ئای دایە گیان، ئای نیشتیمان
لە نوێ مەلاشووی خەمەکان هەڵبەنەوە»

شاعیر هەرگیز دۆش دانامێنێ و پەنا دەباتە بەر خەونێکی کە مافی ئەو بێ دایکییەی لێ بسێنێتەوە، بەڵام گومان وەها لە دڵ و دەروونیدا چەکەرەی کردووە کە ئەو ئەزموونەش وەک ئەزموونەکانی تری پێشوو لە بار بچێ، وەک بڵێی بۆ ئەم بەزمە بشێ کە ڕەمزی کوردایەتی و ئازایەتی و جوامێری نەمێنێ، کە بەردە قارەمانەو شاعیر وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی بەکاری دێنێ و بۆ مەسەلە گشتییەکە تەوزیفی دەکات:

«گومان گوێ لە دڵم دەگرێ، زەنگی کاغەز لەناو دەنێم...
مێژوو فێری پرسێک دەبێ:
– من بۆ بەزمی وەها دەشێم!
خەڵوەتێکی حەفتا ساڵەی تر لوولمان دا
بەردە قارەمان نامێنێ،
شێخی نەمر بەپێکراوی سەرباتەوە
بە چی سەری خۆی بشکێنێ!»

خەمەکانی شاعیر ئەوەندە زۆر قووڵن، بێ کۆتایین، وەک بڵێی هەموو دەم هەر خەم دەخوات و خەمیش دەیخواتەوە، تەنانەت بوونەتە یادگارو لە شاعیر جیا نابنەوە، شاعیری کۆست کەوتوو، شاعیری ئەندێشەو خەیاڵی کەژاڵ:

« زستان ساردەو نیوەی ساڵە.. ئەندێشەمان هەر کەژاڵە
دووی شوباتی هەشتاو سێیە
لەناو بەفردا دادەبەزێ جانتایەکی ڕەشی پێیە
باوکی کەژاڵ . دایک و خوشک و برای کەژاڵ لەوبەر بەفرە



چاوەڕوانن
چاوەڕوانی بەفرو کەژاڵ، کێ دەزانێ کامیان جوانن؟»

بەفر نیشانەی پاکی و بێ گەردییە، ئاخۆ دەبێ کامیان پاکترو پاکیزەتر بن، بەفری سپی یا کەژاڵی بووکی مەرگی ناوەخت، بەفر بارین لای شاعیر بەندە بە حاڵەتێکی تراژیدی لە بیرنەکراو، کە دەبێتە خەمێکی قورس و سەخت بەسەر دڵی شاعیردا دادەکات، هەرچەندە ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە جۆرە تەسەلاو ئاسوودەییەک لای (حەسیب قەرەداخی) دروست دەکات کە دەبێتە نەست و خەیاڵێکی دوو باڵ لێڕواو، بە جەستەش نەبێت وەک تارماییەک هەموو نیوەی ساڵان دەرکەوێ و ببێتە دڵنەوای و، دەروونی هەڵقرچاوی شاعیرو کەس و کارو ناسیاوانی کەژاڵی جوانەمەرگ تەسکین بکات.

بۆیە هەر لە حاڵەتی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ پرسیاردایە، تا ئەو ڕۆژەی سەری یەکجاری نایەوەو ماڵئاوایی لێ کردین.

«ئاخۆ تاکەی دەمێنم و گشت زستانێ
بەفرباری من ئاگرم تێچێتەوە؟!
کەژاڵ بووکی مەرگی ناوەخت، بەرەوباوانی بێتەوە؟!
توخوا خەڵکە کە من دەمرم، بەفربارین لەبیرتان بێ:
نیوەی ساڵان لە (کۆیە)وە، کەژاڵی من
هەولێر دەخاتە پریاسیکەو هەڵدێتەوە.»

ئەم خەیاڵەی شاعیر پابەندە بە سروشت، «خەیاڵی شیعر ئامێز وەک (ڕۆزنتال) دەڵێ: پێوەندییەکی پتەوی بەڕواڵەتەکانی سروشتەوە هەیە، چونکە سروشت و خەیاڵ هەردووکیان هێزی دروستکەرن، سەرچاوەکەیان وشک نابێ».[١]

بەفری زستانیش ئەو حاڵەتەی شاعیر دەرەخسێنێ، کە بەندە بە هاتنەوەی کەژاڵ و مەرگی ناوەختی، تێکەڵکردنی چاوەڕوانییەکی خۆش و ڕووداوێکی لە عەقڵ بەدەر، کە هەموو خەونە خۆشەکان پووچەڵ دەکاتەوە، دوو حاڵەت و دوو جەمسەری هاودژ دیمەنێکی ئاهەنگ ئامێز بە خەیاڵی چاوەڕوانی و پێشوازی لێکردن و شەڕە بەفر، دیمەنێکی هێندە دڵتەزێنی بەرچاو کە تۆپەڵە بەفرەکان ئەوەندە قورس و سارد بوون،

دیمەنە ئاهەنگ ئامێزەکە دەگۆڕێ و دەیکاتە حاڵەتێکی تراژیدی جەنائزی مەرگی ناوەخت.

(حەسیب قەرەداخی) دێڕە شیعرێکی (فایق بێکەس) دەکاتە سەرناوی هۆنراوەیەک کە مەرگەساتێکی جینۆسایدی بەسەدان هەزار کوردە، کە تا ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی ڕەفتاری ئاوا دڕندانەی بەخۆوە نەبینیوە، ئەگەر (بێکەس) بە بۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە کە ئەمریکا لە هێروشیماو ناکازاکی بەکارهێنانی وتوویەتی:

« داخەکەم بۆ ئەو زەمانەی ڕووی زەمین
وەک بەهەشت بوو پڕ لەخۆشی و پێکەنین
بێ تەماع و بێ درۆو خاڵی لە قین
دڵنیاو دوور بووین لە ئەتۆمی لەعین
تف لە عیلم و سنعەت و صەد کارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا
یادی تۆ ئێستا لە دڵ خەم لا ئەبا(٢)»

ئەم هۆنراوەی (بێکەس) مەحکوومکردنی پلەی ژیارو شۆڕشی تەکنەلۆژییە کە مرۆڤ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆوە بینی کە بگاتە ئاستی دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی بۆ قڕکردنی خەڵک ،ئەوە (حەسیب قەرەداخی)یش، تف لەو پێشکەوتنەی زانستی دەکات کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەخۆیەوە بینی کە خەڵکی کوردستان بۆ مەرگی هەڵەبجە هەر باوکە ڕۆبوو، کە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالی بەدواوەهات:

« بە ژمارەی پیتی ئایەتەکان
کچ سەرنگووم، کوڕ سەرنگووم
ژن سەرنگووم، پیاو سەرنگووم
بە ژمارەی پیتی هەموو ئایەتەکان فرمێسکی سوێر
بینایی کوێر...
مەفاهیمی سەر بەرەوژێر!
ئەنفال هێشتا مارشی جەنگەو لوولەی تۆپان لە بەریانە
ئەنفال بوو بە کلاو ئاسن، حەزەراتیش لەسەریانە



قیرائاتی تیسعە دێنن بۆ سوورەتی:
سەبعەی ئەنفال
موفەسرین. حازریەکان هەزار قیل و هەزاران قال!
ئایەتەکان بهوننەوە، قەطعی ڕەحم و قەطعی ئەوصال
ئەنذال، دەبن، بە مامۆستاو ئەنفال دەکەن بە مەدرەسە
مێژوو وەکو سەگ ڕاودەنێن بۆ ژێر هاڕەی ئەم هەرەسە!»

ئەم شالاوە بەدناوانەی ئەنفال کە ڕژێمی بەغدا لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجە ئەنجامی دا، لەئەنجامی ئەو هێزو دەسەڵاتە بوو لەسایەی خۆماڵیکردنی نەوت پەیدا کردبوو، کە ئێمە سەردەمێ بەهەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەو بوێرانەمان لەقەڵەم دەدا، بەڵام لە ئەنجامدا دوو شەڕی وێرانکاری بەدواوە هات و، کوردیش تیایاندا تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانی و هەڵمەتی جینۆساید بوو، لەم ناوەدا کراین بە کافرو لەدین بەدەرو یاخیبوو، بارانی چەکی کیمیاوی هەمە جۆریان بەسەردا باراندین، ڕاپێچی ئەنفالی ئەنذال کراین و ژینگەی بەهەشتی سەرزەویمان لێ پیس کرا، شاعیر تف لە پیشەسازی و تەکنەلۆژیا دەکات، واقعێک دەخاتە ڕوو کە تا مرۆڤ ژیاری تربێ، دڕەندەتر دەبێ، تا تێرو تەسەلتر بێ زیاتر چاوسوور دەبێ و پەنا دەباتە بەر هەموو شێوازێک دژی براکەی، ئەگەر جانەوەر تا برسی نەبێ پەلاماری نێچیر نادات، کەچی مرۆڤ کە تێربوو ئەوسا پەلاماری هاوڕەگەزی خۆی دەدا.

کە ڕژێمی بەغداش لەسایەی نەوتەوە سامان و چەک و جبەخانەی هەمە جۆری داکرد، ئەوسا پەلاماری ئێرانی دا و، کە لە شەڕەکەدا دۆڕاندی ئینجا تۆڵەی خۆی لەگەلی کورد کردەوە، کە جارێکی تر سێبەری خۆی بەدی کرد غەزووی کوێتی کرد..

بۆیە دوای ئەو هەموو کارەساتە شاعیر وەک (بێکەس) تف لەو پێشکەوتن و بەناو ژیارییە دەکات و خۆزیا بۆ ڕۆژە سادەکانی زەمانی پێشوو دەخوازێ کە ئەو حەلە گەر هۆکاری هاتوچۆو کار ڕاپەڕاندن بوو، ئەو حەلە خەڵک ئاسوودە بوون لەئەنجامی ئاگری شەڕ، خۆشکردنی کڵپەکەی و، سەرهەڵدانی نیگەرانی و ماڵوێرانی تەنانەت خواپێداوەکانیش، دەوڵەمەندەکانیش بەخیلی بەو ڕۆژە دەبەن کە کەر لەباو بوو، جانەوەرە نەوتینەکان ئاگرەکەیان خۆش نەدەکرد، زیاتر نەوتیان پێدا نەدەکرد و شەڕ

بەدوای شەڕ نەدەهات، خەڵکی ئاسوودەی مەدەنی نەدەبوونە سووتەمەنی، بۆیە داوای گەڕانەوە دەکات بۆ سەردەمی پێشوو، کە دووربووین لەو پیشەسازی و پێشکەوتنە، کەچی دڵنیاو بەختەوەر بووین، گەڕانەوەو وەرچەرخان بەرەو دواوە کۆنە پەرستی ناگەیەنێ بەقەد ئەوەی مەحکوومکردنی ئەو بارودۆخەیە، بەتایبەتی لە عێراقی دەریای نەوت ، لە کوردستانی بابە گوڕگوڕی سەرچاوەی نەوت کە بەهەمان ئاگر کوردیان سووتان، بەهەمان سامان کیمیا باران و ئەنفال و وێرانکارییان کرد.

لە هۆنراوەی «شەهید» دا شاعیر حەز دەکات کە برینەکانی جەستەی گەل هەرگیز سارێژ نەبن، تا دێ بارگرانی لەناو دەروونیدا هەر زام بێ، ئەگینا شان و شکۆی شەهید نامێنێ، وەک ئێستای لێ دێ، کە تەنیا بۆ ناو و ڕواڵەتە، بۆ قسەی ڕووتە، ئەگینا نەدەگەیشتینە ئەم دۆخەی ئەمڕۆ، کە لەجیاتی ڕێزلێنان و شکۆمەندی شەهید، سەنگەر لەیەکتر گرتنە. ڕووپاییکردنە بۆ شەهید بەمەبەستی سڕکردنی هۆش و گۆشی جەماوەر وەک تریاک و ئەفیوون، ئا لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا، کە شەهید پشت گوێ خراوە شاعیر شەهیدەکان زیندوو دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ:

«خوێنی ئێوە (ئەبو سفیانی) هێناوە!

خوێنی ئێوە، بورجواکان، دەس و دەمیشیان تێناوە!

خوێنی ئێوە، ڕێکخراو و بارەگایە،

مزگەوت و خوتبەو هەرایە

خوێنی ئێوە، نەڕێژرایە، کێ دەیوێرا ...

بۆ خرسەکەی عۆجە نەبێ سەڵەواتی لە پێغەمبەر خۆی بایە»

شاعیر دەستنیشانی مەترسییەکانی دواڕۆژ دەکات، کە دوژمنانی داگیرکەر چۆن خۆیان مەڵاس داوە بۆ لەباربردنی ئەزموونەکە ئەڵقە لە گوێیەکانیش دەست لەسەر سینگ وەستاون بۆ جێ بەجێکردنی فەرمان:

«مشیر زۆرەو ئەبوو روغالیش فرەن و،

گەدەو گیپاڵ هەر پان دەبێ

مەسئوول لەناو بامێی خەستا، حەزی لە گۆشتی ڕان ئەبێ!

قاچاخچی خاوەن لەشکرە



بەقەد ژمارەی چەک بەدەست، عەرەبانەی دەستی هەیە

کێشی مرۆڤ هەردۆلارە

سێرکیش، سێرکی پیا هەڵواسینی بێ بارە!»

لەمەش زیاتر هەستە بەسۆزو بە جۆشەکەی لەئاستی دۆزی ڕەوای گەلەکەیدا، تین و تاوێکی ئەوتۆی بۆ دێنێ کە پێشبینی شەڕ هەڵگیرسان بکات، لە کاتیکا مێژووی هۆنراوەکە (١٧)ی تەمووزی (١٩٩٢)ە، لە ڕوانگەی لێپرسراوی مێژووییەوە پێش ڕووداوە نەگریسەکان دەکەوێتەوە ڕوو لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکات و پێیان دەڵێ، هوشیارو ئاگاداربن، نەکەن بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی فریوتان دا، نەکەن بچنە ژێر ڕکێفی دوژمنانی داگیرکەر، ئەگینا دەدۆڕێن، ئەو حەلە بۆ هیچ دەست نادەن بۆ مەرگ نەبێ:

«مشیر، وا بە دەربەنەوە

چش کە ئێمە برسیمانە، دەربەنەکان نەکەنەوە!

مشیر هەموو گوێ قوڵاخن

شەڕ لە دەربەند دوور خەنەوە!

ئەمجارەیان بەردەقارەمان شەرمن بێ

مردن چاکە!

گوێتان لێیە؟

هاوڕێ، هەڤاڵ، مامە، کاکە!»

هۆنراوەی «ژن و خاک و من» پێوەندییەکی توندو تۆڵی تری جەدەلی نێوان سێ جەمسەری بەیەک بەستراون، کە لێک ناترازێن مەگەر مەرگ نەبێ، هەرسێکیش سەرچاوەی بوون و ژیان و بەردەوام بوونن، شاعیر خاک بە دەرەوەو ناوەوە لەقەڵەم دەدا، بەقەد ئەوەی خۆی بە ژن دەبەستێتەوە کە هاوسەرەو سەرچاوەی ئارامی و ئاسوودەییە، زیاتر خۆی بەخاک دەبەستێتەوەو نایەوێت لێی دوورکەوێتەوە، ژن و خاک واتە ژیان و بوون، بوونی هەردووکیان بوونی شاعیرو ڕەگ داکوتان و ئارام و نووچ نەدانە:

«وتیان: خۆ تۆ لەم سەرخاکە جامی بادەت ئاوارەیە

هەرخۆتی و خۆت دەخۆیتەوە
تۆ چەند ساڵە، لەم بازنەدا بۆ خۆت دێیت و دەڕۆیتەوە؟
بەلغی جەستەت دەشۆیتەوە
بۆ قومێکی وا هەڵنادەیت ئارامت کا؟ بە هەوڵێکی ناکامت کا؟
وتم: بەسە: کە ئەم خاکە جامی باڵای تۆی نازدار بێ
جێ ماچی لێوی ئاڵت بێ
کە ئەم خاکە (جۆبیتەرە) و ڤینۆسی تۆی هەڵگرتبێ
وەکو تاجێک بەسەرەوە،
کە ئەم خاکە دەرو، ناوبێ، من چۆن دەژیم لە دەرەوە؟!»

ئەم خۆ بەستنەوەی شاعیر بەخاک لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەرجەستە بووە کە هەمیشە سەرچاوەی سروشت و کارێزی شیعرەکانی کە ڤینۆسی خوای جوانی و ماکی جاویدانی وەک تاجێک بەسەریەوە بێت، جوانی و ژیان و بەردەوامبوون و سەوز بوون ژنە هەر ژنە سەرچاوە لەبن نەهاتووەکەی.

هۆنراوەی (ناکۆکەکان) کە زادەی خولی یەکەمی شەڕی نەگریسی ناوخۆیە ئەوەندە کەف و کوڵی تیایە کە ڕووبەرێکی زۆری لەبەرگی چوارەمی (فەرهەنگی خەم)ی گرتۆتەوە و، چەندین ناکۆکی تێدا کۆبۆتەوە کە دەبوایە ببن بە پەند و دەرسی مێژوویی، ئەوەندە ڕووداوی جەرگبڕو دڵتەزێنی تێدایە کە شاعیر ئەوەندە پەست و دڵگیر دەکەن کە ئارامی لێ هەڵبگرێ و ئۆقرە نەگرێ و چەندین پرسیاری بێ وەڵامی لێ دروست کەن. ئەم شەڕە نەگریسەی بێ ئامانە ئەوەندە شاعیری قەڵس و بێزارو نارەحەت و نیگەران کردووە کە لەپێستی خۆی دەرچێ. مێژووی سوارچاکانی کوردایەتی و مەردایەتی لەسەر زمانی ئەوان بە درۆبداتە قەڵەم و تەنانەت خۆشی لێی پەشیمان بێ:

«ئەم ئاگرە بکوژێننەوە، هاوار گەروومی دڕیوە
مافی مرۆڤ پێشێلکردن، شیعرەکانیشمی سڕیوە،
بیکوژێننەوە، با فەرهەنگی جنێوەکان نەکەمەوە،
با سڵاوی تەرازووەکەی شێخ ڕەزامان



بەڕووتاندا نەدەمەوە!
با فەرهەنگی جنێوەکان، ڕێگەی لێشاو نەکەنەوە،
با فەرهەنگی جنێوەکان گرەوی گشت خەمەکانم نەبەنەوە!
بە کوێرایی شەڕخوازەکان ئاڵای ئاشتی هەڵکەنەوە!»

بەلای (حەسیب قەرەداخی)یەوە، ئەوانەی بە چەکەکانیانەوە لەناو شاردا دەسووڕێنەوەو چاویان لە ڕاووڕووتە، ئاواتی گەل بە دەسکەوتنێکی کاتی دەدەن، خوێنی شەهید دەکەنە شووشەی باڕ، ئەوانە پێشمەرگە نین، ئەو خوێنەش خوێنی شەهید نییە چونکە:

« خوێنی شەهید تەنیا مافی چارەنووسە
نە، خۆش بێژەو... نە، زۆر بێژەو، نە چابلووسە!
خوێنی شەهید کوردستانی ئاوەدانە
خوێنی شەهید (ئازادی)یە
خوانی برایی پڕ نانە!
لە ئەندێشەی شاعیراندا پێچ و ژانە
لە نووکی خامەی ڕووسوورا شیعری جوانە»

لە هۆنراوەیەکی (بێ ناو)دا، مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە کە ئاگری ئەم شەڕە بێ ئامانە بەهیچ ئاوێک دانامرکێتەوە، ئاوی لێک بووردن و دڵ شووشتنەوە نەبێ لە هەموو ڕق و کینەو ڕقەبەری و ناکۆکی کۆن، هەر بە هەستکردن بە لێپرسراوی مێژووییش دەستبەرداری هەندێ مەسەلەی لاوەکی ببن و دوژمنی سەرەکییان لەبەرچاو بێ، بۆیە مسکی کۆتایی ئەو دیمەنە تراژیدیانە دەبێ چاوپۆشین بێ لە ڕابردوو، ئاشتبوونەوەو تەبایی نیشتیمانی بێ، یەکلایی کردنەوەی ململانێیەکە بێ بە کردنەوەی لاپەڕەیەکی تر لە پێوەندی هاوپەیمانییەتی، ئەگەر ئەو لەجیاتی ئەم لایەن و ئەو لایەنە بوایە، واقیعەکە ڕەوتێکی تری بەخۆوە دەگرت، بۆیە دەڵێ:

« خۆ ئەگەر من ێ.ن.کاف بام
پێ.داڵ. کافم رادەمووسی..

حێ. شین. کافم رادەمووسی..
مێژووییێکی وام دەنووسی،
ئەم دنیایەش وەرگەڕایە
نامەو ناوم هەربمایە
کەسیش خراپ لێم تێ نەگات...
سووری خەرمانی ئەم وشەم، بەدەم ڕەشەباوە نەدات[٣]!»

ئەم دەسپێشخەرییە لە هەرلایەکەوە بێت، ئەوە گرەوەکە دەباتەوە، دەستبەرداریش لە هەندێ مەسەلەی لاوەکی بۆ بەرژەوەندی سەرەکی گەل، شەرەف و شکۆمەندییە.

## هەڵوێستەیەک لە ئاست شیعرەکانی فەرهەنگی خەم

دوای ئەم خوێندنەوە خێرایەی چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی بۆمان هەیە کەمێک لەئاستی شێوازی شاعیر بوەستین و ڕووناکی بخەینە سەر چەند لایەنێکیان و بڵێین کە (حەسیب قەرەداخی) شاعیری بەهرەو کارسازی شیعرە، دەزانێ چۆن هۆنراوەکانی مشتوماڵ کات و بیانخاتە قاڵبی شیعرەوە، (جورج ماوریر وتەنی «دەبێ هۆنراوە وەک پارچە کەلوپەلێکی باش زاخاو بدرێتەوەو وەک قاپی چێشتخانە دڵگیربێ، گرنگ ئەوەیە یەکێتیی هۆنراوە بە شێوازەکەی یەکێتی مرۆڤایەتی دەربڕی تەنانەت جیهانیش هەمووی تیشکدانەوەی ناوەوەی پێوەندیی گەردوونە بەو ڕادەیەی کە دەتوانین لەناویاندا لەم پێوەندییە بگەین یاخود هەستی پێ بکەین») لەڕووی زمانەوە، زمانی تایبەت بە شیعرەو کوردییەکی پەتی پوختەو جۆرە عەفەویەتێکی تێدا بەدی دەکرێ. دەتوانم بڵێم شاعیر لەم ڕووەوە دەوڵەمەندەو سامانێکی باشی وشەی کوردی خستۆتە ناو شیعرەکانییەوە، وشەی سواو و سەروای سواوی بەکارنەهێناوە، ئەگەر هەندێ سەروای کۆنیشی بەکارهێنابێ ئەوە ناگەینێ کە شاعیر خۆی بە شێوازی کۆن بەستۆتەوە، بەڵکو خۆی لێ وەدوور گرتووە، بەجۆرێک بەکاری هێناون کە گیانی سەردەم و نوێکردنەوەیان تێدایە. لەناو شیعرەکانیدا هەست بە تێئرخنینی و بەکارهێنانی وشەی دەسکرد ناکەیت و ریزی هۆنراوەکانی پتەون و چوونەتە باریەک.



سەرکەوتنی شاعیر لەوەدایە کە تەعبیر لەژیانی ئێستا دەکات و پێشبینی ئایندەش دەکات، بە ئاکامی دڵ دەچێتە ناو جیهانی ئەزموونێک کە ئاسۆیەکی بەرفرەیە، شێوەیەک لە ڕیالیزم ڕەفتار دەکات کە ڕیالیزمێکی ڕووت و وشک نییە بەقەد ئەوەی ریالیزمێکی خەیالاوی بێ سنوورەو کەرەستەکەی لە سەرچاوەی ژیانی ڕۆژانەو مێژووی بەردەوامی گەلی کوردمان هەڵدەهێنجێ، ئەو وێنە شیعرییانە بەرجەستەیان دەکات کاریگەرترە لەو وشە ڕووتانەی لە شیعردا شوێنی دیاری خۆیان دەگرنەوە وێنەکان ڕەنگدانەوەی ئاوێتە بوونی هزرو سۆزو ئەندێشەن... شاعیر زۆجار لەڕێگەی ئێش و ئازارو موعاناتی تایبەتمەندی خۆی ئەوەندە قووڵ ڕۆ دەچێت کە خوێنەر پەلکێش بکات بەرەو ئەو پشێوی و گرژی و ڕاچڵەکینەی شاعیر پێوەیان گرفتارەو دەتلێتەوە، بە جۆرێ لەمەودا تایبەتمەندییەکە دەربچن و پانتاییێکی گشتی بەخۆوە بگرن و، فەرهەنگی خەم تەنیا موفرەداتی خودی شاعیر نەبێ بەقەد ئەوەی ببنە موڵکی گشتی، ئەو کارەی کە لە دەروونی خوێنەردا جێی دێڵێ لە ئەنجامی ئەو مامڵەتە وردو زیرەکانەی کە لەگەڵ پەیڤەکاندا بەڕێگەی تایبەتیی خۆی دەکات و زیاتر پێ لەسەر بەها وروژێنەرو سرووش بەخشەکانی وشەوە دادەگرێ.

سەرکەوتنی شاعیر لەوەدایە کە توانیویەتی بچێتە ناو دڵی جەماوەرو ئەوەی هەستی پێ دەکات دەریبڕێ و لەهەمان کاتدا ئەزموونی خودی خۆشی دەربڕێ. دڵی شیعرەکانی بە شێوازی گۆرانی ئامێز لێ دەدات، کێشی پڕ لە ئیقاعی هەست بزوێن کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی چوار برگەن و (٨) و (١٢) برگەن بە ڕەوت و ئیقاع و ترپەیان لە پەردەی گوێ دەدەن و دەچنە ناخی دڵەوەو گوێگرو خوێنەر دەجووڵێنن، کە دەبنە بەشێک لە هەست و گیانی شاعیر خۆی.

(حەسیب قەرەداخی) دیمەن و وێنەی زیندوو و ئیلهام بەخش هەڵدەبژێرێ و دەیانخاتە بەر تیشکی خۆر، وەک هونەرمەندێ دەزانێ چۆن ڕەنگەکان دابەش بکات، چ جۆە هارمۆنییەتێک سازبکات، چۆن واقیعی خودی ناوەوەو دەرەوە دەربڕێ.

## حەسیب قەرەداخی و ئەفراندن

ئەگەر بە خێرایی بگەڕێینەوە سەر ساڵانی دوای (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)، کتومت بۆ ١٩٧١/٢/٢٦ کە تێیدا شیعری (هەوەڵ مەزات)ی نووسی، ئەوکاتە شەپۆڵی ڕوانگە تاو و تەوژمی خۆی هەبوو، شاعیریش سەر بەو ڕێبازە نەبوو، لێشیان نزیک نەبوو، ئەوە (حەسیب قەرەداخی)ی نەمر لە بواری داهێنان و ئەفراندن و نقاردا سەردەفتەری نوێخوازان بوو، کە **(یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی)** دا لە (٢١)ی ئاداری (١٩٧٢) سازدرا خوێندییەوە، دەنگێکی ڕەسەنی جیاکراوە بوو، خەڵکەکەی هەژاند، تەقینەوەیەک بوو لەژیانی شیعری شاعیرو جۆرە گواستنەوەیەکی تایبەت بوو لە بواری شیعری کوردیدا کە ئەوحەلە باڵی مۆرکی ڕاپۆرتی و خیتابی و شێوازی ڕووکەشی بەسەریا کێشرابوو، (هەوەڵ مەزات) بەدەنگی دڵێری شاعیر، هاواری ناڕەزایی و بەگژداچوونی بازرگانی بوو بە وشەی پاکی کوردی، هێشتاش تین و تاوو کاریگەرێتی خۆی هەرماوە، خاسیەتی ڕەها بە خۆوە دەگرێ و، سنووری کات و شوێن دەبڕێ، هۆنراوەکە ریتمەکەی گورج و گۆڵەو، کێشی پەنجەی (٤) بڕگەیە بە چوار بڕگەیەو، بەکێشی عەرووزی عەرەبیش دەریای (هەزەج)ە:

« هەوەڵ مەزات
ئەوا ئاوی ئەژنۆم داهات
حەرفم بەسەد گازو قاوە
بادراوە
ئەو دامێنەی هەڵوەشاوە
لە ڕێگادا داخراوە
وا پێ خوستە، واسواوە
دوێنێ گەسکی پەشیمانیم پیا هانیوە
تا ئێستاش کەس نەی بانیوە
خەتام نییە حەرفم ڕەقە
جێی ڕاوەستانم وا لەقە!



هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
خواوەندی وەرزی بەهات
تا بۆ (گوێرەکە)ی (سامری)ی
دەستەو نەزەر نەوەستاوم
هەتا لێڵایی ئاخ و داخ
نەی تەنیوە بەری چاوم
بێن بم گەنێ... هەوەڵ مەزات
هەتا هەر کوێ دەنگم ئەگات
هەوەڵ مەزان»

لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا کە زیاتر ڕاستییەکە خەست دەکاتەوەو پەردەی لەسەر ڕووە دەمامکراوەکان هەڵدەداتەوە، دەڵێ:

« (پازەند) و (زەند) و (ئاوێستا)م
بۆ مەزاتە
خەڵکینە بڕوام پێ بکەن
ماوەی مەزات بۆ یەک ساتە[٤]»

لایەنێکی تر لە داهێنان و ئەفراندنی (حەسیب قەرەداخی) کە دەکرێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت و کەمێک لە ئاستیدا بوەستین کۆپلە شیعرێکە کە لە ١٩٧٩/١٠/١٧دا دایناوە لە بەرگی دووەمی (فەرهەنگی خەم) دا بڵاوی کردۆتەوە ئەم دیمەنەیە کە بۆی کێشاوین:

«وڵاتێک بوو لە وڵاتان
جەژنی سەربەخۆییان بوو
نمایشێکیان پێک هێنا
شان و کەمەر
ناو شارو دەر
پڕ بوو لە چەک

پیرەمێردێ وتی خۆزگە سەد خۆزگایە
لەبریتی هەر فیشەکێ
کێشی هەموو ئەم ئاسنە
چەپکێ گوڵ و گەنم بوایە(٥)»

ئەگەر هونەرمەندی شێوەکاری تابلۆ هونەرییەکەی بە هێڵ و ڕەنگ بکێشێ، ئەوە شاعیر وێنەی شیعری بە وشە دەردەبڕێ و هۆنراوەی وێنەی لێ پێکدێنێ کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی هەست و نەستی بێ، هۆنراوەی نوێش لە نیگارەوە نزیکترە کە شاعیر بەخەیاڵی باڵگرتوو و خەیاڵی ڕۆمانسییانەی فەنتازی بەرجەستە دەکات، **(رامبۆ)** لەو ڕایەدایە کە «پەیف کیمیای تایبەت بەخۆی هەیە، وشە ڕەنگەو دەکرێ سرووش بەخشی وێنەو ترپەو دەس لێدان و چێژو ڕەنگ بووبێ»(٦) شیعر وێنەیەکی قسەکەرە، ئەو حاڵەتە هەڵگێڕانەوەی شاعیر دەیڕەخسێنێ، جۆرە نامۆیی کردن و ورووژانێکی تیایە، کە ئەوەی ئاساییەو باوەو ماقووڵە دەیکاتە ناماقووڵ و نائاسایی، نامۆکردنی شاعیریش لەوەدایە کە واقیعی بەرچاو بگۆڕێ و جارێکی تر سەر لەنوێ بە داڕشتەیەکی تر بینای بکاتەوە کە ئاواتەکەی بێنێتەدی. ئەم ئاواتەش مەودایەکی بە کۆمەڵ وەردەگرێ کە بەشێوەیەکی گشتی دەربڕی خواستی مرۆڤایەتییە. (حەسیب قەرەداخی) وەک شاعیرێکی داهێنەر توانیویەتی کە وێنەیەکی بینراو لەمێشکی خوێنەرو گوێگر بورووژێنێ، وشە و پەیڤ بکات بە هێڵ و ڕەنگ و لەجەستەیدا بزاڤ و جموجووڵ بخوڵقێنێ، وەک بڵێی وەرگر بەچاوی خۆی ئەو دیمەنە کەرنەڤاڵییە ببینێ کە شاعیر کێشاویەتی. بە هەستێکی ڕۆمانسییانە ڕامان و تێڕوانین و جیهانبینی پیرێکی خاوەن ئەزموون دەخاتە ڕوو، بەڵام مەسەلەیەکی فیکری و عەقڵی و مەنتیقی نادوێ چونکە شیعر وێنەیەکی هەستیارییە کە دەربڕی تێڕوانینی شاعیری ڕاستگۆو هەستەکەیەتی بەوەی کە دەیبینێ، ئەوەی کە پیرەی خاوەن ئەزموون حەزی پێ دەکات ئاواتەخوازە بێتەدی، هەمان ئاواتی شاعیرە، دەنگی ئەو پیاوە پیرە دەمامکێکە بۆ دەنگی خودی شاعیر. شاعیر خەون بەوەوە دەبینێ کە ئەو نمایشەی بۆ مەهرەجانی سەربەخۆیی وڵات کراو، لەجیاتی چەکپۆشین. چەپکە گوڵ پێشکەش بکرێت، گوڵیش ڕەمزو هێمای ئاشتی و



خۆشەویستی و برایەتییە لە هەموو دونیادا، گوڵە گەنمیش نان و ژیان و بەردەوامبوونە.

ئەرکی شاعیریش جگە لە لایەنە داهێنانەکەی گۆڕانکاریکردنە لە ویژدانی خەڵک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە خوڵقاندنی جۆرێک لە حاڵەتی دەروونی و ورووژاندنی دوور لە ڕووکەشی و تێکەڵ و پێکەڵی و ئاست نزم بوونی هونەرکاری،

ئەم پێشبینییەی شاعیر سەبارەت بە کوردستانەوە بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ئازادی و سەرفرازی گەر بهاتبایە دی، ئاواتەکەی ببوایە واقیعی بەرچاو بەم ڕۆژگارەی کە ئێستا تێی گلاوین هەرگیز نەدەگەیشتین.

پەراوێزەکان

١- دیالیکتیك الواقعیة فی الابداع الفنی. هورست ریدیکز، تعریب: فؤاد مرعی ل٢٢
٢- دیوانی بێ کەس- محەمەدی مەلا کەریم- مطبعة الادیب البغدادیة ١٩٨٠ ل١٦٧
٣- ئەو نموونانەی ئاماژەم بۆ کردوون لە بەشی چوارەمی «فەرهەنگی خەم» وەرگیراون- فەرهەنگی خەم- ٤- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ- سلێمانی ١٩٩٨
٤- فەرهەنگی خەم بەرگی (١)
٥- فەرهەنگی خەم (٢) - دار الحریة للطباعة ١٩٨٩
٦- قصیدة وصورة (الشعر والتصویر) تألیف د.عبدالغفار مکاوی- عالم المعرفة- الکویت ل٩ .

# فەرهەنگی خەم

## فەرهەنگی باوەڕو خەباتی حەسیب قەرەداخی

### پێش باس

ڕەنگە گەڕانەوە چەند جارێک بۆ نووسین لەسەر شاعیرێک، ئەوەندە بەپێزو بەهێزو بەنموود نەبێ، بەقەد ئەوەی کە جاری یەکەم لەسەری نووسراوە، هەرچەندە کە من تا ئێستا بەچەند نووسینێک ئاوڕم لەم شاعیرە داوەتەوە، بەپێی تواناو تێگەیشتنی خۆم ڕووناکیم خستۆتە سەر شیعرەکانی. هەر جارێک بەشێوەیەک هەڵمسەنگاندوون و تاڕادەیەک مافم بە لێهاتوویی و بواری ئەفراندنی داوە، بەڵام جیهانی شیعری شاعیر ئەوەندە فراوان و بەربڵاوە، دەکرێ، هەر جارەی لایەنێکی لێ شەن و کەو بکرێ، لەم ڕوانگەیەوە حەز دەکەم لەو شیعرانە بدوێم کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕو خەباتی شاعیرن. ئەم جارەیان «فەرهەنگی خەم» بکەم بە فەرهەنگی باوەڕو خەبات».

### حەسیب قەرەداخی و سیاسەت

«سەرەتای تێکەڵبوونی شاعیر، بەدنیای پڕ جەنجاڵی سیاسەت لە ڕاپەڕینەکەی (١٩٤٨) هوە دەست پێ دەکات، سەرەتا لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەست بە تێکۆشان دەکات، تا جیابوونەوەی هەمزە عەبدوڵڵا.

دواتر ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقی بۆ تێکۆشانی چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانی هەڵبژاردووە. ئەو دوو ئەزموونەی شاعیر لەژیانی حزبایەتیدا، هەریەکەیان لەکات و سەردەمی خۆیدا ڕەوت و شێوازی شیعر نووسینیان تاڕادەیەک زۆر بۆ دیاری کردووە»[١] واتە لە تەمەنی (١٩) ساڵییەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە، بەر لەو تەمەنەش هەر زوو هۆشیاریی سیاسی، لەئەنجامی هەستکردنی بە ئێش و ئازاری گەلی کورد، لەدڵ و دەروونیدا چەکەرەی کردووەو گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە، بە





خەباتێکی ڕێکوپێک و بە بڕوایەکی چەکپۆش نەبێ گیروگرفتەکانی کۆمەڵ چارەسەر ناکرێن و گەل ئازاد و بەختەوەر نابێ، بۆیە ڕێگەی سیاسەتی گرتۆتە بەر و «سیاسەتیش لای ئەرستۆ زانستی بەختەوەریی کۆمەڵایەتییە، هەروەها ڕەوشت زانستی بەختەوەری تاکە کەسییەو وەزیفەی دەوڵەت ئەوەیە کە گەورەترین چەردەی بەختیاری بۆ زۆرترین ژمارەی هاوڵاتییان بێنێتەدی»[٢].

لەم ڕوانگەیەوە شاعیر چۆتە کۆڕی خەبات و ژیانی خۆی بۆ گەل تەرخان کردووە، بە کردەوە سەلماندوویەتی کە خاوەن هەڵوێست بووە، شیعریشی کردۆتە چەکێکی تری تێکۆشان، کە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا خەباتی نهێنی دەکرد، شیعر کاریگەرترین چەک بوو دژی داگیرکەرانی کوردستان. لەم تێکۆشانەشدا خۆی تەنیا نەبوو، پشت ئەستوور بوو بەو کاروانەی لەگەڵیا کەوتبووە ڕێ، لەو ڕێگەیەدا ئامادەبوو قوربانی بدات و بەجۆرە خۆشی و بەختەوەرییەکی بێ سنوور لەقەڵەم دەداو، بەکارێکی پیرۆزی دەزانێ:

بەرەو بەیان ڕێ ڕەچاوکە
بەرەو بەیان ڕێ ڕەوایە
سەفەری وا موبارەکەو ڕۆژێکی ڕوونی لەدوایە
قەڵای مەردان هەزارانی وەکو تۆ بوون
چینی دیواریان بۆ هەڵساند
نەخشەی هەبوونیان بۆ سەپاند
برای ڕێبوار، خاوەن بڕیار
بڕیاری چاک ببەیتە سەر
چەند پیرۆزە لەو قەڵایە تۆیش چینێکی بخەیتە سەر
ئێجگار خۆشە
مرۆڤ باخی تێکۆشانی بۆ بێتە بەر
لەناو دەریای شینی ڕەنجا گەوهەری خۆی بۆ بێتەدەر[٣]

شاعیر. سیاسەت وەک ئارەزوویێکی کاتی سەیر ناکات، بەڵکو بەلای ئەوەوە،

سیاسەت ڕەوشت و پابەندبوونە بەهێڵێکی هەڵکشان بەرەو لووتکە، بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەنگاوانەی بە مەڵبەندی دەگەیەنن، نەک خۆ دابڕان لەکاروانی خەبات لەنیوەی ڕێگەدا:

ئێجگار خۆشە
کە هەنگاوت بەرەو ئامانج هەڵهێناوە
بۆ پێشوازیت خەڵکی هەبن دارنەدەنە بەر هەنگاوت
کەمتەرخەمی تۆپەڵ نەکەن.
بیهاون بۆ سەرو چاوت
کە پەیکی خێر موژدەی خۆشی گەیشتنی کاروانی دا
بانگی بەیان خەبەربدا
بووکی ئاوات لە گوڵزاری وا وەرزێکا
چەپکە گوڵی هەمەڕەنگە
لەبەر موورو لەسەر بدا[٤]

کە شاعیر دەبینێ ئەوانەی لەگەڵ کاروانەکەی خەباتدا بوون ، ڕێگەکەیان چۆڵ کرد، هاوبیرەکانی لە ڕیزەکاندا ترازان، شیعرەکانی دەبنە گەڕیدەو لەدەرگاکان دەدەن. بەڵام ئەفسووس دەرگا ناکاتەوە، ئەویش باری سەرشانی ئەوەندە گران و سەختە، لە ئەرکی (کاوە)یەکی قارەمان دەکات، کە ببێتە پێشەنگ و میللەتە ستەمدیدەکەی دەربازکات:

ئای گەڕیدەی شیعرەکانم لە شاراندا لە دەرگای دا
کەسێک نەبوو لا دەرگایەک بکاتەوە
کەسم نەدی بڵێ ئەمەش بەندەی خوایە
خەمی (کاوە)ی لە کۆڵدایە.[٥]

کە شاعیر، سیاسەت بەکارێکی ڕەوشتکاری لەقەڵەم دەدات، بەپاکی و بێگەردی چۆتە ناو گۆڕەپانەکە، بەڵام بەداخەوە کە مرۆڤ لەسەر ئەو پاکی و بەرائەتەی خۆی تووشی کەسانێ دەبێ، کە قسەو بەڵێن و کردەوەیان نێوانی ئاسمان و ڕێسمانە، خۆی بە ساویلکە و نەفام دێتە بەرچاو، چونکە حەقیقەتی ئەوکەسانەی نەدەزانی کە



پێیان هەڵخەڵەتاوە بەرەو خەبات بەکێشیان کرد و بەرلەوەی جەوهەرو نەژادیان دەربکەوێ، بەقسەی زل و دروشمی بریقەدار تا پەتەکە و ئامادەباشی خۆیان دەردەبڕێ، ئەوان لەئەنجامی ئەزموونەکاندا حەقیقەتیان ڕوون بۆوە، کە هی ئەوە نەبوون مایەی پشت پێبەستن بن، بەراوردی لەنێوان بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای ئەو کەسانەو ڕەنگدانەوەی لەسەر زەمینەی واقیعدا کردووە:

برینەکەم! ئەی هاوسەری دەیان ساڵم
دانپیانانە من هێشتا کە ئەو مناڵەم
وام دەزانی پیاو، کوتەکە،
حەق، شەتەکە،
وام دەزانی ڕاست دەکات، ئەوەی دەڵێت: تا پەتەکە!
کاتێ تەماشای دۆزم کرد؛
کاتێ تەماشای دۆخم کرد؛
سۆسیاڵ تێلا چوو بەگژما .
ناسیۆناڵی دیموکراسی دایگرتمەوە!
مێژووم لێ بوو بە سەگی هار
لەم ئاوە دووری خستمەوە.
دزان، جڕتیان تێ دەگرتین..
جڕتێک بۆ من، دوو جڕت بۆ تۆ!
سەد بۆ کوردایەتی، درۆ.[٦]

شاعیر کە وەک ئازادیخوازێک، هەست بەو ئازادییە دەکات کە مافی خۆیەتی تەعبیر لە کەسایەتی خۆی بکات، بە عەقڵێکی کراوەی مەعریفی مێژوو دەخوێنێتەوە، خوێندنەوەیەکی ناوەوە، چونکە ڕەهەندی دەرەوە شتێک بوو، ڕەهەندی ناوەوەش شتێکی تر، ئەویش دەیتوانی لەهێڵی سیاسی ڕەوشتکاری بترازێ، لەگەڵ واقیعە تفت و تاڵەکەدا خۆی بگونجێنێ، بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆڤایەتی بەلاوە بنێ، قەتماغەی برینەکان هەڵنەداتەوە، بەڵام شاعیری ڕەسەنی خاوەن هزر کە بەپاکی ڕێگەی خەباتی گرتبووە بەر دەیزانی وەک مەسیح فەرموویەتی: «چ سوودی

بۆ مرۆڤ هەیە ئەگەر گشت جیهانی دەسکەوێ، خۆی بدۆڕێنێ»، کە شاعیریش هەست بەکەسایەتی و شاعیرییەتی خۆی بکات، کە پاراستنی شکۆمەندی و سەربەرزی هەموو شتێکە، خەباتکردن لەپێناو گەلی کوردو کوردستان خولیاو جەوهەری ئەو کەسایەتییە سەربەخۆیە بێ، هەرگیز قوربانی بەخۆی و ئەفراندن و خوڵقاندن ناداو لە دەرەوەی مێژوودا ناوەستێ، چونکە «ئەگەر «تاکییەکەی» لەدەست دا، مەبەستم هوشیارییە خودییەکەی، یان کەسایەتییەکەیەتی، لەگەڵ غەیری خۆی لەیەک بارستدا تێکەڵ بوو، جیاوازی تێدا نەبێ، وەک ئەوەی لە مێگەلێ مەڕدایە، لە هەمان ساتدا ئامادەمییەتی خۆی لەدەست دەدات و خوڵقاندن و داهێنانی تێدا دەکوژرێ، ئەفراندن نامێنێ، بەڵکو (داهێنەر) ئەگەر هەبێ– لە حەسیب قەرەداخی هەیە– دەبێتە لادەرەوە (خولقێنەر)ی ناوازەو دەرەوەی کۆمەڵ».(٨)

هەرچەندە کە شیعری سیاسی هەندێک پێیان وایە لەڕووی هونەرییەوە بەپێی کەرەستەی کەم، لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵام شاعیر ئەگەر سەرەتای شیعرەکانیشی مۆرکی ڕاپۆرتی و گوتاریان پێوە دیاربێ، بەڵام لەئاکامدا وەک شاعیرێکی داهێنەر تەنانەت لەم بوارەشدا ڕەسەنایەتی خۆی سەلماندو شیعرو هونەری بەیەکەوە بەستەوەو لەیەک بۆتەدا هەردووکی تواندەوەو کردنی بەیەک جەستەو یەک گیان، لەم ڕووەوە ئەدۆنیس دەڵێ: «من زەمەنێکە هەوڵم لەگەڵ شاعیرە ئایدیالیستەکان داوەو زۆرم لێ کردوون شیعرییەت و هونەریەتییان بگاتە ئاستێکی بەرز بەجۆرێ فیکرەکانیان لەناو هەستیاری و شیعرییەتیاندا بتوێنەوە، نەک ئەوەی زمانی شیعری هەر تەنیا ئامرازێ بێ بۆ گواستنەوەی کۆمەڵێ بیروباوەڕی وشک، چونکە توانەوەی فیکر لەناو هەستیاریی شیعریدا، شیعر دەبێ بە وتاردان و پڕۆپاگندە وەک لەوەی ببێ بە شیعر»(٩).

هەر لە سۆنگەی شانازیی شاعیر بە شاعیرییەتی خۆیەوە، بوێرانە دێتە گۆ، باڵای شیعری خۆی لە هی شیعری (ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ) بەکەمتر نازانێ، بۆیە ڕووی تێ دەکات:

من چیاییم چیایی
ناچمەوە ناو ئاوایی



منیش وەک ئەو عالەمە وا بایی دەبم لەخۆم
ئەی داغستانی شیعرم منیش کاڵای باڵای تۆم
لە داغستانی دەروون هەر کە ئێوارە دابێت
سەگی شەو پێم دەوەڕێ و منیش ئەم شیعرە دەڵێم
سەگ وەڕبێ و شیعر بڵێم
مەڵێن لەخۆی باییە
بەخوا زۆر ئازاییە(١٠)

شاعیر هەرگیز بزاڤی هزری لە بزووتنەوەی واقیعدا جیاناکاتەوە بۆیە شیعر دەکاتە تۆو گەرەکیەتی لە کێڵگەیەکی بەپیتدا بیڕوێنێ، چونکە فیکر هەرگیز واقیع ناگۆڕێ، ئەگەر بەواقیع نەبەستریتەوەو زۆر لەو ئایدۆلۆژیانە پووچەڵ بوونەوە کە نەیانتوانی پێگەیەک لەسەر زەمینەی واقیعدا برەخسێنن، واتە فیکر ڕەنگدانەوەی واقیعەو لەهەمان کاتیشدا بۆ گۆڕینی واقیع و دروستکردنەوەی واقیعێکی تر تەرخان دەکرێ.

جارێکی تر ڕوو دەکاتە داغستانەکەی هەمزاتۆف و بانگی دەکات:

هۆ دایکی داغستانم، ئەم نازەی من مەشکێنە
ئەم شیعرەی من مەدڕێنە
لەناو کێڵگەی پوختەدا تۆوێکی پاک بڕوێنە
مەمکی پڕ لە شیری خۆت با دوگمەی سینە واز کا
بیکە بە ئاڵای ژیان
بەدروشمی ئاگرو بەفرو باران و چیا
دایک شیر با بەساواو باوک خەنجەری باتێ
هەر شیری مەمکی دایە
بەرامەی خاکی تیایە
باسی شیرو خەنجەریش ئێمە دیکەین بە بەستە
شیری دایکە کوردەکان لەسەرچاوەوە خەستە(١١)

شاعیر ئەوەندە دژی ستەمکارە، وەک جانەوەرێکی ئادەمی دێتە بەرچاو کە هیچ حیسابێک نە بۆ تاک نە بۆ کۆمەڵ دەکات، شوێنەوارێکیان بۆ دانانێ و «زۆرداری مرۆڤ دەکاتە کۆیلە، ئەگەر خەڵک بوونە کۆیلە، یان ئاژەڵ نرخی خۆیان لەدەست دەدەن، نە دەستپاکی، نە ڕاستگۆیی و نەبوێری لەئارادا دەبێ، بەڵکو درۆ و دوو ڕوویی و ماستاوکردن و ڕووپامالّی و، ملکەچی و گەیشتنە مەبەستەکان لە نزمترین ڕێگەوە دێنە کایەوە»[١٢]

لەم ڕووەوە شاعیر نەک تەنانەت وەک مرۆڤ کە نایەوێت ببێتە کۆتەڵی زۆردار، بەڵکو گا بەردێک بەوەڵام دێنێ، گیانی مرۆڤی هوشیارو ئازادیخوازی پێ دەبەخشێ، بەزمانی ئەوەوە دەڵێ و دەیکاتە ماسک بۆ کەسایەتی هەموو مرۆڤێکی شەڕەفمەندو ئازاو دلێری دژی ستەمکاری:

گا بەردێکی لاڕێ گرتوو، پاڕایەوە
خەبەر وایە ئالێرەوە دەمگوێزنەوە بۆ ناو پارکێ!
دمکەن بە پەیکەری سوڵتان
مەخابنە پیاوی چابە، پێکێ بێنە
دامگرەوە تا ورد دەبم، دەبمە کوچک و کوڵۆو دانە،
یا بمتاشە وەک پێپیلکە بۆ بەردەرگای قوتابخانە[١٣]

هەروەک لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد، خۆی بەشاعیرێکی ڕەسەن و خاوەن موڵکی خۆی دەزانێ، کە مرۆڤیش بوو بەخاوەنی خۆی هەست بە ئازادیی کەسایەتی تایبەت بەخۆی دەکات، لەدیدی خۆیەوە دەڕوانێتە واقیع، ملکەچی ڕاو بۆچوون و ویست و ئارەزوو و حەزی ئەم و ئەو نابێ، مەسەلەکان بە پێوەری عەقڵی مەعریفی خۆی لێک دەداتەوە. بەگیانێکی بەرز، وەک مرۆڤێکی خاوەن شەڕەف و سەربڵند مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات، هەر ئەو سەربەرزییەشە وای لێ کردووە کە نەچێتە قاڵبێکی داڕێژراو، ئەگەر ئەو قاڵبەش خاسییەتی گشتگیری بەخۆ گرتبێ، مادامەکی پێوەرەکان گۆڕدراون و سەرەو لێژ کراون، ئەو وەک مەسیحێک دەیەوێت کە (سەرنجی خەڵکەکە بۆ جیهانێکی نوێ پەلکێش کات کە لەناو خۆیاندا هەڵیگرتووە، کە بایەخدانە بەگیانی ڕۆحی، ئەو جیهانەی کە وێنەی مەملەکەتی ئاسمانە



«مەملەکەتی خوا» و بۆ ئەوەی بگاتە ئەم مەملەکەتە دەبێ ئەو بتانە بشکێنێ کە حەزو ئارەزووەکانی سەر زەمین دروستی کردوون)[١٤].

شاعیر ئەو بتە دەشکێنێ کە خەڵکی کاسەلێس دروستیان کردووە، کردوویانەتە خوای سەرزەمین، ئەم یاخیبوونەی شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە:

بۆچی دەبێ هەرچی بکەم مەرج بێ خەڵکی بڵێن باشە
خەڵکی ئاگای لەمن نییە سەرم ماشەو ژێرم ئاشە
کە تەشتی نان بوو بەچڵکی دەستی کەسێک
ئای ئای مرۆڤ دەبن بەسەگ
ڕیشی درێژ دەتاشرێت و سمێڵ دەکرێ بەبۆیەدا
ئای دەم هەڵبەست، ئای دەست هەڵبەست
دەبنە فرمایش و ئایەت
ئای کە بتیش دەکرێت بەخوا![١٥]

ئەو هەست و نەستەی شاعیر کە لەمێشک و دەروونیدا پەنگیان خواردۆتەوە، نرخ و بەها ڕاستەقینەکان لینگەو قووچ کراون، ناچارە پەردە لەڕووە دزێوە دەمامککراوەکان هەڵداتەوە، هەر دەبێ بانگی حەق و ڕاستی بدات، هەرگیز ناتوانێ فێڵ لەدەروونی خۆی بکات، ڕاستییە شاردراوەکان لە ڕوخساریدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەر بۆیە ماندوو و شەکەتە، ئەو لەکەسانی تر زیاتر هەست بەو بارە نالەبارو نامۆیە دەکات و ناشتوانێ بێدەنگ بێ، کە «مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەی جیهان» بێ، وەک پێڵاو لەپێ بکرێ، کتێب و ڕۆمان و شیعر کە زادەی مێشک و بیری مرۆڤن، دەبێ لەو ڕۆژگارەی کە خۆر بەدەستی ئەنقەست ڕوو ڕەش دەکرێ، مێژوو دەبێتە ئاودەستخانەو شیعر بە میزەڵان، چ ئومێدێک بەژیان بمێنێ، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئامادە نییە بێتە ڕیزی مرۆڤی سەگی کاروانناس:

سەگی ئەمڕۆ کاروان ناسە
مرۆڤە سەگ دەست و دەمی تەورداسە
من دەروونم ئاوێنەیە بۆ ڕوخسارم، بۆیە ماندوو

گەردن لە کڵپەی ناکامی سەفەر دەسووم
دەستم لەڕوو ڕەشی ڕۆژدا نەبووەو نییە
خەڵکی لەشیعرو لە شاعیر گلەو بناشتەکەی چییە؟!
مێژوو بوو بە ئاودەستخانەو هەرچی هەڵسێ گووی تێ دەکا
شیعریش کرا بە میزەڵدان هەرچی هەڵسێ فووی تێدەکا
نرخیش بووە بەپێڵاوێ
ئەوەی پارەو پوولی هەبێ لەپێی دەکا
جرت بۆ کتێب، جرت بۆ ڕۆمان
جرت بۆ ئەوان جرت بۆ خۆمان
ڕێگەی هەمووی پێدزکێیە و جرت و فرتە
ئاواز هەمووی بای گەدەیەو ماوەی کورتە.

هەرچەندە شاعیر لەو باوەڕە دایە کە ئەو واقیعەی بەرچاوە واقیعێکی شێوێنراوە، تێکوپێکدانی شتێکی کاتییە، بەڵام ئەو دەیەوێت ئەو مێژووەی پیس کراوە، جارێکی تر بەو ئازارو ئەشکەنجەیە بنووسرێتەوە کەلە فەرهەنگی خەمی ئەودا تۆمار کراون، بۆیە دەبێ خەمخۆری ڕاستەقینەی دارشتنەوەی مێژوو بێ، مێژووی خەمی مرۆڤێکی بەوەفا کە خاکی پیرۆزی کوردستان بیبیلەی چاوەکانییەتی، گەلی کوردیش باوانییەتی، ئەو جۆرە مرۆڤانەش مێژو دروست دەکەن، نەک زوڕناژەن و تەپڵ لێدەری کاسەلێس:

شیعرەکانم بارگە و بنەن
تۆماری چیرۆکی خەمن
بەداخەوە هەتا ئێستەش
نەیانزانی زۆرن کەمن؟
ئەو پڕ بەم کوردستانە
هاوار دەکەم من ڕووبارم
هەر ئەوساتەی دەڵێن خۆمم



خۆشم نیم و بەهرەدارم
هەر خەم دێت و خەیاڵ دێنێ
هەر خەیاڵەو خەم فڕ دەکا
هەر ئازارو ئەشکەنجەیە
پێکی ژیانم پڕ دەکا
مرۆڤ ئەگەر خەمی نەبوو
شاعیر ئەگەر ژانی نەبوو
واتە ئیتر ئەم مێژووە،
هەر پۆیە بوو تانی نەبوو[١٦]

## سەنگەر نەگۆڕینی شاعیر لە پابەندبوونێکی تایبەتەوە بەرەو پابەندبوونێکی گشتی

سەرەتا ئاماژەمان بۆ تێکەڵاوبوونی شاعیر بەدنیای سیاسەت کرد، کە پابەندی هێڵی حزبایەتی بووەو لەو ڕێگەیەوە، بیروباوەڕی کوردایەتی و چینایەتی و مرۆڤخوازی چۆتە مێشکی و بەکامی دڵ تێکۆشاوەو لەو پێناوەدا ئەشکەنجەو ئازاری بینیوە. کە لەژیانی حزبایەتیشدا دوور کەوتۆتەوە، زیاتر پابەند بووە بە دۆزێکی مەڵبەندی، کە دۆزی ڕەوای گەلە ستەمدیدەکەی بووە، وەکو مرۆڤێکی نەتەوەخوازی نیشتیمان پەروەر لە سەنگەرە فراوانەکەدا زیاتر خۆی دۆزیوەتەوە بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) زۆربەی زۆری نووسەرو هونەرمەندان، دۆزە نەتەوەییەکە لایان زیاتر پاڵنەری بنەڕەتی بووەو خۆڕاگرتن و خۆ نەدۆڕانیان، هەر ئەو هەستە نەتەوەییە بووە کە گیانی شۆڕشگێڕی بەجۆش هێناون و چۆکیان لەئاست زەبرو زەنگ و هۆکارەکانی فریودان و ویژدان فرۆشتن دانەداوەو شاعیر یەکێک بووە، لەو شاعیرە نەبەزانەی کە بەپاکی کەسایەتی خۆی پاراستووە، هەرگیز نەبۆتە زوڕناژەن و، تەپڵ لێدەری دەرباری سوڵتان، چونکە وەک وتراوە:

«ئەو شاعیرەی لەبەر دەرگای سوڵتان دەوەستێ، شاعیرێکی دزە»، بەپێچەوانەوە، شیعرەکانی کردۆتە چەکی کاریگەری خەبات و شانازیشی بەو چەکەوە کردووە وەک «شێخ ڕەزای تاڵەبانی» دەڵێ:

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەک ئاسمان و ڕێسمان![17]

جا ئەگەر تیغی زۆرداری دەسەڵاتدار داپلۆسین و ئەشکەنجەدان بێ، یان شێوازی تربێ بۆ لەخشتە بردن و بێ دەنگکردنی شاعیر، یان کڕینی ئەو کەسایەتییە ئازادیخوازە سەربەخۆیە بێ.

کە شاعیر بولبولی ئاوازی پەیڤی ڕەوانی کوردی بێ، وشەکانی ببنە گەردەلوولی بێ ئامان و ڕێگەی خەباتی چارەنووسی گەلی کوردی بن دەست بگرێتە بەر، ئەو ڕێگەی بە پابەندبوونێکی ڕاستەقینەی دەزانێ و میللەتەکەی بەرەو ئازادی و سەرفرازی دەبات، شیعر لەلای ئەو ڕەهەندێکی تر وەردەگرێ و بەختەوەرییەکی دیکەی پێ دەبەخشێ، کراسێکی تری لەبەر دەکات، کە کراسی شۆڕش و خەم و خەونی هەژارانە:

کە زمانم کەوتە مەلەو
دەستم بوو بەهاوڕێی خامەو
هەنگاویشم هەڵهاتەوە..
بەسەر سنووری ئاوایی ساردو سڕا،
چووم لەدوورگەی بەختانم دا
شیعر بوو هات بە دەنگمەوە
وتم کاکە ڕێبوارێکم پرسم هەیە
ڕەجاڵێکم ترسم هەیە
کراسێکی کردە بەرم ئاودامان بوو
تانی شۆڕش..
پۆیشی خەم و خەونی هەموو هەژاران بوو.[18]

کە شیعرە سیاسییەکانی شاعیر دەخوێنینەوە بەعەقڵی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە، هەرچەندە دەبێ هەرشیعرە لەچوارچێوەی مێژووی خۆیدا بیخوێنینەوە، بەڵام ئەو شاعیرە کە سنووری سەردەمی خۆی دەبڕێ و تەعبیر لە ئایندە دەکات بەو



جیهانبینییە گەشەی خۆی، شیعرەکانی مۆرکی نەمرییان پێ ڕەوا دەبینرێ. ئەو بەدیدی خۆی شیعری نووسیوە، گوێی نەداوەتە ئەوانەی چۆنی هەڵدەسەنگێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا، بەڕووی ئەوانەی ستەمیان لێ کردووە و مافی ڕەوای خۆیان نەداوەتێ تەقیوەتەوە کە لەمەودوا زیاتر لێی دەدوێین:

چاوی کوردی ستەمدیدەم، ئەشکی تۆڵەم
تیا دەکوڵێ
گرنگ نییە ڕەخنەسازێ چی دەنووسێ و هەرچیش بڵێ
بۆ لاسەرەی ئەویندارا ن
بەهاری نوێ دەبمە گوڵێ.[19]

شاعیر دڵی خۆشە بەو ئەرکەی خستوویەتییە سەرشانی خۆی، کە گەرەکیەتی دۆزەخ بکاتە بەهەشت، وەک وتم هەرگیز ئامادە نەبوو ببێتە شاعیری دەرباری دیکتاتۆر، بۆ پلەو سامان پێیدا هەر بڵێ، بەڵام بەکامی دڵەوە ببێتە شاعیری دەرباری خەم و هیوای مەزنی کوردستان، خەونە سەوزەکانی ڕابەرانی ڕێگەی ئازادی، کە لەو ڕێگە شکۆدارەدا سەریان نایەوە، بەدیدەنی خاکێکی سەربەخۆ شادبوونەوەو لە تاراوگەدا گیانیان بەخاک سپارد:

بۆ بولبولی نەغمەی کوردی پەیف و لاوک و حەیرانم
ئەگەر کرام بەڕەشەبا، گەردەلوولی بێ ئامانم
دۆزەخ دەنێمە سەرشانم
منی شاعیر لەژێ کانی تاری دەستی گەرووی پاکی
کێوەکاندا تۆنێکی نوێم
لەتەک ڕێبواری ماندوودا
ڕێبواری ڕێی خەم و هیوا ، سای سەهەنم
هەنگاو دەنێم هۆ ڕێبواری ڕێگەی خەم
خەم و هیوای مەزن
قەت شاعیری دەربار نەبووم

لەدەربارتا بۆ شاعیری دەربار دەشێم
مردن هەیە.. دوای ناشتنم، گیانم چەپکێ گوڵی سوورە
وەلیای ژیلەی بن تەنوورە
بمدەن لە پرچی دار بەڕووی کەلی (زەردە) و
مەودای تێڕوانینم دوورە.
بۆنم دەگاتە گۆمی (وان) شەپۆلم ڕووی لەباشوورە
دڵم خۆشە هەموو شەوێ خەو دەبینم
(حاجی) لەکۆیە حەج دەکاو (نالی) هەر لە شارەزوورە[٢٠].

## شاعیرییەتی حەسیب قەرەداخی

شاعیر دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ پەیڤدا بکات «سوور بوولەسەر ئەوەی شوێنەوارێک لەدەروونی خوێنەردا بخوڵقێنێ لەجیاتی لە یەککەیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا، مامەڵەی لەگەڵ وشەکان بەڕێگەیەکی تایبەت دەکرد کە پێداگرتن بوو لەسەر بەهای هەڵچوون و سروشتی پەیڤ» (٢١)، هەرچەندە کە خۆی شاعیرێکی نوێخواز بوو، بەڵام ڕەوت و کێشی شیعری لەدەست نەدابوو، جاروبار ناوەڕۆکی نوێی لە بۆتەی فۆرمێکی کۆن دادەڕشت، وەک شاعیرێکی نیو کلاسیک. ئەو کێش و ئیقاعەی کە شاعیر پەیڕەوی دەکردن تەعبیریان لە کەسایەتی شاعیر دەکرد، کە «وەرگر- گوێگرو خوێنەریان لە دەروونەوە دەبزواند، کە لەدڵ و دەروونێکی بەجۆش هەڵقوڵیبوون، وێڕای ئەوەی دەسەڵاتێکی تەواوی لەسەر پەیڤەکاندا هەبوو، کە زەخیرەیەکی دەوڵەمەند لە هەگبەکەیدا هەبوو، ئەو دەوڵەمەندییەی وشە نەیکردبووە ئەو شاعیرە لێهاتووە، بەڵکو دڵسۆزی و خوێن گەرمی و چۆنیەتی بەکارهێنانیان ڕەنگدانەوەی ئەو بالابوونە شیعرییەی بوون، لەگەڵ ئەو ئەزموونە درێژەی کە تێیدا ژیا، باکگراوندێکی مەعریفی ڕۆشنبیری کە زیاتر زەمینەی لەباریان بۆ ڕەخساند.

کە شاعیر ئەو بالا بەرزە شیعرییەی لەخۆیدا بەدی دەکرد وەک شاعیرێکی بوێری شۆڕشگێڕ لەناو هەڵبەست و دەرەوەیداو «شیعری شۆڕشگێڕ وەک تێدەگەم هەڵوێست لە ژیان و ململانێداو پێوەندی نێوان هەردوو چەمک، پێوەندی نامۆیی



نییە.. ناکرێ شۆڕشگێڕ لەناو قەسیدەدا شۆڕشگێڕبێ و لە شەقامدا کۆنەپەرست بێ، هەروەها ناکرێ شاعیری شۆڕشگێڕ لە شەقامدا شۆڕشگێڕ بێ و لەناو قەسیدەدا کۆنەپەرست بێ، ئەگەر توانیمان ئەو گونجانەی نێوان هەردوو چەمک بەپێوەندییەکی قووڵتر لە هاوسەریەتی و ئۆرگانیتر پێک بێنین، ئەوا بە سانایی دەری دەخەین کە ئەو شیعرە شۆڕشگێڕەی خوازیارینە، پێویستە لەناوخۆیدا شۆڕش و ڕوانینە کەلەپوورو غەیری تر لە شێوەکانی پێوەندییەکان لەناو قەسیدەدا هەڵگرێ»(٢٢)

ئەم بۆچوونەی شاعیری ناسراوی فەلەستینی (مەحموود دەروێش) ، (حەسیب قەرەداخی) چ لەناو شیعرداو، چ لەدەرەوەیدا، بەدێڕە شیعرێکی خۆی دەیسەلمێنێ، وەک حەقیقەتێکی بەرچاو، کە توانیویەتی بە کردەوە هەڵوێستی مەردانەی لەژیان و ململانێدا هەبێ و خۆی نەدۆڕێنێ، لەهەمان کاتیشدا بەها هونەرییەکانی شیعری ڕەسەن بپارێزێ، بوێرانە و ڕاشکاوانە پڕ بەدەم هاوار بکات:

هەتا دەمرم من هەر دەڵێم « جێ خەرمان نیم خۆم خەرمانم»
نە چوومەتە سەرشانی کەس وەلێ هاتوونە سەرشانم![٢٣]

شاعیر نوێخوازییەکەی لە کولتووری ڕەسەنی کوردەواری هەڵێنجاوە، زیرەکانە ئاوڕی لێداوەتەوە، ئەوەی ڕابردووی نەبێ، ئێستای نابێ، ئەوە ئێستای نەبێ ئایندەشی نابێ وەک ئەدۆنیس دەڵێ «ئەمە مانای ئەوەیە کە داهێنانی شیعری بەداهێنانی مێژوویی نەبێ تەواو نابێ، گۆڕانەکە مرۆڤخوازییەکی سەرانسەرییە نەک هونەری و چیتر» (٢٤). کە شاعیر پەنا دەباتە بەر کولتوور، بەتایبەتی کولتووری سۆفیگەری ئەمە نیشانەی نزمی ئاستی ڕۆشەنبیرییەکەی نییە بەقەد ئەوەی نیشانەی قووڵبوونەوەو هۆشمەندی و دەرک پێکردنە، کە ئەو جۆرە مامەڵەکردنە زادەی بیروباوەڕی و وزەی شیعری پتەوترو فراوانتر دەکات. بەتایبەتی شیعری سۆفیگەری کە «فراوانی عەقڵ و والاکردنی چوارچێوەی هەستیاری لە ڕێگەی شیعرەوە نەبێ پێکنایەن» (٢٥). لەم ڕوانگەیەوە (فەرهەنگی خەم)، بەتایبەتی خەمی خودی شاعیرو خەمی گەل و نیشتیمان بوونەتە بەردی بناغەی شیعرەکانی، ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان هەردوو جەمسەر بینای شیعرەکانیان هەڵچنیوە

«وشەش ئەو بیرۆکە دەردەخات کە کۆنترۆڵی شاعیری کردووە، لەبەرئەوە پێویستە لە سەرمان بۆ ئەوەی لەناو گیانی نووسەردا، بەدوای ئەو پەیڤانە بگەڕێین کە لەکارەکانی، بەرهەمەکانیدا زۆر بەکاردێن» (٢٦). ئەمە وتەیەکی (بۆدلێر)ە بۆ نموونە هێنامانەتەوە، کە بەڕاستی تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر «حەسیب قەرەداخی» دەکات، کە (خەم) بۆتە فەرهەنگێکی بەرفراوان، بەجۆرێ ڕەگ و ڕیشەی لەدەروونیدا قووڵ چووە، تاڕادەیێ، لە (فەرهەنگی خەم)دا (٣٥٠) جار دووپات کراوەتەوە (٢٧).

## بوێری شاعیرو شانازیکردن بەشاعیرییەتی خۆی

ئەگەر بەخێرایی بگەڕێینەوە، سەر دوای ساڵی یەکەمی ئاداری (١٩٧٠) کتومت بۆ (٢١)ی ئاداری (١٩٧١) کە لەیەکەمین (میهرەجانی شیعری کوردی)دا شیعری (هەوەڵ مەزات)ی تێدا خوێندنەوە، ئەوکاتە شەپۆڵی (ڕوانگە) تاو و تەوژمی خۆی هەبوو، شاعیریش سەر بەو ڕێبازە نەبوو، لێشیان نزیک نەبوو، لەبواری داهێنان و ئەفراندن و نڤاردا سەر دەفتەری نوێخوازان بوو، من وەک شایەت عەیانێک کە لە میهرەجانەکەدا بووم، بەچاوی خۆم بینیم چۆن دڕی بەخەڵکەکە داو لەدەرەوەی هۆڵەکە لە «کەرکووک»بەدەنگێکی ڕەسەنی جیاکراوە، خەڵکەکەی هەژاند، تەقینەوەیەک بوو لە ژیانی شیعریی شاعیر، جۆرە گواستنەوەیەکی تایبەت بوو، لەبواری شیعری کوردیدا، کە ئەو حەلە باڵی مۆرکی ڕاپۆرتی و خیتابی و شێوازی ڕووکەشی بەسەریا کێشرابوو، (هەوەڵ مەزات) بەدەنگی دلێری شاعیر، هاواری ناڕەزایی و بەگژداچوونی بازرگانی بوو بە وشەی پاکی کوردی، هێشتاش ئەم هۆنراوەیە تین و تاو وکاریگەرێتی خۆی هەرماوە، خاسییەتی ڕەها بەخۆوە دەگرێ، سنووری کات و شوێن دەبڕێ، هۆنراوەکە ڕیتمەکەی گورج و گۆڵەو، کێشی پەنجەی (٤) بڕگەیەو بەکێشی عەورووزی عەرەبیش دەریای «هەزەج»ە:

هەوڵ مەزات
ئەوا ئاوی ئەژنۆم داهات
حەرفم بەسەد گازو قاوە
بادراوە



ئەو دامێنەی هەڵوەشاوە
لەڕێگادا داخراوە
واپێ خوستە، وا سواوە
دوێنێ گەسکی پەشیمانیم پیا هانیوە
تا ئێستاش کەس نەی بانیوە
خەتام نییە حەرفم ڕەقە
جێی ڕاوەستانم وا لەقە!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
خواوەندی وەرزی بەهات
تا بۆ (گوێرەکە) ی (سامری)ی
دەستەو نەزەر نەوەستاوم
هەتا لێڵایی ئاخ و داخ
نەیەتەنیوە بەری چاوم
بێن بم گەنێ.. هەوەڵ مەزات
هەتا هەر کوێ دەنگم دەگات
هەوەڵ مەزات

لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا کە زیاتر ڕاستییەکە خەست دەکاتەوەو پەردە لەسەر ڕووی دەمامککراوەکان هەڵدەداتەوە:

پاز بەندو (زەند) و (ئاوێستا)م
بۆ مەزاتە
خەڵکینە بڕوام پێ بکەن
ماوەی مەزات بۆ یەک ساتە(٢٨)

هەڵبەت ئەم هۆنراوەیە ڕەنگدانەوەی هەستی ناوەخۆی و سکاڵای دەروونی شاعیر بوو لە ئاست ئەو ئاژاوەی کە وشەی ڕەسەن لەبازاڕی ئاژاوەدا مەزات دەکرا، دەربڕینی هەستێکی لەم جۆرە نیشانەی بوێری و ڕاشکاوی شاعیرە، دڵسۆزییە

بۆهونەرێکی ڕەسەن، دەربڕنی ئەزموونی شاعیرە، ئارەزووی دەربڕینی ئەزموون بەوپەڕی وردی لای شاعیرە نوێخوازەکان پێگەی یەکەم داگیر دەکات، ئەوان پەی بە پێداویستیەکانی ئەوە دەبەن، ئەوان لە خەمساردی و سەرکێشی تا بلێی دوورن، کارامەیی بالاو وردەکاری نموونەی بالایانە، شاعیرێکی بەجەرگی وەک ئەلبرتی دەڵێ: «هەرچەندە ئاژاوەی ژیان قووڵ بێ، پێویستی زیاتر دەبێ بەڕاستگۆیی بە پەیڤی هەڵبژاردە بەخۆپارێزییەکی زۆر (٢٩)، شاعیرییەتی «حەسیب قەرەداخی» ئەوەندە سەردەکات کە وەک حەللاج بیر بکاتەوە، لەناو بووندا بتوێتەوە و ببێ بە بوون و بوونیش ببێ بە ئەو، ئەمەش بالاترین خوازیارییەکانی سووفییەکانە، کە مرۆڤ و جیهان دەبن بەیەک، منەکییەکە (الأنیە) کە نێوان(منەکە) و (تۆ) ، جیا دەکاتەوە لەئارادا نامێنێ:

نەیانزانی زامەکانم پێش ئەوانیش
ویستیان دڵم بکەنەوە
لەدەرباری پاشای هیوای کەللەی زلدا
باری خەمم بخەنەوە
وەلێ هەیهات... نە پسپۆرو نەزام و خەم
کەی دەگەنە ئا ئەو پایەی من بناسن؟
من تەواوم.. شوێن و کاتم لانەماوە
من تەواوم.. تاجی شیعرم لەسەرناوە
ئێستا وجوود هەمووی منەو
منیش هەموو ئەو وجودەم نۆش کردووە
بەرەو کازێوەی خولوودیش
ڕچەم بۆ خۆر خۆش کردووە.(٣٠)

ئەم گەیشتنە ڕۆحییە بالایەی شاعیر حاڵەتێکی هەستیاری ئاوێتەییە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەن کە جەوهەری شیعرو شاعیر ناناسن، کە لەڕێگەی بالابوونی پلەو پایەی شاعیرییەتی بەرەو نەمری هەنگاو دەنێ، گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها، بەرەو ئاسمانی کۆتایی، بەرەو خۆر کە ڕەمزی حەقیقەتە، لەئەنجامی





کاردانەوەی بەگژداچووەکانی ئەو سەردەمە جەنجاڵەیە کە شاعیر دژیان وەستاوەو ڕەتیان دەکاتەوە بەشێوە میتافیزیکییەکەی نا، بەڵکو بەهەستێکی هاوچەرخانە، بەڕێگەیەکی ئاسایی نا، بەڵکو بەو ڕێگەیەی کە شاعیر خۆی تێیدا دۆزیوەتەوە، کە شوێن و کات لەلای ئەو بوونیان نەماوە، واتە ئەو ڕێگەیەی بەهەست و نەستی شاعیرانەو تێڕوانینێکی گەشبینانەی بەدی کردووەو لەو سنوورەی بۆی کێشراوە دەردەچێ و ڕوو دەکاتە پانتاییێکی بێ کۆتایی، کە نزیککردنەوەی دوورە، کە ئەوانەی تێی ناگەن و نایناسن، بەو پایە ناگەن.

ئەو حاڵەتە شعوورییەی شاعیر تەنیا لەسنووری خودی خۆی ناوەستێ کە شانازی بە گەورەیی شیعرو دەسەلاتی مەعریفی دەکات، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەوانەش دەبێتەوە، کە زۆر هەوڵیان دا لە نرخ و بەهای کەسایەتی (گۆران)ی پێگەی شاعیرییەتی لەسەر نەخشەی شیعری کوردیدا کەم بکەنەوە، «گۆران» جارێکی تر گیانی دێتەوە بەرو بەڕووی ئەو هێرشە نارەوایە وەک پیرەمەگروون دەوەستێ و وایان لێدەکات تەنیا مایەپووچی و شەرمەزارییان بۆ بمێنێتەوە:

گۆران وەکو پیرە مەگروون ڕاوەستابوو
پەیامێکی لە هەستابوو
«بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخن دا»
حەوزی لێخن پڕکەنەوە
ئەم هێرشە نارەوایەش کڕکەنەوە
دەبێ هەموو جامبازەکان شەرمەزاربن
دەبێ هەموو شایەتەکان
بێ نق و جق..
سەری لا کۆڵان چۆڵ بکەن
چاوی وشە لاڵەکانیان
لەبەر پێدا پڕ خۆڵ بکەن
لالەزارە پەژموردەکان ئاویش بدرێن هەر دەکەون

هەزار دەهۆڵیان بۆ لێدەن..

پارشێو ناکەن هەر دەخەون!(٣١)

## تێکەڵکردنی شیعر و سەنگەر

هەروەک لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کرد، شاعیر هزری نەتەوەیی و نیشتیمانی نەکرد بە مەسەلەیەکی کاتی، بەڵکو شیعر وەکو فیکر بوو بەچەکی کاریگەرو هەڵوێست نواندن بوو بە سەنگەری ڕاستەقینە، واتە بەستنەوەی فیکر بەواقیعی بەرچاو، دڵسۆزیش بۆ هەردوو تەوەر، ئەفراندنی شیعری خوڵقاند، ئا ئاوەتا وەک بڵێی شاعیر لەگەڵماندایە، خۆی بەکوردە عاشق لەقەڵەم دەدات، شیعر و سەنگەر دەبن بەیەک ڕۆح، لەیەک جەستەدا:

ئازیزەکەم .. دڵی خۆم کرد بەسەنگەرو  
بەرامبەر دوژمنی تۆ ڕاوەستام  
دەستم لەسەر چەخماخەیە  
چاوم لەو بەژن و باخەیە  
هەموو بەستەو شیعرەکانم  
چەکی تێژن  
هەموو پەڕەی چامەکانم  
باوەشی گەرم و ئامێزن  
ئەگەر بەردێ بگرنە تۆ دنیا دەدەمە بەر جنێو  
پشکۆیەکت بۆ بهاون  
بیرو هەست و خەون و خەمم  
دەدەنە کێو.  
من شاعیرم دەنگم هەیە  
لەناو دێڕی گڕی عیشقا پەیتا پەیتا زەنگم هەیە(٣٢)

شیعر لای شاعیر وەک شەراب دەڕسکێ، بەرژانی شاعیرێکە کە دوای ئەشک و ئاهو موعاناتێکی زۆر لەدایک دەبێ، وڕێنەو پەیڤی ڕووکەش و سەرپێی نییە، هەژانی



مێشک و دەروونە، گوشینی فیکرو ئەندێشەیە، وەک ئەو خۆشاوەی لە کوپەی خەمی شاعیردا دەبێ بەشەراب:

ئەی ئەو کەسانەی لەلاتان سەیرم  
دڵۆپێ ئەشک و ئاهێکتان نییە؟  
گەر شیعر نەبێ و نەکرێ بەشەراب  
تێم ناگەیێنن ئەی ژیان چییە؟!(٣٣)

وێڕای گەورەیی شاعیرییەتی حەسیب قەرەداخی، هەندێ لەوانەی کە سێبەری خۆیان بەبالآی ڕاستەقینە تێدەگەیشتن. دانیان بەو وزە شیعرییە تەقیوەی شاعیر نەدەنا، لەمەش زیاتر هەموو ئەو شاعیرانەی کە لە ئاستی ئەودا نەبوون، لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەیان لەسەر دەنووسرا، مافی ئەویش دەکرا بەژێر لێوەوە، منیش بەرامبەر ئەو ڕەوشە شێوێنراوە، بەپێی تواناو زانیاری خۆم، شتێکم نووسی و جۆرە سکالآیەکیشم دەربڕی، وەک جۆرە نارەزاییەک و مافپێدان بە شاعیریەتی ئەو شاعیرە لێهاتووەمان، کە هەتا دەها بەقەد ئەوەی تەمەنی بەرەو پیری هەڵدەکشا ، بەلآم شیعرەکانی وەک هەمیشە بەهار پاراوترو گەشتر و نوێتر خۆیان دەنواند، ئەوەبوو لە (٢٦)ی ئابی (١٩٨٥)دا شیعرێکم بەناوی «شیعر پیر نابێ» نووسی کە پێشکەش بوو بە شاعیری داهێنەر «حەسیب قەرەداخی» دەبوایە لەگۆڤاری (کاروان)دا بلآو ببوایەوە، بەلآم هەرچەندە لەیەک لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا ئاگادار کرابوومەوە کە چاوەڕوانی بلآوکردنەوەی بم، کەچی بەداخەوە بەڵێنەکە تەنیا قسەی ڕووت بوو، وا بۆیەکەمین جار لەم نووسینەمدا چاو دەکاتەوە:

هەرزەکارێ  
لە ڕووی شاعیری بەتەمەن  
وەستاو وتی:  
لەسەر شانۆ وەرە خوارێ  
تۆ ئێستا پەڵە هەورێکی هاوینی  
چۆن، تۆ بارانت لێ دەبارێ  
ئێوە وەچەی پەنجاکانن

ئەمڕۆ لەکۆڕی
شیعری نوێ دا
هەرچەند هەنگاوتان گورج بێ
هێشتا هەر لەدوای کاروانن
هۆنراوەتان
تین و گوڕیان تیا نەماوە
بەڤیتامین ناکرێن چارێ

***

شاعیری پیر هاتە وەڵام:
کاکی شاعیری هەرزەکار
تۆ لاو لاوەی قەدت لەدار ئالاندووە
گەڵای ناسکی پاییزیت
کزەبایەک دەیوەرێنێ
من دار بەڕووم ڕەگوڕیشەی قووڵی تینووم
ڕۆژ بەڕۆژ پتر ڕوو دەچن
ڕەشەبا هەرچەند بەتین بێ
ناتوانێ داری شاخپەرست لەبن بێنێ
هەرچەند کە من لەچاو تۆدا
بەتەمەنم
شیعرم هەمیشە بەهارە
لەسەر نەخشەی شیعری نوێ
جێ پەنجەکەی من دیارە
با پیریش بم
بەڵام شیعرم چۆن پیر دەبێ
بۆچی من کوێرە کانیمە



هەر بەهاران بژێیمەوە؟!
من شەرابی ڕسکاوی دەیان ساڵەمە
کاتێ سەری کوپەڵەکەم هەڵدەنەوە
بەتامو بۆیەکی نوێ
خۆی دەنوێنێ

***

ئەی شاعیری هەرزەکاری
شیعر هەرزە
چۆن دەتەوێ
لەسەر شانۆ بێمە خوارێ
کە هێشتا دەنگی زوڵاڵم
لەگەڵ گشت نرکەو هاوارێ
داهێنان و نوێکردنەوە
دەڕژێنێتە ناو دەریاچەی
شیعر، بەخوڕ
وەک ڕووبارێ

## پاشباس

هەرچەندە کە من چەند جارێک لەبارەی شاعیریی «حەسیب قەرەداخی»یەوە نووسینم بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لە «فەرهەنگی خەم»ی شاعیردا دەبێ بڵێین خەرمان بەرەکەت، شیعرەکانی زۆر لایەن بەخۆوە دەگرن، بۆیە ئەمجارەیان لایەنی «باوەڕو خەبات»م کردە سەرناوی باسەکەم، لە پابەندبوونی سیاسی حزبییەوە بەرەو کەناری پابەندبوونە گشتییەکە ئاوڕێکم لە شیعرەکانی دایەوەو ڕووناکیم خستە سەر تێکەڵکردنی هزری شاعیر بەواقیع و خەباتی نەپچڕاوەی بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە تفت و تاڵەی کە تێیدا ژیا، تا دڵە پڕ شیعرەکەی لەلێدان کەوت، سەنگەری شەرەفمەندی چۆڵ نەکرد، لەپاڵ شیکردنەوەی چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی لە شاعیریەتی

شاعیر دواوم و لایەنە هونەری و داهێنانەکەییم فەرامۆش نەکردووە، لەهەمان کاتدا پەنجەم خستۆتە سەر بوێری و شانازیکردن بەو پلەو پایەی کە شاعیر باوەڕی بەخۆی هەبووە کە ئەو گەورەیی شیعرییە بەخۆی ڕەوا ببنێ و شیعری «هەوەڵ مەزات» بە تەقینەوەی ئەو ئەفراندنە لەقەڵەم بدەم کە لە یەکەمین فیستیڤاڵی شیعری کوردی «لە کەرکووک» خوێندییەوە، هەر لەو کاتەوە شاعیر زیاتر هەنگاوی بەرەو خۆ نوێکردنەوەو ئەفراندن نا، لەڕاستیدا نەمویست لەترسی درێژدادڕی لەسەر فیکرو فەلسەفەی سۆفیگەری لە «فەرهەنگی خەم»دا ئەوەندە بوەستم، چونکە ئەم بابەتە لایەنێکی گرنگی ترە لە جیهانی شاعیر، کە بەشێوە ئایدیالییەکەی سۆفیگەری مامەڵەی لەگەڵ بۆچوونی هزرمەندانی تەسەوف نەکردووە، بەڵکو بەتێڕوانین و جیهانبینی خۆی سەیری واقیعی کردووە، بە ڕۆحیەتێکی هاوچەرخانە تەوزیفی شیعرەکانی بۆ مەبەستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کردووە، ئەم نووسینە ئاوڕدانەوەیەکە لە شیعرو هەڵوێستی شاعیر، کە بەداخەوە تا ئێستا ئەگەر پلەو پایەی هۆنراوەکانی و هەڵوێستی سەربەرزانەی لە مەیدانی خەبات و قوربانیداندا، لەگەڵ هەندێ شاعیری تر بەراورد بکەین، زۆر چاک هەست دەکەین، وەک پێویست مافی خۆی نەدراوەتێ.

پەراوێزو سەرچاوەکان:


١- بەسەرکردنەوەیەکی خێرای وێستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداخی نەمر، بەهات قەرەداخی- فەرهەنکی خەم (٤) چاپەمەنی و ئۆفسێتی داناز-سلێمانی ١٩٩٨ .

٢- الطاغية: تأليف أ.د. امام عبدالفتاح امام- مكتبة مدبولي - القاهرة، ل ١٦٢

٣- فەرهەنگی خەم (٣).

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢ .

٥- فەرهەنگی خەم٢، ل ١٤١ .

٦- فەرهەنگی خەم (٤)، ل ١١-١٢ .

٧- انجيل لوقا اصحاح ٩: ٣٦ .

٨- الطاغية، ل٤٢ .

٩- گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس - مندالّی، شیعر، تاراوگە، وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،





دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٣٩) ، سلێمانی ٢٠٠١، ل ٤٧-٤٨ .

١٠- فەرهەنگی خەم (٣) ، ل ١٩- ٢٢ .

١١- الطاغية، ل ١١٣ .

١٢- فەرهەنگی خەم (٤)، ل ٨٢ .

١٣- الطاغية. بابەتی (السيد المسيح) ل ١٩٥ .

١٤- فەرهەنگی خەم (٣) ، ل ٢٧ .

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٨ .

١٦- فەرهەنگی خەم (٤)، ل ٣٢ .

١٧- مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سجادی، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٧٢، ل ٣٧٩ .

١٨- فەرهەنگی خەم (٣) ، ل١٣٧ .

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢ .

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢- ١٣٣ .

٢١- التجربة الخلاقة- تأليف البروفيسور .س.م.بورا ، ترجمة سلافة حجاوي - دار الشؤون الثقافيه العامة- آفاق عربية، الطبعة الثانية، بغداد ، ١٩٨٦ .

٢٢- مجلة الأقلام، العدد(١٢) السنة السابعة ١٩٧٢، محمود درويش يتحدث عن الشعر الثوري والثورة في الشعر.

٢٣- فرهەنگی خەم (٣) ل١٣٣ .

٢٤- مقدمة في الشعر الصوفي- طراد الكبيسي.

٢٥- أ.أ. ريتشاردز، الشعر بين الواقع والابداع - صبيح ناجي القصاب - دار الرشيد- للنشر- بغداد، ١٩٧٩، ل١١٣ .

٢٦- ثورة الشعر الحديث- د. عبدالغفار مكاوي، ل٧٠ .

٢٧- دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداخیدا. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، نامەی ماجستێر- زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١ .

٢٨- فەرهەنگی خەم، ل ٧٠-٧٣، بەرگی یەکەم.

٢٩- التجربة الخلاقة.

٣٠،٣١،٣٢،٣٣- فەرهەنگی خەم: بڕوانە (بەرگی یەکەم و دووەم)ی سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- زنجیرەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٢ .

## نامۆیی و نیگەرانی
## لە کۆشیعری مەرکانە شکاوەکانی جەنگی چنوور نامیق حەسەندا

لە کۆمەڵگەیەکی دەسەڵات باوک سالاریدا کە هێشتا شمشێری جەللادەکان بەڕووی ئافرەتدا هەڵکێشراوە، کوردەواریش کە خۆی لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا شوێنەواری لە ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەی ئافرەت بەزەقی دیارو بەرچاوە، هەڵبەت لەو واقیعە تفتوتاڵەدا ئافرەتی هەست ناسک و هۆشیار، هەمیشە لە هی دیکە زیاتر تووشی نامۆیی و نیگەرانی و نارەحەتی دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر بێ و بیەوێت هەستی دەروونی دەربڕێت بۆیە دەربازبوون لە کۆت و پێوەندی ئەو جۆرە کۆمەڵەی پەتریرکی کە ئافرەت دەخاتە قەفەسی دیلی و ملکەچی، گیانێکی یاخیبووی بوێری گەرەکە کە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە پڕ مەینەتە ببێتەوە کە بەچاوێکی نزم سەیری ئافرەت دەکات، وەک شتومەک مامڵەتی لەگەڵدا دەکات کە بێ دەسەڵاتەو ئازادیی خودی خۆی لەدەست داوەو بەدەست بیروباوەڕی کۆنی پڕوپووچ و عەقڵیەتی گەندەڵ گیری خواردووە.

هەڵتەکاندنی واقیعی زنجیرکراو گیانێکی شۆڕشگێڕی خوازیارە، هەر لەڕوانگەی ئەم واقیعەی دەستکردی پیاوە، ئافرەتی کورد لە ململانێیەکی تونددایە، لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ واقیعی سەپێنراودا، دەبێ لەم جمکەیە خۆی دەرباز بکات (هیرمان هیسە) گوتەنی: «دوو ڕۆح لەناو دەروونمدا هەن، هەی بەداخەوە، هەر ڕۆحێکیش بۆ دەربازبوون لە جمکەکەی خەبات دەکات»[۱].

بەقەد ئەوەی کە ئازادی دەرگای واڵاتر دەبێت، بواری ئەوە دەبێت کە مرۆڤ هەستی شاردراوەو نهێنییەکانی دەروونی دەربڕێت کە زیاتر لە ژیان و ناکۆکییەکانی دەگات کە شتە جەوهەرییەکان ڕووپۆش دەکرێن و شتە ڕووکەشەکان سەر ئاو دەکەون، نامۆیی و نیگەرانییەکە زیاتر سەردەکەن و نرکەی نارەزایی و بێزاری و تەقینەوە گەرمترو بەجۆشتر دەبێت، چونکە لەگەڵ پتر بوونی ئازادی و بڵاوبوونەوەی



فێرکاری و بەرزبوونەوەی پلەی هۆش-دا بەتەواوی نامۆییش زیاد دەبێت. لەو کۆمەڵگایەی کە ڕەوتی ژیان سست و کزەو گۆمەکە مەندو گۆڕانکاریی بەردەوام لە ئارادا نییە، مرۆڤ زیاتر هەست بەنامۆیی و بێزاری و دڵتەنگی دەکات مادامەکی بارودۆخەکە هەر لەشوێنی خۆیدا تەراتێن بکات، نامۆییەکەش زۆر دەخایەنێ و لە یەقەی مرۆڤ نابێتەوە، لێرەدا دەپرسین کەی ئەم نامۆییە لە کۆڵ مرۆڤی هۆشمەند دەبێتەوە؟! (ئەریک فرۆم) وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوەو دەڵێ: « دەکرێ نامۆیی مرۆڤ ببەزێنرێ تەنیا لەڕێگەی گۆڕانکارییە درێژخایەنەکانەوە لە هەموو لایەنەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریدا، هەروەها لەو ڕایەدایە کە سیستەمێکی نوێ بۆ کۆمەڵ دەبێ بخوڵقێنرێ ئەگەر ویسترا پەی بەم ئامرازە ببردرێ»[۲].

دوای ئەم پێشەکییە کورتە بۆمان هەیە لە جیهانی نامۆیی و نیگەرانیی «چنوور نامیق حەسەن»ی شاعیر بدوێین و لە ڕێگەی «مەرکانە شکاوەکانی جەنگ»ەوە سەرێک لە خەم و خولیای بدەین. هەروەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەم بۆکرد، ڕەنگە شاعیری هەست ناسک لە هەموو کەسێک زیاتر هەست بە نامۆیی بکات بەتایبەتی ئەگەر بەتەواوەتی درکی بەژیانی ستەم و چەوسانەوەی خودی خۆی و گەلەکەی بکات کە تەعبیر لەو واقیعە سەیرو سەمەرەیە بکات و خۆی بە ئاوارەو نامۆ بزانێت، با لەناو نەتەوەکەی خۆیدا بژی. شاعیری گەورەی عەرەب (ابو الطیب المتنبی) یەکێکە لەو شاعیرە نامۆیانەی سەردەمی خۆی کە لەدێڕە شیعرێکدا بەڕاشکاوی لە واقیعە ناهەموارەکە دەدوێ و دەڵێ:

انا في أمة تداركها الله
غريب كصالح في ثمود

ئەو شاعیرەی کە ناودارە بەوەی « دنیای پڕکردو خەڵکی سەرقاڵ کرد» ئەوەندە خۆی بە ئاوارەو نامۆ لەقەڵەم دەدات کە لەناو نەتەوەیەکدایە کە خوا ڕەحمەتی بەسەر باراندووە ئاوارەو نامۆیە وەک (ساڵح)ی پێغەمەر لەناو قەومی (ثەموود) کە خوا لەناوی بردن.

(چنوور نامیق حەسەن)ی شاعیر هەر لە یەکەمین شیعری کۆ شیعرەکەی تا

کۆتایی دوایین شیعر وەک هێڵێکی بەیانی هەڵکشاو نامۆیی و ئاوارەیی و نیگەرانی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەهەستێکی پاک و بێ گەرد ڕووی دەمامکراوی ئەو نامۆبوونە والا دەکات، قەتماغەی برین و زامەکان هەڵدەداتەوە، دەستدرێژییە ڕووپۆشکراوەکان ئاشکرا و ڕیسوا دەکات، کوردستانی بەهەشتی سەر ڕووی زەمین لە ڕوویکەشییەکەی دەترازێنێ و کرۆک و جەوهەری مەینەتە شاردراوەکان دەردەخات و دەڵێ:

ئا لەم وڵاتی ڕەشەبا و بەفرو خوێنە
تاکو ئێستاش نەمبینیوە
فڕین سەری خۆی هەڵنەگرێ و
جریوەی خۆی نەخنکێنێ و
باڵەکانی هەڵنەپرووکێ
بەیانی یەکەم ئەبینێ و پرچەکانی بە بانەکاو
لێوەکانی خۆی نەکرۆژێ
ئاخ لەم خەزانە دڵ ڕەقە
چۆن شەرمی بووکی یەک شەوە ئەمژێ
ساوا بەزریان ئەسپێرێ و
دەستی دایکە ڕەشپۆشەکان
بە ئەژنۆوە گرێ ئەدا .(٣)

مەسەلەکان لینگەو قووچ بوونەتەوە، ماکی مەینەتەکان لە دەرەوەدا بۆناوەوەدا تەشەنەی نەکردووە، بەڵکو درەختەکە کرمەکەی لەناو خۆیدایە، نامۆییکردنی ڕەوشەکە لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوەستێ، بەڵکو شاعیر بەرەو نائومێدی دەبات، تەنانەت خەونە خۆش و خەیاڵە فەنتازییەکانیشی لی زەوت دەکات، هەست و سۆز میهرەبانیی دایکایەتیش دەدزێ، ئەم حاڵەتە بەزەبری دەسەڵاتی ناڕەوا خۆی دەسەپێنێ، وەک بڵێی ڕێچکەی سروشت هەر ئەوە بێت کە ماسی گەورە ماسی بچووک قووت بدات:

من و هاژە تینووەکانی چەندین تاسە



خراینە بن بەردێکەوە
وەلێ کۆرپەم ماسییە گەورەکان نەیانهێشت
تێر بۆنی دونیای ئەو خەیاڵانە بین
بەڵێ کۆرپەم
تەنیاییشیان بێ گوناهە سەردانی ژانەکانمان کا
تەنانەت سۆزی دایکایەتییان لێ دزین.(٤)

گەمارۆدانەکەو خەفەکردنی دەنگی ناڕەزایی شاعیر گەیشتۆتە ڕادەیەک، تەنانەت تەنیاییشیان پێ تاوانەو کە مرۆڤ لەگەڵ ژانەکانیدا هۆگر بێت، سکاڵای دەردو مەینەتەکاتنی خۆی، ئەگەر بە نهێنیش بێت بکات. ئەمە چ جۆرە قورێکە لەو وڵاتەدا گیراوەتەوە کە شنەی هەناسەی وڵاتێکی وێرانە خاک بێت؟ کە مرۆڤی بێ گوناهـ وێڵ و سەرگەردان بێ، تا لەدوای دوورکەوتنەوەو گەڕانەوەش بۆ باوەشی، باجی بەرائەت و بێ گەردی و دەستپاکی بدات؟! هەڵبەت ئەم حاڵەتە نیگەرانی و نامۆییەی یەخەی شاعیری گرتووە، وای لێ کردووە کە لەهیچ شوێنێ ئارام نەگرێ، بە جۆرێ هەست بە هۆگری نەکات لەباوەشی پان و بەرینی سروشتدا، چونکە هیراقلیتس گوتەنی: «شتێکم ناوێ ئەوە نەبێ کە تەقەلا دەدەم هەموو ئەوەی دەروونم دروستی کردووە، لە ڕوانگەی خودی خۆیەوە، بژیم»(٥) خۆی گەرەکیەتی لەو ژیانە مەینەتەی گیری خواردووە دەرباز بێت، لەو نائومێدی و نوشستییەی تێوەی گلاوە هەنگاو بەرەو واقیعێکی دیکە بنێ و دەست لە ملی ژیانێکی نوێی بەختەوەری بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر خۆری بەختەوەری کە یاری بێت و لەو مەینەتە درێژخایەنە ڕزگاری بکات و ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێ:

لای لایەکەم هێندە بەژیان نامۆیە
لەژێر ڕەشماڵی هیچ گوندێ
ئۆقرە ناگرێ
ئەی خۆری بەختەوەری وێڵ
دە تۆش ئاورێکی خێرا
لە زامە تۆراوەکانی

ئا ئەم هەوارە خاڵییەم بدەرەوە[٦]

شاعیر مافی خۆیەتی خەم و پەژارەی دەروونە پەنگ خواردووەکەی هەڵڕێژی، مادامەکی خۆری بەختەوەری لەسەر شانی نەنیشت، پێوەندییە ویژدانییەکان لێک ترازان، ڕوخسارە هەڵبزڕکاوەکانی ئەڤینی ژێر سایەتان بەکزی و مەلوولی شۆڕبوونەوە سەر ڕووبارە بێزارو دڵ پڕەکانی لەکارە ناکۆک و ناگونجاوەکان، هەموو ئەو شتانەی کە بۆ یەک خوڵقاون و دەبێ لەگەڵ یەکتردا تەبابن، نەک لەیەکدی نامۆبوون، ئەمە زەمەنی هەڵگەڕانەوەو سەرەوژێربوونی ناکۆکییەکانە، یەخەی شاعیرو پەنجەی نازی دڵدارو خۆرو مانگ، لێک دەترازێن و ماڵئاواییەکی ئەبەدی لەیەک دەکەن و جارێکی تر ناگەڕێنەوە ناو خەڵوەتی حەزو ئارەزووەکان، ئەم حاڵەتە سەیروسەمەرەو نامۆیە، دابڕانێکی ئەوەندە بە سۆیە کە کسپە لە ڕۆحەوە هەڵدەسێنێ:

یەخەی من و پەنجەی نازی دڵدارەکەم لێک ترازان

خەیاڵێکی بەژن بەرزو دەستەویەخەی

بیری خەواڵووی ژانم بوو

ماڵئاوایی خۆر لە مانگ بوو

بۆ هەتایە لە دیداری ئەم خەڵوەتە جیابوونەوە[٧]

شاعیر ڕاستگۆیانەو بوێرانە تەعبیر لە ژیانی وەیشوومە دەکات، دەیەوێت لە هەرەتی جوانی و کچێنیدا، سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدات چونکە زۆر چاک دەزانێ کە زیاتر چاوەڕوانکردن، ئەو ئازادییەی کە وەدەستی هێناوە زەمەن ڕای ماڵێ و ڕۆژێ لەڕۆژان لە دەرەوەی زەمەندا خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەفسووس تەمەنی تێپەڕیو وەک ئەو گوڵە سیس و هەڵوەریوانەیە کە جارێکی دی گەشی و پاراوییان تێدا ناگەڕێت، مادامەکی ئەو تەمەنە سەرقاڵی داگیرسانی مۆمی بەخت کرانەوەیە، لەبەرچی بەرامبەر بەربەستی خەونە فانتازییەکانی یاخی نەبێ و نەتەقێتەوە، بۆ ئەو ترسەی کاڵکردنی کچێنییەکەی نەڕەوێنێتەوەو بۆ خۆی ئاسوودە نەبێ. ئەم تاسەو ئارەزووەو خولیایە کارێکی ڕەواو مافێکی سروشتییە:



ئەی ژوانی ڕۆح تەزیوم دەلێم گەڕێ

با کچێنیم کاڵترنەبێ

لەو گوڵانەی کە لە خەونمدا هەڵوەرین

دەلێم گەڕێ با دڵی خۆم

لەو جەنگەڵە بێ بارانە لێ ون نەبێ

چاوەکانم پڕن لە وەرزی ئەوین و

دەستەکانم لە جریوەی بێ هێلانە

کەچی هێشتا سەری کاسم هەر تینووەو

تەمەنیشم هەر سەرقاڵی داگیرسانە

ئەشێ زەمەنیش کۆچ بکاو

نەگرێتە خۆ

زامی ئەم ئێوارە ژانە.[٨]

هەڵبەت ئەو تروسکە ڕووناکییەی خستمانە سەر کۆپلە شیعرەکە، تەعبیر لەو جەنگەڵە وشک و برینگەی دەکات کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تفتوتاڵەیە کە ئازادیی ئافرەتی لە قەفەس ناوەو دەسەڵاتی باوک سالاری، چرنووک لە جەستە بێ دەسەڵاتەکەی گیردەکا و کردوویەتییە کەرەستەیەکی بازاڕی فرۆشتن، ئافرەتیش قوربانیی لەدەستدانی ئەوسەربەخۆیی و ئازادییەیە کە لەدەست خۆیدا نەماوە، هەربۆیەش پەنا دەباتە بەر ڕەمزێ کە ناویی ناوە (ژوانی ڕۆح تەزیو) نەک ژوانێکی ڕۆح کراوەی ڕەها کە دەلالەت لە هێزو وزەو توانای ئافرەت بکات.

شاعیر تەنانەت لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی بێ ئامان ، کە هەر ساتێ مەرگی ناوەختی بەدەمەوە بوو، ئەوەندە پەست و بێزارە، تا ڕادەیێ دەیەوێت هەرچۆنێک بێت خۆی دەرباز بکات، لەو دۆزەخە دەرچێت کە ڕقی سووری گوللەو دەستی مەرگ وای تەنیوە کە دەرباز بوون لێی بۆتە ڕەفتارێکی ڕەوا، حاڵەتەکەش هەر بە مەرگی مرۆڤ ناوەستێ، بەقەد ئەوەی باڵندەکانیش ئەوەندە هەراسان بوون کە ئەگەر دەرفەتیان بۆ ڕێک بکەوێت دەربازبن، دوا کۆچ و کۆچباریان بێت و جارێکی دیکە سەر بەوڵاتی ژان و مەرگ و وێرانە خاکدا نەکەنەوە، کە نەک باڵندەکان

تەنانەت مەرگی ناوەخت گوڵ و کات و دیداریشی گرتۆتەوە، چەتەکانی مافیای بێ وێژدان تا بلێی پۆشتەو پەرداخن و لەسەر عەرشی خوانەناسی دانیشتوون و ئاسوودەو تێرو تەسەلن:

تا لەڕقی سووری گوللەو
غرووری دەستەکانی مەرگ
خۆ دەربازکەین
تەنانەت باڵندەکانیش
جارێکی دی بۆ بناری ژانە چیاییەکانی
حەسرەت نایەنەوە
...........
باسمان لە چریکە سەربڕاوەکانی کەنارییەکانی
دەم سوجدەی بەربانگی ئێواران ئەکرد
باسمان لە پۆشاک و عەرشی خوانەناسەکان ئەکرد[٩]

ئەم پەنجە لە چاونانە، مەحکوومکردنی ئەو شیرازە پچڕانەیە کە مرۆڤی کارامەو لێهاتوو و سەرپاک و جوامێرو قوربانیدەر پێی دەتلێتەوە، دەربڕینی دوو دیمەنی ناکۆک بەیەکن، دیمەنی ناپاکی و ڕیسوایی و تەڵەکبازی کە ئەمڕۆ تای تەرازووەکە بەلای ئەوەوەیە، دیمەنی پاکی و بێ گەردی و شەڕەفمەندی کە باج و سەرانەی ڕێگەی شەرەف و سەربەرزی دەدات. هەرکاتێکیش کە دەمی ئاسۆ گەش بووبێ، گەشبینی بەرەو ئاسوودەی دەروونی ڕۆشن کردبێتەوە، ئاو گەڕابێتەوە ئاوەڕۆیەکەی پێشوو، ئاشتی و هێمنی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابێ، داخ لە دڵان شەڕیان ناوەتەوە، تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاندووە، نەیانویستووە ڕووی ژیان گەشترو پاراوتر بێت، هەربۆیە شاعیر تووشی نامۆیی و دڵەڕاوکێ و پەستی و نائومێدی بووە، ئایا لێرەدا سارتەر دەبێ ڕاست بکات کە بەزمانی ئۆریستەوە دەڵێ: «ژیانی مرۆڤ لە کەناری دیکەی نائومێدیدا دەست پێ دەکات»[١٠] ئاخۆ لەو نائومێدییە دەبێ مرۆڤ ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە، لەهەمان وێرانە خاکدا، یان سەر هەڵگرتن بەرەو چارەنووسی تراژیدیای مەرگ و شکاندنی ئاوێنە سەختەکان:



لەژێر پەردەی ڕەشەباکان
سروشت بۆنی بە بارانەوە دەکرد
گوڵە بێ بۆنەکانیش خۆیان بەڕووناکی دەشوشت
تا جوانتربن
سەرابیش لە عەشقا دەتوایەوە
بەفراوانی ڕووبارێک سەری خۆی هەڵئەگرت
هەر ئەو دەمە
مۆمی چەندین ماڵ کوژایەوە
ژیان تاریکتر دەگریا
ئیمپراتۆریەتی تۆڵە بەرەو کوشتنی هەموو گەورەو
بچووکێک دەجووڵا.[١١]

دەمویست شاعیر لەشیعرێکیدا، بەتایبەتی لەکۆتایی کۆ شیعرەکەیدا، کۆپلەیەک دەربڕێ کە بۆنی ڕەوینەوەی نامۆیی و نیگەرانی لێ بێت، بەڵام ئەفسووس، هەرچەندە من وەک نووسەرێکی واقیعی لەژیاندا گەشبینم کە دوای شەوەزەنگ هەر ڕۆژ دەبێتەوەو ناکرێ ڕەوتی ژیان هەر مەینەت و وەیشوومەو خەم و پەژارە بێت، بەڵام تا ئەو ساتەی دوا هۆنراوەی کۆتا پێهێناوە کە (١٩٩٩/١١/٢٩)ە، ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان حاڵەتێکی نیمچە چەقیو و مەییوی بەخۆوە گرتووە کە (چنوور نامیق حەسەن)ی هەست ناسکی هەراسان کردووە، تووشی نائومێدی و نامۆیی و نیگەرانی کردووەو وەک گوتراوە **(ئەوەی بۆ شاعیر دەشێ بۆ هی تر ناشێ)**، لەم ڕووەوە من ڕەخنەی لێ ناگرم و ئەگەر مافی ئازادی، ئەمڕۆ لە ئافرەت زەوت کرابێ و زۆر شت بەپێی دابونەریتی گەندەڵی کۆنی ئێستاباو سەبارەت بە ئافرەتەوە بڤەبێ، خۆ هەر نەبێ ئەو مافەی هەیە هەستی دەروونی خۆی دەربڕێ و لەگەڵ خۆی و شیعرەکانیدا ڕاستگۆ بێ و کۆتایی کۆمەڵە شیعری **(مەرکانە شکاوەکانی جەنگ)** بەم کۆپلەیە بێنێ و بڵێ:

بەتەما بووم
هەموو درەختە کورتەکان

به باڵاکەم ئاشناکەم

تاکو لەناو هەراوزەنای قەزەمەکانی ئەودیوا

خۆم بە کورتە باڵا نەزانم

چەندین بەهارە ئەوەرم

تۆش بەگریانی شێتانەم

تا دێ چڵ چڵ دەبیتەوە

داخ نازانم خۆشەویستی

لەکام وەرزی چاو بە ئاونگ

تەرمی وشە جیاجیاکانم

دەخاتە سەر دەستەکانی و

هێدی هێدی

دامئەپۆشێ[١٢]

ئەم حەزو ئارەزووە، هی هەموو مرۆڤێکی ئەم ئەزموونەی ئەمرۆمانە کە چاوەڕوان دەکرا ڕۆژ بەڕۆژ باڵاتربێ و یەکرێزیی گەلەکەمان قەڵاتێکی بەهێزی پاراستنی بێت.

نەک لە ئەنجامی مملمانێی لاوەکی و بەلاوەنانی مەترسی دوژمنانی خۆ مەڵاسداو و خۆخۆری و خۆکوژی و لەئاست دوێنێکەی ئازایەتی و مەردایەتی و قوربانیدا بێ وچان لە پێناوی دۆزە سەرەکییەکەمان ئەمرۆ کە باڵاکەمان لەکورتی بدات و دوژمنان و ناحەزان پێمان خۆش بن.

نامەوێ زیاتر نموونەی هۆنراوەکانی (مەرکانە شکاوەکانی جەنگ) شی بکەمەوە، بەڵام پێش دواپێهێنانی ئەم نووسینە حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر بەوردی و قووڵی بەناو شیعرەکاندا پتر شۆڕ ببینەوە، هەست دەکەین کە شاعیر یاخییە، بەڵام یاخییەکی هۆشیارو عەقڵمەندە، ئەم ڕێبازەش سەرکێشی و سەرشێتی نییە، بەقەد ئەوەی واقیعە تفتوتاڵەکە ڕەخساندوویەتی:



(شاعیر نەلەرزێ کە پێیان گوت تۆ یاخی، شیعر یاخیبوونە، شاعیر هەستی بەسووکایەتی نەکرد کە ناویان نا یاخی، ژیان لە بنیات و دارِشتەکان تێپەڕ دەکات و ڕێچکەی گیانی نوێ سەر هەڵدەدەن، دەبێ شاعیر خۆی لەشەقام و لە شەڕگە، هەروەها لە هەتاو و لە سێبەردا بگرێ)[١٣]. هەر خۆشەویستیی ژیانیش وای لە شاعیر کردووە کە ئەو ڕۆڵە پیادە بکات، چونکە خۆشەویستی بەهێزترین هەستی خودییەتی شاعیرە.

ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانەی کە شاعیری نامۆ کردووە، دەربڕینی ئەو هەستە دەروونییەیە کە هەستی بە ئازارو ئەشکەنجەو نائومێدی و ونبوون و گۆشەگیری و گەمارۆدانە، کە ئارەزوویەکی بە تەوژم لەناخیدا چەکەرەی کردووەو دەیەوێت لەو واقیعە دەسکردە دەربازبێت، کە هەرگیز لەگەڵ بیروڕاو هەست و نەستی ناگونجێ. شاعیر لەو حەقیقەتە دەگات کە بەچاوی خۆی دەیبینێ و بە عەقڵی خۆی درکی پێ دەکات (کۆلیرج)ی شاعیر چاکی بۆ چووە کە دەڵێ: (*بینینی حەقیقەت لای شاعیر لەدایکبووی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ یا یەکێتیی نێوان دڵەکەو عەقڵەکەی و نێوان دیاردە گەورەکانی ژیانە. شاعیر لە ساتی جیهانبینیدا لە سروشتی هەستپێکراودا چەند ڕەمزێکی ژیانی ناوەوەی دەبینی*)[١٤]، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە دەربڕینی ئەو حەقیقەتەی کە (چنوور نامیق حەسەن) هەستی پێ دەکات، بەشێوەیەکی ڕووکەشی ڕاپۆرتی نییە کە نموودی شیعر ببات، بەڵکو داهێنانی تێدا کردووە، بەشێوازێکی ڕوونبێژی فیکرەی هۆنراوەکانی دارِشتووە. شیعریش ئەگەر ئەو لایەنە بەخۆوە نەگرێت پێی ناگوترێ شیعر. ئەگەر بمەوێت لەلایەنی هونەرکاری و تەکنیکی سەرجەم هۆنراوەکانی کۆ شیعرەکە بدوێم، پێویستیم بە هەڵوەستەیەک و نەفەسێکی درێژتر هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ڕووناکی بخەمە سەر جۆری ئەو خواستن و درکەو پێکچوونانەی کە بەکاری هێناون، لێرەدا بەپێی دەربڕینی حەقیقەت بەشێوازێکی ڕوونبێژی لەگەڵ (پاپلۆ نیرۆدا)دا یەک دەگرنەوە کە گوتوویەتی: (ئاردی حەقیقەت و ڕەوانبێژی نانی شیعر دروست دەکات)[١٥]. شیعرێک کە دەنگی ڕاچەنیوی ئەم سەردەمە و ئایندەی نەتەوە ستەمدیدەکەمان بێت..

پەراوێزەکان

١- الاغتراب ريتشارد شاخت، ترجمة: كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٨٠، ل٢٨ .

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦ .

٣- مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، چنوور نامیق حەسەن، وەزارەتی ڕۆشنبیری- ١٩٩٩، ل٨ .

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩ .

٥- الاغتراب، ريتشارد شاخت، ل٢٤ .

٦- مەرکانە شکاوەکانی جەنگ ل١٢ .

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣-١٤ .

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوول١٩ .

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٢-٤٣ .

١٠- الاغتراب ل٥٣ .

١١- مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، ل ٨٤-٨٥ .

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠ .

١٣- مذكرات بابلو نيرودا (اعترف بأنني قد عشت)، ترجمة االدكتور محمود صبحي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ل ٤٢٥ .

١٤- الشعر بين الواقع والابداع، صبيح ناجي القصاب، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩، ل ٨٣-٨٤ .

١٥- مذكرات بابلو نيرودا، ل ١٤١ .



# مەولەوی.. شاعیری ڕەوتی نوێخوازی

## پێشەکی

«هو فما نثال» واتەی نوێخوازی وا ڕاڤە دەکات کە مانای ئەمەیە: «یان شیکردنەوەو ڕامانە یاخود ڕاکردن و خەیاڵ و جڵەو بەرەڵڵاکردنە بۆ خەون»[١].

دوو شتیش نوێن، شیکردنەوەی ژیان لەلایەک و ڕاکردن لێی لەلایەکی دیکەوە. لەڕاستیشدا نوێخوازی گەورەترە لەوەی کە تەنیا ڕوودانێکی جوانکاریی لەپڕ بێت، لە ئە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە هاتبێ کە دەکرێ بەڕوونی لێکیان بکەینەوە، لە هەمان کاتدا گیروگرفتێکی ژیاری ئیستاتیکییە، گیروگرفتێکی بنیاتنانی زمان و بەکارهێنانی، پاشان گیروگرفتی یەکخستنی فۆرمە. دوای ئەوە گیروگرفتی مانای کۆمەڵایەتی خودی هونەرمەندە»[٢].

نوێخوازی هونەری شیعری نوێکردنەوەیە، هونەری دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگە، تەنانەت سنوور شکاندنی ئەو ڕەوتە کۆنەیە کە شاعیرانی کلاسیکی لاسای سروشتیان دەکردەوەو هەرشتێکی جوانیان بەسروشت دەچواند، بەڵام ئەوەی کە «گۆران»ی کردە ئەو شاعیرە هونەرمەندو نوێخوازە لادان بوو لەو ڕەوتە تەقلیدییە، کە شکاندنی قالبی کۆن و شێوازی دەربڕینی کۆن بووە. ئەو سنوور شکاندنە. گۆرانی بۆ قۆناغێکی دی گوێزایەوە. کە بەگژ سروشتدا بچێ و لێی یاخی بێ و بڵێ:

کام ئەستێرەی گەش.کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی
کام ڕەشی ئەگا بەڕەشی چاوی؟

برژانگی برۆی؟ئەگریجەی خاوی
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی بالای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟
کام تاسە، کام مەیل. کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟[٣].

ئەم شێوازەی (گۆران) جۆرە گۆڕانێک و سنوور بەزاندنێکە. چونکە شتێکی نوێیە لەچاو ئەوانی پێش خۆی و سەردەمەکەی، جۆرە داهێنانێکەو هەنگاوێکە بەرەو پێشەوەو ئەفراندن. کە شتێکی لاساییکردنەوە نییە «نوێش لەم ڕەوتەوە زەمەنێکی مێژووییە، بەسیما تایبەتەکانی، پاشان گۆڕاوەکانی، بەڵام (نویٚ)یش ئەوە دەگەیەنیٚ کە مید ڤیدۆڤ Medvedov و باختین Bakhtin لە ڕەوتی ڕەخنەگرتنیان لێی– ناویان ناوە (هاوچەرخیی جاویدانی) ، پەی بردنە بەواتای (سات) کە سنوور دەبڕیٚ و دووردەکەوێتەوە. بەکردەوەو تیۆری– لەڕاستییە ماتریالییەکانی گۆڕان، تا هەموو هۆشیاری و ڕەفتاری دەبنە (هەنووکە)[٤]. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوە بگرین، پەنابردنە بەر خەیاڵ و ڕۆمانسییەت بکەینە بەردی بناغەی هەڵنانی باسەکەمان، کە مانای نوێخوازی دەگەیەنێت، نوێخوازیش ئەمڕۆکە سەرەوژێرکردنی واقیعەو کردنی شتە ماقووڵەکانە بەناماقووڵ و بەپێچەوانەوە، پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەوەی وەرگر پەسندیان بکات، ئەم جۆرە شێوازە بەئەفراندن لە قەڵەم بدەین. ئەوا مەولەوی سەردەفتەری شاعیرانی کوردە لەم بوارەداو بەپێویستی دەزانین کە ڕووناکی بخەینە سەر ئەو تەوەرانەی کە ڕۆمانسییەکان بۆچوونێکی تایبەتی خۆیان هەیە.

## مەولەوی و ڕۆمانسییەت

دەبیٚ ئاماژە بە (ئەمین فەیزی بەگ) بکەین کە یەکەمین ڕەخنەگری کوردە کە شاعیرێکی وەک (مەولەوی) لەناو شیعرەکانیدا بدۆزێتەوەو بەشاعیرێکی ڕۆمانسی لەقەڵەم بدات و، لە شاعیرانی سەردەمی خۆی جیا بکاتەوەو پێگەیەکی تایبەتی لەجیهانی شیعری کوردیدا بۆ بکاتەوەو بڵیٚ:

«مەولەوی بەموقتەضای ئەو مەوقیفەی کە تێیدا بووە، هیچ چاوی



بەشیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلوبی ئەوان شیعری نەزم کردووەو شیعری مەولەوی ئەمەندە ئاهەنگوازرو ڕۆحنەوازە ئەهلی سلێمانی لە گۆرانیدا شیعری ئەو دەخوێننەوە»[٥].

لەم خوێندنەوەی شیعری مەولەویدا لەلایەن ئەمین فەیزییەوە. سەرچاوە دەگرین کە شاعیر، شیعری ئەوروپی، بەتایبەتی فەرەنگی نەخوێندۆتەوە، کەچی لەسەر هەمان شێواز شیعری داناوە، مەبەستیشم لەم بۆچوونە شیعری ڕۆمانسییە کە «شیعری دەروونییەو ڕۆمانسییەتیش گیانی تاکە کەسسییە[٦] و بنەمای ڕۆمانسییەتیش خەیاڵی هێمن و خەون و خولیای شیرینە، کە مرۆڤ پەلکێش دەکەن بۆ هەستکردن بەجوانیی سروشت و جوانیی ئافرەت و، خۆشەویستی ئافرەت. خۆشەویستیش تەنیا هەڵچوون یاخود سۆز، یان کارتێکردنی ویژدانی نییە، بەڵکو کردارو بزووتنەوەو چالاکیی داهێنەرانەیە»[٧].

شاعیرێکیش ئەگەر لە باوەشی سروشتێکی شیرین و دڵفرێندا چاوی بکاتەوە. هەڵبەت ئەو جوانییە واتە «جوانی سروشت لە مرۆڤدا هەستکردن بەجوانیی ئافرەت بەئاگا دێنیٚ. ئەدگارە جوانەکانی دێنێتە کایەوە، لە دەروونیدا بەم شێوە ئەو جۆرە پێوەندانەیان لەنێواندا گریٚ دەدات، هەر لەکۆنەوە– دانتی– وتوویەتی، خۆشەویستی، ڕۆژو ئەستێرەکان دەجوولێنیٚ.[٨]

جوانی سروشت و شۆخ و شەنگی ئافرەت کە تێکەڵی یەکتر بن، دەبنە هەوێنی خۆشەویستی، بەتایبەتی لای شاعیرێکی خاوەن بەهرەیەکی بالاو خەیاڵێکی بەپیت و بیرێکی قووڵ و زمانێکی سفت و سۆڵ و پاراو. هەر لەم ڕوانگەیەوە «ئەگەر بەراوردی خەیاڵی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەهەمی غەیری کورددا بکریٚ، هەموو زمان و قەڵەمێک دان بەوەدا ئەنیٚ کە فیکری بەرزی (مەولەوی) لەسەر هەموویانەوەیە، نازکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردی مەعنا، جوانی وشەو ڕاکێشانی دڵ بەعیباراتی ڕەنکین و بزواندنی تەلی عاتیفە مەگەر هەر (خاتوو عەنبەر) توانیبێتی بۆ مەولەوی لە پەردەیەکی نهێنییەوە خۆی بنوێنیٚ بۆ ئەوەی قاپی شیعری بۆ بکرێتەوەو ببیٚ بەو مەولەوییە کە قەڵەم لەباسی شیعرو زەوقیدا کولە»[٩].

دوای ئەم پێشەکییە و هێنانەوەی چەند بۆچونێک لەبارەی شیعری ڕۆمانسی لە

ڕێگەی ئەو دەروازەی کە ئەمین فەیزی بۆ ئێمەی خستە سەر پشت، بۆمان هەیە بچێتە ناو خودی بابەتەکەمان و سەرەتا ئاوڕێک لە جوانی خۆشەویستی ئافرەت لای مەولەوی بدەینەوە کە حاڵەتی دەروونی لە بنچینەدا بەندە بەسۆزی خۆشەویستی و لە زۆربەی بۆچوونە ڕاستەقینەکانیدا بەرەو ئافرەت، دلبەر، هاوسەرە، بەتایبەت لە گەشتی ڕۆمانسییانەدا، ئەو حەلە ئافرەت گۆشەی بنەچەیە لە ئەزموونی هەر شاعیرێک و ئەزموونی شیعری بەگشتی پێکدێنێ، ئەگەر ئافرەت ئاوڵەمەبێت لە منداڵدانی بابەتی سروشتی دایکدا بخولقێنێ»[١٠].

مەولەوی ئەوەندە هونەرمەندانە ستایشی ڕوومەتی ئازیز دەکا، کە لە کەم شاعیر دێت بەو شێوەیە وەسفی بکات و ناسکییەکەی دەربخات.

ڕوخسارش وەختێ مەسقەل مەدۆلێش
وەشنۆی پاریز خەیاڵ مەبۆرێش
ئەسرین جەرگت دەن وەبان نێشدا
چەنی دڵ ئامای ئامانی پێشدا

واتە ئەم دۆستەم کە ڕوومەتی خۆی مشت و ماڵ ئەدا ئەندامی چۆنە؟ ئەگەر خەیاڵ بەبێ چرپەو بەبێدەنگ و سەنگ بچێتە پارێزی ئەوەوە کە خۆی لێ دادەگرێ و خۆی بۆ باوێژی ئەو ڕوومەتە لەوێوە لەم کردەوەی خەیاڵە ئەزیەتی ئەگاتێ! کەوابوو ڕوومەتێ ئەمە کارەساتی بێ. ئەرێ هەی فرمێسک! جەرگت بەدرِک و داڵ کەوێ تۆ چۆن دڵت هات هاتی بەسەریا[١١] یان لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا، ئەوپەڕی ئەفراندن دەڕەخسێنێ، هەرچەندە لەشێوەی یەکچوون دایڕشتووە، بەڵام ئەم داهێنانە هەر لە خۆی دێت کە دەڵێ:

گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چوون سەیل دیدەیی من جۆشان!

مەولەوی کە لەئاستی جوانی ئافرەتدا دەوەستێ، بەتایبەتی ئازیزەکەی ئەو هەستە دەوەستێ، بەتایبەتی ئازیزەکەی ئەو هەستە دەروونییە دەردەبڕێ کە بەشێوەیەکی کارتێکەر وەسفی دەکات، کە لەڕاستیدا هەست و سۆزی بە چ عەشقێک گرفتارو دڵ بە خرۆشە. کە بە چ عەشقێک گرفتارو دڵ بە ئازارەو، تا ئەو دڵەش زیاتر بسووتێ



ئەو جوانییەی ڕەنگ دەداتەوەو زیاتر خۆی دەنوێنێ.

تاوە ئەڕەی دەرد، دڵەی من شانەن
زەریف تەر توڕڕەی ئەو دانە دانەن
جەلای ئاوێنەی ئەو زیا تەرەن
تا سفتەی قامەت من وسمەوەشەن
ئەبڕۆی ئەو وەڕووی دڵ کەمان کەشەن[١٢]

مەولەوی لە وەڵامدانەوەی قسەیەکی خاڵۆی کۆماسی کە لە قەسیدەیەکیدا بۆی نووسیبوو، گوایە لەو شاییەدا چەند نەوجەوانان خۆیان دەکرد بەقوربانی و شاباش. مەولەوی ئەڵێ: خاڵۆکەم، گیان بەختکردن ئیشی ئەو نەمامانە نییە، ئیشی مەعدوومییە، لە خۆشەویستیدا گیانی خۆی بکا بە شاباش:

خاڵۆ گیان ئامان پەی نەونەمامان
گیان دان وەمۆبەت پەی مەعدووم ئامان[١٣]

بەو هەستە ڕۆمانسییە مەولەوی پێ دەنێتە جیهانی نوێخوازی و «توێژەران گرنگی کاکڵی ڕێبازی ڕۆمانتیکی یا میزاجی ڕۆمانتیکییانە بۆ پرۆسەی داهێنان، سەلماندوویانە بەوەی کە میزاجێکی زەینی تایبەت و سرووش بەخش و خەو بینینەو ڕەگەزێکی بنچینەیی ژیانی ڕۆحییە کە لە قووڵایی ژیانی دڵ و ڕۆحی مرۆڤایەتیدا هەڵدەقوڵێ، بەجۆرێ ئەدەب بێ ئەم ڕەگەزە ویشکە جەستەیەکی بێ گیانە. مەملەکەتی نایابی گیان و، ناوەڕۆکی **نموونە**یی ژیان هەردووک ناکۆکی ڕاستەوخۆی جیهانی شوێنراون»[١٤].

هەر بەم ڕۆحییەتە باڵای دوور لە مەبەست . تەنیا خۆشەویستی بێ گەرد نەبێ، مەولەوی لە پەرستگەی خۆشەویستی دەوەستێ و جوانی ئافرەت و خۆشەویستی ئابدەی شیعرەکانی و، دەورێکی باڵا لەبواری داهێناندا دەبینێ، کە تاریکستانی ڕۆح ڕووناک دەکاتەوەو، تاسەی شادی و بەختەوەری پێ دەبەخشێ، هەر بۆیەشە ئەو خۆشەویستییە دەبێتە چارەنووس و خەون و خەیاڵ و هەناسەی تاسەی شاعیر، هەر بەو هەستە ڕۆمانسییەو سۆزی دەروونییە هەڵچووی خۆی بەقوربانی خۆشەویستی دەکات و، پیاوی شەیداش زیاتر گیانی خۆی لەپێناوی خۆشەویستی ئافرەتدا بەخت

دەکات، مرۆڤی ڕاستەقینەش لەپێناو دوو دۆز دەجەنگێ، خۆشەویستی ئافرەت و خۆشەویستی نیشتیمان.

دوورکەوتنەوەو لێکترازان و مەرگی ئازیز جیابوونەوەو مەرگی ئازیز پانتاییەکی گەورە لە شیعرەکانی مەولەویدا داگیر دەکات و «بابەتی مەرگ بابەتێکی تایبەتی پەیوەندارە بەبنچینەکانی گشتیی هونەری ڕۆمانسی هەردووبابەتی شەو و خەونن، مانایەکی دوو لایەنی هەیە، لەهۆشی مەرگدا هۆشێکی درکەیی هونەری هەیە، لەلایەک جەختکردنە لەسەر ترسناکیی واقیعی ڕاستەقینەو، وێنەی مەرگ بەجۆرێ دەکێشرێ بەو سیفەتەی چاڵێکی ڕەشە دەمی بەش کردۆتەوەو هەردەم ئامادەیە کە ڕادەیەک بۆ پووچەڵی بوونی مرۆیی دابنێ، بەو سیفەتەی لووتکەو کۆتایی ئەو موعاناتانەیە کە ژیانیان پڕ کردووە، لەلایەکی دیکەوە، مەرگ خۆمان نیشان دەدا کە ڕێگە چارەیە بۆ ناکۆکییەکان و دەربازبوون لە موعانات و لەهەمان کاتدا سەرەتای ژیانێکی نموونەییە لە زنجیرەی پێویستییەکانی تاکەکەس دەرباز بووە»(١٥).

بۆیە مەولەوی ئاواتەخوازە کە مەرگ میوانی بێ، تا جارێکی دی دووری یار نەبێت و دەربازبێت لە دەست دووری و بەزامی لە ئازارەوە نەچێتە ناو گۆڕو دەڵێت:

سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت
نەک چوون بڵێسەی یاد تەنیاییت
وەمەرگت، دیدەم، هامنە گوزەردا
منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا

مەولەوی تەنانەت خەیاڵکردنەوەی ئازیزی کۆچکردوو خۆشەویستییەکەی ئەوەندە سەردەکات تاڕادەیەک حەز بەمەرگی خۆی دەکات، نەک ژیان لە دووری عەنبەر خاتوون لەبەر ئەوەی خەم ناخوات کە کۆچی کردووە بەقەد ئەوەی بیر لە تەنیایی ئەو دەکاتەوەو بەتاسەوە گەرەکییەتی کە ئەویش بەرەو مەنزڵگەی خۆشەویستەکەی بکەوێتە ڕێ و لە گۆڕدا شادبێ بەڵێ نزیکبوونی و ئاواتەخوازی ئەو کۆچە زووەیە کە لەسەر ئاو و ئاگرانە کە بێتە دی. ئەو حاڵەتە دەروونییەی مەولەوی. لەحاڵەتی ئەو دەروونییە پڕ خەم و پەژارەی (ئەلبێر کامۆ) دەکات لەکاتی تەرمەکەی (سارتەر) بۆ گۆڕستان و ناشتنی کە بەگوێی (سیمۆن دبوڤوا) چرپاندنی و گوتی: ئێمەش نەچینە



ڕیزی ئەو؟! تێکەڵبوونی ئەو عەشقە بێگەردەی شاعیر بەمەرگ خواستنی خۆی بێ ئەوەی تەنیایی ئازیز بڕەوێنێتەوە کە چیتر چێژی تاڵاوی دووری نەچێژێ:

پەژارەت شادیم جە پێخ ئاوەردەن
دووریت ریشەی دڵ خەیمە کەن کەردەن
فیراقت فەرقم وە تووتیا کەرد
جیاییت ئازام جە هەم جیاکەرد
وەسواسەت وەی تەور نئێش دان و جەرگم

وەمەرگت قەسەم ڕازیم وەمەرگم
وێت بدەر ئینساف رازیم وەمەرگم
وێت بدەر ئینساف نەونەمام نۆ
مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووری تۆ
مەردەن یەک ساتەن ئەڕواحەکەی وێم
دووریت هەرساتێ صەد مەرگەن پەرێم(١٦)

شاعیری ڕۆمانسی ناتوانێ سەیری ژیان بکات بەچاوی خەون و خەیاڵ نەبێ، لەبەر ئەوە دەبینین تارمایی ئازیزەکەی لە خەون و خولیاو ئاوات بەهاکانی دەچنێ. شەیدای سۆزی خۆشەویستییە لەبەر خودی خۆی. هەرچەندە کە ڕۆمانسی حەز لە خۆ بەدەستەوەدانی لەزەتی خۆشەویستی دەکات، بەڵام حەز دەکات لە خودی خۆی تێپەڕ کات، هەر لە نرخی ژیانەوە نرخی مەرگ وەردەگرێ. بەتایبەت ئەو مەرگەی، کە مەرکی هاوسەرێکی ئازیزی وەک (عەنبەر خاتوون) بێ و دەربازبێت لەدەست دووری و بەزامی پڕ لە ئازار نەچێتە ناو گۆڕ و، لە لاواندنەوەی هاوسەرەکەیدا دەڵێ:

دووریت دیارەن چەند صاحیب نێشەن
تۆی دەروون وەخارنێشی و تەڕ ڕێشەن
نەشەو راحەتم، نەرۆ دڵشادم
شەو زوڵف و رۆ ڕووت مەوزۆ نەیادم
شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەی شان ئازار بینایی چەمەن

ئاد مـــــارۆ بـەویر تـەرزەکـــــەی بـالآت
ئەو دیدەی مــــەســـــتت، خـــاڵ ئـالآت[١٧]

لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا . هەر لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتووندا دەڵێ:

شــەراڕەی گـرپەی ناری مـەهـجـووری
کـەردەن وەغـوبار کـۆگـای سـەبووری
نـەتاقــــەت مـــەندەن نـەتۆی دەروونـدا
نە (لـەیلێ) مـدێو وەلای مـــەجنووندا
یاخــوا مــەردەنێ بۆوە مـیــهـمــانم
ئـیـــــتـــــــر نـەوینـوون دووری یـارانم
بەڵکم خـــەلآصـــیم نـەدەس دووریم بۆ
بەو زووخ زامـــان نەشـــوون وە گلکۆ[١٨]

## ڕێبازی شیعری مەولەوی

هەرچەندە لە سـەدا سـەد وەرگێڕانێکی جۆری نەبوو، بەڵام وەک ئاشکرایەو جێی دوودڵی نییـە کە توانی وەسـتایانە شیعری هەورامی لە «خـەت و خاڵ و زولفی لوول و قـژی کـاڵ و زەرد.. ڕزگـار بکات و ، بـە شـێـوەیەکی نوێ توانی جـیلوەو جـوانی و نیگاری سیحـراوی سـروشت بکا بەئارایش و زینەت و ڕێبازی شـیـعـرو هۆنراوە. بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕازاندییەوە سەرنج و نیگای هەموو هەستێکی ناسک ڕابکێشێ و بیخـاتە سـەر بەزمی ئاهەنگ جۆش و خرۆش و، جامـە دەروونییـەکانی، ئەوانەی کـە بەهەستی دەروونییەوە وتوونی، هەموویان داهێنان و لەوپەڕی جوانکاریدان و زادەی مێشکێکی دی نین» «١٩»

ئەوەتا دەڵێ:

هۆریزاو پێچ وەرد دووی کـــوورەی دەروون
ئاو ئاوەرد. بەڵ هوون نـەدیدەی گـــەردوون
ڕێزا جـــەســـــەردا بڵـــێـــســــــەم کـــەم بی
ئەسـبـاب تەحریر ئەی چەند فـەرد جـەم بی



ئەندێشـەی لای مـەولەوی ئەوەندە هێـزو پێزی تێدایە کە شـاعیر بتوانێ داهێنان و ئەفراندن بڕەخسێنێ کە مرۆڤ بۆ خۆی بکێش کات و لەئاسـتییدا سـەرسام بێت واقی بوڕمێ کـە ئەو شـاعـیـرە هونەرمـەندە چۆن توانیـویەتـی هەسـتێکی ناسک و خەیاڵێکی بلاووسۆزێکی بەجۆش ئەو تابلۆیە بێنێتە بەرهەم. فەیلەسووفێکی ئەڵمان لەو ڕایە دایە کـە «خـەیاڵ مـەزنتـرین هێـزی مرۆڤـەو، هیچ هێـزێکی دیکەی هێزەکانی مرۆڤ دەسـتـبـەرداری خـەیاڵ نـەبێت، (وردزورث) لەنامـەیەکیـدا کە بۆ شـاعـیـرێکی پێگەیشـتـووی نووسـیـوەو تیـایا دەڵێ: هەسـتـەکانت بەهێـزن، بڕوات بەو هەسـتـانە هەبێت، شیعرەکەت ئـەو هارمۆنییـەت و شێوەی هەیەتی لەو وەردەگرێت، وەک چۆن درەخت لەو هێزە زیندەییە وەرگرێت کە خۆراکی پێ دەبەخشێ»[٢١].

ئەو جیـهانە شیـعرییـەی کە مـەولەوی تیـایا دەژی «جیـهـانێکی پان و پۆڕو فراوانە. جیـهـانێکە پڕ ئەفسـوون و سـحـراوی، سـەیری هـەر قـەسـیـدەیەکی بکرێت بەتـایبـەت ئەوانەیان کـە بە ئیلـهام و ئیـحـای دەروونیی خۆیەوە دایڕشـتـوون و، عەناصـیـرەکانی چەند وشـەیەکی ئاسایی خۆمـاڵیین دەیکات بەڕایەڵ و پۆی چنینـی تەونی خەیاڵەکەی و، لەپڕ تـوحـفـەیەکی نایاب پێکدێنن، دەیانکاتە بەرچاو و دەیان ڕەنگێنێ، تابلۆیەکی قـەشـەنگی بێ وێنەیان لێ دروست دەکـات و دەیاننرخـێنێ، جـوان بەدەمـیـانەوە پێ دەکەنێ و، ئەدەب و سروشت شانازییان پێوە دەکات»[٢٢] هەر لەم ڕوانگەیەوە پێمان سـەیر نەبێت کـە ڕابەری نوێکردنەوەی شـیـعـری کـوردی (گـۆران) کـەوتبـێـتـە ژێر کـارتێکـردنی شـێـوازی مـەولـەوی و خـۆی دان بەو ڕاسـتـیـیـە بنێ و[٢٣] بڵـێت: «من لە شیـعردا ئیلهامم لە مەولەوی وەرگرتووە نوێخوازییەکەی گۆران لەدنیای شیـعردا ئەو خـەیاڵە ڕۆمـانسـییـەیە کە گیـان بە بـەر جـەسـتـەی شیـعردا دەکات و ئەو خـەیاڵە بێ سنوورەیـە کـە شـیـعـرەکـانـی بەرەو لووتکـەی داهێنان و ئەفـراندن باڵیـان پێگرت و کـردییـە ئەو شـاعـیـرەو کـردییـە ڕابەری نوێکردنەوە لە شـیـعـری کـوردیدا بەر لە شاعیرانی عەرەب بەماوەیەکی زۆر.

مـەولـەویش هـەر بەو خـەیاڵە بـەپیت و فـراوان و دەوڵەمـەندە بـووە شـاعـیـرێکی نوێخـوازی و لە سـەردەمی خۆی تێپـەڕ کـات و سنووری شـیـعـری لاساییکردنەوەو کلاسیکی بشکێنێ و ڕووبکاتە دونیای هونەرو جوانی و پانتایی خەیاڵ و فانتازی.

## پەراوێزەکان

١– الحداثة: تحرير مالكم برابري و جيمس ماكفارلن. ج (١) ترجمة: مؤيد حسن فوزي دار المأمون للترجمة والنشر– بغداد ١٩٨٧، ل٧١ .

٢– هەمان سەرچاوە ل (٢٩).

٣– سەرجەمی بەرهەمی گۆران– بەرگی یەکەم– چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا ١٩٨٠ محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکی بۆ نووسیوە.

٤– طرائق الحداثة ضد المتوائمين الجدد. تأليف رايموند ويليامز. ترجمة: فاروق عبد القادر، عالم المعرفة العدد ٣٤٦– الكويت حزيران ١٩٩٩ ل٢٤٦ .

٥– ئەنجومەنی ئەدیبان– دانەر ئەمین فەیزی بەگ توێژینەوەی لیژنەی وێژەو کەلەپوور– چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق– بەغدا ١٩٨٣ ل (١٣– ٣٢).

٦– شاعر بدر شاكر السياب– دراسة فنية– وفكرية– حسن توفيق– المؤسسة العامة للدراسات والنشر بيروت ١٩٧٩ ل١٥٥ .

٧– زكريا ابراهيم– مشكلة الحب ل ٣١١ .

٨– ماقالته النخلة للبحر – الشعر المعاصر في البحرين علوي الهاشمي– دراسة فنية في شعر البحرين المعاصر ١٩٢٥– ١٩٧٥– دار الحرية للطباعة والنشر بغداد ل ٤١ .

٩– مێژووی ئەدەبی کوردی علاءالدين سجادی – چاپی دووەم– چاپخانەی معارف– بەغدا ١٩٧١ ل٢٨٢ .

١٠–ماقالته النخلة للبحر ل٥٨ .

١١– مێژووی ئەدەبی کوردی – ل ٣٠٠ .

١٢– دیوانی مەولەوی– سید عبدالرحیمی معدومی– بەرگی یەکەم – ١٩٩١ لەلایەن محەمەد ئەمین ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی ل ١٤٢ .

١٣– دیوانی مەولەوی– کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لە سەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس. بڵاوکەرەوەی کوردستان زستانی ١٣٧٨ هەتاوی ل ٤١٦ .

١٤– المذاهب الادبية. د. جميل نصيف التكريتي– دار الشؤون الثقافة العامة – بغداد ١٩٩٠ ل ١٥٨– ١٨٤ .

١٥– سەرچاوەی پێشوو ٢١١ .

١٦– سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٦ .

١٧– دیوانی مەولەوی – مەلا عەبدولکەریمی مدرس ل١٠٦ .

١٨– سەرچاوەی پێشوو ل ٤٤–٤٥ .

١٩– المذاهب الادبية ل ٢١١ .



٢٠– دیوانی مەولەوی– سید عبدالرحیمی معدومی ل ٩٠ .

٢١–النقد الادبي الحديث– الدكتور غنيمي هلال– دار الصورة بيروت ١٩٧٨ ل٤١٠–٤١١ .

٢٢– میهرەجانی مەولەوی– کتێبی ژمارە (١) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ– دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی– بەغدا ١٩٨٩ ل ٤٩ .

٢٣– دیوانی مەولەوی– سید عبدالرحیمی معدومی ل ١٧ .

## نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەتی ئارام ساڵح

### پێشەکی

لە ڕۆژگاری ئێمەی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو زانیارییەکانی کاتەکانی تیژڕەودا، هێشتا شیعر لەناو جۆرە جیاجیاکانی ئەدەبدا باوەو برەوی خۆی هەیە، بەڵام هەموو جۆرە شیعرێک نا، کە هەندێ لەوانە دوورن لە بنەماکانی شیعری ڕەسەن و کار لە خوێنەرو گوێگرەکان ناکەن و ناکەونە بەردڵ، وێڕای ئەوەی کە نەوێنە، نە یەکێتی بابەت نە ریتم و کێش و بیناسازییان تێدا بەدی دەکرێ، بگرە نە مۆسیقای دەرەوە، نە مۆسیقای ناوەوەیان تێدا نییە، هەرچەندە لامبون دەڵێ: «مۆسیقای ناوەوە لە شیعردا هەیە، کە فراوانترە لە کێش و هۆنینەوەی ڕووت».

ئەمڕۆ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەلێشاو شیعر بڵاو دەکرێتەوەو، زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەشێوەی کۆمەڵە شیعر چاپ دەکرێن و دەکەونە بازاڕەوە، بەڵام بەدەگمەن شیعری وا بەرچاو دەکەون کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن و بیانجوولێنن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە. بەتایبەتی شیعرە درێژ دادڕەکان.

لەم ڕوانگەیەوە کۆ شیعرێکی (ئارام ساڵح) کە لە قاڵبی کۆپلە شیعردا خۆ دەنوێنن سەرنجیان ڕاکێشام، کە بەدوای ئەو نهێنییانە عەوداڵە کە لەژێر لێوی حەقیقەتدان ، خۆی هەندێک لەو نهێنییانە دەدرکێنێ بۆ ئەوەی حەقیقەت بەرجەستە بکات، هەرچەندە ئەمڕۆ حەقیقەت شتێک نییە ڕەها بێت، بەڵام درکاندنی و بەرجەستەکردنی لە شیعردا مافی شاعیر خۆیەتی، وەک حەقیقەت لەپێناو حەقیقەتدا، هەروەک شاعیری ناودار (کیتس) لەو باوەڕەدا بوو « کە دەبێ شیعر لەپێناو خودی شیعر دابێ». تەعبیرکردنیش لە حەقیقەت کە شاعیر باوەڕی پێیەتی



تەعبیرکردنە لەخودی شاعیرو سەرچاوەی تەقینەوەی داهێنان و ئافراندنیش لە شیعردا، لای هەموو شاعیرێک زیاتر خودی شاعیر و بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە بەرلەوەی تەعبیر لە واقیعی خەڵکانی دی بکات. بۆ دووپاتکردنەوەو جەختتکردنەوە لەسەر شیعر بۆ خودی شیعر، کیتس پێی وایە هەوڵی شیعر کە خزمەتی مەبەستەکانی فەلسەفی یان سیاسی بکات، لادانە لە نموونە باڵاکان، بۆیە دەڵێ: «ئایا نابینی کە جوانی ون دەبێ کە دەستی ساردی فەلسەفەی پێدەکەوێ، جاروبار لەئاسماندا پەلکەزێڕینە دەبینم و، دیمەنەکەی ترسناکە، ئایا ڕێگەیەک هەیە بۆ خوێندنەوەی داوە جوانەکانی و تەونە سەیرەکەی. ئایا نابێتە کاری لاسایی ئەگەر ئێمە شێوازی پێوەرکاری و شیکاریمان پێڕەو کرد».

هەرچەندە من لێرەدا بۆچوونەکەی (کیتس)م هێناوەتەوە، مەرج نییە لەسەدا سەد لەگەڵیدابین، چونکە لێکۆڵینەوەی شیکاری ئەوە هەڵدەگرێ کە تۆ بکەویە سەر ڕێبازی بەراوردکاری و پێوەرکاری، جەمسەرە ناکۆک و کۆکەکانیش لە قاڵبی شیعردا بەرامبەر یەکیان ڕادەگرێت و لیکیان بترازێنێ و نزیکیان بکەوێتەوە، ئەوەتا شاعیر لە یەکەمین کۆپلەدا دەڵێ:

لەنێوانی
مێرگی نەوس و
گۆمی ترسا...
بەم بەرخۆڵانەی ئارەزووم
چەند گوناهن!!

لێرەدا شاعیر خۆی بەنامۆ دێتە بەرچاو، کە حەزو ئارەزوو و نەوسی، ڕووبەڕووی دیوارێکی ئەستوور دەبێتەوە کە لەگەڵ واقیعی بەرچاو ناگونجێن، دوو جەمسەری هاودژ ناگەن بەیەک، ئەمە لەڕووی ئەمری واقیعدا، بەڵام ڕەنگە ئەگەر گورگی ترس دیار نەبێ سەیری بەرخۆڵەکانی نەوس و ئارەزوو ئاوا نەکەین، هەروەکو حەلاج دەڵێ:

«کفر و بڕوا لەڕووی ناوەکەیان لێک جیادەبنەوە، بەڵام لەڕووی حەقیقەتەوە جیاوازی لەنێوانیاندا نییە، هەروەها لە دێڕە شیعرێکدا ئەو حەقیقەتە زیاتر

بەرجەستە دەکات و دەڵێ: ففي دين الصليب يكون موتي

ولا البطحــا أريد ولا المدينة

واتە مەرگم لەسەر ئایینی خاچدا دەبێ نە بەتحام دەوێ و نە مەدینەش[٢].

شاعیر لەسەر بەرامبەر یەکڕاگرتنی جەمسەرە ناکۆکەکان بەردەوامە، دەگەن بەیەک و ناگەن، بۆ نموونە، لەم کۆپلەیەدا دەڵێ:

وام لە زیکری
بەردەوامی بێهوودەیی
بۆیە هەردەم
لە خەڵوەتی
نێو جەنگەڵی وشەستانا
غەیب دەبم..!

شاعیر لە زیکرێکی سۆفییانە ناگاتە لووتکەی «وەجد سۆزی بەتین، تەوژمی خۆشەویستی» یان حاڵەت (ئیستشراق)، کە شاعیر لە زیکرەکەیدا بگاتە حاڵەتی لەناوچوون لەخودی خودا، یان وەکو جەلالەدینی ڕۆمی کە دەڵێ: (سوپاس بۆ خودا، ئەو کاتێ کە لەبۆ من دەرکەوت، ڕۆحەکەی من وێنەی ئەوی لە وێنەی مندا بینی[٣]، بەڵکو ئەو دەزانێ زیکرەکەی بێهوودەیە، بەپێچەوانەی سۆفییەکان لەو خەڵوەتەدا کە بەتەنیا زیکر دەکات لەجیاتی ونبوون لەناو خودی خودادا، لەناو جەنگەڵی وشەستاندا غەیب دەبێ، داهێنانی شاعیر لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەنجامی هاوکێشەکە بەجۆرێکی دی پێچەوانە دەکاتەوە، کە زیکر تەنیا وێردو نزاکردن نییەو، بێ هۆشبوون و حاڵگرتن نییە، بەقەد ئەوەی ژیانێکی ڕووحییەو لەناو جەنگەڵی وشەکانی شیعردا. هەرچەندە خۆی فڕێداوەتە ناو زیکرێکی بێ هوودە، بەڵام ئەو وەک ئەو ماسیی نییە کە لە ئاو دەرچوو دەخنکێ و دەمرێ، بەڵکو ڕۆحی زیندووی شاعیر بەترپەی وشەکان لێدەدات. شاعیر لەنێوان خۆونکردن و ئامادەبووندایە، ئەو دوو حاڵەتەش کە دووری لەناو زیکرداو ئامادەبوون لەناو شیعردا دەنوێنن، دەتوانم بڵێم جووڵانەوەیەکی جەستەیی نییە، بەڵکو ڕۆحانییەو، لەئەنجامدا دەبێ بگەڕێتەوە سەر زەوی واقیع، خۆی تێدا بدۆزێتەوە کە جیهانی شیعرە.





شاعیر لە کۆپلە شیعری ژمارە (٤) دا دوو جەمسەری جیا لەیەکتری «لێوی دڵدارو لێوی دلبەر» دەکا بەیەک جەمسەر دوو جەمسەری مەتریالی کە دەکەونە سەر یەک، دوو گیانی جیاواز، بەڵام لەیەک خاڵدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش خۆشەویستییەکی بێ گەردە.. تێکەڵکردنی شتێکی ماتریالی، دیارە (لێو) لەگەڵ شتێکی نادیایر ناوەکی (مەعنەوی) ئاشکراکردنی نهێنییەکی شاراوەیە، کە حەقیقەتی خۆشەویستیی دوو ڕۆحی لێکنەترازراو بەرجەستە دەکات و، لەبۆتەی داهێناندا دوو لێو دەکاتە دوو ڕۆح، هاوکێشەکە لە حاڵەتێکی مادییەوە بەرەو حاڵەتێکی ڕۆحی دەگۆڕێ، لێرەدا ئەفراندن سەرهەڵدەدا، ئەوەتا شاعیر دەڵێ:

لێوت بخە
سەر لێومەوە..
با تەوقەی ڕۆح
لەگەڵ یەکتریدا بکەین!

لە (لێومژین)ی دڵدارو دلبەر، دوو خۆشەویستەوە هەنگاو بەرەو تۆقەکردنی دوو ڕۆح، گوشینی دوو گیان لە بارودۆخێکی تایبەت. ئەو کۆپلە شیعرە لەدایک بوو، وەک گۆتە دەڵێ: (هەموو هەڵبەستێک هەڵبەستی هەلومەرجی خۆیەتی»[٤]، دوو لێوی جیا کە دەکەونە سەر یەک، کیمیاتیی دژەکانیان لێ پەیدا دەبێت لەئاکامدا دەبنە دوو جەمسەری لێک جیا (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ) کە بارگەی کارەبایی پێکدێنن، واتە ئاوێتەبوونی دوو ڕۆح لە یەک ڕۆحی خۆشەویستی پاکیزەیی. هەروەکو ئیلوار دەڵێ: *«دەبێ هەلومەرج لەگەڵ ئاواتەکانی شاعیردا بگونجێ، دەبێ لەگەڵ ئەوەی لە دڵی و لە ڕۆحی و لە عەقڵیدایە بگونجێ»*[٥].

شاعیر بەحوکمی ئەو ژیانە پڕ مەینەت و ئێش و ئازارەی تێیدا ژیاوە جۆرە تەمێکی ڕەشبینی بەسەر شیعرەکانییەوە بەدی دەکرێ و، مرۆڤیش خۆی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە.

لەم ڕووەوە د. تەها حوسێن دەڵێ: «شیعر تەعبیر لە سۆزو ئەو وردەکارییەی شیعرو حەقیقەتەکانی ژیاندا لەگەڵ جیاوازییاندا کە لە دەروونا دەورووژێن دەکات و، لەپێناو ئەوەدا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی سەردەم و ژینگەو بارودۆخی ژیان کە

بەدرێژایی زەمانە دەگۆڕێن»[٦] ئەوەتا شاعیر لە کۆپلەی[٦] دا دەڵێ:

چ خاڵێکی
ناشیرینم..
بەسەر کۆڵمەی
هەڵقرچاوی ئەم ژیانە!!

لە کۆپلەی (٧) و (٨) یشدا هەمان بۆچوون بەدی دەکەین لە کۆپلەی (٨) کە خۆی بەمردوویی لەقەڵەم دەدات، ئەمەش وا لە بۆچوونەکەی (ئەلیوت) دەکات کە خۆی لەناو بێشکەدا بەمردوویی دەبینێ. کە لەڕاستیدا ژیان هەر چەندە سەخت و دژوار بێت، نابێ مرۆڤ لێی ڕابکات و بەتەواوەتی لێی بێزار بێت، وێناکردنی ژیان، یان لەدایکبوون بەو شێوە ڕەشبینە شاردنەوەی ڕووە گەشەکەی ژیانە، کە بەچاوێکی گەشبینییەوە سەیر بکرێ، نەک تەنیا لایەنە تاریک و ناشیرین و دزێوەکەی بخرێتە ڕوو، هەرچەندە ئەم جۆرە تێڕوانینە ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی شاعیرەو دووچاری ئەو حاڵەتە بووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر تووشی نائومێدی و نوشوستی بێت و، هەرگیز ئەو خاڵە ناشرینە نییەو، ژیانیش هەڵنەقرچاوە، بۆیە من لەگەڵ (باتریون)دا دەڵێم: «*دەبێ زانینی ڕاپچڕاندنی جوانی تەنانەت لەباوەشی مەرگیشدا بزانی، ئا ئەم جوانییە نابێتە مۆڵکی مەرگ، لێرەدا مەرگ هۆکارێکی ڕێککەوتنکارییە*»[٧].

کەواتە شاعیر نامۆیە، خۆی خاڵێکی ناشیرین و ژیانیش کوڵمێکی هەڵقرچاو، وکو ئەلیوت لە هاوارەکەیدا دەڵێ: « من مرۆڤی زەوی بێ کشتوکاڵم»، هەروەها کافکاش دەڵێ: «من لەپێشەوە بێ تاوان حوکم دراوم، من سیسرکەم»، نەک لە ڕوانگەی ئەلیوت و کافکاوە، بەڵکو لە ڕوانگەی بینینی جوانی تەنانەت لەناو ناشیرینیشدا، دەبێ بیر لە بوونەوەری مرۆڤ بکەینەوە، بەتایبەتی بوونەوەری شاعیری مرۆڤ کە بەشداری لە ژیانی نەمردا دەکات و مەرگەکەی جاویدانی بۆ دەچەسپێنێ، کە لەژیان و دوای ژیانیش شوێنی خۆی لە مێژوو، لە بیرۆکەی رەها و گشتیدا دەکاتەوە.

لە کۆپلەی (٩)دا دەڵێ:

هۆ سەگەکەم



خۆم لێ مەدە
با دەستنوێژی
وەفات نەشکێ!!

ئەم تێڕوانینەی شاعیر، بەرەو حاڵەتێکی سەیرو سەمەرەمان دەبات، نائاسایی دەکاتە ئاسایی و، نامەعقووڵیش دەکاتە ماقووڵ، ئەم هەڵگێڕانەوەیە لای مرۆڤی ئەمڕۆ، مرۆڤی وەفادار، نەک مرۆڤی سپڵەو بێ وەفا شتێکی قەبووڵەو پەسەندە، داهێنانی شیعریش لەوەوە دێ کە پاساو هەبێ بۆ قەبووڵکردنی حاڵەتێکی ناماقووڵ و پەسەندکردنی بە ماقووڵ، سەگ بە چەمکی باوی ناو کۆمەڵگا گیانلەبەرێکی گڵاوە، هەرچەندە ڕەمزی وەفایە، مرۆڤیش بوونەوەرێکی پاکەو ئەو خۆی بالادەستی ناوزەدکردنی هەموو بوونەوەرەکانە، بەڵام لەم سەردەمەدا بەدەگمەن وەفا ماوە، لە دەستپاکی و سەرپاکی هەر مەپرسە، بۆیە گواستنەوەی گڵاوی لە سەگەوە بۆ مرۆڤ و، پێبەخشینی سیفەتی گڵاوی بەخودی مرۆڤ کارێکی ڕەوایە، ئەمەش دژی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ: «*ئاوی دەریا بەدەمی سەگ گڵاو نابێ*»، ئەی ئەگەر مرۆڤ کە خۆی گڵاو بێت، ئەو حەلە کە سەگ خۆی لێ بدات دەستنوێژی دەشکێ، بۆیە دەمی سەگ بەترسەوە لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوە، نەوەک دەستنوێژی بشکێ.

بەلای منەوە یەکەمین خاسیەتی نوێخوازی، کەسایەتی پێدان و سەروبنکردنی شتەکانە، بەمەرجێ پاساوی پەسەندکردنیان هەبێ. لە کۆپلەی ژمارە (١٢) دا دەڵێ:

ئەگەر لە توخمی
شەیتانی نەبین
بۆ بەزمانی
ئاگر دەدوێین؟!

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا، ئایا ڕەگەزی گەندەڵی و بەدکاری شتێکی خۆڕسکە لە مرۆڤدا، یان لە دەوروبەرەکەیدا وەری دەگرێت و دەبێتە مرۆڤێکی شەڕانگێز و بێ فەڕو، شەیتان، بۆیە شاعیر دەپرسێ ئەگەر فایرۆسی زمانی ئاگر لە نەژاددا لە خودی مرۆڤدا نەبێ پێی دەبێتە ئەو بوونەوەرە زیانبەخشە؟ مرۆڤ بۆ ئەوە خوڵقاوە کە گەندەڵی بڵاو بکاتەوە، مەسەلەی وەرگرتنی هەندێ خووڕەوشت لە

کۆمەڵگادا، دوو بۆچوونی ژیان، ئایدیالی و ماتریاڵین، شاعیر مافی خۆیەتی بەرجەستەی مرۆڤ لە بۆچوونی یەکەمدا بکات، ئەگەر لەگەڵ بۆچوونەکەشی نەبێن و لەشێوەی پرسیاریش مرۆڤ دەستنیشان بکات وەڵامەکەشی بداتەوە. ڕەنگە ئەو تێڕوانینەش لە ئەنجامی ئەو واقیعەوە هاتبێ کە فاکتەری تێکوپێکدانە، ئەگینا بەزمانی ئاگر نادوێ، لێرەدا شاعیر دەیەوێت جۆرە داهێنانێ بکات، جۆری ڕێبازێکی دیاریکراو نابەستێتەوە وەکو شیلی دەڵێت: *«پەیامی شیعر لەچەند ڕێبازێکی دیاریکراو نادۆزێتەوە، بەڵکو لە گیانێکی داهێنەرانە بێ پشوودان بەشادی داهێنەرو تەقەلاکانی لە حەقیقەت نزیک دەبێتەوە»*[٨].

لە کۆپلەی (١٤)دا دەڵێ:

بۆ وەی عەشقی
نیشتمانمان
لەدەست نەدەین
دەبێ سیاسەت
(سیاسەت) بکەین

(سیاسەت)ی ناو دوو کەوانە ڕووپۆشە، مانای نزیک سیاسەتە، ڕامیارییە، کە مەبەست نییە، مانای دوور کە مەبەستە ئابڕووبردنی ئەو سیاسەتەی حزبایەتی تەسکە، کە دەبێ بەلاوە بنرێ، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خود شوێنی عەشقی نیشتمان نەگرێتەوەو دەسکەوتەکان لەدەست نەدەین، بۆیە من لێرەدا لەگەڵ «خەلیل حاوی» دا کۆکم کە دەڵێ:

«شیعر تەنیا درەختێکی ڕووت نییە، لە شوێنێکی خەیاڵیدا قیت بێتەوە، خۆی بە مرۆڤ و بەکردەوەکانی مرۆڤ وابەستەیەو، بێ ئەو خەڵکە ساویلکەو ساکارانە، ئەم هێزەی دەربڕینی نابێ»[٩].

هەستکردنی شاعیر بەمەترسی لەدەستدانی نیشتیمان، ڕۆڵی شاعیرمان پێ دەناسێنێ کە سیاسەتکردن ئەوە نییە بەناوی سیاسەتەوە، لەپەناوە عیشقە حەقیقییەکە لەدەست بدەیت و پاساو بۆ پێوەرکردنی سیاسەتێکی ناڕەواو زیانبەخش بکرێ، لێرەدا پەیامی شاعیر سەردەکات کە تەعبیرکردنە لە خەم و پەژارەو ئاوات و



خەون و خولیای میللەت، بەتایبەتی لاوان، کە لەناو جەرگەی ئەو حەقیقەتانەی کراون بەژێر لێوەوە، شیعر سیاسەت ڕووت دەکاتەوەو قسەی خۆی دەکات، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە چیدی بێ دەنگی کێشەکان چارەسەر ناکات و زمانی شیعریش چەکێکی کاریگەرە لەڕووی حەقیقەتە شێوێنراوەکاندا.

شاعیر لە کۆپلەی (١٨) دا دەمانگەڕێنێتەوە سەر لۆجیک وەک بۆچوونەکەی لە کۆپلەی (٢١ و ١) ئەوەتا لەشێوەی پرسیارێکدا دەڵێ:

کێ دەڵێ مرۆڤ
لە بنچینەدا قرژاڵ نەبووە؟!
ئەوەنییە
ئەم دوو سەرە
ئەویش دوو ڕوو

ئەم جۆرە لۆجیکەو داڕشتنی لە قاڵبێکی شیعریداو پاساو هێنانییەوە، تەعبیرکردنە لە خودی مرۆڤی ناڕەسەن، لە دووفاقی، لە ساختەکاری و قۆڵبڕی. لەوانەی گورگن و لە پێستی مەڕدا. لەم ڕووەوە شاعیری ئەڵمانی (هۆڵداین) جوانی بۆ چووە کە دەڵێ: «لە ڕووسووری شاعیر ناوەشێتەوە کە بەرخ بکاتە ڕەمزێکی سۆفیگەرانە، پاشان دوای ئەوە خورییەکەی لێ بکاتەوە»[١٠]., لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە وێنە لەبنیاتی شیعریدا جۆرە بۆچوونێکی سریالییانەیە لە داڕشتنی پێکهێنانی زمانەوانی و بیناکردنی وێنەی هونەری و فۆڕمی گشتی شیعرەکە، کە شاعیر جڵەوی خەیاڵی بێ سنوور بەرەلا دەکات بەرەو داڕشتن و بیناکردنی ئەو جۆرە وێنە فەنتازییە هەنگاوی دەنێ.

شاعیر کەوتنی ددانەکان لە خەوندا دەکات بە شیعر، بەلام سەیری پێدێ کە مەرگەکەی نایەتە دی، خەونەکە یەخەگیری شاعیر نابێ، بۆیە لەجیاتی ئەوەی خەونەکان بەدرۆزن لەقەڵەم بدات، مردنی پێ درۆزنە:

دانی سەدان
خەونم کەوت..
ئێی لە مردن

چەند درۆزنە!!

شاعیر بەجۆرێکی نائاسایی سەیری مێژوو دەکات، وەک بەرازێک کە هیچ شتێ کاری تێ ناکات، هیتلەریش کە ویستی ڕەوت و ئاوەڕۆ بگۆڕێ، وەک مار پێوەی دەدا، کەچی نەمرد. جارێکی دی شاعیر بەچاوێکی ڕەشبینی سەیری بوون و ژیان دەکات کە مرۆڤ بەدوای خەیاڵ و سەرابدا عەودالە، فەلسەفەی بوونیش پووچەڵ و چرووکە:

لەوەتەی هەی
سێرەت
لە سەراب گرتووە..
چ گوناهی!
کە نازانی
فەلسەفەی بوونت چرووکە!!

پێشتریش ئاماژەم بەو خاڵە کرد، کە لای شاعیر بەزەقی دەردەکەوێ، کە خۆی زیاتر بیر لە وێنە یان نموونەی شیعری دەکاتەوە، کە مۆرکێکی تایبەت بەخۆی و بە شتەکان، بوونەوەرەکان ببەخشێ، دیاردەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە جۆری کاردانەوەکان لای وەرگر، گرینگ ئەوەیە تەعبیر لەویژدانی خۆی دەکات، ناوەوە بەدەرەوە دەبەستێتەوەو بە پێچەوانەش، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان لەو بوونەوەرانەدا بەرجەستە بکات کە گەرەکییەتی بیانخولقێنێ، ئەم حاڵەتەش ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرە، موعاناتی درێژخایەنیەتی بەدەم ئەو ژیانەی کە بێ ئارەزووی خۆی تێی کەوتووەو، بێ ئارەزووی خۆیشی لێی دەردەچێ.

بەشی دووەمی کۆمەڵە شیعری «نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت» نۆ کۆپلە شیعرن بەناوی «چەند وێنەیەکی ونبووی ئەلبوومی پاییزە»و، چەند کۆپلە شیعری دیکەیان بەدواوە دێ «پانۆرامای پاییز، کە لەچاوە زەردەکانی پاییز، ڕووتبوونەوەی درەختەکان، درەختە ڕووت و قووتەکان، گەڵا زەردەکانی دار، زەردەخەنەی لێوی پاییز، مەیلی پاییز، بەرچاوی پاییز، گوڵە پاییز، لقی لەشولاری ڕووتەوەبووی درەختەکان، لاوکە سوورەکانی نسکۆ» بەرجەستە دەبن، سروشتیش لەنێوان شاعیرو وەرگرەکەی لەڕێگای شیعرەوە ژیان و خۆشەویستی و ئاوات و هەڵوێست و سکاڵاو



یاخیبوون و، خەم و گریان و پێکەنینە. شاعیر سروشتی پاییزی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە وێناکردووە، بارە سروشتییەکانی ئاسایی، بەرەو نائاسایی بردووە، داهێنانی تێدا کردووە. بۆ نموونە کە دەڵێ:

هەرکە سیحری
چاوە زەردەکانی پاییز
دەردەکەوێ..
درەختەکان..
ئاگری هەوەس هەڵیان دەگرێ و
بەدەم سەمایەکی شێتانە
ڕووت دەبنەوە!

ئەم وێناکێشانەی ئێستاتیکییانە لە سیحری چاوی زەردەکانی پاییز، لە لێکچوواندنی گەڵا زەردەکان، کە جۆرە سیحرێک دەخولقێنن و کەرنەڤاڵێکی قەشەنگ سازدەکەن، کە درەختەکان تووشی حاڵەتێکی زیکرێکی دەروێشانە ببن و سەمایەکی شێتانە ڕووتیان بکاتەوە «جوانیی سروشت مانا ساکارییەکەی و ناتەماوییەکەی نییە، بەڵکو بەتەحدید جیاکردنەوەیەتی لەو سەدیمەی تیدایەو هێشتا لەناویدا دەژی، بالابوونی توخمەکانی سروشت و نەچوونە ناو کەرەستەی یەکەمی، لە ئاکۆنەکەیدا مانای جوانییەکەی دەگەیەنێ، لەبەر ئەوە شاعیر ئەوەی جیا کراوەتەوە پێگەیشتووەو ریلیف کراوە لەلایەن سروشتەوە وێنەیان دەگرێ، کەوا پێویستە جوانی سروشت بچێتە ناو دەقی شیعری لە کاتی نووسیندا.[١١]

شاعیر لەم کۆپلەیەدا تەعبیرێکی ویژدانی لەڕۆحی خۆی دەکات، سروشت هەڵدەوەشێنێتەوە ، کاتێ لە پاییزدا هەموو گوڵەکان، یان لەزستاندا هەڵدەوەرن تەنیا گوڵە پاییز نەبێ. ئەوەتا دەڵێ:

لەنێو چیمەنی ڕۆحمدا
هەموو گوڵەکان دەوەرن
تەنها گوڵە پاییز نەبێ

هەڵبەت هەڵوەرینی هەموو گوڵەکان و هەڵاوێرکردنی گوڵە پاییز لەناویاندا حاڵەتێکی خۆنەویست نییە، بەڵکو بەندە بەڕووداوێک کە یادگارێکی قووڵی لای شاعیر دروست کردووە، بۆ لە چیمەنی شاعیردا هەموو گوڵەکان هەڵوەرن تەنیا گوڵە پاییز نەبێ، کە ئەو گوڵەش وەکو گوڵەکانی دیکە بەپێی ڕەوتی سروشت هەڵدەوەرێ، بەڵام ئەو گوڵە پاییزە گوڵێکی نەمری جاویدانە، لەبەر چاو ونە، بوونی نییە، بەڵام لە چیمەنی ڕۆحی شاعیردا ئامادەیی هەمیشەیی خۆی هەیە، ئامادەیییەکی ناوەکی، ڕۆحی ، زەینی، نەک ماتریالی.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێ:

ئەمە دڵە
یاخود توورەکەی بزمارە؟
بەدیواری شەتوگێڕی
جەستەکان هەڵواسراوە؟!
ئەم زمانە..
یاخود خەنجەری دەبانە
بەڕاست و چەپ
لە هەستەکان داڕساوە!!

خودی مرۆڤ دوو شتی بچووک، دڵ و زمانی، کە لە زمانی عەرەبیشدا گوتراوە «المرء بأصغريه قلبه و لسانه» واتە مرۆڤ بەدوو شتی بچووکەوە بە دڵەکەی و زمانەکەی، ئەگەر شاعیری گەورەی عەرەب «محمد مهدي الجواهري» ئەو دوو شتە بچووکە کە خودی خۆی شاعیرن پێشکەش بەکوردستان بکات کە هیچی دیکەی نییەو بڵێ:

«قلبي لكردستان يهدى والفم
و بأصغريه يجود المعدم»

جەواهری دڵ و زمانی خۆی بە کوردستان دەبەخشێ کەچی ئەو دڵەی سەرچاوەی خۆشەویستی وەک شاعیر وێنەی بۆ کێشاوە، لەجیاتی هەگبەی سۆزو میهرەبانی بێ دەبێتە توورەگەی بزمار، کە لە دڵی خەڵکی دیکەدا بچەقن و برینداریان بکەن، یان



ئەو زمانەی کە ئامێری دەربڕینە لەجیاتی قسەی خۆش دەبێتە خەنجەری دەبان بەچەپ و ڕاست تانەو تەشەرە لە خەڵک دەدات، هەروەکو وتراوە «زەبری خەنجەر سارێژ دەبێ، بەڵام زەبری زمان سارێژ نابێ».

گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەو دوو شتە بچووکەی مرۆڤ کە ماهییەتەکەی دەردەخەن، دەبنە دوو کوشندە، نەک فاکتەری خێرو بێرو تەبایی و برایەتی، وێنەکێشانیان لە قالبێکی شیعریدا بەو شێوەی کە شێوێنراون مایەی ڕیسواکردنی ئەو جۆرە مرۆڤانەن کە بەدڵ و زمان ڕووی گەشی ژیان ناشیرین دەکەن.

لەڕاستیدا لەئاست هەر کۆپلەیەکی ئەم کۆمەڵە شیعرە هەڵوەستەیەک و ڕامانێک پێویست دەکەن، بۆیە کۆتایی بەشیکردنەوەی دوا کۆپلە دێنم کە بەناوی «شانۆگەری» یە و شاعیر دەڵێ:

خۆم: ڕووداوم
کات: مردنە
شوێن: دارە مەیتی گەردوونە

ئەم شانۆگەرییە تراژیدییە ڕەنگدانەوەی کتومتی شاعیرن کە لە زۆر کۆپلەی دیکەدا بەچاوی ڕەش سەیری ژیان دەکات و نائومێدی خۆی دەردەبڕێ، کە فرمێسکێکی قەتیسماوی لەنێو چاوی گەردووندا، حەزەکانی گەلاکانی تەمەنیان ئێواران لەناودەچن، ژیان لە دۆزەخدا، هەوری زام، زەرکی حەسرەت، مانەوە لە دیوەخانی ئەشکەوت، گۆڕەشاری ڕۆح، فرمێسکی خوێنبارین، ڕووخانی کەعبەی عەشق، ئەو وشانە لە شیعرەکاندا بوونیان هەیە، تەعبیر لە ئێش و ئازارو ژانی شاعیر دەکەن، کە بوونی مرۆڤ شتێکی بێهوودەیە، گەردوون لە ئەزەلەوە هیچەو بێ سوودە، بۆیە کە خۆی ئەکتەری شانۆگەرییەکەیەو ڕووداوەکە هەڵدەسووڕێنێ و نمایش دەکات، کۆتاییەکەی مەرگەکەیەتی و، لەم حاڵەتەدا کە مرۆڤ مرد پێی وایە دەبێ گەردوونیش ببێتە تەرم و بچێتە گۆڕەوە، ئەمە تێڕوانینی شاعیرە بەرامبەر نەهێنی بوون و نەهێنی مەرگ، لەم ڕووەوە شاعیرێکی عەرەب بەچاوێک سەیری «بوون، لەدایکبوون، بەخشین، و سەندنەوە) دەکات کە ئاواتە خوازە هەر لەسەرەتاوە بەخشینەکە، ڕژدی و پیسکەیی بوایە کە دەڵێ:

أبدا تسترد ماتهب الدنيا
فليت جودها كان بخلا

واتە: هەردەم دنیا ئەوەی دەیبەخشێ دەیباتەوە
خۆزیا چاو تێرییەکەی ڕژدی بوایە.

سەیرکردنی ژیان بەچاوی ڕەشبینی، تەنیا هەر تێڕوانین و بۆچوونی (ئارام)ی شاعیر نییە، بەڵکو (شۆپنهاوەر)ی فەیلەسووفیش بەچاوێکی ڕەشبینی سەیری ژیانی دەکرد، کە گاڵتەجاڕییە، بۆیە لە سەرەمەرگا، بەرلەوەی گیانی لەدەست بدات گوتوویەتی:

« ئێستا پەردەکە دادەنەوە، گاڵتەجاڕییەکە کۆتایی هات».

هەرچەندە شاعیر لە هەڵبەستی (ئەڵێین..!) دا وەک خۆی دەڵێ «گەوهەری دڵی خۆی لەنێو قاسەی حەقیقەتدا هەڵگرتووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو نهێنییانەی لەژێر لێوی حەقیقەتدا شاردراونەتەوە، لەملاو لەولا لێوەکانی لێک ترازاون و نهێنییەکانی حەقیقەت دەرکەوتوون» شاعیر پەیامی شیعری خۆی ڕاگەیاندووە، بوێرانە و ڕاستگۆیانە ڕازو هەستی دەروونی خۆی دەربڕیوە، زۆر مەسەلەی بە پرسیارکردن ورووژاندووە، هەندێکیان وەڵام دەداتەوە، هەندێکیشیان بە ئاوێزانی ماونەتەوە حەزدەکەم لێرەدا فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) بێنمەوە کە دەڵێ:

«ولله كنوز تحت العرش مفاتيحها ألسنة الشعراء»

ئەم فەرموودەیە ئاسۆی فراوان لەبەردەم توانا بێ سنوورەکانی شاعیر دەکاتەوە، قسەکانی نە بەڕاستگۆیی و درۆو بە قەناعەت پێهێنان یان نەهێنان تاقی دەکرێنەوە، بەڵکو کلیلەکانی ڕۆحن بۆ کردنەوەی گەنجینەکانی ڕۆح و گەردوون، شاعیر ڕووبەڕووی واقیع یان ڕەهاییمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پەردانە لابەرێ کە ڕێگەکانی ڕۆشنکردنەوەی ئەو پرسیارە زۆرانە دادەپۆشن کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتوون و هێشتا هەڵیان دەگرێ[١٢]».

لەڕاستیدا دوای ئەو لێکۆڵینەوە شیکارییە گەرەکم بوو لەسەر شێوازی داڕشتنی چەند کۆپلە شیعرێک بووەستم چ لەڕووی دۆزینەوەی شیعر لەبواری هونەردا کە



لایەنی ئیستاتیکی بخەمەڕوو، هەروەها لایەنی ڕۆحی کە لە ڕەوتی نووسینەکەمدا خۆم لێداوە، دەرخستنی شتە نادیارەکان و، دەرخستنی شتە ناکۆکەکان کە ئەو لایەنەشم فەرامۆش نەکردووە، هەروەها زیاتر پێداگرتن لەسەر وێنەی شیعری کە ئەویش لە دەرگادانی لایەنی ڕوونبێژی (بەیان)دا خۆی دەنوێنێ، لێکچوون ئەگەر سۆزی لەناودا نەتەقێتەوە، ئەو نرخ و بەهایەی نابێ و، وێنەیەکی شیعری ساز ناکات... لەڕووی شێوازی درکەییەوە یا بۆ نموونە تەنیا ئاوڕ لە کۆپلەیەکی پانۆرامای «چەند وێنەیەکی نێو ئەلبوومی پاییز» بدەینەوە کە شاعیر دەڵێ:

هەر کە سیحری
چاوە زەردەکانی پاییز
دەردەکەوێ..
درەختەکان..
ئاگری هەوەس هەڵیان دەگرێ و
بەدەم سەمایەکی شێتانە
ڕووت دەبنەوە!

ئەم جۆرە وەسفەی پاییز، وەسفێکی فۆتۆگرافی ڕووت نییە، بەڵکو وێنەیەکە پڕکراوە بەبزووتنەوەیەکی دینامێکی، کە گەڵای درەختەکان زەرد بوون، بوونەتە چاوی زەرد و دەدرەوشێنەوە، ئەو حاڵەتە جۆرە وزەیەکی داکراوی شاردراوە لەناو دەروونی درەختەکان دەورووژێنێ کە ئاگری هەوەس و ئارەزوو، بیانخاتە حاڵگرتن و سەمایەکی شێتانە، وەک چۆن مرۆڤ حاڵ دەگرێ و دەکەوێتە سەمایەکی بێ هۆشانەو بەرەو دنیایەکی دیکە خەیاڵ باڵی پێ هەڵدەگرێ و لەئاکاما ڕووت دەبێتەوە.

داڕشتنی ئەو بیناسازییە ئەندازەییەی سیحری چاوەکانی پاییز لەڕووی هونەرییەوە مایەی دەستخۆشییە، کە ترازاندنی سروشتە لە کرۆک و ماهییەتی خۆی، کەسایەتیی پێدانی مرۆڤە بەسروشت، هەروەها هەڵگەڕانەوەی شتە ئاساییەکانەو، کردنی شتە ماقووڵەکانە، بەناماقووڵەکان، ئاساییەکان (سروشتییەکان) بە نائاساییەکان (ناسروشتییەکان، ئادەمییەکان).

ئەم وێنە سیحراوییە خوێنەر سەرسام دەکات، دەرکەوتنی گەڵای زەردو کردنی

بەچاوی زەردی پاییز خواستی ئاشکرایە، هەوەس و سەماکردنی درەختەکان خواستی شاردراوەیە، چونکە درەخت لەڕاستیدا سەما ناکات، بەڵام شاعیر شتێک لە ڕەوشت و ڕوخساری مرۆڤی بە درەخت بەخشیوە، کە ئەویش سەماکردنە دوای ئایسانی ئاگری هەوەس و ئارەزوو.

وێنەکێشانی پاییز بەم جۆرە، شکاندنی ئەو سنوورەیە کە شاعیران لێی دەرنەچوون، کە هێشتاش کەژی پاییز بە کەژێکی گەڵاڕێزان و خەماوی لە قەڵەم دەدەن، نەک وەک (ئارام)ی شاعیر خاسیەتی مرۆڤ بەدرەخت دەبەخشێ، کە سیحری جوانی چاوەزەردەکانی گەڵاکان، درەختەکان دەخەنە سەر هەوەسی زەماوەندێکی کەرنەڤالانەی شەیدایانە، کە لەخۆشییانداو لە گەرمەی سەماکردندا خۆیان ڕووت بکەنەوەو جوانتر و قەشەنگتر خۆ بنوێنن. لەمەش زیاتر شاعیر وێنەیەکی وا بۆ (با)ی پاییز دەکێشێ و بوێری و ئازایەتی باوەڕ بەخۆبوونی پێ ڕەوا دەبینێ، کە بێ ترس و شەرمکردن گەڵاکانی هەڵوەرێنێ و کۆشی هەڵداتەوە، بۆ ئەوەی شتە جوانەکانی، ئەندامە ورووژێنەرەکانی چاکتر دەرکەون و سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشێ:

گەر (با) لەخۆی ڕانەبینێت
چۆن دەوێرێت
بەبەرچاوی پاییزەوە
کۆشی درەختان هەڵداتەوە!

سەیری ئەو جۆرە درکە سەرنجڕاکێشە بکە– با کراوەتە مرۆڤ، وزەو هێزی بوێری لەخۆڕابینی تێدا بەرجەستە کراوە، پاییز مرۆڤێکەو چاودێری درەختەکان دەکات و با شەرمی لێ ناکات و ئەوەی دەیکات بێ باکانەیە، کۆش هەڵدانەوەی ئافرەتانە، (با) خواستی پەنهان و شاردراوەیە، چاوی پاییز درکەی بەرەڵایە، پەیوەندی نێوان بەشی و گشتییە، بەشی (جزء) لەجیاتی گشت. کۆشی درەختان، خواستی پەنهانە.

ئەم هەڵبەستەی وێنەییە، زیندەگی و دینامیکی بەزمانی شیعر بەخشیوە، لەڕاستیدا جوانکاریی وێنەی شیعری، جۆرە ڕەونەق و هێزو بێزێک بە زمان دەدات کە لە خزمەتی بەهێزکردنی شیعرەکەدایە، چونکە ئەندازەی دروستکردنی وێنە



بەزمانێکی سفتوسۆڵ دەبێ و، پەیوەندییەکی دایلێکتیکیش لەنێوان، زمان وەک (دال) و وێنە وەک (مەدلوول) هەیە، هەردووکیان یەکدی تەواو دەکەن.

پەراوێزەکان:

١– بڕوانە (اتجاهات الادب الانكليزي في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر، جميل سعيد).
٢– مقدمة في الشعر الصوفي.
٣– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤– گۆڤاری الرسالة، ژمارە ٣ی ١٩٥٨ .
٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٦– گۆڤاری (الادب)، ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٥٧ .
٧– گۆڤاری الرسالة، ژمارە ٣ی ١٩٥٨ .
٨– گۆڤاری الرسالة، ژمارە ٥ی ١٩٥٨ .
٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٠– گۆڤاری الرسالة، ژمارە ٥ی ١٩٥٨ .
١١– العقل الشعري،، خزعل الماجدي، الكتاب الأول، بغداد ٢٠٠٤ ل ٣٣٤
١٢– العقل البشري، خزعل الماجدي، الكتاب الثاني، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد٢٠٠٤ .

* ئەم کۆ شیعرە بەناوی (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) لە چاپخانەی (سیما) چاپ کراوە.

## ناوم بنێن ماڵەوە
## کۆ شیعری جەلال بەرزنجی

لەدوو قاچی لە (با) دەگەڕێم
بۆ ئەوەی چیتر باسی (با) نەکەم
و پێی بگەڕێمەوە ماڵەوە

مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا خۆی بە نامۆ دەزانێ، لە ناڵەوە نەبێ، بۆیە هەمیشە بیری یەکەم شوێن دەکاتەوە کە تێیدا ئۆقرەی گرتووەو هۆگری بووە، ماڵەوەش خۆشترین و ئاسوودەترین شوێنە کە مرۆڤ خۆی خاوەنییەتی و کۆمەڵێ یادەوەری بەو ئارامگەیە دەبەستنەوە، شاعیرێکی عەرەب لەم ڕووەوە جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

كم منزل في الأرض يألفه الفتى
وحنينة أبداً لأول منزل
متع فؤادك ما استطعت من الهوى
ما الحب الا للحبيب الأول

بۆیە لای شاعیری نوێخواز (جەلال بەرزنجی) ئاسوودەیی و بەختەوەری لەو ماڵەوە سەرچاوە دەگرن کە جگە لە خۆی و هاوسەرەکەی و سێ جگەر گۆشەکەی تێیدا دەژین و ، ئیستێتیکای شوێنیش بەر لە هەموو شتێ ماڵەوەیە. کە شاعیر، کۆتایی شیعرە برووسکەدارەکانی بە ژمارە (١٣٦) هێناوە، کە (با) بۆ قاچەکانی دەخوازێت کە پێی بگەڕێتەوە ماڵەوە (با)ش درکەی خێرایی و پەلەییە، کە وتراوە (قاچەکانی بۆ با بەرەڵڵا کرد)، جێی خۆیەتی کە شاعیر دوا بەرهەمی ناوبنێ (ناوم بنێن ماڵەوە)، کە جیهان لای ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ لە ئاگردانەکەی ماڵی ئەوانەوە دەست پێدەکات و، خۆشەویستیش، بەتایبەتی خۆشەویستی نزیکترین کەس لەژیانی شاعیر، هەستی ناوەوەی زیاتر دەجووڵێنێ، کە تا دەتوانێ زیاتر هۆگری ماڵەوە بێت و هیچ شوێنێک



بەخۆ نەگرێ ماڵەوە نەبێ، چونکە لەوێدا ئەو هەستەی خۆشەویستی بوون و ئامادەباشی زیاتر هەیەو، ژیانی ڕاستەقینەش لەوێدایە.

گۆتە وتەنی: «ئایا ژیانی من و داهێنان قالبێکی داڕێژراو نییە کە لێک ناترازێ؟» هەروەها دەڵێ: «من لە هونەردا خۆم نەبەخشیوە بۆ دروستکردن، بەڵکو بۆ ژیانی ڕەسەن، بەڵام ژیان ئەگەر هەمدیس بەلای منەوە داهێنان بێ، ئەوا من جیاوازی لەنێوانیاندا ناکەم»[١].

ئەو (١٣٦) کۆپلە شیعرەی کە لە پێشەوەی کۆمەڵە شیعرەکەن، دەچنە خانەی شیعری برووسکەدار، کە تێڕامان و قووڵبوونەوەیان گەرەکە. کە شاعیر تێڕوانینی تایبەتی خۆی بەرامبەر ژیان و بوونەوەرەکانی هەیە، بەڵام لە کۆپلە کورتە شیعرییەکاندا کە لێیان دەدوێین، هەست دەکەین شاعیر بەحوکمی بەرەو پێشەوە چوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیارییەکان و خۆسەپاندنی جیهانگەرایی، لەو واقیعە بەرچاوەی کە باوە دوورکەوێتەوە، لە شتێ نوێ بگەڕێ، بەرگی تازە لەبەر بوونەوەرەکان بکات، شتە ماقووڵەکان بکاتە ناماقووڵ بۆ نموونە، شاعیر دەڵێ:

لەوەتەی هەڵی کردووە با
بەر پێی خۆی نابینێ

بەخشینی کەسایەتیی مرۆڤ بە (با) لە فەرهەنگی واقیعدا کارێکی نامۆیە، کە (با) بەو شێوەیە تووشی سەرشێتی بووەو لە سنووری خۆی دەرچووە، ئەم جۆرە وێنەکێشانەی (با) دوورکەوتنەوەیەکی تەواوە لە واقیعی بەرچاو و باو، بۆیە مالارمیە دەڵێ: «واقیع لە سترانەکانتاندا ڕەش بکەنەوە، خۆی باوەو ئاساییە، تاکە شت کە پێویستە شاعیر بیکات، ئەوەیە کە کار بکات و دوو چاوەکانی هەردەم لەم گوزارەیە بگەڕێ: هەرگیز ڕووی نەداوە.»[٢] هەروەها شیللی لە کتێبەکەیدا «داکۆکی لە شیعر» دا دەڵێ:

«شیعر شتە باو و ئاساییەکان وا لێدەکات خۆیان وا بنوێنن وەک بڵێی نا ئاسایین.» جەلال بەرزنجی لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا، پێوەندییەکی نەپچڕاوی توند و تۆڵ لەنێوان شیعر و (وەرگر- متلقی) دروست دەکات، کە شیعر ڕۆحەو پەیژەی هەیە، هەموو کەس لەڕۆحی شاعیر ناگات و، ناگاتە ئەو پایە بەرزەی کە لەسەر

عەرش دانیشتووە، مەرگە بە پەیژە، پلە بەپلە بۆی سەرکەوێ، هەموو کەسێکیش بە ڕۆحی شاعیر ئاشنا نابێ ئەگەر لێوەی نزیک نەبێ و، لە ڕۆحی شاعیر نەگات کە بە شیعر تەعبیری لێ دەکات. ئەوەتا دەڵێ:

بە پەیژەی ڕۆحدا
دەتوانن سەرکەون

کەواتە لێرەدا ئەم ڕۆحییەتە لە بەرزترین پلەوپایەدا شتێکی مادی و عەقڵی نییە، کە بەپێی لۆجیک حیسابی بۆ بکەین، بەڵکو شتێکی هەستەوەری و ویژدانی و زهنیە. لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

ئەم تەمومژە بوو
منی گەیاندە ئێرە

شاعیر لە هەموو کەسێک زیاتر هەست بە تێکوپێکچوونی شیرازەی شتەکان دەکات، کە شتەکان لێڵ و نادیار و تەماوی بوون و سەری لێ دەرنەکردن، ناتوانێ هەتا سەر لەناو ئەو واقیعەدا بمێنێتەوەو چارەسەری خۆی بە قەدەرێک ببەستێتەوە کە ئەنجامەکەی ڕوون نییە. بۆیە دەیەوێت لەو ژیانە تەماوییە دەرباز بێ و، هەنگاو بەرەو ژیانی کراوەو چارەنووسی دیارو دەربازبوون لە شتە نهێنی و شاردراوەکان و باوەش گرتنەوە بۆ جیهانی ئاسوودەیی و دەست لە ملانێی خۆشەویستی هاوسەرو خێزان و ماڵێکی ئارام بنێ، ئەم ڕووکردنەی شاعیر بۆ جیهانێکی دی، ڕاکردن نییە لە نیشتیمان بەقەد ئەوەی خۆ دۆزینەوەیەکی تری شاعیرە لە وڵاتێکی تردا، ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانەیە کە تێیدا گیری خواردووە، شکاندنی سنوورە دیاریکراوەکانە، دەرگا کردنەوەیە بەرەو دنیایەکی نوێی پڕ لە ئاسوودەیی و ، گەشتێکی نوێیە بۆخۆ دۆزینەوەو دۆزینەوەی لایەکی تری جیهان و «بەردەوامبوونی گڕی ژیان و بەنامۆکردنی نزیک و، نزیککردنەوەی دوورە» هەروەکو ئەدۆنیس دەڵێ:

ڕۆژێک،
هەڵبەستەکان دەبنە دەروازەی شار
بەرەو خاکی ئاوارەیی و
ئاوارەییش دەبێتە



نیشتیمانی پێغەمبەران
ڕۆژێکیان
ئەستێرەکان لەسەر زەوی وەک
ئافرەتان دەڕۆن(٤)

شاعیر گەرەکیەتی شتە جوانەکان نەشێوێنرێن و بەجوانیی خۆیان بپارێزرێن، ئەو مرۆڤەی کە مەبەستییەتی گونجانی نێوان دوو شت لەناوبەرێ، ئەو ڕیشۆڵانەی سەرماو بەفر تینی بۆ هێناون و ڕوویان کردۆتە شارو برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنیون، لەجیاتی ڕووکردنی دانەوێڵە بۆیان، تەپکەیان بۆ ناونەتەوە، بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە خەڵکەکە هۆگری باڵندەیەو دانەوێڵەی بۆ ڕوو دەکەن، لای ئێمە ئەو پەیوەندیی ویژدانییە دەبێتە تەپکە، بەڵام شاعیر ئەو تەپکەیە بەسەر ویژدانی ئەواندا دەڕووخێنێ و دەڵێ:

لەجیاتی ڕیشۆڵەی
ناو بەفری حەوشەکەیان
تەپکە بەسەر ویژدنیاندا ڕووخا

ئەم جۆرە ڕووخانە، داتەپینی ڕۆح و ویژدانە، کە لە هەستی مرۆڤانە دەردەچن، هەست بەئازاری ویژدان دەکەن، لە ڕۆحی بەرزو بێگەرد دەترازێن، چونکە جوانکاریی زیان دەشێوێنن، بێ ویژدانییەکە کە دانانی تەپکەیە بۆ ئەو ڕیشۆڵە بەستەزمانانەی کە هانایان بۆ هێناون، ئەو تەپکەیە لە واقیعی خۆی دەترازێ و دەبێتە حاڵەتێکی دیکە کە ویژدانیان هەرەس پێدێنێ، ئەم تەپکەیە کە ڕەمزی هەژاریی مادەیە دەبێتە ڕەمزی هەژاریی ڕۆح، ئەو دوو پێوەندییە ناکۆکە بەوە ڕیسوا دەکرێن، کە یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێ، بۆیە پێوەندییە ڕۆحییەکە زیاتر سەردەکات و بەسەر ویژدانیاندا دەڕووخێ و، حاڵەتی مادییەکە ئەو ڕواڵەتەو بوونەی نامێنێ.

لە کۆپلەیەکی تردا شاعیر دەڵێ:

شەوێک لە (پایز)
کوندە پەپوویەک
لەترسی دەنگی خۆی نەخەوت.

(پایز) لای شاعیر ڕووتبوونەوەیە و ڕووتکردنەوەیە، ڕیسوا کردن و داماڵێنە، دەنگی کوندەپەپووش دەنگێکی ناسازی ناخۆشە، کە نەیخوێندووە مانای ئەوە نییە کە دەنگی خۆی پێ ناسازە، بەڵکو لە ترسی دەرکەوتنی حەقیقەتەکەیەتی، کە خوێندن و نیشتنی نیشانەی شوومی و بەدوومییە، کە خوێندنی ڕاستییەکەی دەردەکەوێ، کوندەپەپووش هەر لە شەوێ دەردەکەوێ و، بەشەویش دەخوێنێ، بەڵام کە ناخوێنێ، هەستی ترس وای لێ دەکات کە بێدەنگ بێت و خوێندنەکەی مەرگی بەدواوە بێ. ئەم کۆپلە شیعرە شیکردنەوەی باری دەروونیی باڵندەیەکی بەشوومەو دەکرێ مەبەستی مرۆڤیش بێ، بەتایبەتی ئەوانەی لە واقیعدا لەناو خەڵکدا ڕووت بوونەتەوە، کە حەز دەکەن خۆیان دەرخەن، بەڵام لەترسی ئەوەی کە زیاتر ڕووت نەبنەوەو زیانیان پێ نەگات بێدەنگ دەبن.

بەم جۆرە شاعیر حاڵەتی کوندەپەپوویەکی شەوێکی پایز بەرجەستە دەکات و، ئەم جۆرە بەرجەستە کردن و وێنەکێشانەی توانستی شاعیر دەردەخات کە چۆن تەعبیرێکی هونەری داڕشتووە، کە تەعبیرکردنە لە جوانکاری و گواستنەوەی ئەم هەستەی شاعیر بۆ خەڵکانی تر، چەمکی جوانکاری لای کانت هەروەکو هیگڵ دەڵێ: «جوانی گرێک بێکدێنێ کە تێیدا گشت و تایبەت و، مەبەست و هۆکار، دەرکپێکراو و بابەت دەتوێنەوە، جوانیی هونەری لە هزر لەدایک دەبێ و دەردەچێ».[٥] شاعیر دەیەوێ دووباڵی لێ بڕوێ، بۆ داڕشتن و بیناکردنەوەی ژیان، بەهێزی خەیاڵ:

دەمەوێ لەگەڵ فڕیندا
بڕۆم
بۆ گێڕانەوەی هێزی خەیاڵ
بۆ ناو ژیان

هێزی خەیاڵ ئەو هێزەیە کە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە ناو ئەو ژیانەی کە شێوێنراوەو گەچلاوە، دەیەوێ بەو خەیاڵە پێوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ ژیاندا دروست بکات، نەک پێوەندییەکی ویشکی ئاسایی کە ڕۆح تێیدا مردووە، شتەکان هێزی گۆڕان و دینامیکییەتیان تێدا نەماوە، ئەو ناوەڕۆکە ڕۆحییە لە شیعردا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. هەروەکو لۆرەنس دەڵێ:



«هونەر بەتایبەتمەندییەکەی بایەخدانم ناوروژێنێ، بەڵکو ناواخنە ڕۆحییەکەی، حوکمی ئەدەبی جێگەی ناکۆکی نییە، بەڵکو حوکمە ڕۆحییەکەی شتێکی گرنگە»[٦] لەم کۆپلەیەدا شاعیر خۆشەویستی نیشتیمان بەرجەستە دەکات و دەڵێ:

شەڕیش تەواو بوو
منداڵەکانی (کەمپەکان)
لە دەوری ئاگردان
لەسەر خۆڵ
نەخشەی نیشتمان دەکەن.

بەستنەوەی منداڵەکان بەخۆشەویستیی نیشتیمان، دروستکردنی عیلاقەیەکی ڕۆحییە، کە ئەوان بەپێی پاکی و بێگەردی خۆیان زیاتر بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە بۆ باوەشی نیشتیمان کە بەهۆی شەڕەوە لێی دوور کەوتوونەتەوە، زیاتر خولیای ئەو باوەشە گەرموگوڕەن، نەک لە ئاوارەیی، لە کەمپەکان ژیانێکی نامۆیانە بەرنە سەر، ئەو منداڵانەی وەکو گوڵ فڕێ دراونەتە شوێنە نائارامەکان، وەک ئەو گوڵانە وان کە لە لقەکانیان بێ بەزەیی لێکراونەتەوە لەژێر پێدا دەپلیشێنەوە، لەم ڕووەوە کیتس دەڵێ: (ئێمە ڕقمان لەو شیعرەیە کە شوێنەوارێکی ڕوون لامان جێدێڵێ، ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە نەدەین، ئەوە وا دەردەکەوێ کە بێ بایەخە، پێویستە شیعر مەزن بێ و لەبەرچاواندا ون بێ، شیعرێک بێ بچێتە ناو گیانی مرۆڤ و بەتایبەتمەندییەکەی ترس یان واقورمان نەوروژێنێ، بەڵکو بە بابەتییەکەی. ئای لە جوانیی گوڵە خەواڵووەکان! چەند لە جوانییەکەیان لەدەست دەدەن ئەگەر فڕێ درێتە سەر ڕێگاو هاوار بکات: «بە سەر سامییەوە سەیرم بکە، من گوڵە وەنەوشەم، من گوڵی بەهارم»[٧]. جەلالی شاعیر ئەو جۆرە پێوەندییە ڕۆحییەی لە لا گرنگ و لە زۆربەی شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە. شیعریش خۆی لەخۆیدا تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر دەکات. شاعیر لەم کۆپلەیەدا، بۆ ماوەیەک بزاڤی سروشتی دەوەستێنێ و، ڕۆحی مرۆڤ بە ئاو و ژیان دەبەخشێ و دەڵێ:

ئاو
و

ژیان

وەستابوون

پشوویەک بدەن

ئەم دوو بوونەوەرەی کە لە جوولانەوەیەکی بەردەوامن ، ئەگەر بوەستن و جووڵە نەکەن بۆگەن دەکەن، چونکە بزووتنەوە دیاردەیەکی وەستان نییە، ئاو و ژیانیش دیاردەیەکی پڕ جووڵەو بزاڤن، بەڵام وەستانیان بۆ ماوەیەکی کورت و پشوودان بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ نوێکردنەوەیە. پێوەندییەکی ڕۆحیش لەنێوان ئاو و ژیاندا هەیە، ژیانی مرۆڤ، ژیانی هەر بوونەوەرێکی دی، کە بوونی ئاو، بووی ژیانە، نەبوونی نەبوونی ژیانە، وەستانی ئاو وەستانی ژیانە، لێرەدا هەڵگێڕانەوەی بوونەوەرە سروشتییەکان و کەسایەتیی مرۆڤ پێدانیان نیشانەی نوێخوازییە لە شیعردا، وێنەی ڕوونبێژی لەشێوەی داڕشتنی خواستن تەکانێکە بۆ ترازاندنی شێوازی نوێ، کە ناوی دەنێین درکەی شێوازی، لە درکەی ڕەوانبێژی بە شێوازە کۆن و ویشک و برینگەکەی کە زیندەگی و جوانکاری تێدا نییە.

توانەوەی دوو بوونەوەری کۆک و تەبا لە بۆتەی یەک داڕشتە (سبیکە) کە لێک جیا ناکرێنەوە (ئاو و ژیان) و پڕکردنەوەیان بە ڕۆحێکی مرۆڤانەی زیندەگی کە هەردەم ئەو ڕۆحە بەردەوامەو ناوەستێ، بەڵام پێدانی پشوویەک بەهەردوو بوونەوەر جۆرە داهێنان و ئەفراندنێکی تێدایە کە هێز و پێزی بنیاتنانی نوێی شیعر بەرجەستە دەکات، کە جیهانی ئەمڕۆی شیعر، جیهانی ڕۆحی شاعیرە، نەک تەنیا تەعبیرکردن لە بیروباوەڕ بە وشە. شیعر بە چەمکە نوێیەکەی لە چوارچێوەی ڕوونبێژی (بەیان) زیاتر لە جۆرەکانی تر خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتی لە خواستن (استعارە)دا.

خۆ ئەگەر زیاتر بەناو ئەو (١٣٦) کۆپلە کورتانەی پێشەوەی بەرهەمەکەی شاعیردا شۆڕبینەوە، ئەم وەستانە لەئاست هەریەکێکیان دەمانخاتە بەردەم هەر دەقێک لەو دەقانە کە (دەقی کراوە)ن و نەفەسێکی درێژمان گەرەکە کە لە داڕشتنی ڕستەو نەسەق و ڕیتمی زمان و بەکارهێنانی شێوازی درکەو خوازەو ڕەمز لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، زیاتر قووڵ بینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەزەت وەربگرێ یان تێبگات و باشتر بچێتە ناو بنج و بنەوانی شێوازی داڕشتنی شیعرەکان کە ئەمەش خۆی



لەخۆیدا مەبەستی هەموو کارێکی هونەرییە، بۆیە لەسەرەتاشدا ناوی ئەو کۆپلانەم نا درێژدادڕێ لەناو کورتبڕیدا، حەقیقەتێکم گەرەک بوو کە هەر کۆپلەیەک لەو کۆپلانە، دەقی کراوەیەو ڕەخنەگر بۆی هەیە کە زۆر شتی لێ هەڵکرێنێ و شیعری سەر بڵندگۆ نین بەقەد ئەوەی شیعری تەئەمولین، ڕامان و قووڵبوونەوەو شارەزاییان پێویستە. ئەم جۆرە شیعرەش کە شیعری ساتە وەخت نییە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا لە دڵ و دەروونندا زیاتر شوێنی خۆی دەکاتەوە و بوونی خۆی دەسەلمێنێ لەم ڕووەوە (لویس ئەراگۆن) دەڵێ:

هەرچەندە هەڵبەست کورت

بێت زیاتر دەچێتە دڵەوە

لەم جۆرە شیعرەش، ئەراگۆن لە شیعرەکانی (جەلال) یش کورتتری نییە کە بۆ نموونە دەڵێ:

ئایا وشەی شەرم دەزانی(٨)

کەچی جەلالی شاعیر دەڵێ:

ئۆی..!!

خودایە

سەرچاوەکان:

* جەلال بەرزنجی، ناوم بنێن ماڵەوە، کۆشیعر، چاپخانەی منارە- هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦ .

١- الانعكاس والفعل- دياليكتيك الواقعية في الابداع الفني- هورست ريديكر، تعريب فؤاد مرعي - دار الجماهير- دمشق دار الفارابي- بيروت ل٤٥ .

٢- ارنست فيشر. ضرورة الفن. ترجمة اسعد حليم ل ٨٩-٩٣ .

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (٧٢).

٤- مقدمة في الشعر الصوفي ل ٨٨ .

٥- گۆڤاری (الاداب) ژمارەی یەکەم-کانوونی دووەم ساڵی٩ النقد والعملية الابداعية د. علي سعد.

(٦)- قوة الشعر-جيمز فنتن. ترجمة:الدكتور محمد درويش دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ٢٠٠٤

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٣ .

(٨) بڕوانە: أراجون شاعر المقاومة- ماكهولم كولى بترك. رودس.

## خوێندنەوەیەک بۆ دیوانی
## مەرگ و لەدایکبوونەوەیەکی نوێی عوسمان مستەفا خۆشناو

### گەڕانەوەیەکی مێژوویی

ساڵی ١٩٤٨ بوو، سەردەمی ڕاپەڕینی کانوونی دووەم کە هەموو لایەکی هەرێمی کوردستان و عێراق هاتبوونە جۆش و خرۆش، شەپۆلی ڕق و کینە و هەڵچوون و گەرم و گوڕی جەماوەر وەک گرکان ڕەوشە سیاسییەکەی دەهەژاند، شاری کۆیەش یەکێک بوو لەو شارە خەباتگێڕو شۆڕشگێڕانەی کە دژی (پەیمانی پورت سموث) بوون کە (میستەر بیڤن)ی بەریتانی و (ساڵح جەبر)ی سەرۆک وەزیرانی عێراقی ئەو کاتە خەریکی گرێدانی بوون و لەئاکامی سوور بوون و شێلگیری جەماوەری تێکۆشەرو قوربانیدان، پەیمانەکە گۆڕ بە گۆڕ کراو حکومەتی جەبر ڕووخا، ئەوکاتە من قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، زۆرجار تێکەڵی خۆپیشاندانەکانی کۆیە دەبووم، ئەوەندەم لەبیرە کە (حەمەدەمین قادر حەیدەری) بە دەنگێکی دلێرو بە گەرمو گوڕییەکی بێ وێنە شیعرێکی دەخوێندەوە. کە دوایی چوارینەیەک ئەم دوو دێڕە شیعرەی دەگوتەوە:

تێکڕا هاواریان ئەکرد بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە
ڕەوڕەوەی تەئریخ بە جەبری (جەبر)ی ناوەستێتەوە

لەڕاستیدا ئەو کاتە نەمدەزانی ئەم شیعرە هی کێیە، چونکە زیاتر ناوی سێ شاعیر لەسەر زمانان بوون و ناسراو بوون: دڵدار، دڵزار، عەونی، ساڵان چوون ساڵان هاتن و دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا بۆم ڕوون بۆوە کە شیعرەکە هی عوسمان خۆشناوە، کە لێرەدا چەند برگەیەک بۆ نموونە دەهێنینەوە کە شاعیر دەڵێ:

خوێنی سووری گیان فیدایان ڕووی زەوی ڕازاندەوە
ماتەمی سێی ساڵی دیلی میللەتی تاواندەوە



قافلەی ئازادی خوازان پێشڕەوی ئەستاندەوە
هێزی ئازادی و حەقیقەت دوژمنی وەستاندەوە
تێکڕا هاواریان ئەکرد بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە
ڕەوڕەوەی تەئریخ بە جەبری (جەبر)ی ناوەستێتەوە

***

میللەتی ئازاد هەمووی هەڵسا لە خوارو تاکو سەر
ئارەزووی نووسی لەسەر خاکا بە خوێناوی جگەر
نیشتیمانێکمان ئەوێ پڕ ئاشتی، ئازاد بێ خەتەر
میللەتێکی بەختیارو مەحکەمەی خوێن ڕێژی شەڕ
تێکڕا هاواریان ئەکرد بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە
ڕەوڕەوەی تاریخ بە جەبری(جەبر)ی ناوەستێتەوە

بەقەد ئەوەی کە من لێرەدا گەرەکمە بگەڕێمەوە دواوە، لە چوارچێوەی مێژووییدا شیعرەکانی (عوسمان مستەفا خۆشناو) هەڵسەنگێنم، حەز دەکەم ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە بەهیچ جۆر ناکرێ لە ڕوانگەو دیدگەی ئەمڕۆ، باری سەرنج و بۆچوونی ئێستاش شان بدەینە بەر شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئەو بەرهەمانەی چەندین ساڵە لەدایک بوون و زادەی بیرو خەم و خولیای سەردەمی خۆیان بوون، چونکە ئەگەر بە پێوانەی سەردەمی ئێستامان حیساب بۆ هەر بەرهەمێکی پێشوو بکەین ئەوا غەدر لە شاعیرو لە خۆشماندا دەکەین و، ئەم جۆرە تێڕوانینە بازدانە بەسەر قۆناغە شیعرییەکانی شاعیر. چونکە شیعر تەعبیر لە خودی خاوەنەکەی دەکات و ئەو شاعیرەی لەخۆی نەکات، وە پیشەسازێک وایە کە کەسایەتیی ئەدەبی نەبێ.

### عوسمان مستەفا خۆشناو و هەستی سیاسی

سەرەتا لە ساڵی (١٩٤٢)ەوە بە شیعرەکانیدا دادێینەوەو لەسەر ئەم دوو دێڕە دەوەستین کە دەڵێ:

باخی ژین هەردەم بە نەشئەو پڕ گوشادی و نعمەتە
پێی ئەگەیت، ئەمما بزانن ڕێگەکەی چەند زەحمەتە

ئەم تێڕوانینانەی شاعیر لە چەمکی ژیان، لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە سەری هەڵداوە، ئەو حەلە (خۆشناو) تەمەنی (١٦) ساڵ بووە، چونکە بەپێی ئەو زانیارییەی کە لەسەرەتایەک: من و شیعرو نووسین لەگەڵ ڕۆژگاردا ، خستۆتییە بەر دەستمان لەساڵی ١٩٢٦ لەشاری کۆیەدا لەدایک بووەو، پێدەچێ بەر لە شیعر نووسین، هەر زوو هۆشمەندیی سیاسی لا دروست بووبێ و خەمڵی بێت، بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونە ئەو قسە نەستەقەیە کە دەڵێ: «ڕێگەی تێکۆشان بە گوڵ و ڕەیحان دانەپۆشراوە، بەڵکو پڕە لە بەردو دڕک و داڵ» بۆیە شاعیر جەخت لەسەر واقعێک دەکات کە ڕێگەیەکی سەختەو «چەند زەحمەتە». بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکەم، دوای دوو ساڵ لە دوو دێڕی ناوبراودا ئەم مەسەلەیەم بۆ ساغ دەکاتەوەو دەڵێ:

کاتێ تێگەییم بەلەش منداڵ بووم بە هۆش پێگەییو
لەسینەی ڕۆژی نەگبەتی و دیلی وەک سنگی چەقیو
خۆم سەپاند بەسەر هەبووی ئەو ساکەم لە ساڵانی ڕەش
هێوام لە دوو توێی خۆڵەمێشی خەم وەکو پۆڵی گەش
دەبریسکایەوە لە شەوی تووشی مناڵی تاڵم
یان هەڵدەگیرسا چۆن گڕی ئاگر دەیسووتاند باڵم

ئەگەر بەپێی تەمەنی شاعیر ئەو جۆرە بەرهەمەو چەند نموونەی شیعری تری شاعیر کە لەبەشی یەکەمی دیوانەکەی بەناوی (هۆشیاری و ڕاچڵەکین) (١٩٤٢-١٩٤٨) دا بڵاوی کردوونەتەوە، بە چەشنێک لە ئەفراندنی شیعری و هونەری جۆرێک لە خەون نییە، بەڵام بەر لە هەموو شتێک ڕووێکە لە هۆشمەندی و، لە وریایی ئاگاداریی قووڵ، کەواتە هەستە سیاسییەکەی و هۆشیارییەکەی زیاتر پاڵنەری شاعیر بوون کە هەنگاو بەرەو جیهانی شیعر هەڵێنی، نەک هەستی دڵداری یان جوانی سروشتی کوردستان. مایکۆفسکی ڕاستی بۆ چووە کە لەم ڕووەوە دەڵێ:

(شیعر پێویستە لە جەوهەریدا، مەشخەڵێکی بەردەوامی ئایدۆلۆژیای سیاسی تێدا بێ).



شاعیر گەرەکیەتی کە لاوان هۆشیار بکاتەوە، بانگەوازەکەی زیاتر ئاڕاستەی ئەوان دەکات و دەیانجووڵێنێ، چونکە زۆر چاک دەزانی کە (هیمەتی لاوان کێو لەبن دێنێ) و خۆی بە تەنیا چی لەدەست نایە، خۆی بریندارو گرفتاری ئەو بارودۆخە نالەبارەیە کە تووشی میللەتی کورد بووە، ئەو چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژگارەی کە پڕشنگی چرای لێ دەرکەوێ و لەبێشەوە بۆ لاوانی شارەکەی (کۆیە) بچێ و دونیای تاریکیان بۆ ڕەوشەن بکاتەوەو هۆشیاریان کاتەوەو دەڵێ:

دڵە گەردوون دەزانێ من لە دوو ڕۆژێکی عەوداڵم
بە پڕشنگی چرای دەستم بکەم هۆشیار هەموو شارم
ئەگەر چی چەپڵەی یەک دەستی تەقەی نایە بریندارم
لە لاوان خۆم دەکەم داوا، ولاتمان بکەین ڕزگارە
کۆیە ١٩٤٢

**بەرەو نوێکردنەوە:**

وێڕای ئەو هەستە سیاسییەو هۆشمەندەی شاعیر ڕەنگە ئەو کاتە شاعیرانی سیاسی، بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر زیاتر پەنایان بردبێتە بەر شیعری ڕاپۆرتی و خیتابی، بۆ وروژاندنیان و هاندانیان بۆ کۆڕی خەبات، بەڵام (عوسمان مستەفا خۆشناو)ی شاعیر هەر لەسەرەتاوە، هەنگاوی بەرەو کێشی خۆماڵی (پەنجە-سیلاب) هەڵێناوەو، جاروبار لە کێشی عەرووزو تەقلیدی دوور کەوتۆتەوە، بۆ نموونە لە شیعری (هۆ هۆ نیشتیمان)دا دەڵێ:

تۆی خوێنی جگەر هۆ هۆ نیشتیمان
ئاوت وەک کەوسەر
بەردو دار مەرجان
وەنەوشەی چیمەن
لالەو یاسەمەن
گوڵۆکی باخت

جەرگی سووتاوم (نەماوم) خاکی کوردستان
هەلآلەی شاخت
هەموویان بەتاو (هەناو) دەگرین لەداخت
کۆیە ١٩٤٢

ئەم یاریکردنە بەکێشی هەڵبەستەکە لەو سەردەمەداو بەکارهێنانی ڕەگەز ناسی (جیناس) و خۆ نەبەستنەوە بە کێشی عەرووز کارێکی هونەرییە، بەلای منەوە ئەم جۆرە هەنگاوە تەعبیر لە بوێری شاعیر دەکات کە ئەوکات خەڵک گوێچکەیان یان بە شیعری وا لێڕاهاتبوو کە لەسەر کێشەکانی عەرووز دادەنران، ئاشنای جۆرە کێشی وا نەبوون و، لە هەمان کاتدا پێیان لادان بوو لە ڕێچکەی باو و تەقلیدییەکەدا، هەرچەندە هەروەک ڕەخنەگری ناسراو (ریچاردز) دەڵێ:

(کێش لە شیعردا یاریکردن نییە بە بڕگەکان، بەڵکو تەعبیر لە کەسایەتیی ئەو کێشەی کە دەمانجووڵێنێ دەکات، ئەو کێشە لە واقیعی جووڵانمان هەرڵدەقولێ، لەپێناو ئەوەدا شیعر لاسایی ناکرێتەوە).

(المجلة العدد ٣٢ السنة ١٩٤٧).

(خۆشناو) لەسەر ڕەوتی نوێکردنەوە بەردەوامە لە بەشی دووەمی دیوانەکەی کە بەناوی (بەستەی باوەڕ)ە چەند نموونەیەکمان بەرچاو دەکەوێت و کێشی پەنجە بەکاردێنێ کە لە (٨) بڕگەییەوە بۆ (١٢) بڕگەیی و(٤) بڕگەیی دەگوێزێتەوە، لە هەڵبەستی (گۆرانی من)دا دەڵێ:

لە هەردەی سەخت و دۆڵی کپ و قووڵ
لە چەمی خوڕەم لە کانیاو و سووڵ
لەناو باوەشی دایکی جگەر سۆز خاکی کوردستان
گوێ لە ئاوازی قەترو لاووک زەنگۆڵەی کاروان
بۆ تۆ ئەمێنم
ئەوسا ئەتبینم
کۆتایی چلەکان

یان لە (١٢) بڕگەیی دەگوێزێتەوە بۆ (١٦) بڕگەیی و گەڕانەوە بۆ (٤) بڕگەیی بۆ



نموونە لە هەڵبەستی (هۆنراوەکەم)دا دەڵێ:

تۆ لەمنی، من لەتۆمە، بێ ناوەکەم
پچڕاوەکەم، ئەی گیان لەبەر، دڵم نایێت، بتسووتێنم
بتدرکێنم!
هەردووک لەگەڵ جوانی و ڕاستی لەیەک هێڵین.
داماوەکەم
خۆڕاگرە، لەباوەشی ترسناک و زێدە وێڵن!
تەمتومانە
بەلآم بەلآم، ڕیشەی جەرگم چۆن دەربێنم،
ئۆف لەم ژانە
ژین و مانمان لێک بەستراوە، جێت ناهێڵم!!
ناتدرکێنم
ناتسووتێنم!!

ئەم نموونانەی کە ئاماژەم بۆ کردن ڕەنگدانەوەی هەستی دەروونی شاعیرن و، زادەی سرووش و خەیاڵی بەرزن، بابەتی ڕۆمانسین:

«ڕۆمانسییەتیش بوونی مرۆڤایەتی بێگەردە، خڵت وخاڵی تێدا نییە، خۆراکی ئەو گیانەیە کە دروستبوونی خۆی لە حەقیقەتی بابەتی وەردەگرێ، بە پێچەوانەی ڕێبازە فەلسەفییەکان لە شیعرو ئەدەبدا، کە لەجیهانی میتا فیزیکیدا وێڵ و سەرگەردانن».

(عبدالقادر حافظ، مجلة الاقلام ت١ ١٩٦٩).

ئەو سەردەمەی شاعیر لەنێوان سالآنی ١٩٤٨–١٩٥٨ دا واقیع و ڕۆمانسیەت بوو، گرنگ لێرەدا ئەو جۆرە سرووشەیە کە کانی سەرچاوەی شاعیر دەتەقێنێتەوە، ئەویش ئەو حاڵەتەی لا رەخساوە کە شاعیرییەتی خۆی پێ بسەلمێنێ و لەو تەمەنەو لەو قۆناغەدا هێزو پێزی خۆی بنوێنێ، چونکە هەروەک مالکوم کولی و بیترک ڕووس دەڵێن.

«شاعیـرەکان بە شێوەیەک بۆیان دەرکەوتووە، کە بۆ ئامـرازەکان چەند جیاوازییەک ڕەخسـاون، بۆ غـەیری ئەوان دروست نەبوون، دەتوانن بەو هێزو سروشەی هەیانە، سۆزەکان بورووژێنن، بەرەو ڕێگەی کارێکی بەرن کە بەدەگمەن پەخشان دەیگاتێ».

(الثقافة الجديدة العدد ٣٤ اذار ١٩٧٢)

خۆ ئەگەر بەتایبەتی شیعرە ڕۆمانسییەکانی بە چاوێکی وردبینانە سەیر بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە، بەپلەی یەکەم ڕۆمانسییە گۆرانی ئامێزەکانی، چونکە ڕۆمانسییەت باوەش بۆ بوونی بێ گەردی مرۆیی دەگرێتەوەو، خۆی خۆراکی گیانە، کە خەملێبوونی خۆی لە ڕاستەقینەی بابەتی وەردەگرێ هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد، کە شاعیریش دوو جەمسەری ئەدەبی تێکەڵ بە یەکتر کردووە کارێکی باشی کردووە، هەروەک (گۆرگی) دەڵێ:

تێکەڵاوکردنی نێوان ڕۆمانسییەت و واقعیەت، یەکێکە لە سیماکانی ئەدەبە مەزنەکەمان، ئەوە ئەو ڕەسەنی و هێزە دەبەخشێ: لەوەش زیاتر گۆرگی خۆی لە هەندێ نووسەرانی تر جیادەکاتەوە کە بەچاوێکی ڕەش سەیری ژیان دەکەن بۆیە دەڵێ (حەز لە ئەدەبی هاوچەرخمان ناکەم بەهۆی ڕەشبینی لە ژیاندا، ژیان لەوە جوانترە کە لەناو کتێباندایە، تەنانەت ئەگەر کتێبەکە نایابیش بێت هەر لەبەر ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر (گۆرگی)دا هاتووە. ڕەخنەگری ناودار (بانکۆ لافارین) دەڵێ «دەکرێ گۆرگی بەسونبولی ماوەی گواستنەوە لە ڕووسیای کۆنەوە بۆ ڕووسیای نوێ لە قەڵەم بدرێ».

ناو کەوانەکان لە گۆڤاری الاقلام ج١ السنة السادسة ت١
١٩٦٩ وەرگیراون بەناوی (جذور الواقعية الاشتراكية،
نووسيني عبدالقادر حافظ)

ئەوەتا (عوسمان مستەفا خۆشناو)ی شاعیر، لە ڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا، کە لە بەندیخانەی تەنیایی بەعقوبەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی وەک محەمەدی مەلا کریم و شاعیری بەرز گۆران و هی تر لە بەهاری ١٩٥٥ دا شیعری (بەهار)ی داناوە، کەلە



کونجی بەندیخانەدا، جوانی ئەو بەهارەی کوردستانی ئازیز نابینێ و دەپرسێ، بۆچی ئەو ڕەوشە هەروابێ، ئەگەر بێکەسی شاعیر لەبەر پەستی و بێزاری خۆی حەز نەکات جوانی و ڕەنگینی بەهاری کوردستان ببینێ، ئەوا خۆشناو بە پێچەوانەیە، بێکەس دەڵێ:

بەهار نامەوێ جوانیت ببینم
ئەمڕۆ من بەدڵ پەست و غەمگینم
دوژمنی لالەو گوڵ و نەسرینم
دوورم لە شادی خەریکی شینم
بەهار نامەوێ جوانیت ببینم

کەچی( عوسمان مستەفا خۆشناو) بە پێچەوانەوە دەیەوێت خۆی و گەلەکەی ئازادبن و چاوەکانی بەجوانی ڕەنگینی بەهار بگەشێنەوە، دڵی بسرەوێ، بۆیە دەڵێ:

بەهار هەتاکەی جوانیت نەبینم      حاڵم ئاوابێ
بێ گوڵ و بولبول هێلانە شینم      ڕۆژم ئاوابێ
تاکەی لە هەوری چڵکنی پایز      بادە بنۆشم
لەسای تووترک بێ بزەی ئازیز      خۆم وا بپۆشم

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

با دەس لە گەردوون خۆری نەورۆزی سەر کەلی شادی
بۆ ژیان بڵێین بەستەی پیرۆزی (داری ئازادی)

## هەڵوەستەیەک

لەساڵی (١٩٤٢)هوە تا ساڵی (١٩٥٨) بۆمان هەیە لە ڕێگەی ئەو هۆنراوانەی کە لە دیوانەکەیدا بڵاو کراونەتەوە، هەر چەندە بەشێکیان لە ترسی زەبرو زەنگی ڕژێمی پاشایەتی لەناوچوون کە ڕای خۆمان لەمەڕ شاعیر دەربڕین، کە بەکەرەستەیەکی بەپێزو سەلیقەو بیرێکی نوێ و ڕۆشن پێی ناوەتە جیهانی شیعرو، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ئەو و شاعیرانی تردا بکەین و، بە ویژدان و دەستپاکییەکی ئەدەبی و،

لایەنێکی بابەتی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر لە ئاستی ئەوانەدا بوو کە ناووشۆرەتیان وەرگرتووەو، هەرگیز لەوان کەمتر نییە، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو ماوەیە، بڵاونەکردنەوەی شیعرەکانی، مافی شیاو و ڕەوای خۆی نەدراوەتێ، ئەگینا (عوسمان مستەفا خۆشناو)ی شاعیر بەسەلیقەی شیعری ڕێک و ڕەوانی، بە پەیڤی شاعیرانەی جوانی، بە هزرو بیری میللی و نیشتیمانی، بە هونەری داڕشتن و بنیاتنانی، یەکێک بووە لە پێشەنگ و سەردەستەی کاروانی شیعری نوێی کوردی، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم خوێندنەوە بەپەلەی من شیاوی ئەوە نییە کە مایەی هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی بابەتی و زانستی و ئەدەبی بێت کە وەک لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری خۆی بنوێنێ، بەڵام دەکرێ کە جۆرە ورووژاندنێک و جووڵاندنی خوێنەر بێت کە ئەو شاعیرە بۆچی تا ئێستا شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە کە کورد وتەنی (کاڵا لەقەد باڵایەکە) بێ و، بۆ ئەوەی ئەو تەمەی لەسەر شیعرەکانیدا نیشتووە بڕەوێتەوە ئەو نووسینەی منیش پەنجەرەیەکی بچووک بێت کە کردنەوەی چەند دەروازەیەکی بە دواوە بێ.

### عوسمان مستەفا خۆشناو و شیعری گۆرانی ئامێز:

(بەهاری دزراو) بەشی سێیەمی دیوانەکەیەتی بەناوی:

١- ئاوازی ژیان ١٩٥٨- ١٩٦٣ ٢- هوڕێنەی لاوی ١٩٥٨-١٩٦٣، چەند هۆنراوەیەکی گۆرانی ئامێز بە خۆدەگرن و، هەنگاونانی شاعیر بەرەو هەڵکشانی (هێلی بەیانی) یان تێدا بەدی دەکرێ، لە هەڵبەستی (هەناسەی مەست) دا دەڵێ:

هۆنراوە ئاوازی دەروون
دەنگدانەوەی بیرو هەستم
لە ناخۆشی ترووسکەی ڕوون
لە شەوی ژینی زۆر پەستم
بابێ شەپۆلی جوانت
خەندەو تەڕایی ژیانت
فێنک کا دڵەی پڕ جۆشم



هەڵبەت هۆنراوەی خودی دەروون کە تەعبیر لە شاعیر دەکات، لەو شیعرانە بەهێزترو بە پێزترە کە مۆرکێکی سیاسی بەخۆ دەگرن و کەرەستەی شیعری خودی و لیرکی زیاتر ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی شاعیرن و زیاتر شاعیر دەجووڵێنن و بەرەو خەیاڵی بەرزە فڕی دەبەن، بەتایبەتی شیعری خۆشەویستی:

تۆ ڕووناکی، تۆ خواردنی، تۆ خواردنەوەی تۆ جوانی
تۆ هەناسەی خۆشی ژین و گەشەی شادی دڵانی
تۆ خونچەی گوڵی دڵداری گەنجایەتی لێواو لێوی
تۆ بینایی، تۆ خەندەی بێ گەردی هەرگیز ماچی لێوی
تۆ تەمەنی سەوزایی، هەبوون بە تۆوە پڕ هاتە
ئارامی شەو، شادی ڕۆژی سپێدەکەت خۆرهەڵاتە
بەستەی من و تۆ ئاوایە، لەناو بەهەشتێکا کەوا،
لەدوو ڕیانی هات و نەهات، کەژاوەی ژین پێیدا دەڕوا!

یان لە شیعری (چرپەیەکدا) دەڵێ:

بەخێر هاتنەکەت ئێوارە وەختە
وەکو ئاوازی شمشاڵێ لە دوور
گوێچکەی پڕکردم لەم چەند هەڵبەستە
لە دڵ ڕایماڵی ئازارو ناسوور
کیژۆڵەی جوانم
خولیای بەیانم

لە چەند شیعرێکی دیکەشدا ئەو هەستە گەرم و گوڕەی شاعیر، ئەو خەون و خولیایە بە ڕوونی خۆمان نیشان دەدەن. بۆ نموونە هەڵبەستی:

پەیام، سکاڵا، شیوەن، نەکەی، ئافرەت، خۆرئاوابوون، یادگار، پێ بە میوان، ئاشت کردنەوە، شەفەقی جوان، سوسنی سەران، شۆخی پەشیمان، دوایی ئەبی پەشیمان، هتد.

که بەڕاستی لەناخی شاعیردا هەڵدەقوڵێن و بەرەو لووتکە هەڵدەکشێن گۆرانی بۆ (سوسنی سەران) دەڵێن:

بلوێر لێنادەم بۆ گـــوڵێ نەبێ لە لووتکەی بەرزی
بۆ سوسنی سەران، بۆ جوانییەکانی هەزاران بەرزی
گـــۆرانی ناڵێم، بۆ گـــوڵێ نەبێ هەر لەســـەران بێ
دووربێ لە نزمی، سـروەی شـەمـاڵی لە باخـەڵان بێ
خـواردنی لەخـۆر تینووی لە بەیان هـەردەم بشکێنێ
ڕیشـــەی لەناخی دەروون داکـــوتێ، پەرە بســـێنێ
بەهاری دڵی زســـتـــان بکوژێ بە ناسکی و جـــوانی
بتـــاوێنێتـــەوە بەفـــرو ســـەهـۆڵی لووتکەو ســـەرانی

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش باڵابوونی شیعریی خودی و گۆرانی ئامێز، نزمبوونی شیعری سیاسییە، چونکە لەڕاستیدا هەردەم مەسەلە خودییەکان زیاتر لە دەرووندا. ڕەگوڕیشە دادەکوتن، زووتریش دەتەقنەوە وەک کانی و سەرچاوەی بەخوڕ، ئەم حاڵەتە سەبارەت بە هەموو شاعیرێکەوە ئاوایە، کە بەراورد لە نێوان شیعرێکی سیاسی و شیعرێکی ویژدانی شاعیرێک دەکەین و دەبینین ویژدانییەکە باڵاترو بەسۆزتر و بەجۆشترە، مانای ئەوە نییە کە شاعیر بۆ بیروباوەڕە سیاسییەکەی دڵسۆز نییە، یاخود لە داڕشتنی هەڵبەستی سیاسی سەرنەکەوتووە، بەڵکو هەردەم مەسەلەی خودی و ویژدانی، مەسەلەیەکی دەروونین، بەڵام مەسەلەی سیاسی مەسەلەیەکی مێشکی و عەقڵێن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو سەلماندنی ئەم بۆچوونەم پەنا دەبەمە بەر ئەم وێناکردنەی ساڵح جەودەتی شاعیرو پشتی پێ دەبەستم کە دەڵێ:

لە ئەزموونی کەسایەتیی خۆمدا دەڵێم کە شیعری سۆزداری گۆرانیئامێز تاکە جۆرێکە کە هەرگیز پشتی بەرنەداوم لەسەر هەر بڵندگۆیەک بێت، چونکە سۆزو ڕەگەزی هاوبەشی نێوان گشت مرۆڤایەتییە لەگەڵ جیاوازی توخم و ڕەنگ و تەمەن و ڕۆشنبیری و ژینگەکانی و، چونکە گیانی گۆرانی ئامێزی لەزەتی نموونەیی هەر دەروونێکن» (المجلة العدد ٣٥/١٩٦٧)





(خۆشناو) لە ڕەوتە شیعرەکەی بەردەوامە، بۆ هەنگاوەکانی خۆی بکێشمان دەکات و بەرەو (قەلاچۆی جوانی)مان دەبات کە بەشی چوارەمی دیوانەکەیەتی ١٩٦٣-١٩٧٤:

١- تۆقین و شارە زگ پڕەکەم ٢-ڕووبارو ئاوەدانی. با لەمیحرابی هەڵبەستی «بووکی شۆڕش» بوەستین، کە لەسەر زاری کچە کوردێکی قارەمانی بە دەسگیران دانراوە کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٤ دا دێیەکەیان گەمارۆ داوە، پاش کوشتن و بڕین و تاڵان وئاگر تێبەردان و، تێکەڵبوونی خوێنی باوک و براو دەسگیرانی، ئەویش خۆی بەدەست خوێنڕێژانەوە نادات و بە فێڵی خۆ ئامادەکردن ئاگر لەخۆی بەردەدات:

خۆر دەستی ناوەتە سەرچاو هەناسەی ئازاری بای وەشت
چۆن لێدانی دڵی کۆرپە، دێت بەسەر گەنم و جۆی پێدەشت
بەتێکڕایی
ئەکا شانەی،
بە ئەسپایی
قژی کۆرپەی ناو ڕۆژی لێڵ، ئاوا ڕەنگ زەردو تۆقیوە
هێن گەنم و جۆی پێ گەیشتووە، کە ڕیشەی لە دڵ چەقیوە،
منیش لێرە:
وا جوان ئەکەم دوو چاوی ڕەش
وا سوور ئەکەم دوو کوڵمی گەش
دەبا سنگ برازێنمەوە،
دەبا حەز بلاوێنمەوە
بۆ باوکی خەوتووی ناو خوێنم
بۆ کاکی مەرگ ترسێنم،
بۆ (باییز) لاوی هاوبەشم

ئەم هەستە دەروونییەی شاعیر، لە دڵێکی پڕ ئازارو ژانێکی قورس و دژوار

هەڵقوڵیوە، خۆی وەک بڵێی خاوەن کێشەیەو شکسپیر وتەنی (ئەو کەسەی ئازاری برینی نەچەشتبێ، کە برینی دیت گاڵتەی پێ دەکات) شاعیر خۆی لەناو واقیعە تفت و تاڵەکەدا دەژی ئێش و ئازارەکان تا سەر ئێسقانی چوون، لە ناخەوە دەیهەژێنن، ئەم حاڵەتەش لە چەند شیعرێکی تردا بەدی دەکرێ بۆ نموونە: (قەلاچۆی جوانی، دووچاوی گریاو، فرمێسکی وشک، هۆڕەی دەروێشی، زستان، لەژێر چەقۆی مەرگا، بەهاری خوێناوی، من و جەژن، کولێرە،..... هتد)

با کەمێک بوەستین لەبەردەم هەڵبەستی لەژێر چەقۆی مەرگدا، کە تەقینەوەی هەستی خرۆشاوی شاعیرە بەرامبەر شەهید (مەجید عەبدوڵلا)ی پوورزای لە کەرکووک کە فاشستەکانی کودەتانی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ گۆشاو گۆش سەریان بڕی و تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی باپیر فەقێ ئەحمەد لەشاری کۆیە بە خاک سپێردرا، منیش لە ناشتنی شەهیدی نەمردا بەشداریم کردو، دوای تەواوبوونی تەلقینی مەلایەکە وتارێکی لەبەرم پێشکەش کردو ڕق و قینەو تووڕەیی خۆم وەک ڕێژنەی گوللە بەسەر دوژمنانی داخ لە دڵی فاشی داڕشت و لەبەر هەندێ هۆ نەبا لەسەر قسەکانم دەیانگرتم.

(خۆشناو) بەم جۆرە هەستە دەروونییەکەی خۆی دەردەبڕێ:

لە گێژاوی سەمای ژین، کاتی سەختم
هێلانەی نوو، لە چاوم ئاوێزان بوو،
پەنجەی مەرگ دای لەژێر چەنەی بەختم
لە بەهاری لاویم گەڵا ڕێزان بوو!
خولیام بۆ لای دایک و دوو کۆرپەی جێماو
لە کەرکووکی ژێر دەستی ڕەش و قیندا
بەدیاری برد، لە ڕێگەی تووشی ژیندا!
لەکاتێ هەوری ڕەش دووچاوی گرتم،
نەما ئاوازی هێلانەی دەروونم،
برووسکەک دای لە گیانی زێدە سڕم
نقم بووم، نقم بووم بۆ نەبوونم



مەرگی ناوەختی ترسناک حاڵەتێکی تراژیدییە، ئەو حاڵەتە زیاتر سەردەکات ئەگەر مەرگی ئازیزێکی نزیک بێت، جا ئەگەر مەرگەکە شەهیدکردنی ڕۆڵەیەکی نیشتیمانپەروەر بێ، بە شێوەیەکی دڕندانەی بێ وێژدانانە، دەبێ ئەوحەلە چ حاڵەتێکی دەروونی لای کەسێکی هەست ناسکی وەک (خۆشناو)ی شاعیر دروست بکات و بە چ زمانێک تەعبیر لە ویژدانی بکات، کە شیعرێکی ویژدانی لە دایک بێ. مەرگ بەدوا سەمای ژیان لە قەڵەم بداو، بەهاری لاوێتی بەرەو خەزان بەرێ، لە کوێ؟: لە کەرکووکی ژێر پۆستاڵی ئاسنینی دەست ڕەشانی کودەتاچییەکانی (٨)ی شوباتی خوێناوی ئەوە لە کاتێکا خەم و پەژارەکەی ئەوەندە سەردەکا کە لەتوانایدا نییە لەو ڕۆژگارە شوومەدا لەگەڵ تەرمی پوورزایەکەی شەهید کراویش بێتە کۆیەو بەخاکی بسپێرێ. ئەو ڕووداوە ئەوەندە شاعیر لە ناخەوە دەهەژێنێ کە خۆشی لانەمێنێ و ئاوازی هێلانەی دەروونی بێدەنگ و بێ سەدا بێ، بە جۆری وەک برووسکەیەکی لەپڕ لەو گیانە زۆر سڕە بدات، کە بەجارێ نوقمی دەریای خەم و پەژارەی بکات وەک بڵێی تەنیا بە لەش ماوەو گیانی دەرچووە. ئەوەی لێرەدا، لەم هەڵبەستەدا شاعیر لە شاعیرانی تر جیادەکاتەوە وێنەگرتنی حاڵەتە دەروونییەکەی خۆی و بەجێمانی دایکێکی و دوو کۆرپەی بەستەزمانن کە حاڵەتە تراژیدییەکە خەستتر دەکاتەوە، نەهاتووە وەک شاعیرانی تر باسی ئازایەتی و نەمری شەهیدەکە بکات، لە بۆتەو چوارچێوەیەکی خودیدا هەڵبەستەکەی داڕشتووە، بۆیە لەم ڕووەوە گرەوی هونەری بنیاتنانی هۆنراوەکەی بەشێوەیەکی تۆکمەو وێنەیەکی تراژیدی بردۆتەوە.

شاعیر شیعری بۆ کوڕی شەهیدی، بۆ دایکی، بۆ کچەکانی گوتووە، بۆ کەسانی ئازیزو نزیکی خەمی هەڵڕشتووە، بەڵام ئەوەی شاعیر لەشاعیرانی کورد، بەتایبەتی کەسانی سیاسەتمەدار جیا دەکاتەوە، شیعر گوتنە بۆ هاوسەر، چونکە ئەو کاتە وا باو بوو کە شیعر وتن بۆ هاوسەر، لادانە لە کۆڕی خەبات، بە دەگمەن دەبینین شاعیری کوردی هاوچەرخ ناڵێم سەردەمی پێشوو وەک (نالی)، (مەولەوی)، بەڵکو لەسەردەمی ئێمە ماناندا، ئەو جۆرە شیعرە کەمە، کەچی شاعیر بۆ هاوبەشی ژینی لە نەخۆشییەکی پڕ مەترسیدا لە ١٩٦٨/١/٣١ لە کەرکووک هەڵبەستی (هۆڕەی

شاعیرێکی ئەستۆ بەخەم)ی داناوە، تەنیا پەرۆشی هاوسەرەکەی خۆی نییە، بەڵکو خەمی زارۆکەکانیەتی کە ساوان و دوای ئەو دەبێ چییان بەسەربێ و؟ چارەنووسی خۆی بەو بەستۆتەوە، کە خوانەخواستە لەدەست بچێت و وەک مەلێکی تاکە باڵ دەمێنێتەوەو ڕێگەی هەموو خەون و ئاوات و هەوڵ و تەقەلاکانی لێ دەگرێ و دەڵێ:

نەخـــۆش مـــەبە مـــەناڵێنە
کۆزت ئێـسـتـاکـە سـاوایە
خـونچـەی ئاوات مـەوەرێنە
لـەم دڵانـەی پـڕ لـە دایـە!!
ئەم ئازارەت لە ناوەخـــتـــا
با سـەرمـان لێ نەشـێـوێنێ
پیادەین لە شەوێکی سەختا
نەهـات چنگی بۆمـان دێنێ!
ئەتۆ نـەبی منی بێـــحـــاڵ
لە ئاسـمـانـی گیـراو بە تەم،
چۆن فڕین کەم بە تاکێ باڵ
هـەتـاو بـێـنـم بـۆ ئەو و ئـەم

لەکۆتاییدا دەڵێ:

نەخـــۆش مـــەبە مـــەناڵێنە
شـەو زۆری چوو کـەمی مـاوە
کـۆزی خـێـزان مـەشـێـوێنە
کـاروان هێـشـتـا بـە ڕێگاوە

خوێنەر هەست دەکات کە شاعیر تا چ ڕادەیەک شێواو و پەشێوەو چ خەمێکی ئەســتــووری لە پشـــتــەو هەنگاو دەنێ بەڕێوە، چارەنووس و قــەدەر بەرەو کــوێی هەڵدەگرن، شیعری ڕاستەقینەو ڕەسەنیش لەو کاتانەدا لەدایک دەبن و نەمری بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.



لە هەڵبەستی (هاوڕێی ژینم.. هاوسەرم حەبیبە! لە ئاوێزانی خەمێکی تیرو سەختدا)، هەمان هەست و نەست دووپات دەکاتەوە کە لە ١٩٩٣/٧/٢٩ لە هەولێردا دایناوە، بەڵام لە قاڵبێکی ترو شێوازێکی جیاتر کە لەو تەمەنەی بەرەو پیری پەیوەندییە ویژدانییەکەی نێوان هەردوولا تا دێ توندو تۆڵتر دەبێ، کە لێکترازان و لێکدوور کەوتنەوە کارێکی نەکراوەو ناکرێ، بارودۆخە سیاسییەکەی کوردستان هەر جۆرێک بێت، ئەوەتا دەڵێ:

من کە مەستی بادەیی خۆشاوی پەنجەی نەرمی تۆم
سۆزی گیانی تۆ نەبێت، کێی تر بە دەورمدا دەگەڕێ؟!
تاکـو دڵ لێـداو ڕووبـاری خـوێن و ژین بێت و بچـێت
بەندی تۆم، بێکەس دەڵێت: (مـــەڵ بە باڵێ ئافـــڕێ)

لە هەڵبەستی (ماڵئاوایی)یشدا کە مەنەلۆژێکی دەروونییە لە بەڕێکردنی باوکی منالان بەرەو نەزانراوی ئاوارەیی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەمان هەستە دەروونییەکەو پەیوەندییە ڕۆحییەکەیە، کە ناکرێ لێک دابڕێن.

## بەردەوامبوونی ڕەوتی نوێخوازی

عوسمان مستەفا خۆشناو لە ڕەوتەکە بەردەوامە، لە هەڵبەستی (درۆیەکی پیرۆز) دا کە پێشکەشی گروپی (ڕوانگە)ی کردووەو ساڵی ١٩٧١ کەرکووک بەخۆ دەگرێ، ئەویش خۆی لە شێوازی ڕوانگە دانابڕێ و لێیان جیانابێتەوە، گەر بە تەمەن نەبێ، ئەگینا هەمان داڕشتن و بیرو خولیایەو تێیدا دەڵێ:

لە هەڵدێری خۆزیای، ناو تاریکی شەوی ئەوان
(سیزیف) ێکم
وا تل ئەدەم، بە بەردی تەمەنی ساوا
بۆ سەرەو ژوور
لە بەرد بۆڵە، لەمن تەکان و خەندەی ژان!
بۆنکرووزی
گیانی سووتاوم، دەکا کوێر چاوی خۆرئاوا

## عوسمان مستەفا خۆشناوی شاعیرو پێنج خشتەکی و تێهەڵکێش

ئاشکرایە کە هونەری پێنج خشتەکی، لە تواناو دەسەڵاتی هەموو شاعیرێکدا نییە، کە بەلای منەوە لاساییکردنەوە نییە بەقەد ئەوەی کە ئیزافەیەکە بۆ سەر شیعری شاعیرەکە، زۆر شاعیری کورد قەرەی خۆیان لە بواری پێنج خشتەکی داوە، هەندێکیان ئەفراندنیان تێدا کردووەو هەندێکی تریشیان نیشانەیان نەپێکاوە، ئەوەتا (خۆشناو)ی شاعیر هەڵبەستی (لەگەڵ پیری موغان)ی شاعیری ناسراو (عەونی) دەکاتە پێنج خشتەکی و دەڵێ:

نەداری و گومبوونی بێکەسی و گومبوونی چارەش
گەمارۆی دام بە وێنەی هەوری بارڕەش
دەرو جیران هەموو لێم بوون بە چاوەش
(لە دوولا پەرچەمت ڕووی گرتە باوەش
منی تۆراندو سامانی دا بە کێ؟)

***

جوانی شەنگی شۆخی، زۆر دروستی
بەڵام قەسری تەمەن داویە نوشستی
لەگەڵ (خۆشناو) لە ئاوێزانی هەستی
(لە عەونی) گەر دەپرسی تەندروستی
ئەتۆ خۆش یەک نەفەس ماوە لەڕێدا)

لە هەڵبەستی (زایەڵەی چەند فرمێسکێکی ڕژاو لە بەهەشتە هەڵواسراوەکانی گێتیدا) چەند کۆپلە شیعرێکی شاعیرانی ناسراوی کوردی لەگەڵ شیعرەکەی خۆیدا تێهەڵکێش کردووە، کە بەڕاستی داهێنانی تێدا کردووەو کۆپڵەی شاعیرێکی خستۆتە ناو کەوانەو لە پەراوێزدا ئاماژەی پێداوە، کۆپلە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس:

(چیرۆکی من
لەگەڵ چیرۆکی زەمینا)
لەگەڵ پشکووتنی چاوی ساوای ژینا



بڵێسەی بینای عەنقایە
لە قوڕگی ئەژدیها دایە
گوم کراوە

لەگەڵ کۆپلەیەکی د. عەبدوڵڵا پەشێودا:

(ئەیانەوێ
بنووین، بخۆین وەکو ئەوان
«ئێمە» کتومت «ئەوان» بین
وەکو مەلێکی مۆمیاکراو
بێ ئارەزوو بێ ڕەوا بین)
لەم ئەستێرە سامناکەدا
گزنگ لە ناویا خامۆشە
ڕاستی و جوانی فەرامۆشە
سپێدەیەکی نیوە کاڵە،
لە هەردەو دەشت و شاخانە
خاوەن پرسێکی لاڵە!

لەگەڵ کۆپڵەیەکی (جەلالی میرزا کەریم)ی ڕابەرو نوێخوازدا:

(بۆ سێبەری
گیانی زەردەشتی کوژراومان
بۆ ئاوێستای هەڵواسراوی
ناو خۆری ئالای سووتاوی
ئاسمانی بێ سەرو شوێنمان
بێتە سەما)
گەردوون سڕە
لێڵی تەمی ئەم ئەستێرە
شەوی دارستانی چڕە

چارەنووسمان،
بۆمبێکی واترسناکە
تا ئێستا نەتەقێنراوە

لەگەڵ کۆپلەیەکی (قوبادی جەلی زادە) دا:

(قەڵەمێکی ردێن سپی)
پێشەوا بێ!
ڕێگەمان لێ بزر نابێ

لەگەڵ کۆپلەی (فەرەیدوون عەبدول)دا:

لەم لانە بێ نەخشەو ناوە
ئەمەی ماوە
(لە گەردوونی هۆنراوەدا
سنووری بۆ نەکێشراوە)
بەرەو هەوراز کوێرە ڕێیە
کاروانی خەم چاوی خۆزیا
گەرووی چەند گۆرانی پێیە
لەتێنوێتی ئەم ڕێگایەی
بەخوێنی ئێمەو هەزاران
ملیۆنەها، مرۆڤ مەستە
(وێلین بەدوای ڕێبوارێکا
کلیلی کردنەوەی دەرگای
هیوای ئەم گەلەی لەدەستە

شاعیرێک بتوانێ بەم جۆرە لە شیعرێکی درێژدا چەند کۆپلەیەک شیعری شاعیرانی تر تێهەڵکێش بکات، بێ ئەوەی هەڵچنینی بنیاتی شیعرەکەی خۆی و یەکێتی بابەت و هونەری وێنەکێشان لە دەست بدات، دەبێ شاعیرێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام کە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخساوە، مانای ئەوە نییە لە کاروان



بەجێماوە ئەوە لە کاتێکا هەڵبەستەکەی شاعیر زادەی ساڵی ١٩٨٩ یە دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین لەم ڕۆژگارەدا نووسین و پڕوپاگەندە کردن بۆ شاعیرێ و پشتگیریکردنی، ڕۆڵێکی کاریگەری بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی و زەمینەی بۆ دروستکردنی، کە ئەم دەرفەتە بۆ شاعیرێکی تر نەڕەخسێ ئەو ناو و شۆرەتەی نابێ، بۆیە بە هەموو قەناعەتێکەوە، دەڵێم (عوسمان مستەفا خۆشناو) وەک شاعیرو ڕۆشنبیرێکی کارامەو لێهاتوو، ڕووناکی نەخراوەتە سەر هەڵبەستەکانی و وەک خۆی دووره پەرێز بوون، مەگەر جاروبار نەبێت کە لە کۆڕێکا، لە دانیشتنێکا، لە ئاڵوگۆڕکرانی شیعرنامەو پیرۆزباییدا ناوی هاتووە، ئەویش زۆر کەم، ئەگینا ئاوڕیشی لێ نەدراوەتەوە کە دوابەدوای ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ و کۆنفراسی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکووک بەسترا زۆربەی دەنگی هێناوەو بۆتە سەرۆک، ئەو کاتە ناسراو و دیاربوو. بەڵام لەباری ناهەمواری ڕەوشی سیاسیی کەرکووکی تەعریبکراو و داگیرکراوی ژێر دەستی ڕەشی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی و مانەوەی لەو شارەدا ماوەیەکی زۆرو بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانی، بە پێچەوانەی شاعیرانی تر، کارکەنار بوو. لەم ڕوانگەیەوە ئەم مافە بەخۆم دەدەم کە (عوسمان مستەفا خۆشناو) حەقیقەتەکەی لە شوهرەتەکەی زیاترە.

ئاداری ٢٠٠٤ هەولێر

# حاجی قادری کۆیی
## ڕابەری بزاڤی فیکریی ڕۆشنکاری شۆڕشگێڕی

ئەوا خۆی کردە مەهدی حاجی قادر
نە نادر شای هەیە و نە شاهی نادر

**سەرەتا**

لەڕوانگەی ئەو دێڕە شیعرەو بۆچوونێکی دکتۆر ئیحسان فوئاد دەچینە ناو باسەکەمانەوە کە لەکورتەی نامەی دکتۆرایەکەی بەزمانی رووسییە- مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٦ کە خۆشی بۆ مامۆستا کەریم شارەزا کردوویەتی بەکوردی و تیادا هاتووە:

بەسەیر کردنی بەرهەمەکانی حاجی، بەدامەزرێنەری قوتابخانەیێکی شیعری کوردی لە ئەدەبی کورد دەژمێردرێ، ئەو قوتابخانەیەش پێی دەگوترێ قوتابخانەی (تنویر-ڕۆشنکردنەوە) وە یاخود دەتوانین ئێمە پێی بڵێین: قوتابخانەی ڕۆشنبیری و، گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییەش نزیکبوونەوەیێکی یەکجار گەورەیە لەمیللەت و دەربڕینی هیواو ئاوات و ئازار و داخوازییەکان بە جۆرێکی فراوانترو، گەلێ گەورەتر لە شاعیرەکانی پێشوو.

هەروەها لە شوێنێکی دیکەی بابەتەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێ:

لە بەراووردکردنی حاجی لەگەڵ شاعیرانی جووڵانەوەی (تنظیمات) کە نوێنەرەکانیان لە ئەدەبی تورکی عوسمانیدا (شناسی) و (نامیق کەمال) و (رفیق ضیاء الدین) و (ضیاء پاشا) و (عبدلحق حامید) بوون، لەیەکچوونێکی گشتی دەبینین لە نێوانی حاجی و ئەو شاعیرە تورکە عوسمانییانەدا بەڵام حاجی وەک شاعیری نەتەوەیێکی ئازاردراو و



چەوساوە جیاوازی لە دوو شتدا لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا هەیە:-

١- باری مرۆڤایەتی لە شیعرەکانی حاجی قادردا پترە.

٢- لەهەڵوێستدا شۆڕشگێڕانەتر دێتە مەیدانەوە[١]

ئەم بۆچوونەی دکتۆر ئیحسان فوئاد دەربارەی شیعرەکانی حاجی قادر لەو سەرچاوەیەدا خۆی دەنوێنێ کە ڕەخنەگری رووسی ناودار (بیلینسکی) لە وتارێکی کۆنی دەربارەی (پۆشکین) وتوویەتی کە (پۆشکین لە شاعیرەکانی پێشووی خۆی لە سەدەی هەژدەمدا جیادەکرێتەوە، بەوەی کە لە شیعردا بە دوای گرنگیدانی نەمری و سەقامگیری گیانی مرۆڤایەتی گەڕاوە ( بەمەش لەوە سەبارەت بەزمانی موفەکیرێکی ڕۆشنکار، مەبەستی ئەو بەرژەوەندو هەست و شعورانە بووە کە تایبەتمەندن بەگشتی و لەمەش زیاتر بە ڕێبازێکی مێژوویی بەرچاو یارمەتی سنوورداری باری سەرنجی ڕۆشنکاری کردووە کە داوای ڕەتکردنەوەی فیکرەی (ئاشتبوونەوە لەگەڵ واقیعدا )ی ڕەت کردۆتەوە. ئەو ڕێبازەش بە ڕێبازی ڕۆشنکاری شۆڕشگێڕ ناسراوە.

تێڕامان بەپێوەندیی مێژوویی دیاردەکان بەلای بیلنسکییەوە توێژینەوەی ئەم پێوەندییە نەک لە ئێستا بەرەو ڕابردوو، بەڵکو لەڕابردووەوە بەرەو دواڕۆژ و بە ئێستا تێپەڕین[٢].

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە دەتوانین (حاجی قادر) بە شاعیرێکی ڕۆشنکاریی شۆڕشگێڕ لەقەڵەم بدەین کە واقعی سەپاو بەسەر نەتەوەی کورددا ڕەت دەکاتەوەو هەرگیز ئامادە نەبووە هیچ جۆرە پێوەندییێکی تەبایی و گونجانی لەگەڵ ئەو واقیعەدا دروست بکات و مەبەستی بنچینەیی شاعیر گۆڕین و تیکشکانی ئەو واقیعە بووەو دروستکردنی واقیعێکی تر بووە کە خەون و ئاوات و هیواکانی بێنە دی، هەر بۆیە ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە کە کورد خاوەنی دەسەڵات بووەو ئێستاکە واتە ئەو حەلەی سەردەمی حاجی بە دەست عوسمانییان و سەفەوییان زەلیل بووە، هەر لەم هەڵوێستەوە ڕابردووی دەسەڵات و سەروەری گەلی کورد دەکاتە سەر شاری شیعرە ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕەکانی و نەخشەی دواڕۆژ دەکێشێ.

بەلای منەوە جگە لە کارتێکردنی ڕێبازی ڕۆشنکاری شۆڕشگێڕی، (حاجی قادر)

زیاتر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ڕێبازی پرۆژەی (رابوون) رینسانسی عەرەبی، کە ئەو پرۆژەیەش لەفیکرەی نەتەوەیی عیلمانی ئەوروپییەوە سەری هەڵداوە، دەکرێت کە جمال الدینی ئەفغانی بەنوێنەری بنچینەیی ئەو ڕێبازەی لەقەڵەم بدەین کە یادی مێژووی نگینی کۆنی عەرەب دەژێنێتەوەو ئەو ڕێچکەیە خەون بەو ڕۆژەوە دەبینێ کە میرەکانی عەرەب لەسەر تەختی دەسەلآت گرتنە دەست دابنیشن(٣).

حاجی قادریش هەر لەم سەرچاوەیەوە شیعرەکانی هەڵێنجاوەو خۆی بەڕابەری ئەم ڕێبازە دەداتە قەڵەم و بانگەشەی یەکریزی و تەبایی و برایەتی دەکات، ئەو وەک پێشەوایێکی لێهاتووی ڕۆشنبیر دێتە مەیدان و بە چەکی شیعر گیانی شۆڕشگێڕی لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی گەلی کوردا دەڕوێنێ، بەڵام ئەفسوس کە چەکەکەی تر لە ئارادا نییە بۆ مەیسەر بوونی بانگەوازەکەی کە شمشێر هێمایە بۆ بنەگەی سەرەکی دووەمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەوەتا دەڵێت:

بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە
نەبەیداغی هەیە نە تەپڵ و کورسی
ئەمەندەی پێ کرا بێ چارەنووسی
وەظیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی
بەشیرو دەوڵەتە میللەت نیظامی
ئەوا خۆی کردە مەهدی (حاجی قادر)
نە نادر شای هەیە و نە شاهی نادر

ساڵی ١٨٦٨ دانەهاتبوو و، جەمال الدینی ئەفغانی لە هەڕەتی لاویدا بوو، لە سەرەتای ژیانی عەمەلی و ئەزموونەکانی لە حوکم و سیاسەتدا بوو، کە دەسەلآتی ئیمپریالیزم گەیشتە جەرگەی ئەفغانستان و، ئینگلیز پشگیری ئەمیری ئەفغانی (شێر عەلی)یان دژی میری نیشتمانپەروەر (محمد أعظم خان) کردو شەڕ لە نێوان هەردوو میران بەرپا بوو، هەریەکە بەلەشکری خۆیەوە، میر محمد پەنای بردە بەر جمال الدین کە گەیشتبووە پایەی سەرۆک وەزیران کە بەشدارییەکی فیعلی لەم شەڕە نیشتمانییەدا کرد، بەڵام سەرکەوتن لەم خولەدا بەشی (شێر عەلی) بوو کە



دەسەلآتی ئینگلیزی لەپشتەوە بوو، جەمال الدین ناچار بوو لە نیشتمان دەرچێت و، لەهەر شوێنێک دەسەلآتی ئیمپریالیزم هەبێت ڕووبەڕووی بێتەوەو، بۆ ئەوەی لەهەموو شوێنێکدا ببێتە شەڕ دژی ئمپریالیزم و تاکرەوی: ئەو دوو دەزووەی کە دەتوانێن ڕێچکەی هەموو ئەو هەڵوێست و لاپەڕانەی کە ئەم تێکۆشەرە فەیلەسووفە تۆماری کردبوون بگرین.(٤)

پێشتریش واتە لە ساڵی ١٨٣٨ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی یەکەم بنکەی لە(عەدەن) دانابوو، کە دەستی کردبووە پەت بەستن لەملی هۆشیار بوونەوەی نوێی عەرەبی کە لەو سەردەمەدا لە میسر سەری هەڵدابوو و، ساڵی ١٨٤١ ئینگلیز بە هاوکاری دەرەبەگایەتی تورکی عوسمانی لە خاکی شام دابەزیبوو و سوپای ئیبراهیم پاشای ناچار کردبوو پاشەکشێ بکات کە توانیبووی ولآتی شامی گەورەو حیجاز و میسر و سودان یەک بخات، هەروەها ساڵی ١٨٦٠ پیلانەکانی ئیمپریالیزم لە نێوان ئینگلیزو فەرەنسییەکان لە دروستکردنی بنەمای پشت پێ بەستن لە ڕۆژهەلآتی عەرەبی سەرکەوتنیان وەدی هێناو، توانییان نەزعەی تایەفەگەری بتەقێننەوەو خوێنی درووز بە دەستی مارۆنییان و هی مارۆنییان بەدەست درووزو، ئینگلیز لە پشت درووز، فەرەنسییەکان لەپشت مارۆنییان بڕێژن).(٥)

ئەم ڕووداوانەو چەندین ڕووداوی ترو نموونەی لەوانەش کارەساتی ئێران کە لەسەر خاکەکەی خۆی دەسەلآتی ئینگلیز و دەسەلآتی ڕووسیای قەیسەری لەململانێدا بوون، ئەمە و جگە لە شۆڕشەکانی بولغار و سیرب و یۆنان و ئەرمەن و قەرەطاغ کە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا بوون و سەربەخۆییان وەدەست هێنا. هەروەها تەقینەوەی شۆڕشی سوودان.

لەو ڕۆژگارەی پڕ لە شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی و، هوشیاربوونەوەی گەلان، حاجی وەک ڕابەرێکی هۆشیار، هۆشمەندی مێژوویی تا دەهات لەلای پتر دەبوو، زیاتر دەهاتە جۆش و خرۆش، لەڕوانگەی نگینی و سەربەرزی و سەروەری گەلی کورد لە ڕابردوودا بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکە دەچوو گەرموگوڕی شۆڕشگێڕی دەخستە دڵی ڕۆڵەکانی کورد و پێی دەگوتن.

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون

سوڵتانی موڵک و میللەت، صاحیبی جەیش و عیرفان
جۆشێک بدەن وەکو هەنگ، تەکبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان
شیرو قەڵەم شەریکن لەم عەصرەدا، درێغا
شیرم قەڵەمتراشە و کالانییە قەڵەمدان
هەم حەقیقیانە ئەرمەن غیرەتکەشی یەکترن
وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بەشیران
بۆ فەنی حەرب و صنعەت ، بۆ ضەبط و رەبطی میللەت
دەینێرنە ئەوروپا گەورە ١٢٧و بچووکی خۆیان
(حاجی) کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلا لە خۆتان[٦]

### بنەماکانی هۆشمەندیی مێژوویی لای حاجی قادر:

گرنگترین فاکتەری بوونی نەتەوەیێکی جیاواز و خاوەن خاسییەتی تایبەت بەخۆ بوونی زمانی زگماکە. حاجی قادر زۆر جەخت دەکاتە سەر ئەو لایەنەو بایەخێکی تەواوی پێدەدات، کە ڕەسەنی مرۆڤ و ئینتیمای ڕەگەزو توخم زمانەو کەسێ زمانی نەژادی خۆی، زمانی کوردی نەزانێت زۆڵە کوردە و لەم ڕووەو وتوویەتی:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی
کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلاو شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی[٧]

لە شوێنێکی دیکەدا ڕێزێکی گەورە لەزمانی کوردی دەنێ و دەڵێ:

بۆتە صەدیحەی زوبانی کوردانە
شیعرەکانم دەلیل و بورهانە[٨]



شانازی شاعیر دەگاتە ئاستێک کە خۆی لە ڕیزی ئەحمەدی خانی دەدانێ، کە جگە لە هەردووکیان کەس بناغەی هۆنراوەی دانەناوە:

لە کوردان غەیری (حاجی) و شێخی خانی
ئەساسی نەظمی کوردی دانەناوە[٩]

لەمەش زیاتر بە پێویستی دەزانێ کە بەزمانی کوردی ستایشی خودا بکات و دەڵێت:

مەعلوومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بەکوردی
تا کەس نەڵێ: بەکوردی نەکراوە مەدحی باری[١٠]

حاجی دەیەوێت زمانی کوردی زمانی فێرکردن و خوێندن و نووسین بێت، کە زمان یەک بوو، جل و بەرگ و ڕەسم و ئایین یەکگرتوو دەبن، بەمەرجێ ئەو زمانە یەکگرتووە هەموو کوردستان بگرێتەوە:

لەبۆتان تا بەبان و سەرحەدی ڕەی
لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەردەی
ببینە یەک لەتەعلیم و لەنووسین
جل وبەرگ و زوبان و ڕەسم و نووسین[١١]

حاجی لە یادی کوردەکی کۆیی داکۆکی لە زمانی کوردی دەکات، کە کاک ئەحمەدی شێخ شەرع و قورئان بەکوردی لێک دەداتەوە، کوردە کۆییەکە ناڕەزایی دەردەبڕێ کە دەبوایە بەکوردی نەبوایە، گەرموگوڕی کوردی پەرستی ئەوەندە سەردەکات کە (حاجی) بەڕووی کابراکە دەتەقێتەوەو پێی دەڵێت:

گوتم: ئێستاش لەسەر کەری ماوی
چا بوو مستم نەدا لەنێو چاوی
کوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی
هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی
لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو
وا لەبەینی ئێمەدا تێ چوو[١٢]

حاجی بەراوردی کوردی لەگەڵ زمانی ئەرمەنی و فارسی دەکات دەپرسێت ئایا کوردی لە پاراوی و ڕەوانبێژی کەمترە لە زمانی ئەرمەنی. یا بۆچی جیاوازی لەگەڵ فارسی هەبێت، فارسی بەڕاست دابندرێت و کوردیش کەچ بێت، داکۆکییەکەی لە زمانی کوردی ئەوەندە سەردەکات کە زمانی کوردی لە هی فارسی بەپێی مێژووی هەموو ئایینەکان بەکۆنتر دەزانێ.

کوردێکی زانا و نووسەریش ئەگەر بەزمانی زگماک نەنووسێ، لە فارسی و عەرەبی ئەوەندە شارەزا بێت بگاتە رادەی (فەخری رازی)، چ دوای خۆی، دوای مردن بەجێ نەهێڵێ، ئەگەر بەرهەمەکەی کوردی نەبێت، وەک ئەو مریشکە بێ عەقڵە وایە کە هێلکەی مراوی هەڵێنێ و لە بێچووی نەژادی خۆی بترازێت، ئەم وازهێنانە لە زمان ڕەنگدانەوەییێکی گەلێک خراپ و سەلبی بەدواوە دێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کوردەی وازی لە زمانی خۆی هێناوە بشمرێت ڕۆڵەکانی نایەنە شوێنی و هیچی بۆ نامێنێتەوە مایە پووچی نەبێت.

وەک مریشکێ کە عەقڵی نەیهێنێ
بێت و هێلکەی مراوی هەڵێنێ
وک بگاتە کەناری جۆگەلەیەک
نایەتە شوێنی، بمرێ، جووجوڵەیەک[١٣]

لە شوێنێکی تردا پرسیار دەکات، بۆ دەبێ زمانی کوردی پشت گوێ بخرێت و زمانی بیانی شوێنی بگرنەوە؟ بۆ چ کفرە بەو زمانە بنووسین؟ بۆ چ کوردیش خاوەن کتێب و پەیام نەبێت؟ بۆ باوکەکان منداڵەکانیان نانێرنە قوتابخانە؟ ئەو بڵاوبوونەوەی نەخوێندەوارییە وای کردووە کە کورد دوا بکەوێت و داگیرکەرانی کوردستان، هەر لەبۆتانەوە تا بابان کوردەکان وەک کەر بار بکەن.

دووەم بنەمای هۆشمەندیی مێژوویی لای (حاجی) هەستکردن و دەرک پێکردنە بەبوونی ئەو (خاکەی) لەسەری دەژین و حاجی بەناوی کوردستان دەیخوێنێتەوە. ئەم ڕاستییەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان[١٤]




خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد
لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد
وەسەتی پانی پازدە ڕۆژ ڕێیە
پڕ لە ڕەشماڵ و خانەو و دێیە
بەدرێژایی لە قاف کە رابوردن
تا بە شیرزاو ئەصفەهان کوردن[١٥]

ڕووبەری کوردستان بەو شێوەی حاجی باسی دەکات بەپێی ئەو ڕۆژگارە جەخت کردنە لەسەر واقیعێکی نەتەوەیی، کە نەتەوە بێ خاک نابێت، مانەوەو خۆڕاگرتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەسەر زەویوزاری خۆیان و کەشتی نووح لە وڵاتی کوردان کە لەسەر چیای جوود لەنگەری گرت، ئەوە دەگەیەنێت کە کورد لە دێرزەمانێکی زۆر کۆنەوە لەو وڵاتەدا ژیاوەو هەر لە زەمانی نووحەوە کوردستان شوێن و هەوارگەی باپیران بووە.

ئەو ڕۆژە گەیشتە وەختی مەعهوود
وەستاوە لەسەر چیایەکەی جوود
هەرسێ کوڕی کردیانە مەسکەن
ئەو جێ و مەکانە میثلی گوڵشەن
ئێستاکە جزیرە بێ موحابا
مەعموورەیی ئەووەلە لە دونیا
ئەولادی صەحیحیان بەبورهان
کوردن لە مەکانی جەددی خۆیان
سوککانی بیلادی روبعی مەسکوون
(بالجملە) لەمانە مونشەعیب بوون
بێ تەفرەقە بوون موطیع و هەم دەنگ
هەم مەشرەب و هەم لیباس و هەم ڕەنگ[١٦]

کورد هەر لەو شوێنەی ئێستا لێی نیشتەجێ بووە، وڵاتەکەی جێ نەهێشتووەو وەک هەندێ قەومی تر کۆچی نەکردووە.

کورد یەکگرتوو بووە، بەڵام ئایینی و ڕێباز و پەیام وای کردووە بین بەتیم و تیرە و هۆز و پارچە پارچە بین، وەک نەتەوەی تر نەچوونەتە موڵکی نزیک، لە شوێنی باوک و باپیراندا نیشتەجێ بوون:

وەک خەڵقی نەچوونە موڵکی ئەدنا
جێی باوکی خۆیان کردە مەئوا(١٧)

هەروەها ئاماژە بۆ خاکی جزیرەش دەکات کە شوێنی کوردە. بنەمای سێیەمی هۆشمەندیی مێژوویی بوونی مێژوویی درێژ خایەنی گەلی کوردە، لەدونیاشدا نییە میللەتێک خودی مێژووی دێرینی خۆی نەبێت و لەسفرەوە دەست پێ بکات و هیچ بزاڤێکیش لە دەرەوەی بازنەی مێژوودا دروست نابێت، حاجی باس لە مێژووی کۆنی کورد دەکات، ئاماژە بۆ سوڵتان و میرە کوردەکان دەکات. وەک سەلاحەددین و نوورەدینی کوردی و عەزیزانی جزیرو مووش و وان و موهەلهەل و، ئەردە شێرو دەیسەمی شێرو، قوبادو بازو میرەکانی ئەردەڵان و سۆران و هی تر، ئەمانە مێژووی ئەو سەرکردەو میرو سوڵتانانەن کە لە مێژووی کورددا دەوریان هەبووە.

حاجی ئاگادارییەکی باشی لەمیری جەزیرە بەدرخان هەبووە کە بەرەبەرکانییەکی توندی دژی تورکەکان دەست پێکردو ساڵی ١٨٤٢ هەموو مەڵبەندی نێوان گۆلی وان و ورمێ لە شیمال و، مووسڵ و ڕەواندز لە جنوبی کردە یەک پارچەو دەسەڵاتی تێدا گرتە دەست، بەڵام تورکەکان توانییان مەسیحییەکانی لێ ڕاست کەنەوە کە ئامادە نەبوون باج و پیتاک بەبەدرخان بدەن، لەبەرئەوە بەدرخانیش بەتوندی سزای دان. لێرەدا بەریتانیاو فرانسە بەتوندی داوایان لە سوڵتان کرد کە پارێزگاری گیانی مەسیحییەکان بکا. پاشان بەدرخان لەئەنجامی خەیانەتی خزمێکی خۆیدا شکاو بەدیل گیرا(١٨).

گەورەترین ڕاپەڕینی ئەو سەردەمەی کە حاجی لە ئەستەنبۆڵ دەژیا ڕاپەڕینێک بوو کە لەماوەی شەڕی نێوان ڕووس و تورکدا (١٨٥٣–١٨٥٦) بەسەرۆکایەتی قارەمانی نیشتمانی یەزدان شێر هەڵگیرسا، ئەو ڕاپەڕینە لەمەڵبەندی هەکاری و بۆتان دەستی پێکرا، پاشان بەخێرایی پەرەی گرت و لەماوەیەکی زۆر کەمدا یەزدان شێر توانی هەموو مەڵبەندی نێوان گۆلی وان و ورمێ ڕزگار بکا، یەکێک لەبەرچاوترین



سروشتەکانی ئەو ڕاپەڕینە ئەوە بوو کە زۆربەی توێژەکانی گەل پشتیوانییان لێ دەکرد و بەپێچەوانەی ڕاپەڕینەکەی بەدرخان هاونیشتمانییە مەسیحییەکان زۆریان یارمەتی ڕاپەڕینەکە دا و لە شەڕەکاندا بەشداربوون.(١٦)

هەرچەندە ڕاپەڕینەکە دوو ساڵ خۆی گرت، بەڵام (تەئسیری ئەو ڕاپەڕینە لە کارەساتی پاشەڕۆژی خەباتی گەلی کورددا زۆر بوو، هەتا ئێستاش ناوی یەزدان شێر لە فۆلکلۆری کوردیدا بەڕێز و خۆشەویستی یاد دەکرێتەوە(١٧) (حاجی قادر)یش بەوپەڕی ڕێزەوە ناوی دەهێنێ و شانازی پێوە دەکات کە ناوی خۆی بەخۆوەیە کە ئەو سەرکردەیە جێگەی برواو متمانە و پشت پێ بەستن بێت، نەک تەنیا لەکوردستانی تورکیا، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا، وادیارە ئەو ماوەی کە یەزدان شێر واتە ساڵانی ١٨٥٣–١٨٥٦، ڕاپەڕینێکی دژی دەسەڵاتی عوسمانی بەرپا کردووە، هەر لەو ماوەیەشدا حاجی ئەم چەند دێرە شیعرەی کە لەهۆنراوەی (لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم)دا هاتووە، گوتووە کە دڵی کوردێکی بابانی دەداتەوە ئومێد بڕ نەبێت:

ئەمیرێک ماوە پاشایە، گوتی: کێیە؟ گوتم شێرە
گوتی: لێرە؟ گوتم: لێرە! هەتا تاران و هیندستان
بە خۆی شێرە وەکو ناوی، لەشەڕدا دوشمن ئەندازە
تەمایان هەر بە ئەو ماوە جەمیعی خاکی کوردستان
هەرچی جێگەی ئومێدمانە و ئەوی دڵ خۆش دەکا ئەمڕۆ
کەسی دی لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی کوردان(٢٠)

لەم ڕوانگەیەوە هێشتا لای حاجی– وێڕای هەرەسهێنانی هەندێ میرنیشنی کوردی، ڕەوتی خەباتی نەپچڕاوەی گەلی کورد بەردەوامە، ڕاپەڕینی یەزدان شێر درێژ بۆوەی مێژووی پڕ شکۆداری کوردە.

بنەمایەکی تری هۆشمەندیی مێژوویی لای حاجی قادر بوونی زەمینەیەکی ئابووری لەبارە، کە داوای پەرەپێدانی کشتوکاڵ و فێربوونی پیشەسازی دەکات، بژێوی و گوزەرانی خەڵک و دانیشمەندی و سەقامگیربوون بەردی بناغەی کۆمەڵێکی شارستانییە، ئەم تێڕوانینەی حاجی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوەو گلەیی لە

سستی و تەمەڵی ڕۆڵەکانی کورد دەکات کە وەتەنگ رەخساندنی زەمینەی ئەو ئابوورییەوە نین کە پشت بە خۆ ببەستن و دەست بکەن بە چاندن و کشتوکاڵ و پیشەسازی و وڵات ئاوەدان کردنەوە

لە بەغدا بۆچی خورما بێت و لەیموون
لەبۆ دەرمان لەشار بێ ڕۆنی زەیتوون
لە دەوری کوللی باغی شاری کۆیێ
دوو صەد بن داری زەیتوونی بەجۆیێ

یاخود دەڵێت:

وەیا کەی نێژراوە چەند نەمامەک
لە نارنج و تورونج و هەر مەقامەک
بزانن شین دەبێ، نابێ بەبەر دێ
لەجێگەی گەرم و ساردی چی بەسەردێ!
بەراوو ئەرزی ئێوە کیمیایە
دوڕو گەوهەر گەزۆو مازووی چیایە
مەعادین خاتری تۆ بێ لەگەڵ کان
گەنمتان زێڕە حەتتا زیوە زیوان
ڕەوژووی واپۆڕو خوێ و نەوت و گۆگرد
لەکێوی ئێوەدا کۆیە وەکوو گرد
دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە
مەڕی لەڕ خدمەتی بۆ گۆشتی چەورە[21]

لەم چەند دێڕەی پێشوو حاجی ئاماژە بۆ بوونی زەمینەی ژێر خانێکی ئابووری دەکات، کە بنچینەکەی کشتوکاڵ و کەرەستەی خاوە، بەڵام زاناو پسپۆڕەکان، بێ ئاگانە لەو بارودۆخە، بە شتی بێ سوود و پڕو پووچ خەریکن و گەلی کوردیان لەخشتە بردو پشتیان تێ کردو ناپاکییان لەگەڵ کردو خزمەتی بیانییان کرد بۆیە



پەردە لەسەر ڕوویان دادەماڵێ و دەڵێت:

عولەمامان بە قەولی بێ سەروپا
پاکی خنکا لە بەحری وشکی هەوا
صنعەتێک فێر نەبون لەپاش تەحصیل
سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل
یەک بەیەک بوونە خائینی دەوڵەت
خائینی موڵک و دوشمنی میللەت
بەڵێ وایە لە ئەلزەمی ئەشیا
ئەووەڵەن خواردنە، دووەم سوکنا[22]

(حاجی قادر) دوای دەستنیشانکردنی بنەماکانی بوونی نەتەوە، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بە پێی قەبلاندنی ئەو کاتەو خەڵکی کوردستان وێڕای ئەوەی شێری بێشەن و لە شەڕدا وەکو کێوی جوود خۆڕاگرن و نانەوێن، بەڵام بەداخەوە ئایا شیاوی ئەوەن ڕاپەڕن و ئاواتەکانی میللەت بهێننە دی؟ ئەمە پرسیارێکەو وەڵامەکەی لای (حاجی) خۆیەتی:

چوار ملیۆنە کوردستان نفووسی
بەقیسەی ئەهلی تەخمینی کە نووسی
هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لەشەڕدا کێوی جوودی و (بەحری مەمدوود)
وە لێکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لەگوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن
وەکو کەروێشکی چاو ڕاماو و کوێرن[23]

بەڵێ (حاجی) وەک سەیر دەکات هەموو خاسییەتەکانی نەتەوە بوونیان هەیە، کەچی بێ قەوارەو دەوڵەت و بەیداغن، گەلانی لەکورد بچووکتر سەربەخۆو خاوەنی دەسەڵات و سەروەری خۆیانن، کەچی ئەو کوردە کرمی دووبەرەکی و ناتەبایی درەختی ڕەگ داکوتاوی مێژووی دێرینی پڕ لە ڕاپەڕینی شۆڕش و بەرخودانی کلۆر کردووە، بۆیە ڕوویان تێدا دەکات کە یەک ڕیزبن و خۆیان یەک خەن و ئاگایان لە

فرت و فێڵ و نەخشەو پیلانی داگیرکەران بێت بەتایبەتی تورکی عوسمانی، پێیان دەڵێت کە چاو بکەنەوەو هۆشیاربن و ڕابن:

لەم بەینە ئیتیفاقێ پەیدا بکەن بەمەردی
فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میرو گاوان
گەر هیچ نەبێ بەئۆین تابیع بەدەوڵەتێ بن
بێگانە چاکە دوشمن نەک دوشمنی لە خۆتان
ڕۆمی وەکو بەنی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ
کەوتوونە داوی خۆیان، سەر گەشتە ماون و حەیران[٢٤]

بەڵێ سیاسەت لای حاجی (هونەری مومکناتە)، چی تیا نییە ئەگەر بۆ بەرژەوەندی لەگەڵ دوژمنیش ڕێککەوتن هەبێت، بەلام لەسەر حیسابی دەستبەرداری دۆزە بنچینەکە نەبێت، ئاخ بۆ رابردوو هەڵدەکێشێ، بۆ سەردەمی میرنشینەکان، کورد خاوەنی قەوارە و سوپاو سەربەخۆیی بوو، بۆیە دەڵێت:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربەخۆ بوون
سوڵتانی مولک و میللەت، صاحیبی جەیش و عیرفان[٢٥]

بانگەشەی خۆ کۆکردنەوەو ئامادەبوون دەکات، کە قەڵەم و چەک شان بەشانی یەکتر بنەمای رابوون و شۆڕشن:

شیرو قەڵەم شەریکن لەم عەصرەدا، دریغا[٢٦]
شیرم قەڵەم تراش و کالانییە قەڵەمدان

حاجی لە ڕاگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی خۆی بەردەوامە، کە بەراوردی حاڵی کوردستان، لەگەڵ وڵاتانی تر دەکات، تا بڵێی خەم دەخوات، کە کورد لەو بارە تراژیدییەدا دەژیت، کەچی پێشوو لەئاستێکی تردا بوو:

گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵەتان، ئەمما
جیهان نەیدیوە پەستی وا میثالی حاڵی کوردستان
لەوەختی خۆی هەموو شابوون، سەراپا بێ غەم و شادبوون
لەجوودا حاتەمی تائی، لە شەڕدا ڕۆستەمی مەیدان



لەپێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو
ئەمێستا مارو مێروو، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران[٢٧]

حاجی ئەو کەسانەش ڕیسوا دەکات کە تەنیا بەناو موسڵمانن و ناپاکی لە قەومی کورد دەکەن و دەبنە ئەڵقە لەگوێی بیانی و دوژمنانن و، فڕیان بەسەر حەقیقەتی ئایینەوە نییە:

ڕێگرو حیزو دزە، ژن هەڵگرو ماڵان بڕە
فائیدەی چی نێوو کونیەی خۆی موسڵمان دادەنێ
وا دەزانی قەومی خۆی وەک دایە بەر شیر و تفەنگ
قەسری دین ئاوا دەکا، بونیادی ئیمان دادەنێ
ئێستەکێ ئەبیامە هەر میللەتێ هیممەت بکا
مووری بێمایە لەسەر تەختی سولەیمان دادەنێ[٢٨]

(حاجی) ئەوەندە لەو کوردە ناکۆک و ناتەبایە داخدارە، کە بێ وچان ڕەخنەی لێ دەگرێ و سەرکۆنەی دەکات، هەتا کەی لەو واقیعە بۆگەنەدا دەرناچێت؟ بۆ یەک ناگرن، کە یەکگرتن بەردی بناغەی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانە، سوپەر و سەنگەری ڕووداوەکانی ڕۆژگارە، تاکەی ئەو دژی و بەربەرەکانی و گیانی دووبەرەکییە:

ئیتحادی بەئیتیفاقی ئەنام
سوپەرە بۆ حەوادیثی ئەیام
کوردی ئێمە نەزان و پاشەکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن
بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن[٢٩]

گلەیی و سەرزەنشت کردنی کورد دەگاتە ڕادەیێک کە کورد بێ هۆش و گۆشن، دەرک بەبەرژەوەندیی خۆیان ناکەن، گوێ لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی حاجی ناگرن، هێشتاش بەدوو بیروڕای پڕوپووچ و بێ بنەما کەوتوون:

کێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن
بەسە ئەم نەقصە گوێ لەمن ناکەن
لەقسەی ساغی من خەلەل دەگرن
واهیمەکەی شێخەکان لە دڵ دەگرن
بەیتی من چونکە کەڵکیان دەگرێ
لەغەریبی و بێ کەسی دەمرێ
تا لە ژێر باری رۆمییان نەمرن
زەحمەتە قەدری بەیتی من بگرن(٣٠)

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووک
خەملیوە مەمالیکی وەکو بووک
هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانە، میسلی گەردن
هەر مانەوە بێ نەواو و مەزلووم
وەک بوومی خەرابەزار، مەشئووم(٣١)

دەردەکە دەستنیشان دەکات و چارەسەریشی دەدۆزێتەوە:

گەر باعیثی ئەم دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە
ئەو شەرتە بە کوللی ئیتیفاقە
گەر مەرعەش و وانە گەر عیراقە(٣٢)

حاجی زۆر خەم لەو دووبەرەکی و ناکۆکییە دەخوا کە لە نێوان ڕۆڵەکانی کورد هەیە و دەڵێت:



هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک
ئەگەر تۆفان بوو لەشکرتان بە پووشەک(٣٣)

## ئەنجام

دوای پێداچوونەوە بە شیعرەکانی حاجی قادر و بەستنەوەیان بە ژینگەی پایتەختی دەسەڵاتی عوسمانی و سەرهەڵدانی چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش و تەکانی گەلانی ئازادیخواز بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و، سەرهەڵدانی ڕێبازی عیلمانی لە ئەوروپا و ڕێبازی پرۆژەی ڕابوونی عەرەبی، هاتنە مەیدانی چەندین رابەرو ڕۆشنبیر و ڕۆناکبیری وەک جمال الدین ئەفغانی و شێخ محمد عەبدە ١٨٤٩– ١٩٠٥ کە داوای چاککردنی بارودۆخەکەی ئەو سەردەمەی دەردەکردو ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية)ی دەرکردو، لە تەک ئەویشەوە کەواکبی ١٨٤٩–١٩٠٢ کە تورکەکان دژایەتییان دەکرد چونکە داوای ئازادی قسەو نووسینی دەکردو نموونەی تریش لە رابەرو پیاوانی لیبرالی و شۆڕشگێر لە سەردەمی (حاجی قادر)دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە حاجی نەک هەر تەنیا شاعیرێکی واقیعی نیشتمانپەروەر نەبووە، بەڵکو رابەرێکی گەورە و ڕۆناکبیرێکی مێشک کراوەو نەتەوە خوازێکی نزیک لە ڕێبازی عیلمانییەت بووە، کە لایەنی عیلمانییەت و سوود وەرگرتن لە هونەر و زانین و زانیاری و پیشەسازی ئەوروپی بەسەر لایەنە ئاینییەکە زیاتر زاڵ بووە، بۆیە دەکرێت بەخاوەن و ڕابەری پرۆژەی رابوونی نەتەوەی کوردی لەقەڵەم بدەین.

شیعرەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەو سەردەمەن کە دەڵێت:

ئەی خەریکی ڕمووزو ناز و نیاز
ئەورووپا فەننی گەیوەتە ئیعجاز
قوللەیی (ئیقل)ی لە ئەفلاکە
عەکسی ئەو گەردشی لەژێر خاکە
کورەیی ئەم زەمینەیان پێوا
خاتری تۆ بێ چوونە جەووی سەما
تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە

گاوره، هیندووه، وەیاخۆ جووه
لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
فائیدەی گەر بدایە زیکرو دوعا
دەبووە قاروون گەدایی سەر ڕێگا[٣٤]

(حاجی) لە بانگەوازەکەی بەردەوام دەبێ و، بەهەموو شێوازێک تەقەلا دەدات کە ڕۆڵەکانی بێ ئاگاو خەوتوو و نەزانانی کورد لەخەو ڕاپەڕێنێ، کەلەو بەندو داوە دەربچن، لەو کاری نابەجێیە گشتیان خۆ دەرباز بکەن و تورکی عوسمانی بەرەو ژێر چاڵی دۆزەخ ڕامالّن. بەڵام هەی هەیهوو، وادیارە خەڵکەکە بەرەو پیری بانگەوازەکەی ناچن، گوێ لە قسەکانی ناگرن و خەوشی لێ دەگرن. زۆر چاکیش دەزانی کە ڕۆژێ دادێ دەستی پەشیمانی بگەزن و بۆی بمرن، ئاواتە خوازی ئەو ڕۆژەیە کە کورد خاوەنی دەوڵەت و بەیداغ بێت لەم ڕووەوە دەڵێت:

هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لەدەوران
لەمابەینی کەکۆن و هەبە سوڵتان
لە شەرق و غەربەوە تا قیطعەیی کۆ
لەبەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکوو گۆ[٣٥]

بەڵام هەڵکردنی بەیداغ هەوڵ و تێکۆشین و هیمەتی مەردانەی گەرەکە، پاڕانەوەو تەوەکول چارەسەری ژێر دەستی و ملکەچی ناکات، بۆیە لەو باوەڕەدایە مەسەلەکە پێویستی بەتەکان و ڕابوونە:

لەدونیا هەر کەسێ هەستا بەهیمەت
فەریدونێکە ئەسکەندەر مرووەت[٣٦]

کەچی لەو ڕۆژگارەدا کەسێک نابینێ وەکو خۆی غەمخۆری میللەت بێ، دڵسۆزی نیشتمان بێ، هەڵسێ ڕاپەڕێ تەمەنناى سەرکردایەتی نەتەوەکەی بکات:

وەتەن مەحبووبەیێکە حوجرە
ئارای نیشانەی دین و ئیمانە



لە (ئادەم) بگرە تا دەورانی ئێستا
یەکێکە (حاجی) لەو خاکە هەڵستا
کە غەمخواری بکا بۆ میللەتی خۆی
لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ پۆی
زەمانە تووشی دەردو غوربەتی کرد
غەمی کۆیێ پەرێشانی هەمووی برد[٢٧]

پڕۆژەی ڕابوونی کورد وەک پەیامێکی سیاسی ئەگەر لە سەردەمی (حاجی قادر)یش پیادە نەکرابێت، حاجی وەکو ڕابەرێکی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ گەشبینی لەلا چەکەرە بووە، هەرچەندە لە سەردەمی خۆی هۆشمەندی کورد نەگەیشتۆتە ئاستی بەخۆداچوونەوەو لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕین، بەڵام پڕۆژەکە، قانوونەکەی حاجی ڕۆژی خۆی هات و دێت:

ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن
ئەم بە ئەو، دەڵێ: کاکە
سەیری قانوونی حاجی چەند چاکە
هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرموو،
وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو[٣٨]

پێشبینی (حاجی) دوای بیرکردنەوەیێکی قووڵ و سەرنجێکی ورد ڕەخساوە، وەک حاڵەتێکی پاراسایکۆلۆجی شاعیری هەژاندووە، کە دوارۆژ ئاوا نابێت، نووسەران و ڕۆشنبیران بەبۆچوون و تێڕوانینی شاعیر دادەچنەوە، نەوەکانی ئایندەی چاوەڕوانکراوی گەلی کورد، کە حاجی دەستنیشانی کردوون، بە چاوێکی پڕ لە شکۆوە سەیری شیعرەکانی دەکەن، کۆڕو ڤیستیڤاڵی بۆ ساز دەکەن، لەبیرو ڕای دەکۆڵنەوە، شیعرەکانی دەبن بەئاڵای کورد:

(حاجی)یە شیعرەکانی وەک (کاوە)
ڕۆژی دەیبێن درەفشی هەڵداوە[٣٩]

بەڵێ (حاجی قادر) ئەو شاعیرە نەبوو کە لەڕێگەی کارتێکردنی چەند دێڕە شیعرێکی (ئەحمەدی خانی)یەوە کە لەپێشەکی (مەم و زین)دا بەرچاو دەکەون و داوای ڕێکەوتنی کوردی تیایەو لە ئێش و ئازاری دواوەو ستەم و زوڵمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەر کورد و دابەشکردنی کوردستان لەنێوان خۆیاندا تاڕادەیێک بیروبۆچوونی نەتەوەخوازی (خانی) کاریان کردۆتە سەر (حاجی قادر) بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کە (حاجی) بە چەند دێڕە شیعرێک ئەو بیرو بۆچوونە بەرفرەی لا دروست نەبووە کە لەسەردەمی خۆیدا ببێتە مامۆستای بنەماڵەی بەدرخانییەکان و رابەرو پێشەوای فیکرو هزری کوردایەتی و خاوەن پرۆژەی فیکری ڕابوونی کورد، وەک هەر ڕابەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مەزنی کارتێکەری سەردەمی خۆی لە نەتەوەیێکی بن دەستی دواکەوتووی وەکو کورد، کە کارتێکردنی لە دۆز و دواڕۆژی گەلەکەی لە ڕابەرانی نەتەوەکانی تری ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە کەمتر نەبووە، ئەگەر بالاترو دیارتر نەبووبێت.

کەواتە حاجی قادر رابەری بزاڤی فیکری ڕۆشنکاری شۆڕشگێر ڕەنگدانەوەی ڕێبازە فیکرییەکەی ئەحمەدی خانی نییە لە ڕێگەی دیباجەی (مەم و زین) بەقەد ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو دەوروبەرو ژینگەیە بوو کە لە ئەستەمبوڵی پایتەختی سەڵتەنەتی عوسمانی دەژیا کە هەستی بە ئاوارەیی و نامۆیی دەکرد لەلایێک و ڕۆشنبیریی جیهانی بە حوکمی ئەوەی چوار زمانی بەتەواوەتی دەزانی و ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان و هەندەران بوو، لە ڕێبازی هزری ڕۆشنکاریی شۆڕشگێڕی و پرۆژەی ڕابوونی عەرەبی و، عیلمانییەتی ئەوروپی نزیک بووە و کەوتبووە ژێر کارتێکردنیان لە لایێکی ترەوە. هەر ئەو فاکتەرانە بوون هۆشمەندیی مێژوویییان لای حاجی ڕەخساند کە شیعرەکانی بکاتە چەکی ڕابەرایەتی و ڕێنماییکردنی گەلی کورد، کە ڕۆڵەکانی خۆیان ڕێکخەن و لەنێو خۆیاندا ڕێککەون بۆ ئەوەی تەقەلای سەربەخۆیی بدەن و هەموو بنەماو فاکتەرەکانی نەتەوایەتی لەبارن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری و دەسەڵات و خاوەن بەیداغ و ئارم.



پەراوێزەکان:

١- دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، پێداچوونەوەی مسعود محمد ١٩٨٦، ل٢٠ .
٢- في سبيل الواقعية، تاليف البروفيسور ا.لافرتيسكي ١٩٧٤،ل٢١٦، ٢٠٤، ٢٠٣.
٣- مجلة (الموقف الثقافي) العدد (٩) السنة الثانية ١٩٩٧ ، ل ٩٨ ، ٩٩
٤- ثوار مسلمون- محمد عمارة- ١٩٧٤ ، ل ١٥١ ،١٥٢، ١٥٣.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠-١٥١.
٦- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٨٦، ٨٧، ٨٨.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢١٧.
٩-١٠-١١-١٢-١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٧، ١٤٤، ٢٣٣، ٢٤٠، ٢٤١.
١٤-١٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢١٣، ٢١١.
١٦-١٧- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ١٩٥، ١٩٦.
١٨- کوردستان و کورد دکتور عبدالرحمن قاسملو ١٩٧٣ ل، ٤٥، ٤٦.
١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٦.
٢٠- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٩٢.
٢١- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢٥٩.
٢٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢٣٦
٣٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢٣٠-٢٣١.
٢٤- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٨٦- ٨٧.
٢٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٨٦.
٢٦- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٨٧.
٢٧- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٩١.
٢٨- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ١٧٩- ١٨٠.
٢٩- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ١٨٨.
٣٠-٣١-٣٢-٣٣-٣٤-٣٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ١٨٩ . ١٩٩ . ٧١، ١٨٦، ٢٤٧،
٣٦- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢٦٠.
٣٧-٣٨-٣٩- دیوانی حاجی قادری کۆیی ل ٢٥٣- ٢١٤- ١٩٤.

# ئەو شەهیدەی گۆرانیی دڵداری دەڵێ

## کۆ شیعری قوباد بەهرەوەر

ئەم کۆ شیعرەی «قوباد بەهرەوەر»ی شاعیر، زادە و بەرهەمی (٢٩) ساڵەی شاعیرە، کە چەند شیعرێکی ساڵی (١٩٧١- ١٩٧٢) داناوە و دوا شیعریشی لە (١٠/٢/٢٠٠٠)دا داناوە. کۆمەڵە شیعرەکەش بەپێی مێژووی نووسینی شیعرەکان ڕیزبەند نەکراون و وادیارە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا چاپ کراون.

شاعیر کۆمەڵە شیعرەکە پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە «بەباڵای سوڵتانەکان هەڵنادەن و سەربەخۆیی شیعر دەپارێزن».

لەم ڕووە وتراوە «ئەو شاعیرەی لە بەردەرگای سوڵتان دەوەستێت دزە»، چونکە شیعر پیرۆزەمەندیی خۆی هەیە. بە تایبەتی لە دەمی گەورە پیاوانەوە، هەروەک وتراوە: «یاقووت جوانە.. خۆی، لە گەردنی نازداران جوانترە، هەروەها شیعری باش سەرکەوتووە، بەڵام لە دەمی خەڵکی مەزنەوە تەرپۆشترە»[1] قوبادی بەهرەوەر لە شیعرێکی تایبەتدا دەڵێ:

لێرە شاعیر
دەبێ وەکو ڕەز بسووتێ!
لێرە شاعیر
تەنیا مافی ئەوەی هەیە
لەسەر پێڵاوی دیوانی
ئاغایەکاندا هەڵتووتێ!

ئەو شاعیرەی ئەو مافەی هەبێ، تەنیا لەسەر پێڵاوی ئاغایەکان هەڵتووتێ و ئەو جۆرە مافەشی قبووڵ بێ، هەرگیز لە ڕیزی شاعیرانی ڕەسەندا نییەو، شاعیرێکی پاشکۆو دەستەمۆیە، شیعرەکەشی ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خۆیەتی، هەروەکو گۆتە



دەڵێ: «*پێویستە شیعر هەردەم مامۆستابێ، بەڵام لەسەر مرۆ پێویستە بە خودی خۆی دەرسی لێ وەربگری هەروەک ئەو حاڵەتەی لە ژیاندا*»[2].

کە شیعر لای شاعیر ببێتە دەریا بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی بۆ بڕفێنێ، هەرگیز نابێ شیعر و شاعیر لە ئاست سوڵتانەکان چۆک دابدەن، کە شاعیر، هەروەک خۆی دەڵێ: بەم شێوە بێ:

من شەیدای چاوی ئەستێرەی جوانم
لە چاوی ئەودا شیعر فێربووم و پشکووت ژیانم

***

تەنیامە تەنیا... گیانم ناخەوێ
هاتم شیعرێکم بۆت کرد بە دەریا
تۆم بۆ بڕفێنێ

شاعیر لەسەر ئەو ڕێچکەی هەڵی بژاردووە بەردەوامە و، سەربەخۆیی شیعر دەپارێزێ، دەیکاتە چەکی خۆڕاگری و هەڵوێستی جوامێرانە، ئەوەتا چەکی شیعر لە ڕووی ئەو کەسەدا هەڵدەکێشێ، کە سپڵە و بێ وەفایە و خۆشەویستییەکەی تەنیا سەر زارەکی و ڕەشۆکییە و دیاردەیەکی ڕووکەشە:

٣

هەرچەندە شێت و شەیدام بی
هێندەی (شیرین)ت خۆش ئەوێم
کە تۆ شیرینت پێش خۆت کوشت
ئەی من شیعرت چۆن بۆ بڵێم؟

هەر لە ڕوانگەی شیعری ڕەسەن و زمانی حەقیقەتەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی شەرمەزار دەکات، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاوڕێک، تەنیا ئاوڕێکی بچووکیش لە گەلی ستەمەیدەی کوردستان ناداتەوە، لە ئاست ڕەوشە تراژیدییە پڕ کارەساتە جەرگبڕەکانیدا کەڕولاڵە:

لە خەوێکدا دوێنێ شەوێ

له خوام پرسی
(چەند سەد هەزار) شەهیدێکمان بێ هەواڵە!
فەرمووی: جارێ ئەنجوومەنی
ئاسایشی نێودەوڵەتان
سەری قاڵە

له شیعرێکی کاریکاتێریدا جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێ باکانە دەورووژێنێ، کە حەقیقەتی واقیعی خاک و نیشتمان دەخاتە بەردەم داگیرکەران و پیاوکوژان، کوردستان لە عیراق جیادەکاتەوە کە تا چ ڕادەیەک بەشخوراو و ستەمدیدەیەو ئێمە ئێمەین، ئەوان ئەوانن، وەک خۆی دەڵێ:

نە نانمان هەیە بیفڕێنن
نە نەوت تا بیسووتێنن
با لەشکری کوللە بەلێشاو بێ
نە ئازادی، نە نیشتمانیشمان هەیە
داگیری کەن!
ژیان باشترە لە مردن
چونکە کوردستانی من
هەر کە کوژران، تۆ دەکوژن!

ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە شاعیر تێیدا ژیاوە «جیهانبینی و تێڕوانینی شاعیر بۆ حەقیقەت ئەنجامی تێکەڵبوونی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ یان یەکگرتنی نێوان دڵ و عەقڵەکەی و دیاردە گەورەکانی ژیانە»[٣].

هەروەکو کۆلردج دەڵێ: شاعیر دیمەنێکی تری کاریکاتێریمان نیشان دەدا، کە ناکۆکیی نێوان ئەمڕۆ و دوێنێیە، کە هەر لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوە. دیوە دزێوەکە، دیوە تاوانبارە دڕندەکە، بەرگی ئاشتی و دیموکراتی پۆشی و، خۆی خزاندە ناو واقیعە نوێیەکە، دیوە پرشنگدار و شکۆمەندەکەی خستە ژێر پێ و لە بازاڕی مەزاددا هەڕاجی کرد:



ئەو دەمانەنەی کەڵبەی زنجیر
گۆشتی مەچەکیان دەخواردم
دەیان قیژاند: ئیعتراف کە
مەگەر گوێزیان بۆ دەژماردم
ئەو کەڵبەنەی کرۆشتمیان
ئەمڕۆش هاتن بەگیانێکی
پڕ لە ئاشتی و دیموکراسی
لە (شێخەڵڵا) فرۆشتمیان!

ئەم بۆچوونەش تەعبیر کردنە لە نامۆیی و هەستکردن بە گەمارۆدانی ڕۆحی و دەروونی، تێکچوونی پێوەرە حەقیقییەکانە و سەرەوژێرکردنی شتە ماقووڵەکانی بۆ ناماقووڵیی بێ پاساو، ئەم واقیعە دەستکردە جەوهەری مەسەلەکەیە، هەروەکو مەحموود دەروێش بەرجەستەی دەکات و دەڵێ: «جەوهەری ئەم قەیرانە... هەستکردنە تا سەر ئێسقان بە ئابلۆوقەدان، ئابلۆوقەدانیش بیرۆکەیەکی خودی نییە خۆم دامهێنابێ و وەهمێکیش نییە فەرمانم پێ بدا، خۆی واقیعێکە گەلەکەم تێیدا دەژی و کاتێ دەروونە گەمارۆ دراوەکەم دەدۆزمەوە، لە هەمان کاتدا، سایکۆلۆژییەتی گەلەکەم دەدۆزمەوە. ڕەنگە ئەم هەستە، لە ئاکامدا هەموو هەستەکانی تر لە ئاوارەیی و ئێشەکانی دەروونی و نائومێدی و ڕەتکردنەوەی گەشبینیی منداڵانە و ئەوەی بە دوایانەوە دێ دیاری بکات»[٤].

لێرەدا خودی شاعیر تەوەری هۆشمەندی کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە تەعبیر لە خۆی دەکات وەکو تاک، بەڵام لە هەمان کاتدا تەعبیر لە واقیعی گەلەکەی دەکات.

ڕێچکەی نامۆیی و نائومێدی بەردەوامە، شاعیری خاوەن ماف، قوربانیدەر، ئاوارە و دەربەدەر، خانەوێران و قوربەسەر، وا دەخاتە بەرتیشکی ڕووناکی کە ئێش و ئازارەکانیان، وا بەرجەستە دەکات، بە تەوژمتر و توندترین، لە ڕێگەی دایەلۆگێکی کورتبڕ و خەست و خۆڵ، سیفەتی (درۆزن)یان دەدرێتە پاڵ:
(وەکو سواڵکەر بەبەردەمی
ڤیلاکانمانا چەقیوە

دەڵێ گوند و
خانووەکانمان لێ تەپیوە)
ئێوە هەمووتان درۆزنن
کەی کوردستان هی ئێوەیە؟
کەی ڕەش و ڕووت
شەهید و خوێنی بەخشیوە؟

مەحموود دەروێش-ی شاعیری ئاوارەی دەرەوە و ناوەوەی نیشتمانە داگیرکراوەکەی بە ڕوونی حەقیقەتی هەردوو ئاوارەیی و نامۆیی دەردەبڕێ، کە دەڵێ:

حنيني اليك.. اغتراب
ولقياك... منفى
أدق على كل باب
أنادي، وأسأل كيفما
تصير النجوم تراب؟

واتە:

سۆزم بۆ تۆ... نامۆییە
دیدارت... تاراوگەیە
لە هەر دەرگایەک دەدەم
هاوار دەکەم و دەپرسم چۆن
ئەستێرە دەبنە خۆڵ؟

مەحموود دەروێش پلەی هەستکردنی بە ئاوارەیی و نامۆیی دەربڕی، کاتێ وتی: «ئازار لە تاراوگە و تاسەکان و چاوەڕوانکردنی ڕۆژی گەڕانەوەی پەیماندراو، شتێکە پاساوی خۆی هەیە، شتێکی سروشتییە، بەڵام لە خۆتدا پەناهەندە بی، پاساوی نییە و مەنتیقی تێدا نییە»[٥]. دوا بەدوای شیعری (درۆزن)، لە هەڵبەستی (غەریبی)دا، ئەمجارەیان تەعبیر لە غەریبی و نامۆیی و ئاوارەیی نائومێدی خۆی دەکات، کە وەک نالی و حەبیبە، دوور لە یەک، سەریان نایەوە، هەر بەم شێوەیە، شیعر لە غوربەتدا لە



دایک دەبێ دلبەر دوور لە شاعیر، شاعیر دوور لە دلبەر، دڵدارییەکی بێ ئاکام، وێڕای حەز و خۆشەویستی، شاعیر خۆی دەخاتە بەردەم پلاری قەدەر لەو جیهانەی کە بەغەریبی سەیری دەکات و خۆی لەبەردەم واقیعە تفتوتاڵەکە ڕووت دەکاتەوە و تەعبیر لە ناکامی و نائومێدی لە بەیەکگەیشتن دەکات و دەڵێ:

زۆر ڕووباری شیعرم لێکدا
دەریایەکی پەیدا نەکرد
زۆر ئەستێرەی شیعرم لێکدا
دونیایەکی پەیدا نەکرد
وەک دوو غەریب
لەو جیهانەی خۆی غەریبە
بۆ کوێ ڕەوی
دڵداری نالی و حەبیبە؟!

ئەو دوورکەوتنەوە و دوورخستنەوەی شاعیر چ لەناو جەرگەی واقیعی گەل و چ لەناو خودی شاعیر پەیوەندییەکەی بەواقیعی خودی خۆی، کە بە شیعر تەعبیریان لێ دەکات بوونەتە پارچە پارچەبوونی ڕۆحی و ئاوارەییەکی هزری، سوورن لەسەر دەروونزانی بۆچوونەکانی دەروون و ئاڵوگۆڕەکان «بەجۆرێ شاعیرەکان دەستیان کردووە بەپێخۆشبوونی ئەشکەنجەی شەخسییان و ئەو هەستانەی ونبوون و نائومێدی و دوورە پەرێزی و گەمارۆدان تێیاندا دەورووژێنێ، یان ئەو هێزە نادیارانەی کە لە توانایاندا نییە بۆیان وێنا دەکات»[٦].

شاعیر هەست بە هێز و توانای سروشت دەکات، کە ئارەزووەکەی بێنێتە دی، بەڵام واقیعی بەرچاو ئارەزووی شاعیر پووچەڵ دەکاتەوە، بۆیە دەکەوێتە حاڵەتی دوو دڵی و نیگەرانی، هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراو.

بەرەو بیرکردنەوەو هەنگاونانی چوون و نەچوون، خشین و گەڕانەوە بەرەو دواوە ڕاپێچی دەکات:

ترس و سامی لوورەی بای شەو
هەورێکی تاریکی راونا

وەک پێچەیەک
هێنای بەڕووی مانگی دادا
شەو تاریک بوو
ترسی ئاشکرابوون نەما
ئاخ ئەمجارە پێڵووی چاوی
دەرگاکەتان داخراوە...
مایکرۆفۆنی تاریکی شەو
چون ترپەی پێم
دەکاتە دەنگ و ئاژاوە
خەڵکی وەکو
کۆترو چۆلەکە هەڵنیشتوون
کۆلان خۆڵە، هەور بگری
جێ پێکانم وەکو جێ پێی
دزێکی شەو ئاشکرا ئەکەن
بخشم بۆ لات؟
بگەڕێمەوە بۆ دواوە

شاعیر کە وەسفی شەو دەکات، بە شێوازێکی ڕوونبێژانە دیمەنی شەو دەخاتە بەرچاو، شەوی تاریکیش قەڵاتی مێردانە، هەر ئەم شەوەش دەبێتە پردی پەڕینەوە بەرەو جێژوان، لە هەمان کاتدا وێڕای خەوتنی هەموو بوونەوەرە ڕۆحلەبەرەکان، کە بێ دەنگی و کشوماتی شەو دەنوێنێ، مایکرۆفۆنی شەو خشپەی پێش دەکاتە دەنگەدەنگ و ئاژاوە، ؛ ژوانەکە بەرەو ئاشکرابوون دەبات مادامەکی دەرگای ماڵی ئازیز داخراوە، ئەگەر پێ دزیلکەش بکات سوودی نییە. هەر ئاشکرا دەبێ، جا سەرچڵی بنوێنێ، بەرەو لای یار بخشێ، یا ئەوەتا بگەڕێتە دواوە؟! ئەم حاڵەتە دەروونییەی دوو دڵییە شاعیری بەرەو واق وڕمان بردووە. خۆش و ناخۆش پێ بەخشیوە، ئەم شیعرەی شاعیر: «بەوەسفی وردی سروشت دەست پێ دەکات، کە ئارەزووی ڕاستگۆ هانی دەدا مافی وەسفکراوەکە بدات، لە دواییدا شاعیر ئەرکی



یەکەمی وا لە قەڵەم دەدات کە خستنەڕووی ئەو ڕامانانەن کە شت لە بیرکردنەوەیدا دەیورووژێنن، نەک وێنەکردنی شت وەک خۆی»[٧].

شەوی تاریکی پڕ ئەستێرە مایەی خۆشەویستی دڵدارانە، خیوەت و ئاسمانی دیدارەکانە:

شەو تاریکە
بەڵام ئەستێرەی تێدایە
بۆیە دڵدار خۆشی دەوێ
تاڵە مووی قژ چەند باریکە
یادی شەم و
شیرین و زینی تێدایە
مەی تاڵە و مەستی تێدایە
بۆیە غەمبار خۆشی دەوێ

شاعیر هەموو بوونەوەرە دزێوو ناشیرینەکان جوان و خۆشەویست دەکات، لە هەر بوونەوەرێکدا دژایەتییەکی شیرین و خۆشی بۆ دێنێتە دی. هەستکردنی شاعیر بە ئەنجام و هاودژی جۆرێکە لە هەستکردن بە هۆشمەندی و «هەر جۆرێک و، جۆرێک لە هۆشمەندیی هەستی و پەی پێبردن و عاقڵی و خەیاڵکردن هەڵچوون، ڕەنگە لە ئەزموونی جوانکاریدا ڕووبدات»[٨].

ئەوەتا لە شیعری (یادی زستان)دا چەند جارێک وشەی شەو دووپات دەکاتەوە:

چۆلەکەی هەڵنیشتووی شەو، تەنهایی شەوە زەنگ، کوللەی شەویان لەخۆ لادا. لەم ڕووە (أ. أ. ریچاردز) دەڵێ: «وشەی شەو بەتاکی خۆی لە بیروباوەڕ و ویژدانە جیاجیاکانەوە لە دایک دەبێ، کە ژمارەی دەگاتە ژمارەی ئەو کەسانەی گوێبیستی دەبن، بواری جیاوازی لە وەدەنگەوە هاتن خەریکە لە حاڵەتی وشەی تاک سنووردار نەبێ، بەڵام ئەگەر وشەکە لە ڕستەیەک داندرا ئەوا بێگومان جیاوازییەکە کەم دەبێ، خۆ ئەگەر لە ڕەوتێکی فراوانتر، لە پارچەیەکی تەواودا جیاوازییەکە لەوە زۆر کەمتر دەبێتەوە...»[٩].

وا دیارە (قوباد بەهرەوەر) دوای بینیی لەزەت و خۆشی لە ئافرەت، لەزەت لە شەو

دەبینێ، کە دەبێتە خەڵوەت و پەناگا بۆ دیدار و ژوان. ئەم درککردنەی شاعیر دوای لەزەتی خۆشەویستی ئافرەت بە سروشت، دەگەڕێتەوە سەر چالاکیی عەقڵ، چونکە چوونە ناو ژیانی خەڵک، بەتایبەتی ئافرەت وەکو دلبەر، خۆشەویست، بەو ڕێگەیەی گرتوویەتی، کە نزیکترە لە شێوازی ڕاستەوخۆ، لەوەی بچێتە ناو سروشت. وەک لە هەڵبەستی (مەگەر بەخەو بتبینمەوە)دا دەڵێ:

تۆ هەنگاوێ... من دە هەنگاو
هاتمە پێش لێت
تۆ سلاوێ بەدوو پەنچە
من سەد شیعرم
بەو کۆلانە وەرکرد وەک شێت
تۆ خەندەیەکی چاوبەستن
من نەخشەی پێکگەیشتنی
مەم و زین و ڕۆمیۆ جۆلێت

شاعیر لە هەڵبەستی (چەپڵە)دا وێنەی دوو دیمەنمان بۆ دەکێشێ، دیمەنی مرۆڤ بەدیوە ئاهەنگ ئامێزەکەی، دیوە تراژیدییەکەی، دیمەنی سروشت بەبوونی و بەنەبوونی، هەر مرۆڤیش شایەدی ڕووداوەکانە، کە لە ئەنجامی شەڕی نەگریسدا هاتوونەتە کایەوە:

دراوسێکەمان
زەماوەندو شایی هەبوو
کۆمەڵێ ژن بەچەپڵەوە
بۆ ئەوێ چوون
کەمێ خوارتر شیوەن هەبوو
هاتنە دەرێ
لە چەپڵەش هەر نەکەوتبوون
تومەز لانسیان وەرگرتبوو
جاران لەبەر



ئاژەڵی کێوی ڕێ نەبوو
جاران لەبەر
قەزوان و بەڕوو جێ نەبوو
بۆ ناپرسن چییان لێهات
ئەگەر ئەوان کەمێ مابن
باشە ئێمە هەر ماویشین!

شاعیر ناکۆکییەکانی نێوان مرۆڤ دەردەخا، کە هەر خودی مرۆڤیشە بۆ خۆشی و ناخۆشی چەپڵە لێدەدات و، هەر خۆشی پارێزگاری سروشت بە درەخت و ئاژەڵییەوە گەشە پێ دەکات و لەناویشی دەبات، یان بەدەستی ئەنقەست ڕووەگەشەکەی دەشێوێنێ. بۆیە هەر بۆ خۆشی چارەنووسی خۆی دەخاتە بەردەم مەترسی، بۆیە شاعیر لە جەنگێکی خوێناویی دوورودرێژدا حەقیەتی پرسیار بکات و بڵێ: «باشە ئێمە هەر ماویشین» ئەوا لە کاتێکا خودی مرۆڤ ڕووبەڕووی مەرگ و لەناوبردن و شێواندنی سروشت بۆتەوە.

شاعیر لە هەڵبەستی (خولیا) کە بۆ گۆرانی تەرخانی کردووە، دەچێتە ناو سروشت، ڕەگەزەکانی پڕ دەکات لە سۆز و میهرەبانی، وەک «چیا، سێبەر، ماسی، دەریا، دەشت، خۆر، ئەستێرە، مانگ، شەو، با، سروە، شۆڕەبی» ئەوەتا دەڵێ:

دەشت و چۆڵ و چیا، بۆ کێ راکەی دێم
سێبەری تۆمەو پێتەوە ئەلکێم
یا هەر ماسییەکەی جاری جارانم
مەڕۆ هۆ دەریا، بێ تۆ دەخنکێم
کە خۆری تۆمەو خولگەت بەرنادەم
ئەستێرەی تۆمەو کە بۆ تۆ ئەڕژێم
سووتووی یادەکان تەنها بۆ جارێ
دەبێتەوە یاد، دەڵکو دامرکێم

لەو کۆپلە شیعرەی کە وەک نموونەیەک دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر، بە تەواوەتی ئەو هەستە بەدی دەکەین کە تا چ ڕادەیەک شاعیر تێکەڵ بە سروشت بووە، کە

تێکەڵبوونی گیانی شاعیرە لەگەڵ گیانی پڕ زیندەگی و ترپەی دڵی سروشت. ئەو خولیا و خەیاڵە شاعیرییانەی (قوباد بەهرەوەر)ی شاعیر، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ڕواڵەتەکان و ڕەگەزەکانی سروشت هەیە، کە توانیویەتی زیرەکانە بیانجووڵێنێ و هەستی پێ ببەخشێ، «سروشتیش چیتر شتەکان و بابەتەکان نییە، بەڵکو بوونەتە ڕەمز و وشە و وێنە»[10]. شاعیریش توانیویەتی ڕەگەز و توخمەکانی سروشت دەستنیشان بکات، لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکات، سیفەتی مرۆڤیان پێ ببەخشێ کە ئاوڕی لێ بدەنەوە، مادامەکی چارەنووسی خۆی بەوانەوە گرێداوە.

«ئەگەر شاعیران دەستنیشانی سروشت بکەن و پڕی بکەن یان ڕەگەزەکانی لە خۆر و مانگ و ئاسمان و زەوی و دەریا و ڕووبار و دار و درەختدا بە سۆز و ویژدان و هەستەکان پڕی بکەن، لەبەرئەوەیە کە دەیانەوێ بچنە ناو گیانی ناوخۆی گشت گەردوون، ئەو ڕۆحەی لە ژێر چاوەکانی ئەواندا چەند شێوەیەکی جیا دەرەخسێنێ»[11].

پەراوێزەکان:

١– الرسالة العذراء (ضمن رسائل البلغاء) تحقيق محمد كرد علي– مصر، ١٩٥٤، ل ٢٤٢.

٢– الإنعكاس والفعل – دياليكتيك الواقيعية في الإبداع الأدبي. هورست ريديكر – تعريب: فؤاد مرعي – دار الجماهير – دمشق – دار الفارابي: بيروت، ل ٣٦.

٣– الشعر بين الواقع والإبداع. صبيح ناجي القصاب، وزارة الثقافية والإعلام، ١٩٧٩ – دار النشر ل ٨٣–٨٤.

٤– الشعر الفلسطيني الحديث. خالد علي مصطفى –وزارة الثقافة والفنون– دار الحرية للطباعة، ل٢٧٧.

٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو (شيء عن الوطن ل ٢٣١ و (الأعمال الكاملة)، ل ٢٦١.

٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٨–١١٩.

٧– دراسات في الأدب العربي. ترجمة د إحسان عباس وآخرين، ل ١٧٤.

٨– النقد الفني: جيروم سولينز: ترجمة د. فؤاد زكريا، ل ٨٧.

٩–مبادىء النقد الأدبي .أ. أ. ريتشارد، ل ٤٦.

١٠– مقدمة الشعر العربي. أدونيس، ٤٩–٥٠.

١١– في المقدمة الأدبي، د. شوقي ضيف، ل ١٥٠



# ئەختەر.. ئەو شاعیرەی سنووری لاهووتی بەزاند

## پێشەکی

بەرلەوەی بچینە ناو باسەکەمان بە پێویستی دەزانم لە ڕوانگەی پێڕەوکردنی میتۆدێکی ڕەخنەسازی پێشکەوتنخوازانە ئاوڕێک لە سەردەمی (ئەختەر)ی شاعیر بدەینەوە و ڕووناکی بخەینە سەر ڕابردوو و بە ئەمڕۆی ببەستینەوە، مەبەستیش لەم بۆچوونە لێکۆڵینەوەی مێژووە نەک وەک گێڕانەوە، بەڵکو سوود وەرگرتن لەو مێژووە، کە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ئەو کاتەو بەراوردکردنی لەگەڵ ئێستادا پێشکەوتن بێ بەرەو پێشەوە. هەرچەند سەردەمی ئەختەر لە بواری شیعردا سەردەمی شیعری کلاسیکی بووە و دەکرێ وەک ئاغایەکی دەستڕۆیشتووی دەوڵەمەند بە نوێخوازی لە قەڵەم بدەین و بەپێچەوانەی موسڵمانانی سەردەمی خۆی مرۆڤێکی کراوە بووە و حەزی لە خۆشی و شادی دنیا کردووە، پێی وابوو کە ئاینی ئیسلام ڕێگر نییە لەبەردەم لەزەتی دنیادا، کە ئاین بۆ ئەوە هاتووە خزمەتی مرۆڤ بکات، نەک تەنیا کاری مرۆڤ ئەوە بێ لە دنیادا گۆشەگیر بێ و بەعەقڵێکی داخراو کار و ڕەفتار بکات، کە خوا لە قورئانی پیرۆز بفەرمووێت (إنما المال والبنون زينة حياة الدنيا) ئەوسامانەی مرۆڤ هەیەتی کە نەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی خۆشی و بەزم و شادی بۆ چییە؟ خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: «سامان لە خزمەتی مرۆڤدایە نەک مرۆڤ لە خزمەتی ساماندا». ئاینی ئیسلامیش ڕێگەی بە موسڵمانان داوە هەر تەنیا ئاینی نەبن، بەڵکو دنیاییش بن و خۆیان دەزانن چۆن کاروباری دنیا بەڕێوە دەبەن، وەک پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت «إنكم أعلم بشؤون دنياكم» واتە ئێوە لە کاروباری دنیای خۆتان شارەزاترن. جا کەوابێ ئاغایەکی دەوڵەمەندی وەکو ئەمین ئاغای – ئەختەر – سامانێکی باشی لەبەردەست بێ، بۆ خزمەتی خۆی و خەڵکی پێ نەکات؟ بۆ دیوەخانەکەی نەکاتە مەڵبەندی ئەدەب و هونەر، کە شاعیران و

هونەرمەندان لێی کۆببنەوە و لە هەموو لایەکی کوردستاندا ڕووی تێ بکەن، لە شارەکەی کۆیەدا بزاڤێکی هونەری بخوڵقێنێ کە لە سەردەمی خۆیدا بێ وێنە بێ. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان پەنا دەبەینە بەر نووسینێکی نووسەر و ڕەخنەگر (ئازاد عەبدولواحید) کە لەم ڕووەوە دەڵێ: «– ئەختەر – ئینسانێکی دڵتەڕ و زەوقانی بووە، هەموو ئێواران بە ئاهەنگ و گۆرانی وتن – لە گردی ڕێزە توان – ئێوارانی بەسەر بردووە... وەک دەگێڕنەوە – ٢٤– کەس تەنیا کاری کۆرسیان لەلایەن ئەختەرەوە پێ سپێرراوە... تەنانەت وەکو کارێکی – ڕەسمی – ئەرکی بەخێوکردنی گشتیانی خستبووە ئەستۆی خۆیەوە...

– ئەختەر ئاوازی تەرزی بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی داناوە[١].

لێرەدا دەپرسم بۆچی ئاغایەکی دیکەی خاوەن دیوەخانی دیکە لەو سەردەمەوە، لە دوای ئەویشدا وەک ئەختەر دەرنەکەوت، واتە وەکو ئەختەر نەبووە کەسایەتییەکی هەڵاوێردراو، بۆچی؟ چونکە «چەند چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە کە پێویستە هەبن بۆ ئەوەی بیرێک بڵاو ببێتەوە، ئەگەر نەبوون ناکرێ ئەم بیرە بڵاوبێتەوە، دەکرێ خودی پێڕەوکراوەکە لە بارودۆخی سەرهەڵدانی کەسایەتیی هەڵاوێردراو لە ژینگەیەکدا پراکتیزە بکرێ، پاکتاوکردنی، یان لابردنی لەلایەن خودی ئەم ژینگەیەوە، چونکە وا لە قەڵەم دەدرێ کە لەهێڵی گشتیی باو لایداوە»[٢].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەختەر وەک شاعیر و هونەرمەند و مرۆڤێکی دڵتەڕ و زەوقانی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین.

١– ئەختەر وەکو دیاردەیەکی سەردەمی خۆی، وەکو موسڵمانێکی عەقڵ کراوەی دنیایی، هەرچەندە لە بواری شیعردا وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی شاعیرێکی کلاسیکی بووە، بەڵام بەکردەوە نوێخواز بووە.

٢– حاجی بەکراغای باوکی شاعیر بووە و نازناوی (قاصد) بووە، ژینگەی ماڵەوە کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەسەر شاعیر هەبووە.

٣– کۆیەی ئەو سەردەمە، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و زانست و هونەر و زانیاری بووە. زانای ئاینی ناوداری لێ هەڵکەوتووە وەک (مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە) کە (حاجی قادری کۆیی) لە شیعر نامەیەکدا پێی دەڵێ:



بە غەیرەز جەددی ئێوە کێیە دانا
لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا

هەروەها شاعیرانی ناوداری کورد لە هەموو لایەکەوە بۆ خوێندن و ژیان ڕوویان لەو شارە کردووە، وەک حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و... تاد

٤– کۆیە شار بووە، کە دەڵێین شار مانای ئەوەیە کە جۆرەها پیشەسازی تێدابووە، شارەکە لە هەموو بوارێکەوە خۆی ژیاندووە، بەدەگمەن پێویستی بە کاڵای دەرەوە هەبووە. جگە لەبوونی کشتوکاڵ لە دەرەوەی شاردا کە بەباغ و بێستان دەورە درابوو. حاجی قادری کۆیی جوانی بۆچووە لەشیعرنامەیەکیدا کە لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ (ئەختەر)ی ناردووە، باسی ڕابواردنی خۆی لەگەڵیدا دەکات و دەڵێ:

ئەی موحەمەد وەی (أمين الدولە) ئیمڕۆ کۆیی تۆ
جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە
مودەتێکە دەربەدەر کردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە
چونکە توحفە لازمە هەر کەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من قەضای سەد کۆنە توحفەم کردەوە
قاوەچی بەزمی ئەتۆی دونیایە سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە، قاوەی شەوە
ئەوشەوە بۆ هەر کەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
ئەو لە خیطەی عومری ئەو عەنتایە دەربانی خەوە[٣]

٥– کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی هی کۆیە لە ئێستا لە ڕووی هەندێ مەسەلە کە لە دواییدا لێی دەدوێین کراوەتر بووە، ڕێگەی بە شاعیر داوە بە جۆرێک بجووڵێتەوە کە شەرع و دابونەریت ڕێگەی پێدابێ و. شاعیریش دەشێت سنوور ببەزێنی.

٦– پلەوپایەی ئەمین ئاغا دەستووری پێداوە کە مرۆڤێکی بوێری چاوەترس بێ، یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدا.

٧- بە حوکمی ئەوەی جگە لە زمانی کوردی (تورکی و عەرەبی و فارسی) زانیوە، خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی باش بووە، لە ڕێگەی خوێندنەوەدا شارەزای زانست و هونەری ئەو سەردەمە بووە، هەروەها حەز کردنی لە خوێندن ئەوەندە سەری کردووە کە بە خوێندن لە کۆیەدا تینووی نەشکاوە، بەڵکو «لەگەڵ ئەسعەد ئاغای برای دەچنە بەغدا لەلای (مەلا تەهای دێمەهلانی) دەرس دەخوێنن»[٤].

٨- ئەختەر لە سەردەمێکدا ژیاوە کە چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بیر ڕوونی وەکو مەدحەت پاشا (١٨٢٠-١٨٨٣) والی بەغدا بووە، چەند کاری چاکسازانەی ئەنجامداوە، هەڵبەتە کارەکانی ڕەنگدانەوەیان لەسەر خەڵکی عیراق و کوردستان هەبووە، هەروەها ژیانی پیاوانی بزاڤی ڕۆشنکاری لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا وەکو جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و عەبدولڕەحمانی کەواکبی و هی تر کە ئەوانە لە سەردەمی عوسمانیدا دژی نەزانی و سیستمی دەرەبەگایەتی و دیکتاتۆری بوون و ڕێگەی ڕاستیان نیشانی خەڵک داوە و بەرەو جیهانی شارستانی و عەقڵییەتی کراوە و ڕووناکبیری دەستیان گرتوون.

٩- بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و شاعیریەتێکی تەڕ و ناسکە(ختەر)یان پاڵناوە کە دەرگە بۆ هونەر والا کات و بە عەقڵییەتێکی نوێخوازانەی والاوە بایەخ بە گۆرانی و بەستە و مەقام و مۆسیقا بدات. هەرچەندە کە خۆی ئوستادی مەقامات بووە و ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە، بەڵام هیچ بە دووری نازانم کە دەنگێکی بە سۆزی هەبێ، چونکە ئەوەی ئاواز دادەنێ و دەیەوێ بەرامبەرەکەی فێری ئاوازەکە بکات، بە دەنگ جۆری ئاوازەکە دەردەبڕێت.

١٠- کۆیە ئەو شارە بووە کە موسڵمان و مەسیحی و جوو پێکەوە تێیدا ژیاون، بە شێوەیەکی گشتی چەوساندنەوەی ئاینی تێدا ڕوو نەداوە، مەگەر لەلایەن کەسانی دواکەوتوو نەزانەوە کاری ناڕەوا کرابێ، بۆیە بە دووری نازانم کە جگە لە موسڵمانان ئەو (٢٤) کەسەی کاری (کۆرس)یان لەلایەن ئەختەرەوە پێ سپێردرابوو، مەسیحی و جوولەکەشیان تێدابێ، بە تایبەتی مەسیحی کە گۆرانیبێژی هونەرمەندیان لێ هەڵکەوتووە.



**ئەختەری دیاردە**

کە لەم نووسینەدا ئەمین ئاغا- ئەختەر- لە ئاغاکان و دەوڵەمەندانی سەردەمی خۆی جیادەکەینەوە، بە کەسێکی نوێخوازی دنیایی لە قەڵەم دەدەین، کە برەوی بە گۆرانی و مۆسیقا داوە و جۆرە بزاڤ و چالاکییەکی بەرچاوی لە بواری ئەو هونەرەدا خوڵقاندووە، شتێک نییە کارێکی خۆڕسک بێ، یان فاکتەری بنەڕەتی ئەو دیاردەیە تەنیا لە جەستەی ئەختەردا چەکەرەی کردبێ و هیچ فاکتەرێکی دەرەوەی بەسەرەوە نەبێ، ئێمە لەو حاڵەتەدا دەبێ لەو باوەڕەدا بین کە مرۆڤ هەرگیز لە ژینگە جیاناکرێتەوە، زۆرجار مرۆڤ لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەیەکەیدا دەکەوێتە ململانێ، بەڵام ئەو وزە و توانایەی نییە ئارەزووەکانی بێنێتە جێ، بۆیە کۆڵ دەدا و دوورە پەرێز دەوستێ، جا ئەگەر بەدیدێکی ئارکیۆلۆژی بچینە بنجوبنەوانی ئەو سەردەمە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆیە شارێکی کراوە بووەو کاروان سەرا بووە، خانوو و باڵەخانە و بازاڕی گەورە و مزگەوتی زۆری بەخۆوە دیوە، لە شارەکانی تری کوردستانی گەورەدا جگە لە شاعیر و قوتابیانی خوێندن هونەرمەند و گۆرانیبێژ ڕوویان تێ کردووە، بە تایبەتی دیوەخانە والا و ڕازاوەکەی ئەختەر، کەواتە جگە لە فاکتەری خودی، فاکتەری بابەتی لە کۆمەڵگەی کراوەی کۆیەدا دەورێکی سەرەکی لە دروستکردنی ئەو دیاردەیە بینیوە، شاعیر سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، باوەڕی بەخۆی بووە کە ئەو عەقڵ و بیروهۆشەی هەیەتی شیاوی ئەوەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هونەر بکات و دیوەخانەکەی پێ بڕازێنێتەوە، دڵ و دەروونی دانیشتوو و گوێگران بێنێتە جۆش و خرۆش، ئیسلامی ئەو سەردەمە گەلێ کراوەتر بووە لەو سەردەمەی ئێستا کە هەندێ ئیسلامی سیاسی سەلەفی و ئوسووڵی بانگەشەی بۆ دەکەن، «دەبێ خوێنەر بزانێ کە ئیسلام قەوارەیەکی جەوهەری نییە بە درێژایی مێژوو ناگۆڕێ، خۆی قەوارەیەکی ئەبەدی و ئەزەلی نییە کە هیچ شتێ کاری تێ نەکات و کار بکاتە سەر هەموو شتێک وەکو خەڵکی موسڵمان خەیاڵ دەکەن»[٥]. ئیسلام کلاسیکی سەردەمی ئەختەر- بەکرانەوەو والاکردنی هزری عەقڵی ئاست بالا، بایەخدانی زۆری بە ئەزموونی ڕۆحیی سۆفیزم جیا دەکرێتەوە کە ئەمە هەمووی سەبارەت بە ئیسلامی هاوچەرخ کۆتایی هات.

لێرەدا بۆم هەیە بڵێم ئەگەر (ئەختەر) مرۆڤێکی خاوەن هزر و بەهرە نەبوایە دیوەخانەکەی تەنیا بۆ میوانداری و چاو و قاوە خواردنەوە با، نەک کۆڕی ئەدەب و هونەر و ئاهەنگ و گۆرانی تەنانەت لە پانتاییەکی کراوە و بەرفراوانیشدا، بۆیە دەپرسین «لەبەرچی لە پێشەوە بوون بە بەرپرسی هزری دراوە نەک بە بەرپرسی ئاکاری، بەڵکو تەنانەت ڕۆحیش لە واقیعدا ڕزگاربوون ناکرێ ببێ ئەگەر هەڵوەشانەوەیەکی ڕیشەیی هەر نەتەوەیەک، یان تایەفەکی ئاینی نەکەین لە پێناو تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنەوەی سەرلەنوێ. پاشان لە پێناو لادانی ئەوەی کە تێیدا دەست نادات هێشتنەوەی ئەو ڕەگەزە ئیجابییانەی کە دەکرێ لە بنیاتی نوێدا بەکاربهێنرێن. لەبەرئەوە دەڵێم کە ئێستا پێشەکی بۆ پراکتیزەکردنی ڕەخنەی مێژوویی زبانی و سیمیائی (دەلالی) و ئەنثرۆپۆلۆژییە لەسەر کولتوور»[٦] هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی مێژووی ئەو سەردەمە کار و ڕەفتار و زهنییەتی (ئەختەر) دەستنیشان دەکەین. کە ئەو حەلە ئەو کۆت و پێوەندەی کە ئێستا بە ناوی ئیسلامەوە بەسەر مرۆڤی کورددا دەیسەپێنن نەبووە کە لە ژێر پەردەی (من تمنطق فقد تزندق) ئەوەی پەناباتە بەر لۆژیک دەبێتە زەندیق پێڕەو دەکرێ و سەربەخۆیی و ئازادی مرۆڤ خەفە دەکرێن و خۆشی و شادی دنیای لێ زەوت دەکەن، بەڵام ئەختەری شاعیر لەو ئاقارە نزیک نەبووەتەوە کە گیرۆدەی ئەو ڕێبازە دواکەوتووە بێ کە ئاین تەنیا هەر بۆ ئاینە و چیتر نا و پشتکردنە دنیای خۆشی و کامەرانی و ڕابواردن و ئاهەنگگێڕان لە ژیانی مرۆڤدا نیشانە و جەوهەری دیندارییە. هەروەکو جەلالەددینی ڕۆمی دەڵێ: «مرۆڤ بناغەی بوونە، هەرچییەکە کە خوا دروستی کردبێ بۆ خزمەتی مرۆڤە، ئاین بۆ ئەوە هاتووە کە خزمەتی مرۆڤ بکات، نەک مرۆڤ بۆ خزمەتی دین...»[٧] لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕێچکەی ئەختەر لە ژیانیدا کە هەڵیبژاردووە بە ڕێچکەیەکی باشی داناوە و خزمەتی خۆی و دەوروبەری پێ کردووە، بایەخێکی بە مەسەلەیەکی گرینگ داوە کە شیعر و هونەرە، کە هەردووکیان وەک دوو ئەڵقەی بەیەکەوە بەستراون لێک جیانابنەوە. هەر کارێکی مرۆڤیش کە زیانی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی و بیروباوەڕی ئاینی نەبێ، ئەوە لای خوا باشە و پەسندە، هەروەکو لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە «کل مایراه المؤمنون حسناً



فهو عند اللّه حسن»[٨] واتە هەر شتێ کە ئیمانداران بە باشی دەبینن لای خوداش باشە. کەواتە ئەو مێژووەی کە ئەختەر تێیدا ژیاوە، بە مێژووی ئاینی ئیسلام لەو سەردەمەدا لە قەڵەم دەدرێ، کە دەلالەت لە پێشکەوتن دەکات و لە ئێستادا کراوەتر بووە و تەیمانی دوگماتیزمی بەلاوە ناوە، وەکو مرۆڤێکی دنیاخواز ڕەفتاری کردووە، بێ ئەوەی لە کرۆکی ئاین لا بدات.

## ئەختەر و سنوور بەزاندنی لاهووت

ئەختەر وەک مرۆڤێک و ئاغایەکی خاوەن دیوەخان و دەسەڵات، سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، مەبەستیش «لێرەدا لە سەربەخۆیی خودی بەشەرییە کە وای لێهاتووە ڕەوشت و ڕێساکانی ڕەفتار و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر بەرپرسیی تایبەتی خۆی گەلاڵە دەکات، یاسادانان بۆتە مەسەلەیەکی ڕووتی بەشەری»[٩] لە دیدی ئەو سەربەخۆییە و ئازادییەی ئەختەری شاعیر بە خۆی ڕەوا بینیوە، عەقڵی لەلاهووتی کۆنی دۆگماتی دەرباز کردووە، لەگەڵ شارستانی و ژیاری گەردوونی خۆی گونجاندووە، سنووری ئەو شتە باوە پیرۆزانەی کە هێڵی سووریان بۆ کێشاوە، بەزاندووە. تەنانەت کولتوور و سامانی نەتەوایەتی کە بە شتێکی ڕەها وەک بڵێی خەتێکی ڕاست و ڕەوانە لە مێشکی خەڵکی سادە و نەزان چەسپاوە کە قابیلی گۆڕان نین، بەگژیان داهاتووە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن هەنگاوی هەڵێناوە و بەجۆرێ ڕەفتاری کردووە کە لەگەڵ سەردەمی خۆی ناکۆک نەبێ. کە بایەخی بە دنیای شادی داوە، مانای ئەوە نەبووە لە ژیاندا تووشی ئێش و ئازار و دوورخستنەوە لە زێدی خۆی نەبووە، بەڵام لە ڕووی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاروباری دنیادا بە شێوەیەکی عەقڵانی هەڵسوکەوتی کردووە، چونکە «ئیسلام ئاینێکی عەقڵییە وەک شێخ محەمەد عەبدە لە ڕووی ئاکاری و فەلسەفییەوە لێی دەدوێ. ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ– کەواتە– دژایەتیی زانست ناکات، پێشکەوتن ڕەت ناکاتەوە و گۆڕان تووڕنادات. بگرە دەکرێ ببێتە بناغەیەکی ڕۆحی و ئاکاریی ژیانی نوێ»[١٠].

کە ئەختەر ڕووی کردووەتە جیهانی هونەر بە شیعر و مۆسیقا و گۆرانییەوە بەشداری کردووە لە نوێکردنەوە و بیرکردنەوە لە مەرجەکانی لاهووتی بۆ ئەوەی ئیسلام لە وەزیفەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی بەکاربێ، نەک هەرچی

وتراوە بە مێشکێکی داخراو وەربگیرێ و خزمەتی ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانی نەکات. «کە زانستی لاهووت پێوەندی بەزەوی و گیروگرفتە بەرچاوەکانی مرۆڤەوە هەیە، تەنیا چەند ڕوانینێک بێ لە کاروباری خواوەندی، یان لە ئاسمان»(١١) هەر بۆیە لە شیعرەکانیدا ئەو خەتە سوورەی بەزاندووە کە کەلەپووری میللی بۆ هەندێ شتی کێشاوە کە ناکرێ بەجۆرێکی تر باس بکرێن و پیرۆزمەندی بدرێ بەوەی کە پیرۆز نییە. شاعیر بە حوکمی ئەوەی پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و وێنەکێشانی لە ئاسا بەدەر، دەشێت ئەو سنوورەی کە قەدەغەیە لێی تێپەڕێ، بیبەزێنێ هەروەکو گوتراوە: «ئەوەی بۆ شاعیر دەشێ بۆ هیتر ناشێ»، هەروەها «مرۆڤ تەنیا بە عەقڵەوە ناژی، بەڵکو بەفەڕ و پڕی خەیاڵ و سەرکێشی و فراوانی داهێنانەکەی، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە گشتی قبووڵیان نییە و ئامادەنین عەقڵ و خەیاڵ وا لە قەڵەم بدەن کە دوو شتی بەیەکەوە بەستراون، یان دەکرێ هەردووکیان پێکەوە لە ئارادابن، بەڵکو دوو شتی هاودژن، یان ناکۆکن، واتە یەکیان ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە...»(١٢) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەختەر جڵەوی خەیاڵ بەرەڵڵا دەکات و عەقڵ بەلاوە دەنێ و سنووری هەندێ شتی پیرۆز کە لاهووت بە شتێکی ڕەهایان تێدەگات دەبەزێنێ و خۆی لە مەسەلەیەک دەدات کە مەسەلەی پیرۆزمەندییە «ئەم مەسەلەیەش- مەسەلەی داکشانی پیرۆزمەندی- ئێستا بەگژداهاتنێکی گەورەیە سەبارەت بە هزری ئیسلامی، بەڵکو دەکەوێتەوە بازنەی موستەحیل کەوا بیری لێ بکرێتەوە. مانای ئەوەیە تەنانەت ئێمە ناوێرین بیخەینە ڕوو»(١٣) کەچی ئەختەر بوێرانە خۆی لێداوە و لە قاڵبیکی شیعریدا دەری بڕیوە. وەکو شێخی سەنعان کە عیشقی کچێکی مەسیحی لە دینی وەرگەڕاند، ڕەفتار لەگەڵ جوانی و شۆخ و شەنگی یار، یان ئەو نازدارەی بەخەیاڵ وێنەی کێشاوە، دەکات.

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمان، چەند نموونەیەکی شیعری ئەختەر دەهێنینەوە، کە لە چوارچێوەی زەمەنی خۆیدا چ جۆرە بوێرییەکی نواندووە، چۆن پەنا دەباتە بەر خەیاڵی وێنەکێشانی داهێنان: «لە هۆنراوەی دەخیلت بم»دا دەڵێ:

دەخیلت بم لە عوشاقت مەڕەنجە
دڵ و دینم فیدای ئەم لار و لەنجە (١٤)





دڵ و دین دوو شتی لێک جیان، مادی و مەعنەوین، دڵ مەڵبەندی ڕاز و نیازە، پێشکەشکردنەکەی شتێکی درکەییە و پێشکەشکردنەکە هەڵوێستێکی بە سۆزی شاعیرە کە دەینوێنی و دینیش مەسەلەیەکی خۆرسکییە و مەعنەوییە کە پێشکەش ناکرێ، بەڵام شاعیر سنوورەکە دەبەزێنێ و خۆشەویستی دڵبەر ئەوەندە سەری کردووە کە شاعیر عەقڵی لە دەست داوە، کە عەقڵیشی لە دەست دا، دڵ ، دینی نامێنی و بێ هۆش دەبێ، کێ ئەمڕۆ دەتوانێ بە خۆشەویستەکەی بڵێ دڵ و دینم بە قوربانی لار و لەنجەکەت بێ، ئەوە لە کاتێکدا دەربڕینی خوازەش ڕێگەی پێ نادرێ و گومرگی زۆری پڕ مەترسی لەسەر دانراوە.

لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

تەماشاکە سەراپا -ماهم- ئەختەر
هەمووی عیشوە و فریب و ناز و غەنجە(١٥)

شاعیرهونەری خواستنەوە (إستعارە)ی بەکارهێناوە کە کچە نازدارەکەی بە (مانگ) چواندووە، مانگیش خۆڵقاوێکی خواوەندییە و ناکرێ جوانی و گەشانەوەی بەکچێک بچوێنرێ، ئەوەش دیسانەوە سنوور بەزاندنی پیرۆزمەندییە لە ڕوانگەی لاهووتەوە.

لە شیعری «لە سینەی ئیجاد بوو...»دا دەڵێ:

لە سینەی ئیجاد بوو دوو بەی
قوبەی تاجی کاوس و کەی
زینهار نەکەی دەستیان لێ دەی
با بمینێ بۆ نیشانە(١٦)

شاعیر وەسفی مەمکی یارەکەی دەکات، زۆر هونەرمەندانە وێنەی بۆ دەکێشێ، کە دوو بەهێی تازە سەریان هەڵداوە ناڵێ وەکو فۆلکلۆری کوردی دەڵێ:

تازەی داناوە بناغەی مەمکی
داخوازیم لێکرد لە خۆی و دایکی

لێکچوواندنی دوو مەمک بە دوو بەهێی تازە ئیجاد، خواستنەوەیەکی ڕوون و

ئاشکرایە. شاعیر هەر بەو وەسفەش ناوەستێ، بەڵکو سەرگۆی مەمکەکان پیرزۆمەندییەکی وایان پێ دەبەخشێ کە شکۆداربن و دەیانکاتە گومەزی تاجی کەی کاوس و کەی خەسرەو، هەر بەمەش لێ ناگەڕێ، بەڵکو عاشقانی ئەو نازدارە ئاگادار دەکات کە نەکەن دەستیان لێدەن، وەک چۆن ناکرێ دەست بۆ هەردوو گومەزی تاجی پاشاکان بەرن و مایەی مەترسییە، هەر ئاواش ناکرێ لێیان نزیک بەرنەوە، بەڵکو با بۆ جوانی وەک نیشانە بمێنن و سەرچاوەی سرووش و ئیلهامی شاعیران بن.

شاعیر بە تاسەوە ئارەزوو دەکات ئەگەر بەنهێنیش بێ دەست بۆ بەهێیەکان ببات، بەڵام وەک خۆی دەڵێ:

لەپەنهان دەستم برد بۆ بەی
ماران گاز بووم ترسام لەحەی
باخەوان بانگ ئەکانە کەی
ئێرە باغی شای مارانە[17]

هەڵبەت ئەوەی ماران گاز بێ، لەمار دەترسێ، لەوەش زیاتر بەهێیەکە ئەوەندە پەرژین قایم و پلەوپایە بڵندە، کە باخەوانەکەی کەسێکی ئاسایی نییە کە زەفەری پێ ببرێت، بەڵکو کاوس وکەی خەسرەوی شاهەنشایە، بۆیە پەنا بۆ ئەو دەبات کە باغی مەمکەکە، باغی شای مارانە و مردنی بە دواوەیە هەر کەسێ پێ بنێتە باغەکە.

کە ئەختەر دێتە سەر وەسفی خاڵی ئەو شۆخ و شەنگە، وەک هەر شاعیرێکی تر، بە حەبەش و شەوی تاریکی ناچووێنێ، بەڵکو مۆرکێکی پیرۆزی پێ دەبەخشێ و دەڵێ:

خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتی
(حجر الأسود) خۆیەتی
هەرچی بکا زیارەتی
لە مەرتەبەی شەهیدانە[18]

بەپێی دابونەریتی ئیسلامی ئەمڕۆ چوواندنی خاڵی سەر ڕوومەتی کچێکی نازدار بە بەردە ڕەشی کەعبە، کە هەر لە سەردەمی جاهلییەوە پیرۆز بووەو تا ئێستا بە



پیرۆزی و لە شوێنێکی پیرۆزدا ماوەتەوە، سنوور بەزاندنی لاهووتیە و بە کوفر و لە ئاین لادان لە قەڵەم دەدرێ، ئەوە لە کاتێکدا بەرجەستە کردنی خاڵەکە بە بەردە ڕەشی کەعبە خواستنەوەیەکی ڕوونی ئاشکرایە و هەردووکیان ئەوەندە پیرۆزن و لە شوێنێکی پیرۆزدان، بەڵام سەردانی خاڵەکە چ بە دەست لێدانی، یان ماچکردنی کارێکی ئەوەندە سانا نییە کە هەر کەسێ ویستی بە ئارەزووی خۆی بگاتە ئامانج، بەڵکو قوربانیی گەرەکە، کە عاشقی شەیدا دەبێ لە پێناویدا خوێن بڕێژێ، ئەو کەسەی بوێرێ کارێکی وا بکات دەچێتە خانەی شەهیدانی ڕێگەی ئەڤین و خۆشەویستی.

لە شیعری (ئەمان ساقی)دا دەڵێ:

فیدای چاوی سیاهت بوو، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵە و ئەگەر دینە[19]

کە شاعیر لە حاڵەتی هۆشیاریدایە، چاوی بە چاوە ڕەشەکەی ئاودێر دەکەوێ، کە کچێکی شۆخ و شەنگە و کاردەکاتە سەر ئەو عەشقە بە جۆشەی بە دڵ و دەروونیدایە، هۆشی لەبەر خۆی نامێنێ کە قوربانی چاوەڕەشەکە بووە، هەر چ لە عەقڵ و دین هەیبوو هەمووی بەتاڵان دەچێ، لە پێناوی چاوێکی ڕەشدا شاعیر لاهووت پێشێل دەکات و دینەکەی بە تاڵان دەچێ، کە یارەکەی لێی دوور دەکەوێتەوە بە گوناهێکی گەورەی تێ دەگات. ئەگەر عاشقی ئەوەندە شێت و شەیدای کردبێ، تا ڕادەی ڕیسوایی بوون وەکو خۆی دڵێ:

مەکەن لۆمەم لە ڕیسوایی ڕەفیقان
کە عەقڵ و عاشقی لێکتر جودایە[20]

شاعیر وەکو مەجنوونەکەی لەیلا لەبەر تەوژمی عەشقی پیرۆزی ئەو عەقڵەی هەیەتی لە دەستی دەدا، کە مرۆڤیش عەقڵی ڕۆیی، دینیش لە دەست دەدات. بەرانبەرەکەشی ئەوەندە بێ ویژدانە بەزەیی بەو عاشقە دڵ سووتاوە نایەتەوە، تەنانەت ئەگەر بشمرێ، شاعیر خۆی بە شەهید لە قەڵەم دەدا، کەچی ئەو کچە بێ ویژدانە کە لێی دوورکەوتۆتەوە، وەک کافرێک سەیری دەکات کە کوشتنی ئەو عاشقە لەلای ئەو غەزایە وەک شاعیر دەڵێ:

لەلام قوربان ئەگەر بمرم شەهیدم
لەلای تۆ کوشتنی عاشق غەزایە[٢١]

مردن لە پێناو گەیشتن بەیار بەپێی چەمکی لاهووت لادانە لە دابونەریتی ئیسلام، کەچی شاعیر ئەو سنوورە دەبەزێنێ کە یارەکەی بۆی کێشاوە، کە کوشتنەکەی بەکارێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدات، وەک چۆن یەکێ لە غەزادا کافرێک بکوژێ.

لە شیعری «ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم»دا دەڵێ:

عیلاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەی دینم
نەوەک بمرم بەناکامی غولامێکی ئەمەکدارم
لە هیجری چاوەکەی مەستت دڵ و دینم بەغارەت چوو
میسالی شێخی سەنعانی خەریکی دێر و زیننارم[٢٢]

ئەو یارەی کە شاعیر دیلی مەینەتی دوورکەوتنەوەی بووە، تووشی دەردێکی گرانی کردووە، بۆیە چارەسەرکردنەکەی لەلای ئەوە، چونکە بووەتە قیبلەی ئاینەکەی و کە مرۆڤ ڕوو بکاتە قیبلەی پیرۆز سکاڵای دەردی خۆی بکات، دوعایەکەی قەبووڵە. لەوەش زیاتر ئەو کۆچکردنەی یارەکەی، کە چاوی بە چاوی ناکەوێتەوەئەوەندە کاری تێکردووە کە دڵ و دینەکەی کەوتووەتە بەر هەڵمەت و شالاو، کە ڕادەی عاشقی وەکو شێخی سەنعانی لێ کردووە کە هەر خەریکی دێر و زیننار بێ، کە شاعیر یارەکەی خۆی بکاتە قیبلەی دینەکەی و لە دوورکەوتنەوەی چاوە مەستەکەی دینەکەی بە هەڵمەت بچێ و ببێتە شێخی سەنعان و خەریکی دێر و زیننار بێ، ئەی سنوور بەزاندنی پیرۆزمەندییەکان دەبێ چی بێ ئەگەر وا نەبن؟ (ئەختەر) وەکو شاعیرێکی متەسەویف عاشقی یارەکەی بووە، لای ئەو گەیشتن بە یار، گەیشتنە بە پلەی ئیشراقی سۆفییانە، ئەو حەلە لەناو ئەو عیشقە دەتوێتەوە، دەبێتە شێخی سەنعان بۆیە دەڵێ:

زاهید و سۆفی ئەگەر سەد ساڵی تر تەقوا بکەن
شارەزا نابن وەکو من موشکیلەی ئەم وادییە
شێخی سەنعانی ئەگەر دەستی بەدامانت بگات
خەرقەو و تەزبیح و تاج و تەیلەسانی بۆ چییە[٢٣]



شاعیر کە زاهید و سۆفی سەد ساڵی تر لە خواوە خۆیان نزیک بکەنەوە و بترسن و خەریکی تەقوابن، شارەزاییان وەک ئەو نابێ لە گرفتی ئەم دۆڵە، کە ئاشەوان لە خەیاڵێکە و ئاشیش لە خەیاڵێ، عەشقی شاعیریش وەک عەشقی شێخی سەنعان کە گەیشتە خۆشەویستەکەی خۆی سنووری لاهووتی بەزاند و بوو بە بوونەوەرێکی دیکە بێ ئەوەی خۆی لە خواپەرستی دووربخاتەوە و بە دیدێکی یەکبوونی ئاینی سەیری ئاین و لاهووتی دەکرد. لێرەدا ئەختەر ئەو سنوورە کۆنەی بۆ ئاین کێشرابوو، کە ئاین بۆ ئاینە و بۆ دنیا نییە، دەشکێنێ و بەدیدێکی نوێ سەیری لاهووت دەکات. لە شیعری «لە نەشئەی بادەی.»دا، ئەختەر گلەیی لە بوونی پەچە دەکات کە ڕێگە بەو شاعیرە دڵدارە نادات کە سەردانی یاری نەخۆش بکات، ئەوە لە کاتێکدا ئارەزووی ئەو سەردانە دەکات، وشەی (عیادە)ی بەکارهێناوە کە ئێستا ماناکەی بە هەڵە پێچەوانە کراوەتەوە، کە سەردانی دکتۆرە بۆ نەخۆش، نەک وەک ئێستا سەردانی نەخۆشە بۆ لای دکتۆر، کە پەچەکە ڕێگر بێ لە سەردانەکە، شاعیر لەوە دەترسێ کە شەرمی یار بە دەرد و مەینەتی دوورکەوتنەوە بیکوژێ، ئەوەی کە شایەدبوون، قازی فەتوای داوە بە کوشتنی دووچاوە مەستەکەی یارە، چارەسەری کوشتنەکەش فەتوای بێ بەزەیی موفتییە، کە بەپێی چەمکی لاهووت حوکمێکی ڕەهایە و کارێکی ڕاست و ڕەوانە و دەرچوون و سەرپێچی شاعیر لەو حوکمە دەرچوون و لادانە لە دابونەریتی باوکە و ئاینی سەردەم سەپاندوویەتی.

ئەوەتا ئەختەر دەڵێ:

حیجاب لێ ناگەڕێ مەیلی عیادەت کا بەلای عاشق
بەدەردو میحنەتی هیجران دەترسێم بمکوژێ شەرمی
دووچاوی مەستی شاهید بوون کە فەتوای داوە بۆ قەتڵم
عیلاجی موفتی یەعەشقم لەگەڵ فەتوایی بێ ڕەحمی[٢٤]

لێرەدا شاعیر موفتی کە ڕابەری ئاینە مەحکوم دەکات کە حوکمێکی ستەمکارانەی داوە، ئەو فەتوا بێ بەزەییە وای کردووە کە یارەکەی پەچە بپۆشێ و ئەختەر نەتوانێ سەردانی بکات.

لە شیعری (بەتیری غەمزەیی)دا ئەختەر دەڵێ:

وەصیەت بێ کە مردم کێل و تابووتم لە عەرعەربێ
هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم[٢٥]

ڕاسپێرییەکەی شاعیر کە تابووتەکەی لە عەرعەربێ کارێکی ڕەوایە، بەڵام دابودەستووری ئاین هەرگیز ئەوەی قبووڵ نییە کە کێڵی گۆڕەکەی لە داری عەرعەربێ، ئەم جۆرە داخوازییە شکاندن و بەزاندنی سنووری لاهووتە کە نابێ دەسکاری بکرێ و بگۆڕدرێ... پاساودانەوەی جێبەجێکردنی ڕاسپێرییەکە لە دەست شاعیر دەرچووە، چونکە جڵەوی دڵ کە سەرچاوەی سۆز و ڕازە، نەک عەقڵ و لۆژیک لە دەست شاعیر نەماوە.

دوا وەستانمان لەسەر شیعرەکانی (ئەختەر) ئەو دێڕە شیعرەیە کە شاعیر دەڵێ:

دەخۆم سوێندێ بەقورئانی جەمالت
ڕیازی جەنەتم زیندانە بێ تۆ[٢٦]

ئەختەر سوێندێکی ئەوەندە گەورە دەخوا بە دەستوورێکی تا بڵێی پیرۆز کە قورئانە و داویەتییە پاڵ جوانی یارەکەی کە ئەوەندە شێت و شەیدا و هۆگریەتی کە باغی بەهەشتەکەی لە دووری ئەودا زیندانی تاریکە، شاعیر ئەو مافە بەخۆی دەدا کە قورئانی پیرۆز بکاتە سوێندێک بۆ جوانی و شۆخی و نازداری یار... ئایا لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا دەکرێ سوێندێکی ئاوا بخورێ کە سەلەفییەکان و ئوسووڵییەکان بە کوفر و لە دین دەرچوونی لە قەڵەم نەدەن؟ بەڵام مێژووی شیعرەکە ئەو جۆرە سوێندەی قبووڵ بووە، ئێمەش دەقی شیعر لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی دانابڕین، بە ڕوانینێکی کراوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، ئەو حەلە خەڵکەکە ئەوەندە وشک و مێشک داخراو نەبوون کە شاعیر نەتوانێ لە ئاقاری کولتووری ئاینیی نزیک بێتەوە کە ڕەگوڕیشەی لە قووڵایی هۆش و هەستی مرۆڤی کوردی موسڵمان داکوتاوە و نەتوانێ بۆ مەبەستێکی شیعری تەوزیفی بکات و وەکو مەسەلەیەکی ڕۆحی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بدەم کە من لە ڕوانگەی میتۆدێکی ڕەخنەسازی لە شیعرەکانی (ئەختەر) دواوم و مەبەستم ئەوەبوو کە: «ڕەوتی مێژوویی ئێستا کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ململانێیەکی توندوتیژ لە نێوان هێزە



ئوسووڵییەکان و هێزەکانی جیهانگەرایی، یان نێوان جیهادی ئوسووڵی و نوێخوازیی جیهانی بەخۆ دەگرن پێویستە بە چاوی بایەخ سەیر بکەین»(٢٧).

من ئەختەر تەنیا وەک شاعیر سەیر ناکەم، بەڵکو وەک هونەرمەندێکی نوێخواز کە لەسەردەمەکەی خۆی تێپەڕی کردبوو، بە جۆرێ ئاوازی بۆ هۆنراوەکانی خۆی دادەنا، یەکێ لەو هۆنراوانە (لە سینەی ئیجاد بوو)ە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر هونەرمەندی گەورەی شانۆیی کورد (ئەحمەد سالار) لە شانۆنامەیەکیدا ئەم چوارینەی کۆتایی شیعرەکەی تەوزیف کردبوو:

ئاهوەکانی سەحرای خوتەن
ئێرەیان لێ بۆتە مەفتەن
لێیان گەڕێن سڵیان مەکەن
با چارە کەن ئەم دەردانە[٢٨]

لە شانۆنامەکەدا ئاماژەی بە دەروێش عەبدوڵڵا کردبوو کە بە ئاوازێکی تایبەتی لە سلێمانی لە سەردەمێکی کۆندا گوتبووی، لە بەغداوە تەلەفۆنم بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار کرد و پێم گوت ئەم هۆنراوەیە هی ئەختەرە و لە کاتی خۆیدا لە دیوەخانی ئەمین ئاغا– ئەختەر– دەروێش عەبدوڵڵا فێری ئەو بەستەیە بووە و هەڵبەت هەر ئەختەر ئاوازی بۆ داناوە... بە ڕێکەوت وابزانم ساڵی ١٩٨٨ لە سلێمانی شانۆنامەکە نمایش کراوە، هونەرمەندی دەنگخۆش بورهان محەمەد، گۆرانییەکەی چڕی و لە دوای هەر نیوە دێڕێک دەیگوت:

بۆت بمرم جانانە(*)

دەروێش عەبدوڵڵای دەنگخۆشی هونەرمەندی دەفژەن، وەکو هونەرمەندێک ئەو کاتە ڕووی کردووەتە دیوەخانی ئەمین ئاغا و بەشداری ئاهەنگی گۆرانی ئەوی کردووە، هۆنراوەکەی ئەختەریش لەسەر دەریای هەزەجی عەرەبییە و بەکێشی پەنجەش (٨) بڕگەیە.

## ئەنجام

نەمویست لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر شیعرەکانی (ئەختەر) بنووسم، تەنیا ئەو لایەنەم هەڵبژارد کە دەتوانم بڵێم بابەتێکی نوێیە و تا ئێستا هیچ نووسەر و ڕەخنەگرێک بایەخێکی ئەوتۆ یان بەو لایەنە نەداوە. کە ورووژاندنی مەسەلەیەکی گرینگە و دەچێتە خانەی مەسەلەی ڕەخنەی عەقڵی دینی سەردەمی ئەختەر و بەراوردکردنی لەگەڵ عەقڵی ئەمڕۆی ئیسلام، کە نزیکەی (١٢٠) ساڵ لەمەوبەر جەوهەری ئیسلام لە چوارچێوەی مێژوویدا چۆن بووە، ئەمڕۆش چۆنە و بە چ شێوەیەک سەلەفییەکان بە عەقڵێکی دۆگمانی داخراو تەوزیفی ئیسلام دەکەن، شاعیرێکی خاوەن سامان و مۆڵکێکی زۆر، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کولتوور کردووە، چۆن لە نێوان دین و دنیادا پردێکی زێرینی بنیاد ناوە و تەرازوو بەندێکی گونجاوی لە نێوانیاندا خوڵقاندووە، کە دەکرێ بە دیاردەیەکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین، کە نە لە سەردەمی خۆی و نە لەدوای خۆی هیچ ئاغایەکی سامانداری ئاوا بایەخی بە هونەری گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا نەداوە، هیچ شاعیرێکیش وەکو ئەو مامەڵەی لەگەڵ لاهووتی ئیسلامی نەکردووە، ئەگەر بگوترێ هەموو سەردەمێ پیاوانی خۆی هەیە، ئەوا ئەمین ئاغا- ئەختەر - پیاوی سەردەمی ئێستاشە، کە ناوونیشانی، کردەوەکانی، شیعرە بوێرەکانی و ئاوازە بە سۆزەکانی نەمری و جاویدانی پێ دەبەخشن و هونەری گۆرانی و مۆسیقا و شیعری ڕەسەن و پاراوی شارەکەی کۆیە قەرداری ئەو کەڵە پیاوەیە، کە شیاوی ئەوەیە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری فراوانی بۆ بکرێ، گۆڕەکەی بە شێوەیەک نۆژەن بکرێتەوە کە شیاوی پلەوپایە دیارەکەی بێ، شەقام و قوتابخانە، سەنتەری هونەری و ئەدەبی ناوی ئەویان لێ بنرێ.

پەراوێزەکان:

١- ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، پێداچوونەوەی کەریم شارەزا، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦، ل٢٧.

٢- محمد أركون، قضايا في نقد العقل الديني، كيف نفهم الإسلام اليوم، ترجمة و تعليق، هاشم صالح، دار الطليعة، بيروت الطبعة الثالثة ٢٠٠٤، ل٩٣.



٣- ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ل٢٢.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٥- محمد أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل١٧٤.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.

٧- عبدالرزاق عيد، محمد عبده، أمام الحداثة والدستور، معهد الدراسات الإستراتيجية، الطبعة الأولى ٢٠٠٦ بغداد، بيروت ل١٣٠.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

٩- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل٣١٦.

١٠- عبدالرزاق عيد- محمد عبده- أمام الحداثة والدستور، ل١٢٠.

١١- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، پەراوێزی ل٤٧.

١٢- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل ..٢٠.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

١٤- ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ل٣٨.

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٢٦- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل٣٢.

٢٧- ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری.

# سیمفۆنیای خۆشەویستی لە گەرووی مەرگدا

لە کۆ شیعری

پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمانی ئیسماعیل بەرزنجیدا

«وشە ئەو بیرۆکە ئاشکرا دەکات کە کۆنترۆڵی شاعیر دەکات» لەبەرئەوە «پێویستە لە سەرمان بۆ ئەوەی بچینە ناو ڕۆحی نووسەرەوە لەو وشانە بگەڕێین کە لە بەرهەمەکانیدا زۆریان بەکاردەهێنێ.»[١]

لەم ڕوانگەیەوە کە کۆ شیعری (ئیسماعیل بەرزنجی) بە ناوی «پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان» دەخوێنینەوە دەبینین کە وشەی مردن، مەرگ، گۆڕستان و ئەو پەیڤانەی کە دەلالەت لە مردن دەکەن زۆر بەکاردەهێنێ کە لە (٣٥) جار زیاترن. ئەم حاڵەتەش هەستی شاعیر دەردەبڕێ وەک مرۆڤێکی هەست ناسک، هەستکردنیش لای شاعیر هەستکردنە بە مرۆڤێکی تر کە هاوسەری شاعیرە و ئەم جۆرە هەستکردنەش لای شاعیری ڕۆمانسی زیاتر لە هەموو شتی تر بەندە بە ساتی مەرگ، ئەو مەرگە تراژیدییەی کە خۆشەویسترین کەسی لێ دەستێنێ، کە بەدەم ئازارێکی کوشندەوە سەری ناوەتەوە، هەرچەندە شاعیر ویستوویەتی بەو ئومێدە بژی کە (ساماڵ)ی هاوسەری بۆی دەژی و نامرێ. لێرەدا «سێ شێوازی بنەڕەتی لە ئارادایە بۆ بەرگری ڕاستی کە هیوایە، شێوازی دووەم بۆ بەرگری حەقیقەتی مەرگ خۆشەویستییە، شێوازی سێیەم کە بنەڕەتی ترە لە هەردووکیان لەم بەرگرییەدا ئەویش پەیڤی شیعرییە».[٢]

شاعیر لە شێوازی یەکەمدا نائومێد بووە، گەڕاندنەوەی خۆشەویسترین کەسی بۆ ژیان لە دەسەڵاتی ئەودا نەبووە، بۆیە دوو شێوازەکەی تر کە خۆشەویستی و پەیڤی



شیعرییە ئاوێتە دەکات وەک چۆن دوو جەستەی بۆ یەکتر خوڵقاو لە یەک ڕۆحدا بەرجەستەو ئاوێتە دەبن. ئاواش خۆشەویستی و شیعر لە یەک بۆتەدا تێکەڵ بە یەکتر دەبن و حەقیقەتی مەرگی ناوەخت بەرجەستە دەکەن، نرخ و بەهای مرۆڤیش لە مەرگەوە وەردەگیرێ. ئەو کاتە مرۆڤ هەست بە ژیان دەکات کە ئازیزێکی لەپڕ لە دەست دەدات و بە هیچ شێوەیەک بۆی ناگەڕێتەوە، بۆیە شاعیر لە شیعری «مردن هەمیشە ڕوخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات» وتوویەتی:

جوان بوون
هەر هەموویان جوان بوون
(دایانا، ساماڵ، دالیدا)
یەک لە یەک جوانتر بوون
لە زیواو هەڵێنجرابوون و
مەمکی مانگیان مژیبوو
...
من بە سەماوە جوانم
بە (دایانا و ساماڵ و دالیدا)وە
جوانتر بووم
ئەوەی لەبیرم مابێت
چلەی زستان بوو کەلێمان قەوما
دوو مێینەم بە پشتی خۆم دادا
لە ڕۆژاوای هەولێر
دایکەکەیانم تەسلیم بە خاک کردەوە وتم:
– سوپاس ئەوەتا ئەمانەتەکەت

خۆشەویستی (ساماڵ)ی هاوسەر سیمفۆنیایەکی شیعر ئامێزە، بەڵام بە داخەوە لەناو گەرووی مەرگدا کپ دەبێ، کەچی شاعیر بە پەیڤی شیعری ئەم خۆشەویستییە ئەوەندە باڵا دەکات کە خۆی بە سەماوە جوانە، بەڵام بە (ساماڵ)ی جوانەمەرگ

جوانتربووە، ئەو جوانییەش بۆتە چەند جوانییەکی تری جاویدانی، جوانی کوکوختی و پشیلە، کە دوو زارۆکە جێماوەکانی دوای مەرگی دایکی ئازیزیان هۆگری ئەو دوو بوونەوەرە ماڵییەن و بەلایانەوە جوانن.

شاعیر مەرگێکی سامناکی ناوەخت بەرجەستە دەکات کە لە زستانێکی سارد و سەختدا لێیان قەوما، ژیانیشیان بەر لەو مەرگە، ژیانێکی تراژیدی پڕ مەینەت بوو، وێڕای ئەوەش دڵخۆش بوو بەو هاوسەرییە و بوونی (زیلان و کاڵێ) کە ڕووناکی ماڵەوە بوون:

تێک دەئالاین
تێک دەئالاین و بە هەناسەی
هەمیشە سارد و گەرمەوە
کوللەیەکی خۆڵەمێشیمان
بۆ (زیلان و کاڵێ) دروست دەکرد.
...
دەبوایە
هەر چوار فەسڵ
لە تەقسێکی گریاناویدا خۆمان بنێژین
هاوینانمان بە پایز و
زستانانمان بە بەهار دەسپارد
لە کۆتاییدا
بۆ جوانەمەرگی خۆمان دەگریاین و
سیروانێکان لە فرمێسک دروست دەکرد.

لەو ژیانە پڕ دەردەسەری و وەیشوومە، شاعیر لە دەرگای ڕاستییەکان دەدات، کە دەرگای خودی خۆیەتی، کە تێیدا خەم و پەژارە و نائومێدی و ساتەکانی مەرگ بە چاوەکانی خۆی دەبینێ، تەنانەت ژیانەکەشیان جۆرە مەرگێک بووە، شاعیر نەیتوانیوە، یان بڵێین بۆی نەکراوە لەو ژینە تاریکستانەی دەروونی داپۆشیوە



تەنانەت پەنجەرەیەکی بچووکیش بۆ تروسکە هیوایەک بکاتەوە کە ترسی مەرگ لە مرۆڤێک دوورخاتەوە کە هەموو هەست و سۆز و خۆشەویستی تێدا بەرجەستە بووە بۆیە هەر لە سەرەتاوە لەم ژیانە نائومێد بووە، بۆ بەختی ڕەشی فرمێسکی ڕشتووە، بە دەروونێکی شەقار شەقاری پڕ خەم و نائومێدی، لە درزێ گەڕاوە کە ڕووناکی بخاتە دڵە تاریکەکەیی و ئەو خۆشییەی ڕۆژی یەکەمینی هاوسەرییەتی ئەوەندە بەردەوام نەبوو کە بەختەوەرییەکەیان درێژخایەن بێ و شەوی تاریک بڕەوێنێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر بە پەیڤی شیعر دەمانخاتە بەردەم دوو تەوەری لێکچوو و لێکجیا:

لە حەوشەکەدا
دووجار کراسی سپی لەبەرکرد
جارێکیان بۆ من و
ئەویتریش بۆ قەبر

ئەم دوو جەمسەرە هەرچەندە لە ڕووی ڕەنگەوە لەیەک دەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو جەمسەری لێکجیان، تەنانەت لە دەنگ و جۆری کالایەکەش ڕێژەی سپی و شەفافییەتییان وەکو یەک نین. جلی بووکێنی، شاعیر بەرەو خەیاڵێکی ڕۆمانسییانەی فەنتازیا و خەونی سەوز بە ئایندەیەکی خۆش و بەختەوەر و هیوایەکی گەش و ئاسۆیەکی فراوان دەبات، کە بە خۆشترین ساتەکانی ژیان لە قەڵەم دەدات، کراسی دووەم کفنەکەیە کە بەرگی مەرگە، کە هەموو خۆشی و نۆشیی یەکەمی لەبەر دادەکەنێ و بەرەو ونبوونی یەکجارەکی دەبات، کراسی یەکەم بەردەوامی ژیان و ئومێدی گەشە کە خۆشی و شادی بەدواوە دێ، کراسی دووەم خەم و پەژارە و نائومێدی و هەست بەبێ هوودەیی و پڕوپووچی ژیان و بوونی بە دواوەیە. ئەو مەرگەی هاوسەری جوانە مەرگ وای لە شاعیر کردووە کە هەست بە نەبوونی سۆز بکات کە لە خودی ئەودا ڕوابوو، کە ئافرەت ڕۆڵێکی بەرچاو و بنچینەیی هەیە لە ژیانی پیاودا، کە هیوای پێ دەبەخشێ کە ژیان هەرچەندە تفتوتاڵ بێ لای خۆش بێ بە چاوێکی گەش بڕوانێتە ئایندە، کە هاوسەری ئازیز لەپڕ کۆچی دوایی دەکات ئەو سۆزە، ئەو خەونە سەوزانە لەگەڵ خۆیدا دەبا، ئەو ڕووناکییەی

ناوماڵ، ئەو هێمنی و ئاسوودەیییە، نامێنن، بۆیە پێوەندی هاوسۆزی نێوان ژن و پیاو پردێکە شاعیر بەسەریدا تێ دەپەڕێ، ئەزموونێکە هیوای پێ دەبەخشێ کە لە تاریکییەوە هەنگاو بەرەو ڕووناکی بنێ، ئەگەر نائومێدیش بێ ئەوەندە ئومێدبڕ نەبێ. لەم ڕووەوە شاعیر سۆزی خۆی و سۆزی هاوسەرەکەشی ڕاستگۆیانە بەرجەستە دەکات، جوانی لەو سۆزەی پڕ عیشقە دەبینێ، وەک چۆن شەنگەبی بەگەڵاکانییەوە جوانە، ئاواش ئافرەت بە سۆز و خۆشەویستی و ئەڤینی بێ گەردەوە جوانە:

دەڕوانمە بەژنی ئەو شۆڕەبییەی
بەتاقی تەنێ
لە دووری گوندی
سەری کردۆتە سەر تاشەبەردێ
گەڵاکانی
وەک تووکی سەرم
دە
وە
ر
ێ
ن

شاعیر لەو دیمەنە شیعرییەی مەرگی هاوسەرەکەی هەست بە کات دەکات، کاتی ڕۆژی هاوسەرییەتی کە ئەو هەستە بەرەو دواڕۆژی دەبات کە بەردەوامی و بزووتنی تێدایە و لە گۆڕانکاریدایە و واقیع بەرەو ئاسۆیەکی گەش دەبات، لە دەروونیدا خەون و خەیاڵی سەوز چەکەرە دەکەن، کەچی دیمەنی مەرگ هەستێکی تراژیدی لەلا دەخولقێنێ کە بە چاوێکی ڕەشبینانە سەیری ژیان بکات. هەردوو هەستکردن گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بە وێناکرنێکی فلاشباکانە لە دوو ڕووداوی یەک شوێن (هەستکردن بە شوێن) یەکیان پڕ زیندوویی و دنیامیکی ئەوی تریان کپ و خامۆش و بەرەو ونبوونی کۆتایی.

خەم و پەژارەی ژیانی دوای مەرگی هاوسەری ئازیز وای لە شاعیر کردووە کە



ژیانی مردن بێ، خۆی لە ژیانیدا مەرگی خۆی هەڵگرتووە و لە مەرگیش دەترسێ، چونکە مەرگ چ زوو چ درەنگ لەپڕ یەخەی مرۆڤ دەگرێ هەروەکو (لۆرکا) دەڵێ: «ئەوی لە مردن بترسێ دەیخاتە سەرشانی خۆی»:

بەفروباران پێ شوونمی هەڵگرتووە
وەک مردنی نێو ژیانم
دیسان شەقاوی لەرزۆکاوی
دەهاوێم
ئەی مردنی پڕ خۆشی کەی دێی

لێرەدا شاعیر لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ مەرگدا، لەزەت لەو مەرگەدا دەبینێ و لە هەمان کاتیشدا لێی دەترسێ بۆیە جۆرە تەرازوو بەندێکی لە نێوان مەرگ و ژیندا پێکهێناوە، بە تێڕوانینێکی سۆفییانە مەرگ و ژین دەخاتە بەردەم ڕوانینێکی واقعییانە وەک ژیان، سروشتییانە وەک مەرگ. دەگاتە پلەی هەستکردن بە تاکییەتی و گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت مادامەکی ژیان ئەوەندە تفتوتاڵ و پڕوپووچە:

ژیان، مردن وێک دەچن
ئەی خواوەندی گەورە
با لەیەک بچین
گیانم باوێژە
دوو جەستەی تواوە و تێکئالاو
بەسەریا هەڵدەگەڕێن

بیرکردنەوە لە مەرگ ئەوەندەی لە کەللەی شاعیر داوە کە وەک سەرخۆشێک بچێتە سەر گۆڕی هاوسەرەکەی و لەگەڵ ڕۆحەکەی بدوێ و وەک هاوسەری پێشووی زیندوو ژیانی پێشوو وێنا بکات و لە دایەلۆگێکی دوور و درێژدا زۆر شتی لێ بپرسێ و وەبیری بهێنێتەوە، ڕاستگۆیانە خەمی دەروونی خۆی بۆ هەڵڕێژێ، ئەویش وەڵامی بداتەوە:

– ئەی پیاوی دڕندەی تێرنەخۆر
– ئەی دەعبای مشەخۆر
– ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو
– ئەی ساختەچی، ئەی کارخانەچی
– تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکەدای
– تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکە دەکەی
– بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم
– بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم،
هەی تف لە ژیان.

شاعیر وەک دەروونناسێکی کارامە زۆر بە ڕاشکاوی باری دەروونی ئافرەتی بەرانبەر هاوسەرەکەی بەر لە مردن و دوای مردنیش شی کردۆتەوە. کە پیاو مایەی باوەڕ و متمانە نییە خۆپەرستییەکەی لە سەرووی هەموو نرخ و بەهایەکە و تەنیا تێرکردنی ئارەزووەکانی گەرەکە، هەرچەندە شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زیرەکانە ئەو مافە بە خۆی دەدا کە هاوسەرێکی دیکە دوای مەرگی (سامال)ی جوانەمەرگ بکاتە هاوبەشی ژیانی خۆی و پاساوی ڕەواشی بە دەستەوەیە کە ڕەخنەی لێ نەگیرێ و لەم ڕووەوە سپڵە و بێ وەفا نەبێ ئەوەتا خۆی دەڵێ:

چلەی زستان بوو کە لێمان قەوما
دوو مێینەم بە پشتی خۆم دادا

کێ هەیە ئەم بارە قورسەی شانی هەڵبگرێ و بەرگەی بەخێوکردنی دوو زارۆکی ساوا بگرێ، ئەم کارە ئەرکێکی ئەوەندە سووک و بێ گرفت نییە، بە تایبەتی دوو کچی ناسکۆڵە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ئێمەدا. ئەمەی شاعیر کردوویەتی کارێکی ناچاری بووە، هەوەس و ئارەزووی هەرزەکارانە نەبووە کە وای لێ بکەن ژنێکی تر بخاتە شوێنی (سامال)ی جوانەمەرگ، بەڵکو لە ئەڵتەرناتیڤێک گەڕاوە کە خاوەنی سۆز و میهرەبانی بێ، بە چاوێکی دایکایەتی سەیری ئەم دوو زارۆکە بکات، وەک جگەرگۆشەکانی خۆی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات کە لێیان قەوماوە، بێ دایکی دڵسۆز و میهرەبان ماونەتەوە، کەواتە شاعیر لە ئاست مەرگی ناوەختی



هاوسەرەکەی بەرگە ناگرێ و چۆک دادەدا، مەرگی ئەو دوو مەرگە، چونکە ژیانی لێ بۆتە مەرگ، کە دەبینێ بێکەس و تەنیایە و وێڕای ئەمەش دوو کچی ساوای بە ملەوەیە و دەبێ چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، کە پێگەیاندنیان لە وزە و توانای ئەودا نییە، کەسێکی واش شک نابات کە فریای بکەوێ و داڵدەی جگەرگۆشەکانی بدا.

لە شیعری (حەنین دەمکوژێ)، چەند جارێک بەرجەستەی مردن دەکات و هەرجارەی بە شێوەیەک تەوزیفی دەکات و لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکی شیعرەکە مردن جوان دەکات:

– لە مردن خۆشتر – مردنە
– لە مردن بەرزتر – مردنە
– لە مردن جوانتر – مردنە
– لە مردن پیرۆزتر – مردنە

بە ڕاستی مایەی داخ و ئاخ و بەزەیی و کەسەرە کە دەبینین مرۆڤێ لە بەهاری تەمەنیدا کە پڕ زیندوویی و چالاکی و گەشانەوەیە، حەز دەکەین پێ بگات و گەورە بێ و لە تەمەنێکی بە ساڵاچوو بمرێ، بەڵام کە جوانەمەرگ دەبێ، چ بە نەخۆشییەکی کوشندە، یان شەهیدکردنی بە دەستی مرۆڤی لە پێستی گورگدا، ئەو کاتە چ برینێکی قووڵی پڕ ئێش و ئازار کە هەرگیز سارێژ نابێ لە دەروونماندا بەرجەستە دەبێ و تادێ زیاتر تەشەنە دەکات و بە سوێتر دەبێ. ئایا ئەو حەلە هەست بە کارەساتێکی دڵتەزێنی جەرگبڕ ناکەین، کە ژیان بێ سوودە، ئەم بوونەوەرە کە مرۆڤێکی خۆشەویست و مەزنی لەپڕ لەبەرچاو ون دەبێ و مەرگ بە یەکجارەکی دەیپێچێتەوە، بەڵام کێ هەیە وەک شاعیر نرخی ئەو مەرگە هەڵسەنگێنێ و خۆزیای ئەوەبێ کە لەو ژینە پووچەڵە دەربازی بکات و (هەستکردن بە مەرگی سروشتی، یان فەلسەفی، نابێ، ئەگەر لە پێشەوە هەست بە مەترسی لە مردن، یان مردن بەر لە مردن لانەچێ، ئەگەر بۆمان هەبێ ئەو قسەیە بکەین (٣)».

لە شیعری «پیاسەیەک لەگەڵ بورهان جاهیددا» شیعرێکی دەمامک ئامێزمان دەخاتە بەردەم، جاهیدی شاعیری کۆچکردوو دەکاتە پردێک لە نێوان دەرد و خەمی خۆی و خەمی خەڵکی کوردستاندا. (بورهان جاهید) زیندوو دەکاتەوە و بە زمانی

ئەوەوە لە ڕێگەی فڕکردنی چەند چارەگەمەی ڕەوشی ئەمڕۆ بەرجەستە دەکات و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و مەحکوومی دەکات:

ئاغای هەردەم ڕەجاڵ
هەمیشە خەیاڵ
لە فڕکردنی چارەکی یەکەمدا وتی:
– هاوار کوردی بەدبەخت!
لە هی دووەمدا وتی:
– ئاخ ئەی بەنزین و غاز و نەوت!
لە هی سێیەمدا وتی:
–ئۆف ئەی وەزعی بەربادی شیعری کوردی!
لە هی چوارەمدا وتی:
– وای لەو بازاڕە بێ سەروبەرە!
لە هی پێنچەمدا وتی:
– وای لەو فەسادە!
لە هی حەوتەمدا وتی:
– پەح لەو تەربییە سەقەتە!
لە هی هەشتەمدا وتی:
– لەعنەت لەو هەموو تیرۆریستانە!
لە هی دەیەمدا وتی:
– تف لەو مەشرووبە مەغشووشە!
ئاخری:
پێنج چارەگی خستە ناو عەللاگەیەک و...
لە نزیک هۆتێلی شیراتۆن
لە کاتێکدا
کۆمەڵە دیزداشە لەبەر و عەگال بەسەرێک



شان بە شانی تاجیرێکی کورد
لە شەوێکی سوور دەهاتنە دەرەوە

شاعیر لە ڕێگەی زیندووکردنەوە و بە قسەهێنانی بورهان جاهیدی شاعیری ڕووتەڵەی هەمیشە سەرخۆش و خواردنەوەی مەشرووبێکی هەرزانی ساختەلێکراو هاوکێشەیەکی ئابووری بەرجەستە دەکات کە ڕەوشی ئەمڕۆ لە چ ئاستێکدایە و خەڵکەکە چۆن لە ژێر باری قورسی بژێوی دەناڵێنێ و دیشداشە لەبەر و بازرگانی کورد عەرەب لە چ خۆشی و لەزەتدان.

ئەمە و جگە لە تێکچوونی ڕەوشی زمان و ئەدەبی کوردی، بۆیە شاعیر لە نیشتمانێکی هەمیشە ئێوارە زەرد و ژاکاوی و تەماوی خۆی بە نامۆ دێتە بەرچاو، ئەو ڕەوشە چۆن شێوێنراوە و ڕۆژ ڕۆژی قاچاخچی و بازرگانی ساختەچی و قۆڵبڕە، هەست کردنی شاعیر بە نامۆیی لەو شوێنەیە کە تێیدا دەژی، کە خۆی جیا دەبینی لەوانەی لەو شوێنەدا دەژین، لە هەمان کاتدا نامۆیی لە دەروونی خۆیدا بەدی دەکات کە ڕۆژانە چ جۆرە ناکۆکییەی چینایەتی دەبینی، کە ئەم هەستەی دەروونییە زۆر قووڵترە لە هەستکردن بە شوێن، بۆیە جاهید دەکاتە ماسک و دەیدوێنی قەتماغەی زامە بە ئازارەکان دەکولێنێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم هەستکردنە بە نامۆیی دەروونی لە ئەنجامی هەستکردنی بە ناکۆکییەکانی واقیعی بەرچاوەوە هاتووە، کە شاعیر ناتوانێ لە ئاستیاندا بێ دەنگ بێ و تیڕوانینێکی ڕوونی خۆی دەرنەبڕێ و هەڵوێست وەرنەگرێ. چۆن پەیڤی شیعری نەکاتە هاوارێکی پڕ بە دەم بۆ پەردە لادان لەسەر ڕووی دزێو و عەقڵ گەمژە و گێلە پیاوی خاوەن سامانی دزراوی گەلی ستەمدیدەی کوردی بەدبەخت.

ئەو شەوەی مستەفا پەژار جەڵتە لێی دا
٢٠٠ تەن مەشرووبات
٢٠ ترێلە جگەرە
١٠ ئەنتەرناش پڕ لە پێڵاو و بلووزی ئیتاڵی
گەیشتە ناو شار
ئەو سپێدەیەی مستەفا پەژار بۆ نەخۆشخانە بردرا

بڕیار وابوو
یازدەم دانیشتنی ئاشتی دەست پێ بکات
جێبێکی PMF لەسەر شەست مەتری پەنچەر ببوو
ئەو چێشتەنگاوەی مستەفا پەژار شۆڕکرایەوە ناو قەبر
ژمارەی پێڵاوەکانی ژنی مارکۆس گەیشتە ١٠٠١ جووت
وەرقە بە ٢٢١٠ دینار بوو
یادی سەد ساڵەی هەمەنگوای بوو
چ نامەنتیقیە ئەم وجوودە.

(مستەفا پەژار)ی شاعیر و نووسەر ر ڕۆشنبیر و دەروونناس، لە ڕۆژگارێکی ناهەمواری نالۆژیکی، بەدەم نەداری و برسییەتی و نەخۆشی سەری نایەوە، ئەوا لە کاتێکدا بەرانبەر ئەو بارە تراژیدییە شاعیر دیمەنێکی تر بەرجەستە دەکات کە کرۆکی ناکۆکییەکان و جیاوازییەکانی چینایەتی جیهانی ئەمڕۆیە، مەسەلە ئابوورییەکەیە کە ئەوپەڕی ناعەدالەتی تێدایە، تیۆرە ماقووڵەکەی بەرنادشۆیە لە دەست نیشانکردنی ئابووری جیهان، کە لە نێوان قژە ڕووتاوەکەی سەری و چڕوپڕی ڕیشەکەیدا خۆ دەنوێنێ، زۆری بەرهەم و خراپ دابەشکردنی. بۆیە شاعیر بە هەڵە نەچووە کە ئەم بوونە ڕیسوا و مەحکووم بکات، پەردە لەسەر نامەنتیقییەکان هەڵدەداتەوە و هاوار بکات:

چ نامەنتیقیە ئەم وجوودە

وجوودێکە زەمینەیەکی دەستکردی خوڵقاندووە، کە ژمارەیەکی زۆر کەم لەسەر حیسابی زۆرینە ببنە خاوەن پارە و پوول و کۆشک و تەلار، تەنیا خەمی ورگ و گیرفان پڕکردن و خۆش گوزەرانی خۆیان و برسی و نەدارکردنی غەیری خۆیان بن، ببنە ڤایرۆسی گیانی کەسانی هۆشمەند و ڕۆشنبیر و عەقڵمەند. ئەم وجوودە ناعادیلە مایەی ڕیسواکردن و مەحکوومکردنە و پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی و ڕیشەیی هەیە. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە شاعیر دەڵێ:

یادی سەد ساڵەی هەمەنگوای بوو

هەرچەندە سەد ساڵەی لە دایکبوونی بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا کە هەمەنگوای



گەیشتە لووتکەی داهێنان و ئەفراندن، بە تایبەتی لە ڕۆمانی «پیرەمێرد و دەریا»دا، لە هەمان کاتدا گەیشتە ئەو ڕادەی کە ژیان بە شتێکی بێ هوودە سەیر بکات و بە دەستی خۆی کۆتایی بەو جۆرە ژیانە بهێنێ.

دووپاتکردنەوەی وشەی مەرگ و مردن ئەو تاکانەی تەعبیریان لێ دەکات بەو شێوە زۆرەی کە شاعیر بە جۆرێک تەوزیفی کردوون و بە کاری هێناون، ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە گوتارێکی شیعرییە بۆ وەرگر، بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێ و ئاگاداری بکاتەوە.

لە ڕووی تەکنیکی شیعرەوە، (ئیسماعیل بەرزنجی) وێنەی شیعری بە ڕەنگ دروست دەکات وەک ڕەنگی سپی بۆ کراسی بووکێنی هاوسەرەکەی و ڕەنگی سپی بۆ کفنەکەی، هەرچەندە هەردووکیان دوو حاڵەتی ناکۆک و دژ بە یەکن، بەڵام پێوەندییەکی ڕەنگی لە نێوانیاندا هەیە، تەنانەت پێوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان پەستبوون و ئێوارەی نارنجی نیشتمان هەیە کە تەکنیکێکی تایبەت بە ڕەنگ پێکدێنێ، ئەم جۆرە ڕەنگەش شاعیر بەرەو خەمۆکی دەبات.

وێنەی شیعری لا شاعیر لەو ڕەنگانەدا زیاتر بەرجەستە دەبن کە هاودژی یەکن، تاریکی (ڕەش)، ڕووناکی (سپی)، وەرد و پاوان و پەرێز (سەوزایی):

ئەو شەوانەی لەگەڵ پەڵە هەوران شەو لەوەڕم کرد
ترسێکی خۆش و تاریکاییەکی بەلەزەت بوو
کوڕە داڕووخاوەکەشم بینی
بەرە بەیان
بەناو تەمێکی سپی
ڕەت دەبوو
بۆ وەرد و پاوان و پەرێز دەگریا

شاعیر لە چەند موفرەداتی ماڵەوەی وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ پێکدێنێ بۆ نموونە لە شیعری (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەلی قیڕدا)

چەند ڕەنگێک لەو شتانە بەکاردێنێ کە مۆڵکی تایبەت بە ئەون. ڕەشنووس،

پانتۆڵی قەدیفە زەیتوونی، چەرخی ئیتاڵی ستیل، ڕانکوچۆغەی مەرەزی، ئەلبوومی شەکراو خواردنەوە، بەدلەی عیدی میلاد، کۆترە باریکە... تاد.

هەروەها بەکارهێنانی ئاو، ئاگر، خوێناو، شەوەزەنگ، کلی تریفە، زێڕاو، کازیوە، لە شیعری (ئەوانە)دا و چەندین ڕەنگی تری جیاجیا کە لە هەموویاندا تابلۆیەکی شێوەکاری دەکێشێ.

شاعیر لە داڕشتنی دایەلۆگدا ئەزموونێکی خەست و خۆڵی هەیە، دایەلۆگ لەگەڵ خۆی، خودی شاعیر هاوسەرەکەی، برادەرانی، دایەلۆگ لەگەڵ وجوودا، هەر هەموویان لە شێوەی درامای شانۆیەکی کورت، هەرچەندە دوورن لە ڕەهەندەکانی شانۆ، بەڵام وەرگر هەست بەو جۆرە شیعرە دەکات کە شاعیر هونەرمەندانە پێکی هێناوە و زۆربەی هەرە زۆریشیان ئێش و ئازاریان لێ دەتکێ و موعاناتی خۆی و دەوروبەر و برادەرو هاووڵاتییان بەگشتی دەردەبڕێ، هەر ئەم شێوازەیە کە بۆتە زمانحاڵی شاعیر و هەڵوێستی پێ وەرگرتووە، کە لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکی کڵۆڵ و لێقەوماو و بەستەزمان بێ، هەردەم بە چاوێکی ڕق و کینە سەیری دەوروبەری خۆی و جیهان بکات، کە شتەکان بەگشتی لینگەوقووچ بوونەتەوە و لە هەموو لایەکەوە شیرازە پچڕاوە، وەک (حوسێن مەردانی) یاخی و بوێر بڵێ:

ڕێزی جیهان ناگرم
تا لەسەر زەویدا یەک
منداڵ چاوشکاو بێ

بەو شێوازە شیعرە لیرک و ڕۆمانسییانە شاعیر بانگەشەی خۆشەویستی دەکات بە تایبەتی خۆشەویستی ئافرەت، ئافرەتی ئازیزی هاوسەر، خۆشەویستی زارۆکان و مرۆڤ بە تێڕوانینی خۆشەویستییەکی بێ گەرد بۆ ژیانێکی ئاسوودە، بەڵام چارەنووسی خۆی تووشی ترس و نیگەرانی دەکات، ترس لە مردن، لە مەرگی ئازیز و ڕوانینە جیهانێکی ڕۆحانی باڵا کە بەها مرۆییەکان سەقامگیر بن، لەو قەلەق بوون و شپرزەییەی تووشیان هاتووە دەرباز بن. لە ڕووی زمانیشەوە ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە دەلالەت لە کرۆکی وشە دەکەن، لە قاڵبێکی زمانەوانی نوێ داڕشتوون کە خاڵی نین لە وێنەی درکە و خواستنەوە، بە چێژێکی باڵاو



ڕۆشنبیرییەکی باش.

دوای وەستانمان لە چەند وێستگەیەکی شیعری شاعیر. ئایا دەکرێ بە شاعیرێکی عەبەسی لە قەڵەم بدەین، یان ئەوەتا شیعرەکانی لە ڕوانگەی بۆچوون و وێناکردنی ژیان کە بەبێ هوودە سەیری دەکات بەرپەرچدانەوەی گاڵتە پێکردنی مەرگ بێ بە مرۆڤ، کە بۆ هاتۆتە ژیان و دەژی و بۆ دەمری، ئەگەر ژیان ئەوەندە بێ هوودە نەبێ، بۆ دەبێ مەرگ برای هەموو کەسێک بێ لێی جیابێتەوە. ئەگەر مەرگ بەو شێوە نەبێ بۆ شاعیر ئەو پانتایە فراوانە بۆ مەرگ تەرخان دەکات، بۆ ئەوەندە بەرەو پیری مەرگەوە دەچێ. ئاخۆ دەبێ بەر لە ئێستا بە ماوەیەک مەرگی خۆی نەبینیبێ. وەک بڵێی وەک (عەبدولوەهاب بەیاتی) بەر لە شەست و دوو ساڵ کۆچکردنی خۆی بە مردوو لە قەڵەم دابێ:

ئاوا مردم لە ژیاندا و
هێشتا هەر دەمرم
چیم بۆ نەماوەتەوە جگە لەم مەشخەڵە شینە و
ڕووی سیسم لە ئاوێنەدا و
هەنگاوێک بۆ پێشەوە... بۆ دواوەو
چرایەکە دەکەوێ[٤]

شاعیر لە چاوەڕوانی مەرگدایە، بانگی دەکات و لەو مەرگە لەزەت دەبینێ «لەبەرئەوە مردن لە زماندا دەدوێ، هەروەک (بیکۆن) دەڵێ و کاری ئەو شاعیرەی ڕەفتاری زمانەکە دەکات لە هەڵبژاردنی مرۆیی دەکات بۆ مەرگ «مەرگ بابەتێکی نائاسایی کاری هونەری نییە، خۆی تاکە بابەتی جێنشینییەکەیەتی، مەودای ئەدەبی، مەودای مەرگە، نووسین بێ مانایە بەو سیفەتە نەبێ کە هەوڵدانێکە بۆ بەستنی پەیوەندی ئازادی لەگەڵ مەرگدا، چونکە ئەوپەڕی سنوورە بۆ هەر ڕەهایەک، تاسەش بۆ مەرگ دەربازبوون و ڕزگاربوونە، ئەویش خەونی مرۆڤە...[٥]»

ئەی مردنی پڕ خۆشی کەی دێی شتەکان
کەمێک غەریبتر لە ڕوانینەکانی ئەوسام
دێنە نێو ناخمەوە

لێرانەدا مەزنتر، نەک نازدارتر
لە چێشتەنگاوان ڕادەمێنم
هاوئازارن
وشکبوونەوە لێرانە
تەڕبوونەوە لەوێ
ژیان، مردن وێک دەچن
ئەی خواوەندی گەورە
با لەیەک بچین.

مادەمەکی ژیان و مردن وێک بچن، ئەوا ژیان لای شاعیر مەرگە، ئەم جۆرە تێڕوانینەی تژی لە ڕەشبینی، لە ئەنجامی مەرگی ئازیز، ژیانی پڕ دەردەسەری هاتووە، بۆیە ژیانی خۆی لە مەرگدا دەبینێ و مەرگیش لە ژیاندا دەبینێ «بەیانی لە دوورگەدا مەرگی خۆی لە ژیاندا بینی و سەییابیش بەهۆی نەخۆشی و برسییەتی و ئاوارەیی و نوشستی ئاواتەخوازی مەرگ بوو، هەردووکیان لە مەرگدا سەرفرازی خۆیان لە بێ هوودەیی ژیاندا بینی، بەسەر مەرگیشدا وەک دوو شاعیر کە تێڕوانینی خۆیان هەیە سەرکەوتن، تەنانەت جەدەلییەتی مەرگ و ژیان لە شیعری نوێدا بووە تەوژمێکی نوێخوازی و شێوەیەکی تەعبیرکردنی بەکارهاتوو لای شاعیرانی نوێخوازی»(٦). (ئیسماعیل بەرزنجی)یش یەکێکە لەو شاعیر و نوێخوازانەی لە ڕێگەی پەیڤی شیعرییەوە ئەو جۆرە جەدەلیەتەی ڕەخساندووە و لەم بوارەدا داهێنان و ئەفراندنی مەیسەر کردووە کە من بەپێی بۆچوون و توانای ڕەخنەسازیم خوێندنەوەیەکی خۆم بۆ کرد، وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دوور لە مەسەلەی دۆستایەتی، بە شێوازێکی دەستپاکی ڕەخنەسازی، ئامۆژگارییەکەی (ت. س. ئیلیەت)م لەبەرچاو گرت کە دەڵێ: «ڕەخنەی دەست پاک و چێژوەرگرتنی هەستیار بەرەو شیعر دەچن نەک بۆ شاعیر(٧)»

ژیانیش لای شاعیر ئەو ژیانە ڕۆمانسییانە نییە کە بە خەیاڵ وێنای بکات، ژیانی ئەندێشە و ئێش و ئازارە، دێڕە شیعرێکی (حەیدەری) هەیە لە تەورێز زۆرباوە کە ئەم شاعیرە ٩٨٦ کۆپلە شیعری نووسیوە کە هەموویان لە بارەی ئازار و ژیان و



خۆشەویستین کە دەڵێ: «ژیان ئازارە بەڵام ئازار ژیان نییە (٨)» و دوورکەوتنەوەت لە خۆشەویستی لە بۆشاییدا دەمریت.

**پەراوێزەکان**

١- دراسة الشعر في كتاب (مقالات في النقد) تألیف ماثیو أرنولد.

٢- الشعر والموت: فؤاد رفقة ل ٧٢.

٣- ما قالت النخلة للبحر - الشعر المعاصر في البحرین- علوي الهاشمي- دارالحریة للطباعة- بغداد ١٩٨١ ل ٥٢٠.

٤- عبداللطیف أرنائووط- عبدالوهاب البیاتي- رحلة الشعر والحیاة- مؤسسة المنارة- بیروت- ٢٠٠٤ ل ٧٤.

٥- الأدب الفرنسي الجدید- تألیف: غایتان بیكون- دار عویدات ل ٢٥٠.

٦- عبداللطیف أرنائووط- عبدالوهاب البیاتي- رحلة الشعر والحیاة ل ١٠٧.

٧- حاضر النقد الأدبي- ترجمة دكتور محمود الربیعي ل ١١٨.

٨- روایة الجبال والسلاح للكاتب الأنگلیزي: جیمس أولدریج ترجمة صادق الجلاد- مطبعة مؤسسة ئاراس ٢٠٠٦ ل ٣٩٦.

## خوێندنەوەیەک بۆ

## زریکەی زامی دارە بەنێکی حەمە سەعید کەلاری

(زریکەی زامی دارە بەنێک) یەکەمین بەرهەمی چاپکراوی شاعیر حەمە سەعید کەلارییە، لە مێژووی نووسینی هۆنراوەکاندا یەکەمین شیعری ساڵی (١٩٨٩) بەخۆوە دەگرێ و دوا شیعری نیسانی (١٩٩٩)ەو، هەندێک لەو هۆنراوانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراوانەتەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بەپێی مێژووی دانانی شیعرەکان بە زنجیرەیەک لە دوای یەک لە کۆ شیعرەکەدا ڕێک نەخراون، بۆ ئەوەی خوێنەر و ڕەخنەگر بخەنە پەنجە سەر ئاستی بەرەو پێشچوونی شاعیر لەو ماوە کورتەدا کە تەمەنی (١٠) ساڵە.

خۆشەویستی خاک، دڵسۆزی گەل، وەفا و دەستپاکی ئازایەتی و جوامێری، ئارامگرتن و کۆڵنەدان هەوێنی تەقینەوەی سەرچاوەی شیعری شاعیرن، زادەی بیر و ئەندێشە و خولیا و خەیاڵی ئەو شیعرانەن لەم کۆ شیعرەدا چاویان کردۆتەوە، جان کۆکتۆ گوتەنی **(ئای خۆزیا دەمزانی بۆچی شیعر)** ئەمانەن هەستی شاعیر دەجووڵێنن.

شاعیر داروبەرد و ڕووبار بە قسە دێنێ، خاسییەتی کەسایەتیی مرۆڤیان پێ دەبەخشێ، لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆ... لێرەدا دێڕە شیعرێکی شاعیرێکی گەورەی عەرەب (**المتنبی**)م دێتەوە یاد کە دەڵێ:

أنا الذي نظر الأعمى إلى أدبي
وأسمعت كلماتي من به صمم

واتە من ئەو کەسەم کە کوێر ئەدەبەکەی من دەبینێ و ئەوەی کەڕەو، گوێی لە وشەکانمە.

شاعیر تەنیا لەگەڵیانا نادوێ بەڵکو پەند و ئامۆژگاریشیان لێ وەردەگرێ و لێیان



فێر دەبێ ئەوەتا کە بە گوڵەباخێ سەرسام دەبێ و دەیەوێت کرنۆشی بۆ بەرێ، گوڵەکە پێی دەڵێ:

وتی نەکەی بخەڵەتێی
بۆ گوڵێکی تەمەن کورت بنوشتێیتەوە
ڕاستە خۆشەویستیت بۆ گوڵ
عەشقێکی شیرینە... جوانە
بەڵام ئەوەی هەقە کرنۆشی بۆ بەریت
گۆڵاڵە سوورەی ڕووی کفنی شەهیدانە.

ئەم عەشقە پیرۆزەی شاعیر لە پانتایی هۆنراوەی (پەیامی داربەڕووێکی خاکپەرست)دا پانتایەکی زۆر داگیر دەکات، کە ڕوو بکاتە ئەو داربەڕووە خاکپەرستە، کە چ کەسانێ بەخۆ دەگرێ کە لە ژێر سێبەرەکەیدا لە قرچەی هاویندا بحەسێنەوە، بەرانبەر وەفاو دڵسۆزی بۆ خاکی کوردستان و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، هەڵبەت ئەو داربەڕووەی لە پتەوترین خاکدا ڕەگی ڕوابێ، سەرما و سۆڵە و وەیشوومەی زستان و بەفر و زریان و ڕەشەبای سەرشێتی بێ ئامانی بەخۆوە دیبێ و بەرگری کردبێ، دەزانێ کێن ئەوانەی شیاوی سێبەرە فێنکەکەی ئەون و، کێن ئەوانەی لێیان حەرامە:

وتی سێبەری من حەڵاڵە بۆ هەموو زیندەوەرێ
بۆ تۆ
بۆ ئەو
بۆ ڕێبواران
باڵندەو مەل
تەنیا لەو کەسە حەرامە
لایدابێ لە ڕێبازی گەل

ئەو عەشقە سپییە بێ گەردەی شاعیر لەناو هەموو شادەماری جەستەی شیعرەکانیدا دەجووڵێ و کەف و کوڵی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ، مەحکوومی ئەو دەستە چەپەڵانە دەکات، کە بە ناهەق دەستدرێژییان کردە سەر پیرۆزمەندەکانمان، ڕووە

جوانەکانیان شێواند، مشتە مەزنەکانیان بچووک کردەوە، بەراوردی لە نێوان دوو ڕۆحی لێک جیا دەکات، ئەو ڕۆحانەی تەنانەت لەناو دۆزەخی ژیانیشا پیس نەبوون، بە پاکی مانەوە و، ئەو ڕۆحانەی وڵاتیان وێران کرد و کیمیاباران و ئەنفالیان کرد، ئەوانەی کە پشتیان لە گەل کرد و، بۆ پارەوپوول چەمانەوە و، ژێرخانیان ئاودیو کرد:

ئەو سەحەرەی ئێمە ڕۆحمان لە دۆزەخدا سپی ڕاگرت
ئێمە لە ئاشە تەنوورەی فریشتەکانا ئەسووتاین
گەنمی سووری گوڵە چنەی منالانمان ئەکرد بە ئارد
ئەکرد نان
ئێمە لەسەر گۆڕی تەتکەو مووری منالەکانماندا
سوێندمان بەسەر ئەوان ئەخوارد
ئەوان سەریان جانتایەکی پڕ لە هیچ بوو
تەهریب ئەکرا بۆ هەندەران

ئەم مەحکوومکردنەی شاعیر، هەڵوەستەیەکی مێژووییە، بەخۆدا چوونەوەیە و پاککردنەوەی ڕۆح و مێشک و ویژدانە، دەرس وەرگرتنە لە هەڵفریوانمان بە شتی وەهمی، ئەوەی کە بڕوایەکی ڕەهامان پێ بەخشیبوو، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو، بۆیە ئەم واقیعە تفت و تاڵەی کە لە بەرائەتی شاعیرەوە، بەرائەت و پاکی دڵسۆزانی گەل و خاکی پیرۆز هاتە کایەوە، شاعیر بەرەو نامۆیی دەبەن و پرسیار دەکات هەقی خۆیەتی کە نامۆ بێ و پرسیاریش بکات، بەڵام پرسیار لە کێ؟ لە (پەیکەری مامۆستای ون)، کە لەم وڵاتەی ئێمەدا نموونەیان زۆرە، بەڵام ئەوانیش وەک شاعیر نامۆن:

دەم ئەنێمە گوێچکەیەوە
«ورتەی تەریو»
قاقای خوێن و
سەمای ئەشک و
شمڵی شەڕ
عەشقی شێت و



پیا هەڵپرژاندنی ئەم ناوەختەت دیوە؟
چلۆرە خەمم هێناوە بۆت شەکرە خەم

ئەم خەمەی شاعیر، کە تەنیا خەمی خودی خۆی نییە، ڕازی دڵی زمانحاڵی شیعرە، شیعریش زمانحاڵی میللەتەو، ئەو خەم و پەژارەی بۆ پەیکەرەکەی هەڵدەڕێژێ، ئەو خەمە قورسەی کە تەنانەت پەیکەرەکەش بەرگەی ناگرێ و لە داخانا شەق دەبات لە ئەنجامی ئەوەی ڕازی دەروونە کە ئەوەندە تفت و تاڵە، کە شاعیر بە گوژاڵکی دەچوێنێ.

گوژاڵکە رازت بینیوە؟!
عابای شیعرم دا بەشانیا
پشتم لێ کرد
زەڕ زەڕ بەردی گەردی تێنرا
هەر ئەو شەوە
پەیکەر لە داخا شەقی برد...

هۆنراوەی (کۆچی ڕەش) دابڕانە لە زێدو خاک و خۆڵی نەژاد، خۆ بە دەستەوەدانە، مردنی ئابڕوو و وێژدانە، کرنۆش بردنە بۆ دەسەلاتی دوژمنی خوێنینی، جا ئەو کۆچە ڕەشە بەزەبری ملکەچبوون و داتەپینی ورە و ویست و ئیرادە بێ، کە نیشانەی ترسنۆکییە، یا لە ژێر کارتێکردنی پارەوپوول بێ، هەر یەکە «تەنیا ئەو کەسانە نیشتمان دەفرۆشن کە پارەیان لا خۆشەویستە ئەم جۆرە کۆچە، کۆتایی مرۆڤی ڕەسەن و عاشقی خاکە، حاڵەتێکی تراژیدی هەرەسهێنانە، ئەگەر بە زۆرەملێش بێ.

ئای لەو ڕۆژەی کۆچت تیا کرد
ڕۆژێک بوو کۆستی تیا کەوت
پیاوەتی و ویژدانی تیا مرد
لەو ڕۆژەوە کە تۆ برایت لە کەژوکێو
پێکەنین و خەندەو بزە
بە شەرمەوە دێتە سەر لێو

دابڕان لەو کەژ و کێوە، کە هەمیشە داڵدە و پەنای شۆڕشگێڕانی گەلی کورد بووەو

(**بارزانی نەمر**) گوتەنی **«کورد دۆستی نییە، شاخ و کێو نەبێ»** شەرمەزاری و ڕوو ڕەشییە، ئەو ترازانەی کە شاعیر بە کۆچی ڕەشی لە قەڵەم داوە، ڕەهەندی تر بەخۆ دەگرێ، بەلای منەوە ئەوە هەڵدەگرێ، کە کۆچ بێ لە سەنگەری کوردایەتییەوە بەرەو سەنگەری دوژمنایەتی، یاخود چوونە ڕیزی حزبێکی نامۆ بێ بە دۆزی نەتەوەییمان، ئەم هۆنراوەیە کە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٩ لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی سموود دانراوە، جۆرە ئیشکالییەتێک لای خوێنەر دروست دەکات، ئایا شاعیر مەبەستی کۆچی بە زۆرە ملێیە، یا بە ئارەزوو؟، هەرچەندە لە کۆتایی شیعرەکەدا جۆرە گەشبینییەکی خولقاندووە، کە نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو ڕەگەزەکانی سروشتیش چاوەڕوانی گەڕانەوەن:

بە تاسەوە چاوەوانن
چاوەڕوانی گەڕانەوەن

کەواتە لێرەدا ئەو ڕاگوێزانە بە زۆرە ملێمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ئاخۆ باشتر نییە کە مرۆڤ بە پێوە بمرێت؟ وەک چۆن دار و درەختەکانی کێوەکانی کوردستان لە ژێر زەبری دوژمنانی کورد بە پێوە مردن. وێڕای ئەمەش ئەم کۆچە ڕەشە بەرەو باشوور، ڕووەو هەتاوی گەرمەسێرە و، بەو شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال کەوتووە و، ئەو خەڵکە فریای ئەوە نەکەوتووە داڵدە و پەنایەک بدۆزێتەوە کە نەکەوێتە بەر لافاوی ئەنفالەکان، هەرچۆنێک بێ، ئەم گەشبینییەی شاعیر ئەو ئیشکالییەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ:

لە پشت ئاسۆی سپیدەی دەمەوبەیانا
لە ناو خەم و پەژارەی سەختی ژیانا
بە تاسەوە چاوەڕوانن
چاوەڕوانی گەڕانەوەن

هەڵبەت هۆنراوەی ڕەسەن ئەو هۆنراوەیەیە کە بە سانایی خۆی بە دەستەوە نادات، (کۆچی ڕەش)یش تەنکە تەنێکی لەسەر نیشتووە کە خوێنەر بەرەو پرسیار دەبات، تا مەسەلەکەی بۆ ساغ بێتەوە، بۆیە وردبوونەوەی گەرەکە.

شاعیر قەتماغەی برینە کۆنەکان هەڵدەداتەوە تا زیاتر بە سوێ بێن، ئەم برینانە،



زەبری دوژمنانی خوێنینە کە نابێ لە بیریان کەین و، جارێکی دی فریو نەخۆین:

من زامێکی ئەم زەمانەم
بە نیازی سارێژکردن شەوێک نییە
خۆمی تیا نەکولێنمەوە
من لاپەڕەی مێژوویەکم
ئەیانەوێ دێڕو وشەی
بەدەستی خۆم بکوژێنمەوە.

شاعیر پەنا دەباتە بەر شازادەی شیعری هیوا و خەوبین، کە فریایکەوێ، چیتر خەڵکەکە دەستخەڕۆ نەبن، بە دوای سەرابا وێڵ نەبن، بە هۆش خۆیان بێنەوە.

دام بپۆشە
خەمەکانیش داڵدە بدە
نەک دوای منی باوان شێواو
هێلانەیان لێ بشێوێت و ئاوارەبن
لەم قەیرانی ویژدانەدا
نەک بە دوای
سەرابا بچن

ئەم شیعرەی شاعیر، لەو جۆرە شیعرانە نییە، کە زەمینەی لەباری نەبێ و، ڕابردوو وئەمڕۆ لە خۆی نەگرێ، شیعری یاخیبوون نوێکردنەوە نەبێ. بەڵکو شیعری بۆمبی میکرۆب و ئەتۆم و مافی مرۆڤ و واقیعە تراژیدییەکەی گەلی کوردمانە.

لە ساڵانی نەهاتیدا گەر بووکە بارانەی شیعر
دڵی فریشتەی هەور نەخوسێنێ... داینەدۆشێ
شیعر نییە
لە سەردەمی سەربڕینی بووکی شارەزوورو گەرمیانی گەنمدا
شیعر بۆنی سیانیدو
تامی ئەشکی سوێری ئەنفالی لێ نەیەت
شعر نییە

تەنانەت سروشتیش لەم ڕۆژگارە تفتە و تاڵەی کە شاعیر لێی دەدوێ، هاوسۆزە،

ئەویش بەرگی ماتەمی پۆشیوە، سەرلێشێواوە، ون بووە، لە ڕەگەزەکانی خۆی دەگەڕێ، نامۆو ئاوارەیە:

ئەمڕۆ شیوەنی سروشتە
چیا لووتکەی لێ ون بووە
ئاسمان بۆ هەردە ئەگەڕێ
ئاسمان بۆ هەور
کانی بۆ ئاو
سەرچاوە وێڵی ڕووبارە
سۆما بۆ چاو
منیش سەرم لێ گوم بووە
سەنگەر سەنگەر بۆی ئەگەڕێم
ئەمڕۆ شەقام بەرۆکی خۆی دائەدڕێ
شاری شەهید سەرگەردانە

شیعرەکانی شاعیر وەک هێڵێکی بەیانی، خەم داپۆشیون، زنجیرەی کارەساتەکان کۆتایی نایەت، نازانێ بە چ هەستێک تەعبیر لەو واقیعە نەگریسە بکات، کە شالاوەکانی ئەنفالی دێتەوە بەرچاو، بۆیە دۆشداماوە، حەپەساوە، پرسیار دوای پرسیار دەکات، لە چارەنووسی ئەوانەی بێ سەرو شوێن بوون، بە تایبەتی ئافرەتەکان، دەبێ لە چ مەینەت و لەناو چ دۆزەخێکدا بەدیلی و کۆیلەیی ژیان بەرنە سەر:

ئەمشەو شیعر (حەبیبە)یە
نازانم لمی بیابان قووتی داوە
یا گەردنی یاخی لە کچ
ڕۆحی نامۆی بەندی باخچەی
کام ئەمیرو شازادەیە
ئاخۆ ئێستا حەبیبەی ئەو
کوێلەی ڕەشماڵی کام ڕەوەندی بەدووە
دەمی خونچەو پشکۆی گۆنای





ئاگری کام نێرگەلەیە
بۆ کام شێخی ویژدان گەنیو
بووکی باخەڵ و تەسبیحی نێو پەنجەیە

شاعیر لەو واقیعەی تێیدا دەژین، پەردە لە ڕووی ئەو کەسانە هەڵدەداتەوە کە هەمیشە هەڵپەی خۆ دەوڵەمەندکردن دەدەن، کە لە پێناو پلەو ساماندا پیاوەتی و ویژدان لە دەست دەدەن، هەروەکو کتێبی پیرۆزی ئینجیل دەڵێ: ناتوانن خوا و سامان بپەرستن»، لە هەمان کاتدا داوای پاکبوونەوە دەکات، هەنگاو بەرەو بێ گەردی و بەرائەت دەنێ. ئەوەی لە ڕۆژدا دەکرێ، خۆ دۆڕاندنە:

ساڵ هات و چوو
شەو ئاوس بوو بەڕۆژەوە
تۆش تامەزرۆی
بەرزیی کۆشک و
نزمیی نەفس و
عەشقی دۆلار

لە کاتێکا کە ئەم جۆرە ویژدان مردووانە مەحکووم دەکات و پەردە لەسەر ڕوویان هەڵدەداتەوە، کە لەزەلکاوی ناپاکیدا خنکاون، دەیەوێت لەم ژینە نامۆیەدا دەرباز بێ، بەرەو پاکی و، خۆ پاککردنەوە هەنگاو هەڵێنێ، بەرەو گەڕانەوەی باوەشی ئەو گولانەی هێشتا گەش و پاراون، بە دەستی پیس نەگەچلاون، پەپوولەی عاشقی شەیدا نەبێ، بۆنیان پێوە نەکراوە:

ئێی
ئەمە چ وشکە ساڵێکە
دابڕانە... دابڕانە
ئێی لە ئێوە
دەبا تۆبە بکەین و دەسنوێژ بەشەونمی
سەرە پەڕەی ئەو گوڵە بشۆین
کە لە پەپوولەکان بەولاوە کەس بۆنی پێوە نەکردووە

یا (تەیەموم) بە گریان و تریقانەوەی ئەو منداڵە بکەین
کە بێجگە لە کۆشی گەرم و
مژینی مەمکی دایکی
هیچ ئایەتێکی تری لەبەر نییە

هەر ئەم حاڵەتەشە کە شاعیر زیاتر بەرەو ڕۆژانی پاکی دەگەڕێنێتەوە، بۆ ڕۆژانی سەردەمی منالی، سەردەمی پاکی و بەرائەت، تەنانەت خۆشەویستیش، کە خۆشەویستییەکی مادی والا نەبوو، بەڵکو خۆشەویستییەکی پاکیزەیی بێ گەرد بوو.

ئەو کاتە، ژیانی تەبایی و گونجان بوو، شتەکان لێک نەترازابوون، زەمەنی دڵسۆزی و میهر و ویژدان بوو، هێشتا گیانی مرۆڤ بە هەڵفریواندنی باق و بریقی دونیایە پیس نەبوو بوو:

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەر لە کۆتاییەکان
بچینەوە بەرەو پاکی رۆح
بچینەوە بەرەو کۆڵانەکانی چاوشارکێی بەرائەت
بگەڕێینەوە بەرەو ساتەکانی منداڵیمان
بۆ ئەو رۆژانەی لە قرچەی نیوەڕۆدا
لە سێبەری دار شاتووەکەی رۆخی کانی
ماڵمان دەکرد
نە من شەرم دایدەگرتم
نە تۆش چاوت دادەخست و
نەکوڵمت سوور هەڵدەگەڕا

ئە جۆرە گەڕانەوەیە، بەرەو منداڵی و شوێنی یاری و ڕابواردنی منداڵی، لەلایەک بەرائەتی ئەو کاتەمان نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەوە تەعبیر لە جوانکاری شوێن دەکات، کە مرۆڤ تەمەنێکی تایبەتی حەز بەوە دەکات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێتەوە شوێنەواری سەردەمی تەمەنی منالی و ئەو شوێنەی ئەو کاتەی تێدا بە سەر بردووە. کە هەمیشە خەوی پێوە دەبینێ و خۆ ئەگەر سەردەمێکی خۆش بێ و شوێنەکە هەوارگەی پاکی و بێ گەرد بێ، ئەوە زۆر حەز بەو جۆرە گەڕانەوەیە دەکات، ئەگەر ئەمرۆ لە خۆشترین کۆشک و تەلاریشدا بژی.



## لایەنی هونەری شیعرەکان

هەرچەندە شاعیر خۆی چەند لە شێوازی گرێ و گاڵ وەدوور خستووە، بەڵام وشەی سادە و پڕ مانای بەکارهێناوە، ئەگەر کرۆکی ئەدەب بەکارهێنانی درکە بێت، ئەوە شاعیر لەم بوارەدا گرەوی هونەری بردۆتەوە و، لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە ئەسپی خۆی تاو داوە و سوارێکی باشە و دەزانێ چۆن جڵەوەکەی بەرەڵڵا بکات.

وا چەند نموونەیەک دەخەینە بەردەم خوێنەر:

| | |
|---|---|
| زەوی ئێڵنجی خوێن دەدات | خواستنەوەی پەنهانە |
| لەسەر قەیتانی لێو دەنگی ماچ ئەمەیی | خواستنەوەی پەنهانە |
| داشۆرە لە گومان | خواستنەوەی پەنهانە |
| شیعرێک پرچی بەخەم سپی بکا | خواستنەوەی پەنهانە |
| هەڵەبجە لێو ئەکرۆژی | خواستنەوەی پەنهانە |
| قاقای خوێن | خواستنەوەی پەنهانە |
| خەمەکانیش داڵدە بدە | خواستنەوەی پەنهانە |
| بوومەلەرزەی عەبای رەش | خواستنەوەی پەنهانە |
| نەمام، گوڵاڵە، پیرە دارو کانیاو سەرمایانە | خواستنەوەی پەنهانە |
| چاوی رەشی شیعرەکانم | خواستنەوەی پەنهانە |
| کڵافەی خەیاڵ | خواستنەوەی پەنهانە |
| بنار بۆ هەردە ئەگەڕێ | خواستنەوەی پەنهانە |
| شەو ئاوس بوو بە ڕۆژەوە | خواستنەوەی پەنهانە |
| شیعر دەمدوێنی و | خواستنەوەی پەنهانە |

چەندین نموونەی تر کە دەچنە خانەی ڕەوانبێژی و شێوازی ڕەوانبێژیش، جەوهەری ئەدەبە.

## بەرجەستەکردنی شیعر

## لە دیوانی تاڤگەی مەند و ئەوانی تری نەژاد عەزیز سورمێدا

سەرەتا (نەژاد عەزیز سورمێ)ی شاعیر، لە پێوەندییەکی ڕۆحی و ویژدانیدا لەگەڵ شیعردا بەم جۆرە تەعبیر لە شیعر دەکات و دەڵێ:

ئەی شیعر..!
ئەی سیلەی هەموو ڕۆگەکان!
من لە ڕۆژێکی ڕەشانگی گوڕەی هاوین لە دایک بووم
تۆ نەبای،
لە چزووی غەمزەیەکدا دەمردم..
سیلەی ڕۆگە و پەرستگاکان
داد ڕەسی زەمانی بەد نیهادی..
ئەی شیعر..!

ل ٥

شاعیر بۆ شیعر لە دایک بووە، بۆ شیعریش دەژی، ئەگەر شیعریش نەبوایە کە هەوێنی بوون و بەردەوامی شاعیرە لەو زەمانە بەد نیهادەدا ئەوا هەستی بە مردن دەکرد.

ئەمڕۆش هەروەک ئیلیەت دەڵێ: «ڕەخنەی دەستپاک و چێژی ناسک ڕووکردنە شیعرە، نەک شاعیر». ئەم بۆچوونەی شاعیر لە بۆچوونێکی ڕۆمانسیبانە سەرچاوە دەگرێ، کە سەرەتای قۆناغی لاوییە، شاعیری ڕۆمانسیش بە چاوێک سەیری ژیان و واقیع دەکات کە پێچەوانەی حەز و ئارەزووەکانییەتی، کە شیعریش ئاوێنەی دەروون و هەست و نەستی شاعیر بێ، دەبێ بخوێنرێتەوە، ئەو چێژ و لەزەتەی لە شیعریش



وەردەگرێ لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا وەرناگیرێ.

لەم ڕووەوە کۆنفۆشیۆش هەقی بوو کە ڕوو لە کوڕەکەی (لی) وەربگێڕێ کە جارێکیان لێی پرسی:

*«(لی) تۆ شیعر دەخوێنیتەوە؟ کوڕەکەی وەڵامی دایەوە: نەخێر. باوکەکەی لە وەڵامی کوڕەکەیدا خەمی خوارد و پێی گوت: کوڕی خۆم ئەوەی شیعر ناخوێنێتەوە وەک ئەو کەسە وایە، ڕووی لە دیوار کردووە، هیچ نابینێ ئەو نەبێ، لەوەی لە دەوروبەریدایە، خۆشی و شادییەکانی ژیان و نازدارییەکانی سروشت و سەرچڵییەکانی هزر دەشڵەژێن، پاشان بە خەم و داخەوە ڕووی لێ وەرگێڕا»*(1).

زیاتر لەو بۆچوونەی کۆنفۆشیۆس، کە شاعیر چوار کۆ شیعر دەکاتە دیوان/ شیعر و کۆلاژ و بە ناوی (تاڤگەی مەند و ئەوانی تر)، لە بەرگێکی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگ لە (٤٤٠) لاپەڕەدا چاپیان دەکات و بە وێنەی هونەرکاریی کۆلاژ شیعرەکان دەڕازێنێتەوە، زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ خودی شیعرەکانی ڕادەکێشێ.

شاعیر لە شیعری «لە پەراوێزی وڕێنەی ئاوارەیەکی شێتدا» دەڵێ:

ئای گیانەکەم گەر ئەتزانی،
ئەوکاتەی پەڵە هەورەکان دادەکشن و
نامەی تۆم بۆ دەبارێنن.
چیم لێ دێت؟!
ئای گیانەکەم گەر ئەتزانی
چەندە تینووم!
گەر ئەتزای
خۆری چاوت لە دڵمدا
هەرگیز، هەرگیز ئاوا نابێ.

ل ١٧

کە شاعیر لە ئاوارەییدا بژی، هەست بە نامۆیی و نائومێدی و تەنیایی دەکات،

بەڵام لە هەمان کاتدا شاعیری ڕۆمانسی، شاعیری ئەڤین و خۆشەویستی و هەست ناسک. برووسکە هیوایەک ختووکەی دڵی دەدات، کە هێزێکی تر هەیە لەناو ئەو دڵەدا کە موعاناتی دووری و ئاوارەییەکەی سووک کات، ئەویش خۆشەویستی دلبەرە دوورەکەیە کە پەڵە هەورەکان لە کاتی داکشانیاندا نامەی (سەکۆ)ی خۆشەویست دەبارێن، ئەو حەلە دەکەوێتە بەر خەیاڵی بینینی خۆری چاوەکانی کە لە دڵە تاریک و تەنیایەکەی هەڵدێ و ڕووناکی دەکاتەوە، ئەم جۆرە خۆرەش خۆرێکی ئەبەدییە، شیعریش بێ خۆشەویستی، شیعری تەنیایی و سارد و سڕی مرۆڤ و نامۆ بوونییەتی.

بە هەمان شێوە لە شیعری (شەوبا)دا دەڵێ:

شەو ڕاشکاوەو
کیژۆڵەیی چاو گەلاوێژ چاوەکانی ناچنە خەو..
شەو ڕاشکاوەو
کیژۆڵەیێ ئەستێرەکان، وەک پوولەکە.
یەک یەک دەچنێت.
دەکاتە سەد.. هەزار... ملیۆن..
شەوبایەک دێ و
نەرمۆڵە خەوی لێ دەخات!!

ل ٢٠

ئەم هێزە ئەفسووناوییەی کە خەو لەو کیژە چاو گەلاوێژە دەخات، کە خەو لە چاوانی زڕاوە، شەوبایە، کزەبایەکی فێنک و سازگارە لە حاڵەتێک دەربازی دەکات کە خەو بە هیچ جۆر ناچێتە چاوەکانی، کەواتە شاعیر ئەو کیژۆڵەیە لە واقیعە سروشتی و بایلۆژییەکەی دەترازێنێ و دەیخاتە بەردەم واقیعێکی ڕۆمانسییانەی سیحراوی، کە بە خەیاڵ، بە شەوبایەک، بە سروەیەکی ناسک بە نەرمی دەیخەوێنێ. لەم ڕووەوە (مالارییە) گوتوویەتی:

*«واقیع لە گۆرانییەکانتاندا ڕەش بکەنەوە خۆی باوە و ئاساییە، تاکە شت کە*



*شاعیر پێویستە بیکات، کاربکات و چاوەکانی هەموو دەم بە دوای گوزارەیەک بگەڕێن: هەرگیز ڕووی نەداوە»*[٢]

لە کۆتایی هەمان کۆپلەدا حاڵەتەکە بە شێوەیەکی تر وێنا دەکات و چارەسەر دەکات و دەڵێ:

– تۆ پێبکەنە!
پێکەنینت گریانی تیا هەڵدەواسرێ..
بزەی تێدا دەکرێ بە بووک..
تۆ..
پێ..
بکەنە!

ل ٢٢

پێکەنین (گریان) دەکوژێ، پێکەنین نیشانەی خۆشی و ڕووگەشییە، خۆشنوودی و کەرنەڤاڵ و شایلۆغانی زەماوەندە، پێکەنین، مژدەی ژیانی بەختەوەری و گۆڕانی حاڵەتی غەمناکییە کە دڵی تێدا دەسرەوێ و بزەی نەرمونۆڵ دەکەوێتە سەر لێوەکانی پەریزاد.

هەرچەندە شاعیر ئەم شیعرەی لە بەغدا لە ١٩٧٥/١٢/١٥دا نووسیوە، بە دووری نازانم ماسکێک بێت بۆ ڕەوشی تایبەتی خۆی وەک بڵێی لەگەڵ (ئەراگۆن)دا یەک دەگرنەوە و خۆی بە تەنیا نایەتە بەرچاو، ئەگەر خۆشەویستەکەی، یان ئەو شۆخەی وێنەی بۆ کێشاوە لێشی دوور بێ لەگەڵیدا دەژێ، (ئەراگۆن) دەڵێ:

منیش بۆ ئەو کەسانە قسە دەکەم، کە ناتوانن بخەون، ئەوان بە تەنیانین مادامەکی لەوان دەچم.
هەروەها قسە بۆ ئەوانە دەکەم بەزەییان دێ کە بمرن،
بۆچی ئێوە دەڵێن من خۆپەرستم!![٣]

شاعیر حاڵەتێکی دەروونی و سروشتی، بە پێکەنین، بەبزە چارەسەر دەکات. خۆ

ئەگەر لای (ئاراگۆن) زەردەخەنە جوان بێ لەسەر ڕووێکی دزێو و شێوێنراویش بێ وەکو خۆی دەڵێ:

هەرگیز شتێک نییە لە زەردەخەنە جوانتر
تەنانەت لەسەر ڕووێکی شێوێنراویش!!
ئایا ناتەوێت جوان بی؟

ل ٤

ئەوا شاعیر ئەو زەردەخەنەیە ڕووەکەی پەریزاد جوانترو ڕازاوەتر دەکات و گریان باوی نامێنێ، خەم و پەژارە دەڕەونەوە، ڕەوشێکی ئەوتۆ دێتە کایەوە کە بزە دەبێتە بووک. شیعری (سەکۆ دڵەکەم) درێژبوونەوەی شیعری (لە پەراوێزی ورێنەی ئاوارەیەکی شێتدا)یە کە تیایدا دەڵێ:

ئێستاش گیانە
تاڤگەی خۆشەویستی تۆیە
گەردی غوربەت لە چاومدا دەسڕێتەوە!!

ل ٤٢

لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

دووچاوی تۆن:
لە شەوە سارد و سڕەکانی بێ ئاگر
دەبن بە کڵۆ پەنگر و
لە هەناوما گەش دەسووتێن..
گیانە
هەر
تۆی...

ل ٤٤



لە غوربەتدا چ شتێک خەمەکانی شاعیر دادەمرکێنێ، خۆشەویستی نەبێ؟ هیچ شتێک بەقەد خۆشەویستی نابێتە هیوایەکی گەش و لە دڵ و دەروونیدا چەکەرە ناکات، گرنگ لە داڕشتنی ئەم شیعرە وێڕای ئەو هەموو خەم و نامۆییە کە شاعیر پێوەیان گرفتار بووە، بەڵام بە جۆرێک هەواو کەشێکی وای بۆ خۆڵقاندووە کە بچێتە دڵەوە، شێوازیش لە شیعردا گرینگیی خۆی هەیە، بەم بۆنەیەوە (پاپلۆ نیرۆدا) دەڵێ:

«شێواز مرۆڤ نییە و چیتر، بەڵکو ئەوەشە کە دەورەی داوە، ئەگەر کەشەکە نەچووە ناو شیعرەکە، ئەوە شیعرەکە دەبێتە مردوو، مردوو چونکە نەیتوانی هەناسە بدات»[٥]

«هەر لەم ڕوانگەیەوە خۆشەویستی و سۆزی شاعیر بۆ گەلانی لێقەوماوی جیهان، وەک شیعرێکی مرۆڤخوازی، وەک داکۆکیکردن لە حەقیقەتی دۆزێکی ئینسانی شیعرێکی داهێنەرانە دەخوڵقێنێ، نیرۆدا وتەنی: «ئاردی حەقیقەت و ڕەوانبێژی نانی شیعر دروست دەکات»[٦]

شاعیر لە شیعری (گارنیکا)دا داهێنان دەکات، هەرچەندە کەرەستەی شیعری سیاسی کەمن و ناگەنە ئاستی شیعری خودی، بەڵام داهێنان و ئەفراندن لەم بوارەدا بە دەگمەنن، ئاردی حەقیقەت و بوونی شێوازی ڕەوانبێژی لای شاعیر دەبنە نانی بە تاموخۆیی شیعر. شاعیر دەڵێ:

– «نسیێ ماڵمان
هۆنراوە بوو..
(ڤیکتۆر گارا) ویستی بیکاتە گۆرانی
لەپڕ کەنار بوو بە ڕووبار..
بەفر سوور بوو پڕیشکەی ئاگری باران!!
گارا تۆراو،
دەستی وشەی شیعری منیش
لە گەردنی یەکتر پچڕان!!!»
بیکاسۆ لەکوێی؟
بەژێی خەمە سوورەکانم

هۆنراوەیەکی بێ وشە بهۆنیەوە؟
نیرۆدا لەکوێی؟
باڵی زیندووی (سانتیاگۆ) بکەیتە بەر
بارە کەوێکی بێ باڵی ئەم شاخانە..

ل ٤٧ و ٤٨

بەستنەوەی ڤیکتۆر گارا و بیکاسۆ و نیرۆدا بەیەکەوە، لە تراژیدیای گارنیکای ئیسپانی بەو داڕشتنە ڕوونبێژییە (بەیان) نەک ڕەوانبێژی وەک نیرۆدا دەڵێ: هەوێنی شیعرەکەن کە تێکەڵکردنی سێ توخم و ڕەگەزی لێک نزیکن، نزیکبوونێکی ڕۆحی و ویژدانی، پێوەندییەکی توندوتۆڵی نەپچڕاو بە دەنگ و ڕیتم و ترپەی گۆرانی (ڤیکتۆر گارا) و شاکارە شێوەکارییە مەزنەکەی بیکاسۆ بە تۆناتی ڕەنگەکان و ڕیتم و ترپە و لێدانی هارمۆنییەتی نێوان ڕەگەزە باڵا هونەرکارییە پڕ داهێنانەکانی، بە شیعری بەرزی شاعیرییەتی گەورەی جیهانی، کە شیعر ڕەنگدانەوەی حەقیقەت و ژیانە، پڕ لە ڕیتم و وێنە و بیناسازییەکەی.

پۆل ڤالێری جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

*«شیعر سەمایە و پەخشانیش ڕۆیشتنە»*.[7]

نەژادی شاعیری نوێخواز هونەرمەندانە وشەکانی بەکارهێناوە، بەرگی ڕوونبێژی لەبەر بوونەوەرەکان کردووە، کەسایەتیی مرۆڤی بە شاخ و ڕووبار و بەفر و باران، لاملە کێو و سێبەری هەوار، سێبەری مێژوو، کێڵگەی یاخی داوە، داڕشتنی ئەو جۆرە پەیڤانە بەو شێوازە درکەییە، هێز و پێزی شاعیرییەتی نەژادە، دژایەتیی خۆی بەرامبەر کودەتا خوێناوییەکەی بینۆشی فاشی ڕادەگەیەنێ هەروەکو (مالارمیە) دەڵێ: *«شیعر لە بیروباوەڕ پێکنایە، بەڵکو لە وشە»* شاعیر وشە لە حەقیقەت و سروشتی خۆی دادەماڵێ، بەرگێکی ڕوونبێژی دەکاتە بەر، کە تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر و هەڵوێستی بکات، کە داکۆکی لە خەباتگێڕانی چیلی دەکات، لە ڕێگەی شاکارەکەی (گارنیکا)وە. پێویستە لەسەر شاعیریش هەروەکو نیرۆدا دەڵێ:

*«شوێنێک بۆ خۆی لە شەقام و لە نەبەردا، هەروەک لە ڕووناکی و سێبەردا بگرێ»*[8]



لە شیعری «ئەو ئەستێرەی بە دڵمدا ئاوا نابێ» نەژاد دەڵێ:

ئەستێرەیەک وەک گەوهەر
ورشە ئەدا ..
ئەستێرەیە و، گەلێ جار لێم زیز دەبێ و
وەکو منالّ، دوای گریان.
خامۆش، خامۆش دەچێتە خەو..
هیچ ئاسمانێ نایگرێتە خۆی!!

دەبێ ئەو ئەستێرەیە «سەکۆی دڵەکە»ی شاعیر نەبێ کە چاوەکانی خۆری ئاوانەبوو بوون، ئێستاکە بووینە ئەستێرەیەک، کە ئاسمانی شاعیر نەبێ، هیچ ئاسمانێک نایگرێتە خۆی؟! یان کە شاعیر لە ئاوارەییدا دەژی، وەک ئەستێرە، هەموو دەم دەدرەوشێتەوە و ئاوارەیی بە تەنیایی و نامۆیی تا سەر ئێسقانی هاتوون، ناکرێ هەتا هەتا هەر بدرەوشێتەوە، هەر دەبێ خامۆش بێ، بەڵام لە چ ئاسمانێکدا، لە چ کۆش و باوەشێکی گەرموگوڕا لەناو چ دڵێکی بە سۆز و میهرەباندا، کە لەو ئاوارەییە شوومەدا شەو و ڕۆژ ئۆقرە ناگرێ؟!

لە شیعری (ئەو وشانەی لە ئامێزی خۆشەویستین)دا دەڵێ:

وشەکانم
گریانێکن لە گەرووی منالّەکانا
وێڵن بۆ قاقای پێکەنین

ل ٦٨

هەڵبەت گریان لە گەرووی منداڵە بێ گەردەکان، ئەو منداڵانەی کە مانای پەستی و بێزاری نازانن، هەردەم ئەگەر هەست بە برسیەتی و ئازار نەکەن، مانای گریان نازانن، لە قاقای پێکەنین دەدەن، ئەم وشانە خەم خواردنن، وێڵ و عەوداڵی پێکەنین، لە خۆشی و ئاسوودەیی منداڵ دەگەڕێن.

لەو کۆ شیعرەدا کە بە ناوی «ئەو شەوانەی خەوم نایێ»یە کە ساڵی ١٩٧٧ چاپ کراوە، (سەکۆ)ی خۆشەویستی شاعیر پانتاییەکی زۆر بەخۆ دەگرێ، شاعیر لەو

سـەردەمـە عـیـشـقـە پاکـەی خـۆی دەدوێ، لـە دەروونەوە تەعـبـیـری لێ دەکـات، ڕۆمانسییانە بیر دەکاتەوە، وێنەکان دادەڕێژێ، هەرچەندە بەلامەوە باشتر بوو بەپێی ڕەوتی زەمەنی زنجیرەبەند کرا بان، ئەو حەلە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگریش خۆشتر و ساناتربوو، کە بەراوردی بەرەو پێشەوەچوونی شاعیر بەپێی هەنگاوی ساڵانەی بکات، بەڵام وەکو سەرەتا و یەکەم بەرهەمی شاعیر، دەکرێ بڵێین کە (نەژاد عەزیز سورمێ) بۆ شیعر لە دایک بووە، لەگەڵ شیعری ڕەسەنیشدا مامەڵە دەکات و دەزانێ چۆن هەنگاوەکانی شیعر هەڵبگرێت.

(تاڤگەی مەند) دووەمین کۆ شیعری شاعیرە کە ساڵی (١٩٨٧) بە چاپی گەیاندووە. لە شیعری (پشکۆ باران)دا دەڵێ:

تۆ بۆنی خاک مەستی کردووی
چراخانیت
لە دڵی هەموو ژوورێکدای
خۆت بە بنمیچی نرکەی شەو هەڵواسیوە
دەباریتە گۆشەی دڵی کچانەوە..
ستران دەچڕی
دەنگ هەڵدەبڕی:
«بەڵام ئێمە
ئێمە سەوداسەری خۆرین
ناتوانین کە لەودیو دیوار ئارام بگرین.»
– ئەوە تۆی ڕووت لە تاریکی کردووە؟
– پشتی تێ کەم؟
– ئەی تۆ ناڵێی ژیان لە کەنار وەرس بوونە..

ل ٩٨، ١٠٠، ١٠٥

بەرجەستەکردنی دوو ڕێباز (دوورە پەرێزی و چوونە ناو جەرگەی دۆزە حەقیقەتەکە)، وەرگرتنی دوو هەڵوێستی ناکۆکە، پێوەندیی قووڵ بە خاک و نیشتمان، بە ئازادی و سەرفرازی و لێکترازان و ژیان لە کەنار و ژیان بەسەربردن لە باوەشی



ئافرەتدا، لە تاریکیدایە، شاعیری دڵدار و شەیدا و سەوداسەری خۆرەکە و ئازادییە، ناتوانێ لە تاریکیدا ئارام بگرێ وەکو نیرۆدا دەڵێ: «*ئا ئەوا من بە ڕێگاوەم بەرەو ئازادی، ساتێک لە نزیک (تیمۆکۆ)دا دادەبەزم گوێ لەو ئاوە دەگرم کە منی فێرە ستران کرد*».[٩]

شاعیر لە هەمان شیعردا دەڵێ:

پەپوولەکان دەم دەنێنە، دەمی ئاگر،
کێ زات دەکا خۆر ماچ بکا؟
تۆ حەز لە تیشکی خۆر دەکەی
خۆشت دەوێ؟
هەڵدێرە نوتەکانی ڕێگات دیوە؟
تا ئێستا بۆت هاتۆتە ژوان؟
ماچیت کردووە؟
تۆ دەتوانی یاری بە قژەکەی بکەی؟

ل ١٠١

شاعیر لێرەدا لە سۆزی دڵ دوور دەکەوێتەوە، لە ڕوانگەی عەقڵ و لۆژیکەوە سەیری دیاردەکانی ژیان و حەقیقەتەکان و بوونەوەرەکان و ڕەگەزەکانی سروشت و ژیانی ڕاستەقینە دەکات. پەپوولەکان، ئاگر، ماچکردنی خۆر، هەڵدیرە نوتەکان، کە دەلالەتن و مەدلوول دەگەیەنن بۆ نموونە پەپوولەکان دالی دڵدارین و ئاگر مەدلوولی ئەڤین و عیشقە، ماچکردن (واتە مرۆڤ) (دال، خۆر) واتە ئازادی (مەدلوول). کۆلریدج دەڵێ:

«تێڕوانینی شاعیر بۆ حەقیقەت لە دایکبوونی ئەنجامی تێکەڵبوونی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ، یان یەکێتی نێوان دڵ و عەقڵەکەیەتی و نێوان دیاردە گەورەکانی ژیانە، شاعیر لە ساتی جیهانبینیدا لە سروشتی هەست پێکراودا چەند ڕەمزێک بۆ ژیانی ناوەوی دەدۆزێتەوە»[١٠]

دانانی شاعیر بەرامبەرەکەی و بەرجەستەکردنی لە چوارچێوەی سۆز و عەقڵدا، دڵ و مێشکدا ڕوونکردنەوەیەتی، کە ئەو بەرامبەرە ناکۆکە هەر چەندە بە قسەی

دەهێنێ و پرسیاری زۆری لێ دەکا، بەڵام بە تەواوەتی وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە، لە ئەنجامدا هەر لۆژیکی عەقڵانییەت سەر دەکەوێ و سۆزی دڵ و خۆپەرستی و ژیان لە تاریکی و دوور لە گەل و نیشتماندا پووچەڵ دەبێتەوە، ئاکامەکەی دایەلۆگەکە بەو شێوە دەشکێتەوە کە لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە، لێرەدا شاعیر ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینی:

«مرۆڤیش دەچێتە ناو ژیانی خەڵکی دی بە شێوازێکی نزیکتر لە مۆرکی ڕاستەوخۆ لە توانابوونی بۆچوونە ناو سروشت، چونکە ئاشنای بیروباوەڕو هەستەوەرە تایبەتییەکانی خۆی دەکات و فێر دەبێ چۆن وا بکات بیروباوەڕە هەستەوەرییەکانیان، ئینتیمایان بۆ ئەو هەبێ، کە لەناو خۆیدا، خودێکی قووڵتر دەبینێتەوە کە هەموو سیمایەکانی ئینسانی هەیە»[11]

توانەوە شیعری سووتانی عیشقە لە پێناو نەمری و جاویدانیدا، عیشقی حەقیقەت، عیشقی پڕشنگی خۆر، خۆشی و لەزەت بینین لە بە عاشیقی مردن. بەستنەوەی توانەوەی بەفر بە هاتنی بەهار و نەورۆز، مەرگە لە پێناو ژیانێکی هەمیشە زیندوودا . شاعیر دەڵێ:

بەفر ئەتوێتەوە (بەهار) دێنێ
تۆش سۆز دەکەی
ئەوە نییە بەرگ...ی نیوەڕۆی هاوینت
لەبەر سڕەی شەوانی زستان کردووە؟
ئەوە نییە دەسووتێی و بەهار دێنی و
نەورۆز دێنی

ل١١٠

بەستنەوەی موعاناتی عیشقی مرۆڤ و مردنی لە پێناو خۆشەویستیدا بە مەرگی بەفر و بە دواداهاتنی بەهار و نەورۆز، بەستنەوەی نێوان مرۆڤ و سروشتە. مردنیش:

«لە چەمکی فەلسەفەی ئیغریقی مانای کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو بەردەوامبوونییەتی، لە وێنەیەک لە وێنەکان، واتە مردوو لە بوونی یەکەمدا جیا



نابێتەوە و دانابڕێ، بەڵام دوای مەرگی دەژێ لە حاڵەتێکدا کە هێزی ژیان کەم دەبێ و ژیان دەست پێ دەکات و کاتێ سێبەر لەگەڵ جەستەدا یەک دەگرێ، پاشان لە هەمان کاتدا، شتێکی سێیەم لەگەڵیاندا یەک دەگرێ کە گەلانی (پانتۆ) پێی دەڵێن هێزی ڕۆحی، ئەویش ئەو هێزەیە کە بە کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی نامرێ، بەڵکو دەمێنێتەوە و نامرێ»[12].

کە عیشق هەرگیز دوایی نەیە و سووتانیشی بە دواوە بێ، نەمری و جاویدانی دەنوێنێ، مادامەکی سووتانەکە بۆ گەیشتنە بە حەقیقەت. ئەوەتا شاعیر دەڵێ:

تۆ دەزانی (عەشق) هەرگیز دوایی نایێ
بۆیە ئاوا پڕشنگی خۆر دەکەیتە (ڕێ) و
بەرەو لووتکە ملت ناوە..
دەزانی هەزاران خونچە
سەریان ناوەتە باوەشی خەمەکانت.

ل ١٠٧

دەرکەوتن و سەر دەرهێنانی خونچە ڕەمز و نیشانەی نوێبوونەوەی ژیانە، زیندووبوونەوەی دوای مەرگی سروشتە، سووتانی عیشق پێشوازیکردنە لە ژیانێکی نوێ، لە بەهار و نەورۆز، لە بەزاندنی زستانی وەیشوومە و ساردی و بەفر و بەستەڵەک، توانەوەی بەفر و توانەوەی مرۆڤ، ئەو دوو پێوەندییە توندوتۆڵەی بەستنەوەی ژیانی مرۆڤە بە سروشت، هەردووکیان لە یەک بۆتەدا دەتوێنەوە، لە پێناو هێنانەدی شتێکی نوێ، لە دایکبوونێکی نوێی مرۆڤ، زیندووبوونەوە و لە دایکبوونێکی نوێی سروشتە.. هەردووکیان کە دەتوێنەوە لە پێناو هێنانە دی شتێکی پیرۆزە، توانەوەی هەر یەکێکیان دەبێتە ڕۆحێک لە بوونەوەرە نوێیەکەدا بەرجەستە دەبێ، توانەوەی مرۆڤ لە باوەشی ئازادی، توانەوەی بەفر لە باوەشی بەهار و نەورۆزدا، وەک پرۆسێسێکی فیزیاوی کە مادە نافەوتێ، بەڵام لە گۆڕانیدا خاسییەتەکانی پێشوو لە دەست دەدات و لە حاڵەتی بوونەوەرێکی تردا خۆی دەنوێنێ.

لە شیعری (دەربەند)دا دەڵێ:

ئەو ئێوارەی
تارایێکی وەنەوشەییت پۆشیبوو
خۆت خستە باوەشی دڵم..
نەمزانی ڕۆژێ تەمێکی وەنەوشەیی
بەر ڕوونایی چاوم دەگرێ و کوێر دەبم!
من نەمزانی
چاوی مەند و
بالآی مەند و
لەنجەی مەندیش
وەکو ئاوی مەند مۆتەکەن..

ل ١٢٦

ژیان، سروشت دیاردەیەکی وەستاوو مەند نین، هەردەم لە بزاڤ و جووڵانەوەن، هەرچەندە جووڵانی سروشت وەک دیاردەیەک جووڵانێکی ڕێژەییە، بەڵام جووڵانی ژیان ڕەهایە، ڕەنگیش لای شاعیر پێچەوانەی دەروونیی خۆی هەیە، ڕەنگی وەنەوشەیی لای شاعیری هونەرمەند (نەژاد)، ڕەنگێکی دڵگوشی خەماوییە، بە پێچەوانەی ڕەنگە کراوە و دڵبزوێنەکانی دی، هەروەها شتی مەند و لێڵ و تەماوی جوانی کوژن، بۆیە شاعیر بە چاوی شووم، ڕەشبین سەیری چاوی مەند، بالآی مەند، لەنجەی مەند، ئاوی مەند دەکات، پۆشینی تا ڕایەکی وەنەوشەیی، کە ڕەنگێکی مەیلەو ڕەشە و بە تاریکی خۆی دەنوێنێ، تەمێکی چڕ دەخاتە سەرچاوی شاعیر و بەری ڕووناکی لێ دەگرێ، شوومی و بە دوومی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە مایەی ترس و گومان و نیگەرانی بێ، چونکە هەموو شتێکی مەند کە حەقیقەتی ناوەوەی دەشارێتەوە، مایەی پشت پێ بەستن نییە، دیوی دەرەوەی لە دیوی ناوەوەی ناکات (پیرەمێرد)ی شاعیریش لە ڕوانگەی قسەیەکی پێشیناندا دەڵێ:

ئاو مەند پیاو مەند بێ لێیان بترسە
لچ شۆڕ پەریش بی هەر ئێسکی قورسە.




شاعیر بەو کۆپلە شیعرەیدا، دەیەوێ دەروونی دەربەندەکە بخوێنێتەوە، کە لە ژێر تاری وەنەوشەیی و تەمێکی چڕوپڕ حەشار دراوە، ئەو وەکو (ڤان کۆخ) هونەرمەندی جیهانی کە گەرەکی بوو «*خودی وێنە بکێشێ نەک تیشکەکانی*». شاعیریش هەر بەم جۆرە دەیەوێت، دەربەندەکە، دەربەندەکەی پێشوو بێ کە بەکامی دڵ هۆگری بوو، بێ ئەوەی بزانی بۆ گۆڕا و تاڕای وەنەوشەیی پۆشی؟! لە شیعری (ئەم زریانە شێتە)دا دەڵێ:

هیچم ناوێ
دڵەکەم لە ئامێزی شەیدا هیچم ناوێ
تەنیا وەرە
بۆم ببە بەخۆری شیعرێ و
لەگەڵ گەردی بەیانییەک
تەزووی ئۆخەم بۆ بهێنە،
ئەم جیهانە بێ گۆرانی ئەستەمە
گیانەوەرە ئاوازێ بۆ زامەکانم دانێ..

ل ١٦٥

شاعیر لە خەڵوەتی شیعردا شەیدای خۆشەویستی و جوانییە، هیچ داخوازییەک لە دلبەرەکەی ناکات کە خۆی خستۆنە ئامێزی عیشق، ئەوەندە نەبێ کە بۆی ببێ بە خۆری ئەڤین، بە ئاوازێ، بە گۆرانییەک کە ڕووناکی خۆری شیعر بێ، بە ئاوازێکی ناسک و بە جۆش، ببێ بە گۆرانییەکی بەسۆز، ستەم و تاریکە، خۆری شیعرێ کە تێکەڵی ئاواز و گۆرانی دەبێ، ئازارەکانی شاعیر کەم دەکەنەوە و کەرنەڤاڵێ ساز دەکەن و خەمەکانی شاعیر لەبیر دەبەنەوە، دڵە تاریکەکەی شاعیر ڕەوشەن دەکەنەوە، ڕۆحێکی میتۆلۆژی پێ نەبەخشن.

لە هۆنراوەی «سنیل لایف»دا ئەم کۆپلە بێ نازە هەڵدەبژێرین کە تیایدا شاعیر دەڵێ:

تەرمێک لە سەر دەم کەوتووە
چرایەک کوژاوەتەوە

درەختێک بەلادا کەوتووە
زەوی و ئاسمان لە یەک نزیک بوونەتەوە.
بارانی سوور دای کردووە.

ل ١٨٨

تەرم، چرای خامۆش، درەختی بەلاداچوو، نزیکبوونەوەی زەوی و ئاسمان، بە بارانی سوور، ئەم بوونەوەرانە، هەموویان لە بزاڤ وەستاون، کپ و بێ دەنگن، گرینگ لێرەدا کۆکردنەوەیانە لە بۆتەی شیعردا، دەربڕینی زمانی شیعرییە، کە دەبنە نیشانە و هێما و ڕەمز و تەعبیر لە لێڵی و تەماوی و نادیاری دەکەن، ئەو دیوی ژیان و واقیع پێچەوانە دەکەنەوە.

«زمانیش ژیانێکی ترە کە هێزەکانی واقیعی ئێستاتیکا بۆ ئاستی نموونە دەگوێزرێتەوە و تیایدا دەبێتە نیشانە و ڕەمزی ماوو لەگەڵ نهێنییەکانی ژیانی شاردراوە و تەماوی هاوئاواز دەبن و هەوڵ دەدا دەریان بخا و قووڵاییە دوورەکانی بدۆزێتەوە، دۆزینەوە و ئاشکراکردنی قووڵایی دوور بەخودی خۆی گرتنی دووری لووت بەرزە و هەردووکیان دوو ڕووی تاکە دراوێکی جوانین»[١٣].

لە کۆپلەی هەمان شیعردا تەعبیر لە نهێنی و سەیر و سەمەرەکان دەکا، کەشتی ئاسایی و واقیعی و تەقلیدی نین کە خوێنەر دەخەنە بەردەم پرسیارەوە، ئەوەتا لە کۆپلەی (دیوارەکان)دا دەڵێ:

دیوارێ.. دوو دیوار.. دە دیوار.
چیمەنتۆ بەندەکان ڕووخان
تەنیا دیواری قوڕ ماوە
نەڕووخاوە

ل ١٨٢

تەعبیرکردن لە ناکۆکییەکان، لە شتە چاوەڕوان نەکراوەکان، بە زمانی درکە، هێزێکی دینامیکی بە شیعر دەبەخشێ، مرۆڤ دەخاتە بەردەم بیرکردنەوە و



سەرسوڕمان لە تێگەیشتنی نهێنییەکان، وەک دەقێکی کراوەش چەند شیکردنەوەیەک دەگرێتە خۆ کە خۆی بە خوێنەر بناسێنێ و بەپێی تێگەیشتنی شتە سەرسوڕهێنەرەکان ڕاڤە بکات، کە لێرەدا شیکردنەوەیان بۆ خوێنەر جێ دێڵم تێبینیم لەسەر کۆمەڵە شیعری دووەم ئەوەیە کە بەپێی دانانی شیعرەکان ڕیزبەند نەکراون، من لەگەڵ ڕیزبەندی دام، هەرچەندە شاعیر وەک خۆی لە کۆتایی دیوانەکەیدا دەڵێ کە پێوەندی بە دەرهێنانی هونەرییەوە هەیە.

کۆ شیعری سێیەم بە ناوی (چەند کۆتەڵەیەکی جەنازەیی)یە ساڵی ١٩٩٥ چاپ کراوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە پێشکەش بە ڕۆحی بەفرینی دایکی دەکات کە قوربانییەکی وردە دیکتاتۆر و ستەمکار و داخ لە دڵانە.

لە شیعری (وڵاتی ناو دەنکە هەنار)دا دەڵێ:

ئەوە وڵاتی من نییە وەرز بازیی
وێنەی تنۆکە ئارەقێک
بەلاجانگی دێتە خوارێ..
ئەوە وڵاتی من نییە.
چۆلەکە لەبەر خۆریا مەلە بکەن و
بارانی لێ نەبارێ..

ل ١٩٧

شاعیر هەست بە نامۆیی دەکات، لە وڵاتێکدا دەژی دوورە لە حەز و ئارەزووەکانی، ئەو وڵاتە بە وڵاتی خۆی نازانی، بەتایبەتی کە لە کەسی قسەکەرەوە دەبێتە کەسی دووەم و لەگەڵیدا دەئاخافتی و پێی دەڵێ:

لە ئەشکەوتی سڕ و بێ ئاوێزان
لە چاوی هاوڕێکەت بەدەر
یاوەرێکی دیکەت نەبوو
تۆ هەر ڕووەو بناوان کشای..
هەبوو هەر زوو چیرۆکەکەی دوا پێ هێنا
تۆ هەر ڕووەو بناوان کشای

ڕووەو شکۆی گوڵڕەنگی ژیان.
ڕووەو حەقیقەتەکان هەمووی...

ل ٢٠٢

شاعیر هەر تەنیا تەعبیر لە نامۆیی و ئاوارەیی خۆی ناکات، بەڵکو نامۆبوون و ئاوارەیی و تەنیایی ئەو کەسەش بەرجەستە دەکات کە تەنیا لە چاوی هاوڕێیەکەی بەدەر لەو ڕێگە سەخت و دژوارەی بەرەو لووتکە هەڵکشان یاوەرێکی تری نییە (دوور نییە ئەم هاوڕێیە خودی شاعیر بێ)، ئەوە لە کاتێکا هەموو لەگەڵ کاروانە پیرۆزەکەدا بوون، بەڵام هەر زوو کۆڵیان دا و ڕێگەی خەباتیان بەردا، بۆیە کەسی دووەم دەبێتە ڕەمز و سونبولی شکۆی گوڵڕەنگی ژیان و هەموو حەقیقەتەکان. ئەم وێنەکێشانە بەرجەستەکردنی خەباتگێڕێکی نموونەییە کە لە وڵاتێکدا دەژی شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە، هەست بە نامۆیی دەکات و ڕێگەی تەنیا دەگرێتە بەر، کە بەرەو لووتکەی شکۆمەندی دەبات، مەنسووری حەللاج ڕاستی بۆچوونەکە دەڵێ: «*ئەگەر حەق کۆنترۆڵی دڵێکی کرد لەوەکەی تر بەتاڵی دەکات*».. کەواتە لێرەدا خۆشەویستی حەق و حەقیقەت وای کردووە، کە ئەوەی ئەو ڕێگە پیرۆزە بگرێت، با بە تەنیاش بێ هەر خۆی نوێنەری هەموو حەقیقەتەکانە، (ناظم حیکمەت) وتەنی:

«*تاریکایی هەموو دونیا ناتوانێ مۆمێک بکوژێنێتەوە*»

لێرەدا شاعیر بە گەرموگوڕییەوە وەدەنگ بەرپرسیی مێژوویی دێ، بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕانە بە شیعرەکە بدات کە موعانات و ئەزموون و گەمارۆدانی ڕۆحی و دەروونی لەسەری سەپێنراوە، خۆی لەناو ئەزموونەکەدا دەژی و بە هەستێکی ناسک و هۆشمەندییەکی کراوەی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ سەردەم و واقیعی کۆمەڵگە دەکات، لە قاوغی زیهنیەتی ڕۆمانسییانە و ڕەهەندی تەسکی خودپەرستی دەردەچێ و جیهانێکی بەرەو ئازادی و سەرفرازی دەگرێتە باوەش.

لە شیعری (پەراوێز) لە بەشی دووەمیدا شاعیر دەڵێ:

تا لێی بڕا سەمای بۆ تارماییەکان کرد
تا تێی دابوو، بانگی ڕاهێشت



چۆلەکەیش بە قسە هاتن.
تا تێی دابوو.

ل ٢٢٧

سەماکردن بۆ تارماییەکان، دوورکەوتنەوەیە لە خودی حەقیقەتەکان و بە دواکەوتنی وەهمەکانە و خۆ ونکردن و هەوڵی بێ هوودەیەو ئاسنی سارد کوتانەوەیە، تا ڕادەیێ نەک مرۆڤی بە ئاگا هێنا لەبەردەوامی و سووربوونی لەسەر بانگهێشتەکە، بەڵکو چۆلەکەش وەئاگا هاتن، چۆلەکەش هێمای ئاشکرابوون و ڕووناکی و ئازادییە کە لەگەڵ گەردی بەیاندا دەردەکەون، ڕووناکی دەجریوێنن، بە دوای حەقیقەت عەوداڵن کە لە تیشکی خۆردا بەرجەستە دەبێ نەک لە دواکەوتنی تارمایی و سەماکردن بۆ شتی ناڕوون و نادیار، لەم کۆپلەیەدا زیاتر سامناکی شەو بەرجەستە دەبێ کە درەخت ڕووت دەبێتەوە و گەڵاکان دەوەرن، پاساری ئەو داڵدە و پەناگەی نامێنێ کە خۆی تێدا حەشار بدات، تەنانەت شەویشی لێ دەکرێتە ڕۆژ، هانا و هاوار بۆ کوێ بەرێ، لە کوێ ئارام بگرێ، مەگەر ئەم حاڵەتە سەرە مەرگی ناخ نەبێ، بۆیە شاعیر مافی خۆیەتی بڵێ: پەنای چی و هانای چی؟ ئەوەتا دەڵێ:

پاساری گەڵایان هەڵوەری
درەخت پەڕ کران
شەو چرای ڕۆژتە، پەنای چی؟
گیانەڵای ناختە هانای چی؟!

ل ٢٢٨

ئەم جۆرە وێنەکێشانە ماسکێکە بۆ مرۆڤی کورد کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی فاشی تووشی چ کارەسات و سەرگەردانی و کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی بوو.. هەڵوەرینی گەڵای چۆلەکەکان و پەڕکردنی درەختەکان ئەو ڕووداوە تراژیدییانەمان دەهێننەوە بەرچاو کە مرۆڤی کورد چی بەسەرهێنرا، چۆن دارودرەختیشی لێ سووتێنرا، لانە و شوێنی حەوانەوەشی وێران کرا، گەڵا هەڵوەرینی پاسارەکان و پەڕکردنی درەختەکان بەکارهێنانی شێوازی درکەیە لە قالبی خواستی شاردراوە. ئەم جۆرە شێوازەش لە دەقی شیعریدا داهێنان و

ئەفراندنی ڕوونبێژییە کە لە ژێر پێستی وشـەکاندا هێزێکی دینامیکی حەشاردراوە کە ڕۆحی سروشت بە باڵندە دەبەخشێ و ڕۆحی باڵندەش بە سروشت.

لە شیعری (خەرەندی گوێیەکان)دا شاعیر دەڵێ:

هاوڕێ
ئەوەتا ڕۆژگار بووە بە گلۆڵەیەک تێل دڕ
لەگەڵ ئەوەشدا کۆترەکان دوای دەکەون!
لە چەند تنۆکە خوێنێکی پەرش و بڵاو بەدەر
بەدوای خۆیان جێ ناهێڵن

ل ٢٣٧

هەرچەندە ڕۆژگار بۆتە بەندیخانەیەکی تەلبەندی دڕ، بەڵام هێشتا ڕۆحی یاخیبوون و بەگژداهاتنی شەوگار و ڕۆژگاری ڕەش بەردەوامە و کۆترەکان کە ڕەمزی ئاشتی و ئازادی و پاکیی بێ گەردن، دەبێ خۆ لەو گلۆڵە تێل دڕە بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش قوربانی بدەن، باجی ئەم قوربانییەش چەند تنۆکە خوێنێکی پرش و بڵاوە کە بە دوای خۆیاندا بە جێی دێڵن، ئەم بەگژداچوونە ماسکێکە کە تەعبیر لە هەستی مرۆڤی کورد دەکات بەرەو شکاندنی سنوور و تەلبەندەکان، شاعیریش هۆشمەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی شۆڕشگێڕانەی تەواوی هەیە کە تا سەر ئێسقان گەلەکەی گەمارۆدراوە و هەست بە قەیرانێکی سیاسی دەکات کە هەموو هەستەکانی تری دەستنیشان دەکات، لە ئاوارەیی و تێشکانی دەروونی و نائومێدی و ژینی سەخت و دژواری میللەتەکەی کۆتر دەکاتە ڕەمزی بەرگری و یاخیبوون، کۆترەکان ماسکی مرۆڤی کوردن لە یاخیبوون و شۆڕشکردن، ئەم هەڵبژاردنەی کۆتر و کردنی بە ماسک و دەمامکی ڕۆڵەکانی کورد، تەقاندنەوەی شیعرە، کە زیاتر لە دەنگی قسەکەر بەرجەستە دەبێ کە حەقیقەتی ئەو یاخیبوون و شۆڕشکردنە بەرجەستە دەکات و داهێنانی تێدا دەکات و دەمامکەکە لە ڕووی کەسی دووەم دادەماڵێ و دەڵێ:

تۆ کە ناتوانی گۆرانییەکەم دەستەمۆ بکەی
کولێرەکەشم لێ مەدزە.. هاوڕێ!



کولێرەکەم لێ مەدزە،
کە ناتوانی گۆرانییەکەم دەستەمۆ بکەی

لە کۆ شیعری چوارەمی کە بە ناوی (هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە)دا کە ساڵی ٢٠٠٥ چاپیکردووە، لە (مەنەڤێست)ەکەدا دەڵێ:

ساوی شیعر نهێنییە تەلەسماوەکەی پێیە،
لە شیعر ئاسمانگەڕتر و لەساتەکانی خەم پەرۆشتر..
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، خوێندن و نووسینیان بە
کۆڵەگەکانی کەرامەتی مرۆڤ چوواند خۆڕایی نەبوو..
سروشتێک بوو بە ئاراستەی هەڵگەڕان بەوساوە، بە

نهێنییەکان...

ئەو ئاهەنگە تەنیایانەی خود لە خودی گێڕاوەتەوە... زەماوەندی گەشبینە، بە کەژاوەیەکی خەمبار بەڕێوە دەچێت...

کۆڕمان بە ئەزموونی، هەمیشە لە ئەزموون مایەوەدا گەرمە...

وەرە با ئاوەزێیەکان بتەقێنینەوە...

کێ ناڵێ ڕوومان تێ ناکەن و ئەندازەی خەونەکانمان ناگرن و دەرگای لاپرسەنیمان بۆ ناکەنەوە.

ئەو دەرگایە
(با)یان لێ دەدا و دەدرەوشێنەوە...
ئەگەر ویستت نیگایەکت لە ساوی شیعرەوە بۆ بێت.
دەخوازێ بە(با) بدرەوشێتەوە...

ل٢٨٣

وەستان لە میحرابی ئەو شیعرەدا دەمانخاتە بەردەم بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانەی باو و تێپەڕ، بەڵام بە دەلالەت و بەرگی زەینی و هەستی و جوانکاری پڕ کراونەتەوە، کە چەند ئاستێکی جیا بەخۆ دەگرن: کە داڕشتنی بینای شیعرەکە

تۆکمە دەکەن، ئەویش داهێنانی ڕۆمانکاری و گێڕانەوە و درامییە لە فرە دەنگداو هەر دەنگەش تەعبیر لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆحی و مێژوویی و نەتەوەیی دەکات. جگە لە سوود وەرگرتن لە میتۆلۆژیا و خەڵقکردنی میتۆلۆژیا. کە تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر دەکەن بە جۆرێکی ئەوتۆ دەنگی شاعیر لە ناو ئەم مەنەڤێستەدا دەبێتە سێ دەنگ، دەنگی خۆی (قسەکەر- کەسی یەکەم) دەنگی دووەم- (قسە لەگەڵ کراو موخاتەب ) و دەنگی سێیەم-( کەسی نادیار).

لێرەدا ئەفسانە دەبێتە سرووتێک بە دارِشتێکی فیعلی نەک تەنیا ئاخاوتن (وەرە ئاوە زێیەکان بتەقێنینەوە)، (کێ دەڵێ ئەندازەی خەونەکانمان ناگرن... دەرگای لا پرسەنیمان بۆ ناکەنەوە. دەخوازی بە (با) بدرەوشێتەوە... سپێدەمان لە خەوی پەمبەیی جیادەکاتەوە... (پەری)یەک گوڵێکی سپییە بە دامێنی چیاوە... تاد).

بۆ زیاتر کاریگەری میتۆلۆژیا لەسەر شاعیر:

ڕێگای هات و نەهات.

......

......

ململانێی نەبڕاوە لەگەڵ زمان

ئەمانە سەدای زەنگەکە دەدەنەوە

ل ٢٨٤

ڕێگەی هات و نەهات، ڕێگەی پڕ تەلەسم و بەندو داوە، بەڵام بەرەو جوانی و ژیانێکی بەختەوەر و گەش، بەرەو سفت و سۆڵی زمان.

لە دارِشتنی ئەم مەنەڤێستەدا کە شاعیر گیانێکی درامی و داستانئامێزی وەبەر بوونەوەرەکان کردووە، لە دارِشتنە گشتییەکەیداو، لە چەند شێوەکارییەکانی میتۆلۆژی و گێڕانەوە ئامێز و درامیدا توانیویەتی گیانی میللەتی تێدا بەرجەستە بکات و بەهەر سێ دەنگیش بەشداری لەو بەرجەستەکردنەی ڕۆحەکە بکات.

خەونێک لە نیوەڕۆدا مۆرکێکی ئەفسانەیی بە خۆ گرتووە، بەڵام شاعیر توانیویەتی زیرەکانە تەوزیفی وشەکان لەشێوەیەکی ئەفسانەییدا بکات، کە ئەفسانە



هەڵبگێرێتەوە بە حوکمی ئەوەی ترس دەخاتە دڵ و دەروونی مرۆڤ، لەجیاتی وێنەکێشانی ئەفسانە لە چوارچێوەی ترس و سامناکی و دڵەڕاوکێ و خۆ بەدەستەوەدانی و ملکەچ بوونی بۆ پلاری قەدەر و زاڵبوونی سروشت، شیعر دەکاتە چەکی بوێری و بەگژداچوونەوە و یاخیبوون لە خودی سروشت و دیلکردنی ڕەگەز و توخمەکانی و تواندنەوەیان لە بۆتەی شیعردا.

لە شیعری (پاسەوانەکانی ناخ) دەڵێ:

ڕێگەی بوو دەڕۆیی

نەک قاچەکانی من

مانگ بوو دیاربوو

نەک پەنجەی من

ئەو دارەی سێبەری دەکرد

شین نەبووە و...

ئەو پاژنەی شوێنەواریان دەرکەوتبوو

پاژنەی بۆرە جەنگاوەرەکان بوون

دیلیان لە مەزاری ئەجندان

بەپەتی پەشمین دەخنکاند...

ل ٣٠٩

نامۆکردنی شتە باو و بەرچاوەکان هەڵگێڕانەوەیان و پێدانی کەسایەتیی مرۆڤ بە هەندێ لەو بوونەوەرانە جۆرە داهێنانێکی تێدایە، هەرچەندە کردنی شتە ئاساییەکان بەنائاسایی و ماقووڵەکان بە ناماقووڵەکان کارێکی هێندە سانا نییە، بەڵام شاعیر پاساوی پەسندکردنی نامۆکردنی شتەکان بۆ ئەو جۆرە هەڵگێڕانەوە بە وەرگر دەبەخشێ کە ئەم شێوازەی لا پەسەند و ماقووڵ بێ کە بەڕاستی، کە هەندێک لە نامۆکردنی ئەو بوونەوەرانە ڕەسەنایەتی و زەمینەی واقیعی بەرچاوی خۆیان هەیە بەرلەوەی مرۆڤ ناویان بۆ دابنێ و هەندێکیش لەوانە لە ناڕەسەنییەوە هاتوون، کە

هی ئەوە نین بوونیان هەبێ. شاعیر لە شیعری (ئایندەی پایز) دا دەڵێ:

چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە
خەم نزیک و نیشتمان دوور
ئەم لە دلاوایی چاوی ڕێگا
بەرەو دۆزەخی تاریکی،
یا فیردەوسی نوور بچی
من بە کوێدا بڕۆم؟
ئاسمان کوێر
ئاسمان لاڵ
من بە کوێدا بڕۆم؟
لەم هەموو سێبەرە
کام سێبەر هی خۆمە؟

ل ٣١٣

هەڵبوونی چراکە لە سۆز و جوانی نیشتمانە، بەڵام خەمی گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمانی دوور نێوانیان ڕێسمان و ئاسمانە، شاعیر لەناو خەمدا نقوم بووە، نە ئاسمان دەیبینێ و نە گوێشی لێیەتی، تەنانەت بە سێبەری خۆیشی نازانێ. ئەو ونبوونەی شاعیر لەناو تەم و تاریکی و ڕێ نەکردنی چ بەرەو دۆزەخی تاریکی، گەڕانەوە بەرەو ژیانی مەینەتی نیشتمانی بریندار، یان بەهەشتی ڕووناکی؟ سەرسوڕمانێکە لەو جیهانە جەنجاڵەدا، سەر لێشێوانێکە کە مرۆڤ تاسەیەکی بەشەوق پڕشنگ بەرەو نیشتمانی ئازیز باڵی لێ بڕوێنێ، بەڵام سەر بۆ کوێ هەڵبگرێ، بۆ هەمان ژیانی پێشوو کە گەڵای درەختەکان هەڵوەرین. مێرگ ترسی گرتووە، شار تینووە، ڕووبار لە سەمای دڕکاویدایە، شتەکان بە چاک و خراپیانەوە تێکەڵ بوون، بوونەوەرێکی دڕندە جوانیی سروشت دەشێوێنی، هەموو ئەوانە شاعیر دەخەنە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و پرسیارکردن. خەمی گەڕانەوە و دووری نیشتمان جۆرە



نائومێدییەکی لای شاعیر دروست کردووە، خۆیشی چاک دەزانی کە گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمان، یان مەرگە و یان ژینە، تاریکی و ڕووناکی، دۆزەخ، یان بەهەشتە:

چونکە
جوانییەک
هێشتا شوێنەواری مابوو
لەم ڕێگایەدا درایە بەر نێزان...
زامەکان وەکو خۆیان لێ هاتەوە!!

ل ٣٢٠

وێڕای خەیاڵکردنی واقیعی نیشتمان بە ڕیگەی فلاش باکەوە، بەڵام ڕووناکییەک لە دەروونی شاعیردا چەخماخە دەدا، ئەویش حەز و ئارەزووی گەڕانەوەیە بەرەو ژیانی نیشتمانی دوور، بە هەردوو دیوی تاریک و ڕووناکییەوە، بەڵام وەرگر ترووسکەیەک هیوا لە گەڕانەوەی جوانی لە شیعرەکەدا بەدی دەکات کە شاعیر دەڵێ:

شەوقێکی ڕەش و جوان،
لە دڵە بۆشەکان دەدرەوشێتەوە

بۆیە شاعیر بە تەواوەتی دەستبەرداری ژیان نابێ و بە ئومێدێکی نوێ دەژی، بە جۆرە ئاشتەواییەک لەگەڵ ژیاندا ڕازییە، هەرچەندە ئەوەی دەرهەق نیشتمان و ڕۆڵەکانی کراوە، تەنیا گوناهی نەیاران و دوژمنان نییە، ڕۆڵەکانیشی بەشدارییان کردووە لە شێواندنی جوانییەکانی، ئەوەش وا دەکات نائومێدییەک بە قەد وازهێنان بێ لە ژیانە، بە ئومێدی ژیانێکی دی، لە بەهارێکی ئایندەدا، نەک لە پایزێکی داهاتوودا.

لەشیعری (هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە)دا دەڵێ:

هەور لە بەینی پەنجەکانی مندا دزەی کرد کەژێ!
باران لە چاوی تۆ...
بەڵام پەنجەکان لە خاچ دران...

(خۆشەویستم)

لەو باوەڕەدای

بێم لە شانۆگەرییەکی ناتەواودا دەربکەوم؟

ل ٣٧٨

خۆشەویستییەکی نهێنی و ژێر چاودێری ناحەزان، سنوور دەشکێنی و وێڕای هەموو مەترسییەک هەور (عەشق) دزە دەکات و لە چاوی دڵبەردا دەبێتە باران، بەڵام ئەگەر ئەو خۆشەویستییە بێ گەردە، هەروەکو (دانتی) دەڵێ: «*خۆشەویستی تەنانەت ئاسمانیش دەجوولێنێ*» ئەو خۆشەویستییە بە ئاکام ناگات و ناکامە، ئەو شانۆگەرییە هەر لە سەرەتاوە ناتەواوە، شاعیریش نایەوێ بەشداری لە شتێکی دۆڕاو بکات، کاراکتەرێک کە نەتوانی سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی لەو شانۆگەرییەدا ببینێ، ڕووبەڕووی حاڵەتێک دەبێتەوە، یان ئەوەتا قوربانی بداو لە پێناو ئەو خۆشەویستییەدا، یان ئەوەتا ڕووی لێ وەربگێڕێ وازی لێ بێنێ و بەدوای خۆشەویستییەک بگەڕێ کە کۆتایی شانۆگەرییەکە تراژیدی نەبێ، چونکە بەڕاستی ژیان دوو دیوی هەیە ئەگەر بە تەواوی لە چەمکەکەی بگەین، باشترین شت و خراپترین شت. هەرکەسەش فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە تێڕوانینی ژیاندا، مادامەکی بایەکە بەجۆرێک هەڵیکردووە کە بێ ئارەزووی کەشتییەکانە، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە دەستبەرداریی خۆشەویستی پڕ مەترسی، بەزین و کۆڵدانە، چونکە حاڵەتێکە هەوڵدان لە پێناویدا بێ سوود و بێ هوودەیە،

لە کۆپلەی (٢٥)ی هەمان شیعردا دەڵێ:

تۆ لە حەقیقەتی ئاراستەکان نەگەیشتووی

هەرگیز وێنە ئەندازەییەکانی واقیع

شکڵی میوەکانی خەیاڵ نادەن

ل ٣٦٦

هەر چەندە کە «مارکس» دەڵێ: «*خەیاڵ هەرچەندە دوور بکەوێتەوە، بەڵام لەسنووری واقیعدا دەرناچێ*»



بەڵام شاعیر بە ڕاستی جوانی بۆ چووە کە هونەری خەیاڵ و فەنتازیا، هەردەم لە هونەری ئەندازەییەکانی واقیع باڵاترە، خەیاڵ باڵ بە مرۆڤ دەگرێ بەرەو مەلەکووتی شتە نادیار و ناباوەکان و نا واقیعییەکان بفڕێ، خەیاڵ پەڕی سرووش و ئەفسوون لە مرۆڤدا دەڕوێنێ، هێزەکانی سروشت و واقیع دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، خەیاڵ جیهانی ڕۆمانسییەتە بەرەو دوورکەوتنەوە لە واقیعی ویشک و بێ گیان و دەربازبوون لە کۆت و پێوەندییەکان، بەزاندنی دیوارە دەستکردەکانە، هەناسەدانە لە جیهانێکی والاوکراوە، هەواو کەشی ئازادییە، خەیاڵ باڵ بەمرۆڤی شاعیر دەگرێ کە ڕۆحی لە ئاسمانێکی فراوانی جیهانبینی و ئیستاتیکر و خولیاو ئیشراقدا بسووڕێتەوە، دوور لە واقیع و هزر و ژیانی مادی و ناکۆکییەکانی و هەڵپەکردنە بەرەو ڕەهابوون و چوونە ناو دونیای بێ کۆتایی.

لەم ڕووە (ڕیلکە) ڕایدەگەیەنێ کە حەسانەوەی دوای سەرکەوتنی بەرەو ڕەهابوون بێنی شاعیر دەڵێ:

بەڵام ئێستا

من لە پڕ گەڕامەوە ژیانی ڕەهابوون،

لە ناکۆکییە ماندووکەرەکان دەرباز بووم،

ڕێگەی حەسانەوەم گرتەبەر.

چوومە ناو ئاسمانی بێ کۆتایی.

نهێنی و شاردراوەکان لە پێش چاودا ون بوون،

چونکە من لە هەموو قووڵاییەکاندا دەژیم.

دوای ئەوەی خونچەکانی کرانەوە.

بە ڕوخسارە جوانەکانیان بەسەرمدا دەڕوانن.

ئای لەو جڵەوە ترسناکەی دەستەکان!

دوا وەستانم لەسەر دیوانی (تاڤگەی مەند و ئەوانی تر) گەڕانەوەیە بۆ وەرگرتنی بەشێک لە (مەنەفێست)ەکەدا شاعیر باشی کردووە، لە دیوی دەرەوەی بەرگی دیوانەکەیدا جارێکی تر بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێ:

(پەری)یەک گوڵێکی سپییە بە دامێنی چیاوە...

ئاستانەیەکی دی نەما... قوڵنگی فەرهادی بۆ بخەینە

سەر مل

لەم باسکەوە بۆ ئەو باسک...

ڕێگاکان داخراون، ڕاڕەو زەنەکە،

زۆر قاسیدی بەڕازەکانیاوە قووت داوە...

ئەشکی خوێنین

بە سەراپای سروشتی بەستەزمان دێتە خوارێ.

نمەکگیرییە کوورە هەڵایساوەکانی شیعر

ئاسنی ساردیان پێ خوار بکرێتەوە...

کە شیعر ببێتە حەقیقەتێکی ڕەها و نێوان شتە نا ماقووڵ و نابەجێیەکان لێکتر جیابکاتەوە دەبێ ویقار و نازی خۆی هەبێ، سپێدەش ڕەمزی ڕووناکی و ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانە، کە شیعر لە خەوی سەوز و پەمەیی جیا دەکاتەوە، شیعر پیژەیەکی هەڵواسراوە بە خەیاڵ بە سەری هەڵبگەڕێی، پێگەی زەمینەیەکی پتەوە، ڕێگەکەی ڕێگەی هات و نەهاتە، پیاوی خۆی گەرەکە، چونکە لە ململانێیەکی زمانەوانی بێ وچاندایە، کە هیچ زمانێک ئەو بوێرییەی نییە ڕووبەڕووی بێتەوە، زمانی خودی شیعر نەبێ.

ئەگەر شاعیری سەردەمی جاهیلی (الحطيأة) بەم شێوە لە چارینەیەکدا ماهییەت و جەوهەری شیعری بەرجەستە کردبی و بڵێ:

الشعر صعب طويل سلمه

لايرتقيه الذي لا يعلمه

زلت به إلى الحضيض قدمه

يريد أن يعربه فيعجمه

ئەوە شاعیری ئێمە (نەژاد عەزیز سورمێ)، نەک ئەوەی مەلەوانێکی کارامە نییە لە



دەریای شیعردا بە نەزان لە قەڵەم دەدات بەڵکو:

نمەکگیرییە کوورەی هەڵایساوەکانی شیعر

ئاسنی ساردیان پێ خوار بکرێتەوە

کە ئاسنی سارد هەرگیز بە کوورەی هەڵایساو خوار ناکرێتەوە، ئەگەر شاعیر خۆی کوورەی بە جۆشی ئاگری هەڵایساو بێ کە تەعبیرکردنە لە دڵ و دەروونی و ڕۆحی شاعیر، ئەوا کەرەستەی شیعر دەبێ گەرموگوڕبێ، کوتانەوەی ئاسنی ساردیش بە عورفی خۆماڵی کارێکی بێ سوود و بێ هوودەیە، ئەمەیە پیرۆزمەندیی شیعر لای شاعیر کە نیشانەی جوانی و قەشەنگی وێنە و زمانی پاراو و سفت و سۆڵ و بیناسازیی هونەرمەندانە، بە ڕۆحێکی پڕ دینامیکییەت و زیندەگی داڕێژرابێ، نەک بە دەست کەسانی زمان نەزانەوە بناڵێنێ و کوورەی بە جۆش و خرۆشی هەڵایساو دەروونی شاعیر بە ئاسنی سارد دابمرکێنێتەوە.

لەڕاستیدا وەستان لە ئاست چوارەمین کۆ شیعری دیوانەکە، نەفەسێکی درێژی گەرەکە، خوێنەر و ڕەخنەگر بە تەواوەتی هەست دەکەن کە ئەم شاعیرە (نوێخوازە) بەرەو خۆ نوێکردنەوە و تێپەڕکردنی قۆناغەکانی پێشووی هەنگاوی سەرکەوتووی ناوەو ئەو شاعیرەی کە نەتوانێ لە سنووری پێشوویدا تێپەڕکات چاکتر وایە وازبێنێ، نەک بەردەوام بێ.

دوای دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە شیعر و لە شاعیر خۆی، لە پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمەی کە کاتم بۆ خوێندنەوەی و شیکردنەوەی تەرخان کرد، حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم کە من لەو چوارچێوە ڕۆشنبیرییەی کە چێژ لە شیعر دەبینم، ئامادەباشییەکی دەروونیم هەبوو بۆ خوێندنەوەی دیوانەکە، لە شیعرەکان دەگەیشتم و کاریان لەسەر چۆنییەتی خوێندنەوەکەم و ڕێگە و شێوازی ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییەی کە دەیخەمە بەردەم هەبوو بە هیوای زیاتر سەرکەوتن و دەرکەوتنی شیعرو شاعیر لە بواری جیهانی شیعردا.

پەراوێزەکان:

١- محمد مبارك- الوعي الشعري ومسار حركة المجتمعات العربية المعاصرة- دارالشؤون الثقافية العامة- بغداد، ٢٠٠٤، ل ٣٧٧.

٢- ارنست فيشر: ضرورة الفن. ترجمة: د. ميشال سليمان ل ٨٩-٩٣.

٣– آراجون. شاعر المقاومة، تألیف: مالكولم وبیتر. ك –رووس.
٤– سەرچاوەی پێشوو.
٥– مذكرات بابلو نیرودا. اعترف بأنني عشت، ترجمة الدكتور محمد صبیح، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر. ل ١٤١.
٦– سەرچاوەی پێشوو.
٧– بڕوانە (في الشعر والفن والجمال) رضوان شهال.
٨– مذكرات بابلو نیرودا، ل ٤٢٥
٩– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.
١٠– الشعر بین الواقع والابداع– ناجي القصاب. وزارة الثقافة والاعلام ١٩٧٩ دار الرشید للنشر.
١١– وحدة الانسان – بروتوفسكي. ترجمة: د. فؤاد زكریا، ل ١٤.
١٢– مقدمة في الشعر السومري والافریقي والصوفي– طراد الكبیسي– من منشورات وزارة الثقافة والاعلام.
١٣– خزعل الماجدي– العقل الشعري– الكتاب الثاني–دارالشؤون الثقافیة العامة– بغداد، ٢٠٠٤.
١٤– الاتجاه المیتافیزیقی فی الادب المعاصر– فائق متي، مجلة الفكر المعاصر. اكتوبر ١٩٦٥ل ٥٨



## چەند سەرنجێک دەربارەی ژوانگەی هەژان و ژانی جەمال شارباژێڕی

«ژوانگەی هەژان و ژان» ڕۆمانێکی شیعر ئامێزە، (جەمال شارباژێڕی) دایڕشتووە، بریتییە لە (٢٧٠) لاپەڕە، چاپەمەنی زاموا بەپێی پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان ئەرکی لە چاپدانی گرتۆتە ئەستۆ، ڕۆمانەکە لە شێوەی تۆمارکاری دا خۆی دەنوێنێ، مەودای ڕووداو و دیمەنەکان دوو ساڵی ڕەبەقە بە ڕۆژو مانگ و مێژووی چەندین ڕووداوی خۆش و دڵتەزێن. (٢٩) کەس لەناو ڕۆمانەکەدا ژیانیان تێدا دەگەڕێ و هەڵسوکەوت دەکەن. لە ڕووی شوێنەوە چەندین شار و گوند و ناوچە و گەڕەک دەبنە ژینگەی ڕووداوەکان. پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە (بەهرەو هونەرن). کە هەریەکە سەر بە ژینگەیەکی تایبەتن، گەرمیان و کوێستان، خانەقین و سلێمانی، بەڵام سەرەتای پێوەندییە ئەوینداریيەکە لە سلێمانییەوە دەست پێ دەکات، (هونەر)کە شەخسیەتی شاعیر خۆی دەنوێنێ، پەنا دەباتە بەر شاری خانەقین کە دولبەرەکەی (بەهرە) لەوێیە بپارێزی و دەڵێ:

ئەی شاری سەرسنووری باشوور نزیکی هێڵی حەمرین
چاودێری بەهرەم بۆ بکەو بیپارێزە تا ئەو کاتەی بەیەک دەگەین
لەگەڵ تۆی شۆخیش یەک دەگرین
تا ئەو کاتەی لەگەڵ باکوریش پێکەوە دەژین دەمرین

ئەم بۆ چوونەو هەستەی شاعیری ڕۆماننووس لە دڵ و دەروونی عاشقێکی شەیدای دڵسۆز هەڵدەقوڵێ، کە دوو دڵ بەیەک بگەن، لە هەمان کاتدا باشوور (خانەقین)و باکور (سلێمانی) کە هەردووک ڕەمزی گەرمیان و کوێستانن یەک بگرن، هەر بەو ئاواتەوەش دەژی.

ڕۆماننووس لە دەرگا دەداو دەچێتە ژوورەوە، لە چوارتاوە بەرەو سلێمانی نامە لە خانەقینەوە بۆ چوارتاو دروستبوونی پێوەندیی خزمایەتی و دۆستایەتی دراوسێیەتی

هەر کە (بەهرە) منداڵە سەرنجی (هونەر) ڕادەکێشێ و خەیاڵێکی فەنتازی لا دەورووژێنێ، بەو ئومێدەی ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵی گڕگرتووی ڕاژەنێ و تەسکینی کات. (جەمال شارباژێڕی) هەڵوەستەیەک لەسەر گردی سەیوان دەکات، وەسفی مردووانی زیندوو، نازدارانی خۆ کوشتوو، کە بە نا دڵ دایان بەشوو، جوامێرو قارەمان و شەهیدانی ڕێی سەرفرزای، لە هەمان کاتدا مۆڵگەو گۆڕستانی تاوانباران و ناپاکان. بەهرەی خانەقین دەبێتە بەهرەی چوارتا و سلێمانی و چیا و دەشت و هەرد، شار و گوندو ئەم ساڵ و پار لای شاعیر.

ڕۆمانەکە تەنیا گێڕانەوەی ئەو پێوەندییە بەسۆز و بەجۆشەی نێوان بەهرە و هونەر نییە، بەڵکو کۆمەڵێ ڕووداوی دڵتەزێن، هەڵکشان و داکشان و خۆش و بەڵەزەتی تێدایە، بوومەلەرزەکەی تشرینی دووەمی (١٩٦٢) دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێم لە (١٩٦٣/٦/٩)دا، قەدەغەکردنی گەڕان و سووڕان لە سلێمانی، ڕەشبگیری و مەرگی بە کۆمەڵ، تەعبیر کردن لە هەڵوەشانەوەی دانوستانی (١٩٦٣)ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و ڕژێمی دەسەڵاتدارو داڕشتن و نەخشە و پیلان و فرت و فێڵ:

هەموو ژیرێک دەیان زانی ئەم چەتانە هی ئەوەنین

دانشتنیان لەگەڵ بکرێت

هەر ئەوەندە رادەوستێت

تاخۆی دەگرێت!

تا هێز ڕێک دەخاتەوەو

پیلانی نوێ دادەڕێژێ

خوێن بڕێژێ

خۆ شاردنەوەی خەڵک لە ترسی بۆمبارانکردنی فڕۆکەی ڕژێم، شەڕی چەمی ڕێزان لە (١٩٦٣/١١/١٨)دا، شەڕی تشرینی دووەمی نێوان عەبدولسەلام عارف و حەرەس قەومی و چەندین ڕووداوی تر.

پێوەندی نێوان بەهرەو هونەر تادێ زیاتر کڵپە دەسێنێ، لەخەندەو وتووێژەوە بۆ نامەگۆڕینەوەو بۆ دیاری گۆڕینەوەو سەردانی یەکتری کردن، چونکە:



نرخی خۆشەویستی هەرگیز

دراو نییە

ئەڵماس و زێڕ و سامانی

مراو نییە

لای ئەوانە نەبێت سۆزیان

پاراو نییە

هەموو شتێک بە پارە

دەسگیر دەبێت

تەنیا دڵ و کەرامەت و باوەڕ

نەبێت

لەناو ڕووداوەکاندا (جەمال شارباژێڕی) باس لە ناکۆکی و جیابوونەوەی حزبایەتی دەکات... کە پێوەندیی ئەویندارى بەهرەو هونەر دەکاتە لووتکە و خەریکە هەردووک بەیەک شاد بن نەش و نوما درامییەکە بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ و خەریکە ئاواتە بەسۆزەکە بێتە دێ، کەچی لە پڕ باجی خەجێ پیرەژنی سەرئاسنین ئاسا، دەبێتە دڕکی نێوان مەم و زین، ئافرەتێکە تابڵێی دڵڕەش و پیس، ئاژاوەچی:

ئاژاوەی زۆر ناوەتەوە

تاکو بووکی ناوکەژاوەی

لەسەر زین گێڕاوەتەوە

تۆمەتی ناپاکی دەداتە پاڵ بەهرەی هونەر، درۆیان بۆ هەڵدەبەستێ، بێ ویژدانانە دەکەوێتە ڕاوو تەگبیر، بۆ مەبەستی گڵاوی خۆی، دەبێتە مەرگەوەری نێوان هەردووکیان، کەلەبەرێک لەتەلاری پێکەوە گەیشتنی هەردوولا دروست دەکات، ئەمە لەلایەک و لە لایەکی ترەوە بارامی باوکی بەهرە ئەو پێشمەرگەی پێشوو دەستبەرداری خەباتی چەکداری دەبێ و دەست لەگەڵ ڕژێم تێکەڵاو دەکات و خۆی دەدۆڕێنێ، لە هەژارێکی کڵۆڵی برسیی و نەدار دەبێتە پارەدارێکی خاوەن کۆشک ئۆتۆمبیل و تەلار، واقیعە چینایەتییەکەی دەگۆڕێ لەژێرەوە پێوەندی لەگەڵ میری و سەرکۆمار پەیدا کردووە، پیشەی سیخوڕی و قسە چنییە، هەواڵی هەردوو حزبی

ناکۆکی دەگەیاندە کۆشکی کۆمار، ئەو واقیعە چینایەتییە نوێیە،دەبێتە دیوارێکی ئەستوور لە نێوان هەردوو سووتاوی ئاگری دڵداری (بەهرە و هونەر)، کەبەیەک نەگەن، بەحوکمی واقیعی نوێ و دامەزرانی (بەهرە) لە دائیرەیەک و دەوڵەمەند بوونی باوکی و دەوری تێکدەرانەی باجی حاجی خەجێ، پردی دڵداری و بەیەک گەیشتن هەرەس دێنێ، دڵەی شەیدای هونەر دەبێتە وێرانە خاک، چی لە دەست نایەت تەنیا ئاخ و خەفەت و کەسەر نەبێ... بێ ویژدانی دایکی بەهرەو باوکی و حاجی خەجێ بەتەواوەتی هەراسانی دەکات و چی لەدەست نایە تەنیا ئەوەنەبێ کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا بڵێ:

کاتێ ویژدان
دێتە دووان
ئەی تۆ دەڵێی چی نەرگس
خان
کاتێ ویژدان
دێتە وەرام
ئەی تۆ دەڵێی چی کاک
بارام؟!
باشە ئەی تۆش حاجی خەجێ
چ باجێکی دەخەیتە جێ
کە نەت هێشت دوو دڵ بگەنە
کام و مەرام

ڕەوتی ڕۆمانەکە زۆربەی هەرە زۆری چوار چوار بڕگەییە، جاری وا هەیە ریتم ترپەکەی دەگۆڕێ بۆ (٥+٥) برگەیی و (٣+٤) بڕگەیی زمانی شاعیر زمانێکی ڕۆمانسیانەی سفت و سۆڵە، شێوازی داڕشتنەکەی زیاتر لە جیهانی (گۆران)ەوە نزیکە، لە کاتی خۆشیدا (گۆران) ئومێدێکی گەورەی بە دوا ڕۆژی شاعیر بوو، کە ببێتە شاعیرێکی کارمە و نوێکەرەوەی ناودار و دیار.

ئەم ڕۆمانە لەڕووی فۆرم و تەون و چنینی ڕۆمانساز و بینای درامی کاری



هونەرکاری پێوەدیارە، ڕۆمانیش ڕەگەزی تەون و چنینی سست و لاواز بێ سەرکەوتن بەجێ ناهێنێت. خوێنەر کە دەست بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە شیعر ئامێز دەکات ڕەگەزی ورووژاندن و تاسەجووڵاندن پەلکێشی دەکەن کە بە گیانێکی گەرم و گوڕ بەدوای ڕووداوەکان بچێت و لەگەڵیاندا بژی و هەست و نەستی لەگەڵ (هونەر)ی کڵۆڵ بێ. بوونی بەهرە وەک کچێکی ژیکەڵەی ڕۆح سووکی شۆخ و شەنگ دەبێتە بەهرەی شیعری و کارێزی شیعری دەتەقێنێتەوە، کە بەهرەش لە ئارادابێ (هونەر)یش لە دایک دەبێ، بۆیە (بەهرەو هونەر) پێوەندییەکی گیانی و ویژدانی و دەروونی توند و تۆڵ دروست دەکەن کە هەرگیز لێک نەترازێن، بەڵام قەدەرو چارەنووسی ژێر ڕکێفی درۆ و پیلان، فرۆشتنی بڕوا و ویژدان، لە ویست و ئیرادەی هەر دوولا بەهێزترە، خەیاڵی ڕۆمانسی فەنتازی خۆی لەبەر شەپۆل و تەوژمی واقیعی سەخت و دژواری ئابووری و ڕێبازی خۆفرۆشی چۆک دادەدات و هەرەس دێنێ.

شێوازی داڕشتنی ڕۆمانەکە پانۆرامییە، واتە وێنەسازییە، کە ڕۆماننووس وێنە و دراما لە قاڵبێکی شیعر ئامێز دادەڕێژێ.

دایەلۆگی درامی و وەسفی وێنەسازی هەندێ دیمەن و جووڵانی کەسانی ناو ڕۆمانەکە لە گۆڕەپانەکەیدا ڕەنگدانەوەی بزاڤی ڕووداوەکان و شیکردنەوە دەروونی کەسانی ڕۆمانەکە کارێکی پێویستە و لە توانای شاعیردا هەبوو کە ئەم لایەنە فەرامۆش نەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە رەوتی، ڕۆمانەکە هەندێ حاڵەتی ئاوا بەدی ناکرێت، هەرچەندە چوونە ناو دەروونی مرۆڤ شۆڕبوونەوە بە ناخیدا و بایەخدان بە بەوردترین هەڵس و کەوت کارو ڕەفتارو ڕامان لە خوو و داب و نەریت و ڕەوشت و ئاکار مەودایەکی فراوانیان گەڕەکە و ڕۆمانەکە بەرەو درێژە دادڕی دەبەن، بەڵام خوێنەر تێبینی هەندێ لایەن دەکات کە (جەمال شارباژێڕی) خەستی کردوونەتەوە. توانیویەتی سۆزی مرۆڤ و هەستە ئینسانی و نائینسانییەکەی شی بکاتەوەو وێنەیان بکێشێ. هێشتاش وێنەی ژیان، هەموو ژیان بە زمانی پاڵەوانی سەرەکی (بەهرە) پێشکێش دەکرێ و کراوە، هەر خۆشی لەناو پرۆسەی وێنە گرتنی شتەکان و دەستنیشان کردن و حوکم لە سەردانییدا دەجووڵێ. خوێنەر چێژ لەو

جۆرە شێوازەی ڕۆماننووسی وەردەگرێ، کە بەهەستێکی بە سۆزانەی پڕ ئەندێشە و خەیاڵی فەنتازییانە نووسیویەتی. کۆتاییە تراژیدییەکەی ڕۆمانەکە چەند شتێک لای مەسەلەی ئایینی و خواپەرستی و گیانی شۆڕشگێڕانە و کەس تەنیا ڕواڵەتە و لە ناخێکی پڕ باوەڕ ئیمانێکی ڕاستەقینە چەکەرەی نەکردووە، تەنانەت دڵداریش سەرەتاکەی حاڵەتێکە و کۆتاییەکەشی حاڵەتێکی ترە، ئەگینا کوا ویژدان و ئیمانداری باجی خەجێ دوای ئەوەی کەچووە حەجیش. کوا گەرم و گوڕی بارامی کۆنە پێشمەرگەی هەردە و کێو. کوا ئەو دڵەی بەهرەکە یەکەم ترپەی خۆشەویستی، بێ ویژدانی و ناپاکی کردن ئەوانە ئەو موفرەداتانەن کە لای هەرسێ کەسی ناو ڕۆمانەکە ڕەنگدەدەنەوە. تەنیا لەم ناوەدا (هونەر)ی سەر دەفتەری کەسانی ناو ڕۆمانەکە نەبێ وەک شەخسیەتێکی نەگۆڕ تا دواساتی دەست لێک بەردان مایەوە، ئەگینا ئەوانی تر تەنانەت نەسرین خانی دایکی بەهرەش کە خۆی بە وەفادارترین کەسی دادەنا بۆ دایکی هونەر ئەویش گۆڕاو بێ ویژدانی کردو پارەو سامان لای بووە بڕواو ئیمان. هێز و پێزی ڕۆمانیش وەک چیرۆک جاری وا هەیە لەو حاڵەتە دەردەکەوێ کەشتێک لای خوێنەر دروست بکات و کە بوورووژێ و چەندین پرسیار و لێکدانەوە بکات.

لە کۆتاییدا دەبێ دەستخۆشی لە شاعیری هەست ناسک و نوێخوازی سەردەمێکی شیعری کوردی (جەمال شارباژێڕی) بکەم. کە ئەم ڕۆمانە شیعر ئامێزە نیشانەی پشوو درێژی شاعیرە لە سەرەتاوە تابنەتای ڕۆمانەکە هەست بە وشەو سەرواو داڕشتنی دروستکردنی بە زۆرەملێی تێ ئاخنین ناکرێ، زمانی شێوازی دارشتنەکە، زمانی وروژاندن و پەلکێشکردن و سەرنج ڕاکێشانە، کە خوێنەر بە جۆشەو لە دەرگا بدات و بچێتە ژوورەوەی ڕۆمانەکە و لەگەڵ ڕووداوو دیمەن و هەڵس و کەوت و ڕەفتاری کەسەکان بژی و بە هەناسەیەکی سارد و دڵێکی خەفەتبارەوە لە دەرگای دەرەوەیدا دەرچێ.



کەمال غەمبار:

## ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بەخۆمدا دەچمەوە و سوودیش لە هەموو ڕێبازە ڕەخنەییەکان وەردەگرم

ناوی کەمال غەمبار خۆی بەردەوامییەکە لەناو ئەدەبی کوردیدا، نیو سەدە بەرەو ژوورتره هەوڵ و کۆشش و تواناکانی لە بواری جیاجیا پێشکێش بە ناوەندی ڕۆشنبیری دەکات، بەڵام پڕ بەرهەمترین لایەنی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدایە. ئەو سەرنجەش لای وەرگر دروست بووە، کە لەسەر واتا کاری کردووە، کەمتر لە بارەی هونەری فۆرم و ئاستەکانی زمان دا کاری ڕەخنەیی بەجێهێناوە.

ئەو پرسیارانەی لەم هەڤپەیڤینەدا ڕووبەڕووی کراونەتەوە هەمووی لە ئەزموون و شێوازی کارکردنی خۆی وەرگیراون. لە وەڵامەکانیشدا خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، ڕەخنەگر بەرهەمەکانی زادەی ڕۆشنبیری و ئەزموونەکانی خۆیەتی، کەمتر لەناو شێوازی لێکۆڵینەوەی هەمەجۆردا کاری کردووە. زیاتر بیری بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی ڕیالیزم جووڵاوە، ئەم جۆرە جووڵانی بیرەش، ئاستێکی دیاریکراوی داوە بە بەرهەمەکانی.

* سەرەتا وەک یەکەم وێستگە کە لە ژیانی هەموو ئەدیبێک گرینگ و پێویستە، تۆ لە سەرەتادا بە شیعر دەستت پێ کرد و ماوەیەکی زۆریش خەریکی بووی، لە ئەنجامدا شاعیرییەتت لە دۆخی سەرەتادا مایەوە، ئایا دەتوانیت هەوڵ و کۆششی خۆتمان لەو بارەیەوە بۆ باس بکەیت؟

– ئەگەر بە هەڵە نەچم هەموو نووسەرێک بە شیعر دەست پێ دەکات، بە حوکمی ئەوەی یەکەمین ئامرازی دەربڕینی هەستی مرۆڤە. جا هی وا هەیە لەسەر ڕەوتەکە

بەردەوام دەبێت، هی وایش هەیە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە و ناتوانی خۆی نوێ بکاتەوە و هەنگاوی گورجوگۆڵ بەرەو پێشەوە هەڵێنێ. بەشێکی تریش هەر بە یەکجاری واز لە شیعر دێنێ، من بەش بە حاڵی خۆم لە هیچ کامێک لەو جۆرانە ناکەم، ڕاستە ماوەیەکی زۆرە شیعر بڵاو ناکەمەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئاکامەکەم بەوە گەیشتووە شاعیریەتیم لە دۆخی سەرەتادا لەنگەری گرتبێ. ئێستا شیعری وەهام هەیە پەنجە لە پەنجەی ئەو شاعیرانە دەدات کە خۆیان بە شاعیری باش لە قەڵەم دەدەن. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، لە ١٩٨٥/١/٢دا کە شیعری «ساڵی تازە»م لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکردەوە، (عەبدولڕەزاق بیمار) سەیری پێهات من بەو ئاستە گەڕاومەتەوە سەر شیعر نووسین، بەڵام ئەوەی کە من لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، من شیعر نووسینم نەکرد بە پیشە تا زیاتر لەو دەرگایە بدەم و بە شاعیر بناسرێم. بەلاتانەوە شتێکی سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم دەتوانم لەو شاعیرانەی کە لافی نوێخوازی لێ دەدەن و خۆشیان نازانن چ دەنووسن، منیش لەو جۆرە شیعرانە کە لە هەموو شتێ بکەن لە شیعر ناکەن. بابەتی ئاوا بنووسم و بەلای ئەوانەی کە لە جەوهەری شیعر تێناگەن بە شاعیرێکی نوێخوازی یاخی خۆم بناسێنم.

* لەکاتی دەست پێکردنت کەشوهەوای ڕۆشنبیری لە کۆیە چۆن بوو، کاریگەرییەکانی بۆ سەر تۆ و هاوەڵەکانت چی بوو؟

– کە دەڵێن کۆیە واتە شاری کۆیە، شاریش بنەماو خاسییەتی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم شارە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیران بووە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانست و زانستەوە یەکێ بووە لە شارە ناودارەکانی کوردستان، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێ کردووە و تێیدا خوێندوویانە، (حاجی قادری کۆیی) هەڵەی نەکردووە کە بە مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە بڵێ:

لە غەیرەز جەددی ئێوە کێیە دانا

لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا

هەروەها دیوەخانی ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر) مەڵبەندی شیعر و گۆرانی و مەقامات بووە، کە ناوبانگی هەموو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە و لە هەموو



لایەکەوە ڕوویان تێ کردووە، کە خۆی جگە لە شاعیریەتی ئوستادی مەقاماتیش بووە. ئەم شارە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە سەردەمی وەچەی ئێمەدا بە شارە پێشکەوتووەکانی کوردستان لە قەڵەم دەدرا، هەر کە چاوت دەکردەوە، کۆمەڵێک شاعیری ناودارت دەدی لەوانە: (دڵزار، عەونی، دڵدار، ڕاجی، عاسی، دلاوەر، جۆبار، عوسمان مستەفا خۆشناو، سامی عەوداڵ، سەید ئیبراهیم) و هی تر.

لە نووسەرانیش (مەسعوود محەمەد، بەکر دلێر)، جاروباریش لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) نووسەری تر بەرچاو دەکەوتن. جگە لە بوونی دوو کتێبخانە یەکێکیان بە ناوی کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی) بوو، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوی تریان بە ناوی کتێبخانەی (کۆیسنجاق) بوو کە سەر بە حزبی شیوعی عیراق بوو، لەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و عەرەبی دەهاتنە کۆیە. من و ئەوانەی لە تەمەنی من و تەنانەت بەرەو ژوورتریش بوون سوودیان لەو ڕۆژگارە وەردەگرت، سەردەمی هەڵکشانی هەستی شۆڕشگێڕی بوو. ئێمە لە سەرەتای پەنجاکاندا، بە تایبەتی (خالید دلێر و عەبدولڕەزاق بیمار و من) شیعرمان دەنووسی، من زیاتر شیعرەکانم پێشانی (دڵزار و خالید دلێر) دەدا، جارێکیان لە کێشێکی کورتتر شیعرێکم داڕشتبوو کە پێشانی (خالید دلێر)م دا بەلایەوە پەسند بوو، بەڵام پێی وابوو واز لە یەک سەروایی بێنم و بە جۆرەی جووت سەروا شیعر نەنووسم. نابێ ئەوەشم لەبیربچێ کە سەرەتا لە قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە کە ئەو کات دوو قوتابخانە هەبوون، (كويسنجق الأولى) و (كويسنجق الثانية) دوو مامۆستا خوا لێخۆشبووان (عەبدولەجید شێخ نووری) و (حەمەدەمین مەعرووف) کاریکی زۆر گەورەیان لەسەر من هەبوو، هەر شیعرێکی (فایق بێکەس، هێمن) لە گەلاوێژدا بڵاو کرابایەوە ئەزبەرم دەکردن، دەبوایە هەموو بەیانییەک لە کاتی ڕیزبووندا بە دەنگێکی پڕ جۆش و خرۆش شیعرەکان بخوێنمەوە، تا ماوەیەکی زۆریش کۆماری کوردستان لە (مەهاباد) کارتێکردنی لەسەر ئێمە هەبوو، شیعرەکانی (هەژار و هێمن) لەسەر زاران بوون، لە بۆنە و ئاهەنگی نهێنی و ئاشکرا دەخوێنرانەوە. بە کورتی وەچەی ئێمە لە کەشوهەوایەکی تایبەت چاوی کردەوە کە سەردەمی ڕاپەڕین و خۆ نیشاندان و

مانگرتن بوو دژی ڕژێمی پاشایەتی، جگە لەو خاڵانەی باسم کردن، جووڵانەوەیەکی شانۆیی باش لە کۆیەدا سەری هەڵدا ، ئەو واقیعەی تێیدا ژیاین لە هەموو بوارێکەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی ئێمە، بە تایبەتی لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی هەبوو.

* هەست دەکەین هەڵبژاردنی نازناو لەناو ئەدەبیاتی کۆیە لە سەریەک ئیقاع بەڕێوەچووە. دڵدار، دڵزار، بیمار، غەمبار، جۆبار... ئەو کاریگەرییەی یەک لەسەر یەکی تر هەیبووە چۆنە، ئەو ڕیتمە ڕێکەوت بەرهەمی هێناوە، یان لاساییکردنەوە؟

– لە سەردەمی پێشووشدا شاعیران نازناوی تایبەتیان هەبوو، ئێمەش هەر یەکە لە سەردەمی خۆی وەکو نەریتێکی ئاسایی و باو دەبوایە شاعیر نازناوێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ، هیچ مەرجیش نییە ناوەکان لەسەریەک ترپە و ڕیتم بن، بۆ نموونە لەکۆیە: ئەختەر، ڕەشید ئاغا، جەلیزادە، حەزینە، کۆیی، حوسەینی، مەنفی، خادم، عەونی، ڕاجی، عاسی، دلاوەر، دلێر، ڕووتە، سامی (عەودال) کە پێشتر وەک بزانم نازناوی (غەرقی) بوو.

لە تەک ئەو نازناوانەی دی هەبووە و هەیە، بۆیە ناتوانم بڵێم کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە، هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی و باری دەروونییەکەی نازناوێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، یان یەکێکی تر پێشنیاری کردووە کە ئەو نازناوە بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

* ئەدەبی داهێنان وەک: شیعر، پەخشان، چیرۆک، شانۆ، ڕۆمان... زیاتر لەسەر بنەمای چێژ و بەهرە و خۆڕسکی بەڕێوە دەچێ، یان لەسەر جیهانبینی و ڕۆشنبیری هونەری و ئێستێتیکا؟

– دەتوانم بڵێم لەسەر هەردوو تەوەر ئەدەبی داهێنان خۆی دەنوێنێ، لێرەدا دەمەوێ دوو نموونە بۆ ئەم بۆچوونەم بهێنمەوە. ئەمین فەیزی–یەک لە (ئەنجوومەنی ئەدیبان)دا پێش سالآنێکی زوو نووسیویەتی و ساڵی ١٩٢٠ چاپ کراوە، لە بارەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یەوە دەڵێ:

«شیعری شێخ ڕەضا ئەوەلەن وەهبی و فیطری بوو ثانییەن کەسبی. لە چوار



لیساندا شاعیر بوو بیلخاصە ئەشعاری کوردییەی هەموو عیبارەتە لە فەصاحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقە و ظەرافەت و سەعەتی قەرعە و مەعلوماتی خارجی تەقریرە».

کەواتە بەپێی بۆچوونەکەی (ئەمین فەیزی) شیعر بەهرە و سنعەتە، ئەگەر شاعیر هەرچەندە خاوەن بەهرە بێ و باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی باشی نەبێ و لەناو شیعرەکانی وردەکاری نەکات، ئەوە شیعرەکانی شوێنەوارێکی داهێنەرانەی ئاوا جێ ناهێڵن کە مایەی نەمری و جاویدانی بن.

دکتۆر شەوقی ضەیف لە کتێبی (الفن في الشعر العربي)دا دەڵێ:

ئێمە نکووڵی ناکەین کە شیعر لە بنەڕەتدا بەهرەیە، بەڵام ئەم بەهرەیە زۆر ناخایەنێ کە لەلای خاوەنەکەی دەبێتە ڕەفتار و دیراسەکردنێکی دوورودرێژی دابونەریت و زاراوەی جێماو لە مێژووی هونەردا، خۆی بەم دابونەریت و زاراوانە دەبەستێتەوە لەوەی دایدەنێ و دەیکات بە توندی خۆی پێ دەبەستێتەوە. کەواتە تێکەڵکردنی بەهرە و جیهانبینی و باکگراوندێکی فراوانی ڕۆشنبیری و خۆبەستنەوە بە تەکنیکی نوێی شیعر و ڕەچاوکردنی ئاستی ئیستێتیکی شیعر دەکەن بە شیعر، نەک تەنیا بەهرە، یان سنعەتکاری شیعر، (ئیلیەت) لە شیعری (وێرانە خاک)دا کە یەکێکە لە شاکارە مەزنەکانی، ئەگەر کولتوور و سامانی جیهانی هەرس نەکردبا، زانیارییەکی ئینسیکلۆپیدیایی نەبوایە، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی دارشتنی شیعرەکە نەبوایە، هەرگیز نەیدەتوانی بەرهەمێکی ئاوا شاکار بخوڵقێنێ.

* لە بەشێک لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی نووسیوتن زیاتر لەسەر واتا وەستاوی، نەک لەسەر بنەماکانی ئێستێتیکا لە کاتێکدا کرۆکی ئەدەب ئێستێتکایە، دەتوانیت لەسەر ئەم دوو لایەنە ئاراستەی کرۆکی ئەدەبی نەمرمان بۆ دەستنیشان بکەیت؟

– وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەندی بە دوو قۆناغەوە هەیە، لە قۆناغی یەکەمدا کە تازە پێم نابووە دنیای ڕەخنەسازی، بە حوکمی کارتێکردنی ئایدیالۆژیا لەسەرم، بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنم زیاتر بەرەو شیکردنەوەی واتا دەچووم کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو سەردەمەم دەگونجا ، تەعبیری لە ڕێبازی سیاسیم دەکرد زیاتر لەوەی لە ئاقاری

جوانکاری نزیک ببمەوە، لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی باری ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە بوو کە پابەندبووم بەو ڕێبازەی گرتبوومە بەر، بەڵام دوای خۆ تەرخان کردنێکی باش بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بەخۆداچوونەوە و خۆ دەوڵەمەندکردن بە چەندین ڕێبازی ڕەخنەسازی، لە نووسینەکانمدا ئیستێتیکا لای من ڕەهەندێکی بنچینەیی وەرگرت، تەنانەت ئەو شتانەی بە شێوەیەکی هونەریی شتە ناشیرینەکان جوان دەکەن، بەڵام پەسند بوون. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیشدا سەریان هەڵدابێ، هەرچەندە من خۆم نووسەرێکی ماتریالیم و عیلمانیم، پێت سەیر نەبێ کە جارێکیان ئاماژەم بە ڕایەکی (فرۆید) کردبوو، نووسەرێکی ناسراو ڕەخنەی لێ گرتم کە من ناسراوم بە کەسێکی ماتریالی چۆن نموونە بە «فرۆید» دەهێنمەوە، ئەوە لە کاتێکدا من ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەخۆم دادەچوومەوە و خۆم نوێ دەکردەوە و سوودم لە هەموو ڕێبازە جیاجیاکاندا وەردەگرت. تاوای لێ هات هەر دەقێک ئەگەر بە دارشتنێکی هونەرییانە لە دایک نەبووبێ بە ئەدەبی نەمرم لە قەڵەم نەداوە، تەنیا ناوەرۆک بەلامەوە هەموو شت نەبووە، بەڵکو فۆرم بە پلەی یەکەم ناوەرۆک بەرجەستە دەکات، وەک ئەو وێنەیەی دەخرێتە چوارچێوەیەک لە جیاتی ئەوەی جۆرە جوانییەکی پێ ببەخشێ، دەیشێوێنێ و جوانی ناوەرۆکەکەش ناشیرین دەکات، بۆیە (ئاراگۆن) جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

هەڵبەت شتێک نییە لە زەردەخەنە جوانتر
تەنانەت لەسەر ڕوویەکی شێوێنراویش
ئایا بەلاتەوە گرینگ نییە کە تۆ جوان بیت

بەلامەوە ئەو دەقە نەمرە کە بە سانایی خۆی بەدەستەوە نادات، تەمێکی کەمی لەسەرە، وەک ئەو کەژەی کە بەر لە خۆرهەڵاتن تەنکە تەمێک داپۆشیوە، یان وەک ئەو بووکەی لە ژێر تارایەکی تەنکدا جوانی ڕەنگ و ڕوخساریت بۆ دەردەکەوێ. ئەو دەقە نەمرە کە ئەگەر بە وردی و بە قووڵی بەناویدا شۆڕ نەبیتەوە تێی ناگەیت. بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەم ڕایەم نموونەیەکی (ئەمیل زۆلا) دەهێنمەوە کە دەڵێ: «ناتوانین ئەو بەهرە سەیرەی لای پەرناسییەکان هەیە ڕەت بکەینەوە»: «بەهرەی هونەری وێنەکێشانی ورد و فۆرمی ڕاست، پەرناسییەکان شیعریان بۆ پلەی تەواو



بەرز کردەوە، لە زماندا وردەکارییان کرد تاکو بووە زمانێکی بێ گەرد و درەوشاوە وەک گەوهەرێکی بەنرخ».

* کە ڕوانگەییەکان جاڕی نوێخوازییان دا، تۆ لەگەڵیان نەبووی جۆرێک دژایەتیی خۆشت دەربارەیان ڕاگەیاند، دوای بەسەرچوونی ماوەیەک گەڕایتەوە سەر بزوێنەری سەرەکی گرووپەکە کە (حوسێن عارف) بوو، بە گرینگییەوە هەڵتسەنگاند، دەتوانین ئاست و ئاراستەکانی ئەم گۆڕانی جیهانبینییەت بزانین؟

– ڕا لێ نەبوونی من لەسەر ڕوانگە زیاتر لایەنە هزرییەکە بوو، کە شتی ئەوتۆیان دەورووژاند لە واقیعی بەرچاوی گەلەکەمان دوور بوو، سەرچاوەیان لە تەوژمە ئەدەبییە ئەورووپییەکان دەگرت، واتە داهێنانی خۆیان نەبوو، دژی سامانی نەتەواوەتی و شاعیرانی گەورەی وەک: (نالی و سالم و مەولەوی و مەحوی) و هیتر بوون، وەک چۆن تەوژمی دواڕۆژخوازی داوای تووڕدانی (پووشکین) و هەرچی پاشماوەی کۆنە دەیکرد، ڕوانگەییەکانیش بەم شێوەیە و زیاتریش، ئەوە لە کاتێکدا من هەتا سەر ئێستانم لەگەڵ نوێخوازی بووم، لە ساڵی ١٩٦٦–١٩٦٧دا کە نووسەری نەمر (لەتیف حامید) کۆمەڵێک شیعری دامێ ناوی شاعیرەکەی لەسەر نەبوو، کە ڕای خۆمیان لەسەر دەربڕم، پێم وابوو (گۆران)ێکی نوێ لە دایک بووە، ئەو شاعیرەش «لەتیف هەڵمەت» بوو، لە هەمان کاتدا پێم وابوو ڕوانگەییەکان گۆمە مەندەکەیان شڵەقاند، هەرچەندە کارتێکردنی بەیانی چوار گۆشەی (فازیل عەززاوی) و هەڤاڵانی لەسەر ڕەوتی ڕوانگەدا هەبوو، بەڵام هەمووشتێکی نوێ ڕەنگە لایەنی ئەرێ و نەرێی لەسەر هەبێ. سەبارەت بەوانەی لە ژێر خیوەتی ڕوانگەوە نووسینیان هەبوو، هەندێک لەوانە نامۆ بوون، لافی ڕوانگەییان لێ دەدا، کەچی لەو ئاستەدا نەبوون لە ژێر خیوەتەکەدا جێگەیان ببێتەوە، ئەگەر هەر ڕێسایەک دەرهاوێشتەیەکی هەبێ، ئەوە (حوسێن عارف) کە ڕۆڵی سەرەکی لەو بزووتنەوەیەدا هەبوو، حاڵەتێکی بە دەربوو لەوان. من بەش بە حاڵی خۆم یەکێ بووم لە خوێنەر چاکەکانی چیرۆکەکانی (حۆسێن عارف) کە بەر لە هەموو ڕوانگەییەکان یەکەمین کەس بوو ئەفراندنی لە چیرۆکی کوردیدا کرد، لە (چای شیرین)دا کە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەو داهێنانەیە، هەروەها هەردووکمان لە ڕووی هزرییەوە لە یەک

سەرچاوەوە ئاومان دەخواردەوە، بەڵام ئەو لە ڕووی هەڵسەنگاندنی باروودۆخەکە، بە تایبەتی لە دەست نیشانکردنی ڕژێمی بەعس کە لە چیرۆکەکانی ڕەنگی دابۆوە جیهانبینییەکەی لەمن ڕوونتر بوو، لە ڕووی هونەریشەوە، ئەو دەیویست کودەتایەک لەناو دەقدا بخوڵقێنێ، لەو ڕەوشە مەییو و بەستەڵەکەی تێی کەوتووە دەربازی بکات، دەبینین لە چیرۆکی (گەلە گورگ)دا ئەو جیهانبینییە واقیعبینانەیەی لە دەست نەداوە و نەکەوتۆتە بەر شەپۆلی خەیاڵپەرتی. کەواتە من لێرەدا لەگەڵ نوێکردنەوەی هزر و فۆرم بووم، لە هەڵسەنگاندنیشدا ڕوانگەم بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت نەکردۆتەوە، چونکە ئەوانەی بەڕاستی لەگەڵ نوێکردنەوەدا بوون، هێشتا بەردەوامن و لە پێشەوەی داهێنان و ئەفراندنن لە ئەدەبی کوردیدا و ڕەوتەکەیان بەردەوامە، بەڵام بە شێوازێکی نوێتر و لەبارتر و کاریگەرتر.

* لە ناوەڕاستی هەشتایەکاندا کۆمەڵێک شاعیر لە هەولێر کاریان لە جۆرە شیعرێک دەکرد بە (پێشڕەو) ناو دەبران، سەرەتا لەگەڵیان نەبووی و دژیان وەستای، دواتر تێروتەسەلترین لێکۆڵینەوەی تەمەنی ئەدەبی خۆت دەربارەی قەسیدەی (کەلکێش)ی سەباح ڕەنجدەر نووسی، هەروەها چەند شیعرێکیشت بۆ عەرەبی وەرگێڕا و لە گۆڤاری (المدى) و (الثقافه الجديده) و (الأقلام)دا بڵاو کردەوە، سەرەتا لەگەڵ ئەم گرووپە نەبووی. دواتر گەڕانەوەت بۆ سەر یەکێکیان بەو بایەخە زۆرەوە چ ئاستێک لەبیرکردنەوەی ڕەخنەییت دەگەیەنێ؟

– مەسەلەکە زیاتر هزری بوو، ئەو قۆناغەی ئەو جۆرە شیعرەی تێدا پەیدابوو، قۆناغێکی تا بڵێی ورد و ناسک و هەستیار بوو، بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە تایبەتی و گەلی کوردستان بە گشتی تووشی ئەوپەڕی نەهامەتی و نوشووستی و نائومێدی و کارەساتی هەمەجۆر ببوو، پێویستمان بەو جۆرە شیعرە تەماوی و پڕ گرێ و گۆڵە نەبوو، زیاتر شیعری شۆڕشگێڕی و ورە بە بەرداکردن و خۆ ڕاگرتن مەبەست بوو، من لە نووسینەکەمدا لەگەڵ ئەو کەسانە نەبووم کە ناوی خۆیان نابوو (پێشڕەو)، بەرانبەر ئەوانیش چەند نموونەیەکی شاعیرانی ترم هێنابۆوە، کە کاتەکە ئەو جۆرەی پێویست دەکرد وەک: (نەژاد عەزیز سورمێ، سەعدوڵڵا پەرۆش،



سەلاح محەمەد، عەبدولڕەحمان مزووری، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، قوبادی جەلیزادە، حەسیب قەرەداغی، فازیل شەورۆ، ئازاد دڵزار، جەمال غەمبار، فەرید زامدار، عوسمان شەیدا) و هی تر، کە ئەوانە لەو قۆناغەدا دەنگی ڕەسەن و پێویستی ئەو کاتە بوون، کەچی ئەوانەی ناوی خۆیان نابوو (پێشڕەو) بە شێوەیەکی میکانیکی کەوتبوونە ژێر ڕاوبۆچوونی هەندێ نووسەر و شاعیری ئەورووپی، بێ ئەوەی ئەو ڕێبازەی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد، لەگەڵ واقیع و خواست و ئاواتەکانی ڕێبازی نوێخوازی ڕەسەنی کوردی و ڕەنگدانەوەی واقیعە تفت و تاڵەکە بگونجێ، کە گەلی کوردستان دووچاری ببوو، بۆیە من لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرانەدا نەبووم. کە شیعری (کەلکێش)ی (سەباح ڕەنجدەر)م خستە بەر ڕووناکی لێکۆڵینەوە، قۆناغەکە قۆناغێکی تر بوو، پاش شەش ساڵی ڕەبەق زۆر شتم لەلا گۆڕا، جۆرە شیعرێکی وەکو (کەلکێش) جیهانبینییەکی زۆر نوێ بوو، شێوازێکی تر بوو لە فۆرم و ناوەرۆکدا. سێ مانگی ڕەبەق و لە ماوەی دەست بەتاڵییەکی تەواو و خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە و هەرچی توانا و دەسەڵاتی ڕۆشنبیریم هەبوو، هەموویانم بۆ لێکۆڵینەوەکە تەرخان کرد، دەقەکەم بە کراوەیی داخست، ئەگەر جارێکی تر بگەڕێمەوە سەری ڕەنگە شتی نوێتر بخەمە سەر نووسینەکەم و ئەوەی نووسیومە لە ناخەوە نووسیومە و گوێم نەداوەتە ئەوانەی بە خراپی هەڵیان سەنگاندووە، هەروەها ئەوانەی بە دەستپاکییەوە قسەیان لەسەر کردووە مایەی خۆشحاڵیمە، پێم وایە شتێکم کردووە کە ئەو ئەرکەی لە پێناویدا هەوڵم بۆ داوە جێگەی خۆی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا گرتبێ و ڕەنجەکەم بە فیڕۆ نەچووبێ، لە چەند تێزی ئەکادیمی دکتۆرا و ماجستێردا ئاماژە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەم کراوە و سوودی لێ وەرگیراوە.

لەوانەیە دەرفەتم بۆ بسازێ بیکەم بە عەرەبی، تا ڕەخنەگرانی عەرەبیش ئاگاداری ئاستی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بن گەیشتۆتە چ ڕادەیەک. گرینگ ئەوەیە ئەو دەقەم بە دڵ بووە، ئەو نووسینەی کە ساڵی ١٩٨٨ بە ناوی (ترپەی بزووتنەوەی کات و لاف لێدانی وەچەی سێیەم و پێشڕەوایەتی) پێشکێشم کرد، خودی (سەباح ڕەنجدەر) ناگرێتەوە، مەسەلە گۆڕان نییە لە هەڵوێست، بەڵکو گۆڕانی قۆناغ و پێداویستییەکانی دەقی لەبارە لە چوارچێوەی قۆناغەکەدا، لە هەمان کاتدا چۆنیەتی و شێوازی دەقەکەیە.

* له ناوەڕاستی حەفتاکان هەندێک ڕەخنەت له بارەی شیعرەکانی (عەبدوڵلا پەشێو) نووسی، لەوێ ئەوە ڕادەگەیەنی که نووسینی تری به دواوه دێ، کەچی لەپڕ وەستایت و بەدواچوونەکەت ڕاگرت؟

– دوای ئەو نووسینەی له گۆڤاری (الثقافه)دا که به عەرەبی بڵاوم کردەوه، ئەو پەنای بۆ (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) برد و سێ ئەڵقەی دوو سێ لاپەڕەیی بۆ وەرگێڕاو بڵاوکردەوە، منیش جارێکی تر خۆم بۆ ئامادە دەکرد و ئەوجارەیان شتی ترم دۆزییەوە، کە دامە «عەبدولغەنی» بڵاونەبۆوە، بارودۆخێکی تایبەتی بەسەر داهات، ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێ کردەوە، دوای نسکۆی شۆڕش له ساڵی ١٩٧٥، چاوم بە (عەبدولغەنی) کەوت ، گلەییم لێ کرد بۆ وەڵامەکەی منت بڵاو نەکردەوە، وتی مەسەلەکە قووڵە و نەمویست ببمە مایەی ڕوودانی کارەساتێک که له بەرژەوەندی تۆو ئەودا نەبوو، بۆیە بڵاوم نەکردەوە، دەستنووسەکەم تا ئێستاش پاراستووە و بڵاوم نەکردۆتەوە، کە ڕەنگە بەهێزکردنی بۆچوونەکانی نووسینەکەی یەکەمم بێ.

* دەتوانیت کاریگەری ئەرێ و نەرێی گرووپی (ڕوانگە و پێشڕەو)مان لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا بۆ دەستنیشان بکەیت؟

– جیاوازی نێوان (ڕوانگە) و (پێشڕەو) چەند خاڵێکە، لەوانە نووسەرانی هەموو دەڤەرەکانی کوردستانی عیراق لەناو ڕوانگە بوون و ژمارەیان له هی پێشڕەو زیاتر بوو، هەروەها ڕوانگە هەمەجۆر بوون شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەری بابەتی تر بوون، کەچی پێشڕەو هەر شاعیر بوون و ژمارەیان کەمتر بوو، هەر له هەولێریش لەناو خودی سەنتەری شارەکە هەبوون. کارتێکردنی ڕوانگە له ڕۆشنبیریی کوردیدا زیاتر بوو و پتر خەڵکی جووڵاند و ڕۆڵی خۆی بینی، بەڵام پێشڕەو ئەو دەنگ و سەدایەی نەبوو. نووسینەکانی ڕوانگەییەکان ڕوونتر و جەماوەری زۆرتر بوو، لەوەی پێشڕەوکان. نووسینی ڕەخنەگران زیاتر بەلای ڕوانگەوە بوو، نەک پێشڕەو، چونکە بە ڕاستی کارکردن لەسەر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعرییەکانی پێشڕەوەکان، له توانا و دەسەڵاتی هەر ڕەخنەگرێکدا نییە، ئەوانە جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە، چوونە ناو بنجوبنەوانی شیعرەکانیان وەزیەکی ڕۆشنبیریی بەربڵاو و



وردبینی و قووڵبوونەوەیەکی تەواوی گەرەکە، تێگەیشتنی ئەو جۆرە دەقانەش بەر له شیکردنەوەیان کارێکی ئەوەندە ساناو بێ گرفت نییە کە هەر ڕەخنەگرێک بتوانێ شانی بداتە بەرو تێیدا سەرکەوێ.

* له چەند لێکۆڵینەوەیەکتدا ئاماژەت بەوە داوە کە (جەلالی میرزا کەریم) جۆرێک ئیقاعی نوێی هێناوەتە ناو شیعری نوێخوازیی کوردی، دەتوانیت داهێنانی ئەم شاعیرەمان لەم ڕووەوە بۆ ڕوون بکەیتەوە، یان ئەو ئیقاعە نوێ و کاریگەرەی ئەم شاعیرە دایهێناوە چییە؟

– ئاشنایەتیم لەگەڵ (جەلالی میرزا کەریم) بۆ ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، چەند جارێک له سلێمانی یەکترمان بینیبوو، تەنانەت کە گۆڤاری (ژیان)مان ساڵی ١٩٥٩ بۆ چاپ ئامادەکرد بۆ ئەومان نارد و چاپی کرد، ئەو هەر لەو کاتەوە لەگەڵ نوێخوازی بوو، شاعیرێکی تەواو یاخی بوو، ساڵی ١٩٥٨ چوارینەیەکی خۆمم بۆ نارد له ڕۆژنامەی (کوردستان) کە خۆی دەری دەکرد و تەنیا دانەیەکم لێ بینی بڵاوی کردبۆوە، ڕەخنەشی لێ گرتم و پێی گوتم: ئێستا باوی ئەو جۆرە شیعرانە نەماوە. کە ڕوانگە سەری هەڵدا ئەو لەناو شاعیرەکاندا بەتواناو دیاربوو، وەک شارازەیەک له شیعردا شیعری خۆیان نیشان دەدا و ڕای خۆی بەرانبەریان دەردەبڕی، ئەو له هەندێ شیعریدا جۆرە گۆڕانکارییەکی له ڕووی کێش و ڕیتمەوە خوڵقاند، کە له بڕگەکانی شاعیرانی تری تێپەڕ دەکرد، بەر له بزووتنەوەی ڕوانگە بەرنامەیەکی شیعری له ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا هەبووە، شاعیران شیعریان بۆ دەنارد و ئەویش دەیخوێندنەوە، من چەند جارێک شیعری خۆم بۆ نارد و دەیخوێندەوە. بۆیە کە من لێکۆڵینەوەم دەربارەی نووسی و لەناوەی شیعر و له دەرەوەی شیعردا بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ وڕابەرم له قەڵەم دا .

* له ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری قۆناغی ناوەڕاستی حەفتایەکان و ناوەڕاستی هەشتایەکان زمانی ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو دامەزراندن چوو، کۆمەڵێک ڕەخنەگر دەوریان تێدا دیت. دەکرێ بۆچوونت دەربارەی ئەم دامەزراندنە بزانین؟

– ئەو دوو ماوەیەی دەستنیشانت کردن، جۆرە گەرموگوڕییەکیان له بواری

ڕەخنەدا بەخۆ گرت. ئەو بەرهەمانەی کە دەردەچوون تەنیا نمایشکردنیان نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرا، هەواو کەشێکی لەبار هەبوو بۆ بەدواداچوون و بەرپەرچدانەوە و زیاتر گەرمکردنی کەشەکە. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵێکی باڵایان لەم بوارەدا هەبوو، دەرگایان والا بوو بۆ جۆرەها نووسینی ڕەخنەسازی، بۆیە دەتوانم بڵێم کۆڕ و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری زیاتر نووسەرانیان بۆ پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی ڕاکێشا، ئەم دوو قۆناغە تەکانێکی باشیان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە تایبەتی شیعر دا، بە تایبەتی کۆڕەکانی لقەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، بۆ نموونە لە ڕۆژی ٢٥/٥/١٩٧٧دا یەکێتی نووسەرانی عیراق بۆ یەکەمین جار لە وەرزی ڕۆشنبیریی خۆیدا ئێوارە کۆڕێکی بۆ شیعری هاوچەرخی کوردی تەرخان کرد، من لێکۆڵینەوەیەکم بە ناوی (لمحة في مسار حركة الشعر الكوردي المعاصر) پێشکێش کرد و چەندین شاعیریش بە شیعر بەشدارییان تێدا کرد و چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکانیان لەلایەن (عەباس بەدری)یەوە بە عەرەبی خوێنرانەوە، لەناو ئەو شاعیرانەی بەشدارییان کرد: (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محەمەد، سەلام محەمەد، دڵشاد مەریوانی) بوون. ڕۆژنامەش نەبوو کە لە بەغدا بە عەرەبی دەردەچوون لەسەر ئێوارە شیعرییەکە بە شێویەکی ئەرێ نەنووسن و سیما دیارەکانی شیعری کوردی ئەو قۆناغە دیاری نەکەن، لێکۆڵینەوەکەی من بە بەرزی هەڵنەسەنگێنن. لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر شیعر سەردەفتەری لێکۆڵینەوەی تر بوو، جۆرە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو دامەزراندن هەنگاوی هەڵێنا و چەندین نووسەر لە بواری ڕەخنەدا تەکانێکی باشیان بە ڕەخنە دا و خوێنەر و بیسەریان ورووژاند کە لە ئاست نووسینەکاندا بوەستن و بێ دەنگ نەبن ڕای خۆیان لەم بوارەدا دەرببڕن.

* ڕەخنەی نوێ هەموو گرانی ئەدەب و داهێنانی خستۆتە سەر جووڵانەوەی زمان، ڕۆڵی زمان لە تانوپۆی دەقی داهێنراودا چییە؟

– قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ: «مرۆڤ لە ژێر زمانیدا شاردراوەتەوە»، چونکە بەڕاستی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زمان بە شێوەیەکی گشتی و نێوان



ئاستەکانی ڕۆشنبیری و هزری و زانستی ئەو کەسەدا هەیە کە ئەم زمانە بەکاردێنێ، کارکردنیش لەناو زماندا هەنگاونانە بەرەو داهێنان، بۆیە ڕەخنەی نوێ زۆر بایەخ بە زمان دەدات، تا وای لێ هاتووە کرۆکی ئەدەب لەناو شێوازی ڕەوانبێژیدا خۆی بنوێنێ و هونەرمەندی ناسراو (ڤان کۆخ) حەقی بوو بڵێ: «لە پێناو کارەکەمدا قوربانیم بە ژیانی خۆم دا، لە پێناو ئەودا عەقڵم لە دەست دا». کە بەلای ڕەخنەی نوێوە داهێنان لە منداڵدانی زمانەوە سەر هەڵدەدات و لەوەوە هاتووە کە زمان ئامێری دەربڕینە و لە پێشەوەی ڕەگەزەکانی تری ئەدەبەوە دێ و چەمکێکە بەکارێکی سەربەخۆوە بەستراوەتەوەو بۆتە دوو تیۆر، یەکێکیان ناو دەنرێ (سیحری) سەیری شیعر دەکات بەو سیفەتەی حەقیقەتێکی ئێستێتیکی جوانکاریی خودیی سەربەخۆیە لە واقیع و دووەمیان (ئۆرفیوسی)یە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ بەراوردێ لە نێوان (زبان) و (زمان) بکەین، زبان ئامرازی ئاخاوتنە، زمان ئامرازێکی ئەدەبییە، زمانێکی سیحری ئێستێتیکییە، هێز و پێزی ئەم جۆرە زمانەش بەندن بە چۆنیەتی و شێوازی داڕشتن، بە تایبەتی لە دەقی شیعردا چۆن ڕیتمی ناوەوە، دەرەوەی شیعر دەخولقێنێ، بە چ شێوازێکی ڕوونبێژی هاوچەرخ بەکاردەهێنرێ، نەک شێوە لاساییکەرەوەکەی، چ جۆرە تەڕی و پاراوییەک دەبەخشێ، هەر بۆیە ڕەخنەی نوێ لایەکی تەواو لە زمان دەکاتەوە، کە دەڵێی زمانی ئەدەبی، واتە زمانی داهێنان و ئەفراندن نەک زمانی بازاڕیی ڕووت.

* لەناو ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک مانیفێستی تاک و کۆ ڕاگەیاندراون، ئایا چۆن دەڕوانیتە دەوری مانیفێست لە ئەدەبدا، ئایا مانیفێست هیچ لێ زیادبوونێکی هەیە بۆ سەر تواناکانی داهێنان؟

– تا ئێستا لەناو ناوەندەکانی ئەدەبی کوردیدا چەند مانیفێستێک دەرچوون، چ بە تاک چ بە کۆمەڵ، وەک: (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)، (ڕوانگە– حوسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی)، (ئەنوەر مەسیفی)، (سەباح ڕەنجدەر)، هەر هەموویان تەعبیر لەو کەسانە و گرووپانە دەکەن کە دەریان کردوون و بۆچوون و باری سەرنجیان لە بارەی ئەو مەسەلانەی جەخت لەسەریان دەکەنەوە، دەردەخەن. بەلای منەوە هەرچەندە هەندێکیان بیروڕاو

بۆچوونی جوان و بەجێیان تێدایە، بەڵام هیچ لێ زیاد بوونێک ناخەنە سەر تواناکانی داهێنان، مانیفێست لە توانایدا نییە شاعیرێک هیچی لە باردانەبێ بیکاتە شاعیرێکی داهێنەر، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی ئەو جۆرە مانیفێستانە پێویستن، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە ئەدەبییەیە کە تێیدا دەژین، جەماوەری خۆیان هەیە شاهیدی سەردەمەکەن.

* هونەرەکانی ئەدەبی بەراوردکاری چین، ئەو خاڵ و ڕەگەز و توخمانەی دەبنە هۆی بەراوردکردنیان. وەک ئەو نموونانەی کاتی خۆی دەربارەی چیرۆکێکی (مستەفا ساڵح کەریم) و (عەبدولخالق ڕوکابی)ت ئەنجام دا؟

– من تا ئێستا چەند جارێک ئاوڕم لە ئەدەبی بەراوردکاری داوەتەوە و زۆربەشیان بە زمانی عەرەبی نووسیومن. تا ئێستاش جیاوازییەکی زۆر لە باری سەرنج لە بارەی ئەدەبی بەراوردکاری پراکتیکی و ئەو بنەمایانەی کە بەراوردییان لەسەر دەکرێ لە ئارادایە، بابەتەکە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی جیایە بۆ ئاشنابوونی ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی نێوانیان، لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو نووسەرانەن کە سەر بە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی جیان، بە مەبەستی ئاشنابوونی ئەو هۆیانەی بوونەتە مایەی بەرهەمهێنانی ئەو ئەدەبەی پێوەندی بە هەر یەکێکیان و ئەو فاکتەرانەی ملکەچیان بوون و کارتێکردنی ئاڵوگۆڕکراوی نێوانیاندا هەیە. ئەم بەراوردکردنەش تەنیا لەسەر ئەو لایەنانە ناوەستێ کە نووسەرێک لە کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی نووسەرێکی تری سەر بە کۆمەڵگەیەکی نامۆ و ڕۆشنبیرییەکی جیا، هەوڵی لاساییکردنەوەی شێواز و دەربڕین و خەیاڵی ئەدەبی داوە، بەڵکو دیراسەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەریەک لەو دوو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە کە هەردوو نووسەر سەر بەوانن، هەروەکو چەند ڕەگەزێکی تر وەکو زمان. لە کاتی خۆیدا چیرۆکنووسێک ئەم مەسەلەیەی وروژاند، منیش وەکو ڕەخنەگرێک داکۆکیم لە (مستەفا ساڵح کەریم) کرد، نەک وەکو کەس، بەڵکو وەکو بەرهەمی ئەدەبی. هەر دوای مستەفا بە ماوەیەکی زۆر (محەمەد فەریق حەسەن) لە چیرۆکی (پەریخان)دا، ئەویش هەمان ڕێچکەی گرتووە،



بەڵام بە شێوەیەکی تر. کەواتە بەپێی بۆچوونی چیرۆکنووسەکە دەبێ چ عەبدولخالق ڕوکابی، چ مستەفا ساڵح کەریم، چ محەمەد فەریق حەسەن، کەوتبنە ژێر کارتێکردنی (مارکیز)ەوە، کۆتایی چیرۆکەکان کۆتایی شێوازی ڕیالیزمی سیحرییە، هیچ کامێکیشیان نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی یەکتری. ئەگەر کارتێکردنیش هەبێ، ئەوە کارێکی ڕەوایە، ئێستاش ئەم جۆرە ڕەخنە و تۆمەت خستنە پاڵە هەیە، نەک بە ناوی کارتێکردن، بەڵکو بە ناوی دزی و دەقئامێزی وەک ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ ڕۆماننووسی داهێنەری کورد (بەختیار عەلی). ئەوە لە کاتێکدا هەروەکو پێشتر وتم ئەگەر کارتێکردنی هەبێ و لە سەرەتا بێ، هیچ نەنگ و شوورەیی نییە بۆ نووسەر، لەم ڕووەوە (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) دەڵێ: «ئەگەر ئەدیبێک کارتێکردنی ئەدیبێکی تری بەسەرەوە بێ خاڵی سەرەتایی بێت لەلای لەوێوە ئەوەی دوای کەسایەتی خۆی و شێوازی تایبەتی پێک بێنێ، ئەوە کارتێکردنەکە خوڵقێنەرە، بەڵام ئەگەر کارتێکردنەکە بەردەوام بێ و نەبێتە هۆی نوێ، ئەوە شکێنەرە».

* شیعری بۆنە زوو بەسەر دەچێت و دەچێتە پەراوێزی ئەدەبییەوە، ئایا دەتوانیت لەسەر شیعری بۆنە بوەستی. ئەگەر نموونەی سەرکەوتوومان هەبێ لە ئەدەبی کوردیدا ئاماژەی بۆ بکەیت؟

– ئەم بۆچوونە ڕای زۆربەی ڕەخنەگرانە، بەڵام بەلای منەوە ئەو شیعرەی کە لە بۆنەیەکدا پێشکێش دەکرێ بەندە بە وزەی شاعیرییەنی شاعیر، شاعیرێکی گەورەی وەکو (جەواهیری) زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بۆنەی تایبەتیدا پێشکەشی کردبوون کە جەواهیرییان گەیاندۆتە لووتکە، بۆ نموونە ئەو شیعرەی کە بە ناوی (ئەبوو عەلا موعەڕی) لە فیستیڤاڵی یادی ئەبوو عەلا موعەڕی، کە کۆڕی زانیاری عەرەبی لە دیمەشق ساڵی ١٩٤٢ سازیکرد، ئامادەبووانی هەژاند، بە تایبەتی کە دەڵێ:

لثورة الفكر تاريخ يحدثنا
بأن ألف مسيح دونها صلبا

ئەم دێڕە شیعرە بووە هۆی خۆ نیشاندانێک بۆ سەر گۆڕەکەی (ئەبوو عەلا). لە شیعری کوردیشدا شیعرەکەی (گۆران) بە ناوی (بەرەو کۆنفرانس) کە لە هاوینی

سـاڵی ١٩٦٠دا لـه کـۆنگرەی دووەمـی مـامـۆسـتـایان لە شـەقـڵاوەدا خـوێندییـەوە، بەڕاسـتـی شـیـعـرێکی نـەمـرە و من لە پاشکۆی عـیـراقـدا بابەتێکی تێـرو تـەسـەلم دەربارەی نووسـیـوە، ڕای ئەو ڕەخنەگرانـەم ڕەت کردۆتەوە کە پێـیان وایە شـیـعـری بۆنـە، لەگـەڵ بـۆنەکـەدا بـەسـەر دەچـێ، هـیـچ مـەرج نـیـیـە ئەمـە وابـێ، مـەسـەلەکـە دەمـێنێـتـەوە سـەر خـودی شـاعـیـر و داهێنـان کردن لـە شـیـعـرەکەدا و چۆنیـەتی تەوزیفکردنی شیعرەکەی بۆ بۆنەکە.

* لە شـیـعری کوردیدا هەندێک شـاعـیر لە فەزای شێوەکاری کاریان کردووە، پێوەندی شیعر بە شێوەکارییەوە چییە و ئەو تاڵە دەزووانەی لێکیان نزیک دەکاتەوە چین؟

– پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان شیعر و شێوەکاری هەیە، ئەگەر شاعیر وێنە شیعرییەکەی بە چەند وشەیەک و چەند پەیڤێک بکێشێ و قەسیدەی وێنەیان لێ پێک بێنێ، بەوەوە تەعبیر لە ئەزموونە هەستەوەرییەکەی دەکات، هونەرمەندی شێوەکاری تابلۆ هونەرییـەکـەی بە چەند هێـڵـێک و چەند ڕەنگێک دەکـێشێ و شـیـعـری نوێش نزیکترین بەرهەمە لە وێنە لە ڕێگەی ئەو وێنانەی کە شاعیر بە خەیاڵی باڵداری وێنەکێشانی ڕۆمانسیبانەی فەنتازییانە بەرجەستەیان دەکات.

هۆراس وتوویەتی: «شیعر وێنەیەکی قسەکەرە، یان نیگارێکی قسەکەرە، نیگار، یان وێنەکردن شیعرێکی بێ دەنگە». هەروەها (ڕامبۆ) پێی وایە کە «پەیڤەکان کیمیای تایبەت بە خۆیان هەیە دەکرێ پەیڤ سرووش بەخشی وێنە و ترپە و دەست لێدان و چێژ و ڕەنگ و بۆنی بێ». بۆ سەلماندنی نزیکبوونەوەی نێوان شیعر و شێوەکاری، واتە وێنەکێشان بە وشە و وێنەکێشان بەهێڵ و ڕەنگ، ئەی ئەوە نییە شاعیران هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستنەوە، بە دیدێکی شێوەکارانە تابلۆی شیعرەکانیان دەکێشێن.

* سەرەتاکانی شیعری نوێخوازی چۆن دەبینیت و ماک و چەکەرە سەرەتاییەکان لای کێ دەرکەوت، هەروەها هی چیرۆک و ڕۆمانیش؟

– کە دەڵێین نوێخوازی، تەنیا ئەو چەند شاعیرە ناگرێتەوە وەک: (دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەنوەر مەسیفی، جەلال بەرزنجی، هاشم سەڕاج، سەباح ڕەنجدەر) هی تر، بەڵکو



ئەو شاعیرانەش دەگرێتەوە، کە شتی نوێ دەخەنە ڕوو، ڕەنگە هێڵی نوێخوازی و نوێکردنەوەی لە چیرۆکدا لای من زیاتر ڕوونتر بێ، کە (حوسێن عارف) لە چیرۆکی (چای شیرین) و لە (شەبەق)دا یەکەمین کەس بێ کە لەم بوارەدا پێش ئەوانی تر گرەوی هونەری بردبێتەوە، بەڵام لەناو ئەوانەی کە خۆیان بە نوێخوازی تایبەت لە قەڵەم دەدەن، جیاوازی هەبێ کامیان لەو مەیدانەدا بەڕابەر دەژمێردرێ، هەر یەکە خۆی بە دەستپێشخەر دەزانێ، ناتوانین دەستنیشانی یەکەم شاعیر بکەین کە بەر لەوانی تر ئەو جۆرە شیعرەی نووسیوە کە پێی دەڵێن نوێخوازی و تا ئێستاش ئەم مەسەلەیە ئەوەندە نەورووژاوە تا ڕابەری یەکەم دەستنیشان بکەین وەک ڕابەرانی شیعری ئازاد و گرووپی بەیانی لاکێش. ماوەیەکی تر ڕەنگە ڕابەری یەکەم و پێشکەوتووترینیان دیار بکرێت.

* جیاوازییە زمانەوانییەکانی نێوان قەسیدەی درێژ و شیعری ئاسایی و پۆستەرە شیعرچین، ئەگەر بکرێت لەسەر هونەری زمانی هەریەک لەوانە بدوێیت و لێیان وردبیتەوە؟

– قەسیدەی درێژ، واتە پشووی درێژ و جیهانبینی و کارکردنێکی ورد و قووڵ لەناو زماندا، شیعری ئاسایی، وەک هەر شیعرێکی لەو جۆرەی ئەوەندە ڕامان و بیرکردنەوە و خۆماندووکردنی گەرەک نییە، پۆستەرە شیعر، شیعری چڕ و پڕ و کورت و پوخت وەک (ئاراگۆن) دەڵێ:

«*کورتترین شیعر جوانترینیانە*».

قەسیدەی درێژ، قەسیدەی ڕامان و قووڵبوونەوەیە، قەسیدەی مینبەری نییە کە دەنگی شاعیر و جۆری جەماوەرەکە نرخ و بەهای پێ دەبەخشن، کە بە دەنگ دەخوێندرێتەوە، نەک بەدڵ و بە چاو و بە مێشک وەک قەسیدەی درێژ کە زۆرجار لەسەر بڵندگۆ دەخوێنرێتەوە، لەبەر درێژییەکەی بێزاربوون لە دەروونی گوێگردا دروست دەکات، یان جاری وا هەیە بەرلەوەی شاعیر لەسەر شانۆ بێتە خوارەوە شیعرەکە هەرەس دەهێنێ، نەک لەبەر بێ پێزی، بەڵکو چ لەبەر دەنگی شاعیر، چ لەبەر درێژی و ئامادەنەبوونی گوێگر کە گوێی لێ بگرێ. ئەمڕۆ بۆتە نەریتێکی باو و ئاسایی، هەندێ لە شاعیران بە تایبەتی لاوەکان درێژدادڕییەکی ئەوتۆ لە شیعر

دەکەن کە نە لە ڕووی زمان و کێشی دەرەوە و ناوەوە و یەکێتی بابەت و بیناسازی وێنەوە لە شیعر ناکەن، بۆیە بەلای منەوە شیعری درێژ بۆ خوێندنەوە ئەوەندە لەبار نییە کە بە جیددی هەڵبسەنگێنرێ. ئەم جۆرە شیعرە شیاوی بڵاوکردنەوە و خوێندوەیەکی ورد و قووڵە.

* چیرۆکی کوردی سەرەتا زمانی گوندی هەبوو، دواتر ئەو زمانە گوندییە پێ بەپێ ئاراستەی بەرەو زمانی شار گۆڕا ئەگەر بکرێ لەسەر ئەم گۆڕانە بوەستیت و پانۆڕامایەکمان بدەیتێ؟

– دەکرێ پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر بکرێ، کە چیرۆکی کوردی سەرەتا بابەتەکانی، بابەتی لادێ بوون، دوایی بوونە بابەتی شار، چونکە زمانی نووسەر، زمانی شار بوو، چیرۆکیش هونەرێکی ئەورووپییەوە لەوێوە ئەو هونەرە هاتۆتە ناو ئێمەی کورد. هەرچەندە چیرۆکی لادێ و چیرۆکی شار ڕایەکی ڕەها نییە کە جێگەی وتووێژ کردن نەبێ، زۆر لەو چیرۆکانەی کە بڵاوکراونەتەوە لە تەک ئەو چیرۆکانەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لادێ دەدوێن، چیرۆکی تریش هەن کە پێوەندییان بە ژینگەی شارەوە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەکو پانۆڕامایەک دەتوانین چیرۆکەکانی (محەمەد مەولوود مەم، حوسێن عارف، عەبدوڵڵا سەراج، موحەرەم محەمەدەمین) بکەینە سەرمەشقی چیرۆکی شار، ئەم ڕایەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو چوار چیرۆکنووسە چیرۆکی وایان نییە پێوەندییان بە واقیعی گوندەوە نەبێ، یان وەک نموونە چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و حەسەن قزڵجی) چیرۆکی وایان تێدا نەبێ، بابەتی واقیعی شار نەبن وەکو زمانیش من دەتوانم (سەلام مەنمی) دەستنیشان بکەم کە بە زمانی لادێ چیرۆک دادەڕێژێ.

* ماوەیەکی زۆر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کارت کردووە، چەند گۆشەیەکیشت نووسیوە، دەکرێ ئەزموونت لەو بارەیەوە بزاندرێ؟

– من سەرەتا لە ڕۆژنامەی نهێنی بە دەستخەت لە پەنجا و چوارو پەنجا و پێنجدا کە بۆ قوتابییان دەرمان دەکرد دەستم پێ کرد، لە ساڵی ١٩٥٧–١٩٥٨ لەگەڵ چەند برادەرێکی قوتابی کە ئەو کاتە لەناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر کارمان دەکرد (دەنگی قوتابیان)مان بە دەستخەت دەرکرد. ساڵی ١٩٥٨–١٩٥٩ گۆڤاری



(ژیان)م دەرکرد، لە کۆلێژی پەروەردە لە بەغدا ساڵی ١٩٥٩–١٩٦٠ و ١٩٦٠–١٩٦١ دوو ژمارەی (دەنگی قوتابیان)م دەرکرد، لە ١٩٧٣ تا ئەم چەند ساڵانەی دوایی لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا کارم کردووە و بە عەرەبی و کوردی نووسیومە و گۆشەی تایبەتیم بە هەردوو زمان هەبووە، لە هەولێر و بەغدا لە ڕۆژنامەکاندا کارم کردووە. لە گۆشەی «لە دەروونەوە» هەروەها «من الأعماق» بابەتی ورووژێنەرم نووسیوە، زۆرجاریش نووسینەکانم گیروگرفت و سەرئێشەیان بۆ دروست کردووم، بەڵام هەموو نووسینەکانم لە دڵ و دەرووندا هەڵقوڵاون، زادەی بیروڕا و بۆچوونی ئەو کاتانەن کە بڵاوم کردوونەتەوە. ئەرکەکانیشم هەمەجۆر بوون. هەڵەچنی، پەیامنێری بە هەردوو زمان (کوردی و عەرەبی) بەرپرسی لاپەڕە، نووسەر، سەرنووسەری، جگە لە کارکردنم لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن وەک پێشکێشکردنی تەعلیقی سیاسی لە نووسینی خۆم، نووسین و وەرگێڕانی دەنگوباس، بەڕێوەبردنی ئێزگەی ڕادیۆ، ئەو ماوە درێژە ئەزموونێکی باشی پێ بەخشیوم و چەندین بابەت و گۆشەشم بە ناوی ئاشکرا و خوازراوە وەکو خوێنەرێک، قاريء، متابع، ئامانج، ئاسۆ، ئاراس، ڕێبوار، مەزن، ب. ساوین، ئەبوو هێمن، ناقد فني بڵاوکردۆتەوە.

* ئایا دەکرێ ڕۆمان دابڕدرێت لە ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... یەک پارچە وەک ئەدەبێکی ئێستێتیکی وەری بگرین، ئەگەر هەبێ نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبەمان بدەیتێ؟

– بەلای منەوە ئەو ڕۆمانە سەرکەوتن وەدەست دێنێ کە تەعبیر لە ژینگە و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەکات، جیهانییەتی ڕۆمان لە خۆماڵییەوە سەرچاوە دەگرێ، وەک ڕۆمانەکانی (نەجیب مەحفووز) کە پاداشتی بەرهەمەکانی خەڵاتی نۆبل بووە لە هەمان کاتدا ڕۆمان وەک ئەدەبێکی ئێستێتیکی لەوەی وتمان دابیڕین وەک ڕۆمانی «سەد ساڵ دووره پەرێزی»ی مارکیز.

* ئایا بڕوات بە پێشبڕکێ لە ئەدەبدا هەیە، لە کاتێکدا بەشداری سێ پێشبڕکێی ئەدەبیت کردووە و پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمت بە دەست هێناوە؟

– بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەوەندە باوەڕم پێ نییە، بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی

یەکەمی لێکۆڵینەوەم لە فیستیڤاڵی گەلاوێژدا وەرگرت لە نووسینەکەمدا ئاماژەم بە خاڵێکی گرینگ کردبوو وەکو ڕەخنەیەکیش ئاراستەی لێژنەی دەستنیشانکردنی شیعرم کردبوو، کە لە کۆتاییەکەیدا هاتبوو: «ئەو ڕەخنەگرانەی لە شیعری نوێی کوردی و وێنەی هونەری دەدوێن لە چەمکە کلاسیکییە ڕەوانبێژییەکە دووربکەونەوە و بە گیان و شێوازی سەردەم و نوێخوازی بنیاتی وێنەی شیعری نوێی کوردی هەڵسەنگێنن، کە خوێنەران بورووژێنن بە ڕووناکی خستنە سەر چۆنیەتیی تەونچنینی وێنەی هونەری، لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێوان شیعری ڕەسەن و داهێنەر و شیعری وڕێنە و هەڵبزڕکان بکەن. کە ئەو جۆرە کەسانەی کە شیعری لەم شێوە دادەنێن خۆشیان نازانن چ دەڵێن، بە داخەوە ئەوانەی بە شیعری داهێنەرانە لە قەڵەمیان دەدەن، ئەوانیش ئەوەندە لە چەمکی شیعر ناگەن کە لە لیژنەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی شیعردا جڵەوی بڕیاردانیان لە دەستە، شاباشی ئافەرین بەسەر ئەوانە دادەبارێنن کە تازە پێیان ناوەتە جیهانی شیعر، زەمینەیەکی ئەوتۆی پتەویان بۆ نەخۆڵقاندووە کە بتوانن بیکەنە پێگە و سەرشاری ئەزموونێکی شیعری سەرکەوتووی ئەفراندن» لەو ڕوانگەیەوە ئەو لیژنەیەی کاری هەڵسەنگاندن و پلەدانانە بۆ خەڵاتەکان دەبێ لە بواری هەڵسەنگاندن و نرخاندندا شارەزا بێ، پێکهێنانی لیژنەکە بە نهێنی بێ نەک ناوی ئەندامەکان بزانرێ و مەسەلەی برادەرایەتی و لایەنگری کار نەکاتە سەریان، لێرەدا نامەوێ نموونە بهێنمەوە کە زۆرجار لە پێدانی خەڵاتدا حیساب بۆ ناوچە دەکرێ، یان بۆ جۆری پێوەندییەکە دەکرێ. جاری واش هەیە زۆربەی ئەندامەکان لە هەڵسەنگاندندا جیاوازییان نابێ و کارەکە بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن.

* زۆرجار چێژی جەماوەر چێژێکی کاتییە، ناتوانێت ئێستێتیکای بێ گەرد لە ئەدەبدا دەستنیشان بکات و لە خولگەی واتای کاتی و هەڵچوونی کتوپڕ دەسووڕێتەوە، ئایا بڕوات بە جەماوەری لەم جۆرە هەیە، کە ماوەیەک کارت بۆ ئەدەبێک دەکرد لە خزمەتی چێژی زۆرینەی جەماوەر دابێت؟

– بە شێوەیەکی گشتی جەماوەر ئەو هەڵبژاردە نموونەیی و پسپۆڕە نییە کە بە چاکی لەلایەنی هونەری و جوانکاری ئەدەب تێ بگات. زیاتر جەماوەرێکی سۆزداری



هەڵچووە بەرلەوەی بە تەواوەتی لە دەقەکە بگات، ڕایەکی ڕووکەشی بەرانبەری دەبێ، ئەو جەماوەرەش بەپێی بارودۆخی قۆناغەکە دەجووڵێ و چێژ لە ئەدەب دەبینێ. ئەو جۆرە جەماوەرە هەیە، ئایدیۆلۆژیا هەڵیدەسووڕێنێ، قۆناغەکە ئەو زەمینەی بۆ دەخوڵقێنێ کە لەسەری بوەستێ، هەر خودی جەماوەرەکەشە کە دەگۆڕێ و لە قۆناغێکی دیکەدا چێژ لە جۆرە ئەدەبێکی دیکە دەبینێ، بۆ نموونە بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨، (کامەران موکری) لە پێشەوەی هەموو شاعیرانی کوردبوو، حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا، هەر دوای شۆڕش لە سلێمانی لە سینەمایەک ناوەکەم لەبیر نییە جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون بە تایبەتی ئافرەت، (کامەران) هەروەکو شێوازی پێشووی بە دەنگە دلێرەکەی شیعرێکی خۆی خوێندەوە، بەڵام جەماوەرەکەی نەجووڵاند، بەڵام کە (شێرکۆ بێکەس) شیعرێکی خۆی خوێندەوە خەڵکەکەی هەژاند و ئافرەتەکان دەستیان کرد بە گریان. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێک بکەم کە ئەو کاتەی دەستنیشانی دەکەن تەوژمی ئەدەبی واقیعی زاڵ بوو بەسەر جۆرەکانی دی و ڕێبازە هزرییەکە واقیعێکی چەسپاندبوو کە ئەدەب بۆ ژیان و جەماوەرە، ئەدەبێک لە بەرژەوەندیی جەماوەردا نەبێ بە ئەدەب لە قەڵەم نادرێ، ئەو جۆرە ئەدەبە جەماوەرییەش بەشی هەرە زۆری مۆرکی ڕاپۆڕتی و خیتابی بە خۆوە گرتبوو، دوور بوو لەلایەنی هونەری و شێوازی ئێستێتیکی، ئەدەبی زمانی جەماوەر بوو، نەک ئەدەبی خودی و تاکی هەڵبژاردە. قۆناغەکە بەو شێوەیە بوو، دەتوانین (گۆران) بکەین بە نموونە ئەگەر بمانەوێ بەراوردێکی ورد لە نێوان شیعرە ڕۆمانسییەکانی و واقیعییەکانی بکەین، هەروەها (فایق بێکەس) لە نێوان (داری ئازادی و نابەزین و سەدەی بیستەم) و هی تر و (ئەی مانگە)کەی کە (عەلی مەردان) وزەیەکی تری پێ بەخشی کە ئاوازی بۆ دانا و بە دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکەی چڕی.

* داهێنەر لە چ کاتێکدا دەبێتە دیاردە، نموونە دەوروبەری (گۆران) داهێنەری تێدابوو، بەڵام گۆران توانی ببێتە دیاردە، ئەم بوون بە دیاردەیە لە ئەدەبدا چۆنە؟

– دیاردەی دروست لەهەر بوارێکدا لەپڕ دروست نابێ، دەتوانم بڵێم لە هەر

سەدەیەکدا دیاردەیەک لە دایک دەبێ، بۆ نموونە دیاردەی داهێنانی ئەدەبی شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس، سەرکردە، جوانیی ئافرەت. (حاجی قادری کۆیی) کە ڕوو دەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ژێر خێوەتدا چاوی بە کچە نازدارەکەی (قەرەنی ئاغای مامەش) دەکەوێ دەڵێ:

ئەم نەوعە گوڵە هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەرنێ
نەک وەک گوڵی بازاڕییە هەر ساڵە کە سەوزە

ڕاستە (گۆران) بووە داهێنەر و دیاردەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، ئەم دیاردەیەش بۆ کۆمەڵێ هۆکار دەگەڕێتەوە وەکو: ژینگە، بارودۆخی خێزانی، ئامادەباشی دەروونی، خۆ ماندووکردن، ژیانێکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەدەبەکەدا، زمانناسی، خوێندنەوەی بەردەوام، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نووسەرانی دی. بەهرە و زیرەکی لە خودی شاعیر. ئەوانە گشتیان وەک هۆکاری دەرەوە (بابەتی) و خودی ئەو دیاردەیان خۆڵقاند. ڕەنگبوو ئەگەر (شێخ نووری شێخ ساڵح) ئەوەندە سەرقاڵی ژیان نەبووایە، ژیانی وەزیفی ئەوەندەی لە جیهانی شیعردا دوور نەخستبایەوە، ئەو ببوایە دیاردە ئەدەبییەکە، چونکە نوێخوازەکانی سەردەمی ئەو بە سەرۆکی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن بەرلەوان هەنگاوی بەرەو نوێخوازی هەڵێنا و لەوانیش گەورەتر بوو. دیاردەش وەکو گوڵێک وایە کە لەناو هەموو گوڵەکانی باخچەیەکی ڕازاوەدا، گوڵزارێکی دڵڕفێندا، گەشتر و پاراوتر و جوانترە، ڕەنگە ئەم دیاردەیەش بۆ خودی گوڵەکە، بوونەوەرییەکەی، ئاووهەوای دەوروبەری، پێگەی زەمینەکەی بگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە بواری هونەری گۆرانیدا (ئوم کەلثووم و عەبدولوەهاب و عەبدولحەلیم حافیز) بوونە دیاردە، تا ئێستا زەمینەیەکی لەبار بۆ دیاردەیەکی لە جۆری ئەوان دروست نەبووە، سەبارەت بە کوردیشەوە تا ئێستا دیاردەیەکی وەکو (سێوە) لە بواری مەقامبێژیدا دەرنەکەوتووە، کە لە ئاستی ئەودابێ، یان تێپەڕ بکات. بۆیە دیاردە درەنگ دروست دەبێ، جاری واش هەیە پێی دەگوترێ (فەلتە) واتە لە سنوور دەرچوو.

* پرۆسەی وەرگێڕان لە ئەدەبدا چۆنە، تا ئێستا چەند کتێب و چەندین نووسین و شیعرت لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ عەرەبی



وەرگێڕاوە، دەتوانی ئەوەمان بۆ دەستنیشان بکەیت وەرگێڕان کاری داهێنانە، یان زانینە، لەم ڕووەوە لە کارە وەرگێڕدراوەکانی خۆت بدوێ؟

– وەرگێڕان بەگشتی هەردوو لایەن دەگرێتەوە لایەنی داهێنان و لایەنی زانین، جاری وا هەیە وەرگێڕ تووشی حاڵەتێکی دەروونی لەبار دەبێ وەرگێڕانەکە سرووش و ئیحایەکی وای پێ دەبەخشێ کەوا داهێنانی تێدا بکات.

هەڵبەت زمانزانی و خۆماندووکردن و پشت بەستن بە چەندین فەرهەنگی هەمەجۆری زمان نەک تەنیا هەردوو زمانەکە کارەکە مەیسەرتر دەکات، جاری وا هەیە فەرهەنگیش تینوویەتی وەرگێڕ ناشکێنێ و ئەو وشەیەی ماناکەی نازانێ، دەبێ لێی قووڵ بێتەوە و لە ئەم و لە ئەو پرسیار بکات، هەڵبەت ئەوەی شاعیر بێ، یان چێژ لە شیعر ببینێ کە دەقێک وەردەگێڕی زیاتر سەرکەوتن وەدی دێنێ لەوەی لە شیعر ناگات و چێژی لێ وەرناگرێ، من لەم بوارەدا ئەزموونێکی باشم هەیە، تا ئێستا چەندین دەقی شیعر و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبیم وەرگێڕاوە، پێشەکیم بۆ بەرهەمی وەرگێڕاو نووسیوە، پێداچوونەوەم کردووە بە شێوەیەکی ورد و بەراوردکردنێکی قووڵی وشە بە وشەم ئەنجام داوە، ڕەخنەم لێ گیراوە وەڵامم داوەتەوە، نەک تەنیا لە بواری ئەدەبیدا کارم کردووە، بەڵکو بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فێرکاریشم وەرگێڕاوە.

* ئایا ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چێژە، یان جیهانبینییە، تۆ لە یەک کاتدا لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرێکی ئاسایی دەنووسیت، لە هەمان دەموکاتیشدا لە بارەی شاعیرێکی نوێخواز دەنووسی، ئایا چێژ و جیهانبینیت لە بارەی دوو شێوە و شێواز و ئاراستەیە چۆن دەکەوێتەوە؟

– ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەردووکیانە، بەڵام حاڵەتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار کاری ڕۆژنامەنووسی لە سەرت دەسەپێنی بۆ نموونە لەسەر شاعیرێکی ئاسایی بنووسیت، ئەم جۆرە نووسینە ناچێتە خانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە، چونکە کارێکە پێت سپاردراوە، بە دەگمەن ڕۆژنامە ئەو مەودا فراوانەی هەیە کە

لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی تێدا بڵاو بکرێتەوە. هەڵبەت شاعیرێکی ئاسایی و شاعیرێکی نوێخواز لە یەک ئاستدا سەیر ناکرێن. شاعیرە ئاسەییەکە ئەوەندە وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی گەرەک نییە، بۆیە ئەوەی لەسەری دەنووسرێ زیاتر پێناسینە، نەک لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی، کە لەسەر شاعیرێکی نوێخواز نووسیومە، زیاتر لەگەڵ دەقەکەی ژیاوم و زیاتر کاتم بۆ تەرخان کردووە و زیاتر قووڵایی ڕۆشنبیریی خۆمم بۆ تەرخان کردووە، بۆیە هەردوو نووسین دوو تای تەرازووی بەرامبەر یەک نابن، واتە بە دوو شێوە و شێواز و ئاراستەی جیا نووسراون، نەک تەنیا ئەم حاڵەتە لە ساڵی ١٩٩٤دا لەلای من تێبینی دەکرێ، بەڵکو پێشتریش چەند حاڵەتی تری لەم جۆرە لای من دروست بووە، هەر یەکە بە قەد قەبارەی خۆی مافی دراوەتێ، جاری وا هەبووە لەناو نزیکەی بیست شیعردا تەنیا چێژم لە یەک دوو کۆپلە وەرگرتووە و لەسەرم نووسیون و گوێم نەداوەتە شاعیرەکە، دوای نووسینەکەم هەڵوێستی بەرامبەرم چۆن دەبێ، چ کاردانەوەیەکی دەبێ، کە خۆی بە شاعیرێکی گەورەش لە قەڵەم دەدات، بەڵام لای من گرینگ ئەوەیە کە فێڵ لە ویژدانی خۆم نەکەم و سپی نەکەم بە ڕەش، خۆ ئەگەر شتێکم بە دڵ نەبووبێ نەک تەنیا ئەدەب، بەڵکو شێوەکاری و شانۆش، هیچم لەسەر نەنووسیون.

* لە زۆرینەی لایەنەکان چالاکی ڕەخنەییت دەبینرێ وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، ڕەخنەی ڕەخنە. ئەمەش نیشانەی بەرفراوانی دیدگای ڕۆشنبیریتە، بەڵام لە کاری ئەدەبیدا تایبەتمەندی گرینگ و پێویستە تا تیشکۆی چالاکی و بیرو بۆچوون و دیدگا لەسەر لایەنێک تۆخ بکەیتەوە، ئایا بۆ ئەم خۆ تەرخان کردنەت بۆ تایبەتمەندی نەبوو؟

– لێت ناشارمەوە کە من هەر لە سەرەتاوە جۆرە زانیارییەکم لە هەموو ئەو بوارانەی ئاماژەت پێ کرد هەبوو، بەهرەی شێوەکاری هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا تێمدا دەرکەوت، لە قوناغی ناوەندی و دەرچوونم لە پۆلی سێیەم دەبوایە بچمە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغدا، باوکم ڕێگر بوو، ئەو کاتیش دواناوەندی لە کۆیە کرایەوە، هەروەها یەکێک بووم لە نمایشکەرانی شانۆگەری کە زۆرجار خۆمان



دەقەکانمان دادەنا و بەدەیان شانۆگەریمان لە سەرەتای پەنجاکاندا لە چایخانەی (سەعیدی مەلا ئەحمەد) لە کۆیە پێشکێش دەکرد، ئەم دوو لایەنە و خوێندنەوەیەکی زۆری ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤاری (الآداب)ی بەیرووتی بڵاو دەکرانەوە، کە ساڵی ١٩٥٨ لە کۆلێژی پەروەردە بەشی عەرەبی وەرگیرام مامۆستایەکی دەرچووی زانکۆی سۆربۆن (دکتۆر سەلیم نعێمی) ڕەخنەی کلاسیکی پێ دەوتین و (نازك الملائكة)ش ڕەخنەی نوێ، دوایی وانە وتنەوەم لە بەشی وێژەیی ئامادەیی، بە تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەها لە پەیمانگەی مامۆستایان و زانکۆی بەغدا و سەلاحەددین و کارکردنێکی دوورودرێژ لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، خوێندنەوەی بەردەوامی هەموو بوارەکان و بوونی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شێوەکاری و شانۆ و فەلسەفە و ئایین و کۆمەڵایەتی و کتێبی سیاسی، ئەوانە بە گشتی دەرگایان بۆ واڵا کردم کە باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی بەرفراوانم هەبێ، هەر بوارێک بمەوێ لەسەری بنووسم و ئەو توانایە لە خۆمدا ببینم کە لە بواری ڕەخنەدا خۆم بە کەم نەزانم و نەشم ویستووە هەر وزەیەکی ڕەخنەسازیم هەیە تەنیا بۆ لایەتێک تەرخانی بکەم، ڕەخنەگری ڕاستەقینەش ئەو ڕەخنەگرەیە کە ڕۆشنبیرییەکی ئینسیکلۆپیدی هەبێ و بتوانێ بەڕی خۆی لەئاو دەربکات.

* ئەدەبی داهێنراو پێشبینی و خەیاڵی جوانی تێدایە، سیاسەتیش کاری تاکتیک و ڕۆژانەیە، دوو ئاست و ئاراستەو هونەری سەربەخۆن. لەناو دەسەڵاتی کوردیدا ئەدەب کراوەتە پاشکۆی سیاسەت. ئەم کردارەش سەداسەد هەڵەیەکی کوشندەیە، دەکرێ بۆچوونت دەربارەی ئەم هەڵە کوشندەیە بزانین کە بووەتە دیاردەیەک لەناو ئەدەبی کوردیدا؟

– نەک تەنیا ئەدەب بۆتە پاشکۆی سیاسەت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیریش، ئەمەش بۆ ئەو ڕەوشە ئابوورییە دەگەڕێتەوە کە ڕۆشنبیران پێوەی دەناڵن، بۆیە دەبینی ململانێ لە نێوان ڕۆشنبیری و ئابووریدا هەیە، ڕۆشنبیر بۆتە پاشکۆ و دەستەمۆ کراوە، بەحوکمی ئەوەی کە ئابووری چەکی کاریگەری دەسەڵاتدارە، یان ئەو حزبەیە کە ڕۆشنبیر، ئەدیب خۆی پێ بەستۆتەوە و پابەندە بە

سیاسەتی حزبەکە، یان دەسەڵاتەوە، لە ئەورووپادا مەسەلەکە پێچەوانەیە، بۆ نموونە نوێنەری حزبێکی سیاسی بۆی هەیە لەگەڵ ڕای ئەو حزبە نەبێ کە لە ڕێگەی ئەودا هاتۆتە پەرلەمان و کار ڕایی دژی ناکرێ، ئەگەر هەڵوێستێکی بەرهەڵستکاری هەبێ، بۆیە دەبینین زۆر لەو ئەدیب و ڕۆشنبیرانەی کە لە ئەورووپادا لە سیاسەت دوور کەوتوونەتەوە و بە بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان دەنووسن و لەو قالبەی پێشوو دەرچوون، بەڵام لای ئێمە کە ژیان و گوزەران و هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە گشتیان لە ژێر دەستی دەسەڵاتن، ئەو دیاردە کوشندەیە وای کردووە ئەدیب ملکەچی سیاسەت بێ، بە دووری نازانم کە ئەم ڕەوشە هەتا سەر بەردەوام نەبێ، کە کۆمەڵگەی کوردی بە تەواوەتی چووە ناو جیهانی شارستانی ناڵێم ژیاری، تاک لە کۆمەڵدا مافی تەواوی خۆی هەبوو، ئەو کاتە ئەدیب لەو چوارچێوەیە دەردەچێ کە بۆی کێشراوە. ڕەوشێکی تر دێتە پێش کە ئابووری چیتر چەکی دەسەڵات نەبێ و هەر کاتێک ئەدیب دەنگی لێ هەڵبڕێ بە هەڕەشەی نان بڕین ئەو دەنگە کپ بکرێ، نەک وەکو ئێستا کە ئێمە بەناو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە کە بەڕێوەچوونیان بەندە بەو یارمەتییەی چ لە حکوومەت چ لە حزب وەری دەگرن، لە جیاتی ئەوەی داکۆکی لە بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بکەن، داکۆکی لەو سیاسەتە دەکەن کە سەرچاوەی دەرامەتی ئەو ڕێکخراوانەن، خۆ ئەگەر بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوە و دەزگایانەی ناوی خۆیان ناوە مەدەنی خودی بێت و پشت بە توانای دارایی خۆیان ببەستن، ئەوە ئەو جۆرە پاشکۆ و لە قالبدانە لە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریدا جێگەیان نابێتەوە، ئەدیب لە هەر ڕێکخراوێکی نا حکوومی، یان نا حزبی، کار بکات دەستەمۆ ناکرێ و تەعبیر لەو هەڵوێست، یان هزرە دەکات کە باوەڕی پێ هەیە و بێباکانە داکۆکی لێ دەکات و کەسایەتیی خۆی لە دەست نادات و هەرگیز نابێتە پاشکۆی سیاسەت، وەک نووسەرانی وڵاتە مەدەنییەکان کار و ڕەفتار دەکات کە مافی ڕەوای تاک زامنە، ڕای ئەدیب و بەرهەمەکانی ڕێز و پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە. با لێرەدا قسەیەکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا (میستەر چەرچل) بهێنمەوە کە چۆن مەزنی (شکسپیر) دەنرخێنێ و دەڵێ: «بەریتانیای مەزن هەموو مۆنۆپۆڵەکانی لە دەست دەدات، بەڵام هەرگیز مەزنی شکسپیر لە دەست نادات»، یان سەردەمی خۆ



نیشاندان و ڕاپەڕینی قوتابیانی فەڕەنسا ساڵی ١٩٦٨ کە (سارتر) پشتگیری لێ دەکردن و هانی دەدان بەردەوام بن، کە وەزیری ناوخۆی حکوومەتی فەڕەنسا، داوای لە (دیگۆل) کرد فەرمانی دەسگیرکردنی سارتر دەربکات، وەڵامی (دیگۆل) ئەوە بوو: «ئایا ڤۆڵتێر دەگیرێ؟».

ئەدەب و سیاسەتی لە قاڵبدراو دوو جەمسەری لێک جیان و کەوتوونەتە ژێر ڕکیفی واقیعی ئەمڕۆمان، ئەوەندەی ئەو ڕێکخراوانەی بە ناوی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکەن، ئەو دەسەڵاتانەیان نییە کۆمەڵگەکە بگۆڕن، ئەدیبیش لەو بارودۆخەی تێیدا دەژی و سیاسەت هەموو شت بەڕێوە دەبات، ناتوانێ بە تەواوەتی کۆتی ملکەچ بوونی سیاسەت لە گەردنی خۆیدا بپچڕێنێ. هەڵبەت لە ئایندەدا گۆڕانکاری دەبێ و ئەدەبیش بەبێ ڕۆڵی خۆی لەناو سیاسەتێکی نوێی عەقڵانی کراوەدا زیاتر هەناسە دەدات، ئەدیبیش زیاتر ئاسوودە دەبێ لە ژیان و دابینکردنی دواڕۆژی خۆی و کەسوکاری.

* لە بۆنەیەکدا گوێمان لە دەنگت بوو، دەنگت بۆ گۆرانی و مەقامات زۆر خۆش و گونجاوە، گۆرانی و مۆسیقا لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنی، دواتر وەک بەهرەیەک کە تێتدا هەبوو بۆ گەشەت پێ نەکرد و لە خۆتدا بە دەرت نەخستووە؟

– کە بەهرەیەک لە مرۆڤدا دەردەکەوێ ئەگەر بایەخی پێ نەدرێ و هاندانی لە پشتەوە نەبێ گەشە ناکات، لە قۆناغی سەرەتاییدا چەند بەهرەیەکم لێ دەرکەوت وەک خەت خۆشی، توانای نماشیکردنی شانۆیی، بەهرەی شێوەکاری و دەنگ خۆشی، لەبیرمە ساڵی ١٩٤٦ بوو، ئەو کاتە حکوومەتی عیراق بایەخێکی زۆری بە تووتن دا بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئاگایان لە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان لە مەهاباد نەبێ، هەندێک لە بازرگانەکانی تووتن و دەوڵەمەندەکانی کۆیە شەوان دادەنیشتن بۆ یاری پۆکەر، شەوێکیان دوو گۆڕانیبێژی کوردستانی ئێران لە ماڵەکەی ئێمەدا گۆرانییان دەگوت، هەر زوو گۆرانییەکانم ئەزبەر کردن و دەمگوتنەوە، جاری واش هەبوو، هونەرمەندی گەورە (تایەر تۆفیق) گۆرانی دەگوت، کۆیەش سەرچاوەیەکی دیاری گۆرانی و دەنگخۆشی بوو، لە بۆنەی

تایبەتی گۆرانی دەگوترا، ئەو کەشوهەوایە کارتێکردنی لەسەر من هەبوو، تەنانەت لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەستم کرد بە بلوێر ژەنین، هەر زوو فێری بووم پشوو بخۆمەوە و بلوێر بە چاکی بژەنم، بەڵام باوکم ئەو کارەی منی پێ ناخۆش بوو، ناچاری کردم کە وازی لێ بهێنم و دەیگوت: «دەتەوێ ببیت بە چاوەش»، لە بابەت شێوەکارییەوە یەکێک بووم لە قوتابییە جیاکراوەکان، هەموو بەڵگەنامەکانم دوای دەرچوونم لە پۆلی سێیەمی ناوەندی ئامادە کرد کە پێشکێشی «پەیمانگەی هونەرە جوانەکان»ی بکەم، دیسانەوە باوکم ڕێگەی پێ نەدام و ئەو ساڵەش، واتە ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ پۆلی چوارەمی دواناوەندی لە کۆیە کرایەوە و دەرگای چوونم بۆ ئەم پەیمانگەیە بە تەواوەتی لەسەر داخرا. لە بارەی شانۆوە، لە بیرمە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووین کە بە زمانی ئینگلیزییەکی سادە تەمسیلمان دەکرد، لە قوتابخانەی دواناوەندی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا مامۆستایەکی میسریمان هەبوو، ناوی (ولیەم جوندی عیوەز) بوو لەناو دەیان قوتابی کە لە هۆڵی قوتابخانەکەدا کۆی کردنەوە و تاقی کردنەوە بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەریی (پیسکەی تەرپیر)ی (مۆلێر) منی بۆ نواندنی دەوری پیسکەی تەرپیر هەڵبژارد و چەند ڕۆژێک پرۆڤەمان لەسەر کرد، بەڵام سیخوڕێک کە لە پشت پەنجەرەوە خۆی گرتبوو، ڕاپۆرتی نووسیبوو کە شانۆگەرییەکە سیاسییە، بۆیە قەدەغە کرا، هەروەها لەو ماوەیەدا دەوری موعتەسەم بینی لە شانۆگەری (وای موعتەسەم) کە لە وەرگێڕانی (خالید دلێر و عەبدولڕەزاق بیمار) بوو، جگە لە شانۆگەری (قوتابی و دەورێش) لە نووسینی ( عەبدولڕەزاق بیمار) و من و ئەو دەورەکەمان بینی. هەروەها بەشداریکردن لە چەندین شانۆگەری دیکە لە هەولێر و شەقڵاوە و کۆیە. دەتوانم بڵێم لەو ماوەیەی کە بەهرەم تێدا هەبوو دەسەڵاتی گەشەکردنیان لە دەست خۆم نەبوو، بەربەست زۆر بوون، ئەوەی کە من دەمویست ئەوە دەرنەچووم، تا لە کۆتاییدا ڕێبازە ئەدەبییەکە بووە چارەنووسی من، با تۆماس کارلیل هەر بڵێ: من سەرکردەی بەختی خۆم و سەردەری ڕۆحی خۆمم». هەموو ئەو بەهرانەم بەلاوە نا و ئەدەب و ڕەخنە نەبێ کە لەگەڵ خوێنمدا تێکەڵ بوون و لەو ڕەوشەی کە ئێستا تێیدا دەژیم پەشیمان نیم و هەر بەردەوام دەبم.

هەڤپەیڤینی: یاد سابیر



کەمال غەمبار:

## ئێستا بە تێڕوانینێکی نوێوە دەنووسم

کەمال غەمبار یەکێکە *لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی حەفتاکان، بە عەرەبی و کوردی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، شەوێک لە سلێمانی لە ئوتێل میردا کەوتینە گفتوگۆ، دەربارەی شیعر و ڕەخنە و ڕۆژنامەنووسی و یادگارییەکانی. بەم ڕاستەوخۆ شێوەیە وەڵامی داینەوە:*

* کەی و چۆن هاتوویتیە ناو بواری ڕەخنەوە. ئایا سەرەتاشتان هەر بە ڕەخنەدەستت پێکردووە؟

- قسەیەک هەیە دەڵێ: هەموو ڕەخنەگرێ شاعیرێکی سەرنەکەوتوو بووە، بەڵام من هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، ڕاستە من لە سەرەتادا بە شیعر دەستم پێ کرد لە کۆتاییدا خۆم لە بواری ڕەخنەدا بینییەوە. ئەوەی کە هانی دام زیاتر لەم بوارەدا کاربکەم ئەوەبوو کە لە کۆلێژی پەروەردە ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٦١ پرۆفیسۆرێک بە ناوی د. سلم النعیمی سەردەمی شیعری جاهیلییەوە هەتاکو سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و لە دواییدا نازک الملائکە، چەند محازەرەیەکی دەربارەی شیعری نوێ و ئەدەبی نوێ پێگوتین. واتە ئەوە ورووژاندنم بوو بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی بردم. زۆرجاریش هەندێ لە برادەرانی کۆلێژی ئەدەبیاتی کوردی کە (عەلائەدین سەجادی) ڕەخنەی پێدەگوتن نموونەی شیعریان بۆ من دەهێناو بۆم شی دەکردنەوە، لە دواییدا دوای دەرچوونم وەک مامۆستا وانەی ڕەخنەی ئەدەبم لە قوتابخانەی ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین گوتۆتەوە.

* سەرەتا بە کوردی، یان بە عەرەبی دەستت بەنووسین کرد؟

- لە ڕاستیدا من هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا لە ڕێگەی گۆڤاری گەلاوێژەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بووم. لەبیرمە پێنجەمی سەرەتایی بووم دەفتەرێکی سەد پەڕەییم بۆ خوێندنکارێکی دەوڵەمەند نووسییەوە بەرانبەر ژمارەیەک گۆڤاری

گەلاوێژ. ئیتر چەند هەوڵێکی سەرەتاییم لە بواری شیعردا دەست پێ کرد، بەڵام کە گەیشتمە قۆناغی دواناوەندی لەبیرمە لە پۆلی چوارەمدا یەکەمین شیعرم بە عەرەبی نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

حبيبتي اني اليك لمحتاج
ان سوق جمالك لها رواج
انت التي تنيرين مشاعري
ولتبديد ظلمة قلبي سراج
وانا كالفراش اطوف حولك
و أنت أمامي كالمصباح وهاج
لقد قيل ان الحب جريمة
و ما عقابها الا الزواج

ئەمە سەرەتا دەست پێکردنم بوو بە شیعری عەرەبی. یەکەمین شیعری کوردیم ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری إذاعة بغداد کە ئەمە نموونەیەتی:

گوڵ و گوڵزار، شنەی شەماڵ
زەردەخەنەی جوانی منداڵ
ئاسمانی ساو و دووچاوی کاڵ
هەموو جوانن وەکو بەهار
شادی دڵن دڵی غەمبار
بەڵام سۆزی دایکی نازدار
زیاتر دڵ ئەکا بەختیار

* ئەی یەکەم بابەتی ڕەخنەییت کەی و لە چیدا بڵاوبۆتەوە و دەربارەی چی بوو. ناونیشانەکەی چییە؟

– یەکەم نووسینی ڕەخنەیی ئەدەبیم بە زمانی عەرەبی بوو لە گۆڤاری الثقافة، صلاح خالص ساڵی ١٩٧٣ دەربارەی عەبدوڵڵا پەشێو بوو.

* ئەی وا بزانین شتێکت لە (الأديب العراقي)دا بڵاوکردۆتەوە؟



– ئەوە نووسینی خۆم نەبوو، بەڵکو وەرگێڕانی چیرۆکی (خازێ-ی ئیبراهیم ئەحمەد) لە ١٩٦٧دا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسییان لەگەڵ سازدام و لە گۆڤاری (فكاهة) بڵاو بۆتەوە.

* یەکەم مامۆستا کە کاریگەری لەسەرت هەبووبێت لە بواری ئەدەبدا؟

– یەکەم مامۆستا کە هانی دام بۆ خوێندنەوەی شیعر و ئەزبەرکردنی مامۆستا عەبدولمەجید شێخ نووری بوو کە شیعرەکانی فایەق بێکەسی وەک نابەزین، داری ئازادی، کوردە بەسیەتی و.. تاد پێ ئەزبەر کردین. من یەکەمین قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتاییدا کە هەموو ڕۆژ لە ڕیز دەردەچووم بە دەنگێکی گەرم و گوڕ شیعرم دەخوێندەوە.

یەکەمین پەخشانیش کە لەبەرم کردبێ ساڵی ٩٥٠ بوو لە گەلاوێژدا بڵاوکرابووەوە هێشتا زۆر لە بڕگەکانم لەبیرماوە. ئەویش بە ناوی (ئەوانەی نامرن – ئەبراهام لانکولن. ع. و. نووری).

* یەکەمین کتێبی کوردی و یەکەمین کتێبی عەرەبی کە سەرنجیان ڕاکێشاویت؟

– یەکەمین کتێبی کوردی ساڵی ١٩٥٠ خوێندوومەتەوە بە ناوی (هاوڕێی منداڵی– شاکر فەتاح)، هەروەها یەکەمین کتێبی عەرەبی کتێبێکی جبران خلیل جبران بوو (المواكب).

* چۆن سەیری ڕەخنەی ساڵانی حەفتا دەکەیت؟

زۆربەی ڕەخنەکان خاڵی نەبوون لە کارتێکردنی ئایدیۆلۆژیا زیاتر بایەخیان بە ناوەڕۆک دەدا لەوەی بایەخ بە لایەنی هونەری بدەن. مەگەر جاروبار لەملاولەولا هەندێ ڕەخنەگر توانیبێتیان لە مەسەلەی تەکنیکی شیعر و چیرۆک نزیک ببنەوە.

* ئایا ڕەخنەگرانی ساڵانی حەفتا توانیویانە بەردەوام بن لەو بوارەدا؟

ئەوانەی کە ڕەخنەیان دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون هەندێکیان گۆڕەپانەکەیان چۆڵ کردووە، هەندێکیشیان بەردەوامن، بەڵام دوورن لە ئەدەب و ڕەخنەی نوێ. لەبەرئەوە نەیانتوانیوە خۆیان پێ بگەیەنن و شتی نوێ پێشکەیش بگەن.

* دەتوانن ئاماژە بۆ هەندێ نووسین و ناوی ڕەخنەگر بکەن؟

– بەڵێ هەندێ لەوانەی لەو ساڵانەدا ئامادەبوونیان هەبووە وەکو: فوئاد مەجید میسری فوئاد قەرەداغی کەمال میراودەلی. بۆ نموونە هەندێ لە نووسینەکانی فوئاد قەرەداغی دەربارەی چیرۆکی حوسێن عارف لە نووسینە ڕەخنەییە باشەکان بوو، کە دەکرێ ئاماژەی پێ بدرێت.

* ئەی ئەو نووسینانەی نێوان ڕوانگەییەکان و نووسەرانی دەرەوەی ڕوانگە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– حەز دەکەم بەرلەوەی بێمە سەر ڕوانگە بڵێم ساڵی ١٩٦٧ بوو کە هاوڕێی جوانەمەرگ (لەتیف حامد) کۆ شیعرێکی دەستخەتی پێم. بێ ئەوەی کە ناوی شاعیرەکە بهێنێت و پێی وتم حەز دەکەم بزانم باری سەرنجت بەرانبەر ئەم کۆمەڵە شیعرە چییە. کە خوێندمەوە هەستم کرد شاعیرێکی نوێ دوای (گۆران) لە دایک بووە. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو شاعیرە (لەتیف هەڵمەت)ە. لە دایکبوونی ڕوانگەش دوای دەرچوونی بەیانەکەی (فاضل العزاوي و سامي مهدي و خالد علي مصطفى و فوزي کریم)ە. هەرچەند گرووپی ڕوانگە نکوڵی لەوە دەکەن، بەڵام ئەوانە هەر هەموویان لەو کاتەدا لە ژێر یەک خێوەتدا بوون. جاری واهەبوو قسە و بۆچوونی دانیشتنی سەر مێز دەبوو بە شیعر. چەند کەسێک هەمان بیروبۆچوونی یەکتریان بڵاو دەکردەوە، بەڵام ناشکرێ نکووڵی لەوە بکەین جۆرە بزاڤێکیان خوڵقاند لە ڕووی داڕشتنی ئەدەبییەوە.

لەبەرئەوەی ئەوانەی خاوەنی فیکر و هزری پێشکەوتن خواز بوون ڕووبەڕووی ئەو گرووپە بوونەوە چونکە ئەوانیش وەکو تەوژمی مستقبلیەکانی ڕوس ڕووبەڕووی پووشکین و شاعیران و نووسەرانی داهێنەر بوونەوە کە خۆیان نوێنەری سەردەمن. نالی و شاعیرانی تری کلاسیکیان ڕەت دەکردەوە و بە دواکەوتوویان لە قەڵەم دەدان. دوایی هەر خۆیشیان لە هەڵوێستەکانیان پاشگەز بوونەوە و جارێکی تر گەڕانەوە سەر داننان بە داهێنانی شاعیرە کلاسیکییەکاندا و تەنانەت (فەرهاد شاکەلی) لە کاتی خۆیدا دەمەقاڵێکی بە نووسین لەگەڵ مندا بەرپاکرد کە من شاعیرانی دەستەی ڕوانگەم لەو ئاستەدا سەیر نەدەکرد بەپێی چوارچێوەی مێژوویی کە لە گۆرانیان تێپەڕ کردبێت کەچی کاتێ ئەو کۆ شیعرێکی بە ناوی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی)



بڵاوکردەوە تێیدا نووسیبووی گوایە لە گۆرانی تێپەڕ کردووە، کەچی هەر خۆیشی کە چووە سوید و فێری سویدی بوو شیعرەکانی گۆرانی کرد بە سویدی. (عەبدوڵڵا پەشێو)یش نووسیبووی من واز لە شیعر دەهێنم ئەگەر بەخۆم ڕانەپەرمووم کە لە گۆرانم تێپەڕنە کردبێت.

* وەکو دەزانین فەرهاد شاکەلی لە دەرەوەی ڕوانگە بوو. خۆیشی گوتوویەتی ئەو لە دەرەوەی ڕوانگە بووە ئەمە چۆنە؟

–هەندێک لەو نووسەرانە وەک بڵێی شەپۆلی نوێخوازی ڕایماڵین کەچی لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن لە ڕەوتەکەدا بەردەوام بن. هیوایش هەیە لە گۆڤاری ڕوانگەدا کە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە بە ڕوانگەیی ناو دەبرا. فەرهادیش هەرچەندە شاعیرێکی داهێنەرنە بوو، بەڵام بەوە ناسرا کە ڕوانگەییە.

* لێرەدا سەرنجێک هەیە. لە ڕاستیدا فەرهاد شاکەلی لە چاوپێکەوتنێکدا لە (ئەنتۆلۆژیا) دەڵێت من دەفتەری شیعرەکانم لای شاعیری کۆچکردوو (جەلالی میرزا کەریم) بوو. ئەو بەبێ پرسی من دوو شیعری لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕوانگەدا بڵاو کردبووەوە؟

– مادەم لێرەدا کە ناوی (جەلالی میرزا کەریم) هات ئەو کاتە شاعیرەکانی گرووپی ڕوانگە وەک ڕابەر و مامۆستایەک سەیری ئەویان دەکرد. بەرلەوەی کە شیعر بڵاوبکەنەوە پیشانی ئەویان دەدا. لە هەمووانیش زیاتر توانی ئیقاعی شیعری کوردی بگۆڕێت هەرچەندە بەداخەوە ئەو شاعیرە ڕابەر و گەورەیە پشت گوێ خراوە و من نەبێت چەند جارێک لەسەرم نووسیوە ڕەخنەی کوردی لای لێ نەکردۆتەوە.

* ئەوەی دەربارەی (عەبدوڵڵا پەشێو) نووسیت چ جۆرێ بوو؟

– ئەوەی دەربارەی عەبدوڵڵا پەشێو نووسیم لایەنی سیاسی هەبوو کە گاڵتەی بەڕەوتی تێکۆشان دەکرد هەر ئەویش ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی نزار قەبانی بوو. لایەنی دووەم کە منی وروژاند ئەو بە گژداچوونە توندە بوو کە گوایە ئەو لە سنووری گۆرانی تێپەڕاندووە. کەچی کۆمەڵێک شیعری لەملاو لەولا وەرگرتووە بۆ نموونە لە نزار و نازم حیکمەت و شاعیری یۆنان (لاوس لاورس) وەرگرتبوو کە بەزەقی لە شیعرەکانیدا دیاربوون منیش دەقی بەرچاوی ئەو شاعیرانەم هێنانەوە و لەگەڵ

شیعرەکانی بەراوردم کردن، چونکە بەڕاستی (عەبدوڵڵا پەشێو) هەر چەندە شاعیرێکی ناسک بوو، بەڵام لەپڕ ئەو بازدانەیم لە (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)دا هاتە بەرچاو لام دیاردەیەکی سروشتی نەبوو، چونکە لەپڕ بوو بە شاعیرێکی کوردی ئاستی نزار قەبانی.

* ئایا ڕەخنەی کوردی لە کەیەوە و کێ دەستی پێ کردووە. ئەکادیمییەکان ڕایان وایە لە سالانی بیستەوە دەستی پێ کردووە لەو وتارەی بە ناوی سیاپۆشەوە نووسراوە. هەندێکی تر ڕەفیق حیلمی و دوای ئەویش عەلائەدین سەجادی بە ڕابەر دادەنێن. ئێوە لەم ڕوانگەوە چی دەڵێن؟

– وشەی ڕەخنە هەر لە سەردەمی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانییەوە لە شیعرەکانیاندا هاتووە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بۆم دەرکەوت حاجی قادری کۆیی یەکەمین کەسە کە لە ڕەخنە گەیشتبێ لە سەردەمی خۆی، یان کە ڕەخنە لە بنچینەوە لە (نقد) واتە (دراو) وەرگیراوە. حاجی شیعرەکانی خۆی وا دەخاتە بەرچاو کە هەموو کەس ناتوانێ پەی پێ ببات، لەبەرئەوە شیعرەکانی ناو ناوە (نقد) ڕەخنەگریش بە (صراف)، هەروەها چەمکی ڕەخنەی ئەدەبیش هەر لە زەمانی یۆنانییەکانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە جیاکردنەوەی دراوی زیو و زێڕی قەڵب و ڕەسەنە. ئەوجا تۆ دەتوانیت حوکمی بەسەردا بدەیت. هەندێک دەڵێن ڕەخنە بە شێوەیەکی زانستی، هەرچەندە سەرەتایش بووە لە نووسینەکانی (سیاپۆش) وە دەست پێ دەکات، دوایی ئاماژە بۆ (فایەق بێکەس) دەکرێت کە ئەو شیعرانەی بۆ گەلاوێژ دەهاتن دەخرانە بەر دەستی ئەو و هەڵیدەسەنگاندن و دوای پەسەندکردن بلاوی دەکردنەوە، هەندێ نموونەی ڕەت دەکردەوە و بەوەش تووشی سەرئێشە دەهات و زۆر بە توندوتیژی وەڵامی دەدانەوە. ناکرێت ئاماژەش بۆ ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی ئەمین فەیزی (١٩١٩) نەکەین کە زۆر زیرەکانە باس لە شیعر دەکات کە بەهرە و لێ زانینە بە تایبەتی کە ئاماژە بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکات کەچی ڕەخنەگرێکی میسری وەک دکتۆر شەوقی ضیف دوای شەستەکان ئەو بۆچوونەی بەرامبەر شاعیرێکی وەکو امرؤالقیس هەیە.



ئیتر نووسینەکانی (ڕەفیق حیلمی) لە بەرگی یەکەم و دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا هەنگاوێکی ترە بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لە بەرگی دووەمدا هەست دەکەین بە باکگراوندێکی دەوڵەمەند و بەجۆرە پرۆگرامێک شیعر هەڵدەسەنگێنێ. ئەگەر لەم بوارەدا زیاتر کاری بکردایە پەنجەی زیاتر لەسەر نەخشەی ڕەخنەی کوردی دیارتر و بەهادارتر دەبوو.

* ئەی وا نابینی کە ڕەخنە لە حەفتاکاندا دوور بووە لە پەیڕەو و پرۆگرام، زیاتر باری سەرنج بووە.؟

– ڕاستە زۆربەی ڕەخنەکانی ئەو سەردەمە باری سەرنج بوون بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا کاریان دەکرد. نووسینەکانیان پەلەکردنی پێوە دیارە و میتۆدیان نییە، هەروەها بلاوکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر بۆ گۆڤار دەشێت نەک ڕۆژنامە لەبەرئەوە ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد بە دەگمەن لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز و قووڵیان بلاوکردۆتەوە.

* چ ڕەخنەگرێک، یان چ تەوژمێکی ڕەخنەیی ئەورووپی، یان عەرەبی لە سەرەتادا سوودی پێگەیاندوون؟

– لە سەرەتاوە زیاتر نووسینەکانی دکتۆر علی جواد الطاهر بوو. پاشان یەکەمین کتێب کە کاری لێ کردم، ئاسۆی ڕەخنەی فراونتر کردم. کتێبەکەی دکتۆر شەوقی ضیف بوو بە ناوی (الشعر ومذاهبه) لە دواییدا بەرهەمەکانی فاضل ثامر، لە دەرەوە، بەرهەمەکانی نووسەرانی میسر د. محمد مندور و عزالدین اسماعیل و کمال ئەبو دیب... تاد. لە ئەوروپییەکانی تریش ئەی. ئای. ڕیچاردز.

*بۆچوونت دەربارەی ڕەخنەی ئەکادیمی چییە. ئایا لایەنە نەرێییەکانی ئەو لەوەدان کە زیاتر پەل بۆ دەرەوەی دەق دەهاوێ؟

– ئەو شێوازەی ڕەخنەی ئەکادیمی کە بەناو ئەکادیمییە جۆرە کۆت و پێوەندێکە ئەو ئازادییەی کە ڕەخنەگر وەک مافێک بە خۆی دەدات تا ڕادەیەک سنووری بۆ دەکێشرێ، تەنانەت لە نامەی ماستەر و دکتۆراشدا ئەو مەرجانەی کە بەسەر نووسەری نامەکەدا دەسەپێنرێن زۆر شت لە کرۆکی بابەتەکە دە شێوێنن کە دەکرێت خاوەن نامەکە پێوەندیدار نەبێت بەو مەرجانەوە، لەبەرئەوە دەبینین زۆربەی تێزەکان

پرکراوەن لەلک و پۆپ و زیادە، زیاتر نزیکن لە ڕاپۆرت نەک لێکۆڵینەوەی زانستی و هەندێ لەوانە ڕەنگە نەتوانن بابەتێکی دڕشتن داڕێژن لە هەمان کاتدا بڕوانامەی ماستەر، یان دکتۆرایان پێ ڕەوا دەبینرێ ئیشەکانیان تەناتەت کۆکردنەوەی زانیارییە لەم سەرچاوە و ئەو سەرچاوە بێ ئەوەی خاوەنی بیروڕاو بۆچوونی خۆیان بن. ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە پابەندبوونی نووسەری تێزەکە بەڕێنوماییەکانی مامۆستای سەرپەرشتکار ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێت لە پەل و پۆی دەخات لەبەرئەوە من وەکو ڕەخنەگرێک کە زۆرجار ئامادەی وتووێژەکانی زانکۆی بەغدا و زانکۆی سەلاحەدین بووم کەسانێک کە دوورن لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری بەداخەوە لە ڕێگەی بڕوانامەکانیانەوە دەخرێنە ناو زانکۆ لەو ئاستەدانین بتوانن شتێ بەشتێ بکەن. زیاتر بڕەوبەو مەڵبەندە بدەن کە سەرچاوەی باڵای ڕۆشنبیری و زانستە.

* گۆران شاعیرێکی داهێنەرە کاریگەری بەسەر نەوەکانەوە هەبووە. حەفتاکان چییان لە (گۆران) وەرگرتووە، لەکوێدا بە جێیان هێشتووە؟

– ئاشکرایە کە گۆران یەکەمین شاعیرە کە کاری کردۆتە سەر شیعری نوێی کوردی. کەم شاعیرانی شەستەکان و دوای شەستەکان بەرچاو دەکەون کە لە سەرچاوەکەی گۆران ئاویان نەخواردبێتەوە. هەندێکیان هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە مانەوە، هەندێکی تریشیان هەنگاویان بەرەو پێشەوە نا. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەچمکی تێپەڕاندن بکەم. هەڵبەت ئاشکرایە کە شاعیرانی دوای گۆران سنووری گۆرانیان بڕی، بەڵام بەپێی چوارچێوەی مێژوویی ناکرێ بڵێین کە تەجاوزیان کردووە و جێ پەنجەیان لەسەر شیعری کوردی بەقەد قەبارەی گۆران دیارە. ئەمەش وا ناگەیەنێت کە تێپەڕکردن نییە چونکە ئێمە ئەگەر ئەو ڕایەمان هەبێت مانای ئەوەیە حوکم لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوون دەدەین، کە وەستاوە. دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی دابڕاینی مەعریفی کە هەندێ کەس وا دەزانن بوونی ئێستا، یان وەکو دومەلانێکە لەخۆیەوە هەڵتۆقیوە بێ ئەوەی حساب بۆ ڕابردوو ڕۆڵی، یان نەوەکانی پێش خۆیان بکەن.

لەو ڕوانگەیەوە من لەو بڕوایەدام شیعری ئەمڕۆ مۆرکی سەردەمی خۆیی و ئایندەی میللەتەکەمان بەخۆوە دەگرێت بە تایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی کە



ڕابردوو بە ئێستاوە دەبەستنەوە و ئێستاش بە دواڕۆژەوە، کە بەڕاستی شاعیری ڕەسەنن و زەمینەیەکی لەباریان بۆ خۆیان ڕەخساندووە کە دەتوانم بڵێم ناهەژێن و لە جێگای خۆیان وەک کێوی تونودپتەو خۆیان ڕاگرتووە.

* کێن کە دەتوانن بڵێین گۆرانیان تێپەڕکردووە؟

– بەکاریگەری گۆڕانکاری ژیان و بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوتی مێژوو، خەموپەژارە و خەموخولیای شاعیری ئەمڕۆ ناکرێن لە قاڵبە مەیبوەکەی پێشوودا بمێنێتەوە بۆیە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە خێراکانی ژیاندا ڕێگا دەکەن. شتی تازەش دێننە بەرهەم بۆیە چەند شاعیرێک هەن کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژەیان بۆ بکەین لەوانەش: لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، سەباح ڕەنجدەر، قوبادی جەلی زادە، کەریم دەشتی، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر قادر محەمەد، ئەحمەدی مەلا، نەوزاد ڕەفعەت جەلال بەرزنجی، دڵشاد عدوڵڵا... تاد.

* شاعیرانی حەفتا و هەشتا بە بەردەوامی حاڵەتی زنجیرەیی دەبینی لە فەزای نوێگەریدا، یان ئەمان جیاوازن لە گۆران. واتە ئایا دەتوانین لەم بوارەدا نەوەیەک جیا بکەینەوە؟

– دەتوانین ئەم چەند نەوەیە وەک زنجیرێکی زێڕین لە شیعری کوردیدا بە چاوی بایەخەوە سەیر بکەین کە بەڕاستی شاعیرانی لێهاتوو ڕەسەنن، هەر نەوەیەک بەپێی توانا و کارامەیی و وزەی شیعری لەم بوارەدا خشتێکی لەسەر دیواری تەلاری شیعری کوردی داناوە. هەرچەندە هەر نەوەیەش ناکرێ لە ڕووی قەبارەی کارتێکردنی لەسەر سەردەمی خۆی بەیەک چاو سەیر بکرێت. جۆرە جیاوازییەک هەیە لە نێوانیاندا لە ڕووی وزەی شیعرییەوە. دەتوانین ئەوانە دابنێین بە تەواوکەری قۆناغی سەردەمی گۆران، بەڵام هەروەک گوتم هەمووویان لەیەک ئاستدا نین هەندێکیان خاوەنی خودی ئەزموونی خۆیان نین و هەندێک لەوانە بەقەد ئەوەی کارتێکردنی شاعیرانی غەیرە کوردیان. چ لە ڕووی فیکرەوە چ لە ڕووی داڕشتنەوە پێوە دیارە.

* شاعیرانی سەردەمی گۆران و دەوروبەری چ ڕۆڵێکیان لە پێشەنگیدا بووە؟

– گۆران وەکو خۆی وتوویەتی کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی (شعرای فەجری ئاتی) واتە شاعیرانی عوسمانی وەکو تۆفیق فیکرەت و ئەوانی تر. ئەم نوێکردنەوە بەکارتێکردتی دەرەوە بووە کە گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح و رەشید نەجیب و ئەورەحمان بەگی نفوس ڕێچکەکەیان شکاند. لە پێشەوەیاندا گۆران کە بوو بە دیاردە و ڕابەری ئەو ڕێبازە، هەرچەندە لە سەرەتادا کارتێکردنی بەسەر شاعیرانی ترەوە ئەوەندە بەزەقی دیار نەبوو وەکو هەر دیاردەیەکی نوێ، بەڵام لە ئەنجامدا بەرە بەرە ڕێچکەکە فراوانتر بوو، شاعیرانی تری بەخۆوە گرت وەکو: بەختیار زێوەر، دڵزار، کامەران، کاکەی فەللاح، هەردی، دیلان، ع. ح. ب. لەناو ئەوانەدا گۆران بە مامۆستا و ڕابەر دەناسرا و زیاتر کاریگەری هەبوو لەسەر نوێکردنەوە و نوێخوازی. ئەوانی تریش هەندێکیان هەرچەندە لە قەبارەی خۆیان زیاتر نرخیان دانێ بۆ نموونە: (کامەران موکری) نەبوو بەو شاعیرەی کە ویسترا ڕاگەیاندن بیکات بەو شاعیرە گەورە و ئەلتەرناتیڤی گۆران.

* لەچ دەقێکی ڕەخنەییەوە چوارچێوە ڕەخنەییەکانی حەفتاکانیان بەجێ هێشتووە؟

– دەتوانم بڵێم ئەو نووسینانەی دوای ڕاپەڕین بڵاوم کردوونەتەوە هەموویان سنوور بەزاندنی نووسینەکانی سالآنی حەفتامن. چونکە من ئێستا بە تێڕوانینێکی نوێوە دەنووسم و سوود لە هەموو ڕێبازەکانی ڕەخنەسازی وەردەگرم، بەقەد ئەوەی کە خزمەتی نووسینەکانم دەکەن، نەک پابەند بم بە ڕێبازێک، یان فەلسەفەیەکی تایبەتی. بەلاشمەوە هەر ئەم جۆرە ڕێبازە خزمەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیمان دەکات، چونکە ڕێبازێک نەما وەکو پێشوو بە شێوەیەکی ڕەها مامەڵەی لەگەڵ بکەین، مادەمەکی ژیان لە گۆڕاندایە هرز و بۆچوونیش دەبێ لەگەڵ ڕەوتی ژیان هەنگاو بنێت، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی شیعری کەلکێشی (سەباح ڕەنجدەر)م نووسی نموونەی بەرچاوی بۆ چوونەکەمە.

* بنیادگەری چی بە ڕەخنەی کوردی بەخشیوە، ئایا ئەم ڕێبازانە (بونیادگەری و پاش بونیادگەری و دیاردەگەری) هاتوونەتە ناو ئێمەوە، یان زۆرمان ماوە لێیان تێ بگەین؟



– بونیادگەری ڕێبازێکی تازە نییە کە هاتبێتە ناو ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ڕەگێکی مێژوویی دێرینی هەیە، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تاکو ئێستا. ئەمەی کە ئەمڕۆ هەندێ بە ناوی بنیادگەرییەوە دەقەکان شی دەکەنەوە زۆریان لە بنەماکانی بنیادگەری نەگەیشتوون بۆ نموونە: ڕۆلان پارت بنیادگەری ڕەت کردەوە، پەنای بردە بەر لەزەتی دەق. بنیاتگەری تەنیا ئەوە نییە کە ڕەخنەگر پەنا دەباتە بەر ئەو دەقەی کە لە هەندێ شوێندا (هاودژ) بەخۆوە دەگرێ بەڵکو ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە کە کاری ئەرکێولۆژیانەی (هەڵکۆڵین) پیادە بکات لە پشت دەقەکەوە دەقێکی تر بخوێنێتەوە بە مەرجێ خاوەن دەقەکە لە خودی دەقەکە نەترازێنێ و دەقەکە نەکات بە ملکی خۆی. دەشکرێت هەر شتێک کە لایەنی ئەفراندنی تێدا بێت، ڕەخنەگر شانی بداتە بەر و بیخاتە بەر ڕووناکی باری ورد و سەرنجی قووڵەوە، هەروەها هیچ مەرج نییە ڕەخنەگرێک ئەگەر بە شێوازێکی بنیادگەریانە لە دەقەکە نەکۆڵیتەوە ڕەت بکرێتەوە، گرینگ لێرەدا جۆری داهێنانی دەقەکەیە کە لە ڕەخنە ئەدەبییەکەدا ڕەنگ بداتەوە، دەتوانم لێرەدا ڕەخنەیەکی لێکدانەوە لە دێڕە شیعرێکی (أبو نواس)دا وەک نموونەیەکی داهێنەرانە بهێنمەوە کە (أبو نواس) دەڵێت:

الا فاسقني خمراً وقل لی هي الخمر
ولا تسقني سراً ان امکن الجهر

ئەمە لە کاتێکدا تەنیا أبو نواس بۆ ئەوە چووە ئەگەر بکرێ مەیەکەی بە ئاشکرا بداتێ پێویست ناکات کە بە نهێنێ بێت لە کاتێکدا یەکێکی تر دێت وەک ڕەخنەگرێک دەڵێت مەبەستی أبو نواس بەشداریکردنی هەر پێنج هەستەکانە، کە چێژ لە نوشینی مەیەکە وەربگرێت.

لێرە ناکرێت ئێمە بە تەواوەتی ڕێبازی بنیادگەری چ بە شێوەیەکی ڕەها قبوولکەین بێت، یان ڕەتی بکەینەوە، بەڵکو دەبێ زیرەکانە و وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بەقەد ئەوەی خزمەتی ڕەوتی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیمان دەکات سوودی لێ وەربگرین. بە داخەوەش ئێمە زۆرجار هەندێ شت لای خۆمان دەورووژێنین پێمان شتێکی زۆر تازەیە لە کاتێکدا دەمێکە لە ئەورووپا پووکاوەتەوە.

* نوێگەری کوردی لە هەشتاکاندا دەوڵەمەندتر بووە لە حەفتاکان، ئایا

چۆن لەوە دەڕوانن؟

– شتێکی ئاشکرایە کە ئێش و ژانی میللەتی کورد بە گشتی و شاعیرانی بە تایبەتی لە حەفتاکان زیاتر بوو جگە لە فراوانبوونی مەودای خۆ ڕۆشنبیرکردن، دەتوانم بڵێم ئەمەهۆکاری سەرەکی دەوڵەمەندبوونی شیعری ساڵانی هەشتاکان بوو.

ڕۆشنبیربوونیش بەهۆی زۆربوونی کتێب و چاپەمەنی و ئاسانی گواستنەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کە درێژبوونەوەی دوای ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ بوو. ئەم هۆکارانە کارێکی گەورەیان کردە سەر شیعری نوێ و شاعیرانی هەشتاکان، کە زیاتر بە ناخی گیروگرفتەکانی میللەتەکەمان شۆڕببینەوە و کاری داهێنەرانە بخوڵقێنین. دەتوانین بڵێین ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکان درێژبوونەوەی ئەزموونی حەفتاکانە وەکو تەواوکەری یەکتر.

* مادام باس هاتە سەر باسی شاعیرانی هەشتاکان، پێمان باشە بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی شەستەکان، بۆ نموونە لەلای عەرەب شەستەکان بە دەیەییەکی پڕ پیت و گەرموگوڕی داهێنان دادەنرێت نموونە: ئەگەر سەیری شاعیرانی ساڵانی شەستی عیراقی وەکو فازیل عەزاوی و هاوەڵەکانی بکەین، هەروەها لە شەستەکاندا لە میسر و سووریا و تەنانەت لە ئەدەبی ئەوروپاشدا زۆر گۆڕانکاری گرینگ و گەورە روویان داوە، کەچی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا ساڵانی شەستەکانی نەک بەرەو پێشەوەچوون نەبوو، بەڵکو کشانەوەیەکی لەبەرچاو دەبینرێت. بۆچی ئەمە وایە؟

– دەتوانم ئەو سەردەمە بە سەردەمی تاریک لە قەڵەم بدەم. (گۆران)ی لێ بترازێ شاعیرێک، یان چیرۆکنووسێکی وا لەم بوارەدا نادۆزیتەوە کە ڕوخساری داهێنانی پێوە دیار بێت، بەلای منیشەوە ئەم دیاردەیە بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کوردی دەگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی شاعیران و نووسەرانی عەرەبەوە کە بۆ خوێندنەوە لە دایک بووبوون و خوێندنەوەیان کردبوو بە پیشە و قسەیەکی ئەتەمیش هەیە (خوێندنەوە کلیلی کەسایەتییە) نموونەشمان لەم ڕووەوە هێجگار زۆرە. شاعیرێکی وەک (ئیلیەت) ئەگەر هەزمی سامانی کولتووری مرۆڤایەتی نەکردبایە نەیدەتوانی



شاکارێکی وەکو (وێرانەخاک) بەرهەم بهێنێت. یان فازیل عەزاوی نەیدەتوانی ڕۆمانی (القلعة الخامسة) و (مخلوقات فاضل العزاوي الجميلة) بەرهەم بهێنێت. ئەمەو جگە لە بارودۆخە سیاسییەکە هەواو کەشێکی ناسەقامگیری بەخۆوە گرتبوو.

* سستی ڕەخنەی دروستی کوردی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– دوو هۆکاری بنچینەیی لەم بوارەدا دەور دەبینن: یەکەمیان: سەرقاڵبوونی ڕەخنەگر بە کاری ڕۆژانەوە هەڵپەکردنی بە دوای ژیاندا کە ئەوەندە ناپەرژێتە سەر خۆ خەریککردن و خۆ تەرخانکردن بۆ کاری ڕەخنەیی. دووەمیان: نەبوونی ڕادەیەکی بەرز لە ڕۆشنبیری کە زەمینەی لەبار بۆ ڕەخنەگر دەرەخسێنێت. ئێستا هەندێک لەو ڕەخنەگرە لاوانەی کە دەستیان داوەتە قەڵەم ئەوەندە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و زمان ناسییان لە هەگبەدا نییە بە حوکمی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆریان چ زمانی عەرەبی، یان هەر زمانێکی تری زیندوو بە چاکی نازانن بەڕاستی و دروستی شان بدەنە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕەخنە، بۆیە دەبینین زۆر کەس لەوانەی خۆیان لە قەرەی ڕەخنە دەدەن نووسینەکانیان کرچ و کاڵە و نیشانە ناپێکێت.

* چۆن هەوڵبدرێت بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی کورد). بەلاتانەوە وا باشە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بێت، یان یەکەیەکی سەر بە یەکێتی نووسەران؟

– بەلای منەوە لام پەسەندترە کە کۆمەڵێکی سەربەخۆ بێت، چونکە هیچ مەرج نییە لە چوارچێوەی یەکێتی نووسەران، یان هەر ڕێکخراوەیەکی تر، ڕەخنە لە دایک بێت هێندەی ئەوەی کە پشت بە خودی ڕۆشنبیری و کارامەیی ڕەخنەگر دەبەستێت. بۆیە دەکرێ ئەو کەسانە کە بەڕاستی ڕەخنەگرن و جێ پەنجەیان لەسەر نەخشەی ڕەخنەی ئەدەبیدا دیارە (کۆمەڵێک) لەو بابەتە دروست بکەن و بە حوکمی نێزیک بوونەوەیان لێکتر و وتوێژی بەردەوام دەتوانن تا ڕادەیەک کەلەبەرانەی کە لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدی دەکرێت چارەسەر بکەن و تەکانێک بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بدەن. دەشکرێ گۆڤارێک هەر بە ناوی ڕەخنەوە، یان ڕەخنەگرەوە دەربکرێت.

* وەکو ڕەخنەگرێک کە لەگەڵ چەند نەوەیەکدا بەردەوامیتان هەبوو. ئایا چۆن لە دیاردەیەکی وەکو هەندێ لە هەشتاکانی هەولێر دەڕوانن.

لەوانەش شاعیرانی وەکو: ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، عەباس عەبدوڵڵا یووسف؟

– دەکرێ ئەم دیاردەیە لە چەند لایەنێکەوە هەڵبسەنگێنین. کە لە کاتی خۆی پێیان دەگوترا شاعیری (پێشڕە – تەلیعی) هەندێ لەوانە کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی (خزعل ماجدی) و پێوەندییەکی قووڵیان لەگەڵیدا هەبوو، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە خەم و پەژارە و ئێش و ئازاری تایبەتی خۆیان هەبوو، کە بە شێوازی خۆیان دەریان دەبڕی جگە لەوەی هەندێ لەوانە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە جۆرە زمانێک دروست بکەن کە بەلای منەوە وەک بنچینەیەکی زانستی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک کارێکی تاکە کەسی. لەبەرئەوە جۆرە ئیشکالێتێکیان لە زماندا دروست کرد. ئەویش بەکارهێنانی هەندێ وشەی ناوچەیی بەکارهێنانی لە بواری زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا ڕەت دەکرێتەوە. نموونە: بەکارهێنانی (خۆر) بە مانای (خۆڵ و ڕۆژ)، لە کاتێکدا خۆر بە مانای ڕۆژ دێت. جگە لە وشەی تر کە ئەمانە لە ڕاستیدا دەبنە شێواندنی زمان نەک دەوڵەمەندکردنی، هەروەها داڕشتنی ڕستە و بنەماکانی ڕێزمان بەو شێوەی کە دەیانویست دەبوایە گۆڕانکاری لە زماندا نەکەن چەندێک لەوانە پاش ماوەیەک بە خۆیاندا چوونەوە لە نێویاندا: (سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا) ئەمە لە کاتێکدا هەر لەو سەردەمەشدا شتی تازەیان پێ بوو. دەکرێ هەڵوێستەیەک لەسەر بەرهەمەکانیان بکرێ و هەشە لەوانە زیاتر هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێ و ئەزموونە شیعرییەکەی زیاتر قووڵتر دەکاتەوە کە ئەوانە ئێستا دەتوانم پێیان بڵێم شاعیرە نوێگەریخوازەکان کە بەڕاستی لە بواری شێوازی دەستنیشانکردن و هەڵگێڕانەوە و تەنانەت بەکارهێنانی واقیعی سیحری گرەوی خۆیان بردۆتەوە.

دەکرێ بە تێڕوانینێکی ئەمڕۆ نەک تێڕوانینی سەردەمی هەشتاکان لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانیان بکرێ و لەو شیعرانە جیا بکرێنەوە کە لاوازن. لە کاتێکدا کە شیعریان تێدایە بە زمانی سفت و سۆڵ و ڕۆحیەتێکی تازە داڕێژراون، چونکە ئەو شاعیرانە نموونە وەک: (هاشم سەراج، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، ، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی)، شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە و دەخرێنە خانەی شاعیرە نوێگەریخوازەکان.



* لە کەیەوە ئاشنایەتیتان لەگەڵ نووسەرانی عەرەبدا پەیدا کردووە و کامانەن ئەو نووسەرانەی کە پێوەندی بەهێزتان لەگەڵیان هەبووە؟

– پێوەندیم لەگەڵ نووسەرانی عەرەبدا زیاتر بۆ ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە کە چووم بۆ کۆلێژی پەروەردە بەشی عەرەبی کە ژمارەیەک لە شاعیران و چیرۆکنووسانی عەرەب لە کۆلێژەکە لەگەڵمدا بوون لەوانەش فازیل عەزاوی، عبداللطیف، د. صلاح نیازی، لە دواییدا جەواهیریم لە دەرەوەی زانکۆ ناسی، هەروەها فازل ثامر و یاسین نصر و فوزی کەریم و هاشم شەفیق وعامر بەدر حەسوون و روشدی عامل و حەمید سەعید و یاسین تەها حافظ و محمد خضیر و جلیل قیسي.

* چۆن دەڕوانیتە چیرۆکی کوردی بە تایبەتی لاوەکان؟

– من زیاتر هەر لە کۆنەوە بە چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح، حوسێن عارف، محەمەد مەولوود مەم، ڕەوف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن، کاکە مەم بۆتانی، مستەفا ساڵح کەریم، موحەڕەم محەمەد ئەمین، لەتیف حامد، عەبدوڵڵا سەراج، ڕەوف حەسەن... تاد) ئاشنابووم لە دواییدا چیرۆکەکانی محەمەد موکری، ئەحلام مەنسوو ر و محەمەد ڕەشید فەتاح و شێرزاد حەسەن و جەلیل کاکە وەیس و ئەحمەد محمد ئیسماعیل. بەپێی تواناش بە کوردی و عەرەبی شتم دەربارەیان نووسیون و هەندێکیشیم لێ وەرگێڕاون بۆ عەرەبی، بەڵام یەکەمین چیرۆک کە کاری تێ کردم چیرۆکی (چای شیرین) بوو کە لە گۆڤاری شەفەق دا بڵاوکرابووەوە و پاداشتی یەکەمی وەرگرتبوو. ئێستا زۆرجار ماڵەوە پێم دەڵێ لەو تەمەنە چای شیرین بۆ تۆ زۆر خراپە، بەڵام ئەو تێ ناگات کە چای شیرین چ دال و مەدلوولێکی هەیە، دواتر چیرۆکی (شەبەق) بوو کە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی ترا کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بڵاوی کردەوە. ئەم چیرۆکە لای من زۆر بەهێزتر بوو لە (چای شیرین) کە کۆتاییەکەیم بە چرکەی تەقاندنەوە لە قەڵەم دا کە شتێکی گرینگ لا ورووژاندم. چیرۆکیش ئەگەر حاڵەتی وروژاندنی تێدا نەبێت و شتێکت لەلا دروست نەکات ئەوە هەر گێڕانەوەیە و زیاتر نییە. بەداخەوە لە چیرۆکی لاوەکانماندا بە دەگمەن ئەو حاڵەتە هەستی پێ دەکرێت، زۆربەیان دوورن لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی چیرۆک. مەگەر تاک و تەرا هەبێت لەناویدا دوارۆژێکی باش چاوەڕوانیان بێت

وەکو ( کاروان عومەر کاکە سوور و جەبار جەمال غەریب) کە زمانێکی زۆر سفت و سۆڵ و ڕۆمانسییانەیان هەیە، هەروەها (عەتا محەمەد و فاروق هۆمەر و ئاکۆ کەریم مەعرووف) کە ئەمانەش سەرەتایەکی باشیان هەیە. ئەگەر زیاتر خۆیان بە خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردنەوە خەریک بکەن ئەوا دەشێ ببنە خاوەنی دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆیان.

* ئەگەر خەڵاتێکی ڕەخنەیی هەبێت پێشنیار دەکەیت بە ناوی کێوە بێت؟

– ئەمین فەیزی

* بۆچوونت بەرانبەر ئەم ڕەخنەگرانە چییە؟

١– فاضل ثامر:

– دەتوانم بڵێم یەکەمین کەسە کە سوودم لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێ کردوون.

٢– یاسین النصیر:

– یەکێکە لەو نووسەرانەی لە جوانناسی شوێن تێ دەگات و مافی خۆی داوەتێ. جگە لە باری سەرنجی وردی دەربارەی شانۆ.

٣– جابر عصفور:

– یەکێکە لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی عەرەب و ڕێبازی بونیادگەری زۆر چاک تێ دەگات. کتێبی البنيوية ئەو وەریگێڕاوە زۆر سوودم لێ وەرگرتووە.

٤– یمنی السعید:

– بەرهەمەکانی زیاتر چاویان کردمەوە تا لە بواری ڕەخنەدا شارەزایی زیاتر پەیدا بکەم.

٥– عبدالملك مرتاض:

– بەرهەمەکانیم خوێندۆتەوە، بەڵام زۆریش ماندووت دەکەن و سوودێکی وام لێ وەرنەگرتووە.

٦– حاتم الصكر:

– یەکێکە لە برادەرەکانم، لە بواری ڕەخنەدا ڕۆڵێکی باشی هەیە و نوێخوازە.



٧– عبداللّٰه إبراهيم:

– شتێکی ئەوتۆیم نەخوێندۆتەوە.

٨– محمد الجزائري:

لە سەرەتادا شتێک بوو نووسینەکانیم بەلاوە زۆر باش بوو، بەڵام بەداخەوە کە چووە پاڵ دەسەڵاتی رژێم ئەو هێز و پێزەیان نەما بە پێچەوانەی کتێبە زلەکەیەوە (ويكون التجاوز).

٩– عەزەدین مستەفا ڕەسووڵ:

– لە سەرەتادا کە کتێبەکەی خۆی (الواقعية في الأدب الكردي) کە لە ١٩٦٤دا پێ بەخشیم بەلامەوە سەرکەوتن و کرانەوەیەکی نوێ بوو لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا. دوای ئەمیش کتێبەکەی دەربارەی خانی زۆرکاری تێکردم (خاني شاعراً و مفكراً و فيلسوفاً) کە ڕۆژی گفتوگۆ کردن دەربارەی بە ڕۆژی کوردستان لە قەڵەم درا.

١٠– کەمال میراودەلی:

– بە چمکێکی پێشکەوتن خوازانەی بابەتییانە و وردبینانە بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگاندن بە تایبەتی ئەوانەی دەربارەی گۆرانی نووسیبوون، بەڵام ئێستا ئەو دەنگ و سەدایەی نەماوە.

١١– فوئاد قەرەداخی:

– یەکێک بوو لەو ڕەخنەگرانەی کە بە ڕۆشنبیرییەکی فراوانەوە هاتە ناو کۆڕی ڕەخنەوە ماوەیەکی زۆریشە لەو بوارەدا بێ دەنگە.

١٢– فوئاد مەجید میسری:

– یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە داکردنێکی ڕۆشنبیری فراوانی هەیە، زیرەکانە دەچێتە ناو هەر بابەتێک کە لێی بدوێ، بەڵام جاروبار زۆر توندوتیژە.

١٣– عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:

– پێشتر زیاتر بە عەرەبی دەینووسی، نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی بەلای منەوە جۆرە دەنگ و سەدایەکی هەبوو، ئێستا نووسینە کوردییەکانی بە حوکمی ئەوەی کە پەنا دەباتە بەر سەرچاوەیەکی زۆر. بە پێزو بالاترن لە نووسینەکانی

پێشووی تری و داهاتوویەکی گەشی لێ چاوەڕوان دەکەم.

١٤- مەریوان وریا قانع:

- یەکێکە لەو گەنجە خوێن گەرمانەی کە بە دڵسۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیری دەکات و شتی نوێی پێیە و لە دەربڕینەکانیدا مرۆڤێکی بێ فیزوهەوایە، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی ڕۆشنبیرە. منیش گەشبینم کە لە دواڕۆژدا پانتایەک لە بواری ڕۆشنبیریدا بۆ خۆی بکاتەوە.

١٥- عەتا قەرەداخی:

- یەکێکە لەو نووسەرانەی بە ڕوانینێکی نوێ و عەقڵێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکات، جگە لە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی پەنا دەباتە بەر سەرچاوەی ئینگلیزی، تا ئێستاش کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی بەپێزی پێشکەش بە ڕۆشنبیری کورد کردووە. نووسەرێکی بە بەرهەم و بە سەلیقەشە لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا، دڵنیام کە جێگایەکی دیاری لە ڕۆشنبیری کوردیدا بۆ خۆی دەکاتەوە.

١٦- ئازاد عەبدولواحید:

- یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی کە لە بواری ڕەخنەدا توانیویەتی خۆی پێ بگەیەنێت و بەرهەم پێشکەشیش بکات و جێگای خۆی کردۆتەوە لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا .

* کاتی ئەوە هاتووە کورد باسی خەڵاتی نۆبڵ بۆ خۆی بکات؟

- بۆ نا . ئێمەش وەک هەر میللەتێکی دنیا خاوەنی ئەدەبێکی لەبن نەهاتووین هەرچەندە کە داگیرکەر ویستوویەتی زمانەکەمان بشێوێنێ و پێناسەی نەتەوەییمان بگۆڕێ، بەڵام نەیتوانیوە گیانی کوردایەتیمان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشێ. وەک (سەلیم بەرەکات) دەڵێ: من کە بە زمانی عەرەبی دەنووسم دەمەوێت ڕۆحی کورد بە عەرەب بناسێنم، ئەمڕۆش ئەو یەکێکە لە نووسەرە داهێنەرەکانی ناوچەکە و شایەنی ئەو خەڵاتەیە، هەروەها یەشارکەمالی بە نەژاد و ڕۆح کورد و بە زمانی تورکی نووس.

* ئایا بواری وەرگێڕان هەقی خۆی دراوەتێ بە تایبەتی بەڕێزتان لەم بوارەدا خزمەتێکی دیارتان هەیە؟

- پێش هەموو شتێک ئەوەی کە ئەرکی وەرگێڕان دەگرێتە ئەستۆی خۆی دەبێ لە



هەردوو زماندا شارەزابێت و لە پەناو پێچی هەردوو زمان بگات و بەپەلە دەست نەکات بە وەرگێڕان. بە تایبەتی وەرگێڕانی شیعر کە (مەحموود دەرویش) بە تاوانی لە قەڵەم دەدات وەک ئەوەی دەشوبهێنێ کە هەرچەندە وەرگێڕان جوان بێت وەک ماچکردنی ئەو کچە شۆخەیە کە لە پشت شووشەی پەنجەرەوە بێت. بۆیە بەداخەوە زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی کە دەکرێن دوورن لە ئەمانەت، چونکە پەلەکردنی پێوە دیارە، چونکە وەرگێڕ لەگەڵ دەقەکە ناژی، وەرگێڕانیش ئەرکێکی یەکجار قورسە و بە هەموو کەسێک ڕاناپەڕێ خۆ ئەگەر بۆ نموونە بە هەندێ دەقی عەرەبیدا کە کراون بە کوردی، یان بە پێچەوانەوە بچینەوە بەراوردیان بکەین، دەبێ گوڵلەیان پێوە بنێین.

* دەکرێ ناوی ئەو شاعیرانەمان پێ بڵێیت تۆ شیعریانت کردووە بە عەرەبی، یان بە پێچەوانەوە؟

- لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، سەلاح محەمەد، عوسمان شەیدا، سەباح ڕەنجدەر، تاد.. نازم حیکمەت، ئەراگۆن، نیرۆدا، لۆرکا، کە لە عەرەبییەوە کردوومن بە کوردی.

* لە سەرەتادا وتت شیعرم بە عەرەبی نووسیوە. ئایا ئێستا دەنووسی؟

- ساڵی ١٩٦١ لە گرتووخانەی سەرا لە بەغداد سێ کۆپلەی شیرین بەهارەی (ئیبراهیم ئەحمەد)م کرد بە عەرەبی کە خەریک بووم هەموویان بکەم، بەڵام بارودۆخەکە ڕێگای نەدا هەمووی تەواو بکەم بۆ نموونە: ئەم چەند کۆپلەیەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە شیعر:

لا تعش للموت بل مت للحياة
كيف تسمو دون لقيا النكبات
لن تهاب القيد يدوي ابداً
فالقيد للمعصم لا روح الأباة

***

يا حبيبي انا ادري اثر الجرح الدفين
انت مثلي برعم المربع دوماً تبتغين

لي انا بحر الأماني ولك الغاية حيرى

انا ان ام اتذمر كيف انت تيأسين

***

يا حبيبي ضحك الروض لزهو السعداء

لكن القيد يذل الناس في ارض الشقاء

انما العيد وافراح الصبايا للربيع

كلها للشعب اذ ينعم حراً بالهناء

دوا شيعريشم كه به زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسیوە ئیتر دوای ئەوە بە عەرەبی شیعرم نەوتووە ئەمەش دەقەکەیەتی.

مع نيسم الذكرى

يلفني الصمت الغريب

وحدي مع الدرب الكئيب

كم انادي

والهفتاه!

هل من مجيب؟

فاذا الصوت يردد:

ماتت الذكرى وايام السكينة.

هەڤپەیڤینی: لەتیف هەڵمەت، عەتا قەرەداغی

عبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



# پێڕست


بەرچاوڕوونی ........ 5

هۆنراوەی ڕەگ داکوتان و خۆشەویستی خاک و مرۆڤ لە کۆشیعری... ........ 7

پرۆسەی بە شیعرکردنی دیار و نادیاری ڕووداو لە جەستەی نامۆییدا... ........ 19

ئەحمەد دڵزار و هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوە و نوێخوازی. ........ 77

ڕێچکەی خوێن، یان ڕێچکەی ژیننامەی ئازاد دڵزار. ........ 89

پردێک لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ لە کۆ شیعری هەژانی بەردی نەوزاد ڕەفعەتدا. ........ 96

ئاوڕدانەوەیەک لە دیوانی عەونی. ........ 110

جەلالی میرزا کەریمی ڕابەر و نوێخواز لە ناوەوە و دەرەوەی شیعردا. ........ 125

فەرهەنگی خەم- فەرهەنگی ژان و هەژانی حەسیب قەرەداخی. ........ 139

فەرهەنگی خەم- فەرهەنگی باوەڕ و خەباتی حەسیب قەرەداخی. ........ 161

نامۆیی و نیگەرانی لە کۆشیعری مەرکانە شکاوەکانی جەنگی چنوور نامیق حەسەندا. ........ 185

مەولەوی شاعیری ڕەوتی نوێخوازی. ........ 196

نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەتی ئارام ساڵح. ........ 207

ناوم بنێن ماڵەوە- کۆ شیعری جەلال بەرزنجی. ........ 223

خوێندنەوەیەک بۆ دیوانی مەرگ و لەدایکبوونەوەیەکی نوێی عوسمان مستەفا خۆشناو. ........ 231

حاجی قادری کۆیی ڕابەری بزاڤی فیکریی ڕۆشنکاری شۆڕشگێڕی. ........ 251

ئەو شەهیدەی گۆرانی دڵداری دەڵێ- کۆ شیعری قوباد بەهرەوەر. ........ 271

ئەختەر.. ئەو شاعیرەی سنووری لاهووتی بەزاند. ........ 282

سیمفۆنیای خۆشەویستی لە گەرووی مەرگدا... ........ 299

خوێندنەوەیەک بۆ (زریکەی زاقی دارەبەنێکی) حەمە سەعید کەلاری. ........ 315

بەرجەستەکردنی شیعر لە دیوانی تاڤگەی مەند و ئەوانی تری نەژاد عەزیز سورمێدا. ........ 325

چەند سەرنجێک دەربارەی ژوانگەی هەژان و ژانی جەمال شارباژێڕی. ........ 354

دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال غەمباردا. ........ 360